هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

# تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆمانی کوردیدا
# ڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) بە نموونە

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن
شوان غازی پیرداود- بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی – زانکۆی سەلاحەددین _ ٢٠٠٦

بەسەرپەرشتی
پ.د. هیمداد حوسێن بەکر

جۆزەردان ٢٧١٥ کوردی    ڕەمەزان ١٤٣٦ کۆچی    حوزەیران ٢٠١٥ زایینی

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە ( تەكنیكی مۆنتاژ لە رۆمانی كوردیدا ، رۆمانەكانی ( كاروان عومەر كاكەسوور ) بە نموونە ) توێژینەوەیەكی وەسفی – شیكارییە ، قوتابی( شوان غازی پیرداود )، بەسەرپەرشتی من لەكۆلێژی زمانی زانكۆی سەلاحەدین ئامادەكراوە و بەشێكە لە پێداویستییەكانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی كوردیدا.

واژوو:

ناو: پ.د. هیمداد حوسێن

ڕێكەوت : / / ٢٠١٥

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشكەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

واژوو:

ناو:پ.ی. د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

سەرۆكی لێژنەی خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی كوردی

ڕێكەوت: / / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کێتب

## ئەم نامەیە پێشکەشە

- بە خەیاڵە لە بن نەهاتووەکانی باوکم .
- بە هەناسە تەزیوەکانی دایکم .
- بە ئەو مرۆڤەی بۆ هەمیشە لە ناخمە ( دایکی شادیار ) .
- بە ئەلها و خەونەکانی ( محەمەد و مەریوان ) برام .
- بە خوشکە میهرەبانەکانم ( خەرمان و خەندە و بێریڤان )
- بە خەونە سەرابییەکانی ( شانیا و شاوین و شادین ) کە جێگەی شانازی و بەختەوەریمن .

هەولێرنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانینم بۆ

- بۆ خودای مەزن کە تەمەنی پێبەخشیم بۆ تەواو کردنی ئەو نامەیە .

- بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتیاری نامەکەم (پ.د.هیمداد حسێن ) کە ئـەرکی سەرپەرشـتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینی و پێشنیازەکانی ڕێی بۆ خۆش کردم .لە دەستنیشان کردن و دەستخستنی چەندین سەرچاوەی گرنگ هاوکاری کردووم

- بۆ بەڕێز ( پ . د . عەبدوللا ئاگرین ) ، کە ڕێنوێنی کردم بە سەرنج و تێبینییەکانی .

- بەڕێزان ( پ . نەجم ئەلوەنی و د. کارزان موحسین ) ، هەمیشە دەرگای پەرتووکخانەکەیان بۆ والا کردبووم

- خوشکانم ( قەدەم خەیر و قەمەرناز و مامۆستا جوان ) هەمیشە لە ژێر سـێبەری ئەوانـدا فێـری نووسین و خوێندن بووم .

- باوک و دایکم ڕێزی تایبەتم بۆیان هەیە ، لەمن ماندووتر بوون لـە چـاوەڕوانی تـەواوکردنی ئـەو نامەیەدا.

هەولنامەی کتێب

# پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە، کە بەناونیشانی ( تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردی ، بە نموونەی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) ، توێژینەوەیەکی( وەسفی – شیکارییە ) ، سەرەتاییێکە بۆ ناساندنی تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بە تایبەتی رۆمان ، ئەم تەکنیکە بووەتە هۆکاری بەرەو پێش بردن و پچڕان و لەیەکترترازانی رووداوەکانی نێو رۆمان و جێگۆرکێ کردنی شوێن و تێکشکاندنی زنجیرەی کات و دواتر بەیەکەوە لکاندنیان ، پراکتیزەکردنی جۆرەکانی ئەم تەکنیکە لە رۆمانەکانی ناوبراو لە شێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا . توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشە تیۆرییە و بە ناونیشانی " تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا " ، کە خۆی لە حەوت تەوەر دەبینێتەوە، تەوەری یەکەم : ژانرە ئەدەبییەکان بە گشتی ناسێنراوە ، گرنگییەکەی دیارخراوە ، تەوەری دووەم زیاتر بۆ ناساندنی تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ چەمك و پێناسەکەی ، لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ، تەوەری سێیەم : ئەرك و بنەما و تایبەتمەندی تەکنیکی مۆنتاژ بەگشتی لە کارە هونەریەکان باسکراوە، تەوەری چوارەم مێژوو و هۆکاری دەرکەوتنی تەکنیکی مۆنتاژمان روونکردۆتەوە ، لە تەوەری پێنجەم دا ئاماژە بە جۆرەکانی مۆنتاژ و چۆنییەتی بەکار بردنیان لە شوێنی خۆی خراوەتە روو ، لە تەوەرەی شەشەم رۆڵی مۆنتاژ لە دروستکردنی واتا لە فیلم دا و پێوەندی نێوانیان باس کراوە ، تەوەری حەوتەم : چی لە بارەی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا نووسراوە بوەتە دوا تەوەری بەشی یەکەم .

**بەشی دووەم :**

ئەم بەشە بەناونیشانی "پێوەندی مۆنتاژ بە توخمەکانی دیکەی رۆمانەوە"یە بە نموونەی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا ، بە شێوەیەکی گشتی خراوەتە روو ، تەوەری یەکەم ...پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن بە شێوەیەکی تیۆری باس کراو ە، ئەم پێوەندییەمان لە رۆمانەکانی پراکتیزە کردووە ، تەوەری دووەم : تایبەتە بە پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کات ، هەروەها بۆ لایەنی پراکتیکی هەوڵماندا وە لە هەموو رۆمانەکان نموونە وەربگرین ، لە تەوەری سێیەم دا پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر و جۆرەکانی کارەکتەر بە شێوەیەکی تیۆری خراوەتە روو ، پێکهاتەی کارەکتەر و جۆرەکانی ئەم پێوەندییە لە رۆمانەکانی پراکتیزە و دیاری کراوە، ، تەوەری چوارەم هەوڵماندا وە پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی رووداو جۆرەکانی رووداو روونبکەینەوە ، دواتر ناوەرۆکی رووداوەکان بەهۆی ئەم پێوەندییەوە بخەینە روو ، بە شێوەیەکی پراکتیکی بۆ هەریەکەیان بەپێی پێویست نموونەمان خستۆتە روو.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە دوابەشی توێژینەوەکەمانە ، کە بەناونیشانی ( پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی گێڕانەوە ) بە نموونەی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا ، پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ و جۆرەکانی تووخمی گێڕانەوەمان باسکردووە ، کە دابەشمان کردووە بەسەر چوار تەوەر :

تەوەری یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری پێناسە کراوە لە رۆماندا ، دواتر لە ئەم پێوەندییە بە نموونە لە رۆمانەکان پراکتیزە کراوە ، تەوەری دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ دا بە هەموو جۆرەکانی خراوەتە روو ، دواتر بە نموونەوە ئاماژەی پێکراوە ، تەوەری سێیەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی ، لە رووی تیۆرییەوە پێناس کراوە پاشان هۆکاری سەرکەوتوویی ئەم پێوەندییەی نێوانیان شیبکەینەوە لە نموونەی رۆمانەکاندا . تەوەری چوارەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری و جۆرەکانی پێشخەری ئاماژە پێدەکەین و ئینجا لە رۆمانەکانی دا بە شێوەیەکی پراکتیکی ، هۆکاری لێکنزیکبوونەوەیان لە نموونەکان شیدەکەینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێرستی ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| أ | ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار |
| ب | ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن |
| ت | پێشکەشە بە |
| ث | سوپاس و پێزانینم بۆ |
| ج – ح | پوختەی توێژینەوەکە |
| خ – ذ | پێرستی ناوەرۆك |
| ١–٥ | پێشەکی |
| ٦–٤٩ | بەشی یەکەم: تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا |
| ٦ | **تەوەری یەکەم: ژانرە ئەدەبییەکان** |
| ١٠ | **تەوەری دووەم: چەمك و پێناسەی مۆنتاژ** |
| ١٧ | **تەوەری سێیەم : ئەرك و بنەما و تایبەتمەندییەکانی تەکنیکی مۆنتاژ :** |
| ١٧<br>١٧ | **أ–گرنگی تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا**<br>**ب– بنەماکانی تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا** |
| ١٨ | **پ – ئەرکی تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبی بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەت** |
| ١٩ | **ت– ئەو کاریگەریانەی تەکنیکی مۆنتاژ بەرهەمیان دەهێنێت** |
| ٢٠ | **تەوەری چوارەم : مێژووی بەکارهێنانی مۆنتاژ لە کارە هونەرییەکان دا** |
| ٢١ | **١– مێژووی بە کارهێنانی مۆنتاژ لە شانۆگەری** |
| ٢٢ | **٢ – مێژووی بەکارهێنانی مۆنتاژ لە فیلمی سینەمایی دا** |
| ٢٧ | **تەوەری پێنجەم: جۆرەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا** |
| ٣٦ | **تەوەری شەشەم : ڕۆڵی مۆنتاژ لە دروستکردنی واتا لە فیلمدا** |
| ٣٦ | **یەکەم : پێوەندی نێوان مۆنتاژ و واتای گرتەکانی فیلم** |
| ٣٦ | **دووەم : پێوەندی نێوان مۆنتاژ و واقعیەت** |
| ٣٨ | **سێیەم : پێوەندی مۆنتاژ و واتای وردەکارییەکان** |
| ٤١ | **چوارەم : پێوەندی نێوان تەکنکی مۆنتاژ و هونەری گێڕانەوە :** |


کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

| | |
|---|---|
| پێنجەم : پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری تێڕامان | ٤٣ |
| تەوەری حەوتەم : چی دەبارەی مۆنتاژ لە رۆمانی  کوردی نوسراوە | ٤٥ |
| بەشی دووەم : پەیوەندی مۆنتاژ بە توخمەکانی دیکەی رۆمانەوە | ٥٠ — ١٣٠ |
| پەیوەندی مۆنتاژ بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە | ٥٠ |
| تەوەری یەکەم ... پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن<br>یەکەم .... لە رووی تیۆرییەوە | ٥٣<br>٥٣ |
| دووەم ... پراکتیزە کردنی لە ڕۆمانەکانی   کاروان عمر کاکەسوور دا | ٥٩ |
| تەوەری دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کات<br>یەکەم .. لە رووی تیۆری | ٧٣<br>٧٣ |
| دووەم .. پراکتیزە کردنی لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور دا | ٧٩ |
| تەوەری سێیەم :  پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر<br>یەکەم ....... لە رووی تیۆری | ٩١<br>٩١ |
| دووەم .. پراکتیزەکردنی  لەڕۆمانەکانی  (کاروان عومەر کاکە سوور)دا | ٩٧ |
| تەوەری چوارەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو<br>یەکەم .... لە رووی تیۆری | ١١٣<br>١١٣ |
| دووەم ... پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا | ١١٨ |
| بەشی سێیەم : پەیوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە تەکنیکی گێڕانەوە | ٢٠٩—١٣١ |
| تەوەری یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری<br>یەکەم ... لە رووی تیۆری | ١٣١<br>١٣٢ |
| دووەم ...  پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی(کاروان عومەر کاکەسوور ) دا | ١٣٧ |
| تەوەری دووەم: پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دایەلۆگ<br>یەکەم .. لە رووی تیۆری | ١٥٣<br>١٥٣ |
| دووەم ... پراکتیزەکردنی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) دا | ١٥٧ |
| تەوەری سێیەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ<br>یەکەم ..... لە رووی تیۆری | ١٧٤<br>١٧٤ |
| دووەم ... پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی (( کاروان عومەر کاکەسوور ))دا | ١٧٩ |

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم : پەیوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری<br>یەکەم ... لە رووی تیۆری | ١٩٣<br>١٩٣ |
| دووەم .... پراکتیزەکردنی لە رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) دا | ١٩٧ |
| ئەنجام | ٢١٠– ٢١٢ |
| سەرچاوەکان | ٢١٣– ٢٢٣ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی | أ–ب |
| پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی

تەکنیکی مۆنتاژ بە یەکێك لە گرنگترین تەکنیکی سەردەمی ئێستا و رۆمانی نویٚ دادەنرێت ، هەر چەندە لەرووی مێژووییەوە تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ ژانری ئەدەب بەتایبەتی رۆماندا مێژوویێکی دوور و درێژیان هەیە ، لەگەڵ بەرەو پێش چوونی هزری مرۆڤایەتیش بەرەو پێش چووە ، رۆڵ و ئەرك و پێگەی فراوانتر و بەهێز تر بوو ، تەکنیکی مۆنتاژ وەك تووخمێکی پێکهێنەر لە بنیاتی رۆماندا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە ، لە بەر ئەوەی رۆڵێکی دیار و گەورە لە دروستکردنی پردی ململانیٚ و چۆنییەتی دارشتنی کەسایەتی کارەکتەر و ئاست و پێگەیان لە شوێن و کاتە جیاوازەکان دەگێرێت ، تەنانەت ئەم تەکنیکە بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی دەق ، کە چۆن رۆمانێك لە رۆمانێکی دیکە جیاواز دەکەینەوە ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە ، هەموو ئەمانەش بەندە بە بیرکردنەوەی نووسەری دەق ، لەبەر ئەوەی هیچ نووسەرێك نییە بتوانیٚ بەرهەمی ئەدەبی بنووسیٚ بیٚ بیرکردنەوە ، چۆنیەتی دارشتنی وشەکان و دروستکردنی وێنەی جیاواز لە بیری وەرگردا ، دواتر پچرانی ئەو وێنانە و هێنانی کۆمەڵێك وێنەی دی ، کە پێوەندیان بە رووداوەکانی نێو رۆمانەکە هەیە و تامەزرۆ کردنی وەرگر ، کە بە ئازادی و دڵنیایی نەتوانێت بریار لەسەر چارەنووسی هەموو رووداویٚ بدات لەرێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت .

ئەوەی پێشتر لەبارەی ئەم تەکنیکە نووسراوە ، رەنگە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نەبووبێت ، بەڵکو تەنها بەشێوەیەکی لاوەکی کاری لەگەڵ کراوە ، بەڵام ئەوەی جێگای تێرامان و سەرنجە لە رووی مێژووییەوە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی بەکارهێنانی کامێرای سینەمایی ، کە بەشێك لە دەرهێنەران و سینەماکاران و رەخنەگرانی بواری سینەما لە ئەوروپا شۆرشێکیان بەرپاکرد ، لە دژی جووینەوە و دووبارەکردنەوەی بابەتی فیلمەکانیان ، کە زیاتر بایەخی بە رووکەش و رواڵەتی دەرەکی دەدا و نەیاندەتوانی پچران لە گرتەی فیلم بکەن ، تەنانەت وەرگر لە سەیر کردنی فیلمەکان بێزار دەبوون ، دەیزانی کۆتایی فیلمەکە چییە ؟؟ ، لەبەر ئەوەی رووداوەکان وەکو زنجیرەیەکی لە یەکنەپچراو بۆی نمایش دەکرا ، بگرە نەیدەتوانی هیچ هەڵوێستێکی خۆی دەربارەیان بخاتە روو، هەر ئەمە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دەستەیەك لە دەرهێنەرانن سینەما وەکو ( بۆدۆفکین و گریفت و ئیزیشتن ......هتد ) ، هاتنە مەیدانی سینەما و تەکنیکی پچر پچرکردنی گرتەکانیان لە کات و شوێنی جیادا بەکار یان بهێنێت ، هەموو دەقێکی تەقلیدی گشتییان رەتکردەوە و زیاتر گرنگی و بایەخیان بە پچران و خستنە ناو یەکی رووداوەکان دەدا ، تاکو وەرگر نەتوانێت بریار لەسەر ئەنجامی هەموو رووداوەکان بدات و فیلمەکاندا ، ئەمانە هاتن کۆمەڵێك گرتەی فیلمیان لە کۆمەڵ شوێنێکی جیاواز گرت ، کە کاتی رووداني گرتەکان لە خزمەتی رووداوێکی سەرەکی رۆمانەکە بوو ، وەرگر بوو بە بەشێك لە ناوەندی بریار دان ، نەیدەتوانی بریار لە سەر چارەنووسی رووداوەکان بدات .

ڕۆماننووسان توانییان لە ڕێگەی هونەری سینەماوە ئەو تەکنیکە بهێنە نێو ڕۆمان ، هەرچەندە ڕۆماننوسی کوردیش لەوەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە بەرهەکانیاندا بێبەش نییە ، مەبەست زیاتر ئەم ڕۆمانانەیە کە سەردەمیانە نووسراون و شەپۆلی هۆش بەسەریاندا زاڵە ، ئەمەش بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی پێگەیشتنی نووسەرانمان لە دونیای نووسینی ڕۆمان و هەوڵ و کۆششی ڕۆماننووسانمان دەگەڕێتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانن شان بەشانی نووسەرانی جیهان برەو بە بەرهەمەکانیان بدەن و دانەبڕێن لە ئاستی بەرەو پێشچوون و پێشکەوتنی هەر تەکنیکێك کە دەچێتە نێو بەرهەمەکانیان .

ڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور) نموونەی پراکتیزەکردنی ئەم تەکنیکەیە ، کە توانیویەتی سوود لە جۆرەکانی تەکنیکی نوێی گێڕانەوە وەربگرێت ، یەکێك لەمانە تەکنیکی مۆنتاژە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لەناو ڕۆمانەکانی دا بەرجەستە دەبێت ، ڕۆماننوس زیاتر هەوڵی داوە لە بەکارهێنانی هەموو تەکنیکەکانی نێو ڕۆمان سوود لە تەکنیکی مۆنتاژ وەربگرێت ، تارووداوەکان بە پچڕ پچڕی بە وەرگر بگەیەنێت ، بێ ئەوەی هەست بە پچڕانییان بکات ، لەبەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە ڕووی جۆرەوە تێکەڵاوییەك هەیە لەبەکارهێنانی لەگەڵ تەکنیکەکانی دیکە ، هەندێ جار لە یەك ڕووداو چەندین جۆری مۆنتاژی بەکاربردووە ، لە پێناو ڕێکخستنی ڕووداوەکان ، هەرچەندە بە شێوەیەکی یەکسان لە ڕۆمانەکانیش بەکاری نەهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی بیرکردنەوەی ڕۆماننووس لە دیتن و بەرچاو گرتن و زیاتر بەکارهێنانی ئەو هونەرە باوانە ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ خوێندنەوەی سەردەمیانە ڕۆشنبیری پێشکەوتووی ئێستای کۆمەڵگە بە گشتی بگونجێ ، وەرگر لە کارەسات و ڕووداوەکان بێزار نەبێت و هەست بە چێژ وەرگرتن بکات .

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

– بابەتەکە لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە و لەبواری ( ڕۆمان )دا ، هیچ پەرتووکێك تایبەت بەم تەکنیکە نییە و هەندێ توێژینەوەی سەربەخۆی ئەکادیمی سەبارەت بەم تەکنیکە بوونی هەیە ، هیچیان بە شێوەیەکی فراوان لێی نەدواون ، تەنیا بە چەند لاپەڕەیەکی کەم ئاماژەیان پێکردوون .

– گرنگی لایەنی تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) لەوە دەردەکەوێت، کە تێکەڵاوییەك لە جۆرەکانی تەکنیکی ڕۆمان هەیە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزابوونی ڕۆماننووس لە تەکنیکە نوێیەکانی هونەری گێڕانەوە، واتە ڕێگە خۆشکەرێك بوو بۆ من، تا کار لەسەر ئەو تەکنیکە بکەم .

## سنووری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە لەناو بازنەی چوار رۆمانی ( کاوان عومەر کاکەسوور) دا دەخولێتەوە، ئەوانیش ( سووارەکان به قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ئای لەڤیلیا لەڤلیا ، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، کازینۆی منداڵان )ە ، رۆمانووس لە رۆمانی ( سووارەکان بووکیان بە قاچاخ گواستەوە ) هەوڵی داوە باسی خۆراگری کورد بکات بە رانبەر رژێمی بەعسی ، بەڵام لە رۆمانی ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا ) باسی دابڕانی منداڵێك لە دایکی دەکات ، لە رۆمانی ( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ) باسی گەلی کورد دەکات بەدەستی ڕژێمی بەعس چۆن خۆفرۆشە کوردەکان هاوکاریان دەکەن ، لە رۆمانی ( کازینۆی منداڵان ) باسی مێژووی شاری هەولێر دەکات .

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ناساندنی تەکنیکی مۆنتاژە، وەکو تەکنیکێکی نوێ لە ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لە ژانری رۆماندا ، لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا باسی ئەم تەکنیکە کراوە، کە تەوەرێك یاخود لقێکی بۆتەرخانکراوە ، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەکان نەیانتوانیوە بچنە ناواخنی ئەم تەکنیکە و مەبەست و جۆرەکانیان نە پێکاوە ، یاخود لە دیاریکردنی پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و تەکنیکەکانی دیکە ، زیاتر هەوڵییان نەداوە، تاکو بتوانن جۆری پێوەندییەکان لە رۆمانەکان دەستنیشان بکەن . لەلایەکی دیکەشەوە ، بە هیچ جۆرێك باسی مێژوو و ئەرك و گرنگییەکانی ئەم تەکنیکەیان نەکردووە ، بە پەلە کۆتاییان بەکارەکانیان هێناوە، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە ، تەنها ئەم تەکنیکە بکەینە ئامانج ، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر سوودی ئەم تەکنیکە لە رەخنەی رۆمان بەگشتی و لە رەخنەی رۆمانی کوردی بەتایبەتی دیاری بکەین ، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببێتە سەرچاوەیەك بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیمان و سوود بە تاکەکانی نەتەوەکەمان بگەیەنێت .

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەماندا میتۆدی ( وەسفی – شیکاری )مان کردووتە بنەما ، چۆن نووسەر پشت بەو رووداوانە دەبەستێت ، کە لەناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و کاریگەریان لەسەر دەبێت ، دەبنە هەوێنێك بۆ لە دایك بوونی بەرهەمەکانیان . لەم توێژینەوەیەی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور)دا ، ناوەرۆکی رۆمانەکانیدا پشتی زیاتر بەلایەنی ( کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، سیاسی ، خۆشەویستی ، مێژوویی ، نیشتمانی ) بەستووە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆیان لەسەر پێگە و دەروونی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکان و نووسەردا هەیە .

هەواڵنامەی کتێب

## گرفتی توێژینەوەکە:

دەبێ ئەوەش بڵێین توێژینەوەیەکی لەم شێوە گەلێ گرفتی دێتە پێش ، یەکێك لەو گرفتانەی هاتۆتە بەردەممان نەبوونی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی بوو، یاخود ئەو سەرچاوانەی هەشبوون ئەمانیش زیاتر پشتیان بە وەرگێڕانی عەرەبی و فارسی بەستبوو ، هەرچەندە ئەو سەرچاوانەی هەبوون ، زیاتر بەزمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بوون ، لەبەر ئەوە توانیمان بەپێی پێویست سوود لەم سەرچاوانە وەربگرین.

## پرۆگرامی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە پێشەکی و دەروازە لەگەڵ سێ بەش و سەرچاوە و ئەنجام و پووختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەبینێتەوە. لە پێشەکیدا کورتەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو ، لەگەڵ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئەو میتۆدەی کە تێیدا پەیڕەو کراوەە ، توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ بەش دابەش کراوە:

### بەشی یەکەم:

ئەم بەشە بە ناونیشانی " تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا " ، بەشێکی تیۆرییە ، کە خۆی لە حەوت تەوەر دەبینێتەوە. هەوڵدراوە بە شێوەیەکی گشتی باسی تەکنیکی مۆنتاژ بکرێت و دواتر چەمك پێناسە و جۆرەکانی مۆنتاژ ،بەشێوەیەکی روون بخرێتە روو ، لە تەوەرەی کۆتاییدا ئاماژە بەم تەکنیکە کراوە ، کە تا چ ئاستێك لێکۆڵەرەوانی کورد کاریان لەسەر ئەم تەکنیکە لە رۆمانی کوردی کردووە .

### بەشی دووەم:

ئەم بەشە بەناونیشانی "پێوەندی مۆنتاژ بە توخمەکانی دیکەی رۆمانەوە"یە بە نموونەی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا ، لە چوار تەوەر دەبێت .لە هەموو تەوەرەکان پێوەندی نێوان مۆنتاژ بە توخمی ( شوێن و کات و کارەکتەر و رووداو ) لە رووی تیۆری و جۆرەکانیان باسکراوە ، دواتر بە چەند نموونەیەك لە رۆمانەکان پراکتیزە کراوە .

### بەشی سێیەم:

ئەم بەشە دوابەشی توێژینەوەکەمانە ، کە بەناونیشانی ( پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی گێڕانەوە ) بە نموونەی رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) ، پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە ( توخم ) و جۆرەکانی تووخمی گێڕانەوەمان باسکردووە، کە دابەشمان کردووە بەسەر چوار تەوەر ، بە شێوەیەکی ئەکادیمی پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری ( پاشخەری و پێشخەری و دیالۆگ و مۆنۆلۆگ ) لە رووی تیۆریەوە لەگەڵ جۆرەکانیان ئاماژەی پێدراوە ، دواتر بە نموونە ئەو پێوەندیانە لە رۆمانەکانی سەلمێنراوە .

لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەربی و ئینگلیزی خراوەتە روو .

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا

### تەوەری یەکەم :

### ژانرە ئەدەبییەکان چین :–

ئەدەب لە ڕێگەی چەند ژانرێکەوە خۆی دەنوێنێ ، هەریەك لەم ژانرە ئەدەبییانەش بەردەوام لە نوێبووبوونەوەدایە و بە پێ ی کات و سەردەم و شوێن گۆڕانیان بەسەردا دێت ، ئەمەش وا دەکات نووسین و توێژینەوە دەربارەی گوتاری ژانرە ئەدەبییەکان جێگەی سەرنج و رامان بێت ، کە لە ( مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب و رەخنەی ئەدەب ) دا شوێن و پێگەی خۆیان هەیە .

دیاردەی گۆڕان و پەرەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکان ، بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ لەو ژانرانە لە ناو بچن ، یان لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی نێوانییانەوە جۆرێکی نوێ بێتە کایەوە ، بە هۆی ئەم پرۆسیسەوە چەندین جۆری دەقی ئەدەبی نوێ سەریان هەڵداوە و هەریەك لەوانە ناوێکی تایبەتییان لێنراوەوە ، (( تێکەڵاوی ئەو ژانرانە چەندن زاراوەی وەکو دەقی واڵا و دەقی ئاوێتە و هایپەر تێکست ..... هتد ))[١] چەندین جۆر و زاراوەی دیکە.

بۆ نموونە چیرۆك وەکو درەختێك وایە چەندین ژانری لێ بووەتەوە وەك ( چیرۆکە شعر ، چیرۆکی درێژ ، چیرۆکی کورت ، چیرۆکی مامناوەند ، بروسکە چیرۆك ، کورتیلە چیرۆك ...... هتد ) ، یاخود رۆمان لە رووی شێوەوە بەسەر چەندین جۆر دادابەشبووە وەك ( رۆمانی کورت ، رۆمانی درێژ ) وە لە رووی بابەتەوە (( رۆمانی مێژوویی ، رۆمانی کۆمەڵایەتی ، رۆمانی ئایینی ، رۆمانی پۆلیسی ، رۆمانی خۆشەویستی و دڵداری ، رۆمانی دەرونی ... هتد ))[٢] ، یاخوود شیعر بەسەر چەندین جۆر و شێوەدادابەش دەبێت ، وەکو ( شیعری سەروادار ، شیعری بێ سەروا ، شیعری کورت ، چوارین ، پێنجین ، چوار خشتەکی ، پێنج خشتەکی ....... هتد ) لە دایك بوون و نوێبوونەوە و گۆڕان و گەشەی ئەو ژانرە ئەدەبییانە پەیوەستن بە شێوازی بیرکردنەوەی نووسەرەوە ، کەتا چەند توانیویەتی بە شێوازێکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو ژانرە ئەدەبییە نوێیانە دا بکات .

---

[١]– کوردستان نادر ، بنیاتی دەقی واڵا لە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێ کەس ) ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلیژی پەروەردە ، ٢٠١٣ ، ل ٦ .

[٢]– جمال میر صادقی ، ادبیات داستانی ( قصه ، رمانس ، داستان کوتاه ، رمان ) ، چاپخانه بهمن ، تهران ، چ ٤ ، ١٣٨٢ ، ص ٣٢١ – ٤٩٢ .

هەواڵنامەی کتێب

دیاردەی فرە جۆری رەگەزە ئەدەبییەکان ، بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ ئەوەی بگوترێت جۆرەکانی ئەدەب لە یەك شێوەدا جێگیر نابن و هەمشە گۆڕانیان بەسەر دێ و ئەم گۆڕانەش پێوەندی بە گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆرشنبیری و هونەری ئەو سەردەمەوە هەیە ، کە کۆمەڵگە پێدا تێپەڕ دەبێ و کار دەکاتە سەر جۆری بیرکردنەوەی نووسەران و ئەدیبانی ئەو کۆمەڵگەیە .

ئەگەر لە رووی مێژووییەوە سەیری بابەتی ژانری ئەدەبی بکەین ، دەبینین رەخنەگر و بیرمەندان هەریەکەیان بە جۆری جیاواز لە جۆری ئەو بابەتانە دووان و چەمك و پێناسەیان کردووە ، (( بە تایبەتی لە سەدەی پێنجی پێش زاییندا ، چەندین شانۆ نامەی ( کۆمیدی و تراژیدی ) ساڵانە پێشکەش دەکران و ئەو دەقانە لەلایەن لیژنەیەکەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرا ، هەروەها بۆچوونی ئەو خەڵکەش کە بۆ تەماشاکردنی شانۆکان دەهاتن ، دەبووە بە شێك لە بریاری ئەو هەڵسەنگاندنە . دەقی شانۆکانی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆربیدس ))[٣] ، گرنگترین نموونەی شانۆنامەی ئەو سەردەمە بوون ، کە دواتر ئەفلاتوون و ئەرستۆ ، لە روانگەی خۆیانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە ، ئەمانە بەگوێرەی تێۆری لاسایی کردنەوە لە ژانرە ئەدەبییەکان دوواون ، ئەوانیش ( شیعری لیریکی ، داستانی ، درامی ) ، هەریەك لە ژانرانە خاوەنی سیماو تایبەتمەندی خۆیانن و (( لە یەك کاتدا لە رووی فۆرمەوە جیاواز و لە یەك چوون ))[٤] .

گومان لەوە دا نییە ، بە پێی کات و سەردەم تیۆرەکانی رەخنەگران ، لە هەمان کاتیشدا تەکنیك و جۆرەکانی ژانری ئەدەبیش گۆڕان ، سەرەتا بە کلاسیك دەستی پێکردووە ، بە گوێرەی ئەم تێۆرەش (( ژانرەئەدەبییەکان تەنیا لە رووی سروشت و بەهاوە جیاواز نین ، بەڵکو لە هەموو روویەکەوە سەربەخۆن ، نابێت تێکەڵی یەکتر بکرێن ، ئەمەش بە رێبازی ( پاکی جۆرەکان )ناسراوە و دەناسرێت ))[٥] ، بە گوێرەی بنەماکانی ئەو تیۆرە تێکەڵاوکردنی ژانرەکان ، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ژانرانە نرخ و بەهای خۆیان لە دەست بدەن ، چونکە ناوەڕۆکی هەر ژانرێك پێویستی بە فۆرمی خۆی هەیە ، بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ ئەو واقیع و سەردەمەدا بگونجێت ، کە ژانرەکە تێیدا سەری هەڵداوە .

گۆڕان و پەرەسەندنی چەمکەکانی رەخنە بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا زەمینەی خۆش کرد ، بۆ ئاوێتەبوونی ژانرەکان و ئەمەش پێوەندی بەو بار و دۆخەوە هەبوو ، کە رێی بۆ نەمانی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەو ژانرانە فەراهەم کرد .

---

٣– مارتن اسلن ، تشريح الدراما ، ترجمة : يوسف عبدالمسيح ثروة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٨ ، ص ٥٥ .

٤– رينية ويليك و اوستن وارين ، نظرية الادب ، ت : محي الدين صحبي ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بيروت ، ١٩٨٧، ص٢٣٩ .

٥– س ، پ ، ل ٢٤٦

بە گوێرەی بۆچوونی هەندێك لە شارەزایانی ئەدەب ، (( جیاوازی نێوان جۆرەكانی ئەدەب ، ئەو گرنگییەی نەماوە ، لەبەر ئەوە سنووری نێوانیان بەردەوام لە تەسكبوونەوە و گۆڕاندایە ، چونكە ئاوێتەی یەكتر دەبن و كۆنەكان لە ناو دەچن یاخود وازیان لێدەهێنرێت و پاشان جۆرێكی دیكە شوێنیان دەگرێتەوە ))[٦] ، بەم جۆرە ئەدەب بەرەو پێش دەچێت ، هەرچەندە ژانرەكان خاوەنی سیما و خەسڵەتی خۆیانن ، بەڵام لە هەمان كاتدا هەندێ سیما و تایبەتمەندییەتی ژانری دیكەی پێش خۆی تێدادەمێنێ ، بەو شێوەیە ژانرە نوێیەكان لە دایك دەبن .

بۆیە پرۆسەی گۆران و نوێبوونەوەی ژانرە ئەدەبییەكان جۆرێك لە زیندوویی و گەشەسەندنی پێوە دیارە ، كە هەمیشە بە پێی بارودۆخ و كات و سەردەمی لە دایك بوونی دەگۆڕێت ، چونكە دەشێت ژانرێكی سەرەكی بوونی هەبێت و چەندین جۆری ژانری لاوەكی بەرهەم بێت ، كە بۆ پتەوكردن و بەهێزبوونی هاتۆتە ئاراوە ، بۆیە پرسی پۆلێن كردن و جیاكردنەوەی ژانرە ئەدەبییەكان بووەتە پەرتووكێكی كراوە و داناخرێت ، تەنیا خۆی (( لە شیعر و رۆمان و وتار و توێژینەوەدا نابینێتەوە ، بەڵكو ئەو پرسە پرسێكە بە كراوەیی دەمینێتەوە ، ئەگەری گفت وگۆكردنی تێدایە لە سەر هەموو ئاستەكان ))[٧] ، كەواتە بە پێی ئاستی چەندییەتی ژانرەكان ، دەتوانرێ جۆر و شێوەكانیان دیاری بكرێت و هەر لەم روانگەیەوە پۆلێن بكرێن ، كە (( لە پۆلێن كردنی ژانرە نوێیەكاندا لە وانەش دەقی پەخشانی ، كەشیعری ئاوێتە هەڵدەستێت بەتێكەڵكردنی شیعرییەت لە نووسیندا ))[٨] ، كەواتە گەلێك لە نووسەرانی چیرۆك و رۆمان و دراما پەنا بۆ زمانی شیعر دەبەن ، تا وێنە سەرنج راكێش لە بیر و ئەندێشەی خوێنەر و گوێگر دا دروست بكەن ، بۆیە بابەت و كرۆكی هەر ژانرێك لەو ژانرانە وێنەی هونەری تایبەت بە خۆی هەیە ، تاكو ناوەرۆكەكەی لەگەڵ واقیع و بارودۆخ و سەردەمەكەدا بگونجێنێت ، یەكێتی بابەتەكان بە دەست بهێندرێ ، هەروەكو یەكێك لە پەیڕەوانی كلاسیك ( بوالۆ )یە ، كە بیروبۆچونەكانی ئەرستۆی لێكداوەتەوە دەڵێت : ((هەمیشە بەدەم ئەقڵەوە برۆ لەوێوە یەكێتی بابەتەكان بەدەست بهێنە ))[٩] ، واتە زیاتر نووسەر ئەو بابەتانە دابرێژێت ، لە عەقڵ و لۆژیكی سەردەم نزیكە و دەتوانرێ رووداوەكانی لێ هەڵهێنجێ ، ئەمەش زۆر بە سانایی هەستی پێدەكرێت .

---

[٦] – عدد من الباحثين السوفيت المختصين ، نظرية الادب ، ت : الدكتور جميل نصيف التكريتي ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٠، ص١٠ .

[٧] – د. عبدالله ابراهيم ، السردية العربية الحديثة ( تفكيك الخطاب الاستعماري واعاده تفسير النشاة ) ، المركز الثقافي العربي ، بيروت ، ٢٠٠٣ ، ص ٦ .

[٨] – صبرى قنديل ، رياح الانتشار قضايا و معارك أدبية و نقدية ، دار الوفاء لدنيا الطابعة و النشر ، ط ١ ، الاسكندرية ، مصر ، ٢٠٠١ ، ص ٧

[٩] – ر.م. البيريس ، تاريخ الرواية الحديثة ، ت: جورج سالح ، منشورات بحر المتوسط و منشورات عويدات ، ط ٢ ، بيروت ، باريس ، ١٩٨٢ ، ص٤٣ .

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئەفسانە و حەكایەتی ئەفسانەیی و چیرۆكی درێژ و رۆمان بكرێت ، دەبینرێ (چیرۆك یاخود رۆمان ) زیاتر باس لەو رووداو و بەسەرهاتانە دەكات ، كە لە واقیع نزیكن و یاخود رەنگە لە واقیعدا بوونیان هەبێ ، كەچی ئەفسانە و حەكایەت زیاتر پشت دەبەستین بە خەیاڵ هەر بەو جۆرە دەكرێت (چیرۆك یان رۆمان) وەك ژانرێكی ئەدەبی زیاتر بایەخی پێبدرێت لە لایەن رەخنەگر و ئەدیب دۆستان ، بۆیە ناشێ نكوڵی لەوە بكرێ ، كە (چیرۆك یا رۆمان ) بە بەرهەمێكی ریالزمی واقیعی سەردەم دادەنرێت ، كە بەشێوەیەكی خێرا پێشدەكەوێت و سەنگی لە نێو ئەدەبدا بەهێزتر دەبێ بە چەشنێ رۆمان بووەتە ژانرێكی سەربەخۆ و پلەیەكی هونەری ئەدەبی بەرزی هەیە و تاكە ژانری ئەدەبییە توانیویەتی رۆڵێكی كاریگەر لە پێشكەوتنی ئەدەبدا ببینێت ، چونكە تەكنیك و توخمەكانی زۆر تێكەڵن ، بۆیە نووسەر دەتوانێت بەبێ هیچ مەرجێك بەكاریان بهێنێت ، چونكە خوێنەری رۆمان خوێندنەوەی جیاجیای دەقە ، تەنیا پەیوەندی بەومانا و ئاماژە و وێنە شاراوانەیە نییە ، كە دەق لە نێو خۆیدا هەلیدەگرێ ، بەڵكو پێوەندی بە روانینەوە هەیە ، كە رەخنەگر یا خوێنەر بەسەر دەقە كەدا دەیسەپێنێ ، ئەم كردەیەش هەموو خوێنەر و رەخنەگرێك ناتوانێ كاری لەسەر بكات ، بەڵكو دەبێت زیاتر ئاشنای نهێنیەكانی دەقەكە بێت .

رۆماننووسیش تاراددەیەك سەربەستی لەبەكارهێنانی تەكنیكەكانی ناو رۆمانەكەی هەیە ، دەبێت بوار بۆ رەخنەگر و خوێنەر جێ بهێڵێت ، كەتاچەند دەتوانن بیرو بۆچوونی خۆیان لە بارەی توخم و تەكنیكەكانی رۆمانەكە دەربڕن ، بۆ ئەوەی پێوەندیەك لەنێوان سەربەستی ( نووسەر و وەرگر و رەخنەگر ) بەرجەستە بێت ، هەندێك جر وەرگر دوو ئەرك دەبینێت یەكەمیان وەرگرێكی ئاساییە ، ئەركی دووەمیان دەبێت بە رەخنەگر ، ئەگەر توانی لە دوای خوێندنەوەی بابەتەكە سەرنج و تێبینی خۆی دەربارەی بابەتەكە بخاتە روو ، بۆ ئەوەی وەرگر و رەخنەگران بتوانن ئاوێزانی رووداوەكانی نێو رۆمانەكە بن ، تێكەڵی هەموو ئەو تەكنیكانە بن ، كە رۆماننووس بە پێی توانا و بەهرە هونەرییەكەی لە رۆمانەكەی بەكاری دەهێنێت ، دەتوانێت سوود لە تەكنیكە هونەرییەكانی سەردەم وەكو سینەما و شێوەكاری و مۆسیقا وەربگرێت ، تاكو لەو رێگەیەوە جیهانی رۆمانەكەی فراوان و رۆشنتر بكات ، كەواتە (( ژانری ئەدەبی بریتییە لە چوار چێوەیەكی هونەری كە نووسەر دەقەئەدەبییەكەی تێدا دادە رێژێت )) [١٠] ، ئەم چوارچێوەیە هەمیشە لە گۆڕان و نوێبونەوەدایە ، بەپێی كات و سەردەم دەگۆڕێت ، ئەگەر رۆژگارێك داستان و ئەفسانە ببوون بە سەرقافڵەی ژانرە ئەدەبییەكان ، كەچی لەم سەردەمەدا رۆمان رۆڵێكی كارا و بەرچاوی هەیە و شوێنی داستان و ئەفسانەی

---

[١٠] - كەمال میراودەلی ، زمانی دەق ، چ : وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل ٧٢ .

گرتۆتەوە ، هەرچەندە سودێکی زۆری لەم ژانرانە بینوە تاکو پێگەی خۆی بە هێزتر کردووە ، هەروەکو بەشێکی زۆر لە رەخنەگران بە رۆمان دەڵێن (( داستانی سەدەی تازە ))[11] .

ئەمەش ئەو واتایە ناگەیەنێ کە داستان و ئەفسانە و حەکایەتی میللی تەواو لەناو چوون و فەوتاون ، واتە هەر ژانرێکی ئەدەبی ئەگەر لە کات و سەردەمێکیش بەرەو کزی و لاوازی و لەناوچوون بچێت ، ئەوا دواجار دەتوانرێ سوود لە بنەماو یاسا و توخمەکانی وەربگیرێت و بەکاربهێنرێتەوە ، چونکە (( هەرقۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگە یا گۆرانی کۆمەڵ لە رێگەی چەند ژانرێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەبێ ))[12] و نووسەری دەق پەنای بۆ دەبات رەنگە زۆر خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەبێ لەگەڵ ژانرەکانی دی ، بۆ نموونە رۆمان سوودی لە توخم و داستان و حەکایەت وەرگرتووە ، ئەگەر چی خاڵی جیاوازیشی زۆرە لەگەڵ داستان و حەکایەتی میللی دا ، گرنگ ئەوەیە خاوەنی چەندین خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی و جیای دەکاتەوەلە ژانرەکانی دیکە ، لەگەڵ ئەوەشدا (( ناوەرۆکی تایبەتی هەرژانرێك لەو ژانرانە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و رێرەوی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە ، تاکو بتوانێت ئەو ناوەرۆکە لەگەڵ پێداویستیەکانی واقیع و سەردەمەکەی خۆی بگونجێنێت ))[13] ، گونجاندنی ئەو بەرهەمە رێرەوی ئەو ژانرە دیاریدەکات و بەر دەوامی پێ دەبەخشێ ، کەواتە هەموو ئەو گۆرانانەی بەسەر ژانرە ئەدەبییەکان هاتووە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شێوازەکانی ئەدەب و جۆرەکانی ئەدەب دیاریدەیەکی جێگیر نیین و لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکان بە شێواز و جۆری جیا جیا لە دایك دەبنەوە.

## تەوەری دووەم :

## چەمك و پێناسەی مۆنتاژ

---

[11]– ف . ف . کوزینوف ، الروایة ملحمة العصر الحدیث ، ت : د. جمیل نصیف التکریتی ، دار الشوون الثقافة العامة ، مطبعة ( افاق العربیة ) ، ط ۲ ، بغداد ، ۱۹۸٦ ، ص ۲٥٤ .

[12]– د.محمد شاهین ، افاق الروایة ، مطبعة اتحاد الکتاب العرب ، دمشق ، ۲۰۰۱، ص۷ .

[13]– د. عبدالمنعم تلیمة ، مقدمة في نظریة الادب ، دار الثقافة للطباعة والنشر ، القاهرة ، ۱۹۷٦ ، ص ۱۳۱ .

مۆنتاژ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی بەشێکی زۆری ژانرە ئەدەبییەکان ، کە توانای بەستنەوە و لە خۆگرتنی بابەتی جیاوازی هەیە ، بە پارچە کردن و بچووککردن و پاشان بەیەکەوە لکانی دیمەنی رووداوەکان ، وێنەیەك لە هەست و بیر و خەیاڵی وەرگردا دروست دەبێت ، بەمەش دەسەڵاتی نووسەری دەق ( سینەماکار .. چیرۆکنووس ... رۆماننووس .... شانۆکار ... سیناریۆ نووس ... هتد ) ، گرتەیەکی تازە و چێژاوی و تەواو پیشانی ئەو وەرگرە دەدا ، کاتێ بە ناخی بابەتەکەدا رۆ دەچێت .

دەتوانرێت مۆنتاژ بکرێتە پێگەیەکی فراوان بۆ دروست کردنی وێنەی جیاواز ، کە هەموو لایەنەکانی ژیان بەشێوەیەکی رێکخراو بگرێتەوە ، بۆیە لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا پێوەندییەکی بە هێز و بەتین لە نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و ژانرەکەدا هەیە ، چونکە تەکنیکی مۆنتاژ هونەری بیرکردنەوەی نووسەری ئەو دەقەیە کە دەینووسێت ، بەرهەمی گۆڕانکارییەکانە لە فەزای هونەری ئەدەبی ، شوێنەواری بەسەر ئەو گۆڕانکاریانەوە جێدەمێنێت .

ناساندنی چەمك و پێناسەی تەکنیکی مۆنتاژ کارێکی ئاسان نییە ، چونکە ملکەچی هیچ رێسا و یاسایەکی تایبەتی نییە ، مۆنتاژ زەمینەیەکی زۆر فراوانی بۆ شیکارکردن و کۆکردنەوە و پچرپچر کردنی هەموو ئەو رووداوانە هەیە ، کە دەکرێ لە داهاتوودا روویدات یا لە رابردوو رووی داوە یان لە داهاتوو روودەدات ، بەمەش ئەندازە و ئاستی تێگەیشتنی نووسەری دەق بۆ بەرهەمەکەی دیاری دەکات ، کە تا چەند توانیویەتی بە بیرۆکە تایبەتییەکەی داهێنان لە بەرهەمەکەدا بکات .

چەندین پێناسەی جیاواز بۆ مۆنتاژ و جۆرەکانی کراوە ، هەر رەخنەگرێك لە روانگەی خۆیەوە باسی کردووە ، لایەنە هونەرییەکەی روونکردووەتەوە و لەو رۆڵەی دواوە ، کە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا دەیگێڕێ ، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە پەنامان بۆ هەندێ بۆچوونی ئەو رەخنەگرانە بردووە ، بۆ ئەوەی باشتر لەو تەکنیکە بگەین و دواتر لە رووی پراکتیکیەوە سوودیان لێوەر بگرین .

رەخنەگر و دەرهێنەری سینەمایی ( عصام حسن ) لەو باوەڕەدایە کە مۆنتاژ تەنیا بە بوونی گفتوگۆیەك لە نێوان کارەکتەر و نووسەر دەبینێتەوە ، بۆیە دەڵێت : (( مۆنتاژ بریتییە لە گفتوگۆیەك ، کە لە نێوان کەسایەتی پاڵەوان و نووسەر بە شێوەیەکی تەکنیکی دەردەکەوێت )) [١٤] ، لێرەدا مۆنتاژ لەچوارچێوەیەکی داخراودا پێناسە کراوە ، زیاتر پەیوەست کراوە بە کارەکتەر و نووسەری دەقەوە ، مەرج نییە هەموو مۆنتاژێك پێوەندی هەبێ بە هەموو ئەو کەسایەتیانەوە کە نووسەر لە دەقەکەیدا دروستیان

---

[١٤] – عصام حسن ، حدَثينا يا شهرزار ، الدار المصرية للتأليف والنشر ، القاهرة ، ١٩٨٧ ، ص ١٩ .

دەکات ، ئەم پێناسەیە جێگای رەخنەگرتن و سەرنج دانە ، چونکە بە هیچ شێوەیەك باسی رەگەز و توخمەکانی ( کات و شوێن و رووداو .... هتد ) نەکردووە .

رەخنەگری سینەمایی ( تێری رامزی ) بەم جۆرە لە پێناسەی مۆنتاژ دەدوێت دەڵێت : (( مۆنتاژ واتا بە یەکەوە بەستنەوە و گرێدانی گرتە و لابردنی کات و شوێن )) [(١٥)] ، ئەم پێناسەیە زیاتر مەبەستی مۆنتاژی کات و شوێنە ، کە چی هەندێك توخمی وەکو ( کارەکتەر ، گۆشە نیگا ، رووداو .... هتد ) پشتگوێ خستووە ، مۆنتاژ لەوەدا دەبینێتەوە ، کە تەنیا بریتی بێت لە بەدوای یەکداهاتنی دوو گرتە ، رەنگە ئەو گرتانە نەبنە هۆی دروست بوونی وێنەیەك لە بیری وەرگردا ، هەرچەندە لە رێگای تەکنیکی مۆنتاژەوە گرتەکان دەبنە تەواوکەری یەکتر و دەچنە پاڵ یەکتر و واتای نوێ و جیاواز دەبەخشن ، بێ ئەوەی هیچ گرتەیەك لە گرتەکان واتا و بوونی خۆی لە دەست بدات .

پێناسەی مۆنتاژ بە پێی جۆر و شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە ژانرە ئەدەبیەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، بەبڕوای ( علا عبدالعزیز السید ) : (( مۆنتاژ یەکێکە لەو توخمە سەرەکییانەی رۆڵیان لە دروست کردنی واتا هەیە ، ئەم رۆڵەش پێوەندی بە رەوتی زەمەنەوە هەیە )) [(١٦)] ، ئەگەر بەووردی ئەو پێناسەیە راڤە بکرێت ، بۆمان دەردەکەوێت مۆنتاژ جگە لەوەی وەکو تەکنیکێك لەکاری هونەری و ژانرە ئەدەبیەکان رۆڵی هەیە ، لە هەمان کاتدا نووسەری دەق لەرێگەی مۆنتاژەوە دەتوانێت گوتارەکەی رێکبخات ، واتا بایەخ بە هەموو ئەو کردانە بدات ، کە لە کات و شوێنی جیاوازدا روو دەدەن .

( علا عبد العزیز ) زیاتر لە چەمکی بەکارهێنانی مۆنتاژ نزیك دەبێتەوە دەڵێت : (( مۆنتاژ وەکو رێکخەرێك بۆ بەدوای یەکدا هاتنی بەشەکان و وێنەکان کار دەکات ، هەروەها دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنەیەکی تەواو لەلای بینەر )) [(١٧)] ، واتە مۆنتاژ تەنیا هونەرێك نییە بۆ پارچە پارچە کردن و بەدوای یەکدا هاتنی وێنەی رووداوەکان ، بەڵکو هۆکارێکە بۆ ئەوەی بینەر بەرەو جیهانێك ببات ، تا رووداوەکان بە بیر و خەیاڵی نامۆ نەبن ، لەگەڵ رووداوەکاندا بژیت و وێنەی رووداوەکان نەخشەکێش بکات .

هەروەها ( میخائل رووم ) کاتێك باس لە رۆڵی مۆنتاژ دەکات باوەڕی وایە : (( مۆنتاژ هۆکارێکە بۆ تێکدانی رووداوە واقعییەکان لە رێی فراوانبوونی ئەو رووداوانە و درێژ کردنەوەی زەمەنەکانیانەوە )) [(١٨)] ، کەواتە

---

[١٥]– عبداللە سەراج ، بەرەو وئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان ، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٥٧ .

[١٦]– علاء عبدالعزیز السید ، الفیلم بین اللغة والنص ، المؤسسة العامة للسینما ، دمشق ، ٢٠٠٨ ، ص ١٥٠

[١٧]- س ، پ ، ل : ١٥٠.

[١٨]– میخائیل روم ، أحادیث حول الإخراج السینمائي ، ت : عدنان مدانات ، دار الفارابي ، بیروت ، ١٩٨١ ص ١٢٢.

مۆنتاژ تەکنیکێکە نووسەری دەق ( ڕۆماننووس یا چیرۆك نووس یـا شـانۆنووس یـا سـینەماکار.... هتـد ) لـە بەرهەمێکدا بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە جیهـانی واقیعـدا هەیـە ، تێکیـان بشـکێنێ و تـەواویان بکات ، بە جۆرێك ( بینەر ، وەرگـر ، خوێنـەر ، بیسـەر ) زیـاتر تامـەزرۆی واقیعێك بێـت ، ڕەنگـە تـەنیا لـە خەیاڵی دا هەبێ و بەرجەستەی بکات ، لەبەر ئەوەی نووسـەری دەق شـێواز و نـاوەڕۆکی بەرهەمەکـەی زیـاتر پەیوەستە بە ڕووداوە جەوهەرییەکانی ژیانەوە ، بۆیە هەوڵدەدات دەوروبەر زیاتر بۆخۆی کێش بکات .

هەندێك لە نووسەر و ڕەخنەگرانی هونەرە ئەدەبییەکان مۆنتاژ پەیوەست دەکەن بەو دیمەنانـەی ، کـە واتا بە بابەتەکە دەبەخشن ، (کرار السعیدی ) دەڵێت : (( مۆنتاژ بریتییە لەو ڕێکخستنەی کـە لـە نـاو بازنـەی بابەتەکـەدا دەخولێتـەوە و واتـا بـە دیمەنەکـە دەبەخشـێ ))[19] ، واتـا مۆنتـاژ تـەکنیکێکی گرنگـە بـۆ خستنەڕووی هـەر بابـەتێك بـە شـێوەی دیمـەنی ( بینـراو – بیسـتراو – خـوێنراو ) نووسـەری دەق بـەجۆرێك پێشکەشی دەوروبەری بکات ، کە هەر دیمەنێك و وێنەیەك لەم دیمەنانە پەیوەست بەباتەکە بکاتـەوە سـەرنجی وەرگر ڕادەکێشـێ ، چـونکە دیمەنـەکان هەریەکـەیان واتـای دیمـەنی دوای خـۆی تـەواو دەکـات ، بـە شـێوەی زنجیرەیەکی بەدوای یەکداهاتوو واتاکان بەیەکترەوە دەبەستێ .

مۆنتاژ وەك پێویستییەکی ژیان و سـەردەم سـەری هەڵـداوە و بـەردەوام لەگەشـەکردن و بـەرەو پـێش چووندایە ، چونکە (( مۆنتاژ وەك کامێرایەك وایە ، کە وێنـە و دیمـەنی گشـت لایەنـەکانی ژیـان دەگرێـت ، ئـەم وێنە و دیمەنانە مەبەستێکی لەگەڵ دایە ))[20] ، هەرچەندە ئەم پێناسەیە چەمکێکی جوانە و زیـاتر لـە واقیـع نزیکدەبێتە وە ، بەڵام زۆر کات مۆنتاژ هەر ڕۆڵی ئەو کامێرایە نابینێت ، بۆ ئەوەی وێنەی ژیان بگرێـت ، بـەڵکو بیری وەرگر بەرەو ڕابردوو یان داهاتوو کـێش دەکـات و هـەوڵ دەدات پێوەندییـەك لـە نێـوان زەمـەن دروسـت بکـات و کاتـەکان بـە یـەکترەوە ببەسـتێ ، کـە ڕووداوەکـان لـە کـات و شـوێنێکی دیکـەدا ڕوویانـداوە ، بـەم جۆرەش دەتوانرێ بوترێ ، کە (( مۆنتاژ وەك تەکنیکێك لە ئەنجامی ئاڵۆزی و جەنجاڵی ژیـانی مرۆڤایەتییـەوە سەری هەڵداوە ، نووسەرانیش مۆنتاژیان کردۆتـە ئـامراز و هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی گوزارشـت لـەو جەنجاڵیـە بـێ ئومێدیەی ژیان بکات ))[21] ، ئەگەر مۆنتاژ لە ئاکامی بێ ئومێدی و جەنجاڵی ژیانەوە دروست بـووبێ ، واتـە پێویستیی ژیان وایکردووە مۆنتاژ لە کارە هونـەری و بەرهەمـە ئەدەبییەکانـدا پەرەبسـتێنێ ، تـاکو نووسـەری دەق بتوانـێ گوزارشـت لـەو دیمەنـە نامۆیانـە بکـات ، کـە ڕۆژانـە لـە خـەیاڵی وەرگـردا بەرجەسـتە دەبـن ،

---

[19]- http://kararalsaidi ٢٠١١.blogspot.com

[20]- کارزان موحسین قادر ، سیماتازەکانی ڕۆمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٩ ، ل ١٠٢ .

[21]- http://asinema.wordpres.com.2007/17/07/dunya-sinema-tarihi-lik-yillar183-1910/ at:2:14 am yorum birakin

لەبەرئەوەی لەو سەردەمە تەمەنی مرۆڤ زۆر خێرا تێپەڕ دەبێ ، بۆیە بۆ کورتکردنەوە و پیشاندانی ئەو بێ ئومێدییە نووسەری دەق پەنا دەباتە بەر مۆنتاژ ، تاکو ڕووداوەکان لە کەمترین کات دا زۆرترین واتا ببەخشن ، بەڵام مەرج نییە مۆنتاژ کردن لە ئکامی بێئومیدی ژیانی نووسەر و دەرهێنەرەکەی بێت .

کەواتە مۆنتاژ لەئاکامی پیشکەوتنی هزری مرۆڤایەتی ژانری ئەدەبی دا دروست بووە ، کە تیایدا ژیان بەرەو ئاڵۆزی و جەنجاڵی و پێشکەوتن هەنگاو دەنێت ، بەمە مۆنتاژیش بێ بەش نابێت لەو پێشکەوتنە هزرییەی ئەدەب ، بۆیە نووسەری دەق ( سینەماکار ، ڕۆماننووس ، چیرۆکنووس ، شانۆنووس ، سیناریۆ نوس ، هۆنیار ... هتد ) هەوڵدەدا پەنا بباتە بەر هۆکارێك تا وەرگر بتوانێ بە ئاسانی لە هەموو وردەکاریەکانی بابەتەکە بگات (( ئەگەر مەبەست لە خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی گەڕان بێ بە دوای ژیان و نهێنی نوسەر ئەوا لە هەمانکاتدا گەڕانە بەدوای نهێنییەکانی ژیان و بوونیشدا ، چونکە نووسەر لە نێوان ژیان و بووندا نیشتەجێیە )) [22] ، لەبەرئەوەی ئێمە لە ڕێگەی ڕوانین و بیرکردنەوەی خۆمانەوە دەتوانین گوزارشت لە بوونی خۆمان بکەین ، هەوڵبدەین بە سەرنج و تێڕامانمان هونەرەکانی ئەدەب جیاواز و گۆڕا و بێ ، تاکو دووبارە پێوەندی لە نێوان هونەرو ژیاندا دروست بکەین ئەویش لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوەیە .

( ڕوبێرت هەمفری ) بەم شێوەیە دەربارەی مۆنتاژ دەدوێت (( مۆنتاژ بریتییە لە جێگیربوونی کارەکتەر لە شوێنی خۆی و جولاندنی هەست و بیر لە زەمەندا )) [23] ، واتە نووسەر بەشێوەی جیاواز ڕۆڵ بە کارەکتەرەکان دەدات ، کە هەموو ڕووداوەکانی بە سەر چەند کاتێکی جیاواز دا دابەش دەکات تاکو دووربینی وەرگر ئاراستەی کاتەکە بکات و متمانەی دابمەزرێنێت ، چونکە پێوەندی بە هێز و تووند و تۆڵ لە نێوان ( ئێستا و داهاتوو و ڕابردوو )ی ڕووداوەکاندا هەیە ، لەم لایەنەوە ( زاهیر ڕۆژبەیانی ) مۆنتاژ بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەش دەکات ، کە هەریەکەیان پێوەندییان بەکات یا پێوەندییان بە شوێن یا پێوەندییان بە کات و شوێنەوە هەیە . دەربارەی مۆنتاژ ی کات دەڵێت: (( مۆنتاژی کات – واتا – کات – ی ئێستای چیرۆکەکە ڕاگیراوە بە دیمەنێکی کاتی ڕابردوو دا دەچێتەوە )) [24] ، مۆنتاژی کاتی تەنیا بایەخ بەو ڕووداوانە دەدات ، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە ، پێوەندی بەکارەکتەری نێو بابەتەکەوە هەیە ، کە جیهانێکی خەیاڵاوی لە ڕێی تەکنیکێکی گەڕانەوە بۆ دواوە ( فلاش باك ) دروست دەکات بەم جۆرە مۆنتاژی کات زیاتر پێوەندی بە جۆری بیرکردنەوە و هەست و ناخی کارەکتەرەوە هەیە ، واتە لایەنی ڕۆحی ( ناوەوەی ) نەك ڕووکاری دەرەوەو جەستەی مرۆڤەوە ، بەڵام ئەم جۆرە مۆنتاژە باسی ئەوە ناکات ، کە کاتەکانی گۆڕانیان

---

[22] -کەمال میراودەلی ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل ٥٧

[23] - روبرت همفری ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ت : د.محمودالربيعي ، دار المعاريف بمصر ، ١٩٧٥ ، ص٧٢

[24] - زاهیر ڕۆژبەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی ، چ ٢ ، چاپخانەی خانی دهۆك ، ٢٠٠٨ ، ل ٣٦

بەسەر دادێت ، چونکە هەندێك جار نووسەری دەق لە رێی ئەو رووداوانەی لە کاتی ئێستادا روودەدەن دەتوانێ خەیاڵ و بیری وەرگر بەرەو ئایندە ( پێشخەری ) پەلکێش بکات و تێڕوانینی خۆی بخاتەروو .

لە تەکنیکی فلاش باکدا شوێن جێگیرە و گۆڕانێکی بەسەردا نایەت ، تەنیا بیرو هۆشی کارەکتەر دەجووڵێت ، کەچی لە پێشخەریدا شوێن جێگیر نییە و زەین و هزری کارەکتەر لە نواندن و جووڵەدایە ، لە بارەی مۆنتاژی شوێن ، زاهیر رۆژبەیانی دەڵێت : (( مۆنتاجی شوێن ( چاوی کامیرا ) واتا کات هەمان کاتی ئێستای چیرۆکە ، بەڵام شوێن دەگۆڕێ ))[٢٥] ، واتە لە مۆنتاژەدا شوێن دەگۆڕێ و رووداوەکانی کاتی ئێستا لەبەر دەم چاوی کامێرای ( نووسەری دەق ) دا روودەدەن .

کات و شوێن جێگۆرکێ دەکەن و دەگۆڕێن ، هەندێك جار بە شێوەیەکی هێمایی ئەو گۆرانانە لە دەقەکەدا خۆ دەنوێنن ، ئەم شێوازەش گوزارشت لە تواناکانی نووسەری دەق دەکەن . رەنگە بە هۆی ئەو هێمایانەوە وەرگر نەتوانێت بە ئاسانی لە واتاکانی دەقەکە تێبگات ، چونکە (( لە هەندێ دۆخدا ئەم هێماکارییە دەبێتە هۆکارێك بۆ شاردنەوەی مانا راستەقینەکان دەقەکە ، لە بەر ئەوە پێوستە هێماکان روون بکرێنەوە دەمامکەکان لابرێن بۆ ئەوەی مانا شاردراوەکانی ناو دەقەکە ئاشکرا بن ))[٢٦] ، کەواتە لە هەندێ حالەتدا مۆنتاژی کات و شوێن تەنیا بریتی نییە لە ( گوزارشت کردن لە کاتەکان یاخود گۆڕینی شوێنەکان ) کە رووداوەکان تێیدا پەرەسێنن ، بەڵکو مۆنتاژ ئەرکێکی دی هەیە ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی هێما ، ئەمەش شێوازێکی نوێیە لە تەکنیکی مۆنتاژدا ، کە وەرگر بەرەو چارەنووسێکی نادیاری رووداوەکان دەبات . رەنگە هەموو کات ئەو هێمایانە واتا نەدەن بە دەستەوە ، بەڵکو زیاترسەرنجی وەرگر بەرەو ناخی بابەتەکە رابکێشن ، تاکو دەگات بەو ئەنجامەی ، کە لە دواجاردا خۆی بریاری لە سەر دەدات کەواتە بەکارهێنانی هێماش لە هەر ژانرێکی ئەدەبی دا دوو هۆکاری هەیە یان (( شێوازێکە لە شێوازەکانی تەکنیك بۆ جوانکاری بە کاردێت یا بۆ شاردنەوە و پۆشینی ئەسڵی مەبەستی شتەکەیە ))[٢٧] ، کەواتە بەکارهێنانی هێما ، تەکنیکێکە و دەتوانرێ بوترێ تەکنیکی مۆنتاژ جوانتر دەکات ، بۆیە هەموو هێمایەك مۆنتاژە ، بەڵام مەرج نییە هەموو مۆنتاژێك بریتی بێ لە هێما ، ئەگەر بە وردی لە مۆنتاژ بڕوانرێت ئەوا بریتییە لە چەند گرتەیەکی جیاواز تا وێنەیەك لە بیر و زەینی وەرگر دروست بکات ، کە هەریەك لەم گرتانە چەمك و واتای تایبەت بە بوون و پێگەی خۆیان هەیە ، بەڵام دوای ئەوەی گرتەکانمان بەیەکتر بەستەوە ئەوا دیمەنێکی جوان نەخشەکێش دەکات و واتاو مەبەستێکی نوێ دەبەخشێ .

---

٢٥- س ، پ : ل ٣٦

٢٦-ناصر حامد ابو زيد ، اشكاليات القراءة واليات التأويل ، المركز الثقافي العربي ، بيروت ، ١٩٩٩ ، ص ٢١

٢٧- د . صبري حافظ ، افاق الخطاب النقدي ، دار شرقيات للنشر والتوزيع ، القاهرة ، ١٩٩٦ ، ص ١٧٤ .

بەم شێوەیە مۆنتاژ بریتییە لە (( خستنەسەر یا دانانی وێنە و بیر و بۆ چوونەکانی کاتێکی تایبەتی لـە سـەر وێنە و بیر و بۆچونەکانی کاتێکی دی ، لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە ، کـە رەنگـە دوو کـات و دوو وێنـە و دوو بیرو را لە یەك شوێندا بنیات بنرێن یا بیر لـە شـوێنێکدا هـەبێت ، ئـەوا دەبێـت ئـەو شـوێنەش رۆڵـی هـەبێ لـە دژیەکی یا پێچەوانەی کات و وێنەکان دا )) [٢٨] ، واتە مۆنتاژی کاتی بە پێی ئـەم پێناسـەیە تـەنیا گـۆڕان لـە کات دروست دەکات بە پێی جیاوازی ئەو شوێنەی کە رووداوەکانی تێدا روودەدات رۆڵی هەیە لەدروست بـوون گەشەسەندنی کۆتایی هێنان بەو رووداوانە ، بە جۆرێك هەموو وێنـە و رووداوێك ، وێنـەو روداوێکـی دی تـەواو دەکات ، ئەویش زیـاتر دەگەڕێتـەوە بـۆ تێگەیشـتنی خـودی وەرگـر لـە بـەهای بابەتەکـەو ئـەو زمانـەی ، کـە بابەتەکەی پێ نووسراوە ، چونکە ئەگەر بروانین و بیربکەینەوە و هەست و سۆزی خەڵك لـە یـەکتر نزیـك بـن ، (( ئەوا شێواز و چۆنیەتی دەربـرین و گوزارشـت کـردن لـەو بیرکردنـەوە و هەسـت و نەسـتە لـە یەکێکـەوە بـۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ ، مرۆڤ بەردەوام بیر و هزر و هەسـت و سـۆزی لـە چوارچـێوەی شـێوازە جۆراوجۆرەکـانی دەربریندا دەردەکەوێت چ ئەو دەربرینە بە زمانی ئاخاوتن و لێکدیحالّی بوون بێ )) [٢٩] ، چ بە زمانی شـیعر و پەخشان بێت یا بە هەر شێوەیەکی دی لە دەقەکە دەرببڕێت .

بۆیـە ئەگـەر ( نووسـەری دەق ) جیهـانێکی خـودی بـۆ خـۆی دروسـت بکـات و ئاوێتـەی جیهـانی بەرهەمـە ئەدەبیەکەی بکـات ، ئـەوا هـەموو ئـەو بۆچـوونانە دەرنـابڕێ کـە لـە نـاخی دا خـۆی حەشـاری داوە ، بـەڵکو گوزارشت لە بەشێك لەو رووداوانە دەکات ، کە روانـین و بۆچـوونەکانی خـۆی تێدا دەخاتـە روو ، بـۆ ئـەوەی زیاتر رۆبچێتە نێوی و بابەتەکـە زیـاتر بێدەنگی دایدەپۆشـێ ، بـە جۆرێـك لـە هەنـدێ حاڵەتـدا وەرگـر هێنـدە ئاوێزانی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەبێت بە هیچ جۆرێك پێوەندی بە جیهانی واقیعـەوە نامێنـێ ، دەڕوات بـەرەو ئەو جیهانەی کە نووسەری دەق بە پێی تێگەیشتنی وەرگـر دەیسـازێنێ ، تـا زیـاتر بـە نهێنیـەکانی بابەتەکە ئاشنابێ و زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بەدەست بینی پێویستە لە گومـان و دوودڵـی و ڕاڕابـی چارەنووسـی بابەتەکـەدا بـژی نـەك لـە دڵنیاییـەکی بـێ دەنـگ دا ، هـەروەها ( ئینـا دراخ ) لـە لێکۆڵینەوەیەکەیـدا بـاس لـە تەکنیکی مۆنتاژ دەکات دەڵێت : (( بریتییە لە بەیەکبەسـتن و هێنانـە کـن یـەکی دەق و بەشـەکانی دەق ، کـە جیایان دەکاتەوە لە ستایل و شـێوە و نـاوەڕۆك ، ئـەو بەشـانە هـەر یەکـەیان بنـەما و بنچینە و تایبەتمەنـدی جیاوازیان هەیە )) [٣٠] .

---

[٢٨] - روبرت همفری ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ص ٧٢

[٢٩] - کەمال میراودەلی ، زمانی دەق ، ل ١٨

[٣٠] - Draeh .Inna ، the a A.Dolin by plats Alexander Berlin novel the in techniques montage a Director –R.w- Fasshincler 'Russian state universe for the HumantiesN.b web .

مۆنتاژ ئەركێكی قورسی هەیە ئەویش بەیەكەوە لكانی بەشەكانی دەقی ئەدەبییە ، رەنگە لە رووی شێواز و چۆنیەتی بەكارهێنان جیاوازبن ، لێرەدا مۆنتاژ رۆڵێكی كارا و كاریگەر لە دروست كردنی پێوەندی لە نێوان بەشەكانی دەقدا دەبینێ ، كە لە رووی دارشتن و جوانییەوە ، جیاوازییان هەیە ، كەواتە مۆنتاژ بریتییە لە ئەزموونی نووسەری دەقی ئەدەبی ( رۆماننووس یا چیرۆكنووس یا سینەماكار یا شانۆنووس ، ...... هتد ) كە تیادا بە شێوەیەكی مەعریفی و زانستی و تیۆری تابلۆ و وێنەی ژیان و مردنی مرۆڤایەتی رەنگاڵە دەكات ، بە جۆرێكی دیاریكراو ململانێی نێوان كەسایەتی یەكان لە رێی رووداوەكانەوە نیشاندەدات .

( Justin Crush ) ( جەستن كرەش ) بەم جۆرە چەمكی مۆنتاژ لە درامادا دەخاتە روو و دەڵێ : (( بریتییە لە تێكەڵەی لقە جیاوازەكان ، بەشێوەیەك وا هەست بكەی ، كە هەموویان لە یەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون ))[٣١] مەبەست لە لقە جیاوازەكان ، لەم پێناسەیەدا ئەوەیە كە توخمە سەرەكییەكان وەكو ( كات و شوێن و رووداو و پاڵەوان .... هتد ) بەیەكەوە دەبەستێتەوە و پێوەندی ئەرێنی لە نێوانیاندا دروست دەكات . ( جەستن كرەش ) هاتووە پێناسەكەی لە ووشەیەكدا كورت كردۆتەوە دەڵێ مۆنتاژ وشەیەكە بریتی یە لە (( Editing ))بە واتای ئامادەكردن لەگەڵ (( Assembling )) كە پێكەوەلكان دەگرێتەوە ، هەرچەند ئەو پێناسە لە چەند وشەیەكی كورت پێكهاتووە ، بەڵام مەغزاو واتای زۆر دەبەخشێ .

هەروەها ( ئەلبێر بۆرجنسون ) كە رەخنەگر و سینەماكارێكی رۆژئاوایە بڕوای وایە كە (( مۆنتاژ بریتییە لە برین و گۆڕینی وێنەی جێگر و مردوو بۆ وێنەی زیندوو ، هەروەها هەوڵێكە بۆ ئەوەی هەموو شتەكان بگەرێنێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی ))[٣٢] ، لە هەر بەرهەم و كارێكی ئەدەبی و هونەریدا ، رەنگە ئەو وێنانە بەر لە بەكارهێنان واتایەك نەبەخشن ، بەڵام دواتر لە رێگەی مۆنتاژەوە وێنەكان بەشێوەیەكی شیاو و گونجاو رێكدەخرێن ، بۆیە واتایەكی فراوان دروستدەكەن كە لە هزری وەرگر بمێنێتەوە و بە جۆرێك بێت خۆی بەشداربێت لە دروست كردنی ئەو وێنانەدا ، رەنگە وێنەكان بریتی بن لە رووداوێكی ئاسایی یا كاتێكی ئاسایی یا شوێنێكی ئاسایی ، بەڵام دوای بەكارهێنانیان دەبن بە دیمەنی سەرنج راكێش و یەكتر تەواو دەكەن ، لەبەر ئەوەی (( دەبێ نووسەر روو لە چاكترین و ئاسانترین رێگا بكات بۆ گەیاندنی راستەوخۆی ئەو بیرەی كە دەیەوێت لە رێی وێنەكێشانیەوە وەك خۆی بە وەرگری بدات بۆ ئەمەش دەبێ زمانی دەربڕین بكەنە ئامراز

---

[٣١]- Justin Crush , (( montage in ramatik performace )) 28 Augest 2013 web 25 june 2014 < http: // www the dramateacher.com / montage in dramatic performace

[٣٢]- البير بورجنسون و صوفی برونیة ، ممارسة المونتاج ، ت : منیَ التلمساني ، طبع معهد الفرنسیة ، مصر ، 1990 ، ص ٢٣

بۆ کارلێکردن و جوانکردنی ماناکان بە شێوازێکی گونجاو )) [٣٣] ، لە شێوازی ئەدەبییدا نووسەری دەق لە کورت کردن و درێژدا دڕی و روونی و ئالۆزی و تێکچڕاژان و مەبەست و ناوەرۆکی بابەتەکە زیاتر و زۆرتر پێویستی بە لێهاتوویی و کارامەیی هەیە ، لە بەر ئەوەیە ئەو (( نووسەرانەبە پێی خەیاڵ و ئارەزووەکانیان واقعەکەیان خستۆتە بەر تێکەڵاوکردنی خوود بەسروشتەوە بەوەش گۆرانکاریی بەسەر زمانی گفتوگۆ و مۆرکی بونیاتی هونەری و ناوەرۆکی هزری داهات ))[٣٤] ، کە لە رێگەی بەرهەمەکانیان دەتوانن بەرجەستەی ئەو واقیعە بکەن کە نەیتوانیوە گوزارشت لە بوونی خۆی بکات .

هەندێك كات مۆنتاژ واتایەکی خۆی هەیە و پێناسەیەکی جیاواز تری بۆ کراوە کە دەوترێ (( مۆنتاژ واتای لەسەریەکدانان یا پێکەوەلکانی پارچەکان پێش بەرهەمهێنان )) [٣٥] ، بەم شێوەیە پێویستە بەر لە نیشاندانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا کارێکی هونەری دووبارە پێدا چوونەوەی بۆ بکرێ تا دوور بێت لە هەر کەم و کورتیەك ، ئەو کارەش لە رێی مۆنتاژەوە نووسەری دەق بەرهەمی دێنێ .

کەواتە لێرەدا روون دەبێتەوە کە مۆنتاژ کردن لە کاری سینەما ودەقی ئەدەبیدا ا جیاوازە ، چونکە مۆنتاژ لە سینەمادا ئەرکی ( دەرهێنەری سینەمایە ) ، کەچی لە دەقی ئەدەبیدا ئەرکی ( دەقنووسە )

مۆنتاژ بریتییە لە هونەری دروست کردنی پێوەندی نێوان گرتە و دیمەنەکان و بەهێکردنی ئەو گرتانەی ، کە واتایان لاوازە یا بڕینی گرتەکان بە شێوەیەکی رێکخراو ، کە وەرگر هەست بەو بڕینە نەکات و زیاتر بچێتە کرۆکی بابەتەکەوە، کەواتە مۆنتاژ بڕینی گێڕانەوەیەکی ئالۆزە ، کە جوانییەك بە بەرهەمی ئەدەبی و کاری هونەری دەبەخشێ ، بیرکردنەوەیەك لای وەرگر دروست دەکات .

بەم جۆرە بۆمان روون دەبێتەوە مۆنتاژ هونەرێکی جیهانییە کە شوێنی خۆی لە نێو هەموو کارێکی هونەری و بەرهەمێکی ئەدەبییدا کردۆتەوە ، بۆیە مۆنتاژ دەتوانرێ لە چوارچێوەی ئەم چەمکەدا بوروژێندرێ و پێناسە بکرێت ، مۆنتاژ ئەزموونی ئەقلی مرۆڤە بەهرەمەندەکانە ، کە پێویستی ژیان و هونەر و ئەدەب وایکردووە لە رێگەی بڕین و لابردن و زیادکردنی هەموو ئەو گرتانەی، کە پێوەندیەك لەگەڵ هزری وەرگر دا دروست دەکەن و لە بەرهەمەکانیان دا بە کاری بهێن .

---

[٣٣]- احمد الشايب ، الاسلوب ، ط٧ ، مكتبة النهضة، مصر ، ١٩٧٦ ، ص ٤٤

[٣٤]- د . سەلیم رەشید ، شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل ١١٢

[٣٥]- نظرية مونتاژ شورى ، قسمت اول

http://www.noghdifarsi.cominternational-articles/12933-1393-01-26-11-23-19ht

## تەوەری سێیەم :

## ئەرك و بنەما و تایبەتمەندییەكانی تەكنیكی مۆنتاژ :

### أ–گرنگی تەكنیكی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبیدا :

یەكێك لەو تەكنیكە سەدرمییانەی ، كە شوێن و پێگەی خۆی لە نێو ژانر ئەدەبییەكاندا گرتووە ، تەكنیكی مۆنتاژە ، چونكە گۆڕان و نوێكاری لە ژانرە ئەدەبییەكان ،گەڕانە بە دوای نووسەری بەهرەمەند و واتادارکردنی دەقەكانیان ، ئەم گەڕانە دەبێتە هۆی دروستكردنی پرەنسیبی نوێ ، بۆ خزمەتكردنی ئەم ژانرانە ، بۆیە تەكنیكی مۆنتاژ بە یەكێك لەم هۆكارانە دادەنرێت ، كە ( نووسەر و دەرهێنەر )ان زیاتر لە سەدەی بیستەم گرنگیان پێداوە ، بۆیە (( مامەڵە كردن لەگەڵ دەقەكان وەك تەنێكی زمانیی لێدووان لە كردارەكان لە چوار چێوەی نەسەقێكی زمانیدا یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی رەخنەی نوێ )) [٣٦] ، لە رێگەی مۆنتاژەوە بەرجەستە دەبێت .

ئەم تەكنیكە ، بۆئەوەی پێگەی خۆی لەنێو ژانرەكانی ئەدەب بەگشتی و و بەتایبەتی لەناو ژانری رۆمان بكاتەوە ، مەرجە رۆڵی تایبەت بە خۆی هەبێت ، تا ببێتە جێی سەرنج و بایەخی لێكۆڵەران و رەخنەگران و رۆماننووسان ، ئەمەش بووە هۆی دروستكردنی كۆمەڵێك ئەرك لەنێو رۆماندا ، هەر ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی بەلای رەخنەگرانی رۆمان جێگەی بایەخ پێدان بێت و لە كارەكانیاندا ، كاری زیاتر لەسەر بكرێت و رۆڵ و بەهاكانیان رووونتر بكرێتەوە .

### ب – بنەماكانی مۆنتاژ

بنەماكانی مۆنتاژ لە هەر بەرهەمێكی ئەدەبیدا بریتیین لە

---

٣٦ – میران جەلال محەمەد ، بنیاتی رووداو لە رۆمانی كوردیدا ، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل٢٢ .

١- ( گەران بە دوای شوێن بۆ گرتە و گواستنەوەی ئەو گرتانە لە شوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە ، یا لە گۆشەیەك بۆ گۆشەیەكی دیكە ، لە رێگەی زوومی كامێراوە دەبێت )[٣٧] ، جا ئەو كامێرایە ئامێر بێت یا وشە .

٢- ( بوونی جیاوازی لە ماوەی نێوان گرتەكان لە سەر شاشە )[٣٨] ، جا ئەو شاشەیە ئامێر بێت ، یا رووپەری پەرتووك بێت .

٣- رێكخستنی جوولەی گرتەكان و هاوسەنگی نێوان گرتە و دیاریكردنی سنووری نێوانیان یەكێكە لە بنەماكاكی تەكنیكی مۆنتاژ .

## ج-ئەركی تەكنیكی مۆنتاژ لە بەرهەمی ئەدەبی بە گشتی و رۆمان بە تایبەت :

١-زیاد كردنی هێزی گوزارشت كردن و كاریگەری لە سەر بابەتەكە ، لە لایەن وەرگرەوە ، دڵنیا بوون لە بوونی بابەتەكە ، وای لێدێت بایەخ بە شوێنی رووداوەكان بدات ، ئەمەش یەكێكە لە ئەركەكانی تەكنیكی مۆنتاژ .

٢- رەخساندنی كەشێكی گشتی گونجاو بۆ وەرگر ، جوانتر كردن و ناشرین كردنی دیمەنی رووداوەكان و چەسپاندنییان لە بیری وەرگر ، ئەركێكی دیكەی مۆنتاژە .

٣-تەكنیكی مۆنتاژ ، بریتییە لە هونەری هەڵبژاردن و رێكخستنی دیمەن و گرتەكان بە پێی ئەو مەبەستەی كە كاری بۆ كراوە لای نووسەر ، بۆ ئەوەی واتایەك و مەبەستێك بگەیەنێت لای وەرگر .

٤-تەكنیكی مۆنتاژ تەنیا كار لەسەر لایەنی ناوەوەی ژانری ئەدەبی ناكات ، بەڵكو گرنگی بە رووكاری دەرەوەی هەر بەرهەمێكی ئەدەبی دەدات ، هەندێ لایەنی هەست پێنەكراو بۆ وەرگر جێدەهێڵێت ، تاكو وەرگر هەوڵی دۆزینەوەیان بدات ، بەم شێوەیە ئەگەر مۆنتاژ نەبێتە تەكنیكێك ئەوا ناكرێت كار لە سەر ناواخنی بابەتەكە بكەین و پیشانی وەرگری بدەین ، تاكو وەرگر هەست بە ماندووبوون و بێزاری نەكات و زیندوویەتی بە بەرهەمەكە دەبەخشێت نادات كە بێزار بێت .

٥-تەكنیكی مۆنتاژ لە ژانری ئەدەبیدا زۆر چرە ، نهێنی و وردەكاری زۆری بەخۆ گرتووە ، لەدەلالەت كردن و ون بوون و لێكترازانی بەشێكی رووداوەكان ، دواتر بە یەكەوە لكانیان ، هەرچەندە لێكترازانی رووداوەكان جۆرێك لە بەردەوامی بە رووداوەكانی نێو دەقەكە دەدات ، تا وەرگریش بیری زیاتر بۆ چرەنووسی ئەو رووداوانە بچێت ، كە ئاماژەیان پێكراوە

---

٣٧ - http://kararalsaidi2012.blogspot.com/2014 /04/.blog-spot.htm

٣٨ - س ، پ

٦–ئەركێكی دیكەی مۆنتاژ بریتییە لە پرۆسەی دەربڕین و چۆنییەتی پاش و پێشخستنی بیرۆكەی رووداوەكانە بەشێوەیەكی ریزبەندی ، كە زنجیرەیەكە لە بیرەوەرییەكان ، بەهیچ شێوەیەك هیچ خەوشێك و بیرۆكەی نارێكی تێدا نەبێت ، كە نەگونجێت لەگەڵ چوارچێوەی رووداوەكان .

٧–ئەركێكی دیكەی مۆنتاژ ، نمایشكردنی رووداوەكانە بە شێوەیەكی پچڕاو و نەزانراو ، جا ئەو نمایشە بۆ كردنەوەی یان كۆتایی پێهێنانی یان بەستنەوەی رووداوەكان بێت ، یا بۆ دیاریكردنی لایەنەكانی كەسایەتی و ئارەزووەكان بێت ، یان بۆ رێكخستنی بەشێكی ئەو رووداوانەی كە لە كۆتایی باس دەكرێن ، پەیوەندیان بە رووداوەكانی سەرەتای بابەتەكەوە هەیە ، یا بە پێچەوانەوە ، لە رۆماندا نمایشی رووداوەكان لە رێگەی ئەو وشانە دەبێت ، كە لە رووپەڕی رۆمانەكە دەبینرێت ، كەواتە رووپەڕی رۆمانەكە دەبێتە شاشە بۆ نمایشكردنی رووداوەكان لە بیری وەرگردا .

٨– ئەركێكی دیكەی تەكنیكی مۆنتاژ ، لابردنی ئەو گرتە زیادانەیە كە لە بەرهەمەكەدا ، پێگە و بایەخییان نییە ، ئەمیش لە رێگەی ئامێرەوە دەبێت ، كەچی لە رۆماندا ئامێرەكان ئەو وشانەن كە زەینی وەرگر بۆ خۆیان كێش دەكەن ، هەمیشە نوێ بوونەوە بە بەرهەمەكە دەبەخشێت .

٩–بەشداری دەكات لە پێكهاتنی كێشە و ململانێكان بەرهەمی ئەدەبی ، برەو بە رووداو دەدات و بەشداری رەوتی گەشەسەندنی دەكات ، لە رۆمادا كات و شوێنی رووداوەكان دیار دەخات و بە وەرگریان دەناسێنی .

١٠– تەكنیكی مۆنتاژ كاریگەری لە سەر هەموو تووخمەكانی دیكەی ژانرە ئەدبییەكان بەگشتی و رۆمان بەتایبەت هەیە ، چونكە رێك و پێكی و دروستی بە تووخمەكان دەبەخشێ .

## د– ئەو كاریگەریانەی تەكنیكی مۆنتاژ بەرهەمیان دەهێنێت:

١– جوڵاندنی هەست و بیركردنەوەی وەرگر بۆ هەموو ئەو رووداوانەی كە دەپچڕێن ، لە بەرهەمەكەدا .
٢– برەو دان بە رووداوەكان كە بە جوانترین شێوە نمایش بكرێت .
٣– ئازادی زیاتر بە نووسەر دەدات لە تێكشكاندنی زنجیرەی رووداوەكان ، لە كات و شوێنی جیاواز دا .
٤– وەرگر لە هەر بەرهەمێكی ئەدەبیدا بێزار نابێت ، لە بوونی ئەو كەم و كورتیانەی لە بەرهەمەكە بوونیان هەیە ، چونكە مۆنتاژ بەشێكی زۆری خەوشەكان لە بەرهەمەكە ناهێڵێت .
٥–مۆنتاژ تەنیا كار لە سەر بیری وەرگر ناكات ، بەڵكو جوانییەك بە بەرهەمە دەبەخشێت .

## تەوەری چوارەم :

## مێژووی بەکارهێنانی مۆنتاژ لە کارە هونەرییەکان دا :

ئەگەر سەیری هەر هونەرێك و تەکنیکێکی ژانرە ئەدەبییەکان بکەین ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ هیچ شتێك لە خۆوە دروست نەبووە ، بەڵکو پێویستی ژیان وایکردووە ئەو تەکنیکە وەکو روخسارێکی گشتگیر بە سەر هەموو ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بڵاوبێتەوە ، تەکنیکی (مۆنتاژ) یش یەکێکە لەو تەکنیکانەی ، کە لەو سەردەمەدا بووەتە پێویستی روخسارێکی هونەریی ، کە نووسەرانی دەق لە بەرهەمە ئەدەبی و دەرهێنەران لە کارە هونەرییەکانیانیاندا بە کاری دێنن .

مۆنتاژ هەر وەکو وتراوە (( لەوشەی ( montage ) فەرەنسی و ( Edit) ئینگلیزی ))[٣٩] وەرگیراوە ، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە ، کە هونەرمەند و شانۆکاران لە بەرهەمەکانیاندا پەیرەوییان کردووە ، بەڵام بێ ئەوەی ئەو ناوەی بۆ دابرێژن ، چونکە مۆنتاژ تەکنیکی رێکخستنی رووداوی جیاوازە ، کە پێوەندی لە

---

٣٩- J . A . Cuddon ; A Dictionary of Literary Term , Penguin Book , England , 1979 , p 316 .

نێوانیان ( خوێنەر و بینەر و بیسەر ) لەگەڵ بەرهەمدا دروست دەکات[٤٠] ، تا سەرنجیان رابکێشێت زیاتر ئاوێتەی بەرهەمەکە بن.

مۆنتاژ تەکنیکێکە لەگەڵ لە دایك بوونی ژانرە ئەدەبییەکان و بەرهەمە هونەرییەکان لە دایك بووە ، بەڵام بە شێوەی جیاواز و جۆری جیاواز گوزارشتی لێکراوە ، بێ ئەوەی زاراوەی (montage) یان (Edit) یا ( مۆنتاژ ) ی بۆ دابنرێت ، بەڵکو هیچ زاراوەیەکی بۆ دانەنراوە.

مێژووی بە کارهێنانی مۆنتاژ بەپێ ی جۆر و شێوازی ژانرە ئەدەبیەکان و کارە هونەرییەکان دەگۆڕێت ، کە لەگەڵ گەشەسەندنی ئەم ژانرانە دا مۆنتاژ یش پلە و پایە و بایەخی خۆی دروست کرد ووە ، رۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتن و فراوانبوونی کارە هونەرییەکاندا گێڕاوە.

بەم پێیەش مێژووی بەکارهێنانی مۆنتاژ دابەش دەکەین بە سەر دوو قۆناغدا ، کە بنەمایەکن بۆ سەرهەڵدانی جۆرەکانی تری مۆنتاژ و لە دایك بوونی شێوازە جیاوازەکانی ئەم تەکنیکە ، کە لە بەرهەمە ئەدەبی هونەرییەکاندا بە کارهاتووە ، ئەمانەن :

**١. مێژووی بەکارهێنانی مۆنتاژ لە چیرۆك و ئەفسانە و هەقایەت :**

ئەگەر سەیری مێژووی بە کارهێنانی ئەم تەکنیکە بکەین ، مێژوویەکی دێرینی لەگەڵ ( فۆلکلۆر بە گشتی و هەقایەت و ئەفسانە و داستانەکان بە تایبەتی ) هەیە ، چونکە هەر ژانرێکی ئەدەبی لە دایك ببێت پێویستی بەم تەکنیکە دەبێت ، بۆ جوانتر کردنی بەرهەمەکە و سەرنج راکێشانی وەرگر ، بیگومانیش ئەم تەکنیکە لەم بەرهەمە فۆلکلۆری پێش هەموو ژانرێکی دی بەکارهاتووە ، بۆیە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیش لە سنووری ژانرە ئەدەبییەکان پێوانە دەکرێن .

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە ئەفسانە و داستان و هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان ، هۆکارێکە بۆ راکێشانی سەرنجی وەرگر بێ ئەوەی ئەو ناوەی لێبنرێت ، لەبەرئەوەی هەندێ هەقایەت و داستانی فۆلکلۆری هەن بە چەندین رۆژ و مانگ هەقایەتخوان گێڕاویەتییەوە و وەرگر ( بیسەر ) گوێی بۆ قسەکانی شلکردووە ، وێنەی رووداوەکانی لە بیر و هزری خۆیدا کێشاوە ، بێ ئەوەی هەست بە بەبوونی ئەو جۆرە تەکنیکە بکات ، کە بەکاریان هێناوە ، لە زۆربەی هەقایەت و داستانەکان زیاتر گرنگی بە تەکنیکی مۆناتژی ( کات و شوێن و پاڵەوانەکان ... هتد ) دراوە ، چونکە وەرگر تەنیا لە رێگەی زەینی خۆیەوە هەستی بە وەستان و پچڕان و تێکشکاندنی دیمەنەکان

٤٠- ماري تيريز جورنو ، معجم المصطلحات السينمائية ، ت : فائز بشور ، منشورات الوزارة الثقافة ، المؤسسة العامة للسينما ، دمشق ، ٢٠٠٧ ، ص١٣٥ .

کردووه ، ئەم تەکنیکە لە بەرهەمە فۆلکلۆری جیهانییەکان بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بە شێوەی جیاواز جیاواز بە کار هاتووە .

دیارە نەتەوەی کوردیش بێ بەش نەبووە لە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ، کاتێك هەقایەتخوان هاتووە ، لە چەندین شوێن و کاتی جیاواز هەقایەتێکی گێڕاوەتەوە چەندین رووداوی تێکەڵ یەکتر کردووە ، وەرگر هەستی بە شکان و پچڕانی نەکردووە ، بۆیی دەتوانرێ بوترێت (( مۆنتاژ لە فۆلکلۆر بە گشتی و هەقایەتی ئەفسانەیی و داستانەکان پڕن لە مۆنتاژی ( کات ) و ( شوێن ) و ( پاڵەوان ) واتە کەسایەتییەکان ، دەبینین زۆر جار هەقایەتخوان دەگاتە شوێنێك و رادەوەستێت ، بۆ نموونە دەڵێ :

﴿ ئەوجا با بێینە سەر باسی پاشای ، پاشا و کچەکانی حەفت ساربوو ناوێیان بێنەوە شار لە بەر دێوان ﴾ ( تێر نەخۆرە ل ١٧٢ ) .

لە هەمان هەقایەت بۆ گۆڕینی کەسەکان ، هەقایەتخوان دەڵێ: ﴿ ئەوجا با بێینە سەر باسی برایەکانی خاکماری ، برایی خاکماری کە چوونە ئەو شارە هەموو رەشی پۆشی بوو .... ﴾ ( تێر نەخۆرە ل ١٧٦ ) .

ئەو مۆنتاژ کردنە لە نێو فۆلکلۆر بە گشتی و ئەفسانە و داستان بە تایبەت یەکجار کۆنە و دەتوانیین بڵێین بۆ چەند هەزار ساڵ پێش ئێیستا دەگەڕێتەوە ))[41] ، کەواتە بوونی ئەم تەکنیکە لە نێو بەرهەمی فۆلکلۆریدا دەسەلمێنێت ، کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە ، کە هەقایەتخوان بە مەبەستی سەرنج راکێشانی وەرگر بەکاری هێناوە ، بێ ئەوەی بزانێت ئەو وەستان و پچڕان و راگرتن و تێکەڵکردنی رووداوەکان لە ئەنجامی بە کارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ دەبێت .

## ٢. مێژووی بە کارهێنانی مۆنتاژ لە شانۆگەری :

ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ هونەری شانۆگەری مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە ، چەندین سەدە پێش زایینی، بە تایبەتی ئەو شانۆگەرییانەی یۆنانی کۆندا نووسراون لە کۆندا ، چونکە ئەوەی تاکو ئیستا دیارە (( شانۆ لە یۆنانی کۆندا لەدایك بووە و یەکەمین تۆماری شانۆی گریك دەگەڕێتەوە بۆ نزکەی ٥٣٤ پ.ز ئەو ساڵەی ئەسینا لەپێشبرکێ دابووە ))[٤٢] ، ئەگەر بەپێی ئەو مێژووە لە شانۆی گریك بڕوانرێت ، سەردەمی زێرینی شانۆ بریتیە لە سەدەی شەشەمی (پێش. زایینی ) .

هەروەك لەسەرچاوەکاندا باسکراوە ، شانۆگەرییەکان بینەرێکی ( زۆر یان کەم ) یان هەبووە ، ئەو شانۆگەرییانەی لە بۆنە ئاینییەکاندا پیشکەش دەکران ، بە دووشێوە جیاواز بوون ( تراژیدیا و کۆمیدیا ) ،

---

[٤١] - د. مەولود ئیبراهیم حەسەن ، پرۆژەی ئەدەبی میللی ، بلاونەکراوەتەوە

[٤٢] – د. فائق الحكيم ، تاريخ المسرح ، ( اكاديمية الفنون الجميلة ) ، مطبعة الاديب ، بغداد ، ١٩٧٩ ، ص ٤٥ .

هەندێك جاریش بینەری شانۆكان لە پەنجەكانی دەست تێپەڕی نەدەكرد ، هەندیك جاریش هەزاران خەڵك ئامادە دەبوون .

لە یۆناندا (( ئەو دەمە شانۆگەرییەكان لە شانۆی دیۆنیبۆس نمایشكراون ئەم شانۆیە جێگەی (١٤) چواردە هەزار بینەری تیدابووەتەوە)) [٤٣] ، بەپێی سەر چاوە مێژووییەكان و سەر نجدان لە شوێنەواری شانۆكان ( ئەو هۆڵەی یا ئەو شوێنەی شانۆی تیدا نمایش دەكرا ) لەیۆناندا ژمارەیەكی ئیجگار زۆری بینەر تێدا ئامادە بووە ، لەگەڵ خەموو ئەمانەشدا ، هەندێ لە شانۆكانی گریك ، ژمارەی بینەری گەیشتووەتە چل و چوار هەزار كەس ))[٤٤]، زۆری ژمارەی بینەر بە پێی چینەكانی كۆمەڵگە بوون ، (( ئەو ژمارە زۆرەی بینەر كە شانۆی ئەو رۆژگار بەخۆیەوە دیوە هیچ رۆژگارێكی دی بەخۆیەوەی نەدیوە ، بینەری هەمە چەشن وهەمەجۆر بووە كە لە مەزنترین پیاوانی وڵات و نەتەوە بۆ نزمترین كەس ، ئیمپراتۆر و فەرمانڕەوا پیاوانی مەزنی وڵات تا دەگاتە بەندە و كۆیلە و رەش و رووت و سواڵكەرانیش ، ژن و منداڵ و پیر و گەنج هامشۆی شانۆیان دەكرد )) [٤٥] ، ئامادەبوونی زۆری ئەو خەڵكە لە شانۆدا هێمایە بۆ ژیری ئەو نەتەوەیە .

هەروەكو روون بۆتەوە بەر لەوەی شانۆكان پێشكەش بكرێن ، شانۆكاران هاتوون شوێنیان بۆ بینەر بە پێی باری كۆمەڵایەتی دروست كردووە ، تەناتەت ریز و پلە و پایەی بینەریشیان لەشوێنی نمایشی شانۆكاندا دابەشی سەر چەندین جۆر و پلە كردووە ، هەرچەندە (( ناكرێت بەرهەمهێنەری ئەدەبی بۆ چینێكی دیاریكراو بگەرێتەوە ))[٤٦] ، ئەگەر سەیری ئەو كارەیان بكرێت ، خۆی لە خۆیدا مۆنتاژی ( كات و شوێن ) لە خۆ دەگرێت ، چونكە هەوڵیانداوە ئەو كورسیانەی بینەر لە سەری دادەنیشت رەنگاو رەنگ بكرێت ، بەتایبەتی ئەو كورسییانە (( ژمارەیان شەست و حەوت كورسی بوو لەگشت ریزەكانی ترجیاواز بوون كەتایبەت بووە بە گەورە پیاوان )) [٤٧] ، چۆنییەتی رێزكردن و پلەداری لەشانۆدا رەنگاڵەكرنی كورسی بینەر ، جۆرێكە لەمۆنتاژی شوێن ، چونكە هەموو ئەو كردانە بۆ رێكخستن و جوانكردنی شانۆگەرییەكە بوون .

هەروەها لەشانۆگەرییەكاندا پەردە و بەش هەبووە زۆر جار ئەو رووداوانەی ، لەبەشی یەكەمدا روویان دەدا ، دەبوایە بینەر تا بەشی كۆتایی چاوەڕوانی بكات ، تا بە ئەنجامەكەی گەیشتبا ، چونكە جۆرێك لەپچڕ پچڕ كردنی رووداوەكانی تێدا بوو ، كە بیری بینەری بۆ خۆی رادەكێشا ، زۆر جاریش بینەرەكان دەبوون بە

---

[٤٣]– ئەحمد سالار ، دەروازەی دراما ، بەشی دووەم ، چ :الجاحظ ، بغداد ، ١٩٨٤ ، ل ١٥ .

[٤٤]– د.جميل نصيف التكريتى ، محاضرات في تاريخ المسرح محاضرات القيت على الطلبة اكاديمية الفنون الجميلة بجامعة بغداد ، ١٩٦٩ ، ص ٩

[٤٥]– ئەحمد سالار ، دەروازەی دراما ، بەشی دووەم ، ل ١٥ .

[٤٦]–حەننا عەبود ، لە بارەی مێژووی رۆمانەوە ، و: عەبدوالڵا رەحمان ، چ : منارە ، ٢٠١٠ ، ل ٨٤ .

[٤٧]– ئەحمد سالار ، دەروازەی دراما ، بەشی دووەم ، ل ١٥ .

بەشێك لەبڕیاڕدان ، بۆ نرخاندنی بەرهەمە شانۆییەکە ، ئەمانە هەمووی پەرچەکردارێکی مۆنتاژی بوون ، بەڵام ناوی مۆنتاژی لێنەنراوە .

کۆنترین شانۆگەری لەلایان ئەسخیلۆسەوە نووسراوە ، کە ناوی (( شانۆگەری ( کۆیلەکان )ە ، لە دەور و بەری ساڵانی٤٩٠ ( پ. ز ) دا نووسوویەتی ، کە بە باوکی درامای ئەورووپی ناوبرێت ))[٤٨] ، ئەم نووسەرە هەوڵی داوە لە شانۆ گەرییەکەدا (( چڕینی گۆرانی و ئەکتەری یەکەم و کۆرس بگۆڕێ ، بۆ درامایەکی راستەقینە، ئەویش بەزیاد کردنی ئەکتەری دووەم )) [٤٩]، گۆڕینی ئەکتەر و ئەو گۆڕانکارییانەی لە شانۆکاندا بەکار هاتوون ، جۆرێکە لە رێکخستن و جوانکردنی کاری شانۆیی ، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی مۆنتاژی شانۆیی بدرێت .

دوای ئەسخیلۆس (( چەندین شانۆ کاری تر وەکو ( سۆفۆکلیس و یۆربیدس) هاتنە نێو جیهانی شانۆ ، ( یۆربیدس ) بە یەکەم شاعیر دادەنرێت ، کە ئامێری مۆسیقای لەناونمایشەکاندا لابردووە ، زیاتر دووپاتی لە سەر رووداوە دراماییەکان و پێوەندی نێوان کارئەکتەرەکان هیلی کشتی بەسەرهاتوو بەشەکانی چیرۆکەکەی کردۆتەوە ))[٥٠] ، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لابردنی مۆسیقا و گرنگیدان بە توخمەکانی دیکەی شانۆ خۆی لە خۆیدا ، جۆرێکی دیکەی لە مۆنتاژ ، بەڵام ئەو ناوەی لێ نەنراوە .

یۆربیدس بەردەوام لەلایەن (( ئەرستۆڤانس ، بەشێوەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ هێرش کراوەتە سەری ، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا گاڵتەی بەهونەرەکەی کردووە ))[٥١] ، ئەرستۆڤانیس توانی گۆڕانی گەورە لە بواری شانۆدا بکا ، بەتایبەتی لە شانۆگەری ( بۆقەکان ) دا . هەوڵیداوە کە چنین ئاڵۆزتر بکات ، رۆڵی کۆرسیش کەم بکاتەوە ، بە تایبەتی لە شانۆگەریەکەی (( سەرۆکی کۆرس وتارێکی درێژی دەدا و نوسەر راستەوخۆ بیرو رای خۆی دەربڕیوە ))[٥٢] ، ئەرستۆڤانس زۆر رەخنەی لە یۆربیدس گرتووە و زیاتر رێزی بۆ ئەسخیلۆس داناوە ، بەڵام دان بە توانای یۆربیدسدا دەنێت. ئەوانەی باسکران بەشێك بوون لە مێژووی بە کارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ لە شانۆی یۆنانیدا .

هەرچەندە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ناوی مۆنتاژیان نەهێناوە ، بەڵام لە هەموو کردارێکی نێو شانۆدا ، گرنگیان بەو جۆرە تەکنیکە داوە ، چونکە مۆنتاژی شانۆیی بریتییە لە مۆنتاژێك ، کە لە شوێنیکی دیاریکراو

---

٤٨– یاسین قادر بەرزنجی ، فەرهەنگی شانۆ ، چ : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ١١١ .

٤٩– س ، پ ، ل ١١١ .

٥٠– شلدون تشینی ، مێژووی شانۆ و: یاسین برزنجی ، گۆڤاری شانۆ، ساڵی دووەم ، حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ ، ژمارە ٨ ، ل ١٠٨ .

٥١– یاسین قادر بەرزنجی ، فەرهەنگی شانۆ ، ل ١٠٨ .

٥٢– س ، پ : ل ١٠٩ .

و له كاتی جیاواز دا ، كه رووداوەكانی تێدا دەگێڕدرێتەوە ، بە هەمان شێوەش دەبینین ئەو پێناسەیە بۆ شانۆی ئەو كات دەگونجێت و جێبەجێدەبێت ، بە تایبەتی بۆ شانۆگەرییەكەی ( بۆقەكان )ی ( ئەرستۆڤانیس ) ە ، (( ئەرستۆڤانیس له شانۆگەرییەكەیدا باسی بیر و رای سێ كەسایەتیمان بۆ دەكات و بەشێوەی گاڵتە ئامێز رەخنەلە بۆچوونەكانیان دەگرێت ، واتە هاتووە باسی ئەو رووداوانە دەكات كە لە رابردوو لە ئەنجامی بیر و بۆچوونەكانیان روویان داوە ، بە شێوەیەكی رێكخراو رۆڵ و پێگەیان دیار دەكات ..... ))[٥٣] .

له دوای ئەمانەش بیر و بۆچوونەكانی ( ئەفلاتوون و ئەرستۆ ) دەربارەی شاعیران و شانۆكانیان شوێنی خۆیان گرت ، بە تایبەتی ئەرستۆ زیاتر شانۆگەری تراژیدی لا پەسەندە (( لاساییكردنەوەی كردارێكی جدی كاملی خاوەن درێژیەكی دیاریكراوە )) [٥٤] ، چونكە باوەڕی وایە تراژیدیا (( لاساییكردنەوەی كردەوەیەكی سەنگین و لە خۆیەوە تەواو پێگەیشتووە ، درێژیەكی دیاری هەیە و بە زمانێكی پاراو نووسراوە ، كە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە ، لەگەڵ بەشەكانی شانۆگەریدا دەگونجێت و ئەمەش هەمووی بە شێوەی درامی نەك بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و رووداوی وای تێدایە كە بەزەیی ) و ( ترس ) دەوروژێنێ و بەمەوەش ( پاكبوونەوە ) لەم دوو سۆزە دێتە دی ))[٥٥] ، بە شێوەیەك لە شێوەكان باسكردنی مۆنتاژ دەگرێتەوە چونكە جووڵە و گۆڕانی كارەكتەری سەر شانۆ كە دەگری هەست و بینەر دەوروژێنێت ، بە پێچەوانەوە ( ئەفلاتوون )ی مامۆستای ( ئەرستۆ ) ، (( تراژیدیای رەتكردووەتەوە بە بەرهەمێكی نا حەقیقی و نا ئەخلاقی و له خشتەبەری وەسفكردووە ))[٥٦] ، چونكە ئەفلاتوون تێڕوانینەكانی (( له دەرەوەی دەقەكانەوە بوون و به پێی بنەما فەلسەفییەكان مامەڵەی لەگەڵ هونەر و ئەدەبدا كردووە ))[٥٧] .

دوای ئەمانیش چەندین نووسەر و رەخنەگر ئەو تەكنیكەیان بە كار هێناوە ، تا دەگەینە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ، له دوای مۆنتاژی سینەما تەكنیكی مۆنتاژ وەكو توخمێك له شانۆكاندا ناوی هات و گرنگی پێدرا .

### ٣. مێژووی بەكارهێنانی مۆنتاژ له فیلمی سینەمایی دا

---

٥٣ – د . محمد غنيم هلال ، في النقد المسرحي ، مطبعة التركي الجديد ، بيروت ، ١٩٧٥ ، ص ٢١ .

٥٤ – انجرام باى وتر ، كتاب ارسطو ( فن الشعر ) ، ت : د . ابراهيم حمادة ، هلا للنشر والتوزيع ، ١٩٩٩ ، ص ١١١

٥٥ – ئەرەستۆ ، هونەری شیعر ( شیعر ناسی ) ، و: عەزیز گەردی ، چ : گەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ٢٧ .

٥٦ – د. شكري عزيز الماضي ، في النضرية الادب ، دار الحداثة للطباعة والنشر واتوزيع ، لبنان – بيروت ، ١٩٨٦ ، ص ٣٥ .

٥٧ - ئەرستۆ ، كۆمار ، و : سۆران عومەر حەمە ، رێبوار قارەمانی ، مەهدی حەسەن چۆمانی ، چ : وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، ل ٥٣ .

مۆنتاژی سینەمایی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم ، سینەما لە ئەنجامی پێشکەوتن و بایەخ پێدانی هونەری فۆتۆگرافییەوە دروستبوو ، بەمەش دەتوانرێ بوترێت ، کە سەرچاوەی دروست بوونی سینەما بریتییە لە وێنەی فۆتۆگرافی (( داهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ، کە بووە هۆی دروست بوون و داهێنانی سینەما لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە سالی١٨٩٥ز لە فەرەنسا ))[٥٨] ، چونکە بەر لە دروست بوونی هونەری سینەما هونەری فۆتۆگرافی دروستبووە ، کەواتە سینەما لە ئەنجامی ئەو وێنانەوە هاتەبوون ، کە شێوەیەکی جێگیریان هەبوو ، بە شێوەی زنجیرەیەکی بە دوایەکدا هاتوو بە یەکترەوە لکابوون ، هەموو وێنەکان یەکتریان تەواو دەکرد ، بەمەش (( بیرۆکە سەرەکییەکەی سینەما پەیدا بوو ، لە وێنەگرتنی زنجیرەیەك وێنەی جێگیر ، کە لە کاتی جیاواز و لە زەمەنی جیادا وێنەیان گیرابوو )) [٥٩] .

هەروەکو روون دەبێتەوە سەرەتای دروستبوونی ئەم هونەرە بریتی بووە لە بەیەکەوە لکانی ژمارەیەکی زۆری وێنەی جێگیر و دواتر پیشاندانی بە بینەر ، وێنەکان خێراییەکی دیاریکراویان لە تێپەربوون بە بەرچاوی بینەردا هەبوو ، بە جۆرێك بینەر هەستی نە دەکرد ، کە ئەو وێنانە بە یەکەوە لکێنراوبوون ، بەو چەشنە بینەری بۆ خۆی کێش دەکرد ، بەڵام لەو کاتەدا ئەو فلیمانەی ، نمایش دەکران تەنیا وێنەیەکی ئاسایی بوون ، بە هیچ جۆرێك دەنگی تێدانەبوو ، کە ئەکتەری فیلم بتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات ، بەڵکو تەنیا چەند وێنەیەکی ڤیدۆیی بێ دەنگ بوون ، (( لە دوای سالی ١٩٢٧ هەولدرا دەنگ بخرێتە سەر وێنەکان ، ئەمەش وایکرد سینەما چالاك بێت ، بە شێوەیەکی کارا رۆڵی لە گواستنەوەی دیمەنەکانی نێو فیلم بە شێوەیەکی واقعی هەبێت ، تالە سالی ١٩٣٤ یەکەم فیلمی سینەمایی رەنگاو رەنگ بەرهەم هێنرا))[٦٠] ، ئەمەش واتای وایە بەر لە سالی ١٩٣٤ هەر فیلمێك بەرهەم هاتبێت بە شێوەی رەش و سپی بووە ، بە هیچ جۆرێك رەنگی تێدا بەکار نەهاتووە ، دوای ئەو شۆڕشەلە هونەردا بە گشتی لە سینەمادا بە تایبەتی دەستی پێکرد ، ئەوسا سینەما کاران رۆڵی خۆیان بینی لە بەرزکردنەوەی ورەی ئەدیب و بینەری فیلمەکاندا و دووبارە هیوای ژیانێکی تریان بە مرۆڤایەتی بە خشییەوە لە کاتێکدا بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هەموو شتێ بەرەو کزی و بێ ئومێدی هەنگاوی نا ، بۆیە سینەماکاران دەستیان کرد بە وێنە گرتنی بەردەوامی دیمەنە واقیعییەکان ، بێ ئەوەی گۆڕانی تێدا بکەن ، واتە وێنەکان هەمان ئەو وێنانە بوون ، کە

[٥٨] – مارسيل مارتن ، اللغة السينمائية ، ت : سعيد مكاوي ، الدار المصرية للتأليف والنشر ، القاهرة ، ١٩٦٩ ، ص ٥٣.

[٥٩]– روبير بريسون ، ملاحظات في السينما فوتوغراف ، ت: عبدالله حبيب ، منشورات وزارة الثقافة ، الجمهورية العربية السورية ، دمشق ، ١٩٩١ ، ص ٥٨ .

[٦٠]–س ، پ : ل٥٨

راستەوخۆ لە جیهانی واقیعیەوە وەردەگیران ، لە دوای ئەوەش سینەماکاران هەموو ئەو دیمەنانەی کە وێنەیان دەگرت و ڕێکیاندەخست ، بە جۆرێك دیمەنە شیاو و گونجاوەکانیان بەیەکتر دەبەستەوە و بە شێوەیەکی زنجیرەی تەواوکەری دەیانخستە پاڵ یەك ، تاکو بتوانن ئەوەی لەواقیع دا هەیە و زۆر جار بینەر نایبینێ ، بە شێوەیەکی سادە و ئاسان پێشکەشی بکەن ، مەبەست لەم کارەش دانان و ڕیزبەندی وێنە و گرتەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو زنجیرەیی ، بێ ئەوەی ناوی مۆنتاژی بۆ دابنێن ، دەستپێکی ئەم هەوڵەش دەگەڕێتەوە بۆ (ئەدوین ئیس پورتز )ی داهێنەر ، کە لە فیلمی (( درینی گەورەترین شەمەندەفەر) لە ساڵی ( ١٩٠٣ ) دا ، پەیڕەوی کردووە ، لەو فیلمەدا دەرهێنەر هەڵستاوە بە دانانی چەند گرتەیەك لە چوار چێوەی دیمەنی ڕووداوەکان ))[٦١] ، کەچی نەهاتووە ئەو وشەیە بۆ ڕێکخستنی وێنەکان دابنێت .

دوای ئەمە دەرهێنەرێکی بە ناوبانگی وەکو ( گریفیث) ، کە لە سەر دەستی ئەو شۆڕشی سینەمایی بەر پابوو ، سینەما پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی ، چونکە دەڵێن دەرهێنەرێکی داهێنەر بووە ، توانیویەتی ئەو ڕووداوانەی لە واقیع هەبووە ، تێکەڵاوی بیرۆکەکانی خۆی بکات ، بە جۆرێك هەریەك لەو گرتانەی  وێنەی دەگرتن ، وێنەی سادە و ئاسایی بوون ، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش و کاریگەر پێشکەشی بینەری دەکرد ، چونکە(( گریفیث) (( ئەزموونێکی زۆری هەبوو لەبەرهەمهێنانی کورتە فیلمدا دەڵێن لە نێوان ساڵانی (١٩٠٨ تا ١٩١٣) لە ماوەی هەفتەیەکدادوو فیلمی کورتی بەرهەم دەهێنا ، ئەمەش دەوڵەمەندی  ئەزمونی ( گریفیث ) نیشاندەدا ))[٦٢] ، کەواتە ( گریفیث ) لەدەرهێنانی فیلمدا خاوەن کەسایەتییەکی بە هێز بووە ، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی سینەمادا هەبووە .

گریفیث (( فلیمی (لەدایك بوونی ئومەت )ی لە ساڵی ١٩١٥–١٩١٦ دەرهێنا ، ئەم فیلمە بووە بنەماو ئیلهامی فیلم بۆ دەرهێنەرە ڕووسەکانی وەك ئیزشتاین و بۆدۆفکین ))[٦٣] ، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە ، کە مۆنتاژ یا دروستکردنی مۆنتاژ لە سینەمادا لەسەر دەستی (گریفیث )دەستپێکردووە ، لەبەر ئەوەی یەکەم کەس بوو گەیشت بەیاساکانی مۆنتاژ ی فیلم ، کە هەڵساوە (( بە پێشاندانی دیمەنێك کە لە چەندین گرتە پێکهاتووە ، کەچی گرتەکان تەنیا یەك ڕووداو پیشان دەدەن ))[٦٤] ، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو کارەی (گریفیث) تەکنیکی مۆنتاژلە لای ڕووسەکان گەشەی سەند و پێگەیەکی بەهێز و بەرزی پێدرا ، ئەم پێگرییە هێندە کاریگەر بوو ، کە دەرهێنەری ڕووسی ( بۆدۆفکین ) بگاتە ئەو باوەڕەی بڵێ : (( هونەری سینەما تەنیا لە

---

٦١– کاریل رانیس ، في المونتاج السينمائي ، ت: أحمد الحضري ، ط ١٢ ، المؤسسة المصرية العامة ، القاهرة ، ص٣٤٩ .

٦٢- س ، پ  : ل ٣٤٩– ٣٥٠.

٦٣- http://www.sonyvegass.com/t4167-topic/2012/4/18.html

٦٤– رائد محمد عبد ربه ، عكاشة محمد صالح ، مبادىء الاخراج ، دار الجنادرية للنشر والتوزيع ، الاردن ، عمان ، ٢٠٠٨ ، ص٦٠ .

ژووری مونتاژ دەست پێ دەکات ))[٦٥] ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ، کە مۆنتاژ سەرچاوەیەکی بەهێزی سینەمایە و ئەگەر دەرهێنەری فیلمێك ، مۆنتاژێکی سەرکەوتووی بۆ داڕشت بێگومان ئەو فیلمەش فیلمێکی سەرکەوتوو دەبێت ، بۆیە بە بڕوای رووسەکان مۆنتاژ بریتییە (( لەبەیەکگەیاندنی گرتەبچووکەکان ، کە هەموویان بەیەکەوەش واتای گەورە دروست دەکەن ))[٦٦] لە کاری هونەریدا ، بەڵام هەندێك جار گرتەکان زیاد لە پێویست درێژ دەبن ، بۆیە بینەر بە هۆیەوە هەست بە سەر لێشواوی دەکات ، لێرەدا گرنگی مۆنتاژ بەدیار دەکەوێ .

ئەمانە سەرەتایەکی مێژووی مۆنتاژی سینەما بوون ، کە بە هۆی گەشەی بیر و هزر و خەیاڵی ، دەرهێنەرانەوە لە ئێستادا چووەتە ناو هەموو جومگەکانی کاری هونەری و ژانرە ئەدەبییەکانەوە .

بە شێوەیەکی گشتی مۆنتاژی سینەمایی هەست لای بینەر دروست دەکات ، لە رێگەی پێشکەشکردنی هەندێ لە گرتەکانەوە هەستی دەوروژێنێ ، سینەماکار بە هۆی مۆنتاژەوە گەمە لەگەڵ بینەر دەکات . هەندێ رووداو پێش دەخات و ئەم پێشبینی نەکردووە ، یان رووداوێ دەخاتە شوێن ئەو رووداوەی کە ئەم چاوەڕوانی نەبووە . دواتر سەرجەم دیمەن و گرتەکان دەکاتە یەك رووداو کۆتایی بە فیلمەکە دەهێنێت .

ئەم جۆرە بیر و کردارانەبوونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین جۆری مۆنتاژی دی وەکو مۆنتاژی ( ڤیدیۆیی ، گۆرانی ، دەنگی ، ئەلیکترۆنی.... هتد ) ، تەنانەت ئێستا مۆنتاژ بووەتە پێویستییەکی سەردەم لە زۆر بواردا رۆڵی گرنگی هەیە .

## تەوەری پێنجەم :

[٦٥]– سیرجی ایزنشتین ، الإحساس السینمائي ، تعریب سهیل جبر ، مطابع الأمل ، ١٩٧٥ ، ص٨٥ .

[٦٦]– س ، پ : ل ١٥٧ .

## جۆرەكانی مۆنتاژ لە بەرهەمە هونەرییەكاندا :

مێـژووی بـە كارهێنـانی تـەكنیكی مۆنتـاژ لەوانەیـە لەگـەڵ لـە دایـك بـوونی كـۆنترین دەقـە ئـەدەبی و هونەرییەكاندا هاوكات بێت ، مەبەستی سەرەكی بەكارهێنانیشی بـۆ ئەوەیـە ، كـە ئـەو بەرهەمانـە بـێ كـەم و كورتی بن و سەرنجی خوێنەر یا بینەر بۆ لای خۆیان رابكێشن ، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیار و گومانە ئەوەیـە ، ئەگەر تەكنیكی مۆنتاژ هێنـدە گـرنگ و بـە بـەهابێت ؟ بۆچـی بـە گـوێرەی پێویسـت ئـاوڕی لێنەدراوەتـەوە یاسای زانستی و هونەری بۆ دانەنراوە ، بۆ هەر نووسەر رەخنەگرێك بە پێی دید و بۆچـوونی خـۆی ، مۆنتـاژی دابەشی سەر جۆر و شێوەی جیاواز كردووە بێ ئەوەی رەچاوی یاسا و رێسایەك بكات ؟.

هەرچـەندە گۆڕانكـاری لـە بەرهـەمی ئـەدەبی و كـاری هونەریـدا بكرێـت ، ئـەوا جـۆرێكی نـوێ لـە مۆنتـاژ لـە دایكدەبێت ، بۆیە شێوە و جۆری مۆنتـاژ هەمـە چەشـنن ، ڕەنگـە جۆرێـك لەتێكـەڵاوی لەدابەشـكردنی جـۆر و شێوەی مۆنتاژدا هەبێت ، ئەمەش هێزی دەسەڵاتی مۆنتاژ لە كاری هونەری و بەرهەمی ئەدەبیـدا دەسـەلمێنی ، كە تا چەند نووسەرانی دەق بە شێوازێكی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا كردووە .

بە گشتی دەكرێت مۆنتاژ بەم شێوانەی خوارەوە دابەش بكرێت .

### یەك : مۆنتاژی سینەمایی

لە گرنگترین جۆرەكانی مۆنتاژ ، كە لەم سەردەمە لە بواری دەرهێنـانی فیلمـدا بـەكاردێت سـینەما لـە رێگـەی مۆنتـاژەوە بـەرەو پـێش چـوو لەبـەر ئەوەیـە یـەكێك لـەگرنگترین توخمـەكانی سـینەما دادەنرێـت ، مۆنتـاژی سینەمایی (( بریتییە لە هەموو كارێكی هونـەری كـە وێنـەی گرتـە جیاوازەكـان بـە شـێوەیەكی وورد و سـەرنج راكێش و پێكەوەلكا و پێشكەش بكات)) [٦٧] ، واتـە سـەرەتا وێنـەكان بـە شـێوەی جیـاواز دەگیرێـت ، دوای ئەوە وێنەكان پارچە پارچە دەكرێن ، گرتـە و دیمـەن لـە رێگـەی مۆنتـاژەوە دروست دەكـەن ، وێنـەكان واتـا دەبەخشن و یەكتر تەواو دەكەن ، زۆر جاریش جۆرێك لە بازدان بـە سـەر كـات و شـوێنی وێنەكانـدا دەكرێـت ، ئەمـەش لـە سـینەمادا تـەكنیكێكی بـاوە ، تـا سـەرنجی بینـەر بـۆ خـۆی رابكێشـێت ، واتـە هێنـدە تێكـەڵی رووداوەكان بێت خۆی بە یەكێك لە پاڵەوانەكانی نێـو فیلمـە بزانـێ ، لـە مۆنتـاژی سینەماییدا ، بینـەر هـەموو كات ناتوانێت گریمانە بۆ ئەنجامی رووداوەكان و چارەنووسی پاڵەوانەكان بكات .

---

٦٧- http://www.yaberyrouth.com/ pages / index3248.htm.

بەستنی سینەما بە تەکنیکی مۆنتاژ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی ژیان و فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لەو کردانەی ، کە لە دەور و بەردا روودەن ، بۆیە مۆنتاژ بۆتە پێویستییەکی سەردەم و چێژێکی تایبەت بە بینەر دەبەخشێت و نایەڵێت دیمەنەکان هێندە دووبارە بوونەوەیان تێدا بێت ، چونکە لە (( لە سینەمادا هیچ دیمەنێك ناتوانێت تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت ، بەڵکو گێڕانەوەی فیلم زیاتر پشت بە ( لێکدان و کرتاندن ) دەبەستێ لە نێوان گرتە جیاوازەکان لە دیمەنی جیاوازدا )) (٦٨) ، تا بینەر هەست بە بێزاری نەکات ، لەگەڵ رووداوەکانی نێو فیلمەکە بەردەوام بێت ، ئەمەش لە رێگەی بە کارهێنانی هونەری مۆنتاژەوەیە ، کە ((بریتییە لە پێشکەشکردنی دیمەنێك ، دواتر پچڕاندنی ئەو دیمەنە و گواستنەوەی کامێرا بۆ دیمەنێکی دی ونمایشکردنی بەشێك لەو دیمەنە ، لە پاشاندا ئەو دیمەنە دەپچڕێنێت و کامێراکە دەگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی دی ، بەم شێوەیە بەش بەش لە دیمەنەکان نمایش دەکرێن تا گەیاندنیان بە خاڵی کۆتایی و یەکگرتنەوەیان لە خاڵێکدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مەبەستە )) (٦٩) .

**دووەم : مۆنتاژی تەلەفزیۆنی**

وەك لە ناوەکەیەوە دیارە ئەم جۆرە مۆنتاژە تایبەتە بە تەلەفزیۆن ، مونتاژی تەلەفزیۆنی بریتییە لەجوانترین شێوەی هونەریی ریزکردنی دیمەنەکان بۆ گەیشتن بە مەبەستێك ، کە پێویستە و ناتوانرێ دەست بەرداری مۆنتاژی تەلەفزیۆنی بین ، چونکە هەر بە نامەیەك لە تەلەفزیۆن دا خاوەنی مۆنتاژێکی تایبەتییە .

مۆنتاژی تەلەفزیۆنی (Video Editing ) (( بریتییە لە دووبارە رێکخستنەوە و چاککردنی ئەو گرتانەی ، کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا گیراون و لابردن و پشت گوێ خستنی ئەو گرتانەی ، کە زیادن و گرنگ نین ، زیادکردنی کاریگەری لەسەر بیسەر و بینەر لە رێگەی بەکارهێنانی ئامێری تایبەتییەوە )) (٧٠) ، کەواتە ئەو ئامێرانەی کە لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بەکاردێن ، هەموویان رۆڵی تایبەتی خۆیان لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر،لێرەدا روون دەبێتەوە ، کە (( مۆنتاژی تەلەفزیۆنی بریتییە لە هونەری بڕین و

---

[٦٨] - عبدالله ابراهيم ، البناء الفني الرواية العرب في العراق ( دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة )، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٨ ، ص ٢٤ .

[٦٩] - منى الصبان ، فن المونتاج ، أكاديمية الفنون بالقاهرة ، مديرية المدرسة العربية للسينما و التلفزيون على الشبكة الانترنيت www.arabflimtvschool.edu.eg

[٧٠] – منى الصبان ، فن المونتاج في الدراما التلفزيونية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، الاسكندرية ، ١٩٩٥ ، ص ٣٧١ .

ڕێکخستنی دیمەنەکان بە شێوەیەکی نموونەیی بۆ بەدەست هێنانی ئەو ڕووداوەی پێویستە لەو کاتەدا ڕوویدات )) [٧١].

دەرهێنەری بەرنامەی تەلەفزیۆنی هەر تەنیا پێویستی بە جووڵاندنی چاوی کامێرا نییە، بەڵکو پێویستی بە دیزایینی وێنە و دەنگ هەیە ، تاکو بتوانێ بەورێگەی دەیەوێت هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو بەشەکانی مۆنتاژ کردن بکات ، دەرهێنەرەکان لە بەرنامەکانیاندا زیاتر بەرنامەی ( فۆتۆشۆپ ) بۆ وێنە و بەرنامەی ( سۆنی فۆرجی ) بۆ دەنگ و ڤیدیۆ ئیدیتینگ بۆ گرتەکان بە کاردێنن .

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مۆنتاژی تەلەفزیۆنی لە یەك کاتدا کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی دەنگ و وێنەی ڤیدیۆییە ، بۆ ئەوەی چێژێك بە وەرگر بگەیەنێ .

**سێیەم : مۆنتاژی درامی**

مۆنتاژی درامی تایبەتە بە شانۆ و ئەو چیرۆکانەی ، کە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش دەکرێن (( ئەم مۆنتاژە چەند چەشنێك لە خۆ دەگرێ کە بریتین لە :–

١. مۆنتاژی مۆتیڤ ( شانۆیی ) : مۆنتاژکردنی گرتەیەکی سەر شانۆیە .
٢. مۆنتاژی بیری : مۆنتاژێکە دەبێتە هۆی بەستنەوەی دوو پارچە ولە ئەنجامدا پارچەی سێیەم بەدەست دێت .
٣. مۆنتاژی بەردەوامی : بریتی یە لە جووڵە و یاری لە شانۆدا بە شێوەیەکی بەردەوام ))[٧٢]

هەروەها (جەستن کرەش ) بەم شێوەیە باس لە مۆنتاژی دراما دەکات ودەڵێت: (( مۆنتاژی درامی بریتییە لە تێکەڵەیەك لە گرتە و وێنە جیاوازەکان ، کە ئاوێتەی یەکتر دەبن، وا دەزانرێ هەموو گرتە و وێنەکان هاوتان و دەبنە تەواوکەری یەکتر )) [٧٣] ، واتە کاتێك گرتەکان یا وێنەکان بە بەرچاوی بینەرەوە نمایش دەکرێن ، ئەوا یەکتر تەواو دەکەن و ڕەنگە پێچەوانەی یەکتریش بن .

---

[٧١]- د . مدکورثابت ، ماهو المونتاج و الفديو ، ستار تايمز ، لە ماڵپەڕی
http://www.startimes.com/f.aspx%3ft%3d20764732

[٧٢]-Georg Lukas , The montage of Historical Novel , translated from the German to the English by Hannah an Stanly Mitchell , printed in England by merlin press , 1998 , p 74 .

[٧٣]- Justin Crush > 28 Augest 2013 web 25 june 2014 (( montage in ramatik performace )) ، http: // www . the dramateacher.com/ montage in dramatic performace .

## چوارەم : مۆنتاژی ڤیدیۆیی

ئەم مۆنتاژە تایبەتە ، بە هەر کارێکی هونەری ، کە کامێرای تێدا بەکار بێت ، هەڵدەستێت بە بڕینی هەموو ئەو گرتە و دیمەنانەنەی ، کە شیاوی بلاوکردنەوە نین یا لاواز و بێهێزن ، کارێکی دی ئەم مۆنتاژە (( ئەوەیە رێکخستنی جوولەی وێنەکان و بەدوای یەکداهاتنی وێنەکان بە شێوەیەك رێکدەخات ، کە بینەر هەست بە بڕینی ئەو وێنانە نەکات نەزانێ بێ هێز و لاوازن )) (٧٤) . هەروەها ئەم مۆنتاژە جوولەی ئەکتەرەکانی نێو بەرهەمەکە لەگەڵ شوێن و کات و رووداوەکاندا دەسازێنێت .

## پێنجەم : مۆنتاژی دەنگی

ئەم مۆنتاژە تایبەتە بە چاککردن و شێواندنی هەردەنگێك ، کە لە بەرهەمی ئەدەبی و کارە هونەرییەکاندا بەکاردێت ، لە رێگەی ئەم مۆنتاژەوە دەتوانرێت هەموو شێواویەك و لێڵییەك لە دەنگی کەس و کارەکتەرەکاندا نەهێڵێ یا بە پێچەوانەوە ، ئەم مۆنتاژە جوانییەك بە بەرهەمی ئەدەبی و کاری ئەدەبی دەبەخشێت ، تا وەرگر بتوانێت بە باشترین شێوە گوێ بیستی هەموو ئەو وشانە بێت ، کە دەگوترێت .

هەندێك جار لەم مۆنتاژەدا ، لە جێگەی بیستنی دەنگ ، بێدەنگی کارەکتەرەکان دەبینین ، ئەمەش ئەرکێکی نوێی مۆنتاژی دەنگییە ، کە لە رێگەی بێدەنگ بوونی کارەکتەرەکانی نێو بەرهەمەکەوە واتایەك بە دیمەنەکە دەبەخشێ ، کە وەرگر دەبێت بیر لە هەموو ئەو کردارانە بکاتەوە ، کە کارەکتەر بە بێدەنگی ئەنجامی دەدات .

بۆ نموونە لەمۆنتاژی گۆرانی دا تەنیا گۆرانیبێژ دەنگی دەگاتە گوێی وەرگر ، ئەوەی دەمێنێتەوە بێدەنگی ئەوانی ترە ، کە لە بەرهەمەکەدا بەشدارن ، بێدەنگی ئەوان بریتییە لە گفتوگۆکردنی نێوانیان ، بەڵام تەنیا وەرگر گوێ بیستی ئەو وشانە دەبێت ، کە لە دەمی گۆرانیبێژەکەوە دەردەچێت و بە شێوەی مۆنتاژ پێشکەشی دەکات ، چونکە ئەو کاتەی گۆرانیبێژەکە بە شێوەی ناراستەوخۆ گۆرانی دەڵێت تەنیا دەمی

---

٧٤- د. ابراهيم نعيمة ، المونتاج الفكري في المسرحيات الاطفال ، لە ماڵپەڕی
:www.https/ masrsheon.com
/ old / phpBBe898ce341f8f 29ec5fa31a274dd7c&sid=7693/viewtopic.php?

دەجوولێنیت ، لە رێگەی مۆنتاژەوە پێشکەشی وەرگری دەکات ، وەرگر وادەزانێت راستەوخۆ دەنگی گۆرانی بێژەکەیە .

ئەرکێکی دی ئەم مۆنتاژە بریتییە لە گۆڕینی دەنگی کارەکتەر ، زۆر جار کارەکتەر منداڵە ، بەڵام دەنگی وەك کەسێکی بە ساڵاچوو ی لێدێت ، یا بە پێچەوانەوە ،یا زیاد کردنی هەندێك جۆری دەنگی مۆسیقا یا دەنگی مەترسیدار ،کە وەرگر یەکسەر هەست بە ڕوودانی مەترسی دەکات ، بێ ئەوەی هیچ دەنگێك هەبێت ، ئەم مۆنتاژە لە فیلم و گۆرانی و درامادا زیاتر بەکاردێت ، چونکە راستەخۆ ئەو دەنگەی ، کە کارەکتەرەکانی دەری دەبڕن دەگاتە گوێی وەرگر ، بەڵکو لە ڕێگەی مۆنتاژە دەنگییەکەوە پێشکەش دەکرێت ، کە بە شێوەی ناراستەوخۆ پشکەشی وەرگری دەکات .

**شەشەم : مۆنتاژی کات**

لەم شێوە مۆنتاژەدا زیاتر کات جێگۆرکێ دەکات ، شوێن جێگیرەئەم مۆنتاژە زیاتر لە شانۆگەریەکاندا بە کاردێت کە شوێن هەمان شوێنە، بەڵام کاتی ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت ، دەرهێنەری شانۆگەری دەبێت کارامەیی لە خستنەرووی بابەتەکەدا هەبێ، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە مۆنتاژەیە ، کە لە کاتێکی کەمدا دەتوانێ بیری بینەر بۆ خۆی رابگێشێت . (( ئەم مۆنتاژە تایبەتە تێپەڕ بوونی کات و بە چەند شێوازێك بەکاردێت )) [٧٥] ، کەواتە لەم مۆنتاژە دیاریکردنی کات گرنگی و بایەخی خۆی هەیە . هەروەها لە بارەی ئەم جۆرە مۆنتاژەوە گوتراوە : (( مۆنتاژی کاتی ئەو مۆنتاژەیە ، کە کارەکتەر یا کەسایەتی لە شوێنێك جێگیر بێت و زەینی لە زەمەندا بسورێتەوە )) [٧٦] ، واتا کارەکتەر لەم مۆنتاژەدا لە شوێنێك دەوستێ و دواتر بیر لە هەموو ئەو ڕووداوانە دەکاتەوە ، کە لە رابردوودا ڕوویانداوە ، بێ ئەوەی جێگۆرکێ بکات ، ئەمەش ئاستی بەرزی بەکارهێنانی ئەو مۆنتاژە دەردەخات ، کە پێوەندی بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانەوە هەیە.هەروەها دەربارەی ئەم جۆرە مۆنتاژە گوتراوە (( مۆنتاژی کات بریتییە لە و مۆنتاژەی ، کە چەند دیمەنێك بەدوای یەکدا بێنێت چ دەنگی بێ چ گرتە ، بێ ئەوەی کات بەسەریدا گوزەربکات و تێپەرێت)) [٧٧] ، لەم جۆرە مۆنتاژەدا ئەوەی دەجولێت بریتییە لە وێنە و گرتە بۆ دروست بوونی دیمەنەکان

---

[٧٥] - لويس هيرمان ، الأسس العملية لكتابة السيناريو ، للسينما و التلفزيون ، ص ٢٤١

[٧٦] - روبرت همفري ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ص ٧٢-٧٣ .

[٧٧] - لويس هيرمان ، الأسس العملية الكتابة السيناريو للسينما والتلفزيون ، ت : مصطفى محرم ، دار المصرية العامة للكتاب ، قاهرة ، ١٩٩٩ ، ص٢٣٨.

**حەوتەم : مۆنتاژی شوێن**

ئەم جۆرە مۆنتاژە زیاتر لە فیلمی سینەمایی و ڕۆماندا بە کاردێت ، بۆ ئەوەی هەستی واقیعی لای بینەر و خوێنەر دروست بکەن ، (( لەم مۆنتاژەدا کات نابزوێ )) [٧٨] ، واتە تەنیا شوێن گۆڕانی بەسەر دادێت ، چاوی کامێرا لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە ، لە ڕۆماندا هەندێکجار لە ڕێی خەو و خەیاڵ یا لە ڕێگەی دایەلۆگیکارەکتەرەکانەوە ، مۆنتاژی شوێن دەکرێت ، جا ئەو خەون وخەیاڵە یا دیالۆگە پەیوەندیان بە رابردوو یا خود بە ئایندەی کارەکتەرەکانەوە هەبێ ، کەواتە لە مۆنتاژی شوێندا (( کات جێگیر دەکرێ ، کەچی شوێن دەگۆڕێت )) [٧٩] ، ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە (( زیاتر پەیوەندیان بە کاتی ئێستاوە دەبێت لە شوێندا وا دەردەکەوێت )) [٨٠] .

بە شێوەیەکی گشتی مۆنتاژی شوێن تاکە هۆکارە تا ڕووداوەکان بە پێی زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتوو لە کاتێکی جێگیردا ڕووبدەن ، بەڵام گۆڕینی شوێنەکان بۆ ئەوەیە ڕووداوەکان لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرن بەمەش واتای جیاوازتر بە ڕووداوەکان دەبەخشن .

**هەشتەم : مۆنتاژی ئەلیکترۆنی**

ئەم مۆنتاژە تایبەتە بە بەرهەمی ئەلیکترۆنی ، بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا بوونەتە پێویستییەکی سەردەم وەکو ( مۆبایل ، کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت ..... هتد ) بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن .

**نۆیەم :: مۆنتاژی تێکەڵکردن**

---

[٧٨]- http://www.astablogfa.com/post820aspx

[٧٩]– تانیا ئەسعەد محەمەد صالح ، بینایی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی زمان، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، ل ١٧٧ .

[٨٠]- روبرت همفری ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ،ل ٧٣ .

ئەم مۆنتاژە (( بنەمایەکە بۆ بەستنەوەی کۆمەڵێ گرتەی دیمەنێکی جیاواز بە مەبەستی گۆڕینی شوێن بۆ شوێنێکی دی ، بەڵام بۆ ماوەیەکی دیاریکراو )) [٨١] ، ئەم جۆرە مۆنتاژە زیاتر لە فیلمی سینەمایی و درامای تەلەفزیۆنی دا بەکاردێت ، ئەم جۆرە مۆنتاژە زیاتر گرنگی بە رۆڵی بینەر دەدا ، کە تا چەند دەتوانن لە ڕێی تێکەڵکردنی گرتەکانەوە واتا بە دیمەنەکان ببەخشن . بە واتایەکی دیکە ئەم مۆنتاژە زیاتر جێگا و شوێنەکان لە گرتەکان تێکەڵ دەکات ، بۆ نموونە گرتەیەك لە ( هەولێر ) ئەوی دیکە لە ( کەرکووك )ە ، کە گرتەکان واتای یەکتر تەواو دەکەن

**دەیەم : مۆنتاژی بڕینی ڕاستەوخۆ**

ئەم مۆنتاژە (( بریتییە لە کۆمەڵە گرتەییەکی خێرا ، کە بەیەکەوە بەستراونەتەوە ، ئەمانەش پێوەندیان بە کادیرەکانی نێو فیلمەوە هەیە کە چۆن چۆنی بەکاری دێنن و تا چەند کاریگەریان لەسەر وەرگر هەیە )) [٨٢]. لەم مۆنتاژەدا زیاتر گرنگی بە بڕینی ئەو گرتانە دەدرێت ، کە ناتوانن مانای گرتەی دوای خۆیان تەواو بکەن و پێویستی بەو کاتەش نییە ، کە پێیدا تێپەر دەبێت واتا ئەو کاتەی ، کە لەگەڵ گرتەکەدا دەبڕێت ، هیچ کاریگەرییەك لەسەر دیمەنەکان دروست ناکات .

**یازدەم : مۆنتاژی سڕینەوە**

بریتییە لەو مۆنتاژەی کە هەڵدەستێ بە ڕەشکردنەوەی ئەو گرتانەی شیاوی بڵاوکردنەوە نین و دەیانسڕێتەوە (( هەندێك جار مۆنتاژی سڕینەوە لە شوێنی مۆنتاژی تێکەڵکردن بە کاردێت ، چونکە کۆمەڵە گرتەیەکی خێرا لە شوێنی جیادا تێکەڵ دەکات ، بە مەبەستی ئاماژە کردن بە جوولەی خەڵك یا هۆیەکانی گواستنەوە)) [٨٣] ، ئەم مۆنتاژە زیاتر لە فیلمە واقیعییەکاندا بەکاردێت و دەرهێنەر بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکەی پشتی پێ دەبەستێ ، چونکە وێنەکان بە خێراییەکی زۆر بە دوای یەکدا ڕیزدەکات ، تا سەر لێ شێوانێك بۆ بینەر دروست بکات ، کە ئایا ئەو وێنانە لە ئەنجامی سڕینەوەی گرتەی پێش خۆیەتی یا بۆ سەرنج ڕاکێشانیەتی ، کە لە نێوان پاڵەوانەکانی فیلمەکەدا ڕوودەدات ، بۆ ئەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەیانبیانگوازێتەوە ، هەندێکی دی بەو مۆنتاژە دەڵێن (( مۆنتاژی جوانکاری لەم جۆرە مۆنتاژەدا ، بە

---

[٨١]- لویس هیرمان ، الاسس العملیة لكتابة السیناریو للسینما و التلفزیون ، ل ٢٣٩

[٨٢]-س ، پ : ل ٢٣٨

[٨٣]- http://www.astablogfa.com/post820aspx

شێوەیەکی بەردەوام جوولانەوەکان بۆ یەك جووله کورت دەکرێنەوە ))[٨٤] ، واته لەو شێوه مۆنتاژەدا ، ئـەو دیمەنانه لادەبرێن ، که بیّ کەڵك و لاوازن یا زیادەرۆییان تێدا کراوه .

**دوانزدەم :: مۆنتاژی دوولایەنی**

ئەم مۆنتاژه ئەو دوولایەنی و هاودژییه دەگرێتەوه که پێوەندی نێوان وێنەگر و گرتەکاندا لـه دیمەنەکانـدا دروست دەکەن ، بەم شێوەیه مۆنتاژی دوولایەنی (( تایبەته به ئاستی تێگەیشتنی وێنەگر دەربارەی گرتـەکان ، که چۆن چۆنی گرتەکان به دوای یەکدا ڕێز دەکات ، سەرەتا گرتەی کەسـایەتییه گـەورەکان و دواتـر گرتـەی بچووك بچووك ، که به شێوەیەك بێت ، کار له سەر بینەر بکـات و واتـای جیـاواز بگەیـەنیّ ))[٨٥] ، واتـه لـەم مۆنتاژەدا زیاتر گرته بچووکەکان له خزمەتی گرته گەورەکاندا دەبـن لـه هەرگرتەیـەکی بچـووکدا واتـای گرتـه گەورەکان تەواو دەکرێن .

**سییانزدەم : مۆنتاژی ژمارەیی :**

ئەم جۆره مۆنتاژه زیاتر له سینەمادا بەکاردێت ، بۆ ئەوەی بتوانریّ ڕووداوەکان له ڕێی کۆد و ژمارەوه دەستنیشان بکرێن ،مۆنتاژی ژمارەیی زیاتر لەو فیلمانەدا بەکار دەهێنرێت ، که خەیاڵین ، یان ئەو فیلمانەی بابەت و بیرۆکەکانیان زیاتر له ئەفسانه و داستانه کۆنەکانەوه وەرگیراون ، هەندیّ لەو ڕووداوانه له ئاستی بیری مرۆڤی ئاسایی دا نیین .مۆنتاژی ژمارەیی بریتییه لەو مۆنتاژەی (( که یارمەتیدەره بۆ دانانی ژماره له سەر گرته و دیمەنەکان پێش جێبەجێکردنیان ، گرتەکان ئاماده دەکرێن ، تاکو دووربێت له دڵه ڕاوکیّ له کاتی گۆڕینی کاتەکاندا ))[٨٦] ، واته ئەو مۆنتاژه کاتێك هەر گرتەیەك وێنەی دەگیرێت ژمارەیەکی تایبەتی پێدەدات ، بۆ ئەوەی وێنەکان به شێوەیەکی ڕێك بەرجەسته بکات و پێشکەشی وەرگری بکات .بەهەمان شێوەش کاتێك ڕۆماننوس ڕۆمانەکه دەنووسێت دابەشی سەر چەند گرتەیەکی دەکات ، دواتر به پیّ ژمارەکانییان شوێنیان دیاری دەکات ، پێش و پاشییان دەخات .

---

[٨٤]- س ، پ

[٨٥]- لويس هيرمان ، الاسس العملية لكتابة السيناريو للسينما و التلفزيون ، ص ٢٤٠ .

[٨٦]-رباب عبداللطيف ، فنيات المونتاج الرقمي في الفيلم السينمائي ، دار الحريری للطباعة ، ٢٠٠٥ ، ص ٧٠ .

**چواردەم : مۆنتاژی مێژوویی**

ئەم جۆرە مۆنتاژە تایبەتە بە گێڕانەوەی ئەو رووداوانەی لە رابردوودا روویانداوە ، زیاتر لە رۆمانی مێژووی و چیرۆکی میژوویی پەیڕەو دەکرێت ، بە تایبەتی کاتێك رۆماننووس دەسەڵاتی هەموو شت زانی هەیە و کارەکتەرەکان لە رێی پاشخەریەوە ( فلاش باك ) دەگەڕێنەوە بۆ رووداوەکانی رابردوو .

هەروەها ئەم مۆنتاژە لە فیلمی سینەمایی و درامای تەلەفزیۆندا بەکاردێت ، بە تایبەتی (( ئەو فیلمانەی ، کە مێژووین و رووداوەکانی پەیوەستن بە مێژووەوە ))[٨٧] ئەم فیلمانە لە رێیمۆنتاژەوە رووداوەکان درێژدەکاتەوە یا کورت دەکەنەوە ، هەندێك جار دەرهێنەری فیلم کاتی رووداوەکان هێندە کورت دەکاتەوە ، لە چاو تروکانێکدا یاخوود لە گرتەیەکدا باسی چەندین سالّ دەکات ، بڕینی ئەو ماوەیەش پەیوەستە بە لێهاتوویی دەرهێنەرەوە یا هەندێك جار رووداوەکان لە چەند ساتێکی کەمدا روودەدەن ، بەڵام دەرهێنەر درێژی دەکاتەوە تاکو ماوەکەی لە مێژوودا دیار بخات . بەم شێوەیە مۆنتاژی مێژوویی پێوەندی بەهەموو رووداوێکی مێژووییەوە هەیە ، لە رێی رووداوەکانەوە ئاشنای ئەم مێژووە دەبین کە کورت دەکرێنەوە یا درێژ دەکرێنەوە .

**پازدەم : مۆنتاژی بێهێلی ( المونتاج اللاخطي )**

ئەم مۆنتاژە زیاتر لە فیلم و نووسینی شانۆ و رۆماندا رەنگی داوەتەوە ، چونکە(( مونتاژێکە لەسەر یەك هێل نییە ، دەرهێنەر لە فیلم دەتوانیّ هەر گرتەیەك یا وێنەیەك بسڕێتەوە ، کە پێویست نییە)) [٨٨] لە مۆنتاژی بێهێلیدا پێش نمایش ئەو گرتانە دەسڕێنەوە ، کە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکە نییە . بۆ دروستکردنی بیرۆکە لای بینەر .

ئەو فەزایەی کە لە شانۆگەری دا هەیە بۆ نمایش کردنی شانۆ لە چەند مەترێك تێناپەرێت (( ئەگەر بڵێین دەمەتری چوارگۆشەیە ، ئەو دەمەترە لە عەقڵی بینەر دا گەورە دەبیّ ، کەواتە فەزای شانۆ بەو جیهانە گەورەیەی خۆی ، بەو جوگرافیا تەسکەی خۆی ، کە دەمەترە لە زەینی بینەردا گەورەیە )) [٨٩]، لێرەوە

---

[٨٧]-لويس هيرمان ، الاسس العملية لكتابة السيناريو للسينما و التلفزيون ، ص٢٤٠ .

[٨٨]- http://www.astablogfa.com/post820aspx

[٨٩]-د. فازل جاف ، شانۆ .. روانینی نویّ .. داهێنان ، ، هەڤپەیڤینی مەحمود زامدار و ئازاد عبدالواحد ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٠ ، ل٧٥ .

ئەوە بە دیاردەکەوێت ، کە تا چەند ئەکتەر دەتوانێت بوون و گەورەیی خۆی لـە نـاخی بینـەردا بچەسـپێنێت ، چونکە  فەزای شانۆ هەر تەنیا بریتی نییە  لەو چوارچێوەی کە دیمەنەکـەی تێـدا نمـایش دەکـرێ ، بـەڵکو ئـەو خاڵەیە لە بیری بینەر و ئەکتەر دایە .

**شاژدەم : مۆنتاژی هێلکاری  ( المونتاج الخطي ) :**

ئەم مۆنتاژە بە واتای بەستنەوەی گرتە و وێنەکان بە شێوەیەکی ژمـارەیی و زنجیرەیـی ، کـە بـە دوای یەکدا بێن ، ناتوانرێ دەستکاری گرتەکان بکرێت ، نەزیاد بکرێت نە کەم بکرێت . مۆنتاژی هێڵی  (( مونتاژێکـە دوای تەواوبوونی کارەکەیە ناتوانرێ بەشێکی لـێ بسـڕێتەوە دەبـێ دووبـارەی بکەیتـەوە )) [٩٠] ، چـونکە بـە بـڕین یـا زیـادکردنی هەربەشـێك لەگرتـەکان ئـەوا بـەهای بەرهەمەکـە نامینێـت . (( سیسـتـەمێکە تـاکو ئێسـتا بەکاردێت ، سەرەڕای دەرکەوتنی سیستەمی بە هێز تر ))[٩١] ، لەم جـۆرەدا پێویسـتە وێنـەکان بـە شـێوەی ڕێزبەندی  یان پلاندانان لە زەمەنێکی دیاریکراو دا دەر بکەون .

**حەڤدەم : مۆنتاژی هێمایی یا دەروونی**

بەکارهێنانی تـەکنیکی هێمـا لەهـەر کـارێکی هونـەری یـا بەرهـەمێکی ئەدەبیـدا ، ڕۆڵێکـی کاریگـەر و بەرچاوی لە دروستکردنی واتا لـە هـزرو زەینـی (وەرگر) دا هەیـە . هێمـا و نیشـانە لـە هـەر شـوێنێك هـەبێ ، مۆنتاژی هێماییش لەوێ هەیە و (( بەباشترین جۆری مۆنتـاج دادەنرێـت ، بەمەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی حاڵـەتی دەروونی کارەکتەر )) [٩٢] ، کە شیکارێکی دەروونی بـۆ دەکـات ، تـا چـەند کارەکتـەر و بینـەر و خوێنـەر لـە کەسایەتی ئەو حاڵی دەبن  ، مۆنتاژی دەروونیشی پێدەوترێت ، بە تایبەتی لە فیلمە ترسـناکەکان و خەیالییـە زانستییەکان ، ئەرکێکی دیکەی ئەو مۆنتاژە ئەوەیە کە بینەر بەرە و گومان و بیرکردنەوە دەبات ، بێ ئـەوەی هەست بەوە بکات .

**هەژدەم : مۆنتاژی وێنەیی**

---

[٩٠] - http://www.astablogfa.com/post820aspx

[٩١] - http://www . atiknia.blogspot.com/2014/01/blog-spotgoug.htm

[٩٢] - لويس هيرمان ، الاسس العملية لكتابة السيناريو للسينما و التلفزيون ، ص ٢٤٢ .

ئەم مۆنتاژە زیاتر پێوەندی بە وێنەوە هەیە ، بۆ دروستکردنی فیلمی سینەمایی بەکاردێن هەندێك بەم جۆرە مۆنتاژە دەڵێن : ( فۆتۆ مۆنتاژ یا فۆتۆگراف مۆنتاژ ) ، هونەری مۆنتاژی وێنەیی (( بریتییە لە هێنانی چەندین پارچە وێنەی جیاواز ، کاتێك وێنەکان پێکەوە دادەنرێت ، وێنە و واتایەکی تر دەبەخشن ))[٩٣] ئەم مۆنتاژە زیاتر لە فیلمی سینمایی و خەیاڵیدا بەکاردێت ، کە وێنەکان بەو شێوەی لە واقیعدا هەیە پیشان نادات ، بەڵکو جوانتر یا خراپتر لەوەی هەیە پیشانیاندەدات .

هەندێك جار لە کۆمەڵە وێنەیەکی بچووك دیمەنی کاریگەر و سەر سوورهێنەر دروست دەبێت یان بە پێچەوانەوە هەندێك جار لە بەرهەمێکدا دیمەن و وێنەیەکی زۆر پیشان دەدرێنکەچی هیچ واتا و بەهایەکیش نابەخشن .

## تەوەری شەشەم :

## رۆڵی مۆنتاژ لە دروستکردنی واتا لە فیلم دا :

هەرچەندە پەیوەندییەکی بەهێز و توند و تۆڵ هەیە لە نێوان مۆنتاژ و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا کارێکی هونەری دا ، کە پێشکەشی وەرگر دەکرێت ، سەرکەوتوویی ئەو بەرهەمە بەستراوەتەوە بە ئاستی پێشکەوتن و بەرزی ئەو مۆنتاژەی تێدا بەکار هاتووە ، چونکە هەر بەرهەمێك ئەگەر چەند بە هێز و خاوەن بیرۆکە و بابەتێکی نایاب بێت ، ئەگەر مۆنتاژەکەی سەرکەوتوو نەبوو ، ئەوا بێگومان ئەو بەرهەمەش هێندە

---

[٩٣] - http ://tr.wikipedia.org/wiki/ sinama _ tarihi/ Vikipedi,ozgur ansikhopedi/ ١١–٩–٢٠١٣

سەرکەوتوو نابێت ، کەواتە رادده و گرنگی هەموو بەرهەمێك بەستراوەتەوە بە مۆنتاژەکەیەوە جا ئەو بەرهەمە ( رۆمان یا شانۆ یا چیرۆك یا گۆرانی یا سینەما ... هتد ) بێت .

پێوەندی نێوان مۆنتاژ و هەر تەکنیك و توخمێکی ژانرە ئەدەبییەکان ، پێوەندییەکی دوو لایەنەیە و پێکەوە واتا و مەبەستی یەکتر تەواو دەکەن ، کەواتە مۆنتاژ کۆڵەگەیەکی سەرەکی هەموو بەرهەمێکە ، کە پێوەندی بە گشتگیری تەکنیك و توخمەکانی ژانرە ئەدەبییەکانەوە هەیە ، لێرەدا چەند پەیوەندییەکی نێوان مۆنتاژ و تەکنیکەکانی ژانرە ئەدەبییەکان ( فیلم ، رۆمان ) دەخەینە روو بریتیین لە :

## یەکەم : پێوەندی نێوان مۆنتاژ و واتای گرتەکانی فیلم :

پێوەندییەکی بە هێز و کاریگەر لە نێوان مۆنتاژ و گرتەکاندا هەیە ، بۆیە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە ئەنجامی چەند گرتەیەك دێتە بوون و پێشکەش دەکرێ ، کەواتە (( گرتە بچوکترین یەکەیە لە بەرهەمەکەدا ، کە لە هەموویان کاریگەرتر و گرنگترە )) [٩٤] ، تاکو ئەو بەرهەمەی تێدا سەرکەوتوو بێ پێویستە گرتەکان زۆر روون و پڕ لە واتا بن ، کە پێوەندییان بە توانای مۆنتاژ و رۆڵی لەبەرهەمهێنانی واتای گرتەکان دا هەیە .

مۆنتاژ و گرتەکان بوونەتە دوو کۆڵەگەی بنەڕەتی ، هەمیشە نووسەری دەق پشتیان پێ دەبەستێ بۆ ئەوەی پێوەندییەك لە نێوان رووداوەکان دروست بکات ، کە لە کات و شوێنی جیاجیادا روودەدەن . گرنگی مۆنتاژ لێرەدا روون دەبێتەوە ، کە رۆڵێکی سەرەکی لە دروست کردنی واتا لە بەرهەمە ئەدەبییەکە و کارە هونەرییەکەیدا دەبینێ ، چونکە هەموو کارێکی هونەری یا بەرهەمێکی ئەدەبی یا (( هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەلایەنی هونەرییەوە هەیە ك ە بریتین لە رووداوەکان ، کارەکتەرەکان ، روخسار و رووی دەرەوە ، ( ویست و هەستی مرۆڤ ) لە بەر هەمەکەدا بوونیان هەیە )) [٩٥] ، واتە نووسەری دەق ئەو رووداوانەی هەن یا لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستەی کردوون ، دەیانگوازێتەوە و دەیانبەستێتەوە بە بابەت و رووداوەکانی بەرهەمە هونەرییەکەی ، بەم شێوەیە لێکچوونێك لە نێوان رووداوەکانی نێو بەرهەمەکە و واقیعدا دروست دەکات کە لە کات و شوێنی جیادا بوونیان دەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ، بەم شێوەیە نووسەری دەق رووداوی واقیعی و رووداوەکانی نێو بەرهەمەکەی ئاوێتە دەکات و (( نایەوێت مانا و وێنەکانی جیهانی رابردوو دووبارە بکاتەوە ، بەڵام لە رێی ئەو دەقەوە دەیەوێت ئاراستەی خوێنەر بکات بۆ

---

[٩٤]- علاء عبدالعزیز السید ، الفیلم بین اللغة و النص ، ص ١٥٠ .

[٩٥]- لیکال یوالداشیف ، قضایا البحث الفلسفیة في الفن ، ت : زیاد الملا ، دار دمشق للطباعة و النشر ، دمشق ، ١٩٨٤ ، ص ٧١.

دۆزینـەوەی مانـاو وێنەیـەکی نـوێ بـۆ جیهانـە دروسـت کراوەکـە و لـە ڕێـی ئـەو کردارەشـەوە خوێندنـەوە و تەئویلێکی نوێ بۆ ئەو جیهانە بکات . ئەو خوێندنەوە نوێیە تەئویلێکی نوێ بەرهەم دەهێنێـت ، کـە دەتـوانین پێی بلێین گەمەی تەئویلات )) ([96]) .

نووسەری دەق پشـت بـە بنـەمای هەلبـژاردن دەبەسـتێ ، کـە لـەو واقیعـە فراوانەیـدا بـوونی هەیـە ، لەگـەڵ ڕێکخستنی کات و شوێن ، کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکی بەرهەمەکـە وکاریگـەرییان لەسـەر ( خوێنـەر ، بینـەر ، بیسەر ) هەیە ، کە تا چ ئەندازە و ئاستێك دەتوانن شیکاریی ڕووداوەکانی ئەو بەرهەمە بکەن .

مۆنتـاژ بـۆ ڕێکخسـتن و جـوانکردنی هـەموو بەرهـەمێکی ئـەدەبی بـەکاردێت ، هـەر ئەمـەش بۆتـە هـۆی سەرکەوتنی بەرهەمی ئەدەبی وەك ( سینەما ، فیلم ، ڕۆمان ، چیرۆك ، شـانۆ ، ........ هتـد ) بـە تایبـەتی مۆنتاژ بووە گرنگترین ئەو کلیلانەی دەرگای بۆ هونەری سینەما کردەوە ، بۆ ئاشـکراکردنی گوزارشـت کـردن لە ڕووداوەکان یـا کارەکتـەرەکان یـا نزیك بوونـەوە لەهـەر ڕووداوێکـی بچـووك ، کـە هەسـتی پێنـاکرێ . بـەم شێوەیە مۆنتاژ توانی ڕۆڵی گێڕانەوە لە کاری هونەری سینەمادا بگێڕێت ، چونکە لە (( سـینەمادا ڕووداوەکـان بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ڕوودەدەن و بەرەو مەودایەکی فراوان دەکشێن ، تاکو کێشەکان لە خۆ بگـرن سـینەما بریتییە لە چەند کۆمەڵە ڕووداوێکی بەدوایەکدا هاتوو ، تا وای لێدێت دەبێتە جەستەیەکی پڕ لـە مانـا ، کـە لـە ڕێی ڕووداوەکانەوە دروست دەبێ )) ([97]) .

بە هۆی مۆنتاژی گرتەکان دیمەن دروست دەبێ ، کە واتایەکی فراوان لای بینەر دروست دەکات ، ئەو گرتانە خۆی لە خۆیدا پارچەی چنراون و دەق پێکدێنن ، لە هـەر بەرهـەمێکی ئـەدەبی دا ، (( دەق بـەمانای پارچـەی چنراوە ، بەڵام لە حاڵێکدا تا ئێستا ئەو پارچەیە وەك بەرهەمێك یا وەك پەردەیـەك لەبـەر چـاوگیراوە ، کـە لـە پشت ئەوەوە بە شێوازێکی کەم تا زۆر مانای ڕاستی خۆی حەشارداوە ، ئێمە ئەوڕۆکە لە ناو ئـەو چـندراوەدا ، داکۆکی لەو بیرە بزۆکە دەکەین ، کە دەق لـە ڕێـی نەخشـێکی تێکئـاڵاوی بـەردەوام لەمـەڕ خـۆی دروسـتی دەکا و کاری لەسەردەکات)) ([98]) ، بۆیەئامانجی نووسەری دەق ئەوەیـە ئامانجـەکانی بـە باشـترین شـێوە ئـەو ڕووداوانە نمایش بکات ، کە لە خەیاڵی خۆیدا داڕشتوون .

---

[96] – د نەجم خالید ئەلوەنی ، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی ( پێجەمین کتێب ) ی جەبار جەمال غەریب دا ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی ، ل ٧٥ .

[97] - Christian mets ، ( film language ، in ( film the theory an Critcism ، Oxford university ، New York ، 1992 ، p 169 .

[98] – ڕۆلان بارت ، خۆشی دەق ، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە ، د محمد رحیم ئەحمەدی ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل ٧٢ .

بەم جۆرە پێوەندی نێوان مۆنتاژ و واتای گرتەکان روون دەبێتەوە ، کە دەرهێنەر لە رێگەی مۆنتاژەوە دەتوانێ باشترین ئەو گوتانە پێشکەشی بینەری بکات و گرتە لاواز و بێ هێزەکان لاببات ، تا وەرگر بتوانێت بچێتە ناوناخی رووداوەکانەوە هەندێك جاریش نووسەری دەق هێندە گرتەکان ئالۆز دەکات ، رەنگە وەرگر تووشی ئالۆزی بیرکردنەوە بکات و نەتوانێت تا دوا لاپەڕەی بەرهەمە ئەدەبییەکە ، بگاتە واتای ئەو بەرهەمە.

## دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و واقیع :

ئەو واقیعەی ، کە لە نێو بەرهەمی ئەدەبیدا بوونی هەیە لەگەڵ ئەو واقیعەی ، کە لە جیهانی واقیعی و بینراو دا هەیە جیاوازە ، نووسەری دەق دەبێت زۆر بە زیرەکی و لێزانانە کاری لەسەر بکات و بیخاتە روو ، بۆیە هەر نووسەرێك پەیرەوی چەند تەکنیکی جیاواز دەکات لە خستنە رووی بابەتەکانیدا ، هەروەها هەر نووسەرێك رێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ گەیاندن و نووسینی بەرهەمەکەی ، تا مەبەستی رووداوەکان لە رێگەی گێڕانەوەوە بە وەرگر بگەینێت ، لەبەر ئەوە هەر نووسەرێك هەرکاتێك بیەوێ دەست بە نووسینەکەی بکات ، دەبێت لە سەرەتادا ئامادەکاری بۆ بەرهەمەکەی بکات ، تاکو بە شێوەیەکی سەرنج راکێش و وروژێنەر وەرگر ئالوودەی بەرهەمەکەی بکات .

بێگومان (( واقیع چەمکێکی فەلسەفییە بە واتای بوونی شت بەرانبەر بەنەبوونی ، کەواتە واقیعی هەر کۆمەڵگەیەکیش پێکهاتەی ژیانی ماتریالی و گیانی )) (٩٩) ئەو کۆمەڵگەیەیە ، بۆیە شوێن بووەتە بەشێك لەو واقیعەی ، کە پێوەندی لەگەڵ کات و رووداو لە بەرهەمی ئەدەبییدا هەیە . بۆ ئەوەی لە واتای واقیع بگەین پێویستە شوێن ببێت بە ئامرازێك بۆ تێگەیشتن لە واقیع .

ئەگەر هەر شوێنێك لە واقیع دوور کەوێتەوە ، دەبێتە هۆی ئەوەی دەقی هونەری واقیعی ژیان دوور بکەوێتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و پێوەندیدار ، لێرەدا روون دەبێتەوە واقیعیەت لە بەرهەمی ئەدەبی دا جیاوازە لەگەڵ واقیعیەت لە جیهانی واقیعیدا ، لەگەڵ ئەوەشدا هاوشێوە و لێکچوون لە نێوانیان بەدی دەکرێت ، چونکە شوێنی واقیعی لە بەرهەمی هونەریدا بریتییە لە قەوارەیەکی هونەری و خەیاڵاوی ، کە نووسەری دەق بە پێی بۆچوونی خۆی جیهانێکی تایبەتی دروست دەکات ، کە رەنگە ئەم جیهانە لە واقیع بچێت یا جیاواز و دژ و پێچەوانەش بێت .

---

[٩٩]– تانیا ئەسعەد محەمەد ، بینایشوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردی دا ، ل ٤٤.

بەم شێوەیە نووسەری دەق لەرێگەی بیربۆچوون و ( وشە و وێنەکانەوە ) جیهانێکی تایبەت دەسازێنی بە جۆرێك دەبێت ، کە ( خوێنەر یا بیسەر یا بینەر ) تامەزرۆی ئەو واقعە بکات ، ئەمەش لە رێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە (( دەتوانی واقیعییەتی بەرهەمەکەی ببەستێتەوە بە واقیعییەتی ژیانەوە ))[100] ، چونکە بوونی ئەو واقیعە گرنگی لای وەرگر هەیە ، لە رێگەی رووداوەکان و پچڕپچڕکردنیان پێشکەشی دەکات ، کە بەش بەش کراون لە کات و شوێنی جیاوازدا روودەدەن .

پێوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان مۆنتاژ و ئەو واقعیەتەی کە نووسەری دەق پێشکەشی دەکات ، بە تایبەتی لە هونەری فیلمی سینەمادا ، چونکە (( سینەما واقیعێکی نوێ دروست دەکات ، جگە لەمەش رێگە خۆش دەکات بۆ هونەرمەندان کە خەیاڵیان زیاتر فراوان بێت بۆ دروست کردنی واقیعێکی دی ))[101] ، نووسەری دەق هەمیشە دەیەوێت لە رێگەی مۆنتاژەوە بیروخەیاڵی بینەر بەرەو واقیعێك ببات کە خودی بینەر بەخۆی دروستی کردووە ، چونکە مۆنتاژ کار دەکات بۆ رێکخستن و بەدوایەکداهاتنی وێنەو گرتەکان ، هەروەها دەبێتە هۆی دروست بوونی دیمەنێکی تەواو لای بینەر ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هونەری مۆنتاژ هەروەکو ( مالرۆ ) دەڵێت : (( بەش بەش کردنی گرتەی رووداوەکان و پارچە پارچەکردنی لەلایەن دەرهێنەر و وێنەگر کە وێنەیان دەگرێت بە شێوەیەکی بەردەوام لە یەك دیمەندا بووەتە هۆی دروست بوونی سینەما وەکو هونەرێك پەیدابوو ))[102] ، بەم پێیەش سینەما وەکو هونەرێك لە دایك بوو بە تایبەتی ئەو کاتەی سینەما پشتی بەست بە جووڵەی دیمەنەکان ، کە لە شوێنی واقعی و شوێنی دەقدا بوونی هەبووە دوای ئەوەی کرا بە گرتە و گرتە بوو بە توخمێکی سەرەکی بۆ دروست بوونی فیلم ، فیلم پشتی بە مۆنتاژ بەست ، وەکو رێکخەرێك لە کۆکردنەوە و بڕینی هەموو ئەو کات و رووداو و شوێنانەی ، کە لاوازن و شیاوی بڵاوکردنەوە نین .

کاتێك نووسەری دەق پەنا بۆ وەسف و پیشاندانی شوێن دەبات ئەو هەوڵەی تەنیا بۆ بەرجەستە کردن و وێنەگرتنی شوێنی جیهانی واقیع نییە ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە وێنەکانی ناو واقعی دەقەکە لەگەڵ جیهانی واقیع هاوشێوە بکات ، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوە پەنا بۆ ئەو واقیعە دەبات ، تاکو لە رێی رێکخستنی بیرۆکەکەیەوە خەیاڵی وەرگر بورووژێنێ .

## سێیەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و واتای وردەکارییەکان :

---

[100] - یاسین النصیر ، الروایة و المکان ( دراسة في الفن الروایة العراقیة ) ، الجزء الاول ، وزارة الثقافة والاعلام ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص ١٧.

[101] -غایتان بیکون ، افاق الفکر المعاصر ، نخبة من المترجمین ، منشورات عویدات ، بیروت ، ( ب ت ) ، ص ٤٤٨ .

[102] - س ، پ ، ص٥٤٥

هەموو بەرهەمێكی ئەدەبی یا كارێكی هونەری كە بەرهەم دێت پێویستە بە شێوەیەكی رێك و تۆكمە چەندین جار چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و وردەكاری واتایی بۆ بكرێت ، تاكو بێ كەموكورتی نمایش بكرێت یا پێشكەشی وەرگر بكرێت . ئەم كارەش تەنیا لە رێگەی مۆنتاژەوە دەبێت ، چونكە (( مۆنتاژ رێگەمان پێدەدات بە شێوەیەكی زۆر سەرنج راكێش لەوردەكارییەكان نزیك ببینەوە ، ئەم نزیك بوونەوەیەش مانا دروست دەكات ، ماناكانیش بریتین لە گواستنەوەی دوو دیمەن كە دیمەنی یەكەم سەرەتایە و لە پێشترە و دیمەنی دووەم دواترە یا لە ئەنجامی بڕینەوە مانا دروست دەكەن ))[١٠٣] ، لێرەدا مانایەك دروست دەبێ ، كە بە هۆی بڕین و گواستنەوەی وێنە و دیمەنەكان لە خەیاڵی وەرگر دا بەرجەستە بووە و بوونی هەیە ، بۆیە نووسەری دەق هەوڵدەدات هەموو واتا گشتییەكان ، كە شاراوەن بیانگوازێتەوە بۆ واتای تایبەتی و ئاشكرایان بكات ، ئەمەش لە رێگەی مۆنتاژەوە بەرجەستە دەبێ و وەرگر زیاتر لەواتاكان حاڵی بێت و وردبونەوەیان بۆ بكات ، لە بەر ئەوەی هەر وردەكارییەك لە واتا بچووكەكاندا دواجار بەرهەمێكی گەورەی پێ لە دایك دەبێت .

كاتێك نووسەری دەق لە دەقەكەیدا خاسییەتی شتێك یا وەسفی مرۆڤێك یا باسی رووكاری دەم وچاوی مرۆڤێك دەكات ، كە (( ئاماژەكانی رووی دەرەوەی مرۆڤ گەورەترین لایەنە بۆ روون كردنەوەی خودی مرۆڤ تەنانەت گوزارشتی دەم و چاو لە وتنی ووشە و قسەش واتادارترە لەبەر ئەوەی وشە خاوەنی چەند رێسایەكی زمانییە ، بەڵام گوزارشتی رووی مرۆڤ هیچ یاسایەكی دیاریكراوی نییە ، سەرەرای ئەوەی پشت بە لاساییكردنەوە دەبەستێ ))[١٠٤] ، بەهۆی وەسفكردنی مرۆڤەوە و خورەوشتی چۆنە یا وەسفكردنی دەم وچاوی ، یا رووكاری دەرەوەی ، دەتوانرێ واتای زۆری لێوە دروست بكرێت بێ ئەوەی هیچ وشەیەك و بدركێنێ خودی وەسفكردنەكە خۆی لە خۆیدا بریتییە لەوشە و واتا كە ئایا مرۆڤێكی ( تووڕەیە یا هێمنە یا بێدەنگە ... هتد ) ، ئەو دیمەنە بەهۆی بە كارهێنانی مۆنتاژ لە رووكاری مرۆڤەكەدا دەورێكی باڵا و بەهێزی لە دەربڕین و گوزارشت كردندا هەیە .

زۆر دیمەن هەیە لەبەرهەمی هونەریدا وشەی لەگەڵ نییە ، سەرەرای ئەوەش وشە ناتوانێ روونی بكاتەوە ، تەنیا لە رێگەی پیشاندانی هەست و سۆزی مرۆڤەوە واتای واتاكان دەدۆزێتەوە ، جەستە و لاشەی هەڵسوكەوتی مرۆڤ لە گرنگترین ئەو نیشانانەن ، كە لە نێو بەرهەمی ئەدەبی یا كاری هونەری فلیمدا واتا دروست دەكەن ، یاخود زیاتر چاو لەسەر ئەو بەشەی مرۆڤ دادەنرێ كە لە بەشی شاشەدا پیشاندەدرێت ، كە لەو كاتەدا ئەگەر مۆنتاژ توانای ئەوەی هەبێ بتوانێ لە وردەكارییەكان نزیك بینەوە دەبێتە هۆی

---

١٠٣-علاء عبدالعزيز ، الفيلم بين اللغة والنص ، ص ١٦٠

١٠٤- بيلا باش ، نظرية الفيلم ، ت: احمد الحضري و انور المرشي و فؤاد دوارة ، وزارة الثقافة ، المركز القومي للسينما ، القاهرة ، ١٩٩١ ، ص٥٦

دووركەوتنەوە لە هەندێ واقعی مرۆڤ ، کە بەسەر چەند ڕووداوێك دا دابەشکراوە ، بۆیە فیلم (( جیهانێکی تایبەتی هەیە و دابەش دەبێ بەسەر دووبەش بەشی یەکەم : بەشی بینراو و بەشی دووەم : بەشی نەبینراو یاخود ( هەست پێ نەکراو ) هەر کاتێك چاوی کامێرا بەرەو شتێ بڕوا پرسیار دروست دەبێ ، نەك دەربارەی ئەو شتەی کە چاوی دەیبینێ ، بەڵکو دەربارەی ئەو شتەی کە چاو کامێرای لێ دوورە )) [١٠٥] ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی پێوەندییەك ، کە فیلمی سینەمایی لە ڕێگەی چاوی کامێراوە پشتی پێ دەبەستێ و دەرفەتی بینین لای بینەر فراوانتر دەکات بۆ ئەوەی دیمەنەکان زیاتر لەوە ببینێ ، کە لە واقیعدا نمایش کراون .

ڕەنگە هەندێ دیمەن بوونیان نەبێ ، کەچی لە بیر و خەیاڵی وەرگردا بەرجەستە دەبن ، ئەمەش پێوەندی بە مۆنتاژ و شێوازی ئەو وردەکاریانە، کە لە مێشکی نووسەری دەق و بینەردا بوونیان هەیە ، واتای گشتی بۆ واتای تایبەتی دەگوازنەوە ، کە دیمەنەکان لە ڕێگەی گرتە و وێنەکانی سەر شاشە نمایش دەکێن ، لێرەدا هیچ فیلمێکی سینەمایی لە دەوری شاشە و هیچ دیمەنێکی شانۆیی لە دەرەوەی تەختەی شانۆدا و هیچ ڕووداوێك لە دەرەوەی نووسینی دەقی ڕۆمان و چیرۆکدا بوونیان نییە ، کەچی لە جیهانی سینەمادا هەندێك جار دەتوانین لە سنووری شاشەکەدا دەربچێن بۆ نیشاندانی ئەو دیمەنانەی ، کە تەنیا لە دید و بۆچوونی ( وەرگر ) دا هەیە و دەبێتە واقعێك و واتا بە دیمەنی ڕووداو و کەسایەتی و شوێنەکان دەبەخشن .

بەم جۆرە پەیوەندی مۆنتاژ و واتای وردەکارییەکان دەبن بە ئاراستەیەك ، بۆ تەواوکردنی هەموو ئەو وێنانەی لە هەستی وەرگردا دروست دەبن ، کە خاوەنی واتای تایبەتی خۆیانن .

## چوارەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری گێڕانەوە :

هەر کارێکی ئەدەبی یا بەرهەمێکی ئەدەبی بەندە بە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانەی ، لە پێکهاتنی دەقەکەدا بە کارهاتوون . ئەم تەکنیکانە هەریەکەیان بایەخ و پێگەی خۆیان هەیە و ڕۆڵی هیچ تەکنیکێك لە ڕۆڵی تەکنیکێکی دی کەمتر و بایەختر نییە ، چونکە سەرکەوتوویی کارە ئەدەبییەکان ، یا بەرهەمە هونەرییەکان پەیوەستن بە بەهێزی تۆکمەیی داڕشتنی ئەو تەکنیکەی ، کە تێیدا بەکارهاتوون ، هەرچەندە هەر تەکنیکێك لەو تەکنیکانە خاسیەت و چەمکی تایبەت بەخۆیان هەیە ، لە هەمان کاتیشدا جیاوازییان لە بەکارهێنانیادا دەردەکەوێ .

---

[١٠٥] -یوری لوتمان ، مدخل الى السينمائية و الفيلم ، ت: نبيل الدبس ، النادي السينمائي بدمشق ، دمشق ، ١٩٨٩ ، ص٣٧ .

چەند گێڕانەوە لە کاری ئەدەبی یا بەرهەمێکی هونەری بەهێزتر و بە پێزتر بێت پێویستە تەکنیکی مۆنتاژی تێدا بەکار هاتبێت بۆ ئەوەی ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر ببن ، لەبەر ئەوە گرنگ نییە چی دەڵێی و چی دەنووسیت و چی نمایش دەکەیت تاکو قەناعەت لای ( وەرگر ) ی دەق دروست بکەیت و سەرسام بێت بە کارە هونەرییەکە یا بەرهەمە ئەدەبییەکەت ، کە ئەمیش لە ڕێگەی گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ ، گێڕانەوەش بە زمان دەکرێت ، کەواتە نمایش کردنی هەر دیمەنێك یا نووسینی هەر بەرهەمێك یا بیستنی هەر دەقێکی ئەدەبی سەرەتا لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت ، چونکە زمان پێوەندییەکی زۆر بەهێزی بەتاکەکەسەوە هەیە و هەریەکێك لە کۆمەڵگدا خاوەنی تایبەتمەندییەتی زمانیی خۆیەتی و بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زمانە کاتێ مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری دا دەکات بۆ خستنەرووی هزر وبیری خۆی بە شێوازێکی تایبەت ، کەواتە (( زمان زادەی هۆشیاری تاکە))[١٠٦] ، کە لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە بوونی خۆی و ئەو ڕووداوانە دەکات ، کە لە دەورو بەری ڕوودەدەن یا دەشێ لە داهاتوو دا ڕووبدەن ، بەڵام نابێت بەکارهێنانی زمان ئەوەندە فەلسەفی و تایبەت بێت بە چینێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێت نووسەری دەق زمانێکی سادە و ڕەوان بەکاربێنێ کە وەرگر بە ئاسانی تێی بگات . ڕەنگە هەندێك کات زمانێکی سادە یا گران بە کاربهێنێت کە لەگەڵ کەسایەتی کاراکتەرەکە دا بگونجێت . لەگەڵ ئەوەشدا (( زمان بونەوەرێکی زیندووە لەگەڵ واقیع و ژیاندا گەشە دەکات و پەرەدەستێنێ ، بۆیە جۆری سەودا کردنی نووسەان لەگەڵ زماندا جیاوازە ))[١٠٧] ، و هەریەکە لە نووسین و گێڕانەوەی بەرهەمەکانیاندا پەیڕەوی شێوازێکی تایبەت بە خۆیان دەکەن و دەیانەوێ ڕەسەنایەتی بە بەرهەمەکانیان ببەخشن و لە بەرهەمی نووسەری دیکەی جیا بکەنەوە ، ئەمەش ناسنامەی ئەوان دیاری دەکات و بەرهەمەکانیان پێدەناسرێتەوە .

دیارە هەموو گێڕانەوەیەکیش لە ڕێگەی زمانەوە پێشکەش دەکرێ ، بۆیە لەسەر نووسەری دەق پێویستە بە جوانترین شێوە پێشکەشی وەرگری بکات دەبێت ئاگاداری شێوازی خودی بابەتەکە بێت و ئاوێتەیان بکات و (( بتوانێ هەڵسوکەوتی کەسایەتی و کاریگەری باروdۆخ و پەیوەندی ئالوگۆرەکان بەرێگایەکی دیار پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵەی بەکەسایەتییەکان دەبەخشێ بە شێوەیەکی باش نیشانیان بدات ))[١٠٨] ، چونکە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە تایبەتمەندی و ڕۆڵی کارەکتەرەکان دیاردەکەوێ ، کە کاریگەرییان لەسەر گێڕانەوەی بابەتەکە هەیە ، زۆر جار لە فیلمدا دەرهێنەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە کارەکتەری نێو فیلم تێکەڵی کەسایەتی دەرەوەی فیلم دەکات ، کە لەواقیعدا هەستی پێدەکرێ ، لە ئەنجامدا کارەکتەرێکی زیندوو لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستە دەکات ، ئەویش لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی لایەنی خراپی و باشی

[١٠٦] -ئەرەستۆ ، هونەری شیعر ، ل١١.

[١٠٧] – د.محمد شمبل الكومي ، مبادیء النقد الادبي والفني ، الهیئة المصریة العامة للكتاب ، القاهرة ، ٢٠٠٧ ، ص٢٠٥ .

[١٠٨] – ڕێزان رحمان غفور ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عبدالله سەراج دا ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل ١٠١

کەسایەتییەکەوە کە تا چ ئاستێك دەتوانرێ کەسایەتییەکی سەرکەوتووی پێ دروست بکرێت ، یا زۆرجار لە فیلمدا کەسایەتی ئەکتەرێك دەگۆڕێت لەباش بۆ خراپ یا خراپ بۆ باش یا لە کەسێکی هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند یا هەر کەسایەتییەکی هاودژ و پێچەوانە . لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ دەرهێنەر دەتوانێ لە رێگەی مۆنتاژەوە گۆڕانکاری دروست بکات و کارەکتەرەکان دابەش بکات .

لە چوار چێوەی هەندێك فیلم و لای هەندێك دەرهێنەر ، گێڕانەوە دەرچوونە لە ناوەوەی فیلم بۆ دەرەوەی فیلم ، ئەمەش تەکنیکێکە دەهێنەر بۆ بەستنەوەی واقیعی ناو فیلم بە کاری دەهێنێ بۆ ئەوەی دوا جار ئەنجامێك بە بینەر بدات .

مەرج نییە گێڕانەوە تەنیا بریتی بێت لەو رووداوانەی ، لە رابردوودا روویانداوە ، بەڵکو هەندێك گێڕانەوە بریتییە لە پێشبینی کردنی ئەو رووداوانەی رەنگە رووبدەن یا ئەنجامی هەندێك رووداو ، کە بۆ وەرگری جێهێشتووە پەیوەستی کردووە بە هەستی شەشەمەوە ، هەروەکو ( میرلۆپۆنتی ) پێوەندی لە نێوان دیار و نادیار وێنا دەکات یا وێنای کەسایەتییەك دەکات لە بەرهەمی ئەدەبی یا کارێکی هونەری دا دەڵێت : (( ئەو رووەی ، کە بزرەلە رووناکی یا لە چوار چێوەی رووداوەکاندا بەو مانایە نایەت کە لە رووەکەی تری دا خەیاڵی بێت یا نەبێت یا وا بێنینە پێش چاومان کە نەبووە ، بەڵکو رووەکەی تر وجوودی هەیە لە شتێکدا سەرەرای ئەوەی کە بەچاونابینرێ )) [١٠٩] .

لەوانەیە ئەو وێنەیە لە رێگەی گێڕانەوەی رووداوەکانەوە هەستی پێبکرێ یا رەنگە ئەو کەسایەتییەی بوونی هەیە لە داهاتوو یا لە رابردووی رووداوەکاندا رۆڵی گێڕابێ دواجار بەرجەستە ببێ . بزربوونی بەشێك لەو وێنانە لە فیلم دا واتای ئەوە ناگەیەنێ ، کە ئەو بەشە بوونی نییە ، رەنگە ئەو بەشە لە مێشکی بینەردا بوونی هەبێتن .

لێرەدا گرنگی مۆنتاژ لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا دەردەکەوێ ، کە پەیوەستە بە کەسایەتی لە کات و شوێنی جیاجیادا یا هەندێك جار دووکەس لە فیلمێکدا گفتوگۆ دەکەن ، بەڵام دواتر یەکێکیان و نامێنێ ئەوە واتای ئەوە نییە ، ئەگەر کەسایەتییەکیان لە چاوی کامێرا بزربوون ، ئیتر جارێکی دیدەرناکەونەوە رەنگە لە بەشەکانی تری دیمەنی فلیمەکەدا دەربکەونەوە ئەمەش گرنگی تەکنیکی مۆنتاژ دەسەلمێنێ ، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی وێنەو رووداوی جیا جیا ، کە رەنگە لە داهاتوودا لە بیری بینەردا دروست ببنەوە ، بە هەمان شێوەش تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمان و شانۆ و چیرۆکدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە ، لە دروست بوونی رووداوەکان و دواجار بیری وەرگر بەرەو فەزایەکی تر دەبات ، کە رەنگە وا بزانێت رووداوەکانی لەو چرکە

---

[١٠٩]– سعيد توفيق ، الخبرة الجمالية ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع ، بيروت ، ١٩٩٢ ، ص ٢٠٥.

ساتەدا روودەدەن ، کەچی نووسەری دەق لە لایەن خۆیەوە رووداوەکان پارچە دەکات و پارچە پارچەی رووداوی دیکەی دەخاتە شوێنی .

پێوەندی نێوان مۆنتاژ و گێڕانەوە لە فیلمدا پێوەندییەکی داهێنەرانەیە لە نێوان بابەت و بیرۆکە و ئاستی زانیاری نووسەری دەقدا ، کە تا چەند نووسەری دەق بە کارامە و شارەزایی خۆی ، مامەڵە لەگەڵ کێشە و گرفتەکان و گێڕانەوەدا دەکات ، (( دەکرێت لە رێی دایەلۆگەوە باسی سروشت و ژینگەی جوگرافی ژیانی کارەکتەرەکان بکرێت و بە هۆیەوە خوێنەر بنەماو ئەسل و نەژادی چینایەتی ئەوانی تری بۆ دەردەکەوێت ))[١١٠] لەم رێگەیەوە نووسەر ئارەزوو و ئاوات و سۆز و خۆشەویستی و خەون و هیواکانی تێکەڵی بەرهەمەکە دەکات . رووداوە داخراوەکان و گرێیەکان دەکاتەوە بە هۆی ئەم تەکنیکەشەوە دەتوانێت لە شوێنی جیا جیا دا پێشبینی بۆ داهاتووی ئەکتەر و کارەکتەرەکان بکات .

## پێنجەم : پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری ڕامان :

مۆنتاژ هونەری ڕامان و چڕکردنەوەی بیرە بۆ نمایشکردنی ئەو رووداوانەی ، کە بەشێوەیەکی رێکخراو روودەدات ، جوانییەك بە دیمەنەکان دەبەخشن ، کە لە زەینی وەرگردا بوونیان هەیە ، مۆنتاژ لێکدانەوەیەکی هزرییە ، کاریگەری خۆی لە سەر هەموو شتێ بەجێدەهێڵێ ، لەوانەیە رووداوەکان لە زەینی وەرگردا بە شێوەی پارچەیی رووبدەن ، دواجار وەرگر خۆی دەگاتە ئەنجام لە رێگەی ئەو بیرە هونەرییانەی ، کە بۆ رووداوەکان و کەسایەتییەکان دایڕشتووە ، (( هەر بەش بەشکردنێکی مۆنتاژ دەبێتە هۆی تێکدانی ریزی ئەو رووداوە واقیعیانەی کە تێیدا بوونیان هەیە و بە هۆی مۆنتاژەوە کاتی رووداوەکان درێژ یا کورت دەبنەوە ))[١١١] ، لە رێگەی درێژکردنەوە و کورت کردنەوەی رووداوەکانەوە هەوڵ دەدرێ ، زۆرترین وردەکاری نێو رووداوەکان لە زەینی وەرگردا بەرجەستە و ئاشکرا ببێ ، کە پێوەندییان بەیەکترەوە هەیە ، لێرەدا دوور بینی وەرگر بۆ رووداوەکان و دروست کردنی بیرۆکە دەربارەیان جۆرێك لە مۆنتاژ بەرهەم دەهێنێ کە پێی دەوترێت مۆنتاژی تێڕامان ، چونکە نووسەری دەق دەیەوێت لەرێگەی بەرهەمەکەیەوە بیری وەرگر بوروژێنی و لێکدانەوە بۆ هەموو ئەو پەیوەندییانە بکات ، کە رەنگە لەو کاتە کەمەدا روونەدات ، بۆیە مۆنتاژ کات و زەمەن لە بیری وەرگردا درێژ دەکاتەوە ، تاکو بتوانێ لە وردەکارییەکانی ( رووداو و هەڵس و کەوتی کارەکتەر و کات و شوێن ) ی روودانیان بگات .

---

[١١٠]– د.نجم خالد نجم الدین ، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین ، ژمارە ٢٤ ، نیسان ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٨٨ .

[١١١]– میخائیل روم ، أحادیث حول الاخراج السینمائي ، ص ١٢٢ .

مۆنتاژ هونەری بەیەکەوەلکانی بیری وەرگر و بابەتەکەیە ، بەڵام لە راستیدا بەردەوامی بیری وەرگر سەبارەت بە رووداوەکان پەرت دەکا و دواتر پێکەوەیان دەلکێنێت ، بێ ئەوی وەرگر هیچ هەست بە پەرت بوونی ئەو بەردەوامییە بکات ، کەواتە ئەگەر مۆنتاژ (( لەلایەك بەردەوامی بشکێنێ ، لە لایەکی ترەوە ، بەردەوامی بە رووداوەکان دەبەخشێ و دروستیان دەکاتەوە ، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی جیاوازیش بێت ))(١١٢) . هۆکاری سەرەکی ئەو شکان و بەردەوامییە ، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردن و تێگەیشتن لە خودی ئەرکی مۆنتاژ ، چونکە هەمیشە مۆنتاژ زیاتر گرنگی بەو رووداوانە دەدات ، کە هەڵبژاردەن و کاریگەری لەسەر زەینی وەرگر دا جێدەهێڵن ، کە لە ئەنجامی ئەو شکان و بەردەوامییەوە واتایەك بە زەینی وەرگر دەبەخشێ . ئەم بەردەوامییەی پەرتبوون و لێکترازان و پچڕپچڕکردنەی رووداو ، رۆڵی ئەکتەر لەفیلمدا دەست نیشان دەکەن ، جگە لەوەی کاریگەری لەسەر بیر و هزری وەرگر دروست دەکەن ، تاکو ببێت بە بەشێك لە ئەکتەری فیلمەکە ، یا خودی خۆی لە ئەکتەری فیلمەکەدا بدۆزێتەوە ، هەر چەندە لە دەرەوەی ئەو فلیمەدا بینەر بوونی هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا (( زەمەنی هونەریی سینەما جیاوازە وەکو کاتی راستەقینە نییە ، چونکە کاتی سینەما پارچە پارچەییە و هەموو رووداوەکان پیشانی بینەر نادات ، یا ژیانی کەسێك بە تەواوی ناخاتە روو ، بەڵکو بەشێك لە رووداوەکان دەردەخات ، یا قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی کەسەکە پیشان دەدات ، بەمەش مۆنتاژ کات و شوێنی نوێ دیار دەکات ))(١١٣) .

هەرچەندە کات لە ( کاری هونەری یا بەرهەمی ئەدەبی ) و حەقیقی دا لە زۆر شت هاو شێوەن لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی و دژیەکی لە نێوان کاتەکاندا بوونی هەیە ، هەروەکو دەڵێن : (( وێنە لە فیلمدا زیاتر پشت دەبەستێ بە پێوەری عەقڵ ، کە بینەر دروستی دەکات و دەیبەستێتەوە بە واقیع و ناوەرۆکی فیلمەکەوە کە بەهۆیەوە هەست بە هەموو شتێك دەکات )) (١١٤) و لەگەڵی دەژیت بێ ئەوەی هەست بکات بینەرە ، بەڵکو لە ئەنجامی رامانی بینەر لە رووداوەکان و بیرکردنەوە لە چۆنییەتی روودانیان فەزایەکی بیرکردنەوەی فراوان لە زەینی خۆیدا دروست دەکات

**تەوەری حەوتەم :**

**چی دەربارەی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردی نووسراوە :**

---

١١٢- علاء عبدالعزيز السيد ، الفيلم بين اللغة والنص ، ص ١٦٨

١١٣-ليكال يوالداشيف ، قضايا البحث الفلسفية في الفن ، ص ٨٠ - ٨١

١١٤- لۆي دى جانيتى ، فهم السينما ، ت:جعفر علي ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٢ ، ٢٧ .

بەردەوام نوێبوونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان بەڵگەن لەسەر زیندووی جۆری ئەدەب ، گومان لەوەدا نییە هەر ژانرێکی ئەدەبیش خاوەنی چەندین خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی ، کە هەریەکەیان خاوەنی چەندین رەگەز و توخمی تایبەت بە خۆیانن ، لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا بەدوا داچوونیان بۆکراوە ، یا لە رێگەی وتار و کتێبەوە بابەتی لەسەر نووسراوە ، هەرچەندە تەکنیك و توخمەکانی دیکەی رۆمان زۆر توێژینەوەی لەسەر کراوە لە رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤار و پەرتووکەکاندا ئاماژەی پێکراوە ، کەچی زۆر بە کەمی باسی ئەم تەکنیکەیان کردووە . ئەم جۆرە تەکنیکە تەکنیکێکی نوێ نییە ، بەڵکو لەگەڵ سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبی هاتۆتە مەیدان لە دایك بووە ، بەڵام هەستی پێنەکراوە یا ناوێکی تایبەتی وەکو تەکنیکی مۆنتاژی بۆ دانەنراوە .

دیارە تەکنیکی مۆنتاژ ، لە نێو نەتەوەکەماندا تاکو ئێستا بایەخێکی ئەو تۆی پێنەدراوە ، بگرە لە پەرتووکە ئەدەبییەکان و رەخنەگر و شارەزایانی بواری ئەدەب و کاری هونەری لێکۆلینەوەی ورد و زانستیانەیان لە سەر نەکردووە ، ئەگەر کراش بێت لەپەنجەی دەست تێپەر ناکات .

سەبارەت بە تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا توێشویەکی زانستی زۆر باش بەجێ نەماوە ، کە بکرێتە بنەمایەك لێکۆلینەوەی زانستی و ئەدەبی لەسەر ئەنجام بدرێت ، رەنگە هەندێ وتار و لێکۆلینەوەی زانستی بە هێز و سادەی لەسەر کرابێت ، کە بەشێوەی رێپۆرتاژ لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بلاوکرابێتەوە یاخود لە هەندێك پەرتووکی کوردیدا بە چەند وشەیەك باسێکی ئەو بابەتە کرابێ ، بەڵام تاکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی زانستی تۆکمەمان لە ژێردەست نییە کە باس لە تەکنیکی مونتاژ و جۆرەکانی لە رۆمانی کوردیدا بەشێوەیەکی وورد و زانستیانە بکات .

نووسین لەسەر تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆماندا نەك تەنیا لە زمانی کوردی ، بە ڵکو لە زمانی بێگانەش بە فراوانی شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنوسراوە ، جا هۆکارەکەی بۆ ئەوەیە کە ئەم تەکنیکە هێندە بە پێزە و شارەزایان و رەخنەگرانی ئەدەب و کارە هونەرییەکان ناتوانن باڵادەستی بەسەردا بسەپێنن ؟ یا لەبەر ئەوەیە کە ئەم تەکنیکە سوود و بەهایەکی بەنرخی نییە ؟ لەچاو تەکنیك و رەگەزەکانی دیکەی رۆمان . بۆیە باس و لێکۆڵینەوە و وتاری کەمی لەسەر نووسراوە .

لە هەندێ هەوڵدا دەبینرێ باس لەو جۆرە تەکنیکە لە رۆمانی کوردیدا کراوە ، بەڵام ئەو هەوڵانە هەوڵی تاکەکەسن زۆر سادە و ساکارن و نەبوونەتە بەدیاریدە و بەرنامە رێژیان بۆ نەکراوە یاخود نەتوانراوە تاکو ئێستا بەشێوەیەك پەیوەندی مۆنتاژ و هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمان دیار بکرێت .

بۆیە ئەوەی نوسراویشە لەسەر مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا چەند ئاماژەیەکی کورتە ، کە لە رووپەری پەرتووك و رۆژنامەو توێژینەوە زانستیەکان لە ئەدەبی کوردیدا دەبێنرێ ، رەنگە شیاوی ئەوە نەبن بکرێن بە بنەمایەك بۆ ئەو توێژینەوەیە ، چونکە پێوەندی راستەوخۆیان بە بابەتەکەوە نییە ، هەرچەندە ئەو هەوڵانەی لە لایەن ئەو بەرێزانە کراون دەتوانرێت بەشێکیان لە لایەنی مێژووی و ئەرشیفیەوە سوود مەند بن ئەگینا هیچ کەلك و بەهایەکییان نییە و سوودیان لێوەرناگیرێت تەنانەت ئەو نووسین و بڵاوکراوە کوردیانەی دەربارەی بابەتەکە بەچاپ گەیاندراون ، پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە باسەکەوە نییە یاخود هێندە گرینگی و بایەخی پێنەدراوە دەتوانرێ.

دەربارەی تەکنیکی مۆنتاژ ، تاکو ئێستا هیچ پەرتوکێك نییە بە زمانی کوردی جا نووسەری کوردی بێ یا لە زمانی بێگانە وەرگێراو بێت ، سەرەرای کردنەوەی چەندین بەشی هونەری ئەکادیمی تایبەت بە کارە هونەری و بەرهەمە ئەدەبیەکان لە ( پەیمانگا و کۆلیژەکانی ) کوردستان نەبوونی ئەم پەرتووکە یا ناونیشانێکی پەرتوکی کوردی لە سەر تەکنیکی مۆنتاژ خەوشێکی زۆر گەورەیە لەسەر ئەو کەسانەی لە تەکنیکی مۆنتاژ لە ( کۆلیژی هونەرە جوانەکان و پەیمانگای هونەرە جوانەکان ) مامۆستای پسپۆرن دەربارەی بابەتەکە ، ئەو پرسیارەی جێگەی سەرنج تێرامانە بۆچی ؟ تاکو ئێستا نەیانتوانیوە پەرتووکێك بە زمانی کوردی یا لە زمانێکی دی وەربگێرنەوە سەر زمانی کوردی و چاپی بکەن.

بێ گومان نەبوونی پەرتووکێك بە زمانی کوردی دەربارەی ئەو بابەتە ئەوا درزێکی گەورە دەخاتە نێو پەرتووکخانەی کوردیەوە . هەرچەندە لەسەر مۆنتاژی رۆمان هیچ بەرهەمێکی باشمان لە ژێر دەستدا نییە بە زمانی کوردی ، ئەوەی نووسراوە چەند پەرچە کردارێکی مۆنتاژن لە رۆماندا .

رۆمان نووس و نوسەر ( عبدالله سەراج ) لە پەرتووکی ( بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان ) چەند وشەیەکی دەربارەی مۆنتاژ نووسیوە ، کە لە ( تیری رامزی ) وەریگرتووە ، بێ ئەوەی ئاماژە بە بوونی ئەو سەرچاوە بکات کە ئەم پێناسەی لێ وەرگرتووە و دواتر رەخنەگر و رابەرێکی سینەمایی کۆن ناوی دەهێنێت ، ئینجا هەمان ووتەکانی ( تیری رامزی ) بە شێوەیەکی دیکە دادەرێژێت و دەربارەی مۆنتاژ دەڵێت : (( مونتاژ لێکدانی چەند (( لقطه ))یەکە و هەریەکەیان چەمکی خۆی هەیە ، بەڵام پاش لێکدانەکە یەك مانا و مەبەستێکی نوێ پێکدێنن ))[١١٥] ، نووسەر بە هیچ جۆرێك لە تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمان نەدواوە ، بەڵکو زیاتر پشتی بەستووە بە هونەری سینەما .

[١١٥] - عبدالله سەراج ، بەرە و ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیاکان ، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم ، کوردستان – سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٥٧

نووسەرێکی دیکە بە ناوی ( حەسەن جاف ) ، لە پەرتووکی ( چیرۆکی نوێی کوردی ) باس لە مۆنتاژ دەکات چەند جۆرێکی نیشانکردووە ، بەشێکی لە پەرتووکەکەی نزیکەی ( ٣ ) لاپەر دەبێت پەیوەست کردووە بەم تەکنیکە لە ژێر ناونیشانی ( مۆنتاج لە چیرۆکی نوێ ی کوردی دا ) ، نموونەی چەند چیرۆکێك دەهێنێت ، بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەو تەکنیکەی لەسەر پراکتیزە دەکات ، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم نووسەر تەکنیکی مۆنتاژ لە چیرۆك باس دەکات نەك لە رۆمان ، نووسەر زۆر کاریگەرە بە بۆچوونەکانی ( روبیرت هێمفری ) ، تاکە سەرچاوەیە کە سوودی لێوەرگرتبێت ، هەر لەم کتێبەدا باسی مۆنتاژی شوێن و کات دەکات و دەڵێت : (( مۆنتاج دەکرێت بە دوو بەشەوە ، مۆنتاجی کات تیایدا هۆشی مرۆڤ دەبزوێ لە زەماندا ، لە کاتێکدا خۆی لە جێی خۆیایەتی ..... چەشنی دووەمیش مۆنتاژی جێ یە کە تیایدا کات نابزوێت بەڵکو شوێن دەگۆڕێ ))[116] ، ئەگەر سەیری ئەو پێناسانە بکەین دەبینین لە (( پەرتووکەکەی ( روبیر هیمفری ) بە ناوی ( تيار الوعي في الرواية الحديثة ) لە لاپەرە ( ٧٢ و ٧٣ ) دەکەونە بەرچاو ))[117] .

لێکۆڵەرێکیش بەناوی ( میران جلال محەمەد ) لە پەرتووکی ( بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا )[118] ، لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە ، باسی مۆنتاژی کردووە ، بە بێ ئەوەی هیچ نموونەیەك لە سەر ی جێبەجێ بکاتن ، دووبارە ئەمیش پێناسەکانی لە (( پەرتووکەکەی ( روبیر هیمفری ) بە ناوی ( تيار الوعي في الرواية الحديثة ) ، لە لاپەڕە ( ٧٢ ، ٧٣ ) کە باسی مۆنتاژی کات و شوێن دەکات ))[119] وەرگرتووە .

نووسەر ( سابیر رەشید ) لە (( پەرتووکی ( رۆمانی کوردی ، خوێندنەوە و پرسیار ) ، پەیوەندی ئەم تەکنیکە لە گەڵ توخمەکانی دیکەی رۆمان دەخاتە روو ، تا ئاستێکی باش ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە ، بەڵام تەنیا باسی مۆنتاژی ( کات و شوێن )ی کردووە ، زیاتر پشتی بە هونەری سینەما بەستووە ))[120] ، ئەم نووسەرەش کاریگەری ( همفری ) بەسەر دیارە چونکە تەنیا لە دوو جۆر مۆنتاژ دواوە .

نووسەرێکی دیکە کە کاریگەری ( همفری ) بەسەر دیارە ( زاهیر ) رۆژبەیانی )ە ، لە پەرتووکی ( چیرۆکی هونەری کوردی ) باسی ئەم تەکنیکەی کردووە ، پراکتیزە کردنی لە سەر چیرۆك کردووە نەوەك

---

[116] – حەسەن جاف ، چیرۆکی نوێی کوردی ، م : علاء – بغداد ، ١٩٨٥ ، ل ١٠٧ .

[117] – روبرت همفري ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ترجمة د.محمودالربيعي ، دار المعاريف بمصر ، ١٩٧٥ ، ص ٧٢ ، ٧٣ .

[118] – میران جەلال محەمەد ، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا ، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ١٧٨.

[119] – روبرت همفري ، تيار الوعي ، ص ٧٢، ٧٣ .

[120] – سابیر رەشید ، رۆمانی کوردی ، خوێندنەوە و پرسیار ، بەشی یەکەم ، چ : دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٧ ، ل ٨١ .

ڕۆمان ، (( مۆنتاژی دابەشی سەر سێ جۆر کردووە کە ئەمانەن مۆنتاجی ( کاتی و شوێنی و میکانیکی ) ، بیرۆکەی ( همفری ) بەکارهێناوە ، بەڵام هاتووە مۆنتاجی میکانیکیشی بۆ زیاد کردووە ))[١٢١] .

لێکۆڵەرێکی دیکە بە ناوی ( ئەمین عەبدولقادر ) پەرتووکێکی بە ناوی ( تیۆر و تەکنیکێن شرۆڤەکرنا ڕۆمانێ )) هەیە ، لەم کتێبە بەشێکی بە ناوی (( تەکنیکێن مۆنتاجی د ئاڤا کرنا تێکتسێ ڕۆمانێ دا ، ڕۆمانا ( سۆتنگەھ ) وەك نموونە ناوە ، نووسەر بەشێوەیەکی زانستیانە باسی لەم تەکنیکە کردووە ، بەڵام لە هێنانەوەی نموونە پراکتیکییەکان نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستیانە لە سەر ئەم تەکنیکە جێبە جێی بکات ))[١٢٢] ، هەرچەندە ئەمیش کاریگەری بۆچوونەکانی ( همفری ) بەسەر ەوەیە .

سەبارەت بە لێکۆلینەوە ( زانستییەکان و نامەی ماستەر و دکتۆرا ) تاکو ئێستا هیچ نامەیەك یا توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی تەکنیکی مونتاژ لە ڕۆمانی کوردی لە ژێردەستدا نییە ، ئەوەی هەیە بریتی یە لە دوو نامە یەکێکیان (( نامەی دکتۆرای ( تانیا ئەسعەد محمد ) لە سالی ٢٠٠٦ پێشکەشی کۆلیجی زمانی کردووە کە بە ناونیشانی ( بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ) چەند لاپەرەیەکی تایبەت کردووە بەتەکنیکی مۆنتاجی شوێن کە مۆنتاجی کات و شوێنی دیاریکردووە لە ڕۆمانی (ئەژدیها و هێلانە ) دا ))[١٢٣] ئەم نامەیە بە شێوەیەکی زۆر کورت و سادە بەسەر باسی ئەم تەکنیکە دەکات بێ ئەوەی گرینگی بە بەهای مۆنتاژ دیار بکات ، هەرچەندە پراکتیزەی بە نموونەی ڕۆمانەکان کردووە ، بەڵام لە هەندێ شوێندا ، مەبەستی ئەو تەکنیکەی نەپێکاوە و کەوتووەتە ژێر کاریگەری ( همفری ) .

هەروەها (( نامەیەکی ماجستەری ( کارزان موحسین قادر ) بە ناوی ( سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی ) لە نێوان سالّی (١٩٩١–٢٠٠٠) ، پێشکەشی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە ))[١٢٤] ، ئەم نامەیەش چەند لاپەرەیەکی تەرخانکردووە بە باسکردنی تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆمانی کوردیدا ، بەڵام ناوبراو زیاتر پشتی بە بیر و ڕای ( زاهیر ڕۆژبەیانی ) بەستووە ، لە هەمان کاتدا کاریگەری ( همفری ) بەسەر دیارە ، بە شێوەیەك خێرا باسی مۆنتاژ و جۆرەکانی کردووە . بێ ئەوەی نموونەیەکی بۆ بهێنێتەوە

---

[١٢١] – زاهیر ڕۆژبەیانی ، چیرۆکی هونەریی کوردی ، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٤٣ .

[١٢٢] - ئەمین عەبدولقادر ، تیۆر و تەکنیکێن شرۆڤەکرنا ڕۆمانێ ، چ : ڕەوشەنبیری / هەڤلێر ، ٢٠١٢ ، ل ٧١ — ١٠٠ .

[١٢٣] – تانیا ئەسعەد محەمەد صالح ، بینایی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاّحەددین ، هەولێر ، ٢٠٠٦. ل ١٧٧ –١٨٧ .

[١٢٤] – کارزان موحسین قادر ، سیماتازەکانی ڕۆمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٩ ، ل١٠١ — ١٠٣ .

دەربارەی وتار و لێکۆڵینەوە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان تاکو ئێستا هیچ شتێکی بە سوود و زانستی لەسەر ئەم تەکنیکە نەنووسراوە ، رەنگە هەبوو بێ ، بەڵام چاومان پێی نەکەوتبێت .

بە شێوەیەکی گشتی هەر شتێك لە سەر مۆنتاژی کوردی لە ئەدەبدا کە نووسراوە ، رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوانەی لە دوای ئەو دێن و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەن ، ئەگەر لە رووی مێژووییەوە سەیری ئەو بەرهەمانەیان بکرێت ، بێگومان بۆ کاتی خۆی کارێکی مەزن بووە ، کەم نووسەر توانیویەتی لەسەر ئەو بابەتە بنوسێت و پەردەی لەسەر هەڵبماڵێت ، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت هەموو بەرهەمێك کە دەنووسرێت ، شایەنی ئەوەیە تووشی رەخنە و پێشنیاز بێت ، بە مەبەستی سەرخستنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە .

کەواتە ئەگەر سەیری ( مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەدەب و تیۆری ئەدەب ) بکەین لە هیچ شوێنێك باسی ئەو تەکنیکە نەکراوە ، رەنگە باسی کرابێت ، بەڵام نەکەوتۆتە بەرچاومان ، لەگەڵ ئەوەشدا تەکنیکێکە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکاری بهێنیٚ ، ئەوا بەرهەمەکەش سەرکەوتوو دەبیٚ ، بۆیە نەبوونی کەسی شارەزا و پسپۆر و نەنووسینی بابەت و لێکۆلینەوەی توێژینەوەی زانستی جێگەی پرسیارە نەتوانراوە پڕ بەپێست لەو تەکنیکە بگەن و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و دەسەڵاتی زانستیان بەسەر دا بسەپێنن یا بیٚ هێزی و لاوازی تەکنیکی مۆنتاژە لە رۆماندا .

# بەشی دووەم

# بەشی دووەم

# "پێوەندی مۆنتاژ بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە"

## پێوەندی مۆنتاژ بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە :

بێگومان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە چەندین توخم و ڕەگەز پێك دێت، هەر توخمێك خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی ، ڕۆمانیش ژانرێکی ئەدەبییە لەسەر چەند توخم و تەکنیکێك بنیات نراوە ، کە هەریەکەیان بەپێی شێوە و جۆری بەکارهێنانیان گرینگی تایبەتی خۆیان هەیە و هیچ توخمێك لە توخمێکی دی گرنگتر نییە ، بەڵکو هەر توخمێك گرنگی توخمێکی دی تەواو دەکات ، دەقی ڕۆمانیش یاخود توخمە پێکهێنەرەکانی هەر ڕۆمانێك بریتییە لە (کارەکتەر ، ڕووداو ، شوێن ، کات ، زمان ، گێڕانەوە ....... هتد ) کە سەرەکیترین توخمەکانی ڕۆمانن ، پێوەندییەکی توند و تۆڵ و بەهێز لە نێوانیاندا هەیە ، کە هەموویان پێکەوە فەزای ڕۆمانێکی سەرکەوتوو پێك دەهێنێت ، ئەو تابلۆ هونەریانە تەواو دەکەن کە پێی دەوترێ تابلۆی بینای دەقی ڕۆمان .

هەندێك لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران شوێن و پێگەی توخمێك لە توخمێکی دی بەرزتر دەنرخێنن ، ڕۆڵی سەرەکی پێشەنگی پێدەبەخشن ، کە ئەو توخمە لە هەموو توخمەکانی دی ڕۆمان بەهێزترە ، کەچی گرنگی ئەوتۆ بە توخمەکانی دی نادەن ئەوەش هەڵەیەکی ئاشکرا و ڕوونە ، چونکە (( هیچ کامێکیان ناتوانن نکۆڵی لە ڕۆڵی توخمەکانی دی بکەن یان دان بەوە دانەنێت ، کە لابردن و فەرامۆشکردنی هەر یەکێك لەو توخمانە شیرازەی دەقەکە دەشێوێنن کەم و کوڕی کە ئەو کەلێنێك دەخاتە بینای دەقەکە)) [١٢٥] ، کە بەهۆیەوە بەرهەمێکی لاواز و بێ بایەخ دەردەچێ ، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ ، هەر توخمێك ڕۆڵی گرینگ و بەرچاوی خۆی لە دیاری کردنی بەهای ئەو دەقە ئەدەبییە هەیە هەموشیان پابەندن بەیەکترەوە بەبێ ئەوەی هیچ توخمێك ڕۆڵ و گرینگی توخمێکی دی لە دەست بدات ، کە بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە دەتوانرێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنن ، کە توخمەکانی ڕۆمان یەکتر تەواو دەکەن .

مۆنتاژیش وەکو تەکنیکی سەردەم ڕۆڵی لە پەرەسەندن و ناساندنی توخمەکاندا هەیە ، کە هیچ کامێکیان ناتوانن بەبێ بوونی ئەو تەکنینکە ڕۆڵی خۆیان بەتەواوی بگێڕن ، بەڵکو لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەتوانرێ توخمە سەرەکییەکان بەیەکتریەوە پەیوەست کەین .

---

١- تانیا ئەسعەد محەمەد صالح ، بینایی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا ، ل١٢٨ .

دەقی ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانی واقعی فەنتازیای ڕۆماننووسە ، ئەفراندنیش لە خوولگەی هەستەوە دەبێت و وێناندنی لە خانەی ئەندێشەوە بە هاریکاری ئامرازی زمان و نووسین کێشە و دیاریدەکان دەدۆزێتەوە ، دواتر لە ڕێگەی پچڕپچڕ کردنی دیمەنەکان و ڕووداوەکان یا هەر توخمێکی ڕۆمان ، کە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە دەکرێت بە هۆی ئەو بەردەوامییە لەسەر (( نهێنیەکانی دەق دەشێ ئەو شتانەیان پێ بناسێنین و کە لە واقعدا سنووریان بەزاندوە یا مەودای وەسف لێیان دوورە ))[١٢٦] .

بەکارهێنانی توخمەکانی ڕۆمان لە ڕێگەی مۆنتاژەوە تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوە و واقع یاندروست کردنی جیهانێکی ئەندێشەی ، کە پڕاوپڕ بێت لە مەعریفە و فەلسەفە ، بەڵکو لە ڕێگەی مۆنتاژەوە هەوڵدەدرێت توخمەکان زیاتر گوزارشتێکی گشتییان بۆ ژیان هەبێت و بەشێوازێکی بەرنامەڕێژی کەرستە و نەخشەکان بدۆزرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کارێکی هونەری توخمە پێکهێنەرەکان خاوەن پێگە و شوێنی خۆیان تەواو سەربەخۆن و جیاوازن ، بەڵام ناشتوانرێ بوترێ کە پێوەندیان بەیەکتریەوە نییە ، بە پێچەوانەوە توخمەکان لە کاری هونەری ڕۆماندا بە یەکترەوەپەیوەستن .

بۆیە لێکۆڵینەوەی مۆنتاژی هونەری بریتییە لە کۆمەڵێك پێوەندی کە توخمەکانی بەیەکدی دەبەستێتەوە ، هەر ئەم پەیوەندیەش دەبێتە هۆی پەیوەست بوون و کۆکردنەوەی زیاتر لە دەقێکی هونەری بێت یا دەستنیشانکردن و خاسیەت و سیما هاوبەش و جیاوازەکانی کاری بەرهەمە ئەدەبیەکان بێت ، لەبەر ئەوەیە مۆنتاژ لە هەر کارێکی هونەری دا بەو ئاراستەیە ناڕوانێتە توخمە سەرەکییەکانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ، کە تەواو سەربەخۆ بن ، بەڵکو زیاتر لایەنگری ئەو پەیوەندییانە دەکات ، کە چڕژاون وەرگر بۆ خۆی سەرکێش دەکات ، (( کەواتە دەست بردن بۆ شوێن و زەمەنێکی نەبینراو لە دەرەوەی تاقەتی هەست و عەقڵی ئێمە هەوڵێکە بۆ زانینی حەقیقەتی ئەو تێکستە نەبینراوانەی کە دەکرێ مرۆڤەکان دەستی بۆ بەرن و پرسیاری تیا بکەن بۆیە کارکردن ......... بۆ دۆزینەوەی پێگەیەکی دی لەسەر ئەرزی واقیع ، بەشێکە لە دۆزینەوەی ئەو خەونانەی ، کە زمان لە قوناغێکی جودای بووندا لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی زمان و هونەری بیرکردنەوەدا ڕەنگی داوەتەوە))[١٢٧] .

ئاماژەکردن بە سروشتی زمان و هونەری بیرکردنەوەی هونەری نوسینی ڕۆمان تەنیا لەناو دەلالەتی ناوەڕۆکیدا بەرجەستە نابێت ، بەڵکو دەبێت لە ڕووکاری بەکارهێنانی توخمەکاندا ڕەنگ بداتەوە لەبەر ئەوەشە ڕۆمان سنووری واقیع تێدەپەڕێنێ یاخود بە شێوەیەکی دی دەلالەت و واتا لە ڕۆماندا تەنیا ئەو

---

١- ئازاد ئەحمەد مەحمود ، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری ،دەزگای چاپی بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل١٣ .

٢- دانا عەسکەر ، مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق ، کۆمەڵێك ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەب ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل٨ .

هێمایانە نییە ، کە لە ڕێگەی وشەکانەوە ڕۆمانی پێ نووسراوە و چۆن بەکارهێنراوە بەڵکو دەتوانرێت سود لە دەلالەت و هێماکان لەسەر ئاستی بەکارهێنانی توخمەکانی ڕۆمانیشدا وەربگیرێت

هەرچەندە نووسینی دەقی ڕۆمان زیاتر لە ڕێگەی بیرەوەرییە نەك لە ڕێگەی پێشکەشکردنی نووسیندا ، چونکە لە نێوان ڕۆماننووس و وەرگردا زیاتر هەست بە بوونی پارچەبوونی ڕووداوەکان دەکرێت کە هەمیشە پەیوەندی دال و مەدلولی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ، لەبەئەوەی (( هیچ کەسێك ئاگاداری هیچ واتایەك نیە کە لای خوێنەر بە بەرهەم دێت وەك — دال — پێی دەبەخشێ هەرچەندە ئەم واتایە جۆرێك مەیل و حەزە و سەرووتر لە ڕەمزی تێڕامانی زمان جێ دەگرێ . تەنیا خوێنەر بەرهەمی خۆش دەوێ لەسەر بنەمای ئەو مەیل و حەزە و پێوەندی گەلێك دادەمەزرێنێ)) [١٢٨] ، بەم شێوەیە ئەو پێوەندییەی دروست بووە کە پێوەندی (دال و مەدلول)ە لەنێوان ڕۆمان و وەرگردا ، پێوەندیەکی بەتینە و ڕۆماننوس زیاتر وەرگر بۆ ناو بابەتەکەی ڕادەکێشێ ، چونکە ڕۆماننووسی سەرکەوتوو زیاتر لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ ئەنجامی هیچ ڕووداوێك بە ئاسانی بەدەستەوەنادات، بەڵکو هەموو ڕووداوێك کە ڕوودەدات بەر لەوەی بگاتە ئەنجامەکەی ڕووداوێکی دی بۆ دروست دەکات ، وا لە وەرگر دەکات کە تامەزرۆی ئەنجامی ڕووداوەکان بێت لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا هەموو توخمەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە لە خزمەتی ڕووداوێکدا پێشکەشی وەرگری دەکات ، ئەنجامی ڕووداوەکانی دی بۆ هزر و خەیاڵ و بیرکردنەوەی وەرگر جێدەهێڵێن هەموو ئەو کردارانەش لە ئەنجامی تەکنیکی مۆنتاژ دەکرێت .

لێرەدا ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت هەروەکو چۆن توخمەکانی ڕۆمان لە ژێر کاریگەری تەکنیکی مۆنتاژ جوانی و تۆکمەیی بە ڕۆمان دەبەخشن بەهەمان شێوەش توخمەکانی کار لە مۆنتاژ دەکەن تا بەهێزیەك بە تەکنیکەکانی ڕۆمان دەبەخشێت . لەبەر ئەوەی هیچ کامێکیان ناتوانن لەیەکدی دابڕێن بە جۆرێك هەمیشە دەچنە ناو یەکدی زیاتر لەگەڵ یەکدی ئاوێتە دەبن ، بۆ ئەوەی مانایەك بە دەقی ڕۆمانەکە ببەخشن و کە دواجار وەرگر بڕیاری لەسەر دەدات ، بەم شێوەیەش تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆماندا (( دابڕاو نییە لە توخمەکانی دی گێڕانەوە ، بەڵکو دەچێتە ناو پەیوەندییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ توخمەکانی دیکە وەکو گێڕانەوە ، کارەکتەر ، ڕووداوەکان و گۆشە نیگاکان ئاوێتە دەبێ ..)) [١٢٩] ، بە شێوەیەکی بەردەوام هاوسەنگی خۆیان لە دەقی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا ڕادەگرن، بەها و نرخی مۆنتاژ ئەو ساتە دەردەکەوێت کە تا چەند توانیویەتی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ڕۆماندا خۆی بگونجێنێ و پێکەوە بلکێن .

---

١– ڕۆلان بارت ، ڕەخنە و حەقیقەت ، و: ئیسماعیل زارعی ، چ منارە ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل١١٢ .

[١٢٩]–حسن بحراوي ، بنية الشكل الروائي ، المركز الثقافي العربي ، دار البيضاء ، بيروت ، ١٩٩٠ ، ص٣٥ .

## تەوەری یەکەم ... پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن

### یەکەم .... پێوەندی نیوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن لە رووی تیۆری .

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و توخمی شوێن لەڕۆماندا پێوەندیەکی تێکچڕژاوە ، بە جۆرێك لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا شوێن پایەکی بەرزی هەیە ، کە هەموو ئەو رووداوانەی ڕوودەدەن لەکاتە جیاوازەکاندا تەنانەت ئەو رووداوانەی لەخەیاڵی کارەکتەری ڕۆمانیشدا ڕوودەدات ، پێویستە لە شوێنێك ڕووبدا ، بۆیە ڕۆماننووس دەبێت بەوردترین شێوە شوێنەکان لەبیری وەرگردا بچەسپێنێت ، بەجۆرێك هەوڵبدا شوێنی جیاواز و بەدوای یەکداهاتوو لەیەك کاتی جێگیردا بەرجەستە بکات ، ئەمەش لەرێگای مۆنتاژی شوێن لە ڕۆماندا دەکرێت .

بەم شێوەیە مۆنتاژ لە ڕۆمان جیاوازە لە مۆنتاژی دراما و سینەما لە رووی بەکارهێنانی شوێنەکان ، چونکە لە مۆنتاژی سینەما و درامادا ، بینەر لەڕێگای گرتە و دیمەنەکان هەست بە وەستانی کات دەکات ، کە لەچەند شوێنێك ڕوودەدا ، بەشێوەیەك دەرهێنەر گرتە و دیمەنی شوێنەکان بەدوای یەکدا ڕێزدەکات و بەشێوەی بینراو پێشکەشی بینەری دەکات ، کە چەند ڕووداوێك لە چەند شوێنێکی جیاواز دا ڕوودەدەن ، بەڵام دەرهێنەری سینەمایی هەوڵدەدا لەڕێگەی گرتە ڤیدیۆییەکان و ئەو ڕووداوانە بەیەکەوە بلکێنێت ، تا پیشانی بینەری بدات لەیەك کاتدا ڕوویانداوە بێ ئەوەی بینەر هەست بەپارچە پارچە بوونی ئەو ڕووداوانە بکات ، کەچی مۆنتاژی شوێن لەڕۆماندا بەو شێوەیە نییە ، ڕۆماننووس هەول دەدا ، بەجۆرێك دیمەنەکان لەبیری وەرگردا بچەسپێنێ کە کات هیچ گۆڕانێکی بەسەرنایەت و نابزوێت (( بەڵکو شوێن دەگۆڕێ، بەهۆی ئەو مۆنتاژەوە گێرەرەوە لەشوێنێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر، یا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی ))[١٣٠] .

شوێن لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەتایبەتی لەچیرۆك و ڕۆماندا بریتییە (( لەو چوارچێوەی کە ڕووداوەکان تێدا ئاڵۆز دەبن و ڕوودەدەن)) [١٣١] ، واتەشوێن چەشنی درەختێکە کە هەموو کێشە و ململانێکان وەکو گەڵا و قەد و ڕەگ پێوە لکاوە و دواجار ئەو درەختە بەرهەمێکی دەبێت ، بەو واتایەی کەشوێن دواجار چارەسەری هەموو گرفت و ململانێیەکانی نێوان کارەکتەرەکان دەکات ، کە لەنێوانیان بەرپابووە .

دەکرێت نووسەری ڕۆمان لەڕێگەی شوێنەوە پێناسەی کەسایەتی و داب و نەریتی و بەهای مرۆڤایەتی و کلتورییەکانی کارەکتەر بکات ، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیانی کارەکتەر و ڕۆماننووسدا هەبووە، بۆیە ڕۆماننووس هەوڵدەدات جۆرێك لە فەنتازیا و تەکنیکی مۆنتاژ بەکاربێنی بەمەبەستی گۆڕینی عەقلی کارەکتەری ڕۆمانەکە و دواجاریش گۆڕینی عەقلی کۆمەڵ بەهەموو شێوە و چین و توێژەکانیانەوە ، لەڕێگەی ئەم تەکنیکە گۆڕان بەسەر واقیع و شوێنە بەرجەستەکراوەکان دەهێنێت ، بەمەبەستی گواستنەوەی چاوی وەرگر لەشوێنێك بۆ شوێنێکی دی ، کەبیری لێدەکاتەوە و تیایدا چەندین ڕووداوی جیاجیا ڕوودەدەن

---

[١٣٠]– تانیا ئەسعەد محمد ، بنیاتی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ، ل١٧٧.

[١٣١]–د. عدنان خالد عبدالله ، النقد التطبيقي التحليلي ، دار الشؤن الثقافة العامة ، بغداد ، ١٩٨٦.ص ٧٥

هەرچەندە شوێنەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت ، بەڵام بەهیچ جۆرێك کاتەکە گۆڕانی بەسەرنایەت و بەجێگیری دەمێنێتەوە و لەبیری وەرگردا چەسپاوە ، ئەمەش جۆرێك لەجوانی و چێژ دەبەخشێتە ڕۆمان و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی .

هەرچەندە شوێن لەڕۆماندا (( وەکو ڕەگەزەکانی تر پێویست و ملکەچی کاتە ، چونکە لەکاتێکدا شوێنی کەسایەتیەکان دەگۆڕێت و کات نابزوێت ئەمەش پێی دەوترێت مۆنتاژی شوێن))[١٣٢]، هەمیشە نووسەر کاتێك وێنەی شوێنێك دەکێشێت ، ڕەچاوی دەروونی کارەکتەر و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی دەکات، تاکو لەگەڵ ژیان و کەسایەتیەکەیدابگونجێنێت یان هەندێك کات بەشێوەی خەیاڵی دەیهێنێتە بەرچاوی و مامەڵەی لەگەڵ دەکات ، دواتر بە شێوەی وێنەیەکی بیری وەرگر پێی ئاشنا دەبێت ، هەموو ئەو کردارانەی کە ڕۆماننووس دەیکات دەبێت بە تەکنیك ئەنجامی بدات ، ئەویش بە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژە ، بۆ نموونە ڕۆماننووس دەیەوێت باسی گوزەرانی شارێك بخاتەڕوو ، ناتوانێت باسی هەموو خەڵکی ئەو شارە بکات ، بەڵکو دێت لەڕێگەی چەند گرتەیەکەوە نمایشکردنی چەند شوێنێك و وێنەگرتنیان بەچاوی کامێراکەی خۆی قەناعەتێك لای وەرگر دروست دەکات ، کە زیاتر سەرسام بێت بە ڕۆمانەکە.

ڕۆمان یەکێك لەتوخمە سەرەکییەکانی بریتییە لەشوێن ، شوێن لە ڕۆماندا چ ڕاستەقینەیی بێت یا خەیاڵی ، ئەوا پێوەندی بە تێکەڵبوونی کارەکتەر و ڕووداو و کاتەکەوە هەیە ، بەتایبەتی ڕۆماننووس دەیەوێت مۆنتاژی شوێنێك بکات لە ڕۆمانەکەی یان دەبێت لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە شوێنەکانمان بۆ نەخشەکێش بکات ، ئەمیش لەڕێگەی هەست و سۆز و خەیاڵی کاراکتەرەکانەوە دەبێت ، لەکاتی وەسف کردنی شوێنەکان لە لایەن ڕۆماننووسەوە ، زیاتر چاوی کامێراکەی دەخاتە سەر شوێنە جیاوازەکان ، پێوەندی نێوان مۆنتاژ و شوێن دەخاتەڕوو ، کەواتە لەهەردوو حاڵەتدا، کارەکتەر یا ڕۆماننووس ، کە وەسفی شوێنەکان دەکەن سوود لە تەکنیکی مۆنتاژ وەردەگرن ، تاکو بیر و ئەندێشەی وەرگر زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆمان و شوێنەکان دروست بکات .

لەڕێگەی مۆنتاژەوە دەتوانرێت شوێن بکرێت بە سەرچاوەی بەردەوامی ڕوودانی ڕووداوەکان و ململانێی کارەکتەرەکان ، هەروەها لەڕێگەی شوێنەوە دەتوانرێ هەست بەبوونی کەسایەتی کارەکتەرەکان بکرێت بەجۆرێك مۆنتاژ بەشداریەکی کارای لە پێکهاتەی کەسایەتی و ڕووداو و شوێندا هەیە و دەبێتە بەشێك لەو پێکهاتەیە ، ئەو پێوەندییە لەنێوانیان سەلمێنراوە ، کە شوێن لەڕووی سایکۆلۆژیەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاریگەری لەسەر بنیادی دروست بوونی پێکهاتەی جۆری کەسایەتیەکەدا هەیە .

---

[١٣٢]–ڕێزان رحمان خدر ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبدالله سەراج)دا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢، ل٢١١.

بۆیە شوێن لەهەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەڵگری بەها و نرخێکی بەپێزە ، کە (( بەشێکی گرنگ و مێژووی تایبەتی هەموو بەرهەمێکی چیرۆك پێکدەهێنێت پانتایی چیرۆکی پێدەرازێنێتەوە لەهەمان کاتیشدا ناسنامەی چیرۆکەکەی پێ دیاریدەکات ))[١٣٣] .

پێویستە لەڕۆماندا ئەو شوێنانەی ، کە باس دەکرێن زیاتر لەواقعیدا نزیك بێت لە جیهانە ماددیەکەدا دوور نەبێت ، واتە ڕۆماننووس دەبێت زیاتر هەوڵبدا ئەو شوێنانە بەرجەستە بکات لەواقیعدا بوونی هەیە ، تاکو خوێنەری ڕۆمان لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکەیدا بێزار نەبێت ، تا هەست نەکات ئەو شوێنە تەنیا لە خەیاڵ و هەستی ڕۆماننووسدایە ، ڕۆماننووس ڕۆڵی لە دارشتنی شوێندا هەیە ، هەندێك جار ڕۆماننووس لە بنیاتنانی دەقی ڕۆمانەکەیدا پەنا بۆ شوێنی خەیاڵاوی و ناواقعی دەبات و دەیانبەستێتەوە بەشوێنی واقعی ، ئەو کردارەش بەهۆی تەکنیکی مۆنتاژەوە بەرجەستە دەبێ ، بەواتایەکی دیکە کاتێك ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا پەنا بۆشوێنێکی خەیاڵی دەبات ، کە لەواقیعدا بوونی نییە یاخود ئەستەمە بوونی ئەم شوێنە بەستنەوەی بەشوێنێکی واقعی دروستکردنی ئەو پێوەندییە لەنێوان هەردوو شوێندا ، کە شوێنی (واقیعی و خەیاڵی)یە بەهۆی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، کەپێی دەوترێت مۆنتاژی شوێن لەڕۆماندا ، کەواتە ڕۆماننووس لەڕێگەی دروستکردنی وێنەی جیاجیای شوێنی واقعی و خەیاڵ لەڕۆمانەکەیدا ، کە بەوشە دەری دەبڕێت دواتر گواستنەوەی ، بۆ ئەوەیە وەرگر بەشێوەیەك هەست بەبوونی جیاجیای شوێنەکان نەکات کە بە پچڕ پچڕی ڕۆماننووس دەیخاتە ژێر دەستی ، مەرج نییە ڕۆماننووس وەسفی هەموو ئەو شوێنانە بکات ، هەندێك جار لەڕۆمانەکەیدا ئاماژە بەشوێنەکان دەکات ، دواتر هەر ڕووداوێك لە هەرشوێنێك ڕوویدات بێ ئەوەی ڕۆماننووس بگەڕێتەوە بۆ باسکردنی ئەو شوێنە ، وەرگری ڕۆمانەکە ئەو شوێنە لەبیردا ماوە یەکسەر دەزانێت ، کە ئەو شوێنە چۆنە و چی لێیە و لەکوێیە......! ، ئەم کردارەش لەئەنجامی بەکارهێنانی مۆنتاژی شوێنە ، کە هەمیشە بیری وەرگر بەرەو ئەو شوێنانە دەبات ، کە ڕەنگە تەنیا یەك جار لە ڕۆمانەکەدا باس کرا بێ .

ڕەنگە لەهەندێ ڕۆماندا هیچ شوێنێك واقیعی بوونی پێوە دیار نەبێ ، کەچی وەرگر زیاتر هەست بەبوون و شوناسی شوێنەکان دەکات لەڕێگەی خەیاڵی بیری خۆیەوە سنوور بۆ هەموو ئەو شوێنانە دابنێت ، کە بە هیچ شێوەیەك لەڕۆمانەکە باسی نەکراوە ، ئەوەش لەڕێگەی ئەو تەکنیکە کە ڕۆماننووس بەکاری دێنێت پێی دەوترێت مۆنتاژی شوێن ، کەواتە مۆنتاژی شوێن لەڕۆماندا بریتییە لە ڕیزبەندی چەند وێنە و گرتەیەکی جیاواز و ڕووداوی جیاواز کە لەچەند شوێنێکدا ڕوودەدەن، نووسەر دواتر بەهۆی بەش بەش کردن و پارچە پارچەکردنی ڕووداوەکان شوێنەکانیش پارچە دەکات و دواجار کات و زەمەن لەڕۆماندا ڕادەگرێت، تاکو وێنە و ڕووداوی شوێنەکان لەیەك کات لەڕۆماندا پێشکەشی وەرگری بکات ، جا ئەو شوێنە ناوی هێنرابێت یان

---

[١٣٣]–سابیر رشید ، چیرۆکی کوردی ( ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ) ، چ : ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل٢٣ .

نەهێنرابێت . گرنگ ئەوەیە هەر کارێکی ئەدەبی (( شوێن فەرامۆش بکات ، تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات و ناتوانێت ببێتە خاوەن شوناسێکی دیاریکراو ))[١٣٤] .

مۆنتاژی شوێن لە ڕۆماندا ، گرنگییەکی تایبەت بەخۆی هەیە ، لە دیاریکردن و بەستنەوەی وێنەکاندا ، ڕۆماننووسی سەرکەوتوو لەڕێگەی پارچە پارچەکردنی ڕووداوەکانەوە ، کە چەند ڕووداوێکی جیاواز لەچەند شوێنێکی جیاواز ڕوودەدات لەیەك کاتدا ، هەموو ڕووداوەکان لەسەر لاپەڕەی ڕۆمانەکە پێشاندەدا ئەویش لەڕێگەی ڕاگرتنی کات ، هەر ڕووداوێك لەهەر شوێنێك ڕوودەدات، بۆ نموونە ڕووداوێك لە هەولێر، یەکێکی تر لە سلێمانی، یەکێکی تر لە دهۆك ئەو ڕووداوانە لە سێ شوێنی جیاواز ڕوودەدەنلەیەك کاتدا ، ڕۆماننووس لەڕێگەی دەربڕینی چاوی کامێرای ووشەکان و لاپەڕەی ڕۆمانەکە وەکو شاشەیەکی سینەماییە ، ڕووداوەکان بەدوای یەکتردا دەهێنێت باسان دەکات ، کە لەیەك کاتدا ڕوویانداوە ، بێ ئەوەی وەرگر هەست بە تێپەڕبوونی کات و پچڕانی شوێنەکان بکا ئەم کردارەش لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژی شوێنەوە دەکرێت لەڕۆماندا ، هەر ئەمەش جیای دەکاتەوە لە مۆنتاژی شوێنی سینەمایی ، چونکە مۆنتاژی شوێن لەسینەمادا لەڕێگەی چاوی کامێرای سینەماکار و دەرهێنەرە لەسەر شاشەی سینەمادا ، ڕووداوەکان لەشوێنە جیاوازەکان نمایش دەکات وەرگر بەچاوی خۆی نمایشی ڕووداوەکان دەبینێ ، کەچی لەڕۆماندا ڕووداوەکان لەسەر شاشەی لاپەڕەی ڕۆمانەکە نمایش دەکرێ ، بیری وەرگر لەڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانی نێو لاپەڕەکە لەشوێنێکەوە دەگوازێتەوە شوێنێکی دی ، کەواتە لە ڕۆماندا زیاتر گرنگی بەبیری وەرگر دەدرێت کەچۆن چۆنی وێنەکان لەناخیدا بچەسپێنێ و مامەڵە لەگەڵ شوێنە جیاوازەکان بکات چونکە (( مامەڵە کردنی شوێن لەڕۆماندا پێویستی بەزمانێکی (تصویری) بەهێز هەیە ))[١٣٥] ، بەپێچەوانەوە لەسینەمادا زیاتر گرنگی بەچاوی کامێرا و چاویبینەر دەدرێت ، کەڕووداوەکان چۆن چۆنی لەشوێنە جیاوازەکاندا ڕوودەدەن.

بەشێك لە نووسەران و ڕەخنەگران باوەڕیان وایە ، ناکرێت هەموو شوێنێك لەبەرهەمەکانیاندا ناویان بهێنرێت ، تاکو بەرهەمەکانیان پانتاییەکی زیاتری مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت ، هەر وەرگرێك ئەو بەرهەمە بخوێنێتەوە خۆی بەخاوەنی بەرهەمەکە بزانێت و ڕەفتار و ژیار و شارستانیەتی خۆی لەبەرهەمەکە بدۆزێتەوە، واتە هەوڵبدرێت زیاتر بەرهەمەکە دابماڵرێت لەهەموو ئاماژە و ناوێك ، ڕەنگە بەهۆی ئەو ناوە یا ئەو ئاماژەیە وەرگر نەتوانێت بوونی خۆی لە بەرهەمەکە بدۆزێتەوە ، بەڵکو دەبێت بەرهەمەکە دابڕێنێت لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی خودی نووسەر بەرگی ناوچەگەرایی لەبەر بەرهەمەکانیان دابماڵن ، ڕەهەندێکی مرۆڤی بوونی پێ ببەخشن ، بۆیە لەسەر ڕۆماننووس پێویستە بەچاوێکی ئاسایی و پڕ بەزەینەوە وێنەی شوێنەکان لەبەرهەمەکەیدا بکێشێت ، لەڕۆماندا تەنیا وشە و گرێ و ڕستە ... هتد ، کەرەستەی نووسینی زمانین بەس نین بۆ وەسف کردنی شوێنەکان ، بەڵکو لەڕێگەی مۆنتاژەوە فلچە و کامێرا و ڕەنگی وشەکان لە خزمەتی باسکردنی دابن، تاکو زەمینەیەکی لەبار بۆ وەرگر بڕەخسێنێ ، کە هەست بەبوونی خۆی بکات لەناو

---

[١٣٤] – جاستون باشلار ، جماليات المكان ، ت: غالب هلسا ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص٦.

[١٣٥] – زاهیر ڕۆژبەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی (شێوە و شێواز و بونیاد) ، ل٢٧٧.

واقعییەتی شوێنەکە دا ، چونکە شوێن ناوەندێکی کاریگەرییە بۆ خودی کارەکتەرەکان بەواتایەکی دی شوێن پەیوەندی بەهەموو کار و کردەوەکانی ژیانی کاراکتەر و شا کەسی ڕۆماندا هەیە ، بۆئەوەی ڕۆماننووس بتوانێت بیر و بۆچوونی فەلسەفەی خۆی دەربارەی (چۆنیەتی گەشەسەندنی ڕووداوەکان و کارەکتەر و گۆڕانی کات) لەشوێنە جیاوازەکان بخاتەڕوو ، لەڕێگەی دۆزینەوەی ئەو هێلەی پەیوەستی دروستکردنی پێوەندی نێوان توخمەکانی دی ڕۆمان ، ئەو هێلەش ڕۆماننووس زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ دەکات ، کە بریتییە لەبەکارهێنانی مۆنتاژی شوێنی، هەبوونی جۆراوجۆری شوێن پەیوەست بوونیان بەڕووداوەکان و پەرەسەندنی کارەکتەرەکان لەیەك کاتدا ئەوا لەژێرکاریگەری مۆنتاژ دەکرێت ، ڕۆماننووس تا چەند دەتوانێت شوێنە جیاوازەکان وێنا بکات لەبیری وەرگردا ، بۆئەوەی وەرگر لەیادی نەچێتەوە هەر چەندە بەچاو نەیبینیوە ، بەڵام زیاتر وێنەی شوێنەکان لەبیری دەچەسپێ و بیری لێدەکاتەوە ، ئەگەر ڕۆماننووس لەسەرەتای ڕۆمانەکەیدا باسی شوێنێك بکات، دواتر لەبەشی کۆتایی ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بەهەمان شوێن بکاتەوە ، ئەوا یەکسەر چاوی بیری وەرگر دەچێتەوە سەر هەمان شوێن بێ ئەوەی دووبارە وەسفی ئەو شوێنە بکات ، بەواتایەکی دی کاتێك ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی شوێنەوە هەوڵدەدا لەسەرەتای ڕۆمانەکەیدا باسی شوێنێك بکات ، دواتر لەبەشی کۆتاییدا ڕۆماننووس چاوی کامێرای وشەکانی یا بەئاماژە باسی هەمان شوێن دەکات ، ئەوا یەکسەر وەرگر دێتەوە یاد بێ ئەوەی ڕۆماننووس دووبارە باسی ئەو شوێنە بکات ، کە لەسەرەتادا باسی کردووە ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە .

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە ئەگەر مۆنتاژ لە دروست کردنی شوێندا بەکاربهێنرێ ئەوا ئەرکێکی دوو لایەنەی دەبێت، یەکێکیان پێوەندی بەلایەنی جوانی شوێن و لایەنی ڕازاوەیی شوێن و نمایشی شوێنەکە هەیە سەرەڕای ئەو جیاوازییەی ، کە بوونی شوێن لە دەقێکی ئەدەبی وەکو ڕۆماندا لەگەڵ بوونی شوێنێکی واقیعی جیاوازە ، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆماننووسەکە بتوانێت بەها و نرخ و تایبەتمەندی بە شوێنەکە بدات .

ئەویتریان پێوەندی بە خودی کارەکتەر و کەسایەتیەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەیە ، چونکە ناوهێنانی شوێن و باسکردنی هەر شوێنێك کاریگەری لەسەر وەرگر هەیە ، بێ ئەوەی باسی کارەکتەر و هەڵسوکەوتیان بکرێت ، وەرگر تێدەگات کە کار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان چۆنە ، لەبەر ئەوەیە شوێن ناسنامەی هەموو دەقێکە و وێنەی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانە کە ڕۆژانە چی دەکەن و چۆن دەژین و چۆن جوڵە دەکەن ، لە ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتانە ڕووداوەکان پەرەدەسەنن و گەشە دەکەن (( وەسف کردنی شوێن دەشێت بەجۆری قەسیدەیەکی دیاریکراو دابنێن، کە تیایدا هەموو لایەنە ئێستاتیکیەکانی شوێن دەردەخرێت، هەندێك جاریش وەسف کردنی شوێن تەنها بۆ نیشاندانی بەها جوانەکانی شوێنەکان نییە ، بەڵکو لایەنە نێگەتیڤەکانیش دەردەخرێت، هەر بۆیە لەو پارچە گێردراوانەی کە شوێنەکان وەسف دەکرێت هەست بە نیگارکردنێکی سەیر دەکەین شوێنێك دەناسرێت ئەم سەرنج ڕاکێشانە بۆ وەسفکردنی شوێن، خۆی لەخۆیدا گرینگی دان بەشوێن دەردەخات ))[١٣٦].

بەشێوەیەکی گشتی تەکنیکی مۆنتاژی شوێن لەڕۆماندا ئەرك و پێگە و بایەخێکی بەرفراوانی هەیە هەروەها بوار بۆ ڕۆماننووس دەرەخسێنێت کە کۆمەڵێك ڕووداو و کارەکتەر لەڕێگەی مۆنتاژەوە لەیەك کاتدا کۆبکاتەوە

---

١٣٦– محەمەد نوری ئەحمەد ، بونیاد ، زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا ، چ : خاك ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ١٩٤.

بیٚ ئەوەی وەرگر هەست بە وەستانی ئەو کاتە بکات کەواتە یەکێك لە سوودەکانی ئەم تەکنیکە ئەوەیە کە ڕۆماننووس ئاسۆی بیرکردنەوە و پچڕ پچڕکردنی ڕووداوەکانی لەبەردەم دا کراوە و فراوانتر دەبیٚ و دەرفەتی بۆ دەرەخسێت بەپێی پێویست و گونجاندنی هونەری سوود لەهەر تەکنیك و توخمێك وەربگرێت کە بەکاری دێنیٚ کە بەشێوەیەکی دابڕاو پارچە پارچەیی بە وەرگر ئاشنا دەکات ، چونکە بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ توخمەکان دەکات ، جۆرێك لەسەربەستی و ئازدای بۆ دەرەخسێت ، کە ئازاد بێت لە بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکان بەهۆی پارچە پارچەکردنی ڕووداوەکان کە زیاتر لە تەکنیکی گێڕانەوەدا بەدی دەکرێت ، جیاوازی گێڕانەوەکە جێگۆرکیٚ کردنی شوێن لەیەك کاتدا و پارچەبوونی ڕووداوەکان بەدیارکەوتن و نەمانی کارەکتەرەکان خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەبەکارهێنانی ئەم مۆنتاژە ، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی وەرگر و تامەزرۆکردنی ، تاکو بە ئەنجامی ڕووداوەکان بگات ، جیاوازی نێوان گێڕەڕەوەکانیش ، لە ئەنجامی جێگۆرکیٚ شوێنەکان لەسەر زمانی کاراکتەرەکان دەبیستریٚ بوار بۆ فراوانخوازی وەرگر دروست دەکات تاکو دەقەکە زۆر بەپێز تر و واقیعیانەتر پیشان بدرێت ، وەرگر هەمیشە حەز بە خوێندنەوەی ڕووداوەکان بکات و سەرنجی ڕابکێشرێت بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە لە ڕابردوو ڕووداوەکانیان تێدا بەرجەستە بووە ، ڕەنگە لەسەرەتای نووسینی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس هەستی پیٚ کردبێت ، بەڵام پیشانی وەرگری نەدابێت دواتر پەنای بۆ ئەو شوێنانە بردووە تا ڕووداوەکان ڕێکبخات لەڕێگەی تەوژمی هۆشی کارەکتەرەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەئاشکرادەبینرێت کە شوێنی نێو ڕۆمان جیاوازە لەگەڵ شوێنی واقیعی دەکرێت لەچەند ڕوویەکەوەش لەیەکتر نزیك بن یا وەکو یەکیش بن هەروەها دەشێت شوێنی ڕۆمان ببێت بەهەمان ئەو شوێنانەی کە لەفیلمی سینەماییدا نمایش دەکریٚ ئەمیش لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی شوێنە لەدەقە ئەدەبیەکەدا ، کاتێك سینەماکار دێت ڕۆمانێك دەکات بە فیلم هەوڵدەدا زیاتر سوود لەهەمان ئەو شوێنانە وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت کە لەڕۆمانەکە ئاماژەی پێکراوە ، چونکە ڕۆماننووس زۆر بەوردی باسی هەموو ئەو شتانە دەکات کە لەشوێنەکە بونیان هەیە و هەوڵدەدات بەجوانترین شێوە چاوی کامێرای وشەکانی بخاتەسەر شوێنەکە و ئەو شتانەی بونیان هەیە ، تاکو وەرگر لە نمایشکردنیان حاڵی بێت ، کە چۆن چۆنی ڕووداوەکان لە ئێستادا ڕوودەدەن ، کە چۆن چۆنی شوێنەکان گۆڕانیان بەسەر دێت بیٚ ئەوەی کات بووەستیٚ هەر وەکو ( ریچارد دەیلین ) دەڵێت لە مۆنتاژی شوێندا (( هەمیشە شوێنەکان دەگۆڕێن بەشێوەی پچڕی کەچی کات تێدا گوزەر ناکات و جێگیرە ))[١٣٧] .

---

[١٣٧]- http// www.main-vision.com/richard/montage.shtm.

## دووەم : پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن ، پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانەکانی ( کاروان عمر کاکەسوور ) دا

ئەو شوێنانەی ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانیدا باسی کردوون جیاوازن ، خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیانن ، بەپێی شوێنەکان ڕووداوەکان بەڕێوە دەچن ، زیاتر ئەو شوێنانەی بەکارهێناوە واقعین و وەرگر هەست بە بوونیان دەکات ، بەشێکی کەمیشی شوێنی خەیاڵی بەکارهێناوە ، هەروەها شوێنی (هۆگر و ناهۆگر و داخراو و کراوە) لە ڕۆمانەکانیدا بوونیان هەیە ، ڕۆماننووس کاتێك پەنای بۆ ئەو شوێنانە بردووە هەوڵی داوە سود لە تەکنیکی مۆنتاژ وەربگرێت بە واتایەکی دی ، بۆ ئەوەی شوێنەکان ببن بە گۆڕەپانی ململانێ و کێشەکان ، بە جوانترین شێوە نمایش بکرێت و بچەسپێت لە زەینی وەرگردا پێویستە ڕۆماننووس پەنا بۆ تەکنیکی مۆنتاژی شوێن ببات لە ڕۆمانەکەیدا بە مەبەستی چەسپاندنی و وەستاندنی کات و جێگیرکردنی ، ئاوێتەکانی چەند شوێنێکی جیاواز کە ڕووداوەکان لە یەك کاتدا لەو چەند شوێنە ڕوودەدات ، لێرەدا لاپەڕەی ڕۆمانەکە دەبێت بە شاشەی سینەمایی و وشەکان دەبن بە کامێرا بۆ وێنەگرتنی هەموو ئەو شوێنانەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات ، کەچی لە فیلمی سینەمابییدا چەند گرتەیەکی شوێن دەگیرێت لە ڕێگەی چاوی کامێراوە دواتر لەسەر شاشەکە نمایش دەکرێت .

**<u>پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بوکیان گواستەوە)</u>**

شوێن لە ڕۆمانی (**سوارەکان بە قاچاغ بوکیان گواستەوە**) ڕۆڵێکی گرنگی لە گێڕانەوە و دەرخستنی ڕووداوەکان هەیە ، چونکە ئەو شوێنانەی لەم ڕۆمانە باس کراون واقعین ، بەشێکی کەمیان نەبێت خەیاڵین ، بۆیە وەرگر هەست بە بوونیان دەکات ، ئەو شوێنەی لەو ڕۆمانە باس کراوە بریتیە ( لە شار و گەڕەك و کۆڵان و شاخ و چێشتخانە و قوتابخانە و نێو پاسەکە .... هتد ) ڕووداوەکانیان تێدا ڕوودەدات ، بەڵام گرنگترین شوێن بۆ نمایشکردنی هەموو ڕووداوەکان بریتییە لە پاسەکە ، کە هەمیشە بۆ بیری وەرگر وێناکردنی ڕووداوەکانە ، ڕۆماننووس هەوڵی داوە سوود لە تەکنیکی سینەمایی وەربگرێت ، تاکو وەرگر زیاتر تامەزرۆی گرتە و دیمەنی شوێنەکان بێت بۆیە چاوی وشەکانی دەچێتە سەر ( سەنگەر ) ، کە لە هەولێر بەرەو کەرکوك بەڕێ کەوتووە دوای ئەوەی پارەی پاسەکەی بۆ دەدەن ( سەنگەر ) برسییەتی لە چێشتخانەیەك لادەدەن ، ( سەنگەر ) پارەی لا نییە بە خەیاڵی دێت ، کە دەبێت کێ هەبێ ئەو جارە نانەکە بخوات و پارەی بۆ بدات ئەگەر قسەی غەیب زانەکە ڕاست بێت هەروەکو گێڕەڕەوە دەڵێت :

**( ئێستا هێندەی برسییە ، هەرچی بۆ بێنی دەیخوات .. بەڵام کەی لە چێشتخانەیەك لادەدەن ...؟! تۆ بڵێ تێر تێر بخوات و پارەکەشی بۆ بدەن جا کێیە ئەو کەسەی پارەکەی بۆ دەدات ...) (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٢٩ ) ..**

گێڕەڕەوە لە ڕێی بەکارهێنانی مۆنتاژی شوێنەوە ، کات دەوەستێنێ کۆمەڵێك شوێنی جیا جیا لە ڕووداوێك دەخولقێنێ بەو مەبەستەی جوانییەك بە شوێنەکە ببەخشێت ، هەر چەند (( ڕۆماننووس بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی واقیع ناگوازێتەوە ، بەڵکو جارێکی تر دروستی دەکاتەوە و دایدەڕێژێتەوە بەپێی ئەو پێوانانەی ،

که بەجوانتری دەزانی ، بەلام پەراوێزێك بۆ ئەوانی دی دەهێلێتەوە ، تا هاوبەشی بکەن لە وێناکردنی ئەو واقیعەدا ))[١٣٨] ، واتە بەشێوەیەك لەشێوەکان گێڕەرەوە خەیالی خۆی بۆ ناو واقیع دەگوازێتەوە ، دواتر گواستنەوەی واقیع بۆ نێو خەیالی چیرۆك بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو ، تاچەند ڕۆماننووس دەتوانێت ئەو واقعە خەیالییە ، کە لەخەیالی گێڕەرەوە بوونی هەبووە بیکات بەواقعێکی ڕاستەقینە و لەڕێگەی جۆراوجۆری شوێنەکان خەیالە واقعیەکەی پەرتەوازە بکات ، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی پارچەبوونی شوێن و پچڕ پچڕ بوونی ڕووداو و کاتەکان ، ئەمانەش هەمووی لەڕێی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، تا وەرگر تامەزرۆی ئەوە بێت ، کە چ کەسێك پارەی نانخواردنی ( سەنگەر ) دەدات ، ( سەنگەر ) دوای تێر خواردنی ئەم جارە ، خەیالی بەرەو مندالی دەڕوات و کات دووبارە دەوەستێت و شوێنەکە لە چێشتخانە دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی تر بە تایبەتی کاتێك خەیالی دەچێتەوە بۆ سەر باسی خواردنی سەگەکان ، بەچ شێوەیەك و لەچ شوێنێك خواردنیان بۆ دابین دەکات ، دووبارە چاوی کامێرای خەیالی وەرگر لەگەل هەموو گرتەکاندا جارێکی دەگەڕێتەوە بۆ بیری مندالی ( سەنگەر ) ، هەروەکو گێڕەرەوە دەلێت :

**( نازانێت بۆ چیت وت کە سەگەکای خۆی بیردێتەوە کە لەو کەندەی پشت مالیان بەخێوی دەکردن.... دەچووە بازاڕی گۆشت فرۆشەکان و لەناو تەنەکە و بەرمیلەکان بەز و ئێسقانی بۆ دەهێنان پاشماوەی چێشتەکەی خۆشیانی بۆ دەبردن ). ( سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ٢٨–٢٩)**

مۆنتاژی شوێن لە ڕۆماندا ، کات بەهیچ جۆرێك نابزوێت و گۆڕانی بەسەر نایەت ، بەلکو بەشێوەیەکی گشتی کات بەجێگیری دەمێنێتەوە دەوەستێ لەخزمەتی شوێنەکاندا دەبێت ، چونکە لەوجۆرە مۆنتاژەدا شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت ، چاوی کامێرای گێڕەرەوە لەشوێنێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دی ، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات هەموو ئەو شوێنانە ، کە ڕووداوەکانی بەجیا تێدا ڕوودەدات ، گێڕەرەوە دەیەوێت لەڕێگەی مۆنتاژەوە کات ڕابگرێ و وەرگر هەست بەبوونی شوێنە جیاوازەکان بکات ، (( لێرەدا ڕەسەنایەتی نووسەر لە شێوازەکەیدا بەرجەستە نابێ بەلکو لە شێوازی بیرکردنەوە و قەناعەتەکەیدایە))[١٣٩] ، گێڕەرەوە لەڕێگەی نووسینی ئەو پەیڤانەی کەواتا بەواتای ڕووداوەکان دەبەخشن و کاریگەریان لەسەر خودی ڕۆماننووس یا کاریگەریان لەسەر کارەکتەری ڕۆمانەکەوە هەبووە ، بەشێوەی (ئەرێنی یا نەرێنی) قەناعەت لای وەرگر بنیات بنێ ، کە هەموو ئەو شوێنانەی گێڕەرەوە لە ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی پێداوە لە جیهانی واقیعی بوونی هەیە ، بۆیە زۆرجار ڕۆماننووس شوێنەکان زۆر (جوانتر یا خراپتر) پیشانی وەرگری دەدات ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە تەکنیکی مۆنتاژ ، بۆ ئەوەی جۆرێك لە ڕازاوەیی و بەهێزی بەڕۆمانەکە ببەخشێت پیشاندانی شوێنەکان بەلایەنی باش یا خراپی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆشەیەی کە گێڕەرەوەلێوەی دەگێڕێتەوە.

ئەو ژنەی لەتەنیشت( سەنگەر ) دانیشتووە ، هەولدەدات گفتوگۆ لەگەل ( سەنگەر ) بکات و دەرگەی گفتوگۆ بکاتەوە ، چونکە ڕێگەکە دوور و درێژە یەکەیەکە وێنەی شوێنەکان دەگرێت، بەلام ئەوجارە پاسەکە ڕێگە

---

١٣٨– عەبدولرحمان مونیف ، تیشکێك بۆ سەر رۆمان ، و : شیرین ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل٤١.

١٣٩–محمد عصام ، مجلة عالم الفك ر، المجلد التاسع مع العدد رابع ، يناير ، فبراير ، مارس ، ١٩٧٠ ، ص٢٩٢.

هەڵە دەكات ، بۆیە ژنەكە پرسیار لەسەنگەر دەكات دەربارەی ونكردنی ڕێگەی پاسەكە كە بۆ كەركوك دەچێت. هەروەكو دەڵێت :

**( لەوە دەچێت ئێمەیان بەڕێگەیەكی دیكەدا هێنابێت... هەست دەكەم ئەویٚ نییە...). (سوارەكان بە قاچاخ بووكیان گواستەوە ، ل ٢٨) .**

گێڕەرەوەدەیەوێت لەڕێگەی گفتوگۆی كارەكتەر زیاتر بیری وەرگر بۆ نێو شوێنەكە سەركێشی بكات ، كاتێك دووبارە دڵنیا دەبن لەسەر وون كردنی ڕێگا دەڵێت :

**(ئاسان نییە بزانیت ئەو پاسە بە چ ڕێگایەكدا دەڕوات و ئێستا گەیشتوونەتە كویٚ). (سوارەكان بە قاچاخ بووكیان گواستەوە ، ل ٥٨) .**

گێڕەرەوەدەیەوێت گرتەیەكی جیاوازمان لەڕێگەی چاوی كامێرای وشەكانیشەوە نیشان بدات ، لەیەك كاتدا هاتووە هەندێك گرتەی گرتووە دواتر بەشێوەی ووشە داڕشتووە و دیمەنەكانی ڕێكخستووە ، هەروەك دیمەنی لادێیەكمان بۆ بگرێت كە لەچەند لایەكەوە وێنەی هەڵسوكەوتی كار و خەیالی ڕۆژانەی خەڵكەكە بخاتەڕوو بۆیە دەڵێت:

**( ئەمەش لادێیەكی ... پیاوێك بەسواری كەرێكەوە ڕێگای گرتۆتەبەر ... پیرەژنێك باوەشێك داری پێیە... كچێكی هەشت نۆ ساڵان مانگایەكی بەپێش خۆی داوە دوو ژن نان بەتەندوورە دەدەن....). (سوارەكان بە قاچاخ بووكیان گواستەوە ، ل١١٤) .**

پێوەندیی شوێن لەگەڵ چینەكانی كۆمەڵ بابەتێكی كۆنە ، بەڵام گێڕەرەوەلەڕۆمانەكەیدا لەڕێگەی دەربڕینی چەند وشەیەك ، جۆرەها گرتەی ڤیدیۆی لیٚ دەخولقێنیٚ ، كاتێك باسی چینی هەژار و دەوڵەمەند بكات ، كە لەڕووخساری خانووەكانیان هەست بەو جیاوازیە دەكرێت ، كەواتە گێڕەرەوەدەتوانێت لەڕێگەی بەكارهێنانی وشە و چاوی كامێرای وشەكان ڕێگە بەوەرگر بدات ، كە شارەزای هەموو وردەكاری شوێنەكان بێت ، بەبیٚ ئەوەی بەچاوی خۆی ببینێت ، بەڵكو لەڕێگەی داڕشتنی وشەكانەوە وەرگر بیر و بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو ، دەتوانریٚ بوتریٚ مۆنتاژی شوێن لەڕۆماندا ، ئەو مۆنتاژەیە شوێنەكان وەكو خۆی یا جوانتر یا خراپتر پیشانی وەرگر دەدات ، كەچۆن چۆنی كاراكتەر ڕووداوەكان لەیەك كاتدا پەرەدەسێنێت لەشوێنی جیاجیادا ئەمەش توانا و دەسەڵاتی گێڕەرەوەدەردەخات ، كە تا چەند گرنگی بەلایەنی جوانكاری مۆنتاژی شوێن داوە، كەواتە دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت ، كە تەنیا هەر شوێن لەڕێگەی مۆنتاژی شوێنەوە (( قەوارەییەكی ڕاستەقینە دەدا بەڕۆمان و تام و چێژێكی تایبەتمەند دەداتە ڕووداو و كارەكتەرەكان كە لە ئەنجامدا ڕۆمانێك لە ڕۆمانێكی تر جیادەكاتەوە ))[١٤٠] .

---

[١٤٠]– عەبدولرحمان مونیف ، تیشكێك بۆ سەر ڕۆمان ، ل٤١.

لێرەدا ڕۆماننوس لە ڕێگەی نماش کردنی شوێنەوە کۆمەڵێك خەیاڵی بێ ئەنجام لەبیری وەرگردا دەخولقێنێ ، دەربارەی خانوو و ژیانی دەوڵەمەند و هەژارەکان چونکە هەژار و دەوڵەمەند هەمیشە دوو ئاراستەی هاوتەریب یەکتر نابڕن و بە یەکتر ناگەن ، هەروەکو دەڵێت :

**( لەگەڕەکی ئەوبەر دەژیان... ناو بازرگان و دکتۆر و فەرمانبەرە گەورەکان ، شەقامێك لەگەرەکی ئێوەی جیادەکردنەوە بەڵام لەدوو دەوڵەتی سەربەخۆ دەچوون...). (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٣٠)**

پاسەکە دەگاتە کەرکوك لەگەراج دەوەستێ ( سەنگەر ) دێتە خوارەوەی سەیری دەوروبەری دەکات و چاودەگێڕێ تا دەست گیرانەکەی دێت ، بەڵام ژنەکە ئاگاداری دەکاتەوە ، کە کەرکوکە و هیچ شتێك تێدا مەحاڵ و ئەستەم نییە تەنیا کورد بوونی تێدا مەحاڵە ، بۆیە گێڕەرەوە چەند دیمەنێکی شوێنەکان دەخاتە بەرچاوی وەرگر هەروەك دەڵێت:

**( ژنەکە لەسەنگەر دەپرسێت چاو بۆ دەست گیرانەکەت دەگێڕیت ... بەڵکو لەپڕ پەیدا بێت و باوەشت پێدا بکات، بەڵام ئێرە (کەرکوك)ە... تەنیا بینینی ڕووخساری بەسە، هەتا تەواوی هونەرەکانی سیحر و پێشبینی و خوێندنەوەی ناولەپ و خوێندنەوەی بەخت و خوێندنەوەی غەیب و هەموو خوێندنەوەکانی دیکەی لەلا بەتاڵ بێتەوە). (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ١٦٨) .**

**پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن لە** ڕۆمانی **( کازینۆی مندالآن )**

پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ توخمی شوێندا لەڕۆمانی ( **کازینۆی مندالآن )** پێوەندییەکی یەکانگیرە ، ئەو شوێنانەی لەم ڕۆمانە باس کراوە ، زۆربەیان واقعین و بەرجەستە دەبن ، ڕۆمانەکە پێوەندی مێژووی هەولێرمان لەگەڵ کورد و نەتەوە جیاوازەکانی دی بۆ دیاریدەکات ، جگە لە هەولێر لەهەندێ شوێنی تر ئاماژە بەشاری بەغدا و شوێنی تر کردووە ، ناونیشانی ڕۆمانەکە پەیوەستە بە شوێنێك ، کە پێی ووتراوە (( کازینۆی مندالآن )) .

گێڕەرەوە لە ڕێگەی چەند کارەکتەرێکەوە وەسفی شوێنەکان دەکات و بەهۆی چاوی کامێرای ووشەکانەوە جێگۆرکێ بە ڕووداوەکان دەکات ، بەڵام کات تێدا نابزوێت و جێگیرە ، ( مامۆستا سوهاد ) کاتێك دەست لە تەکسیەکان ڕادەگرێت شوفێرەکان گاڵتەی پێدەکەن ، تەنیا یەك شوفێر نەبێت کە ئەو شوێنە پێدەزانێت و هەڵدەگرێت دەبیات بۆ ( کازنۆی مندالآن )، ( مامۆستا سوهاد ) لەنێو تەکسییەکە بەرەو ( کازینۆی مندالآن ) بەرێکەوتوو ، بەڵام خەیاڵی دەڕوات بۆ جلی بوکێنی ( تیشکەکان ) هەموو ئەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆکاری لێکجیابوونەوەی لەگەڵ ( تیشکەکان ) هەروکو گێڕەرەوە دەڵێت:

**( توند جانتاکەی بەسینگییەوە دەنێت ، تەنیا جیهازی بوکێنی (تیشکەکان)ی تێدایە ، دە ساڵ لەمەوبەر کاتێك تیشکەکان بەبێدەنگی بڕیاری جیابوونەوەی دا بەشێکی زۆری شتو مەکەکانی لەجانتایەك ئاخنی و بردنی ، بەڵام نەیزانی ئەوەیان بە قەستی جێهێشت یا لەبیری چوو ......... هەرگیز باوەڕی نەدەکرد دوای پەنجا و سێ ساڵ ژیانی هاوسەرگیری لەپڕ بڕیارێکی لەم شێوەیەیدا بدات) (کازینۆی منداڵان ،ل ١٢–١٣) .**

قەلاّی هەولێر هەموو کات و زەمەنێك ڕەمزی خۆڕاگری و بەرخودان بووە ، بۆیە دەبینرێ گێڕەڕەوە ئاماژەی بەو قەلاّیە کردووە ، بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لە قەلاّو دەوروبەری ڕوویانداوە کاتێك ( مامۆستا سوهاد ) باسی شەوی ئاهەنگی بوکێنی دەکات ، کەلەچەند وێنەیەکی جیاواز لەچەند شوێنێکی جیاواز نمایش دەکات ، بەتایبەتی ئەوساتەی دەچێتە سەربانی چۆن دەچێتە ژوورەکەوە ، ژوورەکە چی لێ بوو لەدرزی پەنجەرەکە بەهاوین چ گەرمییەك دێتە ژوورەوە دەڵێت:

**( لەگەڵ گواستنەوەی قاچی لەسەر هەر پایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە ، شەرمەکەی قورستر دەبوو ، بەڵام نەیدەتوانی ئەو خۆشیە بشارێتەوە ... کزەبای ناوەڕاستی ئەیلول لەدرزی پەنجەرەوە دزەی دەکرد و لەودیو پەردە سپیەکەی دەلەراندەوە کە بەوێنەی دەیان پەپوولە نەخشابوو بۆنی عەتر لەژوورەکەی دەهات ........)( کازینۆی منداڵان ، ل ٥٣).**

تەنانەت هەندێك جار بەکارهێنانی چاوی کامێرای وشەکان زۆر باشترە لەبەکارهێنانی کامێرای سینەمای شوێنەکان جیاوازن ،، بەواتایەکی دی بەوردی ناچێتە کرۆکی شوێنەکە و پەنجە لەسەر هەموو نادیارەکانی شوێنەکە دانانێت تەنیا ئەمە پیشانی بینەر دەدات کە دەکەوێتە بەر زوومی کامێراکە ، بەڵام گێڕەڕەوە لەڕێگەی داڕشتنی وشەکان و چاوی کامێرای وشەکان باسی ئەو شوێنە و وردەکاریەکانی شوێنەکە دەکات کەچی لێ یە و چی لێ بووە و چی لێ ڕوودەدات ؟؟ گێڕەڕەوەدەتوانێ لەسەرەتای باسکردنی شوێنەکە یا دوای باسکردنی شوێنەکە باسی ئەو شوێنە بەهەموو وردەکاریەکانی لە ڕابردوو ئێستادا چۆن بووە ، بۆیە بە دیاردەکەوێت ، کە شوێن سەکۆی هەموو توخمەکانی دی ڕۆمانە و لەچوارچێوەی چیرۆکی نێو ڕۆمانەکە گرینگی و بەهای تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بەم شێوەیەش دەتوانرێ بوترێ ((بەبێ دیاریکردنی شوێن، ئاستەمە ڕووداو بوونی هەبێت))[١٤١] ، لەبەر ئەوەی هەر شوێنێك لەهەر چیرۆکێکی ڕۆماندا جۆرێك لەجوانی و بەپێزی دەدات بەڕۆمان و توخمەکانی ، مەبەست لەجۆرێك لەجوانی واتە هەندێك جار ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی شوێنەوە ئەگەر ئەو شوێنە لە واقیع جوان بێت یا ناشیرین دەتوانێ باشتر یا خراپتر پیشانی وەرگری بدات ، لە ڕێ ی واتا و دارشتنی وشەکانی بەجۆرێك هەندێك جار ئەو شوێنە ئەگەر لە واقعیدا

[١٤١]– پەروین عبداللە ، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا ، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٩.

بوونی هەبێ زۆر دڵگیر و جوانی بەخشە ، کەچیگێڕەرەوەلەڕێگەی دارشتنی وشەکانی هێندە نزمی دەکاتەوە وەرگر تووشی گومان و دوو دڵی دەکات یا شوێنەکە بەرچاو نییە ، کەچی گێڕەرەوەبەهەمان شێوە هێندە جوانی دەکات و دەیرازێنێتەوە ، بەهیچ شێوەیەك لەشوێنی حەقیقی خۆی ناچێت ئەم کردارەش لەلایەن گێڕەرەوە دەکرێت ، لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژ تا وا لەوەرگر بکات مەودای بیرکردنەوە و ئاستی تێگەیشتنی لە واتای شوێنەکان فراوانتر بێت ، بۆیە هەمیشە مۆنتاژ وا لە شوێن دەکات نرخێکی جوان و هزری بە چیرۆکی ڕۆمان ببەخشێت ، گێڕەرەوە لەسەر زاری ( وریا ) وەسفی خانووەکەی ( ئارۆن و مارینا ) دەکات ، وەکو دەرهێنەری سینەمایی بەچاوی کامێراکەی هەموو خانووەکە وێنە دەگرێت نمایشی دەکات ، گێڕەرەوەلەڕێگەی دەربڕینی ووشەکان چاوی کامێراکەی دەخاتە سەر خانووەکە و هەموو شتەکان پێناسە دەکات ، وشەکان دەبن بەشاشەیەك خانوەکەی تێدا نمایش دەکرێت و کە چی لێیە و چۆنە و چی تێدایە ؟ ، بەلام پرسیارێك کە وەرگر دەخاتە گومانەوە ئەوەیە ، کە بۆچی خانووەکەیان دوو دەرگایەو یەکیان لە ڕۆژهەلاتە و سپییە و یەکیان لە ڕۆژئاوایە ڕەشە ، دوای خوێندنەوەی چەندین لاپەڕی ڕۆمانەکە ئینجا وەرگر لە مانای دەرگاکان دەگات هەروەکو دەڵێت :

**( ڕووبەری خانووەکەمان زۆر گەورە نەبوو ، بەلام لە دوو نهۆم پێکدەهات .... حەوشەیەکمان لەپێشەوە و یەکێکمان لەدواوە هەبوو ئەگەرچی ئەوەی پشتەوە لە سێ چوار مەتر دووجا تێنەدەپەڕی ... دوو دەرگاشمان هەبوو یەکێکیان لە ڕۆژهەلاتی دەڕوانی ئەوی دیکە لە ڕۆژئاوا ... باخەکەیش بەشی خۆی جوانی بەماڵەکە دەبەخشی ، ژووری نووستنی ئەوان لە خوارەوە ئەوەی من لەنهۆمی سەرەوە ....)( کازینۆی مندالآن ،ل ٧٩).**

ئەو کاتەی کە ( ئارۆن ) کوژراوە ، لەخوارەوە ( وریا ) دەچێتە ژوورەکەی دەخواتەوە ، وەکو هەموو ڕۆژی پێنج شەممان لەبەرئەوەی ترساوە چونکە دەفتەرەکەی ئارۆن هەندێك شتی دەربارەی ( وریا ) تێدا نووسراوە و ( وریا ) هەست بەترس دەکات لێکۆڵینەوە بەردەوامە لەگەڵ ( مارینا ) لە لایەن پۆلیسەوە ( وریا ) لە ژوورەکەیدا خەریکی خوارنەوەە و هێندەی پێ ناچێت دەرگای ژوورەکەی جیرەی دێت گولدان دەیکاتەوە دواتر گولدان و ( وریا ) ئاوێزانی یەکتر دەبن و بێ ئەوەی بیر لە کوشتنی ئارۆن بکرێتەوە کە لەخوارەوە پۆلیسەکان لە ڕوداوەکە دەکۆڵێتەوە هەروەکو ( وریا ) دەڵێت:

**( هەندێ شتیان لەبارەی منەوە بەرچاو کەوتووە و دەیانەوێت لێکۆڵینەوەی ترم لەگەڵ بکەن ، بۆیە هێندەی دیکە ترسام بەلام کاتێ دەرگا ترازا گولدانم بینی هات لەبەرامبەرم وەستا ............... فریا کەوتبووم بوتلەکە بشارمەوە ) ( کازینۆی مندالآن ، ١١٦) .**

**( ئەوەم خستە بەرچاو کە ئەوەتا تەرمی ( ئارۆن) هێشتا لەماڵ نەچووەتە دەرێ و ئەمە بۆمن وەك ڕیسوا بوون وایە ، بەڵام سەری نەگرت خۆیشم نەمزانی کەی لێوم گەیشتبوە لێوی چۆن ئاوا پێکەوە لکابوو ..لام ڕوون نەبوو ئاخۆ ئەو دەست پێشخەریە هی ئەو بووە ، یان هی من ، چونکە وەك بڵی ی لەخەودا ڕووی دابێت...) (کازینۆی مندالآن ، ل ١١٨–١١٩).**

دروست کردنی گەڕەکێك بەناوی شاعیرێك و دانانی کۆڵان بەپێی ریتم و کێشی شیعر و دروست کردنی بناغەی خانووەکان بەبێ وشەی برگەی شیعردا ، کە لەواقعدا بونی نییە ، کەچی ( مەردان خودا داد ) بەهۆی لێزانی بەهرەمەندی لە تەلارسازی هەوڵی داوە لەڕێگەی فێڵ و پیلانەکەی خۆیەوە گەڕەکێك بەناوی شاعیر ( ئاگرباز ) دروست بکات ، کە گوایە گەڕەکێکی ئەفسانەییە گێڕەڕەوە لە سەر زاری ( خودا داد ) دەڵێت :–

**( دەیەوێت گەڕەکێك لەسەر شێوازی شیعرەکانی ( ئاگرباز ) دابمەزرێنێت .... دەیانەوێت بزانن ئاخۆ ڕاستە گەڕەکێك لەشێوەی دیوانی شاعیرێك دادەمەزرێت مرۆڤ دەتوانێت وەك پیتی سەرکاغەزو تەختەی نووسینی خوێندنگا بخوێنێتەوە ... ڕووبەری خانووەکە بەپێی دیوانەکە دابەش دەکات ...) و( باپیرم بۆی دەرکەوتووە ئەوانەی سەرەوە ناوێرن بڕیاری تێکدانی خانوەکەی ( ئاگرباز ) و نەهی گەرەکەیش دەربکەن ...... ترسیان لەوەیە ئەو خەڵکە لێیان ڕاپەڕن ...)( کازینۆی مندالآن ، ل ٢٧٢).**

زۆرجار وەرگر هێند تێکەڵاوی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەبێت نازانێت کەی دەگاتەوە ئەو شوێنەی ، کە لەسەرەتاوە ئاماژە بەبوونی کراوە ، گێڕەڕەوە لەڕێگەی ئاوێتەکردنی ڕووداوەکان شوێنەکان پارچە پارچە دەکات ، لەشوێنی جیا جیا ڕووداوەکان نمایش دەکات و کاتیش تێدا نابزوێن جێگیرە ، ڕۆماننوس لەسەرەتادا باسی ( کازینۆی مندالآن )ی کردووە ، دواتر چیتر باسی ئەو گازینۆیە ناکات ، تاکو کۆتایی بەشی سێ یەمی ڕۆمانەکە دووبارە کازینۆیەکە دێتە نێو گۆڕەپانی ڕووداوەکان و ڕوون دەبێتەوە ، ئینجا دێتە سەر باسی گازینۆکەی باپیری و کە کەسێك بەناوی ( شێرکۆ ) توانیویەتی ئەو کازینۆیەی ، کەس نەدەهات بۆ چا خواردن ئێستا بە هۆی ئەوەوە بووەتە قەرەباڵغترین شوێن و توانیویەتی قەرەباڵغییەکی زۆر لە چایەخانەکەی دروست بکات هەروەکو کاراکتەر ، شوێنەکە پەرەدەسەنێت دەڵێت :–

**( باپیرم هێندە لێی توڕەدەبێت و پێی دەڵێت :**

**–هەستە برۆ دەرەوە کوڕی قەحپە ... تۆ کێیت لەو دوورەوە بێیت و گاڵتە بەمن بکەیت ... شاگردەکەی دێت و بەشەق تێیهەڵدەدات ، هێشتا باپیرم لەبەرخۆیەوە جنێوی پیس دەدات شێرکۆ هەموو دەم و چاوی خوێنە لەبەر دەرگای ئەو گازینۆیە بەشێوەی کۆمیدی باسی خۆی دەگێڕێتەوە و چیرۆکێکی سەیری لێدەخولقێنێت ، بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ... بەڕادەیەك ئەو خەڵکەی لەوێ کۆبوونەتەوە تێکڕایان لە**

**قاقای پێکەنین دەدەن ... سکی خۆیان دەگرن ... گازینۆ دوو جمەی دێت و دوو دوو لەسەر یەك کورسی دادەنیشن ... شاگردەکەی بەتەنیا فریا ناکەوێت خەڵوز بگەشێنێتەوەو چا لێبنێت ... خێر کوڕێکی تری شاگرد دەگرێت ... )( کازینۆی منداڵان ، ل ٢٤٣– ٢٤٤).**

وریا باس لەو شوێنانە دەکا هەمیشە ( سوهاد ) ی تێدا وون دەبوو بەتایبەتی کاتێك دەهاتنە بازاڕ ، ڕۆماننوس کۆمەڵێك شوێنی جیاجیامان بەوێنە دەوروژێنێ و نمایشی دەکات ، تاکو وەرگر هەموو ئەو وێنانە کەلەشوێنە جیاجیاکان بوونیان هەبووە لەناخ و بیری خۆیدا جێبهێڵێت و تێکەڵی بەشێك لە یادەوەرییەکانی منداڵی خۆی بکات، بۆیە کۆمەڵێك شوێن جیا لەکۆمەڵێك گرتەدا کۆدەکاتەوە یەك بەدوای یەکدا پێشکەشی وەرگری دەکات ، هەروەکو لە سەر زاری وریا منداڵی خۆیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

**( ئیتر لای زۆربەی دوکاندارو دەستفرۆشەکان ناسرابوویت ... جارێك لەپشت فەردە گەنمە هەڵچنراوەکان و جارێك لەناو بەڕ و مافورەکانی مەزاتخانە ... نیوەڕۆیەك لای گۆزەفرۆشەکان و ئێوارەیەك لای زەنبیلەو سەبەتەی ژنە خۆشناوەکان ... دیمەنی تۆ هەمان دیمەن بوو نەدەگۆڕا ) (کازینۆی منداڵان ، ل ٧١).**

**پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن لە** ڕۆمانی **( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان )**

یەکێك لە توخمە بنچینەییەکانی ڕۆمان کە گۆڕەپانی ڕووداو بەسەرهاتەکانە بریتیە لە شوێن ، شوێن لە ڕۆمانی ( **کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان** ) زیاتر شوێنەکان واقعین و بەشێکی کەمیان نەبێت خەیاڵین ، شوێن لەو ڕۆمانەدا شاخ و داخی کوردستانە کە ڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەرەکان وەسفیان دەکات ، ڕۆماننووس بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژی شوێن لەو ڕۆمانەدا زیاتر هەوڵی داوە زەمەن و کات ڕابگرێت و جێگۆڕکێ بە شوێنەکان بکات و دواتر لە ڕێگەی مۆنتاژەوە شوێنە جیاوازەکان بەیەکتر ببەستێتەوە، بەشێکی شوێنەکان ترس دەخەنە دڵی وەرگر و کارەکتەر بەشێکی تریان ئومێد و بوێری بۆ وەرگر و کارەکتەرەکان دروست دەکەن .

هەروەها نابێت ئەوە لەیاد بچێت ، شوێن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبەهێزکردن و نزم کردنەوەی ( ڕۆڵی کارەکتەر و ڕووداو و کاتەکان ) ، زۆرجار ڕۆماننووس وەکودەرهێنەری سینەما لەڕێگەی مۆنتاژەوە جۆرێکی ترس لەشوێنەکە دروست دەکات بۆ نموونە (( دەرهێنەری سینەما هەوڵدەدات سامناکیەك بەشوێنێك ببەخشێ لەڕێگەی تاریك کردن و دروست کردنی دەنگی کاریگەری نەبینراو تاکو وا لەبینەر بکات جۆرێك ترس و گومان و دڵەراوکێ لەلای دروست بێ ))[١٤٢] ، بەهۆی تاریك کردنی شوێن و دروست بوونی دەنگی مەترسیدار ، کە کارەکتەرەکان دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی بەهەمان شێوە بینەریش لەژێر کاریگەری ڕووداوەکان ، دەبێت بەبەشێك لە کارەکتەر و تێکەڵاوی فیلمەکە دەبێت ، هەروەکو چۆن ئەکتەری فیلمەکە ترسی لێ نیشتووە ،

[١٤٢]– ريجين كرانت ، الواقعيه، موسوعة المصطلح النقدي ، ترجمة دكتور عبدالواحد لؤلؤه، ص٣٠. ئەنترنێت

بەدوای شتێ دەگەڕێ ، کە ڕەنگە لەو شوێنە بیدۆزێتەوە بەهەمان شێوەش بینەریش تێکەڵاوی فیلمەکە دەبێت بەدوای چارەنووسی ئەکتەر و ون بووەکان دەگەڕێت ، لەناکاو شوێنەکە دەگۆڕێت بینەر بیر لە چارەنووسی شتێك دەکاتەوە ، کەچی شتێکی تر دروست دەبێ لەو شوێنە ئەو تەکنیکەی کە سینەماکار لە فیلمەکەی بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی سامناکیەك بۆ شوێنەکە ببەخشێ بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە بەهەمان شێوەش ڕۆماننووس جۆرێك لە سامناکی دەدات بە هەندێك شوێنی ڕۆمانەکەی بۆ ئەوەی کارەکتەری ڕۆمان تووشی ترس و گومان بێت کە بەچ شێوەیەك ڕووداوەکان ڕوودەدەن بەدوای چارەنووسی چ دەکەوێت لەو شوێنە کە سامناکە هەروەکو ڕۆماننووس هەندێك جار شوێنێك هەڵدەبژێرێ کە تاریك و سامناکە ڕۆمانووس ناتوانێت وەکو فیلمی سینەمایی لەڕێگەی کامێراوە شوێنەکە پێشکەشی بینەر و وەرگری بکات بەڵکو ڕۆماننووس پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وشەکان و لەڕێگەی چاوی کامێرای وشەکان گوزارشت لەشوێنەکان دەکات، ڕۆماننووس لەسەر زاری ( ئامانج)ەوە چەند گرتەیەکی جیاوازی گوندێك نمایش دەکات کە لە یەك کاتدا چەند ڕووداوێك لە چەند شوێنێکی جیادا ڕوودەدەن لە ڕێگەی داڕشتنی وشەکانەوە ئاراستەی وەرگری دەکات و دەیگوازێتەوە بۆ بیری وەگر ، دوای ئەوەی لە شاخ گەڕاوەتەوە لەلایەن ژنێك جوان چەور دەکرێت جلێکی تر لەبەر دەکات سەیرێکی گوندەکە دەکات کە تا چەند سامناکە و تەنانەت یەك ڕۆح لەبەرش بوونییان نییە و دەڵێت :- **(سەیرێکی ناو گوندەکەم کرد، کەسی دیکەم بەرچاو نەکەوت ... تەنانەت باڵندەیەك ، پشیلەیەك ، ڕێویەك سەگێکم نەدەبینی ... نە دەنگ و نە ڕەنگی هیچ زیندەوەرێك ...... ) (کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان، ل١١) .**

**دوای ئەوەی ( دلارام ) لە حەمام جلەکان دەشوات و ( دایە ڕوقیە ) بە چاوێکەوە لە ( ئامانج ) دەگەیەنێت کە بچێتە دەرەوە لە حەوشەکە قسەی لەگەڵ بکات دەربارەی ناردنی پارە بۆ (عومەر)ی کوڕی ، لە هەمان کاتیشدا ( دلارام ) خەریکی هەڵخستنی جلە شوراوەکانیەتی کە تەنوورەکەی ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە جۆگەلەیان دەبەست ... ( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ل١٣٦و١٣٧ ).**

ڕۆماننووس کۆمەڵێك گرتە و ڕووداوی تێکەڵ یەکتر کردووە کە لە یەك کاتدا ڕوودەدەن بە تایبەتی کاتێك باسی نەخۆشیەکەی ( ئازاد ) دەکات کە بەخەبەر دەبێتەوە لە یەك ساتدا لە ڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانییەوە شوێنە جیاوازەکان دەکاتە چەند گرتەیەك ، بۆیە لەسەر زاری ( ئازاد ) دەڵێت :-

**( پەنجە تەزیوەکانی دایکت سنگتیان دەشێلا و هەر ئەوانیش بێداریان کردبوویەوە ، بەڵام (دادە مونیرە) و (بەهار)ت نەبینی ... هەتاو بە خاولی قژی وشك دەکردەوە ... (دادە دلارام) لەسەر کورسیەکی شەقوشڕ دانیشتبوو کتێبی شانۆگەری (کۆپانی)ی (مارسێل پانیۆل)ی دەخوێندەوە و ناوە ناوە پێدەکەنی ...)(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان، ل٢٥٥) .**

له ڕێگەی کاتی بەیانییەوە گێڕەرەوە کۆمەڵێك وێنەی سەرنج ڕاکێش ئاوێتەی یەکتر دەکات ، کە بە پچڕ پچڕی لە شوێنەکان گیراون ، کە تێدا دەنگی منداڵ و سەدای دەست فرۆش و گمەی کۆتری ماڵەکان تێکەڵی یەکتر دەبێت هەروەکو لە سەر زاری ( ئاراس ) ئەو دیمەنە نماش دەکات و دەڵێت :-

**(با ئامانج خەبەری نەبێتەوە .. خەوی سووکە ... بەیانی کاتێ چاوت هەڵهێنا ، هەتاوی ماسی لە دەلاقە و پەنجەرەوە بە ژووردا پەرش دەبووەوە .. گمەکی کۆتری ماڵانی گەڕەکت دەبیست جار جار قاژ و قیژەی منداڵان و بانگ و سەدای ئەو دەست فرۆشانە ، بە کەل و پەلەکانیاندا هەڵدەدا ، دەگەیشتە ژوورەوە و نەیاندەهێشت لەوە زیاتر لەناو جێگادا بمێنێتەوە .. (ئاراس)ت نەبینی ... چاوت بۆ جانتا بۆڕەکەی گێڕا و ئەویشت نەدی کە دوێنێ بەردەوام وەکو سەرین پشتی پێ دەدا، بۆت دەرکەوت لەوێ نەماوە ............... ئەگەرچی نەتدەزانی دەگەڕێتەوە یا نا ...)( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ل٢٨٠-٢٨١) .**

( سۆزان ) لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بیر لە هەموو ئەو ساتانەی ژیانی دەکاتەوە ، کە بۆ یەکەمجار هەڵوێستەی بەرانبەر کردووە ، دەیکات بە چەند گرتەیەك وەرگر تامەزرۆ دەکات ، کە لە قوتابخانە بۆ یەکەمجار چی دەکات و یەکەمجارگەیشتوەتە کەمپەکانی چۆمان چی کردووە ، ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمجار ئامانجی بینیوە ... دەترسێت لەوەی ئێستاشی ببێت بە بەشێك لە ڕابردوو ، گێڕەرەوە کۆمەڵێك پرسیار و وێنەی فەلسەفی لە ڕێگەی شوێنە جیاجیاکانەوە دەخولقێنێ و کات تێدا وەستاوە هەروەکو دەڵێت :-

**(کاتێك لە ڕێگەی خەیاڵەوە بۆیان دەگەڕێمەوە ، وەك یەکەم ڕۆژی چونم بۆ قوتابخانە ، یەکەم ڕۆژی گەیشتنم بە کەمپەکانی دەوروبەری چۆمان ساڵی حەفتا و چوار لەگەڵ دایکم و باوکم و هەژاری برام ، یەکەم ڕۆژی قسەکردنم لەگەڵ (ئامانج) و زۆری تر ، بۆیە دەزانم ڕۆژگارێك دێت چەند بڵێ بیری ئەمڕۆشم دەکەم ) (کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ل ٣٠١ )**

گێڕەرەوە لە ڕێگەی چەند گرتەیەکی شوێنەوە نمایشی کار و پیشەی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانمان دەکات لە ماڵەوە ، هاتووە سێ شوێنی جیا لە شوێنێك پیشانی وەرگر دەدات لە یەك کاتدا چاوی کامێرای وشەکانی گواستووەتە سەر شوێنێکی تر بێ ئەوەی کات بجولێت ، لەلایەك چەقاندنی بزمار و لەلایەن باوکی و سورکردنەوەی پەتاتە لەلایەن دایکی و شوشتنی پێڵاوە قوڕاوییەکانی هەژار لەبەر بەلۆعە ، هەروەکو دەڵێت:- **(دەرگا خرابووە سەر پشت و لە ژوورەوەم ڕوانی ... باوکم بە چەکوش بزمارێکی گەورەی لە دیواری هەیوان دەکوتا، دایە پەتاتەی لە ڕۆن سوور کردەوە و هەژار پێڵاوە قوڕاوییەکانی لەبەر بەلۆعە دەشۆری) .( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل ٣٥٤ ).**

ئەو جارەیان گێڕەرەوە لە ڕێگەی مۆنتاژی شوێنەوە زیاتر گرنگی بەو ڕووداوانە دەدات ، کە لە ئێستادا ڕوودەدەن ، هەمیشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە کات بە جێگیری دەمێنێتەوە و شوێنەکان بەهۆی کامێرای وشەکان گۆڕانکاریان تێدا ڕوودەدات ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پچڕیەك لە ڕووداوەکان بەهۆی شوێنەوە

دروست نابێت ، چونکە هەمیشە لەبیری وەرگردا ئەو ڕووداوانە دەخولێنەوە ئەگەر شوێنەکانیش بگۆڕێن کاریگەری لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی وەرگر و ڕۆماننووس ناکات ، کە دیمەنەکان کۆ دەکاتەوە دواتر لە شێوەی وێنەیەکی ڤیدیۆیی نمایشی دەکات هەروەکو دەڵێت :ـ

**( چواردەی نیسان بوو لای باکوورەوە کزە بای دەهات و کلك و باڵی کۆللارەی پیاوانی گۆڕستانی دەلەراندەوە ، بەڵام پەلە هەورێکت بە ئاسمانەوە نەبینی پەڕەسێلکەکان لەسەر دار تەل هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە ....... ... یەك دووجار لە بەردەم ئاوێنە هاتوویت و چویت لە دەرگای حەوشەکە ئاودیوو بویت ... دەبوایە بەیانیەکەی لە گەڕەکی ڕووناکی قژی دەستە خوشکت بېڕیت)( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٤٠٥) .**

گێڕەڕەوە هاتووە کۆمەڵێك شوێنی واقعی بەدوای یەکدا ڕیز کردووە ، کاتێك ( داندی ) بەو شەوە دەچێتە دەرەوە ( ئازاد و شۆڕش )یش بەدوای دەڕۆن سەرەتا ڕێگای گۆڕستان دەگرێت و دواتر دەچێتە وێستگەی شەمەندەفەر ، بەڵام گێڕەڕەوە لەنێو ئەو هەموو گرتەیەدا وەرگر توشی پرسیارێکی بێ وەڵام دەکات ، بە تایبەتی کاتێك ( ئازاد ) خەبەری دەبێتەوە( شۆڕش و داندی ) لە تەنیشتیەوە نووستوون ، لێرەدا وەرگر بە دوای چارەنووسی ئەو پرسیارەیە ئایا ئەوە خەیاڵ و خەونێك بوو یا ڕووداوێکی ڕاستەقینە بووە ؟؟ هەروەکو دەڵێت :ـ**( تۆ بەیانی کاتێك لەناو پێخەفەکەتدا چاوت هەڵهێنا و شۆڕش و ( داندی )یش لە تەنیشتتەوە پرخەیان دەهات ، نەتدەزانی ئەوەی بینیووتە خەون بوو یا ڕاستی دەتگوت ئەگەر ڕاستی بوو من بۆ بیرم نییە چون و کەی بۆ ماڵ گەڕاینەوە...؟! ئایا من لە ترسان هەموو ئەو شتانەم لێ تێکچووە هیوام دەخواست خەونم بینیبێت ، بەڵام کاتێ چوومە هەیوان و پێڵاوە قوڕاوییەکانی خۆمانم لەو بەردەرگایە بەرچاو کەوت زانیم ڕاستیە)( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٢١٠) .**

**پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێن لە** ڕۆمانی **(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)**

شوێن لە ڕۆمانی **(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)** ی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) ، پێگەیەکی بەنرخ و بەهێزی هەیە لەگێڕانەوە و دەرخستنی ڕووداوەکاندا ، ئەو شوێنانەی لەم ڕۆمانەدا باسکراون زیاتر واقعین و هەستپێکراون ، بۆیە وەرگر دەتوانێت بەئاسانی وێنەیەك لە بیرو هزریدا نەخشە بکات، بەشێك لەو شوێنانە بریتین لە ( شار و گەڕەك و کۆڵان و باخچە و ماڵ و قوتابخانە و خەستەخانە ........ هتد) ، بەڵام گرنگترین ئەو شوێنانە شاری بەغدا ، کە ڕووداوەکانی تێدا نمایش کراوە ( گەڕەکی تپە الاکراد و شەقامی بابلشیخ و ماڵی سیامەند و .... هتد ) .

کاتێك بۆ یەکەمجار ( عەمار ) دەبێتە سەرباز و جلی سەربازی دەپۆشێت ، تاکو تۆڵەی باوکی منداڵانی شار بەگشتی و باوکی( نەوال ) بە تایبەتی بکاتەوە ، خۆی بە ( نەوال ) نیشاندەدات و گرتەی ئەم دیمەنە لەدوای دیمەنێك دێت ، کە ( نەوال ) بیر لەو ترسە دەکاتەوە ، کە لەرابردوودا لەکاتی منداڵیدا لە( کاکەسوور )ی

هەبوو ، دوای ئەوەی شەوان ڕادەچڵەکی لە لایەن دایك و باوکی خەبەری دەکرایەوە، بەمشێوەیە ڕۆماننووس چەند دیمەنێك دەخاتە سەریەکتر بۆ پیشاندانی گرتەیەکی جوان لەشوێنە جیاوازەکاندا ، ئەوە چاوی کامێرای وشەکانە گرتەکان لەشوێنە جیاوازەکان دەگرێت و دواتر لە لاپەڕەیەکی ڕۆمانەکە چەشنی شاشەیەك نمایشی دەکات ، بەسوودبینین لە مۆنتاژی شوێندا ڕۆماننووس ئەو کارەی کردووە ، هەروەکو باسی چۆنیەتی ڕاچڵەکینی شەوانی ( نەوال ) دەکات و دواتر پۆشینی جلی سەربازی لەلایەن (عەمار)ەوە...

**( ((عەمار)) ڕۆژانی هەینی لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ دووکان و لەوێشەوە بۆ ناو بازاڕ ... دەستی دەگرت و شتی جوان جوانی بۆ دەکڕی .... شەوانیش کە ڕادەچڵەکی و بەدەم هاوار و هاوارەوە خەبەریدەبووەوە ، ئەو خێرا و لە پێش دایك و باوکیەوە بە فریای دەکەوت و دەستی چەپی دەخستە سەر ناوچەوانی .... نیوەڕۆیەك ((نەوال)) هێشووە ترێیەکی ڕەشی کردبووە قاپێکی پلاسکۆی سپیەوە و دانە دانە دەیدایە ئەو قەلەموونە سپیەی، کە بە پەتێکی ڕەش قاچیان لە بۆریە سپیەکەی ناوەڕاستی باخەوە بەستبووەوە و ئەڵقەیەکی ڕەشیان کردبووە پۆپنە سوور و شۆڕەکەی ژێر دەنووکیەوە.. قەلەکە بە شێوەیەکی زۆر سەیر دەنووکە سپیەکەی لە دەنکە ترێکان دەدا و دەیقۆزتنەوە ملە درێژ و بەگوڵنگە سوورەکانی بەرزدەکردەوە و لەچاوتروکانێکدا قووتیدەدان.. لە پڕ دەرگا ڕەشەکە ترازا و سەربازێکی سپیپۆش لە حەوشەدا پەیدا بوو.. بەر لە هەموو شتێ سەیری کڵاوەکەی کرد بەوردی سەرنجی لێ دا ، چونکە یەکەمجار بوو کڵاوی ئاوا سەیر لەسەری سەربازدا ببینێت و زۆریش ترسناك دەهاتە بەرچاوی ... چپاندی بە گوێچکەیدا و پێی وت:**

**- ئەوە چیە دەڵێی نامناسیتەوە..!!**

**ئەمەی وت و بەسووکی سەری ئەمی خستە سەر سنگیەوە.. پەنجەکانی خستە قژە خاوەکەیەوە و پێی وت:**

**- بەلاتەوە سەیر بووم بە سەرباز ؟!) (ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا ، ل٣٨-٣٩).**

شوێنێکی دی ڕۆمانەکە ، لەچەندین شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا باسکراوە ( خەستەخانە ) یە، کە بۆ ( نەوال ) بەمەبەستی چارەسەرکردن بەکارهێنراوە ، تەنیا یەك نموونە وەردەگرین ، بۆ دۆزینەوی پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی شوێنەوە ، سەرەتا ڕۆماننووس دیمەنی ئەو مراوییانە باسدەکات ، کە ( نەوال ) لەچاوی دەکردنەوە ، بەوتنی وشەی ( قوپ قاپ ، ... قوپ قوپ........) ، لاسایکردنەوەی مراویەکان لەلایەن ( نەوال )ەوە بووەتە نەریت ، شەوانیش بەدەم خەوەوە دەیکات ، تەنانەت ئەو دیمەنەمان پیشاندەدات ، کە بەچ شێوەیەك لەخەستەخانە پەنای بۆ لاسایکردنەوەی مراویەکان بردووە ، خەڵکەکەش چۆن لێیان ڕوانیون ، وەرگر گرتەی یەکەبەیەکەی قسەکان لەبیریدا دەچەسپێت ، ڕۆماننوسیش سوودی لەبەکارهێنانی مۆنتاژ وەرگرتووە ، بۆ ڕێکخستنی ئەو دیمەنانە لەبیری وەرگردا :-

**( .... ئەوەندەی دەوتەوە تا تەواو گێژدەبوو ، بەقنگەوە خەوی لێدەکەوت .... بەڵام لەخەویشدا هەردەمی دەجولا و دەیوت :**

**قوپ قاپ... قوپ قوپ.. قوپ قاپ.. قوپ قاپ.. ق..و..پ..ق،،ا..پ   ق..و..پ.. ق..ا..پ**

**شەوێکیان گوێی لێ بوو شازە خۆی خزاندبووە باوەشی مێردەکەی و بەچپەوە بۆی باسدەکرد، کەوا لە خەستەخانە، هەر کەسێکی بینیوە قسەی لەگەڵدا کردووە ، بەبێ ویست قوپ قاپ قوپ قاپی وتووە و تەریقبۆتەوە.... هەندێکیان گاڵتەیان پێکردووە پێی پێکەنیون ، هەندێکیشیان لێی تووڕەبوون و سەرزەنشتیان کردووە.... ((سیامەند)) لێی تووڕە بوو بەدەنگێکی کەمێ بەرز پێی ووت:**

- **هەرچی شتی ناشرین هەیە تۆ فێری دەکەیت و دواتریش گلەیی دەکەیت... دەبیخۆ ئەگەر ڕۆژێ شێتی نەکردیت بزانە من هیچم نەزانیوە ) ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل ١١١ ).**

( تپە الاکراد ) ئەو گەڕەکە کوردنیشینەیە لەبەغداد ، کە زۆربەی کوردانی بەغداد لەوێ دەژین ، ڕۆماننووس دیمەنی چۆنیەتی دروستکردنی ئاوی تەماتە دەخاتە بیری وەرگرەوە ، کە کوردانی ئەو شارە لە مانگی تەمووزدا چۆن دروستی دەکەن و یارمەتی یەکتردەدەن ، ( نەوال ) دەبێت بە نموونە ، کە لەنێو ئاوەتەماتەکەدا بەپێخواسی ئاستی قولاپە پێیەکانی دەبرد ، بوونی چەند وێنەیەکی جیاواز لەچەند کاتێکی جیاوازدا لەشوێنێکدا ، دواتر ڕێکخستنیان لە بیری وەرگردا ، لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەکرێت ، هەروەکو دیمەنی شوێنەکە و گەرمایی تەمووز و کزانەوەی پەنجەی ( نەوال ) لەیەك شوێندا بەدیمەنێکی کۆکردووەتەوە و دەڵێت :-

**( عەسرێکی گەرمی ناوەڕاستی تەمووز بوو ، ڕۆژی ئاسمانە بێ گەردەکە داخی دڵی خۆی بەدار و بەردی گەڕەکی ( تپە الاکراد) دەڕشت ، ئەوان لەناوەڕاستی حەوشەکە دانیشتبوون لەناو مەنجەڵە سپیە بنڕەشەکاندا تەماتەیان دەگوشی ..... دەیانگوشی و خڵتەکەیان دەکردە تەشتێکی سپیەوە .... ئەم بەم دەست و بەو دەست بڵاویدەکردەوە و قاچە ڕووتەکانی دەخستە سەری تا ئاستی قولاپە پێی دەیبردنە خوارێ و شوێنەکانیان لەشێوەی کەمانچەی بچکۆڵەی خوێناوی دەردەچوون .... هاوکات سەری پەنجەکانی دەکزانەوە ژانی دەخستە دڵییەوە ، چونکە دایکی بەیانیەکەی نینۆکەکانی بۆکردبوو زیاد لەپێویست قرتاندبوونی ) ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل ٣٥٩).**

شوێن کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوە ، هەست و خەون و خەیاڵ و ئازادی و هەڵس و کەوتی ژیانی کارەکتەرەوە هەیە ، کەواتە ڕۆماننووس لەڕێگەی بەش بەش کردنی ڕووداوەکان بەسەر شوێنە جیاوازەکاندا زیاتر هەوڵدەدا جوانیەك و بەهێزیەك بەڕۆمانەکە ببەخشێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران زۆرێك لە ڕەخنەگران لەو باوەڕە دان ، کە دەبێت لەڕۆماندا ناوی شوێنەکان بهێنرێت ، تاوەکو ئەو شوێنەی باس دەکرێ ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست نەدات ، لەئەنجامی ناوهێنانی

شوێنەکە بارودۆخی ( سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی...... هتد ) بۆ وەرگر دەردەکەوێت ، کە ڕۆماننووس باسی دەکات ، واتە وەرگر لەڕێگەی پێناسەکردن و ناساندنی شوێنەکەوە ، یەکسەر کەسایەتی و کار و پیشەی ئەو شوێنەی دێتە بەرچاو شتێك لەمێشکی گەڵاڵە دەبێت بۆ ئەوەی ڕۆماننووس باسی کەسایەتی ئەو شوێنە بکات ، چونکە هەر شوێنێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی ، خاوەنی کلتووری خۆیەتی بۆیە ((سیما و ئەدگاری کۆمەڵگەکان لەیەکتری جیاوازن ، تەنانەت جیاوازی لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی یەك وڵاتیش بەدی دەکرێ... جیاوازی لەنێوان گەرەکەکانی یەك شاریشدا بەدی دەکرێ ......))[١٤٣].

لەئەنجامی ئەو جیاوازیانە لەنێوان خودی مرۆڤەکاندا هەیە ، بێگومانیش بەرهەمی ڕۆمان گۆڕانکاری بەسەردێت ، کە خودی کارەکتەرەکان بەهۆی شوێنەوە گۆڕانیان بەسەردێت زۆرجار شوێن ڕەنگپێدەری خورەوشتی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵگەی کارەکتەرە ، کە سیما و خاسیەتی تایبەت بەکارەکتەر دەبەخشێت بەتایبەتی ئەو ژینگە و شوێنەی ، کە ڕۆماننووس لەساتەوەختی منداڵی تێیدا بەسەربردووە ، زۆرجار دەبێتە هەوێنی شوێنی ڕۆمانەکەی ، بەهەرجۆرێك لەجۆرەکان بێت ئەو شوێن و ژینگەیەی ڕۆماننووس تێیدا پەروەردە بووە کاریگەری لەسەر هەموو ئەو شوێنانە دەبێت ، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە ، جا بەهەر جۆرێك لەجۆرەکان بێت ڕۆماننووس بیەوێت یان نەیەوێت ، ئەو شوێنانە لەڕۆمانەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە ، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەوژمی هۆشی ڕۆماننووسەکەوە هەندێ جار لەڕێگەی نەستی خۆیەوە شوێنەکان دیاردەکات بۆ ئەوەی ئەو شوێنە شوێنی حەقیقی کارەکتەر و ڕووداوەکان بێ ، بەڵام ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ زیاتر هەوڵدەدا شوێنەکان کاریگەری لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکان دروست بکەن ، بەپێچەوانەوەش زۆرجار مۆنتاژی شوێن دەبێتە هۆی زیاتر فراوان کردنی ڕۆڵی شوێن لەسەر توخمەکانی دی ، چونکە هەموو شوێنێك لەچیرۆك و ڕۆماندا ((چەمك و دەلالەتی دەق دەست نیشان دەکات بۆیە ئاشکراکردنی شوێن ، دۆزینەوەی ئەو( هێلە )یە ، کە گوتاری دەق و فەلسەفەی فیکری لەسەر بنیات نراوە))[١٤٤].

---

[١٤٣]– د. علی ابراهیم ، الزمان والمکان في روایات غائب طعمة فرمان ، الاهالي للطباعة والنشر والتوزیع ، دمشق ، ٢٠٠٢ ، ص٩٦.

[١٤٤]– نیهاد جامی ، شوێن لەنێوان چەمك و دەلالەتی خوێندنەوەدا ، گ : ڕامان ، ژ : ٢٤ ، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل١٢٤.

## تەوەری سێیەم : پێوەندی نێوان تەكنیكی مۆنتاژ بە توخمی كات

### یەكەم : پێوەندی نێوان تەكنیكی مۆنتاژ بە توخمی كات لە رووی تیۆری :

كات بە یەكێك لە توخمە سەرەكییەكانی هەر دەقێكی ئەدەبی دادەنرێت و ڕۆڵێكی بەرچاو و دیاری لەبەرەو پێش چوونی ڕووداوەكان یان بە پێچەوانەوە هەیە ، ڕۆڵی لەبەرەو پێش چوونی ڕووداوەكان هەیە ، لەڕێگەی پێشخەری رووداوەكان یا ( فلاش باك ) گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ، لەبەرئەوەیە لەزۆربەی بەرهەمەكاندا ، (( دەق دەبێتە گوزارشتكاری ژیان و ژیانیش لەدەرەوەی كات لەواقیعدا بوونێكە لەدەرەوەی سروشتی ئاسایی ژیان ، كەواتە ئەو كاتەی لێی دەدوێین كاتێكی فیزیكییە ، ئەو كاتەیە كە نووسەر یەك لەدوای یەك ڕووداوەكانی تێدا ڕێك دەخات و سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی دەست نیشان دەكات )) [١٤٥] ، زۆرجار كاتەكانی بەپێی زنجیرە بەدوای یەكتر ڕیز نابن ، بەڵكو لە هەندێك دەقی ئەدەبیدا كاتەكان گۆڕانیان بەسەردا دێت ، بەشێوەیەكی جێگیر نامێنێتەوە بەواتایەكی دی زۆرجار نووسەر لەڕێگەی داڕشتنی وشەكانی گەمە و یاری بەكات دەكات ، تا لای وەرگر پرسیار دروست بێ و بەدوای وەڵامی شایستە بخولێتەوە ، زۆرجار لەدەقێكدا ڕووداوەكان لەكۆتاییدان ، بەڵام لەڕێگەی فلاش باكەوە ڕووداوەكان بۆ سەرەتا و ناوەڕاست دەگوازرێنەوە یا بە هۆی پێشخەرییەوە رووداوەكان خێراتر لە بیری وەرگردا دەچەسپێن یا لە هەندێك بەرهەمی ئەدەبیدا ڕووداوەكانی بەپێی زنجیرەی كاتەكان ڕوودەدەن .

كاتی سەرەتا ئەو كاتەیە كە ڕووداوەكان ڕوودەدەن جا ئەو ڕووداوە لەناوەوەی دەق یا لە دەرەوەی دەقەكە بێت ، كاتی ناوەڕاستیش ئەو كاتەیە ڕووداوەكان پەرە دەسێنن و گرێی و ئاڵۆزی و كێشە دروست دەكەن لەنێو دەقەكەدا دەبنە پردی پێوەندی نێوان كاتی سەرەتا و كۆتایی ڕووداوەكان ، كاتی كۆتایش ئەو كاتەیە ئەنجامی ڕووداوەكانیان تێدا بەرجەستە دەبێ یا چارەنووس و ئاكامی ڕووداوەكان بۆ وەرگر جێدەهێڵێت ، تا وەرگر خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی ڕووداوەكان بدات جێگۆڕكێی كات و پاش و پێش خستنی كات لەدەقی ئەدەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لەبەرنامە ڕێژی نووسەر بۆدەقەكەی ئەویش بریتییە لە تەكنیكی مۆنتاژی كات لە دەقە ئەدەبیەكەدا كەواتە مۆنتاژی كات لەبەرهەمی ئەدەبیدا (( بریتی یە لە ڕێكخستنی ڕووداوەكان كە لەچەند كاتێكی جیاواز ڕوودەدەن ، گواستنەوەی كات لەڕابردوو بۆ كاتی ئێستا یا گواستنەوەی كاتی ئێستا بۆ ڕابردوو، ئەم گواستنەوەیە كاتیە تایبەتە بە ڕووداوەكان ))[١٤٦] ، كەواتە لەم جۆرە مۆنتاژەدا زیاتر گرنگی بەكات دەدرێت شوێن ناگۆڕێت ، تەنیا كات گۆڕانكاری تێدا ڕوودەدات .

---

[١] ــ یاسین رشید حەسەن ، ناوەرۆك و تەكنیكی درامای كوردی (١٩٩١–٢٠٠٢) ، نامەی ماجستر ، زانكۆی سلێمانی ، كۆلیژی زمان ، ٢٠٠٤ ، ل ١٥٣.

[١٤٦]–علاء عبدالعزیز ، الفیلم بین اللغة والنص ، ص١٤٧.

مۆنتاژی کات تەنیا پێوەندی بەکاتی ڕابردوو نییە ، دەکرێ مۆنتاژی کات لەکاتی ئێستا و داهاتووش بەکاربهێنرێت ، کاتێك ڕۆماننووس کارەکتەر لەڕێگەی پێشخەری ڕووداوەکان باس دەکات یان لەئێستا لەیەك شوێن ڕووداوەکان ڕوودەدات ، لەچەند کاتێکی جیاواز بەواتایەکی دی ، دەکرێ مۆنتاژی کات تەنیا نەبەسترێتەوە بەکاتی ڕابردوو چونکە هەڵەیە بوترێ مۆنتاژی کات تەنیا تایبەتە بەکاتی ڕابردوو ، بەڵکو پەیوەندی بەکاتی ئێستا و داهاتووی ڕووداوەکان هەیە ، کە لەڕێگەی کامێرای وشەکانەوە گوزارشت لەکاتەکە دەکات لەیەك شوێندا ، کاتێك گێڕەرەوە چەند ڕووداوێك نمایش دەکات لەچەند کاتێکی جیاواز لەکاتی ( ئێستادا یان داهاتوو ) بەهۆی دەربڕینی ئەو وشانە وەرگر دەزانێت کارەکتەر لە چ کات و سەردەمێکدا ڕووداوەکان دەیگوزەرێنن ، هەربۆیە مۆنتاژی کات زیاتر پێوەندی بەناخی کارەکتەر هەیە و نەك پێوەندی بەدەرەوەی کارەکتەر هەبێت ، بەڵکو بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت ، بەڵام گرنگترین کات لە چیرۆکی ڕۆماندا بریتییە لەکاتی ئێستا ، چونکە (( کاتی ئێستا بە گوێرەی کاتی ڕابردوو کاتی داهاتوو دەتوانێت بوونی ڕاستەقینە و بەرجەستەکراوی ماددی خۆی بسەلمێنێت چونکە ڕابردوو وەك واقیع تەواو بووە بوونی خۆی کردووە، داهاتووش وەك واقیع نەهاتۆتە کایەوە و هێشتا بوونی ماددی پەیدا نەکردووە، لەبەر ئەوە ئەو کاتە ماددییە ڕاستەقینەیە کە هەیە تەنیا کاتی ئێستایە ))[١٤٧].

بەم چەشنە دەکرێ بووترێ تەنیا لەکاتی ئێستا ڕووداوەکان ڕوودەدەن تەنانەت گەڕانەوەی کارەکتەر بۆ ڕابردووی ڕووداوەکان لەڕێگەی فلاش باکەوە یا پێشخەری خۆی لەخۆی دا جۆرێکە لەو ڕووداوانەی لەکاتی ئێستادا ڕوودەدەن ، کەواتە ئێستایەك لەنێوان ڕابردوو و داهاتوودایە ڕابردوویەك بەسەرچوو داهاتوویەك هێشتا دیار نییە ، تەنیا لەڕێگەی کارەکتەر و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پێشبینی کردنیان دەتوانین بوونیان لە ئێستا بەدی بکرێت ، بەستنەوەی هەرسێ کات کە (ڕابردوو– ئێستا– داهاتوو) ، لە دەقێکی ئەدەبی دا بەتایبەتی لەچیرۆکی ڕۆماندا پێوەندی هەیە بەمۆنتاژی کاتەوە ، چونکە بەهۆی مۆنتاژەوە ڕووداوەکان بەیەکتر دەلکێندرێن لەکاتە جیاوازەکاندا کە بە چ کردەیەك نووسەر دەتوانێ کاتەکان ئاوێتەی یەکتر بکات و بەشێوەی پچڕاوی بەیەکتری ببەستێتەوە ، بەبێ ئەوەی وەرگر هەست بە ناهاوسەنگی شوێن و ڕووداوەکان بکات کەتا چ ئاستێك ئاوێتەی یەکتر بوون ، لەگەڵ ڕووداو و شوێن و ململانێ و سەرجەم توخم و تەکنیکەکانی تری ڕۆمان یەکانگیر دەکات بۆیە ڕووداو لەکاتێکدا ڕوودەدات و (( ڕووداو بێ کات نییە و شیاوی ڕوودانیش نییە))[١٤٨].

لە مۆنتاژی سینەماییدا وەرگر کاتەکانی بەچاوی خۆی دەبینێ ، دەزانێت چ کاتێکە ڕووداوەکان ڕوودەدەن ، بەڵام لەڕۆماندا وەرگر هەست بەبوونی ئەو کاتە دەکات ، بە وشە داڕێژراوە بۆیە وەرگر لەڕۆماندا زیاتر پشت

---

[١٤٧]– پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٩١.

١٤٨– ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠–١٩٨٠) ، نامەی دکتۆرا ، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٧ ، ل٨١.

بەخوێندنەوەی وشەکان دەبەستێت بۆ زانینی کات بەپێچەوانەوە لەسینەمادا وەرگر بۆ زانینی کات زیاتر پشت بەوێنە و هەستی بینین دەبەستێ بۆ زانینی کاتی ڕووداوەکان ، هەروەها لەڕۆماندا زیاتر کاتەکان فیزیکین ، چونکە چاوی کامێرای وشەکانی نێو ڕۆمان کاتێك پێشکەش دەکەن ، ڕەنگە جیاواز و ناتەبا بن لەگەڵ کاتی واقعی ، کەچی لە سینەمادا هەمان کاتی واقیعە کەواتە ڕوون دەبێتەوە مۆنتاژی کاتیش جیاوازی هەیە لەنێوان سینەما و ڕۆماندا هەر چەندە خاڵی هاوبەشیان هەیە.

مۆنتاژی کات لە ڕۆماندا زۆرجار یەکەکانی کات دەخاتە پاش و پێش ، هەمیشە جێگۆڕکێ لەنێوان کاتی ئێستا و داهاتوو و ڕابردوو دەکات ، جۆرێك لەگومان لای وەرگر بەجێ دەهێڵێت کە نەتوانێت بڕیار لەسەر دڵنیابوونی کاتەکان بدات ، چونکە (( کات لەهەموو جولانەوەیەکدا هەیە، چونکە هەر جولانەوەیەك ماوەیەکی تایبەتی دیاریکراوی خۆی هەیە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کارێك ))[١٤٩] و ڕوودانی ڕووداوێك ، کە کارەکتەری ڕۆمانەکە بە ئەنجامی دەگەیەنێت .

مۆنتاژی کات لەڕۆماندا بزاوتێکە لەنێو کاتێکدا و لە چەند کاتێکدا ڕووداوەکانی تێدا نمایش دەکرێت و لە شوێنێکدا جێ بەجێ دەبێت ، دەتوانرێ بگوترێ کە (( کات ژمارەی جولاوەکانە لەشێوی پێشکەوتوو یا پاشکەوتوو دا دەردەکەوێت ))[١٥٠]، مەبەست لەجوڵاوەکان بریتییە لەو ڕووداوانەی کە کارەکتەری نێو ڕۆمان بە ئەنجامی دەگەیەنێت .

کات لەڕۆماندا زۆرجار بەشێوەی جیاجیا دەردەکەوێت ، دەرکەوتنی جیاوازی لەنێوان کاتەکان و پێش و پاش خستنیان پێوەندی بە تەکنیکی مۆنتاژەوە هەیە ، بۆیە بەشێکی زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگران ، کات لەچیرۆك ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبی دابەش دەکەن ، بۆ چەند شێوەی جیاوازێك ، ئەمانیش بەپێی بیر و بۆچوونی خۆیان کاتەکانی ڕووداوی نێو دەقی ئەدەبیان دابەش کردووە، نجم ئەڵوەنی (( کاتی تێکستی ڕۆمان دەکاتە دوو بەش:

أ- کاتی حیکایەت. ب- کاتی گێڕانەوە.

کاتی حیکایەت ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە دەبێت ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی تێدا لەدایك بووبێت ، بەڵام کاتی گێڕانەوەی ئەو کاتەیە کە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی پێ گێردراوەتەوە ))[١٥١] .

کاتی حیکایەت ڕووداوەکانی مێژووییە و ڕووداوەکان لەڕابردوو تێدا ڕووی داوە یا کاتەکە لەداهاتوودا هێشتا نەهاتووە ، بەڵام کارەکتەر لەڕێگەی پێشخستنی ڕوودانی ڕووداوەکان خۆش دەکات، کەزۆرجار ڕۆماننووس بە کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵ کاتەکانی نێو ڕۆمانی پێ دیاریدەکات کە لەڕابردوو دەست پێ دەکات و بۆ

---

[١٤٩]- اميل برهييه ، تاريخ الفلسفة اليونانية ، ت : جورج طرابيشي ، دار الطبعة للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٨٢ ، ص٢٧٥.

١٥٠- د. حسام الالوسي ، الزمان في الفكر الديني والفلسفي القديم ، مجلد الثامن ، العدد٢ ، يوليو، اغسطس، ١٩٧٧، ص٩٨.

[١٥١]-د. نجم خاليد ئەڵوەنی ، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا ، ل ٥٥.

ئێستا و دواتر هەنگاو بۆ داهاتوو دەنێت ، لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات ، بەڵام هەرچی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان ، ڕۆماننووس ئازادە چۆن چۆنیەیاری لەگەڵ کات دەکات و ئازادانە پێش و پاشیان دەخات ، بەشێوەیەکی ئازادانە دەستکاری هەموو ئەو کاتانە دەکات و بەکاریان دێنێت ، مەرج نییە کات وەك وەرز و ساڵ زنجیرەیی بێت ، بەڵکو دەشێ کاتەکە جیوەیی بێت ، باز بدات ، گرژ یا خاوبێتەوە ، تێهەڵکێش بێت یا یەکتربڕ ...... هتد .

بەمشێوەیە ڕۆماننووس ناتوانێت لەسەر یەك شێوە کات بڕوات و کاتی ڕووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیی پێشکەشی وەرگری بکات ، کەواتە دەکرێت لەناو چیرۆك و چیرۆکی ڕۆمان دا جیاوازی بکرێت لەنێوان کاتی حیکایەت و گێڕانەوە ، چونکە (( کاتی حیکایەت بەزنجیرەیەکی بەدوای یەکدا هاتوودا دەڕوات ، بەڵام مەرج نییە کاتی گێرانەوە رەچاوی ئەم زنجیرەیە بکات ))(١٥٢) .

مۆنتاژی کات بووەتە دیاردەیەکی بەهێزبوونی رۆمان ، رۆماننووسە هاوچەرخەکان لەنووسینی رۆمانەکانیاندا پەنای بۆ دەبەن ، بۆ ئەوەی سوود لە تەکنیکی کات ببینێت ، کە بە چەند شێوەیەکی دی ئەم تەکنیکە بەکاردێت گرینگرینیان ئەمانەن :–

یەکەم: تەکنیکی خێرای جوڵانی کات. دووەم: تەکنیکی سستی جوڵانەوەی کات.

**یەکەم: تەکنیکی خێرای جوڵانەوەی کات:**

یەکێکە لەو تەکنیکانەی کە رۆماننووس بەکاری دەهێنێ بەمەبەستی کورت کردنەوەی یا برینی ئەو کاتانەی زۆر پەیوەندی یان بەرووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا نییە ، بەتایبەتی کاتێ رۆماننووس لەرێگەی مۆنتاژی کاتەوە هەوڵدەدات مقەسی بڕینی کات لەرێگەی ئەو تەکنیکەی بەکاربهێنێت ، چەند تەکنیکێکمان هەیە رۆماننووسان بۆ خێراکردنی کاتی گێرانەوە لە رۆمانەکەیاندا پەیرەوی دەکەن ، گرینگترینیان بریتییە لە :

**یەك : لابردن**

یەکێکە لە تەکنیکەکانی خێراکردنی کات لەرۆمان دا زۆر رۆماننووس و ڕەخنەگران پێی دەڵێن ( پەڕاندن یاخود لێکردنەوە ) ، کەواتە لابردن تەکنیکێکە ڕۆماننووس بەکاری دێنێت ، بۆ لابردنی هەموو ئەو کاتە زیادانەی بێ هێزن یان پەیوەست نین بە ڕووداوەکان زیاتر ئەو کاتانە لابەرێت ، کە خزمەت بەڕەوتی ڕووداوەکان ناکەن تەنیا لەڕێگەی ئاماژەوە ئەو کاتانە بەدیار دەخات ، لابردن و پەراندنی کات لەرۆماندا ( ( بریتییە لابردن و پەراندنی هەندێك کاتی زیادە ، کە رۆماننووس لەکاتی نووسینی رۆمانەکە لەساتە وەختی

---

١٥٢–جەلال ئەنوەر سعید ، تەکنیکی گێرانەوە لە رۆمانی (ئێوارە پەروانەی) بەختیار عەلی دا، زانکۆی بەغدا ، کۆلێژی پەروەردە(ئیبن روشد)، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٦، ل٥٤ .

گێڕانەوە پەنای بۆ دەبات ، بێ ئەوەی بەرووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو ماوەیە بکات ، تەنیا بەگووتنی چەند ساتێك یا مانگێك ، کە کارەکتەرەکە پێدا تێدەپەڕێت ، بەبێ ئەوەی بەدرێژی باسی رووداوەکانی ئەو ماوەیە بکات بەرویانداوە ))[١٥٣] .

بەم شێوەیە (( جیرار جینێت )) باسی لابردنی تەکنیکی لابردنی کات دەکات ، دەیکات (( کە دوو شێوە:

١- لابردنی راگەیاندراو : لەم شێوەدا گێرەرەوە تەنها باسی تێپەڕینی چەند ساتێك دەکات بەسەر ڕووداوەکاندا بێ ئەوەی بەدرێژی ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بکات........

٢- لابردنی رانەگەیەنراو : ئەوەش لابردنی رووداوەکان دەگرێتەوە کە لەنێوان دەقەکەدا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا باسی ماوەکەی نەکراوە ، بەڵکو وەرگر لەڕێگەی ئەو کەلێنانەی کە لەزنجیرەی کاتی یەك لەدوای یەکی رووداوەکاندا دروست دەبێت هەستیان پێ دەکات ))[١٥٤] ، (جیرار جینێت) هەر چەندە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی مۆنتاژی کاتی نەکردووە ، بەڵام لەهەموو شوێنەکان ئاماژەی بەبوونی ئەو تەکنیکە کردووە .

**دوو : کورتکردنەوە**

یەکێکە لە تەکنیکەکانی کات لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژی کاتەوە نووسەر سوودی لێوەردەگرێ ، کاتێك لەڕۆمانێکدا دەیەوێت بەچەند لاپەرەیەك یا چەند دێرە نووسینێك باسی ڕووداوێك بکات و کاریگەری لەسەر وەرگر جێبهێڵێ ، پەنا بباتە بەر تەکنیکی مۆنتاژی کات ، هەمیشە کورتبڕی و پوختی لەکاتەکان دەکات بەتایبەتی ئەو کاتانەی زۆر گرنگ نین و بایەخی خۆیان نییە ، کورت بری زیاتر لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە دەکرێت کە چۆن چۆنی کاتەکان کورت دەکرێتەوە بێ ئەوەی وەرگر هەست پێ بکات بەچەشنێك ڕۆماننووس بەسەرهاتێکی چەند ساڵەیی دەخاتە دوو توێی چەند لاپەرەیەك یا چەند دێرە نووسینێك ، وەرگریش پێ کاریگەر دەبێت کاریگەربوونی وەرگر بەو چەند دێرە نووسینە ، کە ڕووداوێکی ماوە درێژی لەخۆ گرتووە ، لە ئەنجامی بەکاربردنی تەکنیکی مۆنتاژی کاتە ، چونکە مۆنتاژی کات زیاتر هەوڵدەدات کاتەکان زۆر بەکورتی و بە وردی پێشکەشی وەرگری بکات ، بێ ئەوەی وەرگر هەست بە پچڕ پچڕی ئەو ماوەیە بکات .

کەواتە تەکنیکی مونتاژی کات لە کورتکردنەوە ، بریتییە لە (( پوختەکردن و چرکردنەوەی ڕووداوی چەندین ڕۆژ یاخود چەندین مانگ و ساڵی ژیانی کارەکتەر لەچەند دێرێکدا یا لەپەرەگرافێکی کەمدا بەبێ ئەوەی باسی کارەکتەر و گوفتارەکانیان بکات بەشێوەیەکی چڕ و پڕ و درێژ ))[١٥٥] ، ئاماژە نەکردن و کورتکردنەوەی ئەو

---

[١٥٣]–محمد حزام ، شعرية الخطاب السردي ، مطبعة اتحادالكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٥، ص١١٠.

١٥٤–د. ناهضة ستار ، بنية السرد في القصص الصوفي والمكونات والوضائف والتقنيات ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٣، ص٢١٦.

[١٥٥]–سمير المرزوقي و جميل شاكر ، مدخل الى النظرية القصة تحليلا وتطبيقاً ، دار الشؤون الثقافة العامة ، بغداد ، ١٩٨٦، ص٨٩

کاتانەی کە خزمەت بەرەو پێشچوونی کاتی ڕۆمانەکە ناکەن ، بۆ ئەوەیە زووتر لەمەبەستە سەرەکیەکەی نزیك بێتەوە ، وەرگر لە چاوەڕوانی نەهێڵێتەوە بە درێژکردنەوەی هەندێك ڕووداو ، کە ڕووداوی لاوەکین و بێزاری بە وەرگر دەبەخشێ .

**دووەم : تەکنیکی جولاندنی سستی کات**

یەکێکە لە تەکنیکەکانی بەکارهێنانی کات لە ڕۆمان و چیرۆك و میللی سینەماییدا کە تیایدا دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی تێپەڕبوونی کات یا سستی لە کاتی گێڕانەوەکەی ڕوودەدات ، بەکارهێنانی چەند تەکنیکێك دەبێتە هۆی سست بوون و هێدی ڕۆیشتنی کاتی ڕووداوەکان گرنگترین ئەو تەکنیکانەش بریتین لە :–

**١– دووبارە بوونەوە :**

بەشێکە لە تەکنیکی کات ، کە دەبێتە هۆی سست بوونی تێپەڕبوونی کات ، کە ڕووداوەکان چەند جارێك لە چەند شوێنێك ڕوویانداوە یا گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی ، کە تەنیا یەکجار ڕووی داوە ، بۆیە دەبینرێ لە هەندێ چیرۆك و ڕۆمان و فیلم و شانۆدا چەند جارێك ئەو ڕووداوانەی باس کران ، کە دەبنە سستی لە تێپەڕبوونی کات دووبارە دەبنەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی کاتی گێڕانەوە ، چونکە هەر ڕووداوێك دووبارە دەبێتەوە لە ڕۆماندا دەبێت بە وشە ئەو ڕووداوە بنوسرێتەوە ئەمەش پانتایەکی زۆرتر و فراوانتر لە لاپەڕەی ڕۆمانەکە داگیر دەکات ، جۆرێك لە سستی و نەجوولاوی دەدات بە تێپەڕبوونی کات ، بۆیە (( کات لە چیرۆکدا زۆر سست دەبێت و لەسەرخۆ دەڕوات بە شێوەیەك لە وەستان نزیك دەبێتەوە ))(١٥٦) .

**٢– دیمەن :**

بەشێکە لە تەکنیکی کات ، ڕۆماننووس بەکاری دێنی بۆ سستی و جولانەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ، کاتێك وەرگر هێدی هێدی تێکەلاوی ناو ڕۆمانەکە دەبێت هەموو ڕووداوەکان لە چەشنی دیمەنی زیندوو بەرچاو دەکەوێت بۆیە دیمەن (( جۆرێکە لە جۆرەکانی جولانەوەی تێکست ))(١٥٧) ، ڕۆماننووس بە شێوەیەکی درێژ هەموو ئەو شوێن و کارەکتەرانەی کە ڕووداوەکان بەهۆیانەوە ڕوودەدەن دەیناسێنێ ، واتە ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژ ڕووداوەکان لە ئاستی خۆی بەرزتر و سستر پیشانی وەرگری بدات ، کەواتە تەکنیکی دیمەنی کات لە ڕۆماندا تەنیا کورت کردنەوە نییە ، کە بە خێرایی بەسەر ڕووداوەکان باز بدات ، بەڵکو (( لە دیمەندا ڕووداوەکان یەك لە دوای یەك بە دوور و درێژی باس دەکرێت ... لە دیمەندا ڕووداوەکان سەرەکین و دەرخستنیان سیفەتی دامەزرێنانەی لە ڕەوتی چیرۆکدا هەیە ))(١٥٨) ، لە ئەنجامی دروستکردنی ئەو دیمەنانەی کە لە نێو خودی ڕۆمانەکە بەهۆی دانانی گرتەکان بەشێوەی سینەمایی جێبەجێ دەبێت ، تا

---

١٥٦– بینای هونەری چیرۆکی کوردی ،پەرێز سابیر ، ل٣١٤ .

١٥٧– بینای کات لە سێ ڕۆمانی کوردیدا ،د. نجم خالد ئەلوەنی ، ل٣٣٨ .

١٥٨– د. موريس ابو ناضر ، الالسنية و النقد الادبي في النطرية و الممارسة ، دار النهار للنشر ، بيروت ، ١٩٧٩ ، ص١٠٣ .

وەرگر هەست نەکات تەنیا بەدیار خوێندنەوەی وشەکانە ، بەڵکو دەبێت هەست بە زیندوویی وشەکان بکات ، لە ڕێگەی زیندوویەتی ئەو وێنانەی کە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە بەدەست دەهێنرێت و دروست دەکرێت .

**٣- وەستان :**

بەشێکە لە تەکنیکی کات ، کە دەبێتە هۆی سستی لە جووڵانەوەی کات لە ڕۆماندا، هەمیشە تەکنیکی وەستان زیاتر لەو ڕووداوانە بەکاردێت ، کە بە خێرایی گەشە دەکەن، نووسەر ئەو تەکنیکە بەکاردێنێت بۆ دەستپێکردنی ڕووداوێکی دی لە ڕۆمانەکەیدا وەستان ((هەڵوەستەیەکی کاتە بۆ ئەوەی نووسەر دەرفەتیّ بقۆزێتەوە بۆ وەسف کردن و شتی دیکە، واتا تەکنیکی کاتە بۆ هەڵبژاردنی دیاردە و دیمەن و ..... بەرچاو خستنیان ))[١٥٩] ، بە هەر شێوەیەك بێت لە شێوەکان زەمینە بۆ ڕووداوی تر ڕێکدەخات، مەبەست لە وەستان لە تەکنیکی کات هەر تەنیا وەسف کردن نییە ، بەڵکو جۆرێکە لە پشوو ، کە ڕۆماننووس دروستی دەکات ، تاکو بەرچاو ڕوونیەك بدات بە وەرگر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەیدا بزانێت بۆچی لەو ساتەدا ڕووداوەکان دەوەستن و ڕووداوی دی لە دایك دەبێت ، چونکە هەموو وەستانێك کەوانەیەك دەکاتەوە لە نێوان کاتی لەدایك بوونی چیرۆکەکە و زەمەنی وەستان و دووبارە دەستپێکردنەوەی زەمەنی چیرۆکەکە.

## دووەم : پێوەندی تەکنیکی مۆنتاج بە توخمی کات ، پراکتیزەکردنی لە رۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) دا

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کات لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)**

کات لە ڕۆمانی **(سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)** کاتێکی مێژوویيە و پێوەندی بە مێژووی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە هەیە ، کاتی ڕوودانی ڕۆمانەکە بە شێوەی زنجیرەیی نییە ، بەڵکو بەشێوەی پچڕاوی داهاتوو پەیوەست دەکات بە ڕابردوو دواتر دەیگوازێتەوە بۆ ئێستا ، واتە لەم ڕۆمانەدا زنجیرەی کات تێکشکێنراوە ، زیاتر کاتەکان حەقیقین و ڕاستین ، ڕۆماننووس هاتووە چەند دیمەنێکی لە چەند کاتێکی جیادا وەرگرتووە ، بەڵام شوێن هەر یەك شوێنە چاوی کامێرای وشەکانی لەسەر شوێنێك دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دی هەروەکو دەڵێت :-

**( گەراجەکە جمەی دێت شاگردی شۆفێرەکان هاوار هاوارێکیانە گوێی بنیادەم کەڕ دەکەن ... هەر یەکەی ناوی ئەو شارەی دەهێنێت ، کە گەرەکیانە نەفەرەکانی بۆ بەرن ... لەملاو لەولاوە جانتاکان لە خەڵك دەستێنن و دەیانخەنە ناو سندووق و سەر چەمچەکانەوە) . (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٢ )**

---

١٥٩- عبدالله سەڕاج ، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان ،ل٧٩ .

گێڕەڕەوە لە چەند گرتەیەکی دیدا هەوڵدەدات کاتێکی جوانتر بە کات ببەخشێت ، تیایدا شوێن دەگۆڕێت بە پێچەوانەوە کات وەستاوە جیاوازە لەگەڵ فیلمی سینەماییدا ، چونکە دەرهێنەری سینەمایی هەوڵدەدا هەموو ڕووداوانەی لە شوێنە جیاوازەکاندا لە یەك کات ڕوودەدەن ، دەیکات بە گرتە و ئاراستەی بینەری دەکات ، لە ڕێگەی چاوی کامێراکەی ، ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی کات ، بەپێی نەخشەیەی وێنەی ڕووداوەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت کاتەکە پێش و پاش دەکات ، ئەمەش لەڕێگەی مۆنتاژی کات دەبێت ، جۆرێك لەجوانی بەکاتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە دەبەخشێ ، کاتەکان دەجولێت کەواتە ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی کاتەوە دەتوانێت یاری بەکاتەکان بکات و بیانگونجێنێت ، لەگەڵ ئەو مەبەستەی خۆی دەیەوێت ، بۆیە دەبینرێ گێرەرەوە لەئێستای گێرانەوەی ڕووداوەکان دەست پێ دەکات دواتر بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە لە جێگەی ئەوەی بۆ ئاینده بڕوات ، دواتر باز دەدات بۆ ئێستا دووبارە بۆ ئاینده دەگەڕێتەوە، دواتر بۆ دەستپێك دەگەڕێتەوە ، هەموو ئەو کردارانەی ڕۆماننووس بەکاتی دەکات پێویستە تەکنیکی مۆنتاژی کاتی تێدا بێت ، کات دەوەستێنێ دەیەوێت هەموو ڕووداوەکان نمایش بکات کە لە شوێنی جیا و لەیەك کاتدا ڕوویانداوە یەك یەك ڕووداوەکانمان بۆ نمایش دەکات ، کوشتنی ( ئاکۆ کووکووختی ) بە بەرچاوی خەڵك ، خەڵکەکە لە یەك کاتدا چۆن بازاڕ جێدەهێڵن لەسەر دوکان و شوێنی کارکردنیان ڕادەکەن ، بۆیە لەسەر زمانی ( ئەردەلانی وەستا ڕاستانی ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**( بازاڕ دەشێوێت و دەرگای دووکانەکان یەك لە دوای یەك دادەخرێن .. هەندێکیان هەر بە کراوەیی جێدەهێڵن .. خەڵك تێکدەقژقژێن ... پیاوان عەبای ژنان دەڕفێنن و خۆیانی پێدادەپۆشن ... دەیان ژن و منداڵ بەسەر یەکدا دەکەوتن ... عەرەبانەی ( دادەکەژێ باڵندەفرۆش ) قلپن دەبێتەوە .........). (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٧ ) .**

گێڕەڕەوە زیاتر تەکنیکی خێرایی لە جولاًندنی کاتی بەکارهێناوە ، کە زیاتر پەیوەستە بە سروشتی ئەو کاتەی لە نێو دەقی ڕۆمانەکەدا بەکاری هێناوە ، ئەو بەکاربردنەش زیاتر پێوەندی بە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژی کاتەوە هەیە ، کە ڕۆماننووس گرتەی ڕووداوەکان لە کاتە جیاوازەکان بە یەکتر دەبەستێت ، بێ ئەوەی هەست بە جیاکاری و پچڕانی کاتی گرتەکان بکرێت ، ڕۆماننووس کاتی کوشتنی ( شێرۆ ی نانەوا ) بە چەند چرکەساتێك وێنە کێش ، دەکات لە ڕێگەی مانەوەی دیمەنی دووکەڵی مانتۆڕەکەی ( شێرۆی نانەوا ) وەرگر زیاتر بەرەو دنیای ڕووداوەکە دەبات ، زۆربەی ژنانی بە( مێ باز ) ناوی دەبەن و ژنانی زۆربەی گەڕەکەکان لەسەر دەستی ( شێرۆ ) فێری بەدڕەوشتی بوون ، بۆیە ( سەنگەر ) بڕیار دەدات پلان بۆ کوشتنی ( شێرۆی نانەوا ) دابنێ گێڕەرەوە دەڵێت :—

**( هێشتا دووکەڵی ڕەشی گزۆزی ماتۆڕەکە تەواو لەو ئاسمانەی سەرسەری نەڕەوییووەوە کاتێ بیری لەوە دەکردەوە شەو لەبەر کەلاوەکەی بۆی بوەستێت .... هەر کە بەسەرخۆشی گەڕایەوە لەو پەنایە بیداتە بەر چەقۆ و ورگی هەڵدڕێت ) ، (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ل٧٥) .**

( شەماڵ ) کاتێك باسی لە مردنی بەرپرسەکەیان بە ناوی (فەرهاد دۆستی ) دەکات ، لەلایەن چەکدارانی ڕژێم ، چۆن چۆنی هێرش دەکەنە سەری ، لەکاتی نیوەشەودا بەر لەوەی بکەوێتە ژێر دەستی پیاوانی ڕژێم ، خۆی ژەهر خوارد دەکات لە چەند گرتەیەکدا و لەیەك شوێندا ، چەند کاتێکی جیاوازدا ڕووداوەکە پێشکەشی وەرگر دەکات بۆیە ( شەماڵ ) دەڵێت :–

**( تەنتریۆڤ برام بەرپرسەکەمان ئاشکرابوو چەند شەوێ لەمەوبەر بە بیجامەوە لەناو جێگا دەریان هێنا ... ڕاستە ئەو کارێکی زۆر زیرەکانەی کردووە و خۆی کوشتووە ، ئاخر شوشەیەکی گوڵاوی پڕ کردبوو لە ژەهر بەردەوام دەیخستە گیرفانیەوە ، شەوانیش لەژێر سەرینەکەی دادەنا بۆ ئەوەی کاتێك گرتیان ئاوا بیخوات و بە زیندوویی نەکەوێتە دەستیان) (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٨٨) .**

گێڕەڕەوە باسی ساڵی (١٩٦٣) دەکات بە چ ئەندازەیەك دەسەڵاتـداران بێ بەزەیی بوون بەرامبەر نەتەوەی کورد لە تۆڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول گوندەکانی ( کوردستان ) بیان کاول و وێران دەکرد ، ئەگەر هەر کەسێك نەڕۆیشتبا دەیان کوشتن ، ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگەی گرتەکەیەوە ئەو دیمەنە بۆ وەرگر نمایش بکات و بیری وەرگر بەرەو ساڵی ١٩٦٣ بباتەوە دەڵێت :–

**( هەموویان بەدیار گۆڕی دایك و باوکی و دوبراکەیەوە دادەنیشتن کە ساڵی ١٩٦٣ بەدەستی (خەلەف ئەلخەز عەل ) و پیاوەکانی کوژرابوون ... ئەو شەوە دڵخواز بە ڕێکەوت لە ماڵی بابی دەبێت ئەگینا ئەویشیان دەدایە بەر گوللە) (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٤٥) .**

گێڕەڕەوە سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بتوانێت لەڕێگەی پچڕ پچڕ کردنی کاتی ڕووداوەکان تامەزرۆیی بەوەرگر ببەخشێ ، جا ئەوکاتانەی دەشێ کاتی ئاسایی بن یا کاتی دەقی ئەدەبی بن یا کاتی فیزیکی بن یا ئەو کاتە بێت ، کە پێوەندی بە بیر و خەیاڵی وەرگر هەیە ، جۆراوجۆری کاتەکان ڕەنگدانەوەی چەند کاتێکی جیا لە ڕۆماندا ڕەوتی ڕوودانی چیرۆکی ڕۆمانەکە بەرەو پێش دەبات ، بە شێوەیەك لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە کاتە جیاوازەکان یەکتر تەواو دەکەن ، لەبەر ئەوەشە ڕۆماننووس نابێت تەنیا خۆی پەیوەست بکات بەیەك کات ، بەڵکو دەبێت بەپێی ڕووداوەکان کاتەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت ، بۆیە (( بەزەبری زەمەن چیرۆك پەرەدەسێنێ ))[١٦٠] ، ئەگەر کات لەچیرۆك نەبێت و زەمەن بوەستێ ئەوا هیچ ڕوداوێك ڕوونادات بەمەش هیچ چیرۆکێك بوونی نابێت تا بکرێت بە ڕۆمان یان فیلم ، هەر ڕووداوێك ڕوودەدات کە لەکاتێکی دیاری کراودا ڕوودەدات .

هەرگیز کات لە ڕۆمان دا بەشێوەیەکی جێگیر و چەسپاو نییە ، کەواتە کات لەڕۆماندا پەیوەندی بەمۆنتاژ و شێوازی گێڕانەوەی ڕۆماننووس هەیە کە لەڕۆمانەکەیدا لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە بایەخ بەگێڕانەوەکەی بدات

---

١٦٠–حەمە کریم عارف ، چیرۆکستانی دەق و ڕەخنە،وەرگێڕانی لەفارسی یەوە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١١٤.

لەبەر ئەوە دەوترێت (( ڕۆمان خۆی هونەرێکی زەمەنییە و هەر لەسەرەتاوە ڕۆماننووسان پەییان بەوە بردووە کە گێڕانەوەی ڕۆمان و بینای کاتی ئەو گێڕانەوەیە لەیەکتر جیانابێتەوە ))[١٦١].

( دڵخواز ) کاتێك لەو ڕووداوە ڕزگار دەبێتکە خێزانەکەی هەموو دەکوژرێن و دواتر لە ١٩٧٨/١/٣١ دەکرێت بە بووك دەبێتە دەستگیرانی کوڕە پێشمەرگەیەك بەیەك بەستنەوەی ئەم دوو کاتە لە بیری وەرگر جۆرێکە لە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژی کات بۆیە دەڵێت :- **( شاییەکەی لە پرسەی قاچاغ دەچوو . نە دەنگ نە چرپەیەك نە گۆرانی هەلهەلە نە هەڵپەڕکێ نە سەما بەڵێ ڕێك وەکو پرسەی قاچاغی پێشمەرگە لەناو شاردا ٧٨/١/٣١ حەوت مانگی ڕێك لەمەوبەر ...) (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٦٦) .**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کات لە** ڕۆمانی **( کازینۆی منداڵان )**

پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کاتەوە لە ڕۆمانی ( **کازینۆی منداڵان** ) ی کاروان عومەر کاکەسوور دا پەیوەندیەکی بەهێز و تۆکمەیە، کە تیایدا ڕۆماننووس چەند ڕووداوێك دروستدەکات ، کە لە چەند کاتێکی جیاوازدا ڕوودەدات ، بەڵام شوێنەکە ناگۆڕێت ، واتە جێگۆڕکێ کردنی کات و یەکخستنی و جێگیرکردنی ڕووداوەکان کە لە شوێنێکدا ڕوودەدەن ، بەشێکی زۆری ئەوکاتانەی بەکارهێنراون ، کاتی حەقیقین و بەشێکیان فیزیکین ، کارەکتەر لەڕێگەی فلاش باکەوە، زیاتر سوودی لەو تەکنیکە بینیوە.

گێڕەڕەوە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە پەنای بۆ تەکنیکی فلاشباك بردووە، مامۆستا سوهاد باسی دەکات ،کاتێك شوفێری تەکسیەکەدەیبات بۆ شوێنی کازینۆیەکە و بە ( سوهاد ) دەڵێت ، کە ناو شار گۆڕانی بەسەر هاتووە ، تەنانەت ئەو سینەما و دووکاتەکان لە ڕابردوو هەبوون ، ئێستا تێکدراون و کراونەتە گەراجی ئۆتۆمبێل تەنانەت مزگەوتەکانیش وەکو خۆی نەماوە ، ڕۆماننووس هاتووە نمایشی یەك شوێن دەکات، بەڵام لە دووکاتی جیاوازدا ، هەروەکو دەڵێت:-

**( شوفێر بۆی باس دەکات کە ئەو دەوروبەرە هەموو تێکدراوە تەنانەت سینەماکانیش شۆفەلیان لێ دراوە و کراونەتە گەراژی ئۆتۆمبێل .... تەنیا مزگەوتەکان نەبن ئەوانیش وەك خۆیان نەماون بەڵکو نوێیان کردوونەتەوە و نەخشی سەر گومبەز و منارەکانیشیان سار تا پێ گۆڕیون .... لەناکاو جانتاکەی بە بیر دێتەوە و دڵی دادەچڵەکێت ... دوور لە ویستی خۆی هاوارێك لە دەمی بەرز دەبێتەوە**

**- جێم هێشتووە**

**- شۆفێرەکە پێی دەڵێت**

**- جانتاکەت ...؟ نا ، مەترسە ... وا لە دواوەیە ...)( کازینۆی منداڵان ، ل١١) .**

---

[١٦١] - د. نجم خالد نەجمەدین ئەڵوەنی ، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٣٦.

( ئارۆن و مالینا ) لە دوای کوژرانی ( دانیال ) هەست بە بۆشاییەك دەکەن لە ژیان ، بۆیە ( وریا ) کە بێ کەسە دەبێتەوە منداڵیان ، بە شوێنگرەوەی ( دانیاڵ ) دادەنێن و کاتێك ( وریا ) جلەکانی ( دانیال ) لەبەر دەکات، ڕابردوو دێتەوە بەرچاوی کە چ منداڵێك بوو چ جلکێکی لەبەر کردووە ، تەنانەت ئەو کاتە چ قۆنەرەیەکیشی لە پێبووە، بۆیە یاری لەگەڵ کاتی خوێندنەوەی وەرگر دەکات ، بە شێوەیەك شوێن هەمان شوێنە کەچی کات گۆڕانی بەسەردادێت لە ئێستا بۆ ڕابردوو دواتر گەڕانەوە بۆ داهاتوو ، ئەم یاریکردنەش لە ڕێگەی مۆنتاژی کاتە کە جوانیەك بە ڕووداوەکان دەبەخشێ وەرگر تەنیا لەگەڵ یەك کاتدا گوزەر ناکات و بێزار نابێ ، بۆیە لە ڕێگەی جلەکانەوە وێنەی دانیالی دێتەوە بەرچاو کە چی کردووە ، هەروەکو دەڵێت :-

**( هەر چەندە جلەکانم زۆر بۆ گەورەبوون ، بەڵام ئەو جوتە پێڵاوەی لە ژێر تەختی نوستنەکەی لەپێم کردن ، .... ئەوسا دوو شتم زانی : یەکەم ، پێی (دانیاڵ) بچوکبووە دووەم ، چونەتەوە سەر ئەوانەی دایکی ... بەڵام سەرنجی قایشەکەم دا بۆم دەرکەوت ئەو کەمێك لە من قەڵەوتر بووە ، بەوەی دەرزی بزێمەکەی کردبووە کونی دووەمەوە و من دەبوایە بیکەمە کونی چوارەمەوە) ( کازینۆی منداڵان ، ل٩٧-٩٨) .**

گێڕەڕەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی کاتەوە هەوڵی داوە ، جارێکی دی بیری وەرگر بەرەو ڕابردووی ( وریا ) بگەڕێنێتەوە ، کە لە شوێنی خۆی وەستاوە بیر لە ڕابردوویەکی تاڵ دەکاتەوە ، لەگەڵ ( ئارۆن ) گفتوگۆیان دەکردووە لە شوێنێك وەستاوە ، سەیری پەنجەرەکە دەکات ، کە ئەستێرەکان بەرەو کزی دەچن بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەرییەکانی ( ئارۆن ) و دەڵێت :-

**( لە پەنجەرە بۆ دەرەوەم ڕوانی هێشتا ئەستێرە وەنەوقیان دەدا ... هەرگیز هێندە هەستم بە ڕەشبینی نەکرد بوو (ئارۆن)م وە بیرهاتەوە ، کە جارێکیان لەبارەی گەش بینی و ڕەشبینیەوە گفتوگۆمان دەکرد و پێی گوتم : ئێواران دەرگا سپیەکەمان کە دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات ، لە پێش هەر شوێنێکی تری ماڵمان تاریك دادێت ، چونکە هەر کە ڕۆژئاوا دەبێت و ناوی شەو دێت، هەموو شتێك بەلاوە دەنێین و چاوی هیوا دەبڕین ... هەر ئاوایە ئەوەی زوو لەناو دەچێت هیواکانن با زۆر گەورەیش وێنەمان کێشابن)( کازینۆی منداڵان ، ل١٢٤) .**

کاتێك ( ئارۆن ) دەکوژرێت وریا هەست بە هیچ دەنگێك ناکات ، بەڵام تارمایەك دەبینێ و کاتێك دێتە خوارەوە دەبینێ ( ئارۆن ) کوژراوە ، دواتر هەواڵ بۆ ( مارینا)ی هاوسەری دەنێرێت ، ئەویش ئاگاداری پۆلیس دەکات و پۆلیس هەر بەو شەوە دێن لێکۆڵینەوە دەکەن ، بەڵام کاتەکان گۆڕاون چاوی کامێرای وشەکان چەند بابەت و ڕووداوێکی تێکەڵ کردووە هەروەك لە لاپەڕە (٩٤ تا ١٢٨) کات تەنیا شەوە بەیانیەکی زوو تەرمی ( ئارۆن ) دا بەرەو گۆڕستان دەبردرێت ، بەڵام شوێن هەر تەنیا ماڵی ( ئارۆن )ە گەلێك ڕووداوی سەیر ڕوودەدەن .

گێڕەڕەوە لە توخمی کاتدا تەکنیکی ( کورت بڕی ) بەکارهێناوە ، لە ڕێگەی پیشاندانی چەند گرتەیەك لە چەند ساتێکی ڕابردوو ئێستا و ئایندەدا وێنەی سێ کچ کە خۆشەویستی ( وریا ) یە نمایش دەکات ، بۆ ئەوەی باسی زەمەنی هەموو ئەو ڕووداوانە بکات ، کە ڕویانداوە هەروەکو لەسەر زاری ( وریا ) دەڵێت:-

**( نایشارمەوە دڵم بۆی لێدەدا ، بەڵام دەمویست دان بە خۆم دا بگرم .... من لە دەستی (گوڵدان) ڕام کردبوو و (عورێقە) گرتبوومیەوە ............. لەو کاتەیشدا (لیلی) تەفرەی دەدام ........... سەیرە ناوەکەی لەهەر شتێکی دیکە زیاتر ئۆقرەی لێ بڕیم ) ( کازینۆی مندالآن ، ل١٨٩-١٩٠) .**

دوای ئەوەی ( پەلکشان ) ژنێکی چاو نەترسە و بەغیرەتە ، دەیەوێت مندالەکانی وەکو خۆی مرۆڤی مەزن و لێهاتوو چاونەترسیان لێ دەربچێت ، بە تایبەتی کوڕێکیان بەناوی ( بێکەس ) ، ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ ( عەقید عەبدولموهەیمن ) چووەتەوە سەر دایکی ، ( وریا ) لەڕێگەی فلاش باکەوە کۆمەڵێك کاتی بەیەکتر بەستاوەتەوە لە شوێنێکی جیاواز دەربارەی ئەو کەسایەتیە ، وەرگر ناتوانێت بە ئاسانی لە واتای ڕووداوەکان بکات ، کە لە کاتە جیاوازەکان ڕوویانداوە ، کە لە دوا لاپەڕەدا پەیوەستی دەکات بە ناواخنی شەڕی عێڕاق و ئەمریکا لە فەللوجە کە وەرگر بیری بۆ ناچێت ، چونکە لە سەرەتای ڕۆمانەکە تاکو کۆتایی ڕۆمان لە هیچ شوێنێك هەست بە بوونی شوێنێك ناکرێت ، ئەویش ( فەللوجە ) لەڕێگەی ناوهێنانی ئەم شوێنە وەرگر دەخاتە گومان لە بەرامبەر مرۆڤ و ئازایەتی و لێهاتوویان ، چۆن مرۆڤێکی وا بەهێز وخاوەن دایکێکی بە توانا دەبێتە مرۆڤێکی موجاهید و دواتر بەدەستی خۆیان دەکوژرێت، هەروەکو دەڵێت:-

**( دەتوانم بڵێم لە کوڕەکان تەنیا بێکەس کە بە ( عەقید عەبدولموهەیمەن ) ناسراوە چووەتە سەر خۆی.... لەو زنجیرە شەڕەی لەماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەدا بەرپا دەکرێت لە هەموویاندا بەشدار دەبێت لە فەللوجە زۆر سەر سەختانە دژی ئەمریکیەکان دەجەنگێت ، موجاهیدێك دەیناسێتەوە، هەزار جار بەدەستی ئەم و برا هارەکانی لێدانی خواردووە هاوار دەکات:- ئەوە کوردە...!! ئەوە کوردە......!!) ( کازینۆی مندالآن ، ل ٢٩٤ ) .**

بەسەرهاتی لە دایك بوونی ( نەریمان ) پەیوەستە بە ژیانی هەڵس و کەوت وترسی نەریمان ، کە لەژیاندا نەیتوانیوە بەسەر هیچ سەربانێك بکەوێت ، بۆیە گێڕەڕەوە باسی لە دایك بوونی نەریمان دەکات بە ئاماژەیەکی کورت ، بەڵام بە واتایەکی فراوانەوە دەدوێت :-

**( چوار ڕۆژ دوای ئەوە ( دادە هێلانە ) یش هەر لەو شوێنە ( نەریمان ) ی دەبێت ..... . ئیتر دایە هەر چۆنی بێت تۆ دەخاتە ناو سەبەتەیەك و بە نقە نق بۆ سەرەوەت دەبات ) ( کازینۆی مندالآن ، ل ٢٣٢).**

به هەمان شێوەش کاتێك سەیری ئەو ژوورە دەکرێت ، کە دادە هێلانە نەریمانی تێدا هێناوەتە بوون لە چەند کاتێکی جیاوازو یەك ژووردا وێنەی ترس و تۆقاندن لە بیری وەرگر دروست دەکات.

**( دەکرا بڵێیت ئەو ژوورە بە هەموو مانایەك بۆ تۆ نوێیە بگرە زۆر سەیرترە لەوەی خەڵکی دەرەوە دەیهێننە بەرچاویان هەست دەکرد کاتێ لە بنمیچ و دیوارەکانی دەڕوانێت کەشتومەکی سەیر سەیریان پێ هەڵواسراوە گیانت سەرەتا پێ دەهەژێتەوە...... . وەك ئەوەی لە دواوەی عەرەبانەیەك دانیشتبێ ، کە دوو ئەسپ لە ڕێیەکی پڕ لە هەوراز و نشێودا ڕایبکێشن)( کازینۆی منداڵان ، ل ٢٣٢–٢٣٣).**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کات لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)**

زەمەن و کات لە ڕۆمانی (**کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان**)دا توخمێکی سەرەکین و زیاتر حەقیقین تا وەرگر هەست بەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکان بکات ، لەڕێگەی مۆنتاژەوە ئەو پێوەندییە بەیەکتر ببەستێتەوە ، لەڕێگەی زەینی کارەکتەرەوە ئەنجام دەدرێت ، بەواتایەکی دی کاتێك گێڕەرەوە بەپرۆسەی گێرانەوە لەڕێگەی کارەکتەرەوە ئەنجام دەدات ، مۆنتاژی کات بەکاردەهێنێت تێدا شوێن جێگیرە و چەسپاوە تەنیا کات جێگۆرکێ دەکات ، ئەمیش لەڕێگەی دەربڕینی ئەو ڕووداوانەی ، کە کارەکتەرەکان دەیگێڕێتەوە لەئێستا و گەرانەوە بۆ ڕابردوو یا ئایندە تەنیا کاتەکان دەگۆرێت ، کە چاوی کامیرای وشەکان لەزەینی کارەکتەر بۆ وەرگر لەکاتێك دەگوازرێتەوە بۆ کاتێکی دیکە ، ئەگینا کارەکتەر هەر لەشوێنی خۆیەتی تەنیا جێگۆرکێ بەکاتی ڕووداوەکان دەکات ، کەچەند کاتێکی جیاواز ڕیز دەکات و پێش و پاشیان دەکات ، ڕۆماننووس لەو ڕۆمانەیدا تەکنیکی مۆنتاژی بەکارهێناوە تاکو هەست بەبوونی جێگۆڕێکێ و تێکەڵاوی کات بکرێت ، چونکە زۆربەی کاتەکان واقعین.
گێڕەڕەوە هاتووە لەیەك کاتدا کۆمەڵێك ڕووداوی باسکردووە ، بەجۆرێك سەرەتا بیری وەرگر لەئێستادا رادەگرێ دەیباتەوە ، بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو و پاشان دەیانبەستێتەوە بە ئایندە ، هەروەکو لەوگرتەیەدا دەردەکەوێت ، گێڕەڕەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژی کاتەوە چۆن بیری وەرگر تامەزرۆی ڕابردووی ( ئامانج ) دەکات و دەڵێت :–

**( دەتوانن وەکو جاران هەر بەناوی ڕاستەقینەی خۆمەوە بانگم بکەن... من کە ئیتر ڕێگام ناکەوێتەوە ئەو شاخوداخانە... لەمرۆوە مەیمونەکەی جارانم) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل٧)**

گێڕەڕەوە لەیەك کاتدا دوو وێنەی دژ بەیەکی بەکارهێناوە دەربارەی ژیانی( شیرزاد ناجی ) ، کاتێك دەبێتە هاوڕێی ( دڵارام ) کەچۆن چۆنی ( ئازاد ) لەیەك کاتدا دوو هەڵوێستی دژیەکی دروست کردووە لەیەك کاتدا پێشکەشی وەرگری دەکات و دەڵێت :–

**( شێرزاد ناجی ڕۆژێ دەیان جار بەبیانووی کتێب و دەفتەر و شتی دیکە دەهاتە مالتان لەلایەك ڕقت لە هاورێکەت بوو کە بێ شەرمە و وای لێهاتووە لەگەڵ دلارام گالتە و گەپ بکات و بەپێکەنینی بێنێت ...... هەر سەرنج لەلەش و لاری دەدات و زۆر ڕوو قایمە چاو لەچاوی دەبڕێت ..... لەلایەکی دیکەوە حەسوودیت پێ دەبرد کە تۆ وەکو ئەوت پێ ناکرێت...) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل١٠٧)**

کات دەبێتە بەشێك لەپێکهاتەکانی توخمی ڕۆمان ، بەهۆیەوە ناسنامەی زەمەنی ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و تەکنیکەکانی دی بەدیار دەکەون ، کات بوونێکە هەمیشە لەدەستی کارکتەری دەقەکە گوزەر دەکات و لەگەڵ پێکهاتەکان دەیگونجێنێ ، چونکە (( یاری کردن بەکات لەچیرۆکدا کارێکی ئیستاتیکی یە، کار لە ماهیەتی هەبوونی ڕووداوەکان ناکات ))[١٦٢] ، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی کاتەوە دەکرێت ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا هەوڵبدات مامەڵەی جیاواز لەگەڵ شێوە و جۆری کاتەکان بکات بەهەمان شێوەش دەبێت کاتەکان لەگەڵ کاراکتەر و شوێنی ڕووداوەکان بگونجێنێت ، گونجاندنی ئەم تەکنیك و توخمانە لەڕۆماندا لەڕێگەی مۆنتاژەوە دەکرێت ، هەروەکو چۆن لەسینەمادا دەرهێنەر هەوڵدەدات کاتەکان بگونجێنێت لەگەڵ کاراکتەر و شوێنی ڕووداوەکان لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە ، بەهەمان شێوەش ڕۆماننووس هەوڵدەدات کاتی فیزیکی بهێنێتە نێو ڕۆمانەکەوە گونجاندنێك لەنێوان کات و پێکهاتەکانی دیکەی لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە ئەو گونجاندنە دروست دەکات ، کە وەرگر لەڕێگەی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان هەستی پێدەکات ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ شوێنەکان دەکات بەچەند گرتەیەك لەیەك ساتدا لەبیری وەرگردا نمایشی دەکات :

**( کاتێك ( داندی ) شەو لەماڵ دەچێتە دەر ( شۆرش ) ، ( ئازاد ) خەبەر دەکاتەوە بەبیانووی ئەوەی بچنە دوای ( داندی ) بزانن چی دەکات ، لەکۆلانە تەسکەکانی شاردا خەڵکی چۆن چۆنی هەڵخەڵەتاندووە شەوان لەلایان دەمێنێتەوە ، کەچی ڕۆماننووس لێرە کات ڕادەگرێ تەکنیکی فلاش باك بەکاردێنێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێك وێنەی سەرنج ڕاکێش بەوەرگر ببەخشێت بەتایبەتی بۆنی شێلم و ئەو کەسانەی دەوری سوپاکەیان داوە خۆیان گەرم دەکەنەوە بەیانیش کە لەخەو هەڵدەستن ئەو شێلمە بۆ بەردەم فەرمانگە حوکمی و قوتابخانەکان دەبەن) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل٢٠٨)**

گێڕەرەوە هەڵدەستێت بە پرۆسەی گێڕانەوە لەڕێگەی کارەکتەرەوە مۆنتاژی کات بەکاردێنێت ، شوێنەکە جێگیرە تەنیا کات جێگۆرکێ دەکات ، ئەمیش لەڕێی دەربڕینی ئەو وشانەی کاراکتەرەکان دەیگێڕنەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو یا ئایندە ، تەنیا کاتەکان دەگۆڕێت ئەگینا کارەکتەر هەر لەشوێنی خۆیەتی بەهۆی وشەکانی ، کە دەبێتە کامێرا و پێشکەشی وەرگری دەکات ، چەند کاتێك بەدوای یەکتر ڕێز دەکات و پێشی و

---

١٦٢– د. کمال فريد ، د.ماهر حسن فهمي ، الكلاسكية في الادب و الفنون ، دار الفارابي ، القاهرة ، ب ت ، ص٩١.

پاشیان دەکات ، کەچی لە فیلمی سینەمادا لەڕێگەی پاڵەوان و کاراکتەرەکان بەهۆی چاوی کامێرای دەرهێنەر ئەو کاتە نمایش دەکات ، بەچەند وێنە و گرتەیەکی سەرنج ڕاکێش کە لەچەند کاتێکی جیاوازدا دەگێڕدرێنەوە ، ئەو گوتانەیە بەشێوەی پچڕ پچڕی گرتەی کاتی جیاوازی لەشوێن دادەنرێت و بینەر تامەزرۆی وێنەی دوای خۆی دەکات ، بەبێ ئەوەی هەست بە پچڕانی کات و زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بکات ، هەربۆیەشە ناتوانرێ ڕووداوێك نمایش بکرێت و بگێڕدرێتەوە ، ئەگەر ئاماژە بەبوونی کاتێك نەکرێن هەرچەندە ئەو کاتەش دیاریکراو نییە.

ڕۆماننووس زیاتر هەوڵی داوە زیندوویەتی بەکاتەکان ببەخشێت کە لەڕێگەی گواستنەوەی چاوی کامێرای شوێنەوە کە ڕووداوەکان تێیدا لەیەك کاتدا ڕوودەدەن ، بەتایبەتی کاتێك باسی پێوەندی خۆشەویستی نێوان ( ئازاد و دلارام و شێرزاد ) دەکات کە ( دلارام ) نەیویستووە نە واز لە ( شێرزاد ناجی ) بهێنێت و نە دڵی (ئازاد)یش بشکێنێت ، بۆیە هاتووە ئەو ساتەی تێکەڵی یەکتر کردووە لەسەر زاری شێرزاد دەڵێت :—

**( دوێنی میوانێکی زۆر ئازیزم لابوو ئەو کەسەی ئاواتم بوو ببینم سەردانی کردم تا بەیانی لام مایەوە ... بەڵام بەدزی ماڵەوەمان لەکادینەکەی باوکم نواندم... (دلارام) هاتە بەرچاو چۆن لەسەر ئەو کایە ڕاکشاوە قژی درێژی بەولاو بەولایدا بلاوبووەتەوە .... شێرزاد بەسوکی لەتەنیشتی پال دەکەوێت... لەپێشیدا هەر لەسەر کراسەکەی بەو پەنجە بزێوانەی ختوکەی گۆی مەمکی و شەنتووای دەدات دوایی قۆپچەکەکانی دەکاتەوە ... رووت و قوت لەسەری پال کەوتووە... هاتەسەرت بلێ ی هەمووی کاتژمێرێك بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕیوە کەهەمان بەزمی لەگەڵ تۆیشدا کرد ... تەنیا جیاوازی ئەوەیە ئەوەی ئەم لەکادین بووە ئەوەی تۆ لەحەمام...). (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ١٤٤—١٤٥ )**

خەیاڵ و خەونەکانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان دەبن بەبەشێك لەبیری گێڕەڕەوە ، گەرانەوەیە بۆ مێژوو ، یاریکردنە بەکات لە ئێستاوە بۆ رابردوو دواتر بۆ ئایندە یان بە پێچەوانەوە ، پشتەوەی ( ئیڤە ) سەربازیەکە شوێنی نمایشکردنی بەشێکی زۆری ئەو مرۆڤانەیە ، کە ساڵانێك بوون بەپێشمەرگە و دواتر خۆیان ڕادەستی رژێم کردنەوە ، دوور لە خواست و ویستی خۆیان ، دواتر رژێم سووکایەتی پێکردن و رایگواستنەوە بۆ باشوور و ناوەراستی عێراق ، گێڕەڕەوە لەڕێگەی خەیاڵ و گێرانەوەی ( سۆزان )ی دیمەنەکان بۆ نمایشدەکات ، باسی هاتنەوەی بۆ هەولێر دەکات ، لەڕێگەدا دووکەڵێکی زۆر دەبینن هەست بەئاگری ( نەورۆز ) دەکات لەکاتێکدا ( سۆزان و هەژار ) لەهەمان ڕۆژدا لەدایك بوون بۆیە دەڵێت :

**( کاتێ گەیشتینە قەراغی شار، دەمەوبەری ئێوارەبوو... لێرەو لەوێ دوکەلی ڕەش بەرەو ئاسمانی شین هەڵدەکشا ، سەرەتا هەم بەلامانەوە سەیر بوو هەم دەترساین... بەڵام دوایی لەناوشاردا بۆمان دەرکەوت ئاگری نەورۆزە... ئینجا بیرم کەوتەوە کە رۆژی لەدایك بوونی خۆم و (هەژار)ی براشمە، تەمەنمان بووەتە چواردە ساڵ... کاتێ (نازنان) و (گولنار) لەگەڵ گەیشتنی هەوالی پەیمانی جەزائیر یەکتریان بەقژ خنکاند...**

**دایە پێی گوتم هەر لەیەکەم ڕۆژەوە ئەو دوو خوشکەی لەچۆمان دیوە پێشبینی کارەساتێکی لەم شێوەی بۆ کردوون... نازانم بۆچی لەدواوەی ئەو ئیڤایە زوو دیمەنەکەیان دەهاتە بەرچاوم) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل٢٣٢-٢٣٣)**

هەرچەندە ئەو کاتەی لەڕۆماندا بەکاردێت زۆرجار ڕێژەییە پێوەندی بەچۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان و گێرانەوەی ڕووداو و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان هەیە لەڕۆمانەکەدا پێکهاتەیەکی ئالۆز لە کات دروست بکات بۆیە (( سوود لەمۆنتاژی سینەمای وەردەگرێت لەمەشەوە مۆنتاژی کات بەرجەستە دەبێت ، کەتێیدا هەست و هۆش کەسایەتیەکان لەکاتدا دەبزوێت ، کەچی هەر لەشوێنی خۆیانن ))[١٦٣].

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کات لە ڕۆمانی ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا )**

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بەتوخمی کات لە ڕۆمانی **( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا )**ی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) ، پێوەندییەکی بەهێز و بەتینە ، ڕۆماننووس چەند ڕووداوێک لەسەر زاری کارەکتەرەکان دەگێڕێتەوە ، کە لەچەند کاتێکی جیاوازدا ڕوودەدەن ، بەڵام شوێن جێگیرە ، بەشێکی زۆر ئەو کاتانەی لەڕۆمانە باسکراون حەقیقەتیان پێوە دیارە ، کە ڕووداوەکانیان تێدا ڕوودەدات ، زیاتر لەڕێگەی دەربڕینی دیالۆگی کارەکتەرەکان هەست بە کات و زەمەنی ڕووداوەکان دەکرێت ، کەواتە ڕۆماننووس بەهۆی بەکارهێنانی کامێرای وشەکان کاتی ڕووداوەکان دیاریدەکات ، لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە ڕووداوەکان ڕێکدەخات ، وەرگر لەبیری دا وێنەی بۆ دەکێشێت ، کەچی لەفیلمی سینەمایی و شانۆیی و درامادا بەهۆی کامێراوە ڕووداوەکان لەکاتە جیاوازەکان نمایش دەکرێن ، وەرگر لەڕێگەی هەستی بینینەوە زیاتر ڕووداوەکان لەبیری دا دەچەسپێت .

( نەوال ) کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە ، ڕۆماننووس چەند ڕووداوێك بەکامێرای وشەکان لەچەند کاتێکی جیاواز ڕوویانداوە لەڕێگەی ئەمەوە بۆماندەگێڕێتەوە ، بە چەشنێك وەرگر هەست بە پچڕانی هیچ کاتێك و ڕووداوەکان ناکات ، بەتایبەتی لەباسکردنی ( کاکەسوور ) ، کە بووەتە دێوەزمە و دەسەڵات ناتوانێت بیگرن و ترسی بەسەر منداڵانی قوتابخانە دروست کردووە ، هەروەکو دەڵێت :-

**( .... (نەوال) لەو کاتەوە دەچووە سەر جێگا و تا خەویشی لێدەکەوت بیری لە (کاکەسوور) دەکردەوە و لەخەیاڵی خۆیدا دەیهێنا و دەیبرد ، دەیبرد و دەیهێنایەوە ، ئاخۆ کەی سەربازەکان دەیگرن و دەیهێنن لە ناوەڕاستی شار لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە هەڵیدەواسن... ! ؟.**

---

١٦٣- ڕێزان رحمان غفور ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عبدالله سەراج دا ، چ : ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢ . ، ل١٩٥.

**ڕۆژانی پێنجشەممە کاتی هەر شەش پۆلەکە سێیان لەمسەر بۆ و سێیان لەو بەر لەناوەڕاستی گۆڕەپانەکەی قوتابخانەدا بەڕێکی دەوەستان و شانیان بەیەکەوە دەنووساند ، بەڕێوەبەری قوتابخانە ترسی گیانی منالآنی دەردەکرد و نوقڵی بەسەر ئەوانە دابەش دەکرد ، کە باوك و برایان بەدەستی (( کاکەسوور )) کوژرابوون و لە حەژمەتا ڕەنگیان بەسەرەو نەمابوو ، (( نەوال )) چەند بەزەیی بەو منالآنە دەهاتەوە و چۆن فرمێسك لەچاوەکانیدا قەتیس دەمان ، کە لەگەڵ قسەی بەڕێوەبەر دەستیان دەکرد بەگریان و بەچکی کراسە ڕەشەکانیان سەری خۆیان دادەپۆشی... ! !) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٢٩،٢٨).**

ڕۆمانووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی تەمەنی ( نەوال ) دەکات کە دوای ئەوەی باوکی بەدەستی ( کاکەسوور ) دەکوژرێت و ( نەوال ) لەخەم و خەفەتا تێکدەچێت ، هەرچەندە خاڵی هەوڵی چاکبوونەوەی دەدات ، بەڵام بێ سوودە ، دواجار لەسەر دەستی ( حەسەن خوداداد ) ، کە ورچێکی ڕەشی پەروێنەکەی بۆ ( عەمار )ی کوڕی دەهێنێت ، لەپشت سەری دادەنێت بەرەو چاکبوونەوە دەچێت ، ئەم کۆمەڵە ڕووداوە کە بەدوای یەکتردا لەکاتە جیاوازەکان ڕوودەدەن ، گێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە پەیوەستی کردوون بەیەکەوە، دواتر بەچاکبوونەوەی ( نەوال ) کاتەکە دیاردەخرێت و هەروەکو دەڵێت :-

**( .... ((نەوال)) ڕۆژ بەڕۆژ ڕەنگە ڕووی گەشی جارانی دەهاتەوە و بەرەو چاکتر دەبوو ، تەنانەت تا تەواو گەورەبوو چووە ناوەندیش بەبێ ورچە ڕەشەکەی نەدەچووە سەر جێگا و تا توند توند نەینوساندایە بەخۆیەوە پێڵوەکانی قورس نەدەبوون خەوی لێ نەدەکەوت ... ئەو ڕۆژەی ((حەسەن خودادادا)) و ((عەمار)) هاتن بردیان بۆ ماڵی خۆیان ، دایکی شتومەکەکانی تری پێچایەوە و بۆی کردە جانتایەکی سپی گەورە) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٨٩).**

لەدیمەنێکی دیکەدا گێڕەرەوە باسی کەسێك دەکات بەناوی ( جەموول ئەجهەر ) کەناوی لەسەر پەرتووکی مێژووی پۆلی چوارەمدایە ، کەچی ( نەوال ) هەڵدەستێ دەستکاری ناوی ( جەموول ) دەکات دەیکات بە ( خەموول ) ، بەهۆی ئەو کردارەوە ( نێرگز )ی کچی ( نازەنین ) و ( نەوال ) دەبێتە شەڕیان ، سەرەتا وەرگر بەڕووداوێکی ئاسایی دێتە بەرچاو ، دواتر ڕووداوەکە گەشەدەکات لەئاکامدا ( شازە و نازە ) دەبێتە شەڕیان لەکۆڵان ، قژی یەکتر دەردەهێنن ئەم ڕووداوە لەچەند ڕۆژێکدا ڕوودەدا ، یەکخستنی ڕووداوەکان لەلاپەڕە (٢٥١-٢٥٨) لەڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە ڕێکخراوە ، کە وەرگر هەست بەدوای یەکداهاتنی چەشنە ڕووداوێکی تەواکەری دەکات ، بیرخستنەوەی ئەو وێنانەی ( نەوال ) دێتە بەرچاوی لەشەودا و دواتر کە بەیانی دێت بەچ ڕوویەك لەقوتابخانە سەیری ( نێرگز ) بکات ، لە ڕێگەی مۆنتاژی کاتەوە دەبێت ، تاکو وەرگر لەبیر و هزری دا نەتوانێت لەیەك شوێندا بڕیار لەسەر ڕووداوەکان بدات ، بۆیە دوای تەواوبوونی شەڕەکە ( جەموول ئەجهەر) نازانێت ئەو شەڕە لەسەر چی ڕوویداوە ، پرسیار لە ( نەوال ) دەکات :-

**( دەستی ڕاستی کردە ملی ((نەوال)) و بەلەفزێکی منالآنە لێی پرسی :**

**- ئەوە ئێوە لەسەرچی شەڕتان بوو ڕۆحەکەی من**

**– لەسەر تۆ**

**ئەو لەشوێنی خۆی ساردبوو، سەری لەبەرنا (سیامەند)یش لەو لاوە، وەك نەبای دێت و نەباران قاقای لێ دەدا و دەیوت:**

**– ئەوە خۆ قسەکەی مامۆستا ڕاست دەرچوو**

**ئەو شەوە لەماڵەوەش تا درەنگ ئەوەی دیوتەوە و ئەمان پێدەکەنین...**

**((نەوال))یش هەرچەند بیری لەماڵی ((نێرگز)) دەکردەوە و دەیهێنایە بەر چاوی کە هەموویان سەریان شکاوە و بەلەفافی سپی پێچاویانە، پێکەنینی دەهات و پێی دەوت**

**– لە کۆرسی گۆرانی دەچن.**

**بەڵام کاتێك جێگایان ڕاخست و پاڵ کەوتن ، بیری لەبەیانی کردەوە ، وردە وردە خەفەت دایدەگرت ، کە نێرگز نایەت بۆ قوتابخانە و تەخت و کورسیەکەی تەنیشتی بەچۆلی دەمێنێتەوە ... هەرچەند سەیریان بکات دەستی چەپی بخاتە سەریان بیریدەکەوێتەوە تەریقدەبێتەوە... خۆ ئەگەریش بێت و لەتەنیشتی دابنیشێت ، ئەوا هەر ڕووی نایەت سەیری بکات و بیدوێنێت ) (ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل٢٥٥).**

دوای ئەوەی ( فریال )ی خوشکی ( نەوال ) شوودەکات و لەسەرەتای زستاندا سکی دەبێت و ( شانە )ی خێزانی ( سیامەند )یش سکی دەبێت ، هەردووکیان چەند مانگێك دوای یەك منداڵیان دەبێت ، ئەوەی جێگەی سەرنجە شووکردنی (سوعاد) و (فریال) لەدوو کاتی جیاوازە و ڕۆمانووس لەڕۆمانەکەیدا بەشێوەیەکی ڕوون باسی شووکردنیان ناکات ، چۆنیەتی شووکردنیان بۆ وەرگر لێدەگەڕێت ، هەروەها منداڵبوونی هەردووکیان دواتر ناولێنان و گەورەبوونیان بێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ ڕووداو و بەسەرهاتێك بکات کە لەنێوانیان ڕوویانداوە جۆرێکە لە کورت کردنەوەی کات بوار زەینی وەرگر دەدات ، کە ڕوانین و سەرنجی خۆی دەربارەی چۆنیەتی گەورەبوونیان بخاتەڕوو ، خستنەپاڵیەکی ڕووداوەکان و دواتر کورتکردنەوەی ڕووداوەکان و ڕێکخستن برینی گرتەکان ، ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژی کاتەوە ئەو کارەی بەئەنجام گەیاندووە ، بەشێکی ڕووداوەکان بۆ بیری وەرگری جێهێشتووە :–

**( ... ((فەریال)) سەرەتای زستانەکە سکی پڕبوو و وەرزێ لەهی ئەو گەورەتربوو ... ئەمیان لەکۆتایی هاوین دوو کچی بوو بەسەلامەت هەستایەوە ، ئەویان دەستپێکی زستان دوو کوڕی هێنا و خۆی دەستبەجێ مرد ئەمان ناونران ((سازگار)) و ((ساکار)) ئەوان بوو بە ((دۆست)) و ((دانا)) ئەگەرچی سیامەند ((دۆستی)) بە ((شێرۆ)) ناودەبرد ((دانا))یش بە دیدەم ... ((ست سوعاد)) هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کردبوونی بەهی خۆی لەگەڵ دووانەکەی ((فەریال)) بەخێوی دەکردن ، ئەمەی پێناخۆش بوو هەموو جارێ پێی دەوت:–**

**– نازانم ئەوە چ دڵێکە تۆ هەتە ئاخر بووە باوك بەناوی کەلە شێریك بەدەستی خۆی سەری بڕیوە خوێنەکەی ڕشتوە منالی خۆی بانگ بکات ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٤٩٠–٤٩١) .**

## تەوەری سێیەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر

### یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر لە رووی تیۆری :

کارەکتەر توخمێکی زۆر گرنگی ڕۆمانە و پەیوەستە بە بنەمای دروست بوونی بینای ڕۆمان ، لەبەر ئەوە هیچ ڕۆمانێك بەبێ بوونی کارەکتەر بوونی نییە ، کە کۆڵەگەی سەرەکی هەموو ڕووداوێکە لە ڕۆماندا ، بوونی کارەکتەر لە ڕۆماندا وەکو بوونی هەناسەیە بۆ مرۆڤ ، ئەگەر مرۆڤ هەناسە نەدات دەخنکێ و دەمرێت، بەهەمان شێوەش ڕۆمان بێ بوونی کارەکتەر مردووە ، کارەکتەر (( یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەییەکانی ڕۆمان و ڕووداوەکان پێوەندییان بە ژیان و ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئەوانەوە هەیە ))[١٦٤] ، ئەوەی وای لە ڕۆمان کردووە وەکو ژانرێکی بەهێز و پلەدار دەردەکەوێت و جێگەوپێگەی خۆی لە ئەدەبدا بنرخێنێت ، هەمیشە لە پێشکەوتن و برەو دابێت بوونی کارەکتەرە ، کە چۆن چۆنی کێشەکان بۆ کارەکتەرەکان دروست دەبن و کۆسپ و گرفتەکان چۆن سەرهەڵدەدەن ، ئاستەنگەکان بەرەو چ زەمینەیەك پەلدەکێشن ، دواجار هەموو کێشەکان بە شێوەی بازنەی تێکچرژاو یەکدی تەواو دەکەن ، ئەو کێشانەی کە کارەکتەرەکان پێوە دەناڵێنن لە دواجاردا دەبێتە بەشێك لەو کێشانەی کە کۆمەڵگە و وەرگر ناتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا خۆی لێ بەدوور بگرێت .

گرنگ ئەوەیە ڕۆماننووس تا چەند دەتوانێت جێگە و پێگەی سەرەتایی کارەکتەرەکان لەنێو ڕووداوەکان دیار بخات و بیانخاتە سەر ڕێڕەوی خۆیان و گرنگی بابەت و بایەخی کارەکانیان لە شوێن و کات و ڕووداو و قۆناغە جۆراوجۆرەکان وەربگرن ، ئەو سیفەتانەی کە بە کارەکتەرەی ڕۆمان (( دەلکێنرێن لە ئەنجامی پێویستییەك لە پێویستیەکانی ژیانەوە بووە کە دەدرێتە پاڵیان تا بەشێك لە کەسیەتی کەسەکان بنوێنێت بۆیە گۆڕانیشیان دەبێ لە ئەنجامی کارتێکردنی ڕووداوێکی گەورە و کاریگەرەوە بێت لەمەوە گرینگی بنەڕەتی چەسپانی کەسەکانمان بۆ دەردەکەوێت ))[١٦٥] ، تا چەند نووسەر بەشێوەیەکی وورد و عاقڵانی لە توانا و بەهرە و کارامەیی کارەکتەر بڕوانێت ، تاکو وەرگر نەتوانێت ئەو پاڵنەرانەی لەپشت کارەکتەر هەیە بۆ هێنانەدی ڕووداوێك بە ئاسانی تێی بگات و لێی حاڵی بێت ، بەڵکو دەبێت بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی ئەو گریمانانەدا وێڵ بێت ، کە هەمیشە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی بەسەرهاتەکانیانەوە بیری وەرگر پەرتەوازە دەکەن و دەیانکەن بە بەشێك لە ڕووداوەکان .

کارەکتەر ((ئەو توخمە گرنگەیە کە هیچ توخمێکی ڕۆمان ناتوانێت تاقیکردنەوەیەکی سودمەند و قەناعەت پێکەر پێشکەشی خوێنەران بکات ، بێ ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی بەژیان و ڕووداوەکانی

---

٢– د. نجم ئەڵوەنی ، ٣ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە،چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل١٠٢

١٦٥ - د. رشاد رشدي ، نظرية دراما من ارسطو الى الان ، مطبعة الانجلو المصرية ، قاهرة ، ١٩٦٨ ، ص٤٨ .

ژياننامەی ئەوەوە هەبێ ))[١٦٦] ، بۆیە دەبێت ڕۆماننووس بەشێوەیەکی بەردەوام لە نوێبوونەوەی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە ڕابمێنێ ، ڕێگە بۆ هەموو پێشبینیەك خۆش بکات کە ڕەنگە پێویست و گونجاو بن بۆ کارەکتەر ، ئەوەش بەو واتایە نییە ، کە یا کارەکتەری ڕۆمان بەتەواوی سەربەخۆ بێت و سەربەستی خۆی لە ڕۆماننووس بسەنێت و ئیتر کەوتە نێو بازنەی ڕووداوەکان بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات و لە ڕۆماننووسەوە هەڵبێت، بەڵکو ڕۆماننووسی سەرکەوتوو ئەوەیە بتوانێت لە ڕێگەی کارەکتەرەکان هەڵوەستە لەسەر ڕووداوەکان بکات و هەڵوێستی خۆی دیاربخات لە ڕێگەی ڕووداو هەستی کارەکتەرەکان لە شوێن و کاتی جیادا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ، بەڵام دەبێت سنووری ئەو هەستەی خۆی بزانێت و کە تا چەند توانیویەتی بە بێلایەنی ڕووداوەکان لەڕێگەی کارەکتەرەکان بخاتە سەر ڕێڕەوی ئەو زنجیرە ڕووداوانەی کە ناکرێت هەمووی بە ئارەزووی ڕۆماننووس لە دایك ببن ، کەچی دەڵێ ؟ چی دەوێ ؟ چی دەشارێتەوە ؟

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر لە هەموو ڕۆمانێکدا وەکو پێوەندی کار و بکەرە لە ڕستەدا ، لەسەر ئەو بنەمایەدا لەو پێوەندیەی نێوانیان ڕۆمان یەکسان دەبێت ،( کار (مۆنتاژە) + بکەرکارەکتەرە) ، لەبەر ئەوەیە مۆنتاژ بەپێی هەڵسوکەوت و جووڵەی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا دەگۆڕێت ، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هاوکێشە ، کە پێوەندی مۆنتاژ و کارەکتەر لە ڕۆماندا یا لەهەر دەقێکی ئەدەبیدا یەکسانە بە (( پەیوەندی= کار (مۆنتاژ) + بکەر (کارەکتەر) ))[١٦٧] کە بەپێی پێگەی خۆیان گۆڕانکاریان لێدەکرێت، هەرچەندە ئەرکی ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا ئەوەیە ، کە (( وەسفی خەڵك بکات و لەسەر شێوەی حەقیقی و ڕاستەقینەی خۆیان پیشانیان بدات ))[١٦٨] ، تا کاریگەری لەسەر وەرگر دروست بکات ، وەك کەسێکی ئاسایی کۆمەڵ مامەڵەیان لەگەڵ بکات و لە گۆشت و خوێن پێکهاتوون، کەچی کارەکتەر لای ( ڕۆلان پارت ) لە دەقی ئەدەبیدا بەتایبەتی لەنێو ڕۆمانی هاوچەرخدا کارەکتەر وا پێناسە دەکات و دەڵێت : (( کارەکتەرکان بوونەوەری کاغەزین ))[١٦٩] ، بەپێی ئەو بۆچوونە بێت کارەکتەرەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەژیانی واقیعی نییە و لە مرۆڤی ئاسایی ناچن بێگومان ئەوە هەڵەیە، هەرچەندە کارەکتەرەکان لەنێو دەقی ئەدەبیدا بەتایبەتی ڕۆمان کاغەزین بەڵام بەشێکن لە کۆمەڵگە، بەڵگەش بۆ بوونی ئەو وتە ئەوەیە کارەکتەری ڕۆمان تووشی کێشە و ململانێ دەبێت و بەدوای چارەسەر و چارەنووسی کێشەکان دەگەڕێت ، بەهەمان شێوە مرۆڤی ئاسایی تووشی هەمان کیشەی کارەکتەر دەبێت ، لە ژیانی ڕۆژانەیدا .

---

١٦٦– د. نجم خالید ئەلوەنی ، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، چ : موکریانی – هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل٣٥ .

[١٦٧]– طه الوادیي ، دراسة في النقد الرواية ، دار المعارف، ط ٣ ، قاهرة ، ١٩٩٤ ، ص٢٨ .

[١٦٨]– د. شاكر الحاج مخلص ، في الادب و الفن ، دار علاء الدين – دمشق منشورات ، ٢٠٠٠ ، ص٣٢ .

[١٦٩]–محمد عزام ، تحليل الخطاب الادبي على ضوء المناهج النقدية الحداثية ، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣ ، ص٢٠٤ .

بەم شێوەیە كێشەكانی كارەكتەر لە دواجاردا دەبن بەبەشێك لەو كێشە و گرفتانەی كە ڕۆماننووس باسی كردوون، بۆیە جوانترە بگوترێ كە كەسایەتی و كارەكتەری نێو دەقی ئەدەبی و ژانری ڕۆمان كەسایەتیەكی ئەدەبی و هونەری و خەیاڵاوی و واقیعییە نووسەر ئەفراندوویەتی و دروستی كردوون ، (( هەر ڕۆمانێك زادەیی هزر و بیری نووسەرێكە كە دەڕژێتە پێنووسەكەی زۆرجار نهێنی ڕۆمانەكەی لە گفتوگۆی نێوان كارەكتەرەكاندا بەدیار دەكەوێت ))[١٧٠] ، بۆیە هەڵەنیە بە چاوی واقعی و ئاسایی و هونەری سەیر بكرێت جا ئەگەر لێكچون لەنێوان كەسایەتی و مرۆڤی ئاسایی لە ژیاندا هەبێ یا نەبێ ، لەبەر ئەوەی نووسەری ڕۆمان هەوڵدەدات سود لە خەیاڵ و واقیع وەربگرێت و بەرهەمەكەی پێ دەوڵەمەند بكات بەتایبەتی ئەگەر بەرهەمەكەی پڕ كرد لە خەیاڵ و كارەكتەرەكان هەندێك كردەوەیان كرد كە ئەقڵی مرۆڤ وێنای بۆ ناكات ئەمەش لە فیلمی سینەمایی نزیك دەبێتەوە كە سینەماكار هەوڵدەدات بەرگێكی خەیاڵی بخاتە بەر كارەكتەرە واقعییەكان ئەم كردارەش لە ڕێگەی مۆنتاژەوە دەكرێت كە كارەكتەری فلیمەكە زۆر لەوە گەورەتر دەكات یا بچووكتر دەهێنێتە بەرچاو كە خۆی هەیەتی ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت ڕۆماننووس سنووری خەیاڵ ببەزێنێ و وەرگر وا بزانێت كارەكتەری نێو ڕۆمانەكە لە خەیاڵ سەرچاوەی گرتووە ، نابێت ڕۆماننووس دەست بەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەكان بگرێت ، كە كارەكتەرەكان بە ئەنجامی دەگەیەنن ، تا ئەو كاتەی كارەكتەرەكان دەكەونە سەر ڕێڕەوی خۆیان ئاساییە ، بەڵام دواتر نابێت ڕۆماننووس وەكو داشی دامە یاری بە كارەكتەرەكان بكات و چارەنووسیان بخاتە ژێر ركێفی خۆی ئەمەش وا لە كارەكتەر دەكات بە نەمری بمێنێتەوە .

هەرچەندە ڕۆماننووس خۆی دروستكەری كارەكتەر بووە ، ئەگەر نووسەر كارەكتەری دەمامك كراوی دروست كرد لەگەڵ تەواوبوون و نەمانی دەقەكە ئیتر كارەكتەرەكانیش لەناو دەچن بەواتایەكی دیكە (( دەستگرتنی نووسەر بەسەر كەسایەتیەكاندا بەواتا: خنكاندنی دەقی تایبەتیان، زەوت كردنی دەسەڵاتی گێڕانەوەیە، ئەمەش سەپاندنی گۆشەنیگا و هەڵوێستی نووسەرەكەیە ، بەسەر خوێنەردا لەلایەك و لەلایەكی دیكەوە، كپكردن و ناساندنی دەنگە جوداكانی بەرهەمەكەشە ))[١٧١] ، بۆیە لەسەر نووسەر پێویستە لە هەموو شوێنێك و كاتێك دەست نەخاتە ژیانی تایبەتی كارەكتەرەكان ، بەڵكو دەبێت ئازادی پێ ببەخشێت چۆن چۆنی لەگەڵ ڕووداوەكاندا گوزەر دەكەن و هەڵسوكەوتەكانیان چۆن ئەنجام دەدەن ، چۆن لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەكان بەدیار دەكەون و بزر دەبن و توشی نامۆیی و هەڵچوون و داتەپین دەبن و چ هەڵوێستێكی تازە و پڕبایەخ دەنوێنن، كەواتە ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەكارهێنانی دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و تەوژمی هۆشی

---

١٧٠- د. بەیان ئەحمەد ئامێدی ، ئەدەب و هونەر ، پاشكۆی كوردستانی نوێ ، ژ ٨١١ ، س ٢٢، پێنجشەممە ٢٠١٣/١/٢٤ ، ل٢ .

١٧١- عەبدوڵڵا سەڕاج ، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاكان ، ل٤٦ .

کارەکتەرەکان تەکنیکی مۆنتاژ بەکاردێنێت کە لە چەندین شوێن کارەکتەرەکان کۆدەکاتەوە لە ڕووداوێك بزری دەکات و لە چەند ڕووداوێکی دی بەدیاری دەخات یا لە ڕێگەی مۆنتاژی کارەکتەرەوە کارەکتەرەکان مەزنتر یا بچوکتر پیشان دەدات ، تاکو سەر شێواویەك لە ناخی وەرگر دروست بکات و تێڕوانینی جیاجیای بۆ کارەکتەرەکان هەبێ ، ڕۆماننووس نەیانکاتە قوربانی ئایدیاکانی خۆی.

مەرج نییە هەموو ئەو کارەکتەرانەی دەکرێن بە پاڵەوان یا شاکەس یا کارەکتەر لە ژانرە ئەدەبیەکان مرۆڤی ئاسایی بن دەکرێ پەنا بۆ شتێ ببردرێت مەرج نییە وەکو مرۆڤی ئاسایی زیندووبێ و گیانداربێ دەکرێ کارەکتەر یا پاڵەوان یا ئەکتەر لە ژانرە ئەدەبیەکان بێ گیان بێ یا گیاندار بێ ، چونکە (( مەرج نییە کەسایەتی هەر تەنیا مرۆڤ بێت، نووسەری وا هەیە بایەخ بە کەسایەتی زیندەوەرێك دەدات وەکسەگ ، کەو ، پشیلە ، کۆتر …… ، یا ڕووەك و شتی بێ گیان ))[١٧٢]ی وەکو دار و درەخت و بەرد و ڕووبار و …. هتد ، ڕەنگە هەندێك ڕۆماننووس هەبوو لە نووسینی ڕۆمانەکەیاندا پەنا بۆ ئەو جۆرە کارەکتەرانە ببەن بیان کەن بە کارەکتەری سەرەکی یا شاکەسی ڕۆمانەکەوە ، وەکو مرۆڤی ئاسایی ڕەفتار لەگەڵ دەورووبەری خۆیان بکەن، هەڵسوکەوتی سەیر ئەنجام دەدەن هەندێك کات بۆ جوانکردن یا ناشرین کردنی کارەکتەری ڕۆمانەکەی پەنا بۆ هەندێ ناوی تایبەتی خوازراو دەبات ، ناوەکانیان وەکو خۆی بەکارنایەنن (( بێجگە لەوەیش ناوی کەسەکان چەمك و ئیتباعی سەرەکی لای خوێنەر دەڕسکێنێ بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە هاوەڵناوێك یا نازناوێکەوە لکا بێت ))[١٧٣] ، کە ناوەکان هەڵگری هەڵسوکەوتی ئێستا و ڕابردووی خۆیانن بەگوێرەی ڕەوشت و کرداریان هەڵوێستی ڕوونی ناوەکان دەنوێنن ، بۆیە دەبینرێ (( کەسێتیەکان لە ڕووی کردار و دەنگەوە هەریەکەیان نوێنەرایەتی چەند ڕوانینێکی لێکترازاو دەکەن و گێڕەرەوە ئەو هەڵوێستە قبوڵ دەکات ))[١٧٤]، بەهۆی دەرکەوتنی کەسیەتیەکان تا ڕادەیەك ڕابردوویان نازانرێ ، بەڵام لە ڕێگەی دەقەوە هەست بە ناسنامە و شوێنی ژیانی کارەکتەرەکان دەکرێت بۆیە هەر کارەکتەرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە بە چەشنی جیاواز جیاواز دابەشکراون ، وەکو (( کارەکتەری بگۆڕ ، کارەکتەری لاوەکی ، کارەکتەری نەگۆڕ ، کارەکتەری سەرەکی ، کارەکتەری کلێشەیی ))[١٧٥] بەشێوەیەکی گشتی (( بنیاتی کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتە و سروشتەوە بە پێی ئەو خاسییەتانە دیاری دەکرێت ، کە لە ناو ڕۆماندا دەبیێت ))[١٧٦] ، بەپێی ئەرك و کاریگەریان دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکی کە ئەمانەن :–

---

١٧٢– بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان ، عەبدوڵلا سەڕاج ، ل١٣ .

١٧٣– هەمان سەرچاوە ، ل١٢ .

١٧٤– دیداری ڕۆمانی کوردی ، ئامادەکردنی لیژنەی ڕۆشنبیری ، چ : شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل١٥٩ .

١٧٥– فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی ، وەرگێرانی : کاردۆ ، چ ئارابخا ، کەرکووك ، ٢٠٠٦ ، ل ٢٩ .

١٧٦– جەوهەر محەمەد مەولود شێخانی ، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی ( حسێن عارف ) دا ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، ٢٠١٣ ، ل١٩ .

جۆری یەکەم : شا کەس یا کارەکتەری سەرەکی جۆری دووەم : کارەکتەری لاوەکی .

**جۆری یەکەم // شا کەس یا کارەکتەری سەرەکی :**

شا کەس یا کارەکتەری سەرەکی هەر ڕەخنەگر و نووسەرێکی ئەدەبی بەپێی بیر و بۆچوونی خۆی ناوەکەی بردووە، هەردوو وشە ڕاستن و هیچ لەنگی و ناهاوسەنگیەك نابینرێت بەرانبەر ئەرکەکانیان ، شاکەس ئەو کەسەیە کە زۆربەی ڕووداوەکان لە دەوروبەری ئەودا ڕوودەدات و پێوەندی بەژیان و هەڵسوکەوتی تایبەتی ئەوەوە هەیە ، (( لەگەڵ واقعدا کارلێك دەکات و لەگەڵ هەستکردنی بەو هەموو ناخۆشی و ئاستەنگانەی کە دێتە پێشی ، کەچی خۆی رادەستی واقع ناکات ، ئەگەر لە کۆتاییدا سەرنەکەوێت ، ئەوا هەر هەوڵی خۆی دەدات ))[177] .

نجم خالید ئەڵوەنی دەڵێت :- (( کارەکتەری سەرەکی ناوەندی ڕۆمان پێکدەهێنێ کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتەکانی، کار دەکاتە سەر ژیانی کارەکتەرەکانی دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەو پێش دەچن ))[178] ، بەگوێرەی دید و تێڕامانی ئەو ڕووداوەی نێو ڕۆمانەکە گەشە دەکات و هەروەکو چۆن سەرەتای ڕووداوەکان دیاردەکەوێت ، بەهەمان شێوەش کۆتایی ڕووداوەکان دیار دەکات و بەکۆتایی هاتنی ڕووداوەکان ئەویش نامێنێ و لەناو دەچێت ، هەروەها پەرێز سابیر) پێناسە و خاسیەتی کارەکتەری سەرەکی یا کەسی سەرەکی دەکات و دەڵێت :(( ئەو کەسانە دیارترین خاسیەتیان ئەوەیە کە پەرەسێنن واتە دەگۆڕێن و لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە پەرەدەسێنن و چونکە کاتێك چیرۆکنووس ئەو کەسە سەرەکیانە دروست دەکات یەکسەر وێنەیەکی تەواو کامڵ بوویان بۆ ناکێشێت و هەموو لایەنەکانی کەسێتی یان ئاشکرا ناکات لەبەر ئەوەی کاتێك لەسەرەتا دەردەکەون زۆربەی لایەنەکانی کەسێتی یان شاراوە و نادیارە ))[179] ، ئەگەر سەرنجی ئەو تێڕوانینەی (د.پەرێز سابیر) بکەین بەشێوەیەکی جوان هاتووە پێناسەی کەسایەتی یا کارەکتەری کردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە هاتووە جۆرێك لە ئاوێتەبوون و تێکەڵاوی لەنێوان دوو جۆر و شێوەی کارەکتەر کردووە هەرچەندە ئەو بەڕێزە جیاوازی نەکردووە لەنێوان ئەرك و پێکهاتەی کارەکتەر ، چونکە مەرج نییە هەموو کارەکتەرێکی سەرەکی ببێ بە کارەکتەری پەرسێن ، هەروەکو( د.نجم خالید ئەڵوەنی ) دەڵێت:((مەبەست لە کارەکتەری پەرەسێن، کارەکتەری سەرەکی نییە ، چونکە جاری وا هەیە کە کارەکتەری سەرەکی لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە گۆڕانێکی گرنگ و ڕیشەیی لە کەسایەتی و هەڵوێست و باری دەروونی و بیر و بۆچوونیدا ڕوونادات، ئەم جۆرە کارەکتەرە لە ڕۆمانی سیاسی و ڕەوشتی و ئاینیدا زۆرە ... ))[180] ، هەروەکو ( باختین ) دەربارەی کارەکتەری سەرەکی دەدوێت و دەڵێت : ((کارەکتەر دەبێ ماف ئەوەیان هەبێت لە خودی ڕۆماننووس یاخی ببن ، هەروەها دەبێ ئاخاوتن و قسە و ناسنامەی ئەوانمان بۆ ئاشکرا بکەن، ڕەفتار و

---

[177] - عامر غرابیه ، الشخصية الروائية ، وظيفتها – انواعها – سماتها ، ٢٩ / ١١ ، ٢٠١١ ،

http://amergharibieh.Jeeran.

١٧٨- د. نجم خالید ئەڵوەنی ، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی، ل٤٥ .

١٧٩- پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ، ل+١٧٤ – ١٧٥ .

١٨٠- د. نجم خالید ئەڵوەنی ، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، ، ل٧٢-٧٣ .

هەڵسوکەوت و سیفەتەکانیان وێنەی ڕاستەقینەی ئەوانمان پیشان بدەن))[١٨١] ، ئەو یاخیبوونەی ( باختین ) باسی دەکات ، یاخی بوونی کارەکتەرێکە لە رەوتی رۆمانەکە ، نەك نووسەری رۆمان خۆی ، بۆیە کارەکتەری سەرەکی هەمیشە بەو چارەنووس و قەدەرەی بۆی دیاریکراوە رازی نابێت ، بەردەوام لە هەوڵ و جووڵەدایە دەیەوێت لەو چوارچێوەی کە بۆی تەنراوە بهێتە دەرەوە ، بیرۆکەی ژیانی بخاتەڕوو دەشێ کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆماندا زیاتر لە یەك کەس بێت یا مرۆڤ نەبێت .

## جۆری دووەم // کارەکتەری لاوەکی :

ئەم جۆرە کارەکتەرە ، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری نییە وەکو کارەکتەری سەرەکی دەرکەوتن و ئاشکرابوونیان زۆر کەمترە ، سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی ، کارەکتەرە لاوەکییەکانیش لەنێو خۆیاندا بەپێی کاریگەریان پلەبەندیان لە ڕۆماندا هەیە ، هەبوونی کارەکتەری لاوەکی لە ڕۆماندا پێویستیەکی واقعی و فەرزیە ، هەمیشە لە خزمەتی کارەکتەری سەرەکی و پەرەسێن دان ، چونکە کارەکتەری لاوەکی بۆ دەرخستنی هەڵسوکەوتی کارەکتەری سەرەکیە و لەخزمەتی ئەو دایە ، بەشێك لە لەلایەنی کەسایەتی و ژیانی ئەو کارەکتەرە ڕوون دەکاتەوە (( ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە گەشەپێکردنی ڕووداوەکان و کەسانی تردا بەتایبەتی لەو کاتانەدا لەو کاتەی شا کەس کارەکە ئەنجام دەدات ، کەسە لاوەکییەکان ئەو شاکەسە چالاك دەکەن و گەرم و گوڕیەکی پێدەبەخشن و دەیخەنە حاڵەتێکی نوێی جیاواز لە حاڵەتی پێشووی))[١٨٢] ، کەواتە کەسە لاوەکییەکان هەمیشە داڕشتنییان ئاسانە ، چونکە (( هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی زۆری لەسەر نووسەر ناوێت و بەو شێوازە بەکاریدەهێنێت کە لە مێشکی دا هەن زۆر لەسەر ژیان ناوەستێ و لێی ناکۆڵێتەوە کە لە کارەکانیدا سەرپێیی و دێن و دەچن ، بەڵکو بە ئاسانی وەریان دەگرێت و دوای ئەوەی شتێك لە وێنەیان دەگۆڕێت ))[١٨٣] ، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە ، هەرچەندە (( کەسە سەرەکییەکان بنەمای دروست بوونی ڕووداوەکانن و کەسی لاوەکی تەواوکەریەتی ، بەڵام پێویستە نووسەر هەردوو جۆر کەسایەتی بەپێی ئەرکی خۆی لەو شوێنانە بەکاربهێنێت کە پێویستە، وەك هەست و سۆز و هەڵچوون و بیر و بۆچوون و لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەیە و هەموو ئەو ڕەهەندانەش پەیتا پەیتا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دی بەدەردەکەون ))[١٨٤].

بۆیە دەکرێت بووترێت (( کارەکتەری لاوەکی تەواوکەری کارەکتەری لاوەکییە ))[١٨٥] ، چونکە (( کارەکتەرە لاوەکییەکانن ، هانی کارەکتەری سەرەکی دەدەن بەرانبەر کردار و گوفتارەکانییان کاردانەوەیان هەبێت و لەگەڵیان هاو هەڵوێست یان دژە هەڵوێست بن ))[١٨٦].

---

١٨١– د.نەجم ئەلوەنی ، ئەدەب و هونەر ، پاشکۆی کوردستانی نوێ ، ژمارە ٨١٥ ،٢١ /٢ / ٢٠١٣ ، ل٤ .

١٨٢–محەمەد ئەمین عەبدوڵلاّ ، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێڕاقدا (١٩٩٠–١٩٩٧) ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاّحەددین ، نامەی ماجستێر ، هەولێر ، ل ١٠–١١ .

١٨٣–فرانسوا موريال ، الروائي و اشخاص رواياته ، ت : عادل الغضباب ، مجلة الكتابة ، كانون الاول ، ١٩٥٢ ، ص١٧٦ .

١٨٤–محەمەد ئەمین عەبدوڵلاّ، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێڕاقدا (١٩٩٠–١٩٩٧) ، ل١٥–١٦ .

٥– محمد حسين عبدالمحسن ، البنية السردية في رواية صبحي فحماوي –حرمتان و محرم– ، دار الحوار ، سورية ، ٢٠١١ ، ص ٤٤

**دووەم : پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر ، پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور)دا**

لەڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور )دا ، هەست بە پێوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان هەموو جۆرە کارەکتەرەکان دەکرێت ، کە لەهەموو جۆر و شێوازێك کارەکتەری بۆ رۆمانەکەی خولقاندووە ، زۆربەی کارەکتەرەکانی نێوان ڕۆمانەکە واقیعین و لەژیانی ڕۆژانە ئاسا بەرچاومان دەکەوێت و گرنگیان پێدەدەین ، نووسەر هەوڵی داوە خۆی ببێت بەبەشێك لە کارەکتەرەکان لەچوارچێوەی کارەکتەرێکدا بیر و ڕای خۆی دەربڕێت، ئەگەر نووسەر توانی (( چاودێری کارەکتەرێك بکات لە هەڵس و کەوت و ژیانیدا، دەبێت ئەوەی دەیبینێ ئەوە بێت کە کارەکتەرەکە لەکار و ژیانیدا دەیبینێ ، ئەو تێڕوانینەی دەری دەبڕێت تێڕوانینی کارەکتەرەکە بێت ، هەمیشە هەمان هەستی کارەکتەری هەبێت ))[187] .

ڕەنگە (کاروان عمر کاکەسوور) نەیتوانی بێت ، دەنگی هەموو کارەکتەرەکان وەکو خۆی لە ڕۆمانەکاندا بگەیەنێت ، بەڵام توانیوویەتی بەڕێژەیەکی بەرچاو ئازادی بدات بە هەڵسوکەوت و تێڕوانینی کارەکتەرەکان ، لەڕۆمانەکانیدا (( ئازادی زیاتر بە کارەکتەر دراوە تەنانەت رێی ئەوەشی پێدراوە ، کە لەئیرادەی داهێنەرەکەی یاخی بێت ))[188] ، دەکرێ کارەکتەر لە کارەکتەرەکانی دیکە و لە رەوتی ئاسایی رۆمانەکە یاخی بکرێت ، واتە رۆماننووسیش یاخی بکات و رۆڵی یاخی بوون و سەرکێشی پێبدات ، زۆربوونی جۆر و شێوازی کارەکتەرەکان نەخنکاندنی دەنگی هیچ یەکێکیان زیاتر پەیوەندی بەسەرکەوتووی ڕۆماننووس و ئەو تەکنیکەی بەکاری دێنێ هەیە ، کەواتە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ ڕۆماننووس هەوڵدەدات کارەکتەرەکان ڕۆڵ ببینن بەبێ جۆر و شێوازی بیرکردنەوە، دواجار کارەکتەرەکان دەبن بە شوێنگرەوەی یەکدی ، بێ ئەوەی وەرگر هەست بەپچڕانی دەنگی هیچ کامێکیان بکات .

بەکارهێنانی ئەو جۆرە تەکنیکە لە ڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور )دا لەیەك ئاستدا ناڕوات ، بەڵکو ڕێژەییە و بەپێی جۆر و شێوەی هەڵسوکەوتییان ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە.

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر** لە ڕۆمانی **(سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە)**

ڕۆمانی **(سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە)** چەندین جۆر و شێوازی کارەکتەری تێدا خولقاوە، بەڵام ئەوەی گرنگە و پەیوەندی بەتەکنیکی مۆنتاژەوە هەبێت ، هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەکیان بخەینە بەرچاو. چەند کارەکتەرێکی دی سەرەکی هەن گرینگترینییان ( دلْخواز )ە ، ئەو ژنەی لای ( سەنگەر ) لەپاسەکە دانیشتووە، دایە مامز ، ئاکۆی کووکووختی ...... هتد ) ئەمانە ڕۆڵیان لەبەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی نێو

---

[186]– جەوهەر محەمەد مەولود شێخانی ، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانی ( حسێن عارف ) دا ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠١٣ ، ل ١٧ .

[187]– ولید ابوبکر ، البیئة في القصة مقدمة نظریة ، مقدمة مجلة الافلام ، العدد٧ ، تموز ، ١٩٨٩ ، ص٦٣.

[188]– د. نجم خالید ئەلوەنی ، کارەکتەرسازی لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، ل٣٠.

ڕۆمانەکە هەیە ، لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا کارەکتەرێکی یاخی و دز ئاماژەی پێ کراوە ، بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت تا دەگاتە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆمانەکە ، ئینجا ئاماژە بەناوی دەکرێت ، ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەتەکنیك ، گێڕەڕەوە بەکاری دەهێنێت ، تاکو سەرنجی وەرگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ، چەندین کارەکتەر بوونیان هەیە ، کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە ( سەنگەر )ە ، بە ( سەنگەری برایم تەنتریۆف ) لە لایەن کارەکتەرەکان ناسراوە ، لەدەستپێکی ڕۆمانەکەدا گێڕەڕەوە دەیەوێت کارەکتەری سەرەکی بخاتە نێو ڕووداوەکان و پێمان بناسێنێ دوای چەند ڕووداوێك ، ئینجا ناوی دەهێنێت زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو کارەکتەرە دەیگێڕێتەوە هەروەکو ڕۆماننووس دەڵێت : **((دەستی چەپی کوڕێکی هەرزەکار توند یاخەت دەگرێت لێزانانە بەخێراییەکی سەیر چەقۆی ناو دەستی دەخاتە سەر سنگ**

**– هەر چیەکت پێیە داینێ**

**– گیانت دەکەوێتە لەرزین... تازە هەتاو کەوتووە... کەس بەدەرەوە نییە )) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ١٢).**

دواتر وەسفێکی کارەکتەرەکەیان بۆ دەکات ناوی دەبات ، کە کەسێکی چۆنە و بەچی خەریك بووە ، دەڵێت : **(سەنگەری برایم تەنتریۆف نە جانتای پێیە و نە جلێکی کەشخەشی پۆشیوە کراسێکی ڕەش و پانتۆڵێکی کاوبۆی... تەنانەت پارەشی پێ نییە... ئەم دینارە سیحریەی وەکو نەبوو وایە چونکە هەر خەرجی بکات پلانەکەی هەڵدەوەشێتەوە) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ١٢ )**

( سەنگەر ) ، سەرەتا وەکو کارەکتەرێکی ئاسایی دەرکەوتووە ، دواتر لە ڕێگەی فێڵی ئەو کەسەی ، کەڕێی پێ گرتووە بووەتە کارەکتەرێکی پەرەسێن ، بەدوای هیوا و حەزەکانی خۆی دەڕوات ، کەسێکی فێڵباز هەڵی خەلەتاندووە ، ( سەنگەر ) وەکو کارەکتەرێکی پەرەسێنی نێو ڕۆمانەکە دەرکەوتووە ، ( سەنگەر ) منداڵی خۆی دێتەوە یاد کە کەسێکی بزێو و کارکەر بووە، بەمندالی لەو گەراجە کاری کردووە، بەتایبەتی کاتێك ئاوی ساردی فرۆشتووە سەربازە عەرەبەکان هاتوون ئاویان لێکڕیوە ، لێرەدا ڕۆماننووس تەکنیکی مۆنتاژی بەکارهێناوە بۆ دوو مەبەست لەڕێگەی کارەکتەرەکاندا بەکاری هێناوە، یەکێکیان بۆ ئەوەیە وەرگر شارەزایی ڕابردووی ژیانی کارەکتەر بێت ، دووەم بۆ ئەوەیە کە مندالی کورد هەمیشە ناحەقی قبول ناکەن هەر چەندە منداڵن ، بەڵام هێز و بازویان هێندە بەرز و بەپێزە کەدەرحەقی هەموو عەرەبێك دێن ، بۆیە دەبینین تەنیا باسی ( سەنگەر ) و ( سەربازەکە ) دەکات ، بەڵام دوای ئەوەی ( سەنگەر ) لە سەربازەکە دەدات چەندین سەربازی تر بوونیان هەیە هەروەکو دەڵێت

**(– دەبێت دەفلسم بدەیتێ چونکە تێر بخۆرەوە ((بە پێنج فلس)) بۆ بنیادە... بۆ کەر دووقاتە هەر ئەوەندە سەربازەکە دەستی بەرز کردەوە تا بە زللە دەم لە دەم و چاوی بدات، خۆشی نەیزانی چۆن ئەو لەقەیە بەو خێراییە بەر گونی کەوت و بەپشتدا خستی و لەچاو تروکانێکدا وەکو ئاسك خۆی لەدەست سەربازەکانی تر ڕاپسکاند و نەیانزانی بۆ کوێ چوو). (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ١٨)**

تەکنیکی مۆنتاژ لە هەندێك شوێنی ڕۆمانەکە لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و گوتار و دەربڕینەکانی کارەکتەرەکان دەورێکی کارا و پڕ بایەخ دەبینێت ، لە کۆکردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە لەلای وەرگر دروست دەبێت بەهۆی چاوی کامێرایی وشەکانی ، هەندێك کات وا ڕێکدەکەوێت کارەکتەرێك هەڵسوکەوتێك بەئەنجام دەگەیەنێت تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئەگەر ئەو کردەوە یا گوتارە دووبارە بوویەوە ئەوا وەرگر بە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکەی دەزانێت هەرچەندە ڕەنگە ئەو کارەکتەرە بە ئەنجامی نەگەیاندبێت. ڕۆماننووس لەسەرەتای لاپەڕە (١٤)ی ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بەکوشتنی کەسێك دەکات بەناوی (ئاکۆ کووکووختی) ، کە لەسەردەستی دوو کەس دەکوژرێت لەناو بازاردا دواتر دیار نامێنن، بکوژان پرسیار لای وەرگر دروست دەکەن بە هەمیشە دەمێننەوە لەبیری وەرگر ، چونکە گێڕەرەوە نەیویستووە سەرەتا زانیاری دەربارەیان بدات ، کە لەسەر زمانی ( ئەردەلانی وەستا راستان ) دەڵێت :

**( دووانی جەر بەزە بەشێوەیەك لەناو ئەو قەرەباڵغییەدا خۆیان هەڵدایە سەری و بەخێراییەکی هێندە سەیریش بۆی دەرچوون ، کە ئەقلی هیچ کەسێك نایبڕێت هەر کاتێکیان زانی وا لەسەر ئەو شەقامە گەرمەی بەردەم (( باتا )) کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوات..) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٦–١٧).**

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و توخمی کارەکتەر ، پێوەندییەکی دوو لایەنەیە و هەمیشە مۆنتاژ ڕۆڵی کارەکتەرەکان دیاریدەکات، لە زۆر شوێندا کارەکتەرەکان بەدیار دەکەون دواتر بزر دەبن لەناکاو دووبارە بە دیار دەکەونەوە هەندێك جار کارەکتەرەکە لە شوێن و کاتی ڕووداوەکە بوونی نییە ، کەچی لەناخی وەرگردا هەست بەبوونی ئەو کارەکتەرە دەکرێت ، بەواتایەکی دی مۆنتاژ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جێهێشتنی هەڵوێستی کارەکتەرەکانهەیە ، هەر چەند بەشێوەیەکی کردارەکی لە شوێن و کاتی ڕووداوەکە بوونیان نییە ، لەلای وەرگر تا دەگاتە لاپەڕەی (١٤٤)ی ڕۆمانەکەدا وەرگر نازانێت ئەمانە کێ بوون ، کە ( ئاکۆ کوو کووختی ) یان کووشتوە ، دووبارە گێڕەرەوە ئەو کارەکتەرانە لە ڕۆمانەکەدا نمایش دەکات ، بەڵام ئەو جارەیان بەوەرگری دەناسێنێ کە ئەوان پێشمەرگەن و هاتوون بۆ کوشتنی یا بردنی (سەنگەری برایم تەنتریۆف ) ، هەروەکو دەڵێن :

**( لە شاخ ئیعدامی شۆرشگێرانەی بکەین ، بەڵام ئەوەیان هێندە زەحمەتە کە وەکو نەبوونی دادەنێین... ئەمە ڕێك دەقی ئەو فەرمانەیە کە پێمان دراوە، ... نەخێر ( سەنگەری برایم تەنتریۆف ) ئاوا بە ئاسانی دەستگیر نابێت هەر لەبەر ئەوەشە چوارمان بەجارێ هاتووین ئەوە لەکاتێکدا بۆ ( ئاکۆی کووکووختی ) بەڵێ بۆ (ئاکۆی کووکووختی)یەی لەسەرتاپای کوردستاندا بەناوبانگ بوو تەنیا بە دوو کەس ئەو کارەکەمان بە چاکی ڕاپەراند بەڕۆژی ڕووناك و لەقەرەباڵغترین شوێنی ناو شاردا دامانە بەر گوللە و خوێنیمان بەسەر ئەو شەقامە گەرمەدا ڕشت... نەیانزانی کاممان خۆمان هەڵدایە سەری و کاممان مێشکیمان هاڕی... ئەوەندە هەیە تا دڵی لە لێدان نەخەین ناگەڕێینەوە لە چەند لایەکەوە تەڵەمان بۆ داناوەتەوە کۆمەڵێك فێڵی شۆرشگێرمان بۆ**

**داهێناوە چوار کەسیش چاودێری دەکەن و تا بزانن کەی لەماڵ دەردەچێت، بۆ کام لا دەچێت). (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٤٤)**

ئەمجارەیان گێڕەڕەوە ((با)) دەکات بە کارەکتەرێکی سامناك ، کە ترس و جوانی و ناخۆشی و کامەرانی بە ڕووداوەکان دەبەخشێت لەڕێگەی نووسینی چەند وشەیە کە کۆمەڵێك گرتەی ترسناك بە (با) دەبەخشێت و دەیکاتە پاڵەوانی ڕووداوەکان هەروەکو دەڵێت:

**( بایەکی بەهێز شتەکانی بەیەکدا دەدا و... سەدان دەنگی جیاواز جیاوازی لە لقی درەختەکانی حەوشەی خۆتان و هی دراوسێکان و هی شەقامەکان هەڵدەستاند... سەدان هاوار و قیژەی مرۆڤ و حەپەی سەگ و لورەی گورگانیشی لەو لادێیانەی دەوروبەر لە ئاقارەکانەوە بۆ شار دەهێنا). (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٥١)**

گێڕەڕەوە هەوڵی داوە لەڕێگەی باوە هەموو ئەو دەنگانەی لە دار و درەختی شەقام و ماڵ و کۆڵانەکان خولقاون بەهۆی ئەو گرتانە بووە کە ڕۆماننووس بەیەکترەوەی لکاندون ، چونکە ڕۆماننووس لەڕێگەی وشەکانەوە گرتەکان نمایش دەکات ، هەموو ئەمانە نیشانەی کاولکاری و جینۆسایدکردنی میللەتی کورد و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستانە ، لە بیری وەرگردا ، کەچی لە سینەمادا لەڕێگەی زوومی کامێراوە یەکە یەکە گرتەکان وێنە دەگیرێت دواتر پیشانی بینەری دەدرێت .

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر** لە ڕۆمانی **<u>( کازینۆی مندالآن )</u>**

لە نێو ڕۆمانی ( **کازینۆی مندالآن** ) دا کۆمەڵێك کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی لەڕووی ئەرکەوە ، کۆمەڵێك کارەکتەری ( پەرەسێن و پەرەنەسێن) لەڕووی پێکهاتنەوە بەرچاودەکەون ، کە گشت کارەکتەرەکان کاری یەکتر دروست دەکەن و دەبنە تەواوکەری یەکتر ، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی کۆمەڵێك کارەکتەری سەیرو سەمەرە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، ڕەنگە خوێنەر یان وەرگر بەئاسانی نەتوانێ تێیبگات. کارەکتەرەکان لەم ڕۆمانەدا بەپێی ڕۆڵ و ئەرکیان لە بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەوری خۆیان بینیوە . کارەکتەری سەرەکی لەبەشی یەکەمدا ( مامۆستا سوهاد ، تیشکەشانە ، خەلۆ چاوسوور ، ...... هتد ) کارەکتەرە لاوەکییەکانیش ( گوڵباران و مەیسون و مەلا فەتحوڵلا و بارام تەقلیە... هتد).

گێڕەڕەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژیەوە، توانیویەتی کارەکتەرەکانی ڕۆمان لە ئاستی ڕۆڵی خۆیان زیاتر ڕۆڵیان پێ ببەخشێ و باشتر یان خراپتر پیشانیان بدات ، کە هەمیشە وەرگر نەتوانێت ڕاستەوخۆ بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدات ، لە هەندێك شوێندا کارەکتەرەکە بوونی نییە ، کەچی هەست بەبوونی دەکرێت لە لایەن وەرگرەوە، چونکە گێڕەڕوە بەشێوەیەکی هونەری توانیویەتی بوونی کارەکتەرەکان لەشوێن پێگەی خۆیان بنیات بنێ ، ئەگەر بوونیشیان نەبێت ، کە هەندێك جار بزر و وون دەبن لە ڕووداوەکانی دواتردا هەست بە بوونیان دەکرێتەوە و دێنەوە گۆڕەپانی ململانێکان.

ڕۆمـاننووس بەشـی یەکـەمی ڕۆمانەکـەی لەسـەر زاری ( سـوهاد ) دەگێڕێتـەوە، کـە تـەکنیکی فـلاش بـاکی بـەکارهێناوە، کاتێـك دەگەڕێتــەوە هــەولێر و بەڕێدەکــەوێت بـۆ کـازینۆی منـدالآن لـەنێو تەکسـییەکەدا بەسەرهاتەکانی ( مامۆستا سوهاد ) دەست پێدەکات ، کە ( تیشکەشـان ) چـۆن جێـی هێشـتووە و بڕیـاری جیابوونەوەی داوە لەسەرەتای ژیانیاندا چۆن کـە هاوسـەرگیرییان کـردووە، ئەمانـە و کۆمـەڵێك پرسـیاری دی لای وەرگر دروست دەبێ ، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئـەنجامێکی چاوەڕواننەکراو دەدات بەدەسـتەوە ، هـەروەکو دەڵێت :

**( بـەردەوام دەسـتی لـەرزۆکی لـەو ئۆتۆمۆبیلانـە ڕادەگـرت کـە تیژتیـژ بەسـەر شـەقامە جەنجاڵەکانـدا تێدەپەڕین............ بەڵام هەر ئەوەندە پشتی تا ئاستی دەرگاکە دەچەمایەوە بە دەنگە نوساوەی کە گریان لەماوەی ئەو سێ چوار ڕۆژەدا هێندەی دیکە شـێواندبوونی دەپرسـی – دەتوانیـت بمگەینیتـە لای گازینۆی مندالآن ئیتر شوفێرەکە وای دەزانی گاڵتەی پێ دەکا...... بەڵام دواجار یەکیان پێـی وت ئـەمن دەتوانم بتگەیەنم بەڵام ئێستا بووەتە ئاپارتمانێکی گەورە ....) (کازینۆی مندالآن ، ل ٩-١٠).**

( خەلۆ چاوسوور ) یەکێکە لە پیاوە ناودار و چاو نەترسەکانی لە قەڵای هەولێر دەژیـت ، وەکـو کارەکتـەرێکی پەرەسێن گێڕەڕەوە بەکاری هێناوە ، ڕۆماننووس باسی مێژووی ژیانی دەمات ، تـا وەرگـر زانیـاری دەربـارەی هـەڵس و کـەوتی رابـردووی بزانێـت ، بـەڵام پێچـەوانەی بیرکردنـەوەکانی وەرگـر ئاراسـتەکە دەگۆڕێـت ، بۆیـە ڕووداوەکان رادەگرێت و کامێرای چاوی وشەکان دەخاتە سەر وەسف کردنی ، هەروەکە دەڵێت :

**( سەرەتا کەسێکی لەسەرەخۆ بووە دوای ئەوەی ( مەیسون )ی هاوسەری وێنەی کۆمەڵێك ئاژەڵ بە دەرزی و داو لەسەر تابلۆیەك دەنەخشێنێ ئاژەڵە بێ هێزەکان ڕەنگی سوور دەکات ، خەلۆ بەو کردارەی ژنەکەی توڕەدەبێت و دەیکوژێت ، کوڕەکەی خەلۆ کە چواردە ساڵان دەبێت سەر هەڵدەگرێت بەرەو بەغدا دەڕوات و بڕیار دەدات نەیەتەوە ، هەر چەندە ( خەلۆ چاوسوور ) دووپیاوی خۆی بۆ لای دەنێرێـت ، بـەڵام قبـوڵ ناکاتەوە بێتەوە لای باوکی . هەندێك کات خەلۆ چاوسوور تووشی دڕزی نەفسی بۆتەوە هەمیشە لە ڕاڕیی و گومان ژیاوە سەفەری بۆ هیچ شوێنێك کە نەکردووە، پارەیەکی زۆری هەبوو داویەتییە ئەم دوو پیاوە بـۆ بەڕێکردنی کارەبازرگانییەکانی لە شارەکانی تری عێراق و دواجار ئەو دوو پیاوە فێڵ لە ( خەلۆ چاوسوور ) دەکەن ناپاکیان لێ کردووە و خانووێکی گەورە و هەر چوار دووکانیان پێ فرۆشتووە و گوایە هەڵێکی باشیان بۆ ڕەخساوە شتومەك لە بەغدا دەکڕن ..... لە ماوەیەکی کەمـدا دەیفرۆشـنەوە دواتـر خۆیـان لـە خـەلۆ چاوسوور شاردەوەتەوە .. سووریش زانیویانە دەستیان پێ ی ناگات.......) (کازینۆی مندالآن ، ل ٢٥-٣٣).**

لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا ئەمجارەیان چەند کارەکتەرێك بەرچاو دەکەون ، کارەکتەری سـەرەکی و لاوەکـین لەڕووی ئەرك و کارەکتەری پەرەسێن و پەرەنەسێن لە ڕووی پێکهاتنەوە ، کارەکتەرە سەرەکییەکان ( وریـا و

سوهاد و ئارۆن ، ئارینا......) و كارەكتەرە لاوەكییەكان ( پۆلیسە و ئامیرا و گوڵدان......هتد). نووسەر بەهۆی بەكارهێنانی تەكنیكی مۆنتاژ لەبەرهەمی ئەدەبیدا بەتایبەتی لە ڕۆماندا (( زۆرجار ئەكتەر یا كارەكتەر دوو دەوری بەجیا بینیووە))[١٨٩] ، دەورێكیان وەكو كەسێكی ئاسایی ، كە لە ژیانی واقیعدا بوونی هەبێت و دەورێكی دی وەكو كارەكتەرێك لەنێو ڕۆمانەكە ، نووسەر خولقاندوویەتی ، ئەم كردەیەش یا بوونی ئەو دەورانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەكارهێنانی مۆنتاژی كارەكتەری ، هەمیشە وەرگر نەتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی كارەكتەر بدات ، لەلایەك و لەلایەكی دی نەتوانێت دەست بەرداری خوێندنەوەی ڕۆمانەكە بێت .

( وریا ) كاتێك باس لەخۆی دەكات ، كە چۆن بووەتە مندالّی ئەو خێزانە جوولەكە تاكو شوێنی كوڕەكەیان بۆ بگرێتەوە ، وەرگر بە دوای ئەو پرسیارە وێڵە كێ و چۆن چووەتە ئەو ماڵە ، گێڕەرەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە لە دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك دەزانێت ، لەڕێگەی بەكارهێنانی مۆنتاژەوە گێڕەرەوە سەرەتا باسی نەكردووە ، تا وەرگر بە ئاسانی نەتوانێت بڕیار لە سەر ژیانی وەرگر بدات ، بۆیە دەڵێت:

**( دوایی زانیم مالینا بۆیە منی بە دڵ بووە ............ چونكە كوڕێكی ڕۆژهەڵاتیم و بۆ ڕابردوو دەسووتێم ...) (كازینۆی مندالان ، ل٧٦).**

ڕەنگە هەندێك جار كارەكتەی لاوەكی پەرەبسەنێت و بگاتە ئاستی كارەكتەری سەرەكی ، لەبەر ئەوەیە قەیرانی ژیانی كارەكتەری سەرەكی (( لە ژیانی كارەكتەرە لاوەكیەكاندا ڕەنگدەداتەوە تەنانەت هەندێك جار شێوەی چارەنووسی ئەوان دادەڕێژێت ))[١٩٠] ، هەندێك جار كارەكتەرە لاوەكیەكان ڕۆڵێكی بەرچاو دەگێڕن لە دیاریكردنی پێوەندی نێوان كارەكتەری سەرەكی و دەورووبەر و باری دەروونی ئەو كارەكتەرانە ، (( كارەكتەرە لاوەكییەكان لەبەر كۆمەڵێ هۆ گرنگن ، لەوانە ڕوونكردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی كارەكتەری سەرەكی بە تیشك خستنە سەر هەندێ لایەنی دەروونی ئەو ))[١٩١] ، خوێندنەوەی زمانی جەستەی كارەكتەرەكان تەكنیكێكی نوێی زانستییە ، كە بەشێكی لە ڕاستی دەچێ ( مەزاهیری مەزهەر ) كارەكتەرێكی لاوەكییە و پەرەسێنە ، كەسێكی درۆزن بووە ، بەڵام توانیویەتی لەڕێگەی زمانی جەستەوە خەڵكی بخوێنێتەوە ، ڕۆمان سوودی لەو تەكنیكە بینیوە لەیەك شوێندا بەكاری هێناوە، كە ( وریا ) وێنەی ( ئارۆن )ی دێنێتە بەرچاوی هەمان وتەكانی مەزاهیری مەزهەر دێتەوە یاد كە دەیگووت:–

---

١٨٩– تەختەی شانۆ، كۆمەڵە و كار ، وەرگێڕانی : كامەران حاجی ئەلیاس ، لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكری و ئەدەبی نما ، ٢٠٠٥ – هەولێر، ل٧١ .

١٩٠–د. نجم خالید ئەلوەنی ، كارەكتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، ل٤٣ .

١٩١–د. عدنان خالد عبدالله ، النقد التطبيقي التحليلي ، مقدمة لدراسة الادب و عناصرها في ضوء المناهج النقدية الحدثية ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ، ١٩٨٣ ، ص٧٥ .

**( مەزاهیری مەزهەر ی هاوپۆلم ئەو کوڕەی دراوسێی ئێوە بوو لە خانووەکانی وێستگەی شەمەندەفەر و بایەخی بە زمانی جەستە دەدا دەیگوت ئەوانەی لە کاتی گفتوگۆدا لەبەرزایی دەڕوانن بەلای ڕاستدا ئاوڕدەدەنەوە ئەوە بیر لە داهاتوو دەکەنەوە بە پێچەوانەیشەوە ئەوانەی لە بەرزایی ڕادەمێنن ڕوویان بۆ لای چەپ وەردەگێڕن خەیاڵیان بۆ ڕابردوو هەڵدەفڕێت.... ..... بەڵام سەرنجم دەدا ئەوە ڕێك بەسەر (ئارۆن) دا جێ بە جێ دەبوو بەوەی هەمیشە بۆ بەرزایی دەیڕوانی و بەلای ئاوڕی دەدایەوە...... ئەگەر چی داهاتوو لای ئەو لە ترسێکی گەورە زیاتری نەدەگەیاند)( کازینۆی منداڵان ، ل ٨٨-٨٩).**

( وریا ) لەڕێگەی لەبەرکردنی جلەکانی دانیاڵی کوڕی ( مالینا و ئارۆن ) وێنەی دانیاڵی دێتە بەرچاو لەیەك کاتدا خۆی دەبێتە دوو کەس یەکێکیان گوزارشت لە خۆی دەکات و ئەویتریان لە ( دانیاڵ ) ، هەروەکو گێڕەڕەوە لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژ ، جەستەو ئەقڵی وریا دەکاتە مرۆڤێك، کە دوو ڕۆڵی دەبێت ، لە ئەنجامدا وەرگر تووشی ئەوپرسیارە دەبێت ، بۆچی جلەکانی دانیاڵ بۆ وریا دەبێت ؟ چ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم دووە هەبووە ، ئایا ئەمە قەدەری ژیانە یا ڕێککەوتنێکە ، هەروەکو دەڵێت :

**( ئەو جووتە پێڵاوەی لەژێر تەختی نووستنەکەی هێنان و لە پێم کردن ، دەتگوت لەبنەڕەتەوە بۆ منیان کڕیوە.... ئەوسا دوو شتم زانی ، یەکەم پێی (دانیاڵ) بچووك بووە دووەم چوونەتەوە سەر ئەوانەی دایکی ..... بەڵام کاتێ سەرنجی قایشەکەم دا بۆم دەرکەوت ئەو کەمێك لەمن قەڵەوتر بووە، بەوەی دەرزی بزێمەکەی کردبووە کونی دووەمەوە من دەبوایە بیکەمە کونی چوارەمەوە.... کونی دووەم لەوانی تر فراوانتر بوو..... لەڕووم نەهات بڵێم جلەکان بۆمن گەورەن)( کازینۆی منداڵان ، ل ٩٧-٩٨).**

هەرچەندە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڵۆزتر بن و بەرەو پێش بچێت زیاتر تایبەتمەندیەتی ئەو کارەکتەرە بۆ وەرگر ئاشکرا دەبێت ، کە خاوەنی چ کەسایەتیەکی ئاڵۆزە و تەنیا ڕۆماننووس دەتوانێت زەمینەی ناساندنی بۆ فراوان بکات بۆیە نووسەر نایەوێت ناخی ئاشکرا بکات ، دەیەوێت لە ڕێی دەربڕینی چەند وشە و گوتەیەك و دواتر هەڵسوکەوتی کارەکتەر بە وەرگر بناسێنێت ، لە شوێنێکی دی ڕۆمانەکەدا دوای کوشتنی ( ئارۆن ) ،کەسایەتی ( وریا ) دووبارە دەبێتە دوو کەسایەتی ، خۆی گومان لەخۆی دەکات و وێنەی کوشتنی ( ئارۆن ) و جوتبوونی ( گوڵدان )ی دێتەوە بەرچاو ،لە زەینی وەرگردا کە بە هۆی مۆنتاژەوە کراوە و دەڵێت:

**( دووشتی دیکە لەو گفتوگۆیەدا ئازاریان دەدام یەکەم لەلایەن مایناوە بە ترسنۆك دادەنرام کە لە ترسان تارماییم هاتووەتە بەرچاو..... ئەوە بۆ منێکی هەرزەکار تێکشکانێکی گەورە بوو، لەکاتێکدا سەرەمێکوتەم لەناو سکی (گوڵدان) دەجوڵایەوە دووەم (هەرناز خان) دەیویست تاوانەکەم لەسەر ساغ بکاتەوە و (مارینا) بخاتە ئەو باوەڕەی من دەستم چووەتە خوێنی مێردەکەیەوە..... سەرم داخست بەڵام کزە لەناخمەوە دەهات.) (کازینۆی منداڵان ، ل١٢٧-١٢٨ )**

لە بەشی سێ یەمدا کۆمەڵێك کارەکتەر دێنە گۆڕەپانی ڕۆمانەکە، کە لە پێش دا بەشێکیان هەست بە بوونیان دەکرێت، بەشێکی تریان یەکەمجارە بێنە نێو چوارچێوەی ڕووداوەکان ، بە تایبەتی ( پەریهان ) ، کە بیری وەرگر بەرەو دنیایەکی دیکە دەبات ، هەروەکو چۆن لە فیلمی سینەمایدا شتێکی نامۆپەیدا دەبێت، هیچ کەسێك هەست بەبوونی ناکات ، بەهەمان شێوەی پەیدابوونی ( پەریهان ) وەك خوشکێکی ( سوهاد و وریا )لە ناکاو دا شتێکی نامۆیە ، هەرگیز وەرگر هەستی پێنەکردووە ، ( وریا و سوهاد )خوشکێکی تریان هەبێت، تەنمانەت خۆشیان تووشی پرسیار و تێرامان دەبنەوە ، بۆیە زەیینی وەرگر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، ئەو کچەی خۆی بەخوشکی ( سوهاد و وریا) دادەنێت ، خاوەنی توانا و لێهاتوویەکی زۆرە کۆمەڵێك ڕووداو نمایش دەکات ، بەڵام هیچیان ناگەیەنێتە ئەنجام ، بەشێوەیەك (سوهاد و وریا)ش تووشی گومان دەبن ، لە بوونی ئەو خوشکەیان وەرگریش بیری پەرتەوازە دەبێت، هەروەکو دەڵێت:

**( باوەڕناکەم ئێوە کە ئەوەتا تەمەنتان لە هەشتا تێدەپەڕێت بۆ تاقە جارێکیش خەیاڵتان بۆ ئەوە چووبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ژنێك لەو شارە دەرکەوێت و پێتان بڵێت (من خوشکتانم)..... ئەگەر ئەمەتان بەلاوە سەیربێت، ئەوا سێ شتی زۆر لەوە سەیرتریشم لایە یەکەم ناوم پەریهانە دووەم کچی (مەیسون و حەمدی)م... سێ یەم: مەبەستم ئەو مانگایە سپیەیە. کە بەمنداڵی ئێوەی بەخێو کردووە تاکو ئێستایش هەر بەدایکی خۆتان دەزانن، بگرە هەر بەڕاستیش دایکتانە) (کازینۆی منداڵان ، ل١٩٥).**

گێڕەڕەوە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لە بەشی سێ یەمدا ، لەسەر زاری (پەریهان) نمایش دەکات ، بە شێوەیەك وەرگر لە چاوەڕوانی دەهێڵێتەوە ، دەیخاتە گومانێکی سەیرەوە، هەمیشە بەدوای چارەنووسی ڕووداوەکان وێڵە و(پەریهان) لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی( ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە ، نەدەبوایە وابڵێم ، نەدەبوو ئێستا بڵێم یا وایان وت، وتیان ... هتد ) ، ئەو وشانەی بەکارهێناوە ، جۆرێك لەبیرکردنەوە و فێڵ دەدات بە ڕووداوەکان ، زۆرجار وەڵامەکان دەبن بە بەشێك لە تێڕوانینی وەرگر یا وەرگر خۆی وەڵامی پرسیارەکانی خۆی دەداتەوە هەروەکو دەڵێت:

**( من چیرۆکنووس نیم لەگێڕانەوەی چیرۆکدا پەنا بۆ کۆمەڵێك فێڵ ببەم. جێگۆڕکێ بە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بکەم، بەڵکو ڕۆژنامەنووسم تا بۆم بکرێت ڕاستەوخۆ بە زمانی سادە بەسەر هاتەکان دەگێڕمەوە، بۆت........ ئەو شوێنەی لێی دانیشتوین جاران گۆمێك هەبووە ، ئێواران دایەتان بۆ هێناوە تاتێرتێر ئاوی لێ بخواتەوە...وادەڵێن...ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە...ئەو گوتویەتی هێشتا ماویەتی.) (کازینۆی منداڵان ، ل ١٩٦ ، ١٩٧ ، ٢٠٦ )**

( پەریهان ) لەڕێگە گێڕانەوەی بابەتەکەیدا بەشێوەیەکی زۆر ورد باس لە ( بەهاران و شوعلەی ئەلبەردی ) دەکات ، بێ ئەوەی هیچ دابڕانێك لەقسەو وەسفەکانی بکات ، وەکو شریتێکی سینەمایی دەیهێنە بەرچاوی ،

که لەمشارەدا چۆن خەڵك بەلێشاو بەناچاری دەگوێزرێتەوە وخەڵکی دی  دەهێنێتە شوێنی باوك و باپیرانیان مەبەست  تێیدا ( تەعریب ) کردنە ،  هەروەکو دەڵێت :

**( زیاتر چێژت لەگوتەکانی ( شوعلە ئەلبەدری ) دەبینیٚ چونکە وەك (بەهاران) سارد و سڕی لەتۆنی دەنگ و سەرنجەکانیدا پیشان نەدەدا ، ئەگەر چی هەرگیز ئەو گوتانە ئاراستەی ژیانتیان نەدەگۆڕی ... بەهاران دەیگوت لەماوەی ئەو چەندساڵەی ڕابردوودا دوو جۆر مرۆڤ ڕوویان لەو شارە کردووە یەکەم ئەوانەی لەو دەڤەرانەی خوارەوە مولکیان لیٚ زەوت کراوە لێرە خۆیان گرتووەتەوە ، دووەم ئەوانەی کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ ئەوەیان هێناون تاکو شوێنی کەسانی تر بگرن ) ( کازینۆی منداڵان ، ل ٢٢٣ )**

کارەکتەر لەنێو ڕۆماندا هەمیشە هەست بەبوونی خۆی دەکات لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەری دێن و گوزەر دەکەن بەهۆی بەرەو پێش چوونی کات و شوێنی ڕووداوەکان، کارەکتەرەکانیش ڕووبەڕووی گۆڕان و ململانیٚ و گەشەکردن و سیس بوون و نادیاریی دەبنەوە ئەو کردارانە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە مۆنتاژی کارەکتەری ، ئەگەرچی کارەکتەرەکان لە سەرەتادا (بوونەوەری نادیار و شاراوە و دەست نیشان نەکراون لای وەرگر ، بەڵام لە ئەنجامی کار لە یەککردنی لەگەڵ ڕووداوەکان دەگۆڕێن و دەبنە کەسی زیندووی دیاریکراو)[١٩٢] لە کێشە و ململانێکان بەژدار دەبن لەبەر ئەوەشە هیچ ڕووداوێك بەبیٚ جووڵەی کارەکتەر ڕوونادات دەبێت ئەو ڕووداوەش لە کات و شوێنێك ڕووبدات.

**پێوەندی  نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر** لە ڕۆمانی **<u>( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان )</u>**

پێوەندی توخمی کاراکتەر لەگەڵ تەکنیکی مۆنتاژدا ، لە ڕۆمانی ( **کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان** ) پەیوەستن بەیەکەوە و هیچ کامێکیان بیٚ ئەوی دیکە بوونی نییە ، بەشێکی زۆری ئەو کاراکتەرانە لەم ڕۆمانە باسکراون ، واقعین و دەتوانریٚ هەست بە بوونیان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی خەیاڵی تێدا بەرجەستە دەبێت.
ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لەگەڵ ناوی کاراکتەرو ناونیشانەکە لەیەکترەوە نزیکن ، ئەو کاراکتەرانە زۆر کاریگەرن و بەردەوام واقیع دەخەنە ژێر پرسیاری وەرگرەوە ، کۆمەڵێك کارەکتەری تێدا بەرجەستە دەبێت وەکو ( سۆزان ، ئامانج ، ئازاد ، شۆڕش ، دلآرام ، شێرزاد ناجی ..... هتد )، کاتێك ( ئامانج ) لە شاخەوە دەگەڕێتەوە بڕیار دەدات ، نەگەڕێتەوە شاخ ، وەرگر هیچ ڕابردوویەکی ( ئامانج ) نازانێت ، کە کوڕی یەکێکە لە ئەفسەرە بەناوبانگەکانی ڕژێمە ، دوای ئەوەی ڕازی نەبووە هێرش بکاتە سەر شوێنێك ، ڕژێم دەیکوژێت و لەسەر تابووتەکەیدا دەنووسرێت (جبان)، ( ئامانج ) ، لەم گرتەیەدا وەرگر بەشێکی زۆری تاوانی ڕژێمی لە ناو چوو دێتە خەیاڵ و بیرییەوە ، هاتنەوەی بۆ شار کۆمەڵێك پرسیار لای وەرگر دەوروژێنێت و دەڵێت:

---

[١٩٢]- David Daviches,The novel and the modern, the university of Chicago press Chicago and London, 1973, p21 .

**( من ئیتر ڕێگام ناکەوێتە ئەو شاخ و داخە ناوی نهێنیم بۆچی یە...... من لەمرۆڤە مەیموونەکەی جارانم کە لە قەراغی شار بەتەنەکەی ژەنگاوی کوخێکم دروست کردبوو) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٧) .**

**مەلای گەڕەك هەر شتێکی بزانیایە دەربارەی لادانی ژن و منداڵی هەر خێزانێك خێرا لە ڕێگەی ژنەکانی ( دادە روقیە و دادە خەدیجە و دادە مریم) دەناردن بۆ ماڵەکە و لەکارەکە ئاگاداریان دەکردەوە ، بۆیە کاتێك مەلا ئەو جلانە لەبەر ( هەتاو و دلآرام ) دەبینێت بە خێرایی دەیانێرێت بە دوای بەخێوکەرانیاندا ، مەلا هەموو شتێکی بە حەرام دەزانی تەنانەت پێکردنی تلفزیۆنیش ، بۆیە دواجار کوڕەکەی بەناوی((عمر)) لێی یاخی دەبێت کچەکەی ( ڕەدووی ) کەسێك دەکەوێت بەناوی ( عیماد ) دەبن بە پێشمەرگە ) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ١١٥-١١٦- ١٦٧-١٦٨).**

گێڕەڕەوە لە ڕێگەی وشەی ( دەڵێن ، گووتیان ، نازانم ......) ڕاستییەك بەگێڕانەوەی ڕووداوی کارەکتەرەکان دەدات، بۆ نموونە کاتێك باسی ( سەرسپی) دەکرێت ، وەرگر بیری بۆ کەسێکی بەتەمەن دەچێت، بەڵام دواتر دەزانێت ، کە ( سەرسپی ) کەسێکە تەمەنی لە ( ٥٠ ) ساڵ، تێپەڕی نەکردووە، هەروەکو دەڵێت: **( دەڵێن لەو کاتەدا (شێخ سەعدون) ئەو پیاوەی سیخوڕی بەسەر مزگەوتەکان کردووە، لای خزمەکانی خۆی پەنجەی تۆمەتی بۆ پیاوێك ڕاکێشاوە بەناوی سەرسپی هەر.... هەروەها گوتویەتی( مەرنج نییە سەرسپی پیاوێکی بەتەمەن بێت بەڵکو دەشێت گەنجێکی سەر ڕەشیش بێت چونکە سەرسپی ناوێکی بهێنینە)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ١١٨).**

( داندی ) کارەکتەرێکی لاوەکییە و پەرەسێنە لەماوەی دەرکەوتنیدا لە ڕووداودا هەوڵ و توانا و لێهاتوویی خۆی بخاتەگەڕ ، بۆ گەیشتن بەهیوا و ئاواتەکانی ، بەتایبەتی بۆ دزینی پارە سەختەکان ، بۆیە هەوڵدەدات لەگەڵ شەقاوەکانی ئەو گەڕەکە ڕێکبکەوێت ، کار گەیشتە ئەوەی ناوی بزرێ و بەخراپ ناوی لەگەڕەك دەربچێت ، ڕۆماننووس سەرەتا ( داندی ) بە کەسێکی سادە دەناسێنی و ژیاننامەی ( فەیسەڵ ) دەخاتەڕوو، لەڕێگەی گرتەیەکەوە هەردووکیان تێکەڵ یەکتریان دەکات ، دواتر لە سنووری خۆی دەردەچێت ، هەروەکو دەڵێت:

**( سەرەتا باوەڕی نەدەکرد ( داندی ) لەگەڵ ئەو شەقاوەیەدا هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیکی هەبێت ، بەڵام زۆری نەبرد بەچاوی خۆت یەکیانت بینی کار گەیشتە ئەوەی ئێواران بە ماتۆڕ بۆ ئەملا و ئەولای بیات... بەیەکێك لە شەقاوە دەست وەستینەکانی شار دادەنرا و ڕۆژانە بەدوای کوڕی لووسکە دەگەڕا... لە حەفتاو چوار لەگەڵ ئامۆزەکانی دەبتە پێشمەرگە و بەدیل دەگیرێت ، ئەمە تەنیا یەك مانگ دوای برژاندنی پشیلەکە دەبێت لەبەر ئەوەی تەمەنی نەگەیشتووەتە ١٨ ساڵ نایکوژن ، بەڵکو تەنیا چمکێکی گوێ دەبڕن و دەینێرنەوە شار، ئەو لەمەوە نازناوی گێبڕای پێوە دەلکێت و...... ئەو شەوەی داندی لە ماڵی ( حاجی**

**عوبێد بۆخچی ) یدا دەگێڕێت ، فەیسەڵ گێبڕای یەکێك بووە لەو پیاوانەی سەرەیان لەسەر گرتووە...... داندی دەیویست بەهۆی ئەو کوڕەوە پارە ساختەکان لەناو دیوارەکان بێنێتە دەرێ بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە ئەو پەیوەندییە لەسەرخۆیی و ئێوەش دەکەوێت)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٢٤٥) .**

مۆنتاژ ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە لە سەرکەوتن و نمایش کردنی کارەکتەر بۆ ڕۆمانەکە کە تا چەند گێڕەڕەوە دەتوانێت سوود لەم تەکنیکە وەربگرێت ، بۆ سەرخستنی بەرهەمەکەی چونکە مۆنتاژی کارەکتەری بەندە بەبیرۆکە و ئایدیای نووسەر و کارەکتەرەکان ، کە لە کوێ پێویست بوو کارەکتەرەکان دەربکەون پێویستە دەربکەون ، لە کوێ پێویست ناکات دەربکەون ڕۆڵیان پێ نادات، واتە مۆنتاژی کارەکتەر لە ڕۆماندا هەوڵدەدا ڕۆڵ و گرینگی بدات بە کارەکتەر لەو شوێنانەی پێویستە دەربکەون و ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆیە زۆرجار چەند کارەکتەرێك لە ڕووداوێکدا بەژدارن ، بەڵام هێدی هێدی ژمارەی کارەکتەرەکان کەم دەبێتەوە لەناکاو دووبارە ژمارەی کارەکتەرەکان زیاد دەکات یا کارەکتەری نوێ دێنە نێو ڕووداوەکە و شوێنی کارەکتەرێکی دی دەگرنەوە بێ ئەوەی گێڕەڕەوە یا وەرگر پەی بە هاتن و بزربوونی کارەکتەرەکان ببات ، ئەم کردارە لە مۆنتاژی کارەکتەری بەپێچەوانەش وەری بگرین ڕاستە. وەرگر لە خوێندنەوەیدا هەست بە بوونییان دەکات .

**( میدیا ) کچی کۆنە بەعسیەك بوو، خانووی ماڵی باوکی سۆزانیان داگیرکردبوو، دوای ئەوەی ماڵی سۆزان دەگەڕێنەوە هەولێر دەچنەوە خانووەکەیان، بەڵام بەعسیەکە پێیان ناداتەوە ئیتر باوکی سۆزان دەچێت و بڕیار دەدات تا خانووەکە وەرنەگرێتەوە ، کە بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لێی زەوتکرابوو، هەر لە گۆڕستان نیشتەجێ بێت ، بەڵام ئاگاداری ئەو بەسەرهاتە نییە و دەبێتە هاوڕێی ( سۆزان ) ، زۆرجار میدیا خواردن و کەلوپەلی ماڵی دەدزی و دەیدا بە ( سۆزان ) ، بەڵام ( سۆزان ) وەرینەدەگرت زۆر غەمباریش دەبوو، کە دەیزانی ئەو کچە کچی پیاوێکە بەعسییە ، تا دواجار ڕۆژێکیان ( میدیا ) دەیەوێت قاپێك کفتە بدزێت و بۆ ( سۆزان )ی ببات ، شتێکی چاوەڕواننەکراوبوو ڕوویدا ، کە مەنجەڵە کفتەکە بەسەر ( میدیا ) دەکەوێت و دەسوتێت دوای دوو ڕۆژ لەو کردارە، ئەمجارە ( باوکی میدیا ) کوڕێکی هەرزەکار دەخاتە پێش خۆی و دەیبات بۆ گۆڕستان ، بۆ ئەوەی کاری خراپی لەگەڵ بکات ، کەچی ( سۆزان ) وادەزانێ ( هەژار ) ی برایەتی ، بۆیە دەچێتە دوایان و بەردێکی گەورە هەڵدەگرێت و لەو کاتەی کە باوکی میدیا کوڕەکەی خستبووە ژێر خۆی، تا تێنی هەبوو دەیداتە سەری پیاوەکە کەوتە سەر زەوی و نقەی لێ بڕا........... ئینجا بۆم دەرکەوت ( هەژار ) نییە ..... نەمدەزانی ئاخۆ من پێم خۆشە ئەو پیاوە مردبێت یا مابێت ... سۆزان هەمیشە لەو بیرەدایە کاتێك دوو پیاوی قەڵەو دێنە قوتابخانە بەو مەبەستەی هەندێك پرسیاری لێ بکەن دەربارەی شۆڕش ، کە ڕژێم ڕەوانی کردبوو، کەچی ( سۆزان ) وای زانیوە تاوانەکەی ئاشکرا بووە هاتوونە بیبەن بە پێچەوانە تا دەچوو دواجاریش ئەو تاوانەی کە (سۆزان ) کردوویەتی ، ( مامۆستا حاتەم دێوانە )**

**دەیخاتە ئەستۆی خۆی و ڕژێم لە بری خوێنی سابیر پولەکە دەیکوژێتەوە ( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل٣٣٨-٣٩٢) .**

بە شێوەیەکی گشتی گێڕەرەوە ڕۆمانەکەی کردۆتە چوار کەناڵ ، کە هەریەکێك لەو کەناڵانە خاوەنی کۆمەڵێك ڕووداو و چیرۆك و کارەکتەرن ، کە هەمیشە یەکتر تەواو دەکەن ، هەر بۆیە ڕۆماننووس هاتووە لە کەناڵی یەکەمدا ئاماژە بە ( ئامانج و سۆزان ) دەکات ، دواتر لە کەناڵی دووەم ( ئازاد ) دێتە گۆڕپانی ڕووداوەکان لە کەناڵی و سێیەمدا تەنیا لە هەندێك شوێندا ئاماژە بە بوونیان دەکات و هەمیشە وەرگر هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی لەبەر چاوە ، لەبیری چەسپاوە ئەگەر کارەکتەرەکەش لە ڕووداوەکەدا دەرنەکەوێت، بەڵام لە خەیاڵ و هزری وەرگردا بوونی هەیە، بۆیە لە کەناڵی چوارەمی ئەم ڕۆمانەدا دووبارە ( سۆزان و ئامانج و کۆمەڵێك کارەکتەری تر ) ، ڕووداوەکان دەجوڵێنن و دێنەوە مەیدانی ململانێکان بە تایبەتی ، کاتێك گێڕەرەوە لەسەر زاری ( سۆزان ) باسی پێوەندی خۆشەویستی نێوان ( ئامانج ) و ( سۆزان ) دەکات ، کە هەژاری برای هەستی بە زۆر شت کردووە ، بەڵام باسی نەکردووە هەروەکو دەڵێت :

**( هەژار سەیرێکی کردم و پێکەنی دەیزانی من و ئامانج پێیوەندیمان هەیە ، ئەگەرچی نە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەم پێ گوت بوو نە خۆشی لێی پرسیوم بەڵێ دەیتوانی بە ئاسانی ئەوە لە نیگا و قسەکانم دا بخوێنێتەوە، ... هەندێك وا لە پەیوەندییان دەڕوانی کە کچی باخەوانێکی هەژار چاوی بڕیوەتە سامانی کوڕی یەکێ لە خێزانە دەوڵەمەند و بەناوبانگەکانی شار ، کە ئەوم لەبەر هێمنیەکەی خۆش ویست چونکە من دوای شپرزەیی و نیگەرانی تا سنووری مەرگیان بردم ، پێویستم بە کەسێك بوو ئارامیم پێ ببەخشێت ئەوەشم لە ئامانج بەدی دەکرد)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ل٣٩٧) .**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی کارەکتەر** لە ڕۆمانی **( ئای لەڤیلیای لەڤیلیا )**

پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بەتوخمی کارەکتەر لەڕۆمانی ( **ئای لەڤیلیای لەڤیلیا** )ی ( کاروان عومەر کاکەسوور)دا ، ئەم پێوەندییە لەم ڕۆمانەدا لەسەر یەك ئاست و شێواز ناڕوات ، چونکە چەندین جۆر و شێوازی جیاواز لەکارەکتەر لەڕۆمانەکە بوونیان هەیە ، هەوڵدەدەین چەند نموونەیەك لەکارەکتەرەکان بخەینەڕوو، کە پەیوەستن بەم پێوەندییەوە ، لەم ڕۆمانەدا چەند کارەکتەرێکی سەرەکی بوونیان هەیە ، کە هەریەکەیان بەپێی شوێن و پێگەی خۆیان ڕۆڵ دەگێڕن ، گرنگترینیان ( نەوال ، شازە ، سیامەند ، ست سوعاد ، شاسوار ، هالە ، عەمار ، حەسەن خوداداد ، کاکەسوور ، مەهاباد ...... هتد) ، لەگەڵ هەندێ کارەکتەری لاوەکی ئەمانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەبەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا هەیە ، هەرچەندە ئەو ڕۆڵەی بە ( نەوال ) بەخشراوە لەئاست و پێگەی ( نەوال ) نییە ، بەڕوونی دیارە نووسەر دەسەڵاتی بەسەر بیرکردنەوەی ( نەوال )دا هەیە ، ڕەنگە ( نەوال ) گوزارشت کردن لە خودی نووسەر بێت ، بەڵام لەبەرگێکی جیاواز چونکە ئەو ڕۆڵەی دراوەتە ( نەوال ) ، لەهەندێ شوێندا لەئاستی بیرکردنەوەی منداڵێکی وەکو (نەوال) نییە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەناوی دوو کارەکتەر دەست پێدەکات بەناوی ( مەهاباد )ی ( نەخشەخان ) ، ئەم کارەکتەرە ڕۆماننووس زۆر بەخێرایی بەسەریدا تێدەپەڕێت ، تەنیا لە چەند شوێنی دیکە باسی دەکات ، وەرگر لەسەرەتای ڕۆمانەکە و خوێندنەوەی یا بیستنی هەست بەبوونی ئەو کارەکتەرانە دەکات ، دواتر ئەم کارەکتەرانە وون دەبن و وەرگریش بەدوای وەڵامی پرسیاری وون بوونیان دەگوزەرێت ، تا لەکۆتایی ڕۆمانەکە لەدوا لاپەڕەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دیسان دەردەکەون و وەرگر لەپێگە و کەسایەتی ( مەهاباد ) دەگات ، هەرچەندە ئەو کارەکتەرانە سەرەتا وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی دێنە مەیدانی ڕووداوەکان ، بەڵام دواجار دەبن بەکارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان و لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا ، هەروەکو گێڕەرەوە لەسەرەتای ڕۆمانەکە بەو چەشنە باسی دەکات :

**( ........ ( مەهاباد )ی ( نەخشەخان ) هەرچەندە دەچێتە ئەو ژوورەی ئازوقە و لەبنمیچ و دیوارەکانی دەڕوانێت، ئێوارە تەم و مژاویەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری بیردەکەوێتەوە و دەچێتە خەیاڵی قوڵەوە، کەتیایدا ((نەوال جابر))ی گۆرانیبێژ بەدزی خەڵکەوە داونە لەیەکچووەکەی بوو و دایکی بەپەرۆی سپی نەرمی وەکو سەرتوێژی گامێش پێچانی .......... ئەوسا ((مەهاباد)) دەستی ڕاستی خستبووە سەر دڵیەوە ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل١٠).**

لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس بەم شێوەیە ( مەهاباد ) دەخاتە خەیاڵی ( جابر )ی باوکی ( نەوال ) ، تاکو وەرگر بیری بۆ دەستپێکی ڕووداوەکان بگەڕێتەوە بەوشێوەیە پێوەندییەك لەنێوان بیری وەرگر و کارەکتەرەکان دروست دەبێت ، کە نایەڵێت وەرگر بەئاسانی بڕیار لەسەر کەسایەتییەکان بدات ، کە لەڕێگەی مۆنتاژەوە دەکرێت ، هەروەکو دەڵێت :

**( تاقە شتێك لەخەیاڵیدا بهێڵێتەوە و هەرگیز لەیادی نەکات، ((مەهاباد))ە و وێنەکەی بەگەورەیی دەکێشێت... لەچوارچێوەی دەگرێت و لەدیواری ژوورەکەی خۆی دەدات... ئەمە تاقە کاری هونەرییە ئەم بەلایدا بچێت و بەحەزەوە لەگەڵیدا خەریك بێت... بێگومان ((مەهاباد)) دەستی نیگارکێشانی نییە و ناتوانێ وێنەی ئەم بکێشێت ، بەڵام گۆرانیبێژێکی بەهرەمەندە و تێکەڵ بەهەموو وشە و ئاوازی گۆرانییەکانی دەکات...) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٤٩٨).**

گێڕەرەوە باسی کارەکتەرێکی دیکە دەکات بەناوی (عەمار) . **دوای ئەوەی لەتۆڵەی کوشتنی باوك و برای قوتابیەکان بڕیار دەدات ببێتە سەرباز بۆ کوشتنی ( کاکەسوور ) ، کە بووەتە دێوەزمە و خەڵکی بازرگان و کۆچبەری دەکوژێت و پارەکانیان لێدەستێنێت ، بەواتایەکی دی ( کاکەسوور ) بووەتە جەردە و خەڵکی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند لەڕێگەی دەرەوەی شار ڕووت دەکاتەوە، دوای ئەوەی پارەکانیان لێدەستێنێت دەیانکوژێت ، یەکێك لەو کەسانەی کە بەدەستی کاکەسوور کوژرا (جابر)ی باوکی (نەوال) بوو ، دوای ئەوەی**

**دەبێتە عەقید و نامەیەك بۆ ((نەوال)) دەنێرێ باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دەكات ، كە چەندە خۆشی دەوێت، بەڵام نەوال سەرەتا ڕازی نابێت ، دواتر ناوبانگی عەممار لەئێستگە و تەلەفزیۆن بڵاوبوویەوە كە كەسێكی بەغیرەت و ئازایە ، ڕۆژانە هەواڵی لەڕادیۆكان دەبیست كەباسی ئازایەتی عەقید عەممار دەكەن، پاشان ((نەوال)) پەشیمان دەبێتەوە بە ((عەمار)) ڕازی دەبێت. (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٢٨—٥٥)**

لەكۆتایی ڕۆمانەكەدا كوشتنی ( عەمار ) بەدەستی ( كاكەسوور ) ئاشكرا دەبێت بەجۆرێك وەرگر تووشی سەرسامییەك دەبێت ، چونكە لەناوەڕاستی ڕۆمانەكەدا باسی كوشتنی ( كاكەسوور ) كراوە بەدەستی عەمار و دواتر زیندووبوونەوەی لە سەر زاری ( ئەمجەد) ی خاڵی پشت ڕاست دەكرێتەوە

**( (نەوال)ی گۆرانیبێژ ، دایكی دوانەیەكی لەیەكچوو ، سەرپێچی لەیاسای ژمارە یەكی ساڵی (چوار)ی (كوردی) كرد و دەستەی ژمارە (هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ) هێزی ((كاكەسوور)) لەسەر سنوری گرتنیان ئەمیان بردە بەردەم ((كاكەسوور)) و مناڵەكانیان بەخێرایی گەیاندەوە شار... ئەمانە هەموو چەند ڕۆژێ دوای كوژرانی سەركردەی گشتی هێزە چەكدارەكانی باكور ((عەمار))ی كوڕی حەسەن خوداداد)) بوو .... ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٤٨٩)**

((نەوال)) لەسەرەتای ڕۆمانەكە تا كۆتایی ڕۆمانەكە كارەكتەرێكی سەرەكی و پەرەسێنە، هەمیشە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی چنگ كەوێت كە دەیكات ، لەم چەند گرتە جیاوازەدا نووسەر بەچەشنی جیاواز جیاواز ئازایەتی و بێ هێزی ئەو كارەكتەرەمان بۆ نمایش دەكات ، جیاوازی كەسایەتی كارەكتەرەكان بەگوێرەی ڕووداوەكانی نایەڵێت وەرگر بە ئاسانی بڕیار لەسەر ئەو بیرۆكانەی خۆی بدات ، كە بەرامبەر كارەكتەرەكان دایڕشتوون ، پیشاندانی هێز و بێ هێزی كارەكتەرێك یا كارەكتەرەكان لەڕووداوەكاندا و دواتر ڕێكخستنیان بەهۆی مۆنتاژەوە دەكرێت ، بۆیە دەبینین لەم دوو دیمەنە جیاوازەدا نووسەر هەر جارێك بەچەشنێكی جیاواز ڕۆڵ بەكەسایەتیەكان دەبەخشێ ، بەتایبەتی كەسایەتی (نەوال) وەك كەسێكی ترسنۆك پیشان دەدات :—

**( ((نەوال)) دەیان جار بەخەیاڵی ((كاكەسوور))ەوە نووستوو بوو و خەونی جۆرا و جۆری پێوە بینیبوو... هەموو جارێ بێدار دەبووەوە و لەترسا هەموو گیانی هەڵدەلەرزی ... پاڵی بە ((فەریال)) خوشكی دەدا و خۆی دەخزاندە باوەشیەوە ، هەندێ جار ئەویشی خەبەر دەكردەوە لەژێر ئەو لیفە سپیەی تا سەر چاویان دەهێنا، خۆی گرمۆڵە دەكرد و بەچپە و بەزمانی تێكئاڵاوەوە پچڕ پچڕ خەونەكەی بۆ دەگێڕایەوە ، ئیتر ((فەریال)) لەترسا دەیزروكاند و دایك و باوكیان لەژوورەكەی خۆیانەوە بەچاوی خەواڵووەوە بەفریایان دەكەوتن، دوای دایكیان بۆ ئەوەی نەترسن و شەو خەبەریان نەبێتەوە لەژوورەكەی خۆیاندا جێگای بۆ دادەخستن و گڵۆپێكی كەمێ كزیشی تا بەیانی دادەگیرساند) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٢٨).**

دوای ئەوەی هەواڵ بڵاودەبێتەوە کە ( کاکەسوور ) گیراوە و دواتر لەلایەن ئەو منداڵانەی کەس و کاریان بەدەستی ئەو کوژراوە بەردباران بکرێت ، لەبەرچاوی خەڵك بەردباران دەکرێت، (نەوال) زۆر داوا لەبەڕێوبەرەکەی دەکات کە بچێتە ڕێزی ئەو منداڵانەی کە ( کاکەسوور ) بەردباران بکات، بەڵام بەڕێوەبەر ڕازی نابێت دواتر داوای پارچەیەکی ئەو پشتێنە دەکات کە ( کاکەسوور )ی پێ لەسێدارە دەدەن، ئەم کردارە ئازایەتی و نەبەردی ( نەوال ) دەسەلمێنێت ، هەروەکو لەم گوتەیەدا ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە ئەم کارەکتەرە بەپێچەوانەی ڕۆڵی یەکەم بۆ ڕووداوەکە نمایش دەکات:-

**( خەڵك شاڵاویان دەهێنا تا بەدار و بەرد و تێکەون لەچاوترووکانێکدا و نجڕ ونجڕی بکەن ، بەڵام پۆلیس ڕێیان لێ دەگرتن پێیان دەوتن ، کە تەنها ئەو منالانە دەبێت بێنە پێشی بەردبارانی بکەن ، کەوا باوکیان و برایان بەدەستی ئەو کوژراوە و ناوەکانیان لەو لیستەی لای بەڕێوەبەری خۆیاندا هەیە... (نەوال) زۆر لەبەڕێوەبەری قوتابخانەکەی پاڕایەوە گەلێکیش بەساقە و قوربانی بوو کەناوی ئەمیش لە لیستەکەدا بنووسێت و تورەگەیەك لەو بەردە سەیرانەی بداتێ... بەڵام بەڕێوەبەر ڕازی نەبوو و چەند جارێکیش تەریقیکردەوە... تەنانەت بەوەش قایل نەبوو پارچەیەکی بچووکی پشتێنەکەی ((کاکەسوور))ی بداتێ و بۆ خۆی بیکات بەقردێلە و پێی ببەستێت و خۆی پێوە بنوێنێت ) ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٢٩-٣٠)**

( سیامەند) وەکو کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەپێی ڕووداوەکان خاوەنی بۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی ، ( نەوال )ی وەکو کچی خۆی خۆشویستووە دوای مردنی (جابر)ی باوکی ( نەوال ) و مردنی ( شازە )ی خێزانی ( ست سوعاد )ی دایکی ( نەوال ) مارە دەکاتەوە، ( شازە ) کاری ئارایشگا دەکات ، هەمیشە ژنانی گەڕەك و شار دەڕازێنێتەوە نووسەر وێنەی ئەو گرتەیە دەخاتەڕوو، کە ( (شازە) خەریکی هەڵگرتنی مووی دەم و چاوی (خالیدە)یە، سیامەندیش خۆشەویستی بۆ (نەوال) تا چ ڕادەیەك دەردەبڕێ ، کە کامێرای وشەکان لە گرتەی سەر (خالیدە) دەگوازرێتەوە سەر (سیامەند) دەربارەی (نەوال) هەروەکو دەڵێت: **( .. ((شازە)) ئەو جارەش قاپقاپە ڕەشەکانی کردبووە پێی و بەمەقەستە سپیەکە قژە ڕەش و درێژەکەی ((خالیدە))ی دەبڕی.. ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٢٨٠).**

**( (خالیدە) پەنجەکانی لەیەکتر هەڵکێشا و وتی:-**

**- ئاشەوانەکە سێ مانگ ئیشی بە ئاشکەی نەکرد و منالەکانی خۆی برسی کرد، بۆ ئەوەی ئەو پەرەسێلکەیە**

**ناڕەحەت نەبێت ، کە هێلانەی بنمیچەکەیدا شۆڕکردبووەوە ، کەچی پەرەسێلکە کاتی کۆچی دەکرد،**

بەفیزێکەوە پێی وت...

((شازە)) لەو لاوە پەرچەمەکەی لەسەر چاوەکانی لادا و قسەکەی پێ بڕی:

– ڕازی نابم ئاوا بەهەمووتان گەڕ لە کچم بئاڵێنن ، ئەم بۆیە قێز لە پەنجەی سیامەند دەکاتەوە چونکە...

تەواوی نەکرد و بەقاقای پێکەنینێکی ناکاوی بەرز کۆتایی پێ هێنا...

((سیامەند)) تا ئەوکاتە هیچی نەوت بوو لە هاتووچۆکەی خۆی بەردەوام بوو لەپڕ ئەم دەست و ئەو دەستی ئەمی گرت و توند توند گوشینی... گوشینی بەدەنگێ کە شەماڵێك بوو هاڕەی شوشە ناسکە ورد و خاشبووەکانی ناخی هەڵگرت بوو، وتی:

نەك نینۆکێکم ، ئەگەر قێز لە دڵەکەشم بکاتەوە دەریدەهێنم... ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٤٤٢).

## تەوەری چوارەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو

### یەکەم : پێوەندی  نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو لە ڕووی تیۆری

ڕووداو یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بەتایبەتی لە ڕۆماندا ، ڕووداو پەیوەندییەکی بەهێز و بەتینی لەگەڵ ڕەگەز و تەکنیکەکانی تری ڕۆمان هەیە ، بە داینەمۆی ڕۆمان دادەنرێت، گرنگی ڕۆمان لەوەدا نییە ، کە زۆرترین ڕووداو لەخۆ بگرێت ، بەڵکو ڕۆماننووسی ئەزموونداری ئەو کەسەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە بەتایبەتی مۆنتاژی شوێن (( ڕووداوی نێو ڕۆمانەکە ڕێك بخات و هەڵسیَ بە هەڵبژاردن و دووبارە ڕێکخستنی ڕووداوەکان ، نەك خۆی بە دروستکردنی ڕووداوی لاوەکی خەریك بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبیە و زۆرترین ڕووداو لەخۆ دەگرێت ، بەڵام کاتەکەی کاریگەریەکی نەرێنی هەبێت بۆ سەر کرۆکی ڕووداوە سەرەکییەکەی ڕۆمان و پەرتەوازەی نەکات . ئەرکی ڕۆماننووسی ئەزمونکار ئەوەیە کە بەشێوەیەکی زۆر ورد لە ڕووداوەکان وردبێتەوە و هەڵیان بژێرێت دواتر بەیەکتریان ببەستێتەوە و پێوەندییەك دروست بکات ، لەنێوان پچڕانی ڕووداوەکان و بەیەکتر بەستنی ڕووداوەکان ، بە واتایەکی دی گێڕەرەوە لە پچڕانی ڕووداوەکان و دواتر بەستنەوەیان بەیەکتر سوود لە تەکنیکی مۆنتاژی شوێن دەبینێت ، تاکو گرتەکان لە شوێنە جیاوازەکان ، کە ڕووداوەکانیان تێدا ڕووداوە بەیەکتر ببەستێتەوە.

هەروەها نووسەری ڕۆمان هەوڵدەدا سوود لە مۆنتاژی کاتیش ببینێت ، بۆ بەستنەوەی ڕووداوەکان ، لە کاتە جیاوازەکان ڕوودەدات ، پێوەندی نێوان مۆنتاژ بە توخمی رووداو پێوەندییەکی بەدوایەکدا هاتووی نێوان کات و شوێنە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن و نووسەر بە هەڵبژاردنی ئەو گرتانەی بە نرخ و ڕێکوپێکن، دواتر پێکەوە لکانیان بەیەکترەوە بەشێوەیەك بەستانەوەی ڕووداوێك ، کە ئێستا ڕوودەدات و دواتر گرتەی ڕووداوێکی دی دەچێتە نێو ئەو ڕووداوە ڕووداوی یەکەم دەوەستێت یا لە ڕوودان بەردەوام دەبێت ڕووداوی دووەم دەچێتە ناوی تا وای لێدێت زۆر جاران ڕووداوی یەکەم لە یاد ناکرێت ، بەڵکو دوا دەخرێت ، ڕووداوی دووەم شوێنی دەگرێتەوە و دواتر ڕووداوی سێیەم دێتە ناو باسەکە و ڕووداوی دووەم بوونی نامێنێت ، بەم شێوەیە چەند ڕووداوێك لەنێو ڕۆمانەکەدا باس دەکرێت ، دواتر ڕووداوی یەکەم یا ڕووداوی دووەم یا هەر ڕووداوێکی دی ، کە بە ناتەواوی جێماوە تەواو دەبێت ، دێتەوە نێو باسی ڕووداوەکان پچڕانی ڕووداوەکان دواتر هێنانەوەی هەمان ڕووداو بۆ نێو باسی ڕووداوەکان ڕۆمانەکە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە مۆنتاژ ، کە گێڕەرەوە پەنای بۆ دەبات بە شێوەیەك ئەو گرتەیەی ڕووداوی یەکەم لەگەڵ گرتەی ڕووداوی دووەم و گرتەی ڕووداوەکانی دی بەیەکتر دەبەستێتەوە ، بۆ نمایش کردنی هەموو ڕووداوەکان ، بیَ ئەوەی هیچ ناتەواویەك لە ڕووداوەکان دروست بکات ، کەواتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە هەڵدەستیَ گرتەی ڕووداوەکان دادەنێت ، لە شوێنی شیاوی خۆیدا هێشتا ئەو گرتەیە تەواو نەبووە گرتەیەکی دی دەخاتە شوێنی، بە

Bode Christoph , the novlet , UK : Blok Well , 2011 , p 149 .-[١٩٣]

مەبەستی دابڕانی وەرگر لە گرتەی پێش خۆی دواتر گەڕانەوەی وەرگر بۆ گرتەی پێش خۆی . بە واتایەکی دی گێڕەڕەوە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە ئەو ڕووداوانە لەبیری وەرگر دەهێڵێتەوە کە باسکراون لە ڕۆمانەکەیدا بە شێوەیەکی گرتەیی پێشکەش کراوە دواتر گرتەیەکی دی هاتۆتە شوێنی ، وەرگر هەست بە بوونی گرتە و ڕووداوەکان دەکات هەر چەندە لە کاتی ئێستای ڕۆمانەکەدا بوونیان نەبێت ، بەڵام پێشتر باسی لێوەکراوە ، بۆیە هەست بەبوونی ڕووداو و ئەو گرتانە دەکات ، کە ڕوویانداوە کە ڕۆماننووس باسی دەکات .

پێوەندی لەنێوان تەکنیکی مۆنتاژ و توخمی ڕووداو لە ڕۆماندا ، پێوەندییەکی دوو لایەنەیە ، کە هیچیان بەبێ ئەوی دیکەیان جوانی و دروستی بە ڕۆمان ناتوانن ببەخشن ، کەواتە پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ توخمی ڕۆماندا پێوەندی بە ئاستی ئەزموونی و ڕۆشنبیری باڵادەستی گێڕەڕەوە هەیە ، چونکە لە تەکنیکی مۆنتاژی ڕۆماندا زیاتر گێڕەڕەوە کارەکە ئەنجام دەدات ، (( کارەکە بە مەقەسی خەیاڵی چیرۆکنووسەکە خۆی ئەنجام دەدرێت، ئەو پێشتر چیرۆکەکە دەنووسێت جا لەبیری خۆیدا گەڵاڵەی دەکا و ئەوجا پارچەکانی لەیەکدەترازێنێت و سەر لە نوێ بە شێوەیەکی کاریگەرتر و سەرنج ڕاکێشتر دەیانداتەوە دەم یەك ))[١٩٤]، بۆیە گێڕەڕەوە هەموو ئەو ڕووداوانە دەبیستێت یا دەیبینێت دەکرێت واقعی بن ڕوویاندابێت یا ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدات، بەڵام هونەرمەندی گێڕەڕەوە ئەو ساتە دەردەکەوێت ، کە کامە ڕووداو هەڵدەبژێرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ، کە شایستەی دەقێکی ئەدەبی وەکو ڕۆمان بن و وەرگر بەرەو لای ڕووداوەکان کێش بکات .

ڕادە و ئاستی جیاوازی ئەو ڕووداوانەی لە چیرۆکی ڕۆماندا بەکاردێن ، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی حەقیقەتن و لە واقیعدا بوونیان هەیە ، تا ئاستێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆماننووس سودی لێ بینیوون و کایگەرە پێیان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و ژینگەی نووسەرەوە هەیە بۆیە ڕووداوەکان ڕەنگدانەوەی بیر و هزری گێڕەڕەوەن بەسەر ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە زاڵە (( لێرەدا گرینگ دیاریکردن و دەست نیشانکردنی سەرچاوەی ئەو ڕووداوانە نییە ، بەڵکو گرنگ چۆنیەتی مامەڵەکردن و بەکارهێنانیانە، چونکە شێوەی بەکارهێنانیان ، ئەوا جۆر و بۆچوون و تێگەیشتنی چیرۆکنووس لە چییەتی و تیمی ئەو ڕووداوانە دەردەخات))[١٩٥] ، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لە ژیانی ڕۆژانە بە ئاسایی ڕەت دەبن و دووبارە دەبنەوە ، کەچی گێڕەڕەوە بەهۆی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە بەهرە و کارامەیی خۆی دەخاتە گەڕ و نهێنیە شاراوەکانیان دەدۆزێتەوە دەست لەسەر کرۆکی واتاکانیان دادەنێت و بەپێی بۆچوونی خۆی سوودیان لێ دەبینێت و بەشێوەیەکی هونەری بەرز دووبارە بە ووشە دایاندەڕێژێتەوە و بەکاریان دەهێنێت.

---

١٩٤- زاهیر ڕۆژبەیانی ، چیرۆکی هونەریی کوردی ، ل٤٣ .

١٩٥- پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ،ل٨٥ .

له سینه‌مادا جگه له‌وه‌ی ده‌رهێنه‌ری سینه‌مایی سوود له گرته و چاوی کامێراوه ڕووداوه‌کان وه‌رده‌گرێت، ده‌یکاته گرته‌یه‌ك بۆ وه‌رگر ، هه‌ر ڕووداوێك له‌چه‌ند زاویه‌که‌وه ده‌گیرێت و ده‌کرێت به‌گرته ، به‌لاّم له ڕۆماندا گێڕه‌ره‌وه ته‌نیا له‌یه‌ك زاوییه‌وه به‌چاوی کامێرای وشه‌کانی ئه‌و گرته‌یه تۆمار ده‌کات و نمایشی ده‌کات . زیاتر کار له‌سه‌ر ئه‌و ڕووداوانه ده‌کات که پێوه‌ندیان به‌ناخ و ده‌روونی ناوه‌وه‌ی کاره‌کته‌ر یا وه‌رگر یا مرۆڤه‌کان هه‌یه ، چونکه (( ڕووداوی چیرۆك کار له خوێنه‌ر ناکات ئه‌گه‌ر به شێوه‌یه‌کی جوان له‌گه‌لّ ده‌روونی خوێنه‌ر و له‌گه‌لّ واقیع و بارودۆخی مرۆڤی ئه‌و سه‌رده‌مه نزیك و گونجاو نه‌بێت ))[196] ، به‌لّکو ده‌بێت ڕووداوه‌کان مه‌به‌ستدار بن و وه‌رگر له‌به‌رانبه‌ریدا له‌گه‌لّ بیر و ئه‌ندێشه و هزری خۆی گفتوگۆ بکات و هه‌لّوێسته‌یه‌ك وه‌ربگرێت مۆنتاژ له ڕۆماندا وا ڕووداوه‌کانی نێو ڕۆمان ده‌کات ، هه‌میشه ببنه ته‌واوکه‌ری یه‌کتر (( وه‌کو ئه‌و به‌رده وایه که فڕێ ده‌درێته ئاوێکه‌وه، بازنه‌ی یه‌ك له‌دوای یه‌ك و فراوان دروست ده‌کات ))[197]

به‌م شێوه‌یه ڕۆماننووس ڕووداوێك ده‌خاته نێو ده‌ریای ڕۆمانه‌وه چه‌ندین ڕووداوی لاوه‌کی و سه‌ره‌کی دروست ده‌کات ، به‌لاّم ده‌بێت ڕۆماننووس هه‌ناسه به ڕوودانی ئه‌و ڕووداوانه بدات ، دژی بیرو بۆچوونی ڕۆماننووس ده‌وه‌ستنه‌وه ، له ((خزمه‌تی تێڕوانین و جیهان بینی ئه‌ودا نه‌بێت، بیروڕا و ئایدیاکانی نه‌سه‌لمێنن گرینگ ئه‌وه‌یه ڕووداوه‌کان به ڕێڕه‌وی سروشتی خۆیان تێپه‌ڕ بن و ڕۆماننووس ڕێڕه‌وه‌کانیان لێنه‌گۆڕێت ))[198]، که ڕووداوه‌کان له‌که‌دار ده‌که‌ن (( ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به‌توند و تۆلّی و به‌هێزی ڕووداوی نێو چیرۆکی ڕۆمان هه‌یه، په‌یوه‌ندی به‌ڕێڕه‌وی سروشتی ڕووداوه‌که هه‌یه، که به ڕێڕه‌وی خۆیدا بڕوات و له هه‌موو دیارده‌کانی وه‌ك ڕێکه‌وت ... قه‌زا و قه‌ده‌ر، له‌ناکاوی سه‌یر و سه‌مه‌ریی ... هتد به‌دوور بێت ))[199]، گێڕه‌ره‌وه نابێت بۆ خسته‌ڕووی بابه‌ته‌کانی پشت به هه‌موو ئه‌و ڕێکه‌وتانه ببه‌ستێت ، که وه‌رگر توشی بێزاری و نامۆیی ده‌که‌ن، جه‌وهه‌ری بنه‌ڕه‌تی له ڕووداوه‌کاندا ئه‌وه‌یه ، که به شێوه‌ی سیسته‌مێکی لۆجیکی و هۆیی ڕووبده‌ن و وه‌رگر وه‌ك ڕاستیه‌کی ژیان سه‌یریان بکات و هه‌لّسوکه‌وتیان له‌گه‌لّدا بکات ، چونکه‌گێڕه‌ره‌وه (( هه‌ر کاتێك بیه‌وێت ده‌ست به‌گێڕانه‌وه‌ی ڕووداوه‌کانی بکات ، به‌لاّم ده‌بێت له پێشه‌کی دا ئاماده‌کاری بۆ ده‌ستپێکردنی ڕووداوه‌کانی بکا، تاکو به‌شێوه‌یه‌کی ورد و سه‌رنج ڕاکێش نمایشی بکات و وه‌رگر ببێت به به‌شێك له ڕووداوی ڕووداوه‌کان ))[200] ، تاکو خوێنه‌ر په‌لکێشی نێو فه‌زای ڕۆمانه‌که بکات ، تا دوا لاپه‌ڕه‌ی هه‌لّوه‌دای نمایشی ڕووداوه‌کان بێت .

---

١٩٦– د .سه‌لیم رشید سالّح ، شێواز له کورته چیرۆکی کوردیدا ،ل٣٣ .

١٩٧– عه‌بدولره‌حمان مونیف ، تیشکێك بۆ سه‌ر ڕۆمان ، ل٥٦ .

١٩٨–کارزان محسین ، سیما تازه‌کانی ڕۆمانی کوردی له‌نێوان سالآنی ١٩٩١–٢٠٠٠ ، ل٤٨ .

١٩٩– د. محمد زغلول سلام ، دراسات في القصة العربية الحدثية ، منشأه العارف بالاسكندرية ، مصر ، ١٩٧٣ ، ص١١ .

٢٠٠–د. محمد مصطفى ابو شوارب ، المدخل الى فنون النثر الادبي الحدثية و مهاراته العبيرية ، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر ، الاسكندرية ، ٢٠٠٧ ، ص١٤٠ .

ڕووداو توخمێکی زۆر گرنگی ڕۆمانە ، گرنگییەکەی ئەو ساتە دەردەکەوێت کە هیچ ڕۆمانێك یا بەرهەمێکی ئەدەبی بێ توخمی ڕووداو نابێت ، ئەگەر ڕووداو بوونی نەبێت ئەوا ڕۆمانیش نابێت چونکە (( ڕۆمان لە کۆمەڵێك ڕووداو پێکهاتووە بەشێوەی فۆرمێکی ڕێك ، کە وێنەی ڕووداوێکی تەواو دەگرێت کە ئەو ڕووداوە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت ، کە پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەرسێ بەشەکە بەیەکتر دەبەستێتەوە هەروەکو چۆن پەیوەندیەك ئەندامانی لەشی مرۆڤی بەیەکتر بەستاوەتەوە ))[٢٠١] . دەکرێ زنجیرەبوونی ڕووداوەکان لە ڕۆمانی کۆندا جێگەی بایەخ بووبێت ، وەکو یاسایەك پەیڕەو دەکرا ، بەڵام هۆمێرۆس یەکەم کەس بووە لە هەردوو داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسا) ئەم زنجیرە ڕووداوانەی تێکشکاندووە لە ناوەڕاستەوە دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان کردووە.

تێکشکانی زنجیرەی ڕووداوەکان لە داستاندا دواتر گواستنەوەی بۆ نێو ڕۆمان و بەتایبەتی ڕۆمانی ئەو سەردەم و هاوچەرخەدا بە تەکنیکی نوێ دادەنرێت چونکە لەهەر ژانرێکی ئەدەبیدا ئەو تەکنیکە بە جۆرێك پەیڕەو دەکرێت بەتایبەتی لە کاری ڕۆماندا ، دەبێت هەموو ڕووداوەکان لە بێژینگ بدات شێوەیەکی بەرزی هونەری لێ بخولقێنێت، چونکە هەندێك ڕووداو هەیە لەنێو ڕۆماندا ، کە گێڕەڕەوە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە بە وەرگری دەبەخشێت ، ئەگەر بێتە واقیعی حاڵی ئێستا باوەڕ ناکرێت ، کە بە چاو ببینرێت ، (( کەچی ڕۆماننووس بە لێهاتوویی خۆی وا بۆ ناو ڕووداوەکان کێشمان دەکات و تام و چێژێکی وامان پێدەبەخشێ وامان لێدەکات کە تێکەڵ بەو ڕووداوانە ببین و کاریگەری لەسەرمان هەبێت ))[٢٠٢] ، بۆیە دەکرێت سێ جۆر ڕووداو لە ڕۆماندا بەرجەستە ببن کە ئەمانەن :-

١- ڕووداوی فەنتازی .

٢- ڕووداوی واقیعی و حەقیقی . ٣ - تێکەڵە ڕووداو .

## یەکەم// ڕووداوی فەنتازی :

مەبەست لەو جۆرە ڕووداوانە ئەوەیە کە بەرجەستە نابن لە واقیعدا ، بەڵکو ڕۆماننووس لە خەیاڵ و بیر و هزری خۆیدا وێنای کردووە داڕشتووە، ڕووداوێك دەخولقێنێ تەنیا خەیاڵ هەستی پێ بکات ، مەحاڵە لە واقعیدا بوونی هەبێت ، هەندێ جار لە ڕێی کاری سینەماییدا هەست بەبوونی ئەو ڕووداوانە دەکرێت ، کەواتە کاتێك ڕۆماننووس پەنا بۆ خەیاڵەکانی دەبات بەهۆی خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە، زیاتر لە هونەری سینەما نزیك دەبێتەوە بۆ بەرجەستەبوونی ئەو ڕووداوانەی کە لە واقیعدا نین، ڕۆماننووس لەم ڕێگەیەوە واقعێکی هونەری لەنێو ڕۆمانەکەیدا دەسازێنێ .

---

٢٠١-د. رشاد رشدي ، فن قصة القصيرة ( دراسة تحليلية لفن كتابه القصة ) ، مكتب انجلو الحرية ، المطبعة الفنة الحديثة ، ١٩٧٠ ، ص١٥ .

٢٠٢- محمد ئەحمەد حەسەن ، بینای ڕووداو لە چیرۆکدا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١١٥ ، کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ ، ل١١١ .

## دووەم// ڕووداوی واقیعی :

ئەم جۆرەیان زیاتر ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بەژیانی ئاسایی ڕۆژانە و واقعی ژیاندا هەیە، ڕەنگە لە ڕابردوو ئەو ڕووداوە ڕوویدا بێت یا ڕەنگە ئەو ڕووداوە لە ئاییندەدا ڕووبدات یا لە کاتی ئێستا لەگەڵ ڕووداوەکان بەشدارە، یەکێك لەو سەرچاوانەی کە ڕۆماننووس هەمیشە کردوویەتیە کەرەستەی سەرەکی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی واقیعە .

یەکێك لەو سەرچاوانەی کە ڕۆماننووس سوودی لێوەردەگرێت ئەو ڕووداوانەیە کە کارەکتەرەکان بەبێ ویستی ڕۆماننووس دروستی دەکەن لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا واتە هەبوونی ڕووداو بەندە بە کارەکتەرە، لە ڕۆماندا توخمی (( ڕووداو بە کارەکتەرەوە گرێدراوە، بۆیە هەر ڕووداوێك پێویستە نزیك بێتەوە لەو کارەکتەرەی کە ئەنجامی دەدات ))[٢٠٣]، تاکو گێڕانەوەی کارەکتەر لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکە لەگەڵ یەکتر بگونجێن و لەنێو چوارچێوەی دەقی ڕۆمانەکە بە یەکتر بگەن، هەر کاتێك (( ڕۆماننووس ڕۆمانێك دەنووسێت جیهانێکی نوێ و جیاواز دادەهێنێت ...))[٢٠٤] ئەو جیهانەی کە ڕووداوەکان تێکەڵی چەندەها کێشە و ڕووداوی نامۆ و غەریبی دەکرێت، کە پەیوەندییان بە ژیانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان و دەرەوەی ڕۆمان هەیە، هەمیشە هەر کارەکتەرێك لە کات و شوێنی جیاجیادا خاوەنی خاسیەت و ڕووداوی تایبەت بە خۆیانن ، لە ڕێگەی ڕووداوەکانەوە دەتوانرێ هەڵسوکەوت و پیشە و کرداری کارەکتەرەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا دەست نیشان بکرێن .

## سێیەم// تێکەڵە ڕووداو :

جۆرێکی دی لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان ، مەبەست لەو جۆرە ڕووداوانەیە ، کە تێکەڵەیەکە لەنێوان ڕووداوی (واقعی و فەنتازی) یا خەیاڵی ، کە ڕۆماننووسی بە ئەزموون زیاتر پەنا بۆ دەبات سوودی ئەم جۆرە ئەوەیە ، لەلایەك وەرگر ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو ڕووداوانە پەیدا دەکات ، واقعین و لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات ، لەلایەکی دی بیر و هزری وەرگر ئاشنا دەکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە ئێستا و ڕابردوو بوونیان نییە ، تەنیا لە ڕێگەی خەیاڵی ڕۆماننووسەوە هاتووەتە نێو ڕووداوی ڕۆمانەکە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆماننووسی ئەزمونکار لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا ئەم جۆرە ڕووداوانە بەکار دەهێنێت ، تا وەرگر ناچار بکات ((کێشە و گرفتەکانی ئەو جیهانە قبوڵ بکەین، ئاوات و داخوازیمان تێدا دروست بکات و ڕێساکانی بردنە پێشەوەی چیرۆکەکەیمان پێ قبوڵ بکات ))[٢٠٥]، واقیع وەك خەیاڵ و خەیاڵ وەك واقیع پێشکەشی وەرگر بکرێت .

بێگومانیش گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکی واقیعی بەهۆی ئەزمونی ڕۆماننووس کار خەڵکانی دی نابێتە هۆی دروست بوونی ڕۆمان ، بەڵکو دەبێت ڕۆماننووس واقع لەگەڵ ئەندێشە و خەیاڵی خۆی بگونجێنێت ، کە ئەم

---

٢٠٣–د.مراد عبدالرحمن مبروك، أليات السرد في الرواية العربية المعاصرة، الهيئة العامة لقهور الثقافية ، قاهيرة ، ٢٠٠٠ ، ص١٤١ .

٢٠٤– کۆمەڵێك نووسەر ، ڕۆمان چییە؟ ، وەرگێڕانی : جەواد مستەفا ، چاپخانەی خانی (دهۆك) ، دەزگای توێژینەوەی بلاّوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل١٢١ .

٢٠٥–کۆمەڵێك نووسەر ، ڕۆمان چییە ، ل١٢٦ .

توخمانە بەهۆی مۆنتاژەوە ڕۆماننووس بەیەکەوەی بەستوون لە ڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانیەوە، بە پێچەوانەوە مۆنتاژ لە سینەمادا سینەماکار هەڵدەستێ بە مۆنتاژ کردنی فلمێك هەموو وردەکارییەکانی ڕووداوەکان ، کە پێوەندیان بە (شوێن و کات و ڕووداو و کارەکتەر) هەیە ، پێشکەشی بینەری ناکات ، بەڵکو هەر چوار توخم لەیەك کاتدا لە ڕێگەی شاشە و کامێراوە پێشکەش دەکرێت ، بەلام ڕووداوەکان بەیەکجاری لەسەر شاشە نمایش ناکات ، بەڵکو بەشێوەی پچڕ پچڕی ئەمە لە ڕۆماندا بوونی نییە ، بۆیە نمایش کردنی ڕووداوەکان لە ڕێگەی وشەکانەوە دەستپێکردنی ڕووداوەکان لە کاتەکەدا دەزانرێ ، بەلام تێپەڕبوونی ماوەکە نادیارە ، تاکو ڕۆماننووس ئاماژە بە کاتی ڕووداوەکان نەکات ، نازانرێ لە چ کاتێکدا ڕووداوەکان بەرەو لوتکە و دابەزین دەڕۆن، کەچی لە فیلمی سینەماییدا بینەر هەست بە تێپەڕبوونی کاتی ڕووداوەکان دەکات ، کە ڕووداوەکان تێدا ڕوودەدەن، هەر چەندە سینەماکار باسی کاتەکان ناکات ، چونکە لە فیلمی سینەماییدا کاتەکان ڕوون ئاشکران .

پێوەندی مۆنتاژ لەگەڵ توخمەکانی دی ڕۆماندا ، پێوەندییەکی جێگیرە و ڕێژەیی نییە ، چونکە هیچ توخمێك بێ مۆنتاژ ناتوانێت بەهێزی خۆی لە ڕۆمانەکەدا دیار بخات ، کە لە قالبی هونەری داڕێژرابن ڕووداوەکانیش هەمیشە بێ کات و شوێن لە هیچ ڕۆمانێك بوونیان نییە ، کەواتە هەموو ڕۆمانێك (( پێویستی بە خاڵی دەست پێکردن هەیە لە کات و شوێندا بۆ ئەوەی ڕووداوەکە ڕووبدات یا بەلایەنی کەمەوە پێویستە کاریگەری کات و شوێن بەسەر ڕووداوەکە دیاری بکرێت ))[٢٠٦] ، چونکە ڕووداوەکان لە شوێنی دیاریکراودا لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ڕوودەدەن .

## دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو ، پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا

زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) وێنەیەکی چڕی بە دوای یەکدا هاتوون ، ڕووداوەکان یەکتر تەواو دەکەن و لەیەکتر دانەبڕاون ، کە ڕۆماننووس لەڕێگەی مۆنتاژەوە بەیەکتریان دەبەستێتەوە ، زۆربەی ڕووداوەکان لەو شوێنانە ڕوویانداوە ، کە پێوەندیان بەخاکی کوردستان هەیە و کە هۆکاری مێژووی ڕووداوەکانی لەخۆگرتووە، ڕووداوەکان زۆربەیان حەقیقی و لەژیاندا بوونیان هەیە ، ڕۆمانووس ڕووداوەکان بەشێوەی پچڕ پچڕ دەخاتە بیری وەرگر دواتر بەیەکەوەیان دەلکێنێت ،لەڕێگەی مۆنتاژەوە بەشێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش نمایشیان دەکات ، کەواتە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ لەڕووداودا ئەرکی ڕێکخستنی و یەکخستنی ئەو گرتانەیە ، کە نووسەر لەڕێگەی چاوی کامێرای وشەکان

---

٢٠٦– یاسین نصیر ، الروایة و المکان ، ص١٨ .

دەیانگوازێتەوە بۆ بیری وەرگر بەشێوەی پچڕ پچڕ ، واتە نووسەر ڕووداوێك دروست دەكات و بەشێوەی چەند گرتەیەك بەر لە تەواوبوونی ئەو ڕووداوە ڕووداوێكی تر كە ڕووداوی دووەمە دەیهێنێتە نێو ڕووداوەكان هێشتا كۆتایی نەهاتووە ڕووداوی سێیەم دەهێنێت و دواتر ڕووداوێكی تر ئاوێتەی یەكتر دەكات و بەیەكتریان دەبەستێتەوە تاكو وەرگر هەست بەدابڕان و پچڕانی ڕووداوەكان نەكات و نووسەر زۆرجار ڕووداوێك دروست دەكات ئەنجامەكەی نادات بەدەستەوە لەكۆتایی چیرۆكەكە ئەنجامەكەی دەدات بە وەرگر، ئەم تەكنیكەش پێی دەوترێت تەكنیكی مۆنتاژی ڕووداوەكان كەوا لەوەرگر دەكات هەمیشە تامەزرۆ و چاوەڕوانی ئەنجامی ڕووداوەكان بێت.

بەشێوەیەكی گشتی ڕۆماننووس لەسەرجەم ڕۆمانەكانیدا تەكنیكی مۆنتاژی بەكارهێناوە، بەڵام بەپلەی جیاواز كە هەموویان لەیەك ئاست نین ، بەڵكو لەئاستی جیاوازن و ڕێژەیین .

**پێوەندی نێوان تەكنیكی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو** لە ڕۆمانی **(سوارەكان بەقاچاخ بووكان گواستەوە)**

ڕۆمانی **(سوارەكان بەقاچاخ بووكان گواستەوە)** گۆڕەپانی گەلێك ڕووداوی حەقیقی و واقیعی ژیانن ، كە ڕۆژانە بەرچاو دەكەون هەستییان پێ دەكرێت ، ڕۆماننووس زیاتر هەوڵی داوە لەڕێگەی مۆنتاژەوە كاریگەری لەسەر ڕووداوەكان دروست بكات و ببێت بە گێڕەرەوە ، ڕۆماننووس دەیەوێت لەڕێگەی ڕۆمانەكەیەوە ئەمەمان پێ بگەیەنێت ، كە چۆن چۆنی ڕژێمی بەعس بەوپەڕی دڵ ڕەقیەوە لاوەكانی كوردی سزا و ئەشكەنجەدەدا و هەمیشە ترس و تۆقاندنی لەناخیاندا دەڕواند .

لەسەرەتای ڕۆمانەكەدا ڕووداوێكی كارەسات ئامێز دەست پێ دەكات كە ئەمیش بریتی یە لە دزین و ڕێگرتن لەخەڵك گێڕەرەوە لە ڕێگەی چاوی كامێرای وشەكانییەوە ڕووداوەكە تێكەڵ بەچەند ڕووداوێكی دی دەكات ، تاكو وەرگر هێندە تامەزرۆی ڕووداوەكان بێ ، هێندە بیری لای خوێندنەوەی ڕۆمانەكەی نەبێ ، لەدەستپێكی ڕۆمانەكە چەند گرتەیەكی ڕووداوی سەرنج ڕاكێش نمایش دەكرێت ، گێڕەرەوە لەزاری كاراكتەری سەرەكی ( سەنگەر ) ڕووداوەكان پێشكەش دەكات و دەڵێت :

**( لەسەری كۆڵانە تەسكەكە پێچ دەكەیتەوە دەستی چەپی كوڕێكی هەرزەكار توند یاخەت دەگرێت لێزانانە و بەخێراییەكی سەیر چەقۆی ناو دەستی دەخاتە سەر سنگ.**

**– هەر چیەكت پێیە داینێ....**

**گیانت دەكەوێتە لەرزین تازە هەتاو كەوتووە، كەس بەدەرەوە نییە، سەرنجە ترساوەكانتی دەدەیتێ، تەمەنی لەشانزدەساڵ تێپەڕ ناكات، جلێكی پەڕپووتی پۆشیوە... بێگومانماڵیان لەگەڕەكی هەژار نشینانە...). (سوارەكان بە قاچاخ بووكیان گواستەوە، ل ٧ ) .**

دوای ئەوەی ( سەنگەر ) بڕیار دەدات سەفەر بكات و دەچێتە گەراج ، سەفەرێك پێوەندی بەژیان و چارەنووسی هەیە ، ئینجا دەزانێت گەراج شوێنی كۆبوونەوە و سەفەركردنی هەموو جۆرە كەسێكە ، (

سەنگەر ) بڕیار دەدات بەرەو کەرکووک بەڕێ بکەوێت ، سەیری شاگردی پاسەکان دەکات شاگردێك بەردەوام لەپێش پاسێك هاوار دەکات کەرکووك کەرکووك ( سەنگەر ) دەچێتە نێو پاسەکە و لەگەڵ ئەوەی دینارێکی سیحری لایە لەنێو پاسەکەدا ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بەتەواوی ئاوێتەی یەکتر دەبن ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن جا لەڕێگەی زەینی کاراکتەر بێت با گێڕەرەوە ، هەمیشە گرتەی ڕووداوێك بەڕووداوێکی تر ئاوێتە دەکات و لەنێو ڕووداوەکان ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو دروست دەکا هەروەکو گێرەڕەوە و چاوی کامێرای خستوەتە سەر هەموو ئەو دیمەنانەی ، کە ( سەنگەر ) لە گەراجەکەیە و دەبینێت و دەڵێت :

**(( ئێستا دەچێتە کەرکوك ڕاستە دوو دڵە و دەترسێت جاری جارانیش نی یە بکاتە شەڕ و پارە نەدات بەتایبەتی ئێستا دڵدارێکی ناسکە و دەستگیرانەکەی چاوەڕێیە......**

**دیمەنی ئاکۆ کوکوختی دێتە بەرچاو زوو زوو بیری دێتەوە ، هەر دەڵێی بەدەم خەوەوە هەنگاو دەنێت کە لەسەر کورسیەکەی پێشەوە دانیشتووە لێی دەبێتە فەرەیدونی یوسف پاسکلچی کۆنە هاوڕێی بۆ ساتێکیش دڵی ئاهێکی فێنکی تێدەکەوێت خەریکە لێی بپرسێت ئەویش هاتووە، کە دەست بکاتە ملیەوە، تێر تێر شانەکانی بکوشێت، بەڵام خێرا هەست دەکات بەهەڵە چووە هێندەی تر ترس دایدەگرێت ..... نابێتە پێشمەرگە، ئەو وەڵامێکی سەیری داوە.... من شەوان بەدەم خەوەوە دەڕۆم سەنگەر برۆ لەدایکم بپرسە........ ). (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٩)**

( سەنگەر ) هێشتا نووقمی خەیاڵەکانییەتی لەنێو پاسەکە ، ڕووداوێکی سەیر ڕوودەدات ، کە چەند ڕووداوێك گرتەکانی خەیاڵی ( سەنگەر ) دەپچڕێنێت ، لەڕێگەی دەنگی گریانی منداڵێکەوە سەرەتا ڕووداوەکە بە هۆی گریانی منداڵەکە دەست پێدەکات و ئەوە گرتەی ڕووداوی یەکەم ، ڕووداوی دووەم : سەنگەر لەنێو خەیاڵدا ئاگاداری خۆی نی یە چۆتە نێو باوەشی ژنێك کە لەنێو پاسەکە لای دانیشتووە ڕووداوی سێیەم: هاتنە خەیاڵی ژنێکی قەرەج کە لەڕابردوودا دەستی سەنگەر گرتووە لەبەرامبەر کڕینی ئایسکرێمێك ناو لەپی سەنگەر دەخوێنێتەوە.

گێڕەڕەوە دەیەوێت لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژ هەر چوار ڕووداو بە ( سەنگەر ) دەگەیەنێتەوە بەیەکتریان دەلکێنێت هەروەکو دەڵێت :

**( دەنگی گریانی منداڵێکی ساوا سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت سەنگەر لە قوڵایی خەیاڵەکانی دەهێنێتە دەرێ خۆی خستۆتە ناو باوەشی ژنەکە و ئەویش دەستی کردۆتە ملی... جەستەی دوور دەخاتەوە... جارێکیان ژنە قەرەجێك توند توند دەستی گرت... پێی وت ئەگەر ئایسکرێمێك بۆ بکڕیت ئەوا بەختی بۆ دەگرێتەوە کە هێشتا خڕین گوجیلەکانی بەدەستی سەگکوژەکان نەکوژرابوون...).( (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٣٥-٣٦)** .

یەکێك لەو ڕووداوانەی ، کە پەیوەستن بەژیانی پێشمەرگەی ئەو کات بریتییە لە بوێری شۆڕشگێڕی پێشمەرگە و خۆفرۆشی و خیانەتی هەندێك لەتاکە بێ ئابڕووەکانی کورد ، بوونەتە جاش ، بۆ کورد کوشتن بەکاریان

دێنن ، گۆڕانکاری لەو ڕووداوانەی لە واقیعدا بوونیان هەیە ، دواتر خستنە نێو چوارچێوەی ڕۆمان یا گواستنەوەی ڕووداوەکانی واقع بۆ نێو ووشەکانی ڕۆمان ، کارێکی ئاڵۆز و پڕ بایەخە ، چونکە ژیان (( تێکەڵ و پێکەڵە هونەر هەڵبژاردنە، وێنەی هونەریش نابێ ڕوونوسێکی ڕاستەوخۆی واقع بێت ))(٢٠٧) ، بۆیە گێڕەرەوە دەبێت پەنا بۆ واقع بوونی ڕووداوەکان ببات ، یا ئەو ڕووداوانەی کە لە واقعدا مەبەستیەتی هەڵبیدەبژێرێت و ئینجا دەست کاری دەکات و گۆڕانکاری خۆی تێدا ئەنجام دەدات بە بڕینی ڕووداوەکان یا کەم کردنەوە یا زیادکردنی هەندێ توخمی تر بۆ ڕووداوەکان ، کە لەبیر و ئەندێشەی ڕۆماننووس دروست بووە ، لە ڕێگەی مۆنتاژەوە ئاوێتەی چیرۆکی ڕۆمانەکەی دەکات و سروشتێکی تایبەتی دەداتێ و ڕووداوەکە جیا دەکاتەوە لەو ڕووداوە ڕووتانەی کە لە واقیعدا ڕوودەدەن ، دواتر گۆڕانی ڕووداوەکان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ هزر و ئەندێشەی وەرگر ،هەموو ئەو پرۆسەیەش ئەنجام دەدرێت بەهۆی مۆنتاژەوە دەبێت ، ڕۆماننووس هاتووە چەند ڕووداوێك لەچەند گرتەیەك لەسەر زاری ( دڵخواز ) دەگێڕێتەوە ئەویش لەڕێگەی پیاوێکی ( لەبلەبی فرۆش بۆ دایکی و مامزی نەنکی ) گێراوەتەوە و دەڵێت :

**( باوکی بەدزییەوە گەراوەتەوە ((عوبێد پۆخچی)) زانیویەتی زمانی لێدەدات ... ژنێکی دراوسێیان نیوەی شەو پێی دەڵێت... با بەزوترین کات ماڵ بەجێبهێڵین... دەگاتە ئێرە...لە قەراغی ئەم گۆمە جاش و سەرباز چوارچێوەی دەدەن دەیانەوێت بەزیندوویی بیگرن... خۆی بەدەستەوە نادات ، تەقەی لێدەکەن... بەرپەرچیان دەداتەوە ، لێیان بریندار دەکات ، لێیان دەکوژێت.. فیشەکی پێ نامێنێت ، دەگەنە سەری سەدان گولەی لێدەدەن. خوێنەکەی بەسەر ئەم خۆڵەدا دەرژێت) (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٥١)**

گێڕەرەوە هاتووە لەم ڕووداوەدا چەندین گرتە و دیمەنی بەدوای یەکی بەکارهێناوە کە بەچ شێوازێك ئامادە نییە خۆی تەسلیم بکات چ جۆرە شەڕێك دەکات تاکو دەکوژرێت ، ناونیشانی ڕۆمانەکە پەیوەستە بەڕووداوێك ، ئەمش بە بووك بردنی ( دڵخواز ) ە ، هەروەکو ( دڵخواز ) دەیگێڕێتەوەدەڵێت :

**( شاییەکەی لەپرسەی قاچاغ دەچوو .. نەدەنگێك نەچرپەیەك نەگۆرانی و نەهەلهەلە نەهەڵپەڕکێ و نەسەما... بەڵێ ڕێك وەکو پرسەی قاچاغی پێشمەرگە لەنێو شاردا ((٧٨/١/٣١ )) حەوت مانگی ڕێك لەمەوبەر چەند ژنێك لەتەمەنی جیاواز جیاواز لەوێ بوون)) ڕەنگیان لەڕەنگی مردووی ناوچە ساردەکان دەچوو. دەتووت لە ئەشکەوتە دوورەکانەوە هاتوون...)**

**(- شوی بە پێشمەرگەیەك کرد ئارام و مانگشانی مامۆژنیشی لەگەڵی چوون... ئەو سەرەخۆرەیە هەر بۆ ئەو شاخوداخانە باشە). (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٦٦-٦٩)**

---

٢٠٧- مجموعة الكتاب ، نظرية الرواية في الادب انجليزى ، ت : انجيل بطرس سمعان، الهيئة الحرية العامة للتأليف و النشر ، مصر ، ١٩٧١، ص١٧٢ .

دووباره لەلاپەڕە (٩٩–١٠٠) دێتە سەر هەمان بابەت کە چەندین ڕووداو تێکەڵی ئەو ڕووداوە دەکات ، کاتێك چەتە و ڕێگرە عەرەبەکان کەرکوك لەنێوان ( کەرکوك– هەولێر ) ڕێگە بە کوردان دەگرن و دەست درێژیان دەکەنە سەر و پارە و پولیان لێ دەستێنن و بەرشەقو قامچیان دەدەن، گێڕەڕەوە ئەو دیمەنانەمان بۆ دەگوازێتەوە گرتەی چەند ڕووداوێکمان بۆ نمایش دەکات کەوەرگر لەئاستی دا تووشی پرسیار و سەرسوڕمان دەبێت ، بەتایبەتی لەو گرتەیەی کە شەقاوە عەرەبەکان لەبەر دەرگای چێشت خانەکان دەست درێژی دەکەنە سەر کوردەکان و پارە و ماڵیان لێ دەستێنن و دواتر لێیان دەدەن ، کەچی ئەو جارە لەزمانی ئەو ژنەی کەلەلای ( سەنگەر ) دانیشتووە، لەگەڕاجی هەولێرە وە تاکو بەردەمی چێشت خانەکانی نزیك کەرکووك دەگێردرێتەوە کە سەنگەر تەنیا لەخەیاڵدا نقوم بووە وای زانیوە ( سەنگەر ) هیچی پێ ناکرێ ، ژنەکە خەبەری دەکاتەوە و بێتە خوارەوەی پاسەکە ئەگەرنا دێت بەشەق دەیهێنێتە خوارەوە بۆیە ( سەنگەر ) بەشەرمەوە دێتە خوارەوە ، بەڵام کاتێك ئەو تاوانە بەچاوی خۆی دەبینێ هەست بە کەم بونەوە دەکات ، بۆیە ( سەنگەر ) کارێك دەکات نەوەرگر و نەخوێنەر و نە ئەو ژنەی لە تەکیەوە دانیشتووە باوەر ناکەن ، ئەمەش جۆرێکە لە مۆنتاژ کە وەرگر ناتوانێت بڕیارێکی ڕاست گۆیانە بدات دەڵێت :

**( ناچار دەستی بەگوشینەکەوە گرت و هەستایەوە بە ترسەوە هەنگاوی دەنا و خۆی لەپەنای مندا دەشاردەوە.. لەلایەك بەزەیم پێیدا دەهاتەوە لەلایەکی دی رقم هەڵدەستا کە مرۆڤێکی ئاوا ترسنۆك دەبینم..... دابەزین و لەڕیزەکە وەستاین سەرۆکەکەیان چوار شانەیەکی چاو زەقە... بەهێمنی بانگی دەکەن بە دیشداشەیەکی چلکنەوە وەستابوو، سوك سوك قامچیەکەی بەڕانی خۆی دەکێشا لەکورەکانی دەڕوانی کە نەفەرەکانیان دەپشکنی ئەوەندەم زانی شڵپەیەك هات یەکێك لەو چەتانە بەدەما کەوتنەسەر خۆلەکە... لەتۆزدا نقوم بوو هەرگیز نەدەچووە ئەقڵمەوە ئەو کوڕە هەرزەکارەی تەنیشتم بێ هەر خێرا خۆی هەڵدایە سەری و قامچیەکەی لێ سەند... ئەوانی دی هەر یەکەی بەلایەکدا هەلاتن.. نەفەرەکان دوایان کەوتن و پارە و شتەکانیان لێ سەندنەوە). ((سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ١٠٧–١٠٨)**

**سەنگەر بەر لەوەی سواری پاسەکە بێت چۆنیەتی ڕوودانی کوشتنی ( ئاکۆ و کوکوختی ) دێتە بەرچاو ، کەچۆن چۆنی دەکوژرێت ، دواتر کاتێك سەرکردایەتی شۆرش هەست دەکات ( سەنگەری برایم تەنتریۆف ) تاوان بارە، بۆیە چەند پیاوێك لەو پیاوانە ، لەکوشتنی ( ئاکۆ و کوکوختی ) بەشدارن دەنێرێتە شار بەمەبەستی بردن و یا کوشتنی ئەو پیاوە ، چونکە ( سەنگەر ) دەستی هەبووە لە ژەهراوی کردنی ماستاوی کە شاسوار بەرامبەر پێدانی گوجیلە سەگێك بەناوی خرپن دابوو پێیان ، بەڵام ئەو لەڕێگادا ماستاوە ژەهراویەکە دەڕێژێت و توتکە سەگەکان دەیخۆن دەی لێسنەوە دواجار دەنوێن کە شاسوار بەکارێکی ئاسایی دەزانێت بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە سەنگەر ژەهراوی کردووە یا ( سەنگەر ) لەکۆمەڵێك تاوانی تر تێکەڵاوە کەزیانی بە شۆرش گەیاندووە، لەوانە ویستوویەتی شالاوی کوڕی مەلا ریا ڕادەستی بەعسیەکان بکات یا هەوڵی داوە نهێنی ڕێکخستنەکانی ناو هەولێر یەکە بەیەکە بداتە دەستی بەعسیەکان بەهۆیەوە شەهید (**

**فەرهاد دۆستی ) کە چالاکی ڕێکخستنەکانی هەولێری دەکرد دەگیرێت دواتر خۆی ژەهر خوارد دەکات و یەکێکی تر لەو تاوانانەی ئەوەیەکە ( شێرۆی نانەوا ) ی خاڵی دایکی بریندار دەکات ، ئەگەرچی بۆ هەتایە لەسەر جێگەیە ، هەروەها دایکی دلارام و سێ ژنی تر دەدات بە بەعسیەکان چونکە وستوویانە تاوانەکانی ئاشکرا بکەن ، دوا تاوانی ئەوەبوو ئەو کچەی کەناوی ( ژیان )ە ، ناوی خۆی ( ئەنفال )ە لەدەستی باوکە بەعسیە مەلاکەی ڕادەکات شوێنەکەی بە باوکی دەڵێت و دەکوژرێت هەموو ئەو ڕووداوانە کەڕووی داوە ڕۆماننووس هەوڵی داوە بەجۆرێك ڕووداوەکان بەیەکتر بلکێت کە هەمیشە یەکیان ئەوی تر تەواو بکات... (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٤٤ تا ١٤٨ )**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو لە** ڕۆمانی **( کازینۆی منداڵان )**

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی **( کازینۆی منداڵان )** کۆمەڵێ ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیانن ،گێڕەرەوە هەوڵیداوە لەنێو ڕۆمانەکەیدا بەرگێکی واقعییان لەبەربکات ، تا وەرگر زیاتر بچێتە ناواخنی ڕووداوەکان . ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا پەردە لەسەر زۆر ڕووداوی مێژوویی هەڵدەداتەوە ، بۆیە مێژوو دەبێتە کرۆك و بابەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە ، هەندێك ڕووداوی بۆ وەرگر ڕووندەکاتەوە ، کە لە هەندێك پەرتوکی دەگمەن باسکراوە ، کە نووسەر (( لەم ڕۆمانەدا لەڕێگەی چیرۆکی پاڵەوانەکانی پەلی هاویشتووە ، بۆ باسکردنی مێژووی دێرینترین شاری کوردستان ، کە ئەویش هەولێر بەتایبەتی مێژووی سەدە و نیوێك پێش ئێستا هەولێر بەشێوەی ڕیشەی- شیرازەی کۆمەڵایەتی و عادەت و تەقالید، سیستەمی ئابووری وسیاسی ئەو شارەی باسکردووە))[٢٠٨]، گێڕەرەوە وێنەی ئەمڕۆ و دوێنێی هەولێرمان بۆ نمایش بکات ، کاتێك ( مامۆستا سوهاد ) دەست لە کۆمەڵێك تەکسی دەگرێت ، شوفێرێك کە شوێنەکە پێدەزانێت هەڵیدەگرێت بە ( مامۆستا سوهاد ) دەڵێت ئێستا ئەو گازینۆیە نەماوە بۆتە ئەپارتمانێکی بەرز بەس دەتوانم بت بەمە ئەوێ، لەو گفتوگۆیە دەبن ( مامۆستا سوهاد ) دڵخۆش دەبێت ، کە ئێستاش شوێنەواری ماوە ، کاتێك خەبەری دێتەوە لەنێو تەکسیەکە هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:

**(مامۆستا سوهاد کاتێ گوێی لەو قسانە بوو دڵی داخورپا.... سەری خولایەوە هێندەی نەما ببورێتەوە لە ڕێگا هەرچەندی دەکرد بە بیری نەدەهاتەوە چۆن. دەرگای تاکسیەکەی کردووەتەوە و لە تەنیشت شوفێرەکە دانیشتووە.... ڕەنگە هەر بەڕاستی بووڕابێتەوە و ئەویش بەو دەستە بێهێزانەی هەڵیبگرێتەوە)**( کازینۆی منداڵان ، ل ١٠).

( تیشکە شکان )ی هاوسەری ( مامۆستا سوهاد ) ، کە چەندین ساڵە هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ یەکتر ناکەن تەنانەت لە ناخۆشترین کاتەکانی ژیانیاندا دڵنەوایی یەکتر نادەنەوە. ڕۆماننووس دوو ڕووداوی تاڵ و ناخۆش بە وەرگر دەبەخشێت، لەڕێگەی دوو گرتەی سەرنج ڕاکێش، هەروەکو دەڵێت :

---

[٢٠٨] - ئەردەلان عەبدوڵلا ، ئەدەب و هونەر، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ژمارە ٨٢٨، ٢٠١٣/٦/٦، ل٦

**( تیشکەشان چ لەکاتی ونبونی کچەکەی چ ئەو ڕۆژەی کوڕەکەی مرد نەیویست لەبەر چاوی ئەودا یەك دڵۆپ فرمێسك بڕیژێت نەوەکا لە کاتی گریاندا ڕووی بکەوێتە لای ئەو وا بزانێت هەستی خۆی بۆ دەردەبڕێت... بۆیە بە دزی و بێدەنگ ناخی خۆی دەخواردەوە......... مامۆستا (سوهاد) هەرگیز لەوەیش تێنەدەگەیشت ئەگەر ئەو نەیدەویست قسەی لەگەڵ بکا ئەی خۆی بۆ شتێکی لەگەڵ نەدەگوت.....)( کازینۆی منداڵان ، ل ١٦) .**

کوشتنی ((ئارۆن)) و نەدۆزینەوەی بکوژانی ئاماژەیە بۆ بێ دەسەلاتی دەسەڵاتی و هاندانی خەڵك ، بۆ ئەوەی خەڵکی بێ تاوان و ئاین جیاوازەکان نەهێڵێت لە ولات، کوشتنی ( ئارۆن ) سەرەتایەکە بۆ کۆچی بە زۆرەملێی جوولەکەکانی عێراق ، کە چەند ڕووداوێك تێکەڵی یەکتردەکات و وێنەی ڕووداوەکانمان بۆ دەکێشێت ، کە لەسەرەتادا کەس نازانێت ، کێ کوشتوویەتی ، کوشتنی ئارۆن ومنداڵەکەی و نەدۆزینەوەی بکوژانی ، هێمایە بۆ ناعەدالەتی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە، تا کۆتایی ڕۆمانەکە وەرگر بیر لەو ڕووداوە دەکاتەوە و دواتر دەبێت خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی بکوژان بدات ، هەروەکو لەسەر زاری ( وریا ) ئەو ڕووداوە باس دەکرێت و دەڵێت:

**( ڕاستیەکەی نەمدەزانی وئەو پیاوانە کێ بوون چونکە تارمایانم دی کاتێ لە دەرگای حەوشە چوونە دەرێ و بە ئەسپایی کۆلانەکەیان بڕی..... لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە حەیران و سەراسیمە لێیان ڕادەمام، چونکە نەمدەزانی (ئارۆن) یان کوشتووە بایەخێکی زۆر تایبەتم پێ نەدەدان ) (کازینۆی منداڵان ، ل ١٠٥).**

گوتەکانی ( مارینا خێزانی ئارۆن ) لەلای پۆلیس گومانێکی زۆری لای وەرگر دروستدەکات ، بیری وەرگر بۆ ئەوەی دەچێت ، کە ( مارینا ) سکالاٰ لەسەر ( وریا ) وەکو تۆمەتبار دەکات و بە بکوژی پیاوەکەی دادەنێت ، بەلام پێچەوانە دەبێتەوە، هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:

**( لەو گوتەی (مارینا) دا هەندێك ڕاستی هەبوو، بەلام زۆرنا....... لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی دەیویست هەموو گومانێکم لەسەر لاببات لە کاتێکدا چاوەڕێم دەکرد بەپلەی یەکەم من تۆمەتبار دەکات.... زوو هەڵی دەدایە دەیگوت وەك کوڕی ئەوان وام ، بگرە هەر کوڕیانم هەرگیز هیچ خراپەیەکم لێ نەبینیوە) ( کازینۆی منداڵان ، ل ١١١).**

دیاریدەی فەرهوود ، کەئێستا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان باوە، گێڕەرەوە دەیەوێت باسی ئەو ڕووداوانەمان بۆ بکات ، کە چۆن ماڵی جووەکان تالان دەکرا و دەکوژران ، بێ ئەوەی دەسەلاتی عێراقی گوێ بە بەهای مرۆڤایەتی بدات چونکە نەتەوەی ((جوو))ش مرۆڤن ، بەلام بەداخەوە ڕژێمی یەك لە دوا یەکەکانی عێراق سیاسەتی پاکتاوکردنی ماڵ و سامان و گیانیان لە عێراق دژی نەتەوەی دی دەست پێکردووە ، نووسەر دەیەوێت مێژوو وەکو خۆی بگێڕێتەوە ، کە چۆن چۆنی ماڵ و سامانیان تالان دەکرا یان فەرهود دەکرێ لەو ساتەوە، تاکو ئێستا بەو کارە دەوترێ( فر- یهود) ماڵەکەیان هەرزان فرۆش دەکرا ، هەروەکو ( وریا ) دەڵێت:

**(ئەگەر مرۆڤ تاکو ئەمڕۆیش گوێ لە وشەی ( فەرهود) دەبێت، ئەوە ماناکەی لە ( فر-یهود) ەوە هاتووە.... لەو شالاوەدا مێردی ئامیرا دووکچی ، دوو زاوای و سێ کچە زای بەر دەکەون.... لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی**

**ئیسرائیلدا به کۆمەڵ کۆچیان کرد..... بەپێی ئەو سەرژمێرییەی لە ساڵی ١٩٢٠ کراوە ژمارەی دانیشتوانی جوو لە بەغدا پەنجا هەزار کەس بووە ، کەرتی بازرگانیشیان بە دەستەوە گرتووە...... خۆم بە چاوی خۆم دەبینم چۆن شتومەکەکانیان بە هەرزان دەفرۆشت بە نائومێدی ملی ڕێیان گرت، خزمە نزیکەکانی (ئامیرایش) .............. ئەوەندەی توانیویان لە فەرهودەی چل ویەك ڕزگاریان بێ ) ( کازینۆی مندالآن ، ل ١٦٣) .**

گێڕەڕەوە ئاماژە بۆ مێژووی بوونی نەتەوەی جووەکان دەکات لە عێڕاقدا ، لەڕێگەی ئەم ڕووداوەوە وەرگر ئاشنای مێژووی عێڕاق بکات ، کە لانەی دروستبوونی هەموو نەتەوەیەکن ، بەلاّم عەرەبی شۆڤینی ناهێلێت بەئاسوودەیی بژین و دەریان دەکەن هەروەك دەڵێت :

**( نەتەوەیەك دوای دوو سێ هەزار ساڵ لەزێدی خۆیان کۆچ دەکەن و هەندێك ئێسقانت بەسەردا جێدەهێڵن کە خراونەتە ناو پێستێکی چرچی بێ کەڵکەوە پێت دەڵێن ( ئاگات لەم مرۆڤە هەبێت ) ) (کازینۆی مندالآن ، ل ١٦٧-١٦٨).**

گێڕەڕەوە تەکنیکی مۆنتاژ ئاوێتەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی کردووە، کە نەتەوەی عەرەب چۆن بوون بە گورگ بەرانبەر نەتەوەی ( جوو ) بەهەمان شێواز و شارەزایانە ، ئەمجارە تراژیدیای ( کورد )ەکان لەعێڕاق دەگێڕێتەوە ، کە هەردوو نەتەوە تووشی ئاوارەیی ودەوروبەری بوون ، دەیەوێت لەڕێگەی ڕووداوەکانەوە بنەڕەتی ژیانی هەردوو نەتەوەمان بۆ باسبکات ، بەتایبەتی کاتێك ماڵە عەرەبەکان دەهاتن ماڵی کوردانیان داگیردەکرد و زۆر جاران لاوە کوردەکان ئەو ستەمەیان پێ قبووڵ نەدەکرا ، بۆیە دژیان دەوەستانەوەو گیانی خۆیان لەپێناو بەختدەکرد، بۆیە ڕۆماننووس هاتووە چەند ڕووداوێکی تێکەڵی یەکترکردووە ، هەروەکو دەڵێت: **( ئەو ڕۆژە (بەهاران) زۆر زانیاری لەبارەی (پەلکێشان)ەوە پێ بەخشیت ، کە هەندێکیان بەڕاستی ئازاریان دیت چیڕۆکەکەی وا دەگێڕێتەوە لەو شارەی خوارەوە کارگەی سابونیان دەبێت بەلاّم عەرەب لێیان زەوت دەکەن و بۆ گەوڕی مەڕ بەکاری دێنن بەوەندە وازناهێنن دەست بەسەر مالیشیان دادەگرن..... برا هەرزەکارو سەرۆکەی دەمانچەیەك پەیدا دەکات و یەکێ لەو عارەبانە دەکوژرێت.... ئیتر ئەوان بەسەریان دەدەن و خوێنی ئەو کوڕە هەرزەکارە و باوکی دەڕێژن..... پەلکێشان و دایکیشی وەك کەنیزەی شەڕ دەبەن.. دایك لەڕێگادا دەرفەت دەهێنێت و خۆی دەخنکێنێت، پەلکێشان چەند جاری هەوڵ هەلآتن دەدات هەوڵەکانی سەرناگرن، ئەنجام.....)( کازینۆی مندالآن ، ل ٢٢١-٢٢٢).**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو** لە ڕۆمانی **( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان)**

ڕووداوی نێو ڕۆمانی **( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان)**، کۆمەڵە ڕووداوێکی حەقیقین، کەپەیوەستن بەمێژووی کوردەوە، ڕۆماننووس لەگەڵ بیر و ئایدۆلۆژیا و خەیاڵی خۆی ئاوێتەی کردووە ، ڕەسەنایەتی کوردبوونی

پێدەبەخشێت ، ڕووداوەکانی نێو ئەو ڕۆمانە لە ساڵانی حەفتاکان دەست پێدەکات، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لەو کاتە سەرچاوە دەگرن، دواتر گێڕەرەوە لەڕێگەی کارەکتەرەکان ڕابردوو دەکاتە تەختەی نمایشکردنی هەموو ڕووداوەکان بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی زیاتر پێوەندیان بە نەتەوەی کورد و پیشمەرگە وجاشەکان هەیە. ڕۆمانەکە دەستپێکی بە ڕووداوێکی مێژووی دەست پێدەکات ، ڕەنگە کەم ماڵی کورد هەبێت تووشی نەهامەتی و دەردەسەری و ماڵوێرانی نەبووبن ، بەهۆی دروستبوونی هەستی کوردایەتی ، ئەوەی ئامانجی هێناوە، شار ترس نەبوو ، بەڵکو ئەو حاڵەتە دەروونییە بوو ، کەسانێك بوو بە دەستی دەتلایەوە هەروەکو دەڵێت:

**( ویستم دوای ئەو هەموو ساڵەی دەمم داخست بوو نەمدەویست قسە لەگەڵ کەسدا بکەم، بێمە دەنگ و پێی بڵێم من نامەوێت بە مەبەستی بزانین بۆ ئەم شاخ و داخە بگەڕێمەوە بەلاّم ترسام وا تێبگات دەمەوێت.....)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ١٠).**

تێکەڵکردنی کۆمەڵێك ڕووداو و دابڕان و پچڕانی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام دواتر لکاندنی هەموو ڕووداوەکان بەیەکترەوە ، لەڕێی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەکرێت ، ڕۆماننووس چاوی کامێرای وشەکانی لە ڕووداوێکەوە ، کە هێشتا بە کۆتا نەهاتووە ، دەگوازێتەوە سەر ڕووداوێکی تر، دواتر ڕووداوێکی تر تێکەڵی ڕووداوەکەی یەکەم دەکات و ڕووداوی سێیەم دەهێنێت وتێکەڵی ڕووداوی دووەم دەکات، بە شێوەیەك ڕووداوی یەکەم لەبیری وەرگردا بوونی هەیە ، بەلاّم لەسەر تەختەی ڕووداوەکان بوونی نییە و کەچی وەرگر هەستی پێدەکات ، لەڕێگەی مۆنتاژەوە ڕووداوەکان تێکەڵی یەکتر دەکرێن ، بۆ ئەوەی وەرگر هەست بەبێزاربوون و پچڕانی ڕووداوەکان بکات. ڕۆماننووس لەنێوە ڕووداوێکدا لەسەر زاری ( ئامانج ) کۆمەڵێك ڕووداومان بۆ نمایش دەکات و دەڵێت:-

**( دەتتوانی هەست بە (دادە دلاّرام) و (هەتاو) بکەیت، کە چۆن ڕەنگ و ڕوویان گۆڕا بوو لەلایەن لەسەرمان کەوا دەهاتنە بەرچاو خۆیان بەبەرپرسیاریەتی ئەو نەهامەتییە دەزانی..... پێش ئەوەی بچنە شاخ (دادە دلاّرام) لە بانك فەرمانبەرێکی بچووك بووە مانگانەیەکی کەمی وەرگرتووە دوای گەڕانەوەی وەزیفەکەیان لێ سەندووە،..... (مامە فەرەیدون)ت هێشتا لەدەرەوە نەگەڕابووەوە، بەلاّم ، ( شۆڕش ) بەردەوام لەناو چیمەنەکە وەکو شێت خۆی بە درەختەکان دەکێشا... ئەو ئیوارەیەت بیر هاتەوە کەسەری (مام بەکری) شوفێری تراکتۆرەکەتان شکان..... ) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٢٨).**

لەشوێنێکی دی ڕۆماننووس دیمەنی ئێوارەیەکمان پیشاندەدات کە قوتابییەکان چۆن بەرەو ماڵ دەچنەوە و باڵندەکان لەسەر لقەکانیان دەنیشتەوە هەروەکو دەڵێت: **( قوتابییەکان کتێبەکانیان خستبووە ژێر باڵیانەوە و لە دەرگاکان چوونە دەرێ.... پیشۆڵەکان لەسەر لقی درەختەکان هەڵدەنیشت ، بەو زاق و زیقە زیاتر دەیانترساندی .... شۆڕش گوتی: واتاریك داهات... دەبێت بڕۆینەوە .... من بەو دەرگایەی لای تەعجیل دا دەچمە دەرێ مادام تۆ حەز ناکەی بڕۆیتەوە)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٦٥-٦٦).**

هەمیشە هاتنی ( دادە ڕوقیە ) بۆ لای ( ئازاد ) بریتی بووە لەناردنی پارە بۆ ( عمر )ی کوڕی جیاواز لە جارانی پێشوو، ئەو جارە کە ( دادە ڕوقیە ) دێت بەرەو لای ( ئازاد ) بەمەبەستی ناردنی پارە نییە بۆ کوڕەکەی ، بەڵکو ئەو جارە بۆ سۆراخ پرسینی کچەکەیەتی بە( عیماد ) ناوێك هەڵگرتووە ، گوایە پەیوەندیان هەبووە، ئەو هەواڵە دەگاتە ( شۆڕش ) ، ( شۆڕش ) باوەڕی وایە ئەوەیە مژدەیەکی خۆشە بڵاوی بکاتەوە بەشاردا ، ڕۆماننووس چەند گرتەیەکەی جیاواز جیاواز بە چەند ڕووداوێکی جیاجیا باسکردووە ، کە هەموویان پەیوەندیان بە خانەوادەی مەلاکەوە هەیە بۆیە ئازاد دەڵێت: **( چاوەڕێ بووین وەکو هەموو جارێکی دیکە بە دزی دایکت و ئەوان پارەکەت بداتێ و پێت بڵێ: (با ئاگای لەخۆ بێت.... من هەردایکی ئەوم .... ئەورووپا بۆ ئەو لە هەموو شوێنێك باشترە).... بەڵام ئەمجارەیان بۆ مەسەلەیەکی تەواو جیاواز هات بوو... پێی گوتیت.... – نازنم چیت پێ بڵێم ... کوڕم ئازاد ئێمە خراپمان بەسەر هاتووە.... ئەوە هەشت ڕۆژە ئیمانی کچم ماڵی جێ هێشتووە...**

**عیمادی کوردی مەرجان تیاترۆ کچەکەمی لەخشتەبردووە... شۆرش دەڵێ**

**ئەمە مژدەیەکی خۆشە ئازەی برام**

**– مژدەی خۆش...؟! خوشکی برادەرمان ڕەدووکەوتبێت**

**– کوڕە ئازاد ئێمە دەبێت بەخێرایی دوو ئەرك ڕاپەڕێنین ، یەکەم ، هەواڵەکە بەسەرتاپای شاردا بڵاوبکەینەوە ، بۆ ئەوەی خەڵك بزانن ئەو پەروەردەی مەلا چەند لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمە ناڕێکە..**

**دووەم ، دەبێت تا بۆمان بکرێت نەهێلینئەو کچ و کورە بەدەستی کۆنەپەرستان خوێنیان برژێت) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل١٣٦ تا ١٤٢)**

ڕۆژێك دوای کوشتنی ( باوکی میدیا ) لەلایەن (سۆران)ەوە لەگۆرستان، ( سۆزان ) دەچێتە قوتابخانە و شپرزەیی پێوە دیارە و هەمیشە لەبیری ئەوەیە ؟؟؟ ئێستا چەند پیاوێکی ڕژێم دێن و لەقوتابخانە دەیبەن بەتاوانی ئەوەی (سابیر پولەکە)ی کوشتووە کە پیاوێکی ناسراوە ، بەڵام گێرەڕەوە بەهۆی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە ئەو ڕووداوە پێچەوانەی ئەنجامەکەی دەکاتەوە نەك ( سۆزان ) ، بەڵکو وەرگر تووشی سەرسامی دەبێت لەدارشتنی ئەم ڕووداوە هەروەکو دەڵێت:

**(ست ڕووناك... پێی گوتم**

**– لەژووری بەڕێوەبەر ئیشیان پێتە، سۆزان**

**نەمدەتوانی لەشوێنی خۆم بجولێم... سەرم گێژی دەخوارد، خەریك بوو بکەوم، لای (ست نەهرەوان)ی بەڕێوەبەر دوو پیاوی قەلەوم بینی... لەسەر ئەو قەنەفەیە دانیشتبوون چاوەڕێی منیان دەکرد سیمایان لەکورد نەچوو... هێشتا نەمدەزانی پێم خۆشە یا ناخۆش کەتاوانەکەم ئاشکرا بووە، دەخزێتە زیندەوەرانەوە.(ست نەهرەوان) پێی گوتم ئەوە بەرێزانە دەیانەوێت قسەی لەگەڵ بکەن... بۆم دەرکەوت ئەوان باسی شتێکی تر دەکەن، کە دوور و نزیك پێوەندی بەڕووداوی گۆرستانەوە نییە... بەکورتی لەناو ئەو خوێندکارانەی کە لەشاخ گەڕابوونەوە منیان هەڵبژاردبوو تاکو لەمەودوا هەر کاتێ ئەوان قسەیان بۆ دەکەن بەو مەبەستەی ئەو شتانەیان لەمێشك فرێ بدەن، کە لەقوتابخانە سەفەرییەکانی شاخ فێرکراون ئەوا من**

**یارمەتیان بدەم... گوتەکانیان بۆ بکەوە کوردی و پێیان بڵێم من شتەکانم بەدلە) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل٣٤٩)**

( نەرمین و مازنی مازیٚ ) دوو مرۆڤی ئاشق بوون بەلاّم قەدەر نەیهێشت بەیەکتر بگەن، ڕۆماننووس ئەو ڕووداوە لەڕێی فلاش باکی (نەرمین)ە وە کە بۆ (سۆزان) دەیگێڕێتەوە کۆمەڵێك ڕووداوی کورت و پوخت بەهۆی تەکنیکی مۆنتاژەوە بەیەکتر دەلکێنێت وەکو (ناچارکردنی نەرمین تا شوو بەجەنگی بکات، خنکاندنی جەنگی...) دەڵێت :

**( پێش ئەوەی (مازنی مازیٚ )، دوو پیاوەکە بکوژێت و بخرێتە زیندانەوە ئەمی خۆش ویستووە بەڵێنی پیٚ داوە بێتە داوای... (نەرمین)یش زۆر پێی سەرسام بووە... بگرە پەرستوویەتی بەردەوام خەونی پێوە بینیوە... ئامادە بکات دەسال چاوەڕێی بکات، بەلاّم باوکە پۆلیسەکەی ناچاری کردووە شوو بە جەنگی)، ئامۆزای بکات کە لە پۆلیس پلەی عەریفی هەبووە... نەرمین کاتیٚ گەیشتە ئەو شوێنەی سەربردەکەی بەئەسپایی دەرگای ژوورەکەی کردەوە و گوێی هەڵخست، تاکو دلنیا بێت کەس گوتەکانی نابیستێت ئینجا گەرایەوە و گوتی**

**تەنیا یەك مانگ بەیەکەوە بوین، چونکە شەوێکیان لە خەودا خنکاندم .........)** (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل٤٢٧) .

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە توخمی ڕووداو** لە ڕۆمانی **( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا )**

پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ بەتوخمی ڕووداو لە ڕۆمانی **( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا )**ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا، پەیوەندییەکی تێکچڕژاوە ، هەمیشە یەکتر تەواودەکەن ، چونکە هیچ ڕۆمانێك بەبیٚ ڕووداو بوونی نییە ، بوونی ڕووداویش بەشێوەیەکی فراوان مەرج نییە بۆ سەرکەوتوویی ڕۆمانەکە ، واتە مەرج نییە ئەگەر ڕۆمانێك ڕووداوی کەمی تێدابوو سەرکەوتوو نییە یا بەپێچەوانەوە ، کەواتە لەڕۆماندا ڕێکخستنی ڕووداوەکان بەشێوەیەك ، کە وەرگر لەنێویدا نقوم بێت هۆکاری سەرکەوتنی ئەم ڕۆمانەیە ، ڕیزبەندی ڕووداوەکان و پچڕ پچڕکردنیان کە بەدوای یەکتردا دێن ، هەر ڕووداوێك ڕووداوی دوای خۆی دەپچڕێنێت یا تەواوی دەکات لەڕێگەی مۆنتاژەوە دەکرێت ، لەبەرئەوەیە مۆنتاژ ڕۆڵی لەسەرکەوتوویی ڕۆمانەکە هەیە ، ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانە ئاماژەی پێدراوە زیاتر واقیعین و لەڕاستییەوە نزیکن ، تاکو وەرگر بتوانێت بڕیار لەسەر ئەنجامی ڕووداوەکان بدات ، بوونی چەند ڕووداوێك لە لاپەڕەیەکی ڕۆمانکەدا ، بەندە بەسەرکەتوویی داڕشتنی ڕووداوەکان ، ڕۆماننووس ڕووداوێك دەهێنێت و هێشتا نەگەیشتووەتە ئەنجام و ڕووداوی دووەم دەخاتە شوێنی و پاشان ڕووداوی سێیەم بەم چەشنە ڕووداوەکان بەدوای یەکتردا دێن ، بیٚ ئەوەی هیچیان بگەنە ئەنجامی کۆتایی ، دواتر هەر ڕووداوێك بۆ خزمەتی ڕووداوەکەی دی دادەبەزێت و هەمووی لەخزمەتی یەك ڕووداو یا چەند ڕووداوێکی سەرەکی لەڕۆمانەکە دەمێننەوە ، بۆ ئەوەی وەرگر تامەزرۆی ئەنجام و ئاکامی ڕووداوەکان بێت .

بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی نێو ئەو ڕۆمانە لەسەر زاری ( نەوال ، شازە ، سیامەند ، هالە ، شاناز ..... هتد) دەگێڕدرێتەوە ، لەهەندێ شوێندا پەنایان بۆ پاشخەری بردووە ، لەوەستاندنی کاتی ئێستای ڕۆمانەکە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یا بەپێچەوانەشەوە کامێرای چاوی وشەکانی ڕووداوەکان لەیەك کاتدا ڕووداوەکان وێنە دەگرن و دەیگێڕنەوە بۆ وەرگر ، وەرگریش لەڕێگەی ئاماژەی وشەکان لەکات و ساتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەگات ، کەچی لەفیلمی سینەمایدا لەڕێگەی کامێراوە ڕووداوەکان دەگیرێت و دواتر لەشاشەدا بۆی نمایش دەکرێت ، هەرچەندە ڕووداوەکانیش زۆربن ، وەرگریش بەهەستی ببین دەبەستێ و هەست بەپچڕان و لێکترازانیان ناکات ، هەرچەندە پچڕانی ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا کاریگەری نەرێنی لەسەر وەرگر دروست ناکات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت ، ئەمەش لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، ئەو ڕووداوانەی کە خزمەت بەڕەوتی ڕۆمانەکە ناگەیەنن ، ڕۆماننووس نایهێڵێت ، ڕووداوی لەدایکبوونی ( نەوال ) سێ پێشبینی و ڕووداوی جیاوازی بەدوای خۆی هێنا ، وەرگر تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەدوای چارەنووسی نادیاریان وێڵە ، بەمشێوەیە گێڕەڕەوە چەند ڕووداوێکی بەهۆی مۆنتاژەوە تێکەڵکردووە ، کە لەکاتی جیاوازدا ڕوویانداوە ، بەڵام تایبەتن بەلەدایکبوونی ( نەوال ) :

**( – من ئەو کاتەی ناوکیم بڕی، بەدایکیم وت: ئەم کچەی تۆ یان دەبێت بە گۆرانیبێژێکی قەحپە، یان دەبێت بە بلیمەت... لە هەردوو حاڵەتەکەشدا بۆ ئەو شوێنە سەر هەڵدەگرێت، کە منی لێ هاتووم و ناوبانگی بە هەموو دنیادا بڵاودەبێتەوە. (( حەسەن خوداداد))، پیاوە ((فەیلی)) یەکەی دووکانی لە تەنیشت دووکانی باوکییەوە بوو و وەکوو ناسراوترین بازرگانی شار حیسابی بۆ دەکرا، لە پێشبینیکردنی داهاتوودا، بەردەوام بەربەرەکانی ((خانزاد))ی دەکردو هەمیشە بەپێچەوانەی ئەو ڕملی لێ دەدا، دوای ئەوەی بەخەڵووز بنی پێکانی ڕەشکرد و خستنیە سەر کارتۆنێکی سپیەوە، ئینجا کارتۆنەکەی لە چاوەکانی نزیککردەوە و جوان جوان لە شوێنپێکانی سەری وردبووەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:**

- **ئەم کچەی ئێوە سەری خۆی بۆ شوێنێ هەڵدەگرێت، کە خەڵکەکەی لەگیانی خۆیان و دار و بەردیان بێزارن.)( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا ل ٢٣–٢٤).**

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی گیرانی((کاکەسوور)) ، ئەو منداڵانەی باوك و برایان بە دەستی کوژرا بوون ، لە بەردەم خەڵك دا حکومەت بەدەستی منداڵەکان بەردباران کرد و کوژرا ، لێرەدا وەرگر وا دەزانێت ((کاکەسوور)) مردووە ، بەڵام بەپێچەوانەوە دوای وێنەگرتنی ئەو ڕووداوە لەلایەن بیری وەرگرەوە ، دووبارە ((کاکەسوور)) زیندوو دەبێتەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە وەرگر بیری لە دەستگیرکردنی ئەم دەکاتەوە ، هەروەکو دەڵێت:**( کاتێك ئەمجەدی خاڵی بەکراس و پانتۆڵێکی ڕەشەوە دەرگاکەیانی بەلەقە کردەوە و بەشپرزەییەوە پێی وتن: کاکەسوور زیندوو بووەتەوە)( ئای لەڤیلیا لە ڤیلیا ،ل ٣٠).**

(سەلیمە) باوەڕی بەدەنگخۆشی (نەوال) هەیە ، بۆیە کاتێك گوێبیستی دەنگخۆشی ( نەوال ) دەبێت بە ( شازە) دەڵێت ، کە ( نەوال ) دەنگێکی خۆشی هەیەو دەبێتە گۆرانیبێژ ، ئەم ڕووداوە و ڕووداوێکی دی ، کە تایبەتە بە ( نەوال ) ، ( سەلیمە ) بەیادی خۆی دەهێنێتەوە، دەیەوێت شتێك بە نەوال بڵێ ، بەڵام پێی ناڵێت ، نەگوتنی ئەو ڕاستییە بە (نەوال) لەسەر گۆڕی (شازە) جۆرێك لەدوو دڵی و گومان لای وەرگر دروستدەکات ، چونکە نازانرێ مەبەستی لەکردنی ئەم قسانە چیبووە ، هەروەها کامێرای وشەکان لەڕووداوێك ، کە (شازە) زیندووە، دەگوازێتەوە بۆ سەر گۆڕی (شازە) هەروەکو دەڵێت:

**( (( سەلیمە)) وەك بڵێی لەمەو پێش باوەڕی بە ((شازە)) نەکردبێت و نەچووبێتە ئەقڵیەوە ، کە ((نەوال)) ئەو دەنگە خۆشەی پێوەیە و ئاوا جوان گۆرانی دەچڕێت ، بۆیە هەرکە ئەم دەنگی لێ هەڵبڕی و ئەو گوێی لێگرت ، بەجارێ ئەبڵەق و سەرسامبوو و دەستەکانی خستە سەردڵی خۆیەوە .. سەیرێکی چاوەکانی ((شازە))ی کرد و پێی وت:**

**–ئەم کچەی تۆ چاکترین گۆرانیبێژە...!! ئەم کچەی تۆ بلیمەتە شازە...!!**

**((شازە)) لەخۆشیا دەستی کرد بەگریان و سەری خستە سەر ئەژنۆکانی...**

**((سەلیمە)) سەیری چاوەکانی کرد و ویستی شتێکی پێبڵێت، کەچی ((شازە)) بەکوڵتر دایە پرمەی گریان... دەسرە ڕەش وسپییەکەی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا و بە چاوەکانیەوە نا..... ((سەلیمە)) دواییش هەمیشە باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکرد و بیری ئەمی دەخستەوە،کە بۆ یەکەمجار لە ماڵی ((شازە)) دا چاوی پێیکەوت و تێر تێر بۆی گریا ، کەچی هەرچەند ((نەوال)) داوای لێدەکرد و لێی دەپاڕایەوە، هۆی گریانەکەی پێبڵێت و لەو مەراقە دەربازی بکات... ئەو ڕازیی نەدەبوو و پێشی دەوت:**

**توو خوا نەوال ئەگەر بەڕاستیی منت خۆشدەوێت، ئەم پرسیارەم لێ مەکە**

**جارێکیان کە لەم لاو لەو لای گۆڕەکەی ( شازە ) دانیشتبوون و ئەم زوری لێکرد پێی بڵێ ، ئەو ناوچەوانی گرژ کرد و پێی ووت :**

**بەم گۆڕەی (( شازە )) جارێکی تر ئەم باسەم لەگەڵدا بکەیتەوە لە ژیانما قسەت لەگەڵ ناکەم ) ( ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا ، ل ٩٩ ، ١٠٠).**

# بەشی سێیەم

## بەشی سێیەم

## پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ بە تەکنیکی گێڕانەوە

مۆنتاژ ڕۆڵی گرنگی بەرچاو لە دروستکردنی پێوەندی نێوان توخمەکانی ڕۆمان و تەکنیکەکانی گێڕانەوە دەبینێ ، بە جۆرێك وەرگر دەخاتە نێو جیهانی ڕۆمانەکەوە ، تاکو ئەو پرسیارانەی کە بێ وەلامن ، وەلامێکی لۆجیکی بۆ بدۆزنەوە ، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆشەنیگایەی ڕۆماننووس دەیخاتە ڕوو و کە بەهۆی زانیارییەکانی زیاتر ڕوون و ئاشکرای دەکات .

تەکنیکی مۆنتاژیش زۆر کاریگەری لەسەر بنیاتی گێڕانەوە و بینای دەقی ڕۆماندا هەیە ، کە لە خوێندنەوەی هەر دەقێکی ڕۆماندا بەرچاو ڕوونی دەدات و گرنگییەکەی دەردەکەوێت ، تا چەند ئەو پێوەندییەی نێوان هونەرەکانی گێڕانەوە یەکدەخات و دواتر بەشێوەی پچڕپچڕ یا بەشێوەی زنجیرەی بەدوای یەك و نەپچڕاو پێشکەشی وەرگری دەکات ، لێرەدا ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت پێوەندییەکی بەتین لەنێوان مۆنتاژ و هونەرەکانی گێڕانەوە دیکەی ڕۆماندا هەیە ، چونکە زۆرجار یەکێك لە هونەرەکانی گێڕانەوە بەشێوەی پچڕاوی لە گرتەی سەرەتادا بونی نییە ، کەچی دوای خوێندنەوەی چەندین بەستن و لاپەڕەی ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێت ، دووبارە هەمان توخم لە ڕێگەی زەینی وەرگرەوە بزر دەبێت ، بەلام جارێکی تر لەپاڵ توخمێکی دی ئەو توخمە دەردەکەوێتەوە ئەمەش بۆ جوانکردنی ناوەڕۆك و ڕووخساری ڕۆمانەکەیە یا بۆ سەرنج ڕاکێشانی وەرگرە ، تاوەکو نەتوانێت بە سادەیی بڕیار لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانە بدات ، کە بەهۆی (کات و شوێن و کارەکتەر ... هتد )ە جیاوازەکان ڕوودەدات .

بێگومانیش گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکی واقیعی بەهۆی ئەزمونی ڕۆماننووس نابێتە هۆی دروست بوونی ڕۆمان ، بەلکو دەبێت ڕۆماننووس واقیع لەگەڵ ئەندێشە و خەیاڵی خۆی بگونجێنێت ، کە ئەم توخمانە بەهۆی تەکنیکی مۆنتاژەوە ڕۆماننووس بەیەکەوەی بەستوون لە ڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانیەوە ، بە پێچەوانەوە مۆنتاژ لە سینەمادا دەرهێنەر هەڵدەستێ بە مۆنتاژ کردنی فیلمێك هەموو وردەکارییەکانی ڕووداوەکان ، کە پێوەندیان بە ( شوێن و کات و ڕووداو و کارەکتەر ) هەیە ، پێشکەشی بینەری ناکات ، بەلکو هەر چوار توخم لەیەك کاتدا لە ڕێگەی شاشە و کامێراوە پێشکەش دەکرێت ، ڕووداوەکان بەیەکجاری لەسەر شاشە نمایش ناکات ، بەلکو بەشێوەی پچڕ پچڕی ، ئەمە لە ڕۆماندا بوونی نییە ، بەلکو ڕۆماننووس ڕووداوەکان لە ڕێگەی وشەکانەوە نمایش دەکات ، دەستپێکردنی ڕووداوەکان لە کاتەکەدا دەزانرێ ، بەلام تێپەڕبوونی ماوەکە نادیارە ، تاکو ڕۆماننووس ئاماژە بە کاتی ڕووداوەکان نەکات ، نازانرێ لە چ کاتێکدا ڕووداوەکان بەرەو لوتکە و دابەزین دەڕۆن ، کەواتە ئەو پێوەندییەی لە نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری ( دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و پێشخەری و پاشخەری ) ، پێوەندیەکی هزرییە ، ڕۆمانووس بە هۆی گێڕانەوە ، کاتی ڕووداوەکان رادەگرێت ،

تاکو ئەو ڕووداوەی کە پێویستە ئێستا ڕوودبات ، دەیهێنێتە نێو شانۆی ڕووداوەکان لە ڕێگەی یەکێك لەم هونەرانە دەیگێڕیتەوە ، مۆنتاژیش کایگەری لەسەریان هەیە .

## تەوەری یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری

### یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لە ڕووی تیۆری :

فلاش باك یاخود پاشخەری هونەرێکی سینەماییە ، زۆرجار لەڕۆمانی نوێدا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەزەمەنی ڕابردوو بۆ ئێستا سوودی لێوەرگیراوە، (( ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی دەرهێنەرە سینەماییەکانەوە هاتووە، پاش تەواوبوونی وێنەگرتن و تێکەڵکردنی وێنەکان دەست پێدەکات و ئیشی تیادەکرێ ، بۆ پێش و پاشخستنیان بێ ئەوەی کارەکە نارێك بێت لەچوارچێوەیەکی هونەری و شکۆداری دەمێنێتەوە ))[١] ، بوونی چوارچێوەیەکی هونەری و شکۆداری بۆ وێنەکان و ئەو گرتانەی دەکەونە ژێر چاوی کامێرای دەرهێنەر لەڕێگەی هێنانەوە یادی هەندێك لەو ڕووداوانەیە (( کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە ، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی شتە ئاڵۆزەکان ))[٢] ، ئەو شتە ئاڵۆزانەش ڕەنگە لەبەر خێرایی ئەو گرتانە بن بەسەر گێڕانەوەکەدا تێپەڕدەبن و بەباشی ڕوون نەکرێتەوە ئەمەش (( وا لەدەرهێنەر دەکات ڕۆشنایی بخاتەسەر ڕووداوێکی ڕابردوو کە هاتنەکایەی بیرۆکەکە بۆ وەرگر بگەڕێتەوە لەکاتێکی بەسەرچوودا))[٣] ، بۆ ئەو ڕووداوانەی ، بەتەواوەتی بەدیارنەکەوتوون ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ، کە پێشتر هونەری پاشخەری لەدەقی ئەدەبیدا بەکارنەهاتووە ، بەڵکو یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی لەداستان و چیرۆکە ئەفسانەییەکان بەکارهێنراون ، (( لەڕاستیدا تێکەڵکردن و خستنەناوی کۆپلەی گەڕێنراوە لەڕابردوو بۆ دەق هەروەك هۆمیرۆس و ڤێرجیل بەکاریان هێناوە ))[٤] ، کەواتە پاشخەری یەکێکە لەهونەرە گرنگەکانی گێڕانەوە و ڕووداوە کۆن و ڕابردووەکان زیندوو دەکاتەوە.

هەر چەندە پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری بەیەك ئاست لەهەموو ڕۆمانەکان وەکو خۆی ڕەنگناداتەوە ، بەڵام پێوەندییەکی بەهێز لەنێوانیان هەیە ، ئەگەر پاشخەری ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕابردوو بێت لەئێستادا ئەوا ئەرکی تەکنیکی مۆنتاژ لە هونەری پاشخەری دا بریتییە لە وێنا کردنی هەموو ئەو وێنانەی ، کە لەمێشکی وەرگر دروست دەبێت بەمەبەستی چالاکی بەخشین بەپرۆسەی گێڕانەوەکە.

هونەری پاشخەری لەهونەرەکانی تەکنیکی گێڕانەوە ، لەهەموو بەرهەمێکی ئەدەبییدا بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی ، ڕۆڵێکی دیار و ئاشکرای لەبەرەوپێش بردن و سست بوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە هەیە ،

---

١– آمينه يوسف ، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق ، دار الحوار اللاذقية ، ١٩٩٧ ، ص٧١.

٢– فاتح عبدالسلام ، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية ، المؤسسة العربية الدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٩٩ ، ص١٣٥.

٣– احلام عبداللطيف هادي ، جماليات اللغة في القصيدة ، الناشر مركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء ، المغرب ، ٢٠٠٤ ، ص٥٥.

٤–أ، أ مندلاو، الزمن والرواية، ص٦٧.

پاشخەری چەشنی پەراوێکە کە کارەکتەرە سەرەکی و ناسەرەکییەکان رابردووی خۆیان تێدا دەخوێننەوە و دەدۆزنەوە ، لەکاتی ئێستای رۆمانەکەدا پەنای بۆ دەبەن و گوزارشتی لێدەکەن ، واتا پاشخەری زیاتر بەسەرهات و رووداوەکانی رابردوو بە ئێستا دەلکێنێت و کارەکتەر هەوڵدەدات پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان شوێن و رووداوەکان دابمەزرێنێت ، کە بەکاتی رابردووەوە بەندە ، کەواتە (( فلاش باك جۆرێك لەگێرانەوەی ئەو یادگاری و بەسەرهاتانەیە، کە رابردوو بەئێستا دەبەستێتەوە ، دواتر شیکاریان دەکات ، تا لایەنە تاریکەکانی رووداو رووناك بکاتەوە))[١] ، تا رۆماننووس سەرکەوتووبێت لەگێرانەوەی رووداوەکان و پەردە لەسەر رووماڵی رووداوەکانی رابردووی کارەکتەرەکان رابماڵێت ، بۆ نمایش کردنی رووداوەکانی رابردوو لەکاتی ئێستادا و تیشك خستنەسەریان، بۆیە پەنا بۆ دەبات .

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لەرۆماندا ، پێوەندییەکی گشتگیر و هەمە لایەنەیە ، بەستنەوە و رێکخستنی کاتی رووداوەکان کەبەهۆی پێشخەرییەوە تێکشکاوە و پچراوە ، زیاتر لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ دەبێت ، چونکە ئەرکێکی دیکەی مۆنتاژ لەهونەری پاشخەری ئەوەیە کاتێك کارەکتەر لەنێو گەرمەی رووداوەکانی رۆمانەکەدا رووداوەکە رادەگرێت لەئێستادا، پەنا بۆ رابردوو دەبات رووداوێکی تر دروست دەکات ، کە هەندێك جار رووداوەکە پێوەندی بەرووداوەکانی نێو رۆمانەکە نییە ، بەڵام رۆماننووس دەیهێنێتە نێو شانۆی رووداوەکان بەیەکتریان دەبەستێتەوە لەزەینی وەرگردا ، بەستانەوەی رووداوەکان و گۆرانکاری لەکاتی وەستانی رووداوەکان ، وەرگر هەست بەماندووبوون و بێزاری جێگۆرکێی رووداوەکان نەکات لەرێگەی مۆنتاژەوە دەکرێت ، کەواتە مۆنتاژ رۆڵێکی بەرچاوی لە پچران و رێکخستنی ئەو رووداوانەی کە لە ئێستا و رابردووی کارەکتەر روویانداوە هەیە ، دواتر گواستنەوەی ئەو رووداوانە بۆ زەینی وەرگر بەشێوەیەکی پوخت و رێکخراو .

ئەرکێکی دیکەی تەکنیکی مۆنتاژ لەهونەری پاشخەری هەستی پێدەکرێت ، ئەوەیە کە رۆماننووس بۆیە پەنا بۆ هونەری پاشخەری دەبات ، چونکە نەیتوانیوە رووداوەکان لەکاتی خۆیدا بیگێرێتەوە یا رووداوەکان کاتی وەستانی خۆی نەهاتووە ، بەڵکو پێویستە رۆماننووس لەرێگەی پاشخەری کارەکتەرەکانەوە بۆمان بیگێرێتەوە، بەستنەوە و تێکشکاندنی کاتی ئێستا بەرابردوو ، رابردوو بە ئێستا خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەبەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ چونکە ئەو تەکنیکە لەهونەری پیشخەری بەکاردێت بۆ لکاندنی هەموو جۆرە رووداو و کاتەکان لەزەینی وەرگردا.

تەکنیکی مۆنتاژ هۆکارێکە بۆ رێکخستنی زنجیرەی رووداوەکان هەر چەندە لەرووی کات و زەمەنە و تێکشکاون ، لەبیری کارەکتەر و وەرگردا هەست بەو تێکشکاندنە ناکرێت ، بە واتایەکی دی (( فلاش باك

١-د. موريس ابو ناضر، الالسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة ، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص٩٥.

گەڕانەوەیە بۆ ڕووداوێکی پێشوو کە ڕابردوودا ڕووی داوە، لەکاتی ئێستا دەیگێڕێتەوە))[١] ، کەواتە پاشخەری پارسەنگێکە لەدەست ڕۆماننووس ، کە هەمیشە بەردەوامی بەڕەوتی گێڕانەوە دەدات و مۆنتاژیش ناهێلێت ڕووداوەکان لەیەك کاتدا بوەستن و گەرم و گوڕی و بەردەوامی بەپرۆسەی گێڕانەوەکە دەبەخشێت و کە بەر لەئێستا ڕوویانداوە ، کە ڕۆماننووس پێشتر بەسەریدا تێپەڕیووە لەکاتی خۆیدا باسی نەکردوون ، کەچی لەکاتی ئێستا ئاماژەیان پێدەکات و کاتە جیاوازەکانیش دیاردەکات .

دەتوانرێ بوترێت پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری ، پەیوەستە بە ((گێڕانەوەی ڕووداوێك دەکەوێتە پێش ئەو خاڵەی گێڕانەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت))[٢] و پێوەندی ئەو ڕووداوانە ڕێکدەخەن، بەر لەئێستا ڕوویانداوە بەهۆی بیرهێنانەوەی ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە دواوە و جیاوازی کاتی ڕووداوەکانی دەکات و دەیانخاتەڕوو.

تەکنیکی مۆنتاژ لەهەر شوێنێك بێت، قسەیەکی بێ دەنگ و هەست پێکراوە یا بیرکردنەوەیە ، کەچی هونەری پاشخەری بیرکردنەوەیەکی بەجێیە و گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو ، واتە زمانێکی قسەپێکراوە ، هەر دەقێکی ئەدەبی بەتایبەتی ڕۆمان پێش ئەوەی کاری لەسەر بکرێت بێدەنگە و ئەوەی دەنگی دەخاتەبەر خودی ڕۆماننووسە، واتە کارەکتەر و ڕۆماننووس دەقەکە دەجولێنن ، تێکشکان و پچڕانی مێژووی ڕووداوی نێو ڕۆمانەکە و دواتر ڕێکخستنیان پەیوەستە بەتەکنیکی مۆنتاژ .

زۆرجار وەرگر لەخوێندنەوەی ڕۆمانێکدا تێکەڵاوی هەموو کێشە و گرفتەکانی ڕووداوەکان بووە ، وا دەزانێت گەیشتووەتە خالی کۆتایی ، کەچی ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی هونەری پاشخەری ڕووداوەکە ڕادەگرێت ماوەی ڕووداوەکە درێژدەکاتەوە ، بەخستنەڕووی ڕووداوێکی دی لەبیری کارەکتەردا و گواستنەوەی بیری وەرگر لەڕووداوێکی نێو ڕۆمانەکە ، بۆ ڕووداوێك کە لەڕابردووی کارەکتەرێك ڕووی داوە لەکاتی ئێستادا دواتر بەیەکەوەلکانیان پێوەندی بەشێواز و جۆری ئەو مۆنتاژەوە هەیە ، کە ڕۆماننووس بەکاری هێناوە ، چونکە ڕۆماننووس لەکاتی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ لەهونەری پاشخەریدا زیاتر کار لەسەر گواستنەوەی بیری وەرگر دەکات ، تا تێکەڵاوی ناواخنی ڕووداوەکان بێت و شارەزایی لەسەر ڕابردووی کارەکتەرەکان هەبێت .

ئەو پێوەندییەی دروست دەبێت لەنێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەریدا ، زیاتر پەیوەستە بە چۆنیەتی ئاستی سیستەمی گێڕانەوەی دەقەکە ، ئەگەر ڕۆماننووس هەستی بە لاوازی ڕووداوەکان کرد و وەرگر بێزاری نواند ، ئەوا پەنا دەباتە بەر هونەری پاشخەری و بەبیرهێنانەوەی ڕووداوێکی هەستیار کە لەڕابردوو ڕوویداوە ، تاکو گێڕانەوەکە پاش و پێشی تێدا بکەوێت و وەرگر بێزاربوونی لەبیر بچێتەوە، ئەگەر

---

١- د . ابراهيم جنداري ، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ٢٠٠١ ، ص١٠٤.

٢-جيرار جينيت ، خطاب الحكاية ، بحث في المنهج ، ت : محمد معتصم و عبدالجليل الازدي و عمر لعلي ، المجلس الاعلى الثقافة ، المشروع القومي للترجمة ، ٢٠٠٠ ، ص٥١.

پاشخەری((نواندنی ئەو ڕووداوانە بێت، کە پێش ئەو کاتە دەکەوێت، گێڕانەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت و گێڕانەوەکە پێی گەیشتووە))[1] ، ئەوا تەکنیکی مۆنتاژیش ڕووداوەکان بەپێی زەینی وەرگر دروست دەکات، کە چۆن چۆنی لەگەڵ نمایشی ڕووداوەکان بیر و هزری بجولێتەوە.

تەکنیکی مۆنتاژ لەهونەری پاشخەری دا لەنێو ڕۆماندا چەند ڕۆڵێکی دی دەبینێت ، وەکو ئاگادارکردنەوەی وەرگر لەبەشێکی ئەو ڕووداوانەی کە لەڕابردوو ڕوویانداوە و دواتر پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی ڕۆماننووس هەستی پێ نەکردوون یا نەیویستووە لەشوێنی خۆیدا باسی بکات ، بەهۆی بازدانی کاتییەوە ئەو بۆشاییانە دروست بووە ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆماننووس بەردەوامی بەگێڕانەوەکەی بدات ، وەرگریش زیاتر ئاشنایەتی دەروون و هەستی کارەکتەرەکان بێت ، کە لەڕابردوودا بەچیەوە خەریك بوون .

پرۆسەی هونەری پاشخەری زیاتر پەیوەستە بە باری دەروونی کارەکتەر بەتایبەتی ئەگەر ڕووداوێك کاریگەری لەسەر هەست و نەستی کارەکتەر دروست بکات و شوێنەوارێك بەجێ بهێڵێت ، کارەکتەر دەیهێنێتەوە یادگاری خۆی ، بەوەش (( پچڕانێك لەزنجیرەی ئاسایی ڕووداوەکان دەخولقێت و یاد دەگەڕێتەوە بۆ هێنانە پێش چاوی هەندێك ڕووداوی ڕابردوو بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئالۆزی پێگەیەك یا دیاریدەیەك ))[٢] .

لێرەدا مۆنتاژ ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو دەبینێت لە چۆنیەتی داڕشتنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لەبیر و هزری وەرگردا پەرتەوازەبوون جارێکی دی ڕێکیان دەخاتەوە بەشێوەیەکی هونەری بەرز هەرچەندە جیاوازییەکی زۆریش لە تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لەنێوان ( چیرۆك و ڕۆمان و فلیمی سینەما و دراما و شانۆ )دا هەیە ، لەبەرئەوەی وەرگر لەکاتی خوێندنەوە یا بیستنی ڕۆمانێك زیاتر هەستی بیستنی بەکاردەهێنێت و وێنەی ڕووداو و کارەکتەرەکان تەنیا لە مێشکی خۆی دروست دەکات بێ ئەوەی بزانێت شێوەیان چۆنە تەنیا وێنەکان لەو وشانە بەرجەستە دەکات ، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە ، وەرگر وێنەی ڕووداو بەسەرهاتەکان نابینێت ، بەڵکو زیاتریش بەعەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی دەبەستێ ڕووداوەکان چۆن چۆنی دەپچڕێن و کات و زەمەن تێکدەشکێنرێت ، کاتێك کارەکتەرێك ڕووداوێك دەهێنێتەوە بیری خۆی و سەرجەم ڕووداوەکانی دی ڕادەگرێت ، وەرگر تەنیا هەست بە تێکشکاندنی ڕووداوەکان دەکات و زانینی کاتی ڕووداوەکان، کەلەڕابردوو لەچ کاتێك ڕوویانداوە تەنیا لەوێنەی وشەکانەوە دەزانرێ ، کەچی لەفیلمی سینەمایی و دراما و شانۆدا وەرگر زیاتر پشت بە هەستی بینین دەبەستێ ، بۆ دیتنی ئەو ڕووداوانەی کە لەڕابردوو ڕوویاندا بەچاوی خۆی هەستیان پێدەکات ، چونکە کاتێك کارەکتەر ڕووداوێك باس دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ئەوا هەموو ڕووداوەکان ڕادەگرێت و وەرگر بەچاوی خۆی نمایشی ڕووداوەکان دەبینێت و کە لە ئێستا چۆن باز دەدات بۆ ڕابردوو ، دواتر ڕووداوەکان بەیەکتر دەلکێنرێن، چۆنیەتی بازدانی

---

١- سمير المرزوقي و جميل شاكر ، مدخل الى نظرية القصة تحليلا و تطبيقا ، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص٧٦.

٢- د.سعيد علوش ، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة ، دار الكتاب اللبناني ، بيروت ، ١٩٨٥ ، ص٩٧.

ڕووداوەکان و بیرکردنەوەی وەرگر بۆ چۆنیەتی ڕووداوەکانی ڕابردوو دواتر بەیەکەوە گرێدانیان بەیەکترەوە لەئێستا لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەکرێت ، کەواتە لەهەردوو حالەتدا نووسەری (ڕۆمان یا فیلمی سینەمایی یا شانۆ) زیاتر پشت دەبەستێ بەتەکنیکی ئەو مۆنتاژەی لەدەقە ئەدەبیەکەدا لەڕێگەی هونەری پاشخەری بەکاری هێناوە.

لەڕۆماندا وەرگر زیاتر پشت به وێنەی ئەو ڕووداوانە دەبەستێ کە وشەکان وێنەی دەکێشن ، کەچی لەفیلمی سینەمایی و شانۆدا ، وەرگر زیاتر پشت بەهەستی بینین دەبەستێ نەك وێنەی وشەکان ، کەباس لەڕووداوەکان دەکات، چونکە لەو دۆخەدا وەرگر (( بەئاسانی دەتوانێ خۆی تێکەڵی ئەو کارەکتەرە بکات، کە لەبارەی دەبیستێت و دەخوێنێتەوە، بەتایبەتی کاتێ هەست دەکات، دەتوانێ ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بۆ بیرو باوەڕ و هەست و سۆزی بکات ))[1].

هونەری پاشخەری بەپێی جۆر و چۆنیەتی ئەو پێوەندییەی کە بە ئاستی پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە لەنێو دەقەکەدا هەیە لەکاتی جیاجیادا دەکرێت بەچەند جۆرێك کە ئەمانەن ((١- پاشخەری دەرکی:- دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەست پێکردنی ڕۆمانەکە.

٢- پاشخەری ناوەکی: دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەك کە زیاتر پەیوەندی بە سەرەتای ڕۆمانەکە هەیە، کە لە پێشکەش کردنی دەقەکەدا هاتووە.

٣- پاشخەری ئاوێتە: هەردوو جۆرەکەی پێشووی خۆی تێدا کۆدەبێتەوە))[2].

مەبەست لە پاشخەری دەرەکی ئەوەیە کە ڕۆماننووس گێڕانەوەکە لەکاتی ئێستادا ڕادەگرێت دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و باس کردنی ڕووداو و بەسەرهاتێك ، کەپێش دەست پێکردنی گێڕانەوەی ڕوودانی ڕووداوەکان لەنێو ڕۆمانەکە ڕوویانداوە، بەبیرهێنانەوەی بەشێکی ئەو ڕووداوانە لەئێستادا ، بەواتای کاریگەربوونی کارەکتەرە بەشێوە و چونیەتی ڕووداوەکان لەباروۆخێکی تایبەتدا ڕوویداوە. مەبەست لە پاشخەری ناوەکی دا ، ڕۆماننووس کاتی ئێستا ڕادەگرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەی کە لەڕابردوویەکی نزیکدا پێش گەیشتن بەکاتی ڕووداوەکانی ئێستا لەپرۆسەی گێڕانەوەکە ، بەڵام ڕۆمانووس لەبەر هۆکارێك بێت بەسەریدا تێپەڕیوە و باسی نەکردووە، بۆیە پەنا بۆ زەینی کارەکتەر دەبات و لەکاتی ئێستا دەیگێڕێتەوە.

لەجۆری سێیەمی پاشخەری ، کە پاشخەری ئاوێتە پێی دەوترێت ، ڕۆماننووس ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە لەپێش ڕوودانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەستیان پێکردووە ماوەیەك بەر لەدەستپێکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە کۆتاییان پێ هاتووە ، واتە ڕۆماننووس هەڵدەستێ (( بە ڕاگرتنی ڕووداوەکانی ئێستا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئێستادا و دووبارە گێڕانەوەی کاتی ئێستای ڕووداوەکان. لەمیانەی

---

١- أ. أ. مندلاو ، الزمن والرواية ، ت : بكر عباس ، دار الصادر للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٩٧ ، ص١٤١.

[2]- سعيد يقطين ، تحليل الخطاب الروائي (الزمن- السرد- التبئير) ، منشورات مركز الثقافي العربي ، بيروت ، ١٩٨٩ ، ص٧٧-٧٨.

ئەمەشەوە تێکهەڵکێشیەك لەنێوان کاتی ڕابردوو و ئێستادا دروست دەبێت و گێڕانەوەکە بەرەو ئایندە پەرە دەسێنێت))[١] ، پێویستە ڕۆماننووس لەهەرسێ جۆری پاشخەری بەوردی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکات و بەوردی کات و ڕووداوەکانی دەرەوەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ئاوێتە بکات ، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ، کەواتە ئەرکێکی دیکەی تەکنیکی مۆنتاژ لەهەرسێ جۆری پاشخەری ئەوەیە ڕووداوەکان لەزەینی کارەکتەر بەشێوەی وێنەی ڤیدیۆیی نمایش دەکات و وەرگریش بینەر و بیسەری ئەو ڤیدیۆیەیە، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە.

## دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری ، پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور ) دا

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەریدا لەڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور )دا ، پەیوەندییەکی هەمەلایەنە و بەهێزە و پەیوەستن بەیەکترەوە، ڕۆماننووس بەهۆی دروستکردنی ئەو پەیوەندییە دەتوانێت وەرگر بۆ ناوەڕۆکی ڕووداوەکان پەلکێش بکات، هەرچەندە پاشخەری ڕووداوەکان دەپچڕێنێت و لەئێستاوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، کاتی ئێستای ڕووداوەکان دەوەستێنێت و لەخزمەتی ڕابردووی ڕووداوەکان دەبێت، پچڕان و لێکترازانی ڕووداوەکان و دواتر تێکشکاندنی کات و شوێنیان و بەیەکەوە لکاندنیان لە زەینی وەرگردا، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، ڕۆماننووس توانیویەتی تا ئاستێك ئەو تەکنیکە بەکاربهێنێت، لەڕۆمانەکانی (کاروان)دا هەموو شێوەکانی پاشخەری بوونیان هەیە ، کەبەپێی زەینی کارەکتەر بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەر ڕۆماننووس بەکاریبردووە، ڕەنگە لەهەندێك کاتدا ، پەنای بۆ ئەو تەکنیکە بەکارهێناوە لەبەر ئەوەبێت ، کە ڕووداوەکەی لەکاتی خۆیدا لەبیری چووە یا نەیتوانیوە ئاماژەی پێ بکات و نەگونجاو بووە یا وای بەچاك زانیوە ڕووداوەکانی لەکاتی ئێستادا ڕابگرێت و بەرەو ڕابردوو هەنگاوبنێت ، ئەوەی جێی سەرنجە لەهەموو ڕۆمانەکانیدا هونەری پاشخەری لەیەك ئاستدا بەکارنەبردووە ، بەڵکو بەپێی پێویستی ڕووداوەکان بووە، دروستبوونی بەشێکی زۆری گرتەکان لەناخ و زەینی کارەکتەر ، کە ئێستای ڕووداوەکان دەپچڕێنێت و بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوەو دواتر گواستنەوەی بۆ زەینی وەرگر، بەشێوەی زنجیرەیەکی بەدوای یەکداهاتوو، بێ ئەوەی وەرگر هەست بەپچڕانیان بکات و بێزارنەبێت لەکاتی ئێستای ڕووداوەکان، ئەمەش پێی دەوترێت(مۆنتاژی پاشخەری).

---

[١]– ڕێزان ڕەحمان خدر ، تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانەکانی (عبدالله سەراج)دا ، ل٢٣٢.

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لە رۆمانی ( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان )**

دەستپێکی ڕووداوەکانی ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) لەڕێگەی بەکارهێنانی پاشخەرییە، کە گێڕەرەوە لەسەر زاری کارەکتەر لەئێستادا پێشکەش دەکات، هەرچەندە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان پێوەندییان بەڕابردوو هەیە ، کە لایەنی مێژوویی وکۆمەڵایەتی و نیشتیمانی لەخۆدەگرێت ، هەروەکو گێڕەرەوە دەیەوێت وەرگر تووشی هەندێك پرسیاری بێ وەڵام بکات ، تاکۆتایی ڕۆمانەکە وەڵامی دەست نەکەوێت ، کە ( ئامانج ) لە شاخ دەگەڕێتەوە بۆشار دەیەوێت لەئێستادا باسی ڕابردوویەکی تاڵ و شیرینی خۆی بکات ، کە لەلاپەڕە ( ٧ )ی ڕۆمانەکە ئاماژەی پێکراوە.

گێڕەرەوە لەسەر زاری شوڕش دەیەوێت ڕابردوویەکی تاڵی باوکی(ئامانج) بەوەرگر بڵێتن ، کە خاوەنی چ باوکێك بووە ، زەمەنێك بوو شاری هەولێر لێی دەترسان ، چونکە پیاوی دەسەڵات بوو ، خەڵکی بێ تاوان و تاوانباری بەیەکەوە سزادەدا ، گێڕەرەوە لەئێستای ڕووداوەکان بازدەدات و بەرەو ڕابردوو دەچێت ، وردەکارییەکان دەربارەی بێ ویژدانی باوکی ئامانج دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

**( گوێم لێ بوو گووتیان ئەوە کوڕی ملازم مەجید هەمزە قەڵاتییە.... جاران بوایە خەڵك لەسەر تۆیان دەکردەوە و دەیانگووت کوڕی ڕەمزی ئازادییە)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان،ل٤٧).**

نازناوی دایك و باوك بۆ کارەکتەر لەهەندێك شوێندا زۆر گرنگە، کارەکتەر لەڕێگەی نازناوی دایکییەوە، دەیەوێت پیشەی باوکی ڕوونبکاتەوە و ڕەخنە لەکۆمەڵگە بگرێت، وێنەیەکی جیاواز لەوێنەکانی تر لای وەرگر دروست بکات ، ( ئازاد ) ڕەخنە لەو واقیعەی کۆمەڵگە دەگرێ ، چونکە مرۆڤە هەژارەکان دەبنە قوربانی و سەرکردەو بەرپرسەکان سەربەرز و بڵند دەژین ، بۆیە ( ئازاد ) نایەوێت بەناوی باوکی بانگبکرێت ، چونکە باوکی کارمەندێکی وڵات بوو ، توانی کارەبا بۆ هەموو شار دابین بکات ، کەچی لەخانوویەکی قوڕ دەژیا و دروست کردنی ئەو وێنە جیاواز و دژانە لەبیری وەرگر و هەنگاونان بۆ شارەزابوون لەژیانی ڕابردووی ( ئازاد ) ، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، وەرگر هەست بەبوونی لێکترازانی ئەم گەڕانەوەیە ناکات ، وەرگر وێنەی باوکی ئازادی لە بیردا بەرجەستە دەبێت ، توانیویەتی کۆمەڵگە رووناك بکاتەوە ، کەچی بە کارەباش دەمرێت ، بەرپرسێکی ئەو شارە خەمی بۆ نخوات ، بۆیە دەشێت ئەو گرتە بکرێت ، بە پاشخەری ناوەکیی ، هەروەکو ( ئازاد ) دەڵێت :

**( هەر بەو ئارەزووە گەرمیشەوە ناوی خۆم پێش هەموو شتێك دەنووسم:- (ئازادی هەمین مامان) خۆ دەتوانم لەجیاتی ناوی دایکم هی باوکم بنووسم (ڕەشاد کارەباچی) یا(ڕەشاد عەلی شوشە)، ئەو پیاوەی کارەبای بۆ هەموو شار ڕاکێشاو خۆیشی لەم خانووە قوڕە بێکارەبایەدا دەژیا، هەتا دواجار هەر کارەبایش**

**کوشتی.... ئەمە خۆی لەخۆیدا چیرۆکێکە .... بەلاّم هەر سورم لەسەر ئەوەی ناوی دایکم بکەمە پاشگری خۆم ئاخر لای خەڵکی گەڕەك و قوتابخانەیش هەر ئاوا ناسراوم)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان،ل ٩٦-٩٧).**

گەڕان بەدوای هەڵوێستی کارەکتەر و دواتر بیرکردنەوەی کارەکتەر لەهەڵوێستی خۆیان دەربارەی ڕووداوێك ، ئەوا وەرگریش تووشی ڕامان و سەرنجدان دەکات ، بەچەشنێك بەشێك لە هەڵوێستەکانی کارەکتەر بۆ ڕووداوەکان بریتیین لەو پرسیارە بێ وەلاّمانەی ، کە وەرگر تا دواساتی ڕۆمانەکە بەدوای وێڵە ، یا هەندێك پرسیار ، کە لەبیری کارەکتەردا دەیوروژێنێت دەبێتە گرتەیەك لەزەینی دا ، کە لەڕابردوودا دروستبوون ، دروستکردنی ئەو گرتانە و وەستاندنی کاتی ئێستا لەپێناوی خزمەتکردنی ڕابردووی کارەکتەرەکان ، جۆرێکە لەپەیوەندی مۆنتاژ لەگەڵ هونەری پاشخەریدا ، هەروەکو ( ئازاد ) کە لەماڵی ( دایکی دلێر ) بووە ، بەو مەبەستەی خوشکی ( دلێر ) فێری زمانی ئینگلیزی بکات، لەنێو دیالۆگێکدا ( ئازاد ) باسی ( شێرزاد ) دەکات و دەڵێت:

**( خۆزگە شێرزاد ناجیش لێرە بووایە، هەرسێکیان لەیەکتر ڕامان و ڕەنگیان گۆڕا.......)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل ١٣٠).**

لێرەدا لای ( ئازاد ) پرسیارێك دروستدەبێ ، پێچەوانەی خۆزگەی ( ئازاد )ەو ڕووداوێك دێتە پێش ، وەرگریش بیری بۆ ناچێت ، ئەویش بیرکردنەوەی ( ئازاد )ە، لەو کردارانەی ( شێرزاد ) ، کە بوونەتە هۆی بێزارکردنی خانەوادەی ( دلێر ) ، دواتر ئەو گرتەیە بۆ ڕابردوو دەچێت و دەگوازرێتەوە بۆ بیری وەرگر ، گێڕەڕەوە گرتەکان چۆن چۆنیڕووداوەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا بە یەکتر گرێ دەدات ، لەدیمەنی ئەم پاشخەرییە دەرەکییەدا ڕوون دەبێتەوە ، هەروەکو گێڕەڕەوە دەڵێت:

**( ..... دایکی پێی گوتیت :**

- **ئەگەر زمانی ئینگلیزی چەند فعلێکی شازی هەبێت ، ئەوا فیعلەکانی شێرزادی برادەرت هەموویان شازن لەمەوە زانیت (شێرزاد) لەم ماڵە هەڵس و کەوتێکی کردووە، کە ئەوان بە دڵیان نەبووە سەر و دڵیان پێ گیراوە........ لەڕێگا بیرت لەقسە و یارییەکانی(دلپاك)، دەکردەوە... )( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل ١٣١).**

**دیاردەی خۆشەویستی و قەدەغەکردنی عەشق لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، بەتایبەتی لەنێو پیاوانی ئاینیدا ، هەندێکجار پلە ئاینییەکەیان بەهەڵدەزانن تا لەژێر سێبەری ئیسلامەوە کاری نابەجێ بکەن ، هەندێك لەڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دەمانگەڕێننەوە بۆ مێژوویەکی کۆنی ئەقڵیەتی پاشکەوتوویی تاکی کورد، بەتایبەتی بڕوابوون بە نووشتە و شێخ و جیاوازی پایەی کۆمەلاّیەتی تاکەکان**

**لەکۆمەڵگەدا ، هەروەکو لەچەند گرتەیەکدا(دایە ڕوقیە) کاتێك دێتە لای (ئازاد)باسی ڕۆیشتنی (ئیمان)ی کچی دەکات ، لەگەڵ (عیماد)، (ئازاد) کاتێك پرسیار لەبارەی(عیماد)ەوە دەکات، کە ئایا یەکسەر ئەو کچەی هەڵگرتووە، بێ ئەوەی پەیوەندییان هەبێت، یا کەسێکی بنێرتە خوازبێنی، (دادە ڕوقیە) ڕووداوەکە دەبەستێتەوە بەڕابردوو ، لەسەر زاری خۆی و چۆنیەتی خوازبێنی کچەکەی ڕووندەکاتەوە، کە بەپێشخەرییەکی ناوەکی دادەنرێت، (دادە ڕوقیە)دەڵێت:**

**( ڕۆژێکیان مەرجان لەگەڵ دوو ژنی دیکەی وەکو خۆی هات...... وامان زانی بۆ تۆبە هاتووە، کەچی دەبینین ئەو ڕوو قایمە خوازبێنی کچمان دەکات.**

- **ئێوە چیتان پێ گوت**
- **چی بڵێین ڕۆڵە......؟! هەرسێکمان کردنە دەرێ.... ئەوە بەرگی دۆشەکانەیشمان بەخۆرە سور شۆری، کە لەسەری دانیشتبووین.... حەوت ڕۆژ بوخورمان داگیرساند و بەردەوام قورئانی پیرۆزمان خوێند )( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل١٣٩).**

له گرتەیەکی هاودژیدا وەرگر نازانێت لەئێستای ڕووداوەکان گوزەر دەکات ، یا هەنگاوی بۆ ڕابردوو دەنێت یا لە داهاتوودا دەگات بەو گرتانەی ، کە گێڕەرەوە لە زەینیدا نمایشی کردوون ، جۆرێك لەتێکەڵاوی لە کاتەکان تێکەڵ دەکات و پرۆسەیەکی نوێ لە چەند وشەیەکدا ئێستا و ڕابردوو و ئایندە پێکەوە دەبەستێتەوە ، بێ ئەوەی وەرگر بتوانێت بە وەڵامێکی دروست بگات ، بەڵام دوای باسکردنی ڕووداوەکە لەلایەن (کوڕی ست ڕووناك)ەوە ، وەرگر بەئاسانی لە تێکەڵبوونی کات و ساتی دەستپێکی ڕووداو کۆتاییەکەی دەگات ، بەتایبەتی کاتێك (شێخ موعتەسەم) پیرەمێرد بە نووشتە و جادووەکانی خەڵکێکی زۆر هەڵدەخەڵەتێنێ و ئێستاش هێزی جارانی نەماوە ، دوای ئەوەی ژنەکان بەفێڵەکانی دەزانن ، پەلاماری دەدەن و خراپی بەسەردێنن، بۆیە ساڵانێکی زۆرە لەماڵ کەوتووە ، لەم پاشخەرییەدا زیاتر هەوڵدراوە وێنە و گرتەکان بەڕوونی پێشکەشی وەرگری نەکات، هەروەکو لەو گرتەیەدا ( کوڕی ست ڕووناك ) دەڵێت:

**( لەبیرمە ئەوسا دایە بە(شێخ موعتەسەم)ی گووت :**

**( – ڕێگام بدە با ئەو دوو کچەت لە قوتابخانە لای خۆم قەید بکەم، نەبادا وەکو ئەوانی دیکە نەخوێندەوار دەربچن و سبەینێ باری شانت لەوە قورستر بکەن...... خۆ تۆ ئێستا کارت بەنووشتە و شت نەماوە، ناترسی ئەوەت هەبێت موشتەریەکانت لێ بڕەونەوە. کاتێ ناوی(سبەینێ) هات ، (شێخ موعتەسەم) بەو چاوە کزانەی لە دایەی ڕوانی و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا ، وەك بڵێی گاڵتەی بەئایندەی خۆیی و منداڵەکانی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێشنیارەکەی دایەی پەسەندکرد.... من ئەوسا ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە، کە**

**ژنان گەلە کۆمەیان لە(شێخ موعتەسەم) کرد و لە ماڵ هێنایانە دەرێ.... لە کۆڵان پەلاماریان داو بە چەپۆک تێی کەوتن..... لەسەر ئەو زەوییە پاڵیان خست..... دەرپێ سپیەکەیان داکەند، دوو سێیەکیان بەدرک لەگونیاندا.... ئەو پڕ بەقوڕگی دەیقیژاند..... دوای یەکێکیان چەمکی عەزییەکەی هەڵکردو لەسەردەمی دانیشت هەتا نەبوورایەوە، وازیان لێ هێنا.... )( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٢٠٣).**

گێڕەڕەوە رووداوێك بە بیر کارەکتەر و وەرگردەهێنێتەوە ، کە خەڵکی دژی دەسەڵاتی ئەوکاتخۆپیشاندان دەستی پێکرد ، بۆیە دەیەوێت لەڕێگەی زەینی کارەکتەر ، وەرگر بۆ رووداوێك پەلکێشی بکات، کە ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، تاکی کورد لەسەر زمانی شیرینی خۆیان گیراون و ئەشکەنجەدراون، ڕۆماننووس لەڕێگەی چەند گرتەیەوە ئەو ڕووداوانەمان بۆ نمایش دەکات بۆ هەمیشە لە بیری هیچ تاکێك ناچێتەوە ، وەرگر وێنەی گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی رژێمی دێتەوە یاد ، هەروەکو لەم پاشخەرییە دەرەکییەدا دەردەکەوێت :

**( ...... پێشتریش (هەتاو) بیست و یەك ڕۆژ گیرابوو، چونکە لەدژی گۆڕینی زمانی خوێندن لەکوردییەوە بۆ عەرەبی لەخۆپیشاندان بەشداریی کردبوو.........)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل ٣٢٠).**

دووبەرەکی و نەفامی وخیانەتی هەندێك لەتاکەکانی کورد بەتایبەتی بەرپرسەکان، کورد و کوردستانیان بەو ڕۆژە گەیاند ، کە تاکو ئێستا نەبووەتە دەوڵەت ، کوردستانی باشووریان بەسەر دووبەرە دابەشکردووە، گێڕەڕەوە لەسەر زمانی ( دایکی سۆزان ) ، کە( مازنی مازێ ) لە بەندیخانە بەردەبێت ، باسی ڕووداوێکی مێژوویی و کارەسات ئامێز دەکات ، کاتێك وەرگر دەیخوێنێتەوە یەکسەر گرتەی خۆفرۆشی و تەماحکاری و نەفامی تاکی کوردی دێتە بەرچاو ، کە ڕەگی ئەو خۆ فرۆشییە بەشێکی گەورەی مێژووی کوردی داپۆشیوە ، دوای ئەوەی (سۆزان) لەماڵی (ست نیهال) دەگەڕێتەوە ، لەڕێگەدا دەگاتە ( هەژار )ی برای ، کە مریشکێکی سپی پێ بوو ، کاتێك پرسیار دەکات کێ مێوانە ( هەژار ) ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆمانەکە ڕادەگرێت و لەسەر زمانی دایکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کە (مازنی مازێ ) چۆن و بۆچی گیراوە ، بەمەش وەرگر زیاتر ئاشنایەتی مێژووی ڕەشی کورد دەکات، هەروەکو لەم گرتەیەدا دەڵێت:

**( بەناو گۆڕستاندا ڕۆیشتیت...... لەوێ بە (هەژار)ی برات گەیشتیت ، کە مریشکێکی سپی پێ بوو و وەکو تۆ بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.... پێی گوتیت هاوڕێیەکی بابە ئەمڕۆ دوای دە ساڵ لەزیندا ئازاد کراوە.... چونکە کەسی نەماوە بۆیە پەنای بۆ ئێوە هێناوە و هەتا شوێنێکی دیکە دەدۆزێتەوە، داڵدەی بدەن..... دایە بەو بۆنەیەوە ناردوویەتی مریشکێك بکرێت، تاکو ئێوارە بۆی لێ بنێت.... لەماڵەوە وردتر چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایتەوە، کە (مازنی مازێ)، (ئەمە ناوی بوو ) ، ساڵی شەست و شەش یەکێك دەبێت لە مەلایە تۆخەکان و لەئەنجامی دەمەتەقێیەك لەبارەی سیاسەتەوە دوو هاوڕێی نزیکی خۆی، کە مەلایین: دەداتە بەربۆکس، تاکو**

**گیانتان دەردەچێت..... (مازێ)ی دایکی هەموو موڵك وماڵەکەی بۆ دەفرۆشێت، بەشکو لەڕێگای پارێزەرەوە حوکمەکەی بۆ سووك بکات،..... چەند کەسێك بۆ درۆشایەتییان داوە، گوایە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە، ئەگینا بزانرایە مەسەلەکە پێوەندیی بەسیاسەتەوە هەیە، نەدەگیرا یا زۆر لەوە کەمتر حوکم دەدرا بەوەی ئەوسا مەلاییەکان لەشاخ دژی حوکومەت دەجەنگان.... تەمەنەکەشیان لەبەرچاو گرتووە کە نەگەیشتووەتە حەڤدە ساڵ، دەنا لەسێدارە دەدرا.... ڕۆژی یانزەی ئازار، لەکاتێکدا خەڵك سەرگەرمی گێڕانی ئاهەنگن (مازێ) دڵی دەوەستێت.... دایە دەیگوت ئەو ژنە بەرگەی ئەو خەمەی نەگرت، کە بەردەوام لەسەر دڵی کەلەکە دەبوون )( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل ٤٢٢).**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لە ڕۆمانی ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ) .**

وەرگر لەخوێندنەوەی ناونیشانی ڕۆمانەکەدا کۆمەڵێك وێنە و گرتەی جیاواز لەزەینی دا دەوروژێنێت ، کەپەیوەندیان بەتەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری ڕۆمانەکەدا هەیە ، ناونیشانی ڕۆمانەکە لەزەمەنی ڕابردووە ، بە واتایەکی دی تازە کارەکە کراوە بەسەردا تێپەڕبووە ، وەرگر لە بەرانبەر ئەم ناونیشان و ڕووداوەکاندا کۆمەڵێك پرسیار ی بۆ دروست دەبێ ، بەوشەی پرسی (چی و چۆن ) پرسیار دەکات ، ڕەنگیشە لەدوا جاردا سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرەو ناخۆشیەکان بوکەکە هەر گواستراوەتەوە ، بەهەر حاڵ لەهەموو حالەتەکاندا بۆ وەرگر چ ناونیشانی ڕۆمانەکە چ ڕووداوەکانی خودی ڕۆمانەکە زیاتر لەئاماژەیەك هەڵدەگرن و کۆمەڵێ پرسیار بەدوای خۆیاندا دەگوزەرێنن .

دەسپێکی ڕۆمانەکە بەکۆمەڵە بەسەر هاتێك دەست پێدەکات ، کارەکتەرەکان لەڕێگەی خەیاڵیانەوە دەیگێڕنەوە ، ڕۆماننووس بەشێکی کارەکتەرەکانی خستووەتە نێو ڕووداوی زۆر مەترسیدار ، تاکو وەرگر گرتەی ڕووداو ململانێکان لەیادەورییەکانی بەجێ بهێڵێت .

ئەم ڕۆمانە لەسەر دەستی (سەنگەر برایم تەنتریۆف) ڕووداوەکانی دەستپێدەکەن و گێڕەرەوەش ڕۆڵێکی بەرچاوی لەپێش و پاشخستنی ڕوودانی ڕووداوەکان هەیە ، هەرچەندە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان ، لەپاساکە لەنێو خەیاڵی ( سەنگەر ) دەگوزەرێنن ، گێڕەرەوە لە زۆربەی لەزۆر بەی کاتەکاندا پاسەکە دەکاتە سەکۆی نمایشی ڕووداوەکان ، کە لەڕابردوودا ڕوویانداوە ، ( سەنگەر ) بەهۆی قسەی غەیبزانەکەوە ، دەیەوێت مێژووی عەرەبستانی ( کەرکوك ) بە وەرگر بڵێت ، بۆیە کاتێك دەیەوێت لەگەراج بۆ کەرکوك بەرێ بکەوێت ، گێڕەرەوە ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێت گرتەی دیالۆگی نێوان (سەنگەر) و ( پورە مامز ) نمایشدەکات ، تاوەرگر شارەزایی دەربارەی ( کەرکوك ) بوونی کوردستان وەربگرێت و لەم دیالۆگە پاشخەریە ناوەکییەدا دەردەکەوێت :

**( زۆر جار بە ( پورە مامز )ی نەنکی وتووە بابچین بەئێجگاری لەوێ بژین...ئەویش پێی دەڵێت**

**–خۆزگە دەمزانی تۆ بۆ چی هیچت لەو خەڵکە ناچێت...، کەرکوك کەرکوکی چیتە.... کەرکوك....؟ ئەوانەی لەوەتەی ئەم دنیا دنیایە خاوەنی ئەو شارەن، وادەردەکرێن و لە عەرەبستانەوە خەڵکی دیکەی بۆ دەهێنن ...... پێم ناڵێی کێ لەوێ ئێمە دەگرێتە خۆی....؟**

**ئێستاش قسەکانی نەنکی وەکو زەنگی کڵێسا لەگوێچچکەیدا دەزرەنگێتەوە ((کەرکوك...کەرکوکی چیتە......) سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە ل١٣.**

**(کەرکوك....کەرکوك دادەچڵەکێت .... ئەو وشەیە چەند ترسناکە...؟ ئەو پیتانە دەڵێی لەئاگر خولقاون ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٥ ) .**

**( نەنکی پێی وت**

**–وەکو باوکت هەموو شتەکانت سەیرن... خوا بزانێت بۆ چ پەندێکم دەبەیت و کەی لاکەی دیکەی جەرگم داخ دەکەیت...) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٨ ) .**

( پورەمانگشان ) مامۆژنی ( سەنگەر ) دەیەوێت ( دڵخواز ) لەبەر دڵی رەش بکات ، گوایە کەسێکی خراپە و نایەوێت چارەی ببینێت چونکە کچێکی سەرەخۆرەیە ، ئەو گرتەیە وەرگر دەخاتە نێوان دوو وەڵام یەکێکیان ئەوەیە ( سەنگەر ) دەبێت واز لە ( دڵخواز ) بێنێت ، یا دەبێت دڵی مامۆژنی بشکێنێت ، ئەو دوو دڵییە جۆرێکە لەبەکارهێنانی هونەری پاشخەری بۆ بێزارنەبوونی وەرگر دەربارەی دواخراوی ئەو ڕووداوانەی لەکاتی خۆیدا بەجێهێڵراون ، لە کاتی ئێستادا تەکنیکی مۆنتاژ ، کات ڕادەگرێت و لەخزمەتی پێکەوەلکانی بازدانی کات دەبێت ، بۆیە سەنگەر لەو پاشخەریە ناوەکییەدا گێرەڕەوە دەڵێت

**( .... ((سەنگەر)) بیری کەوتەوە کەچۆن جارێکیان ((دڵخواز )) پێی ووت:–**

**–زوو زوو پێم دەڵێن شێت ، بەڵام دڵگران نابم... هارترین شێتی ئەم دنیایە بگری ئەو پەڕی دەتوانێت بەرد بگرێتە پەنجەرەیەك ، یا تۆ بڵێی بیگرێتە سەری مرۆڤێك و بیشکێنێت، بەڵام ئەوە ئاقلەکان لەوەتەی هەن شەڕی گەرە گەورە هەڵدەگیرسێنن بەهەزارەها خەڵك لەناودەبەن و شارەکان وێران دەکەن...سەیر ئەوەیە ئاقلەکان دەیانەوێت دەست و قاچی شێتەکان ببەستنەوە.**

**((سەنگەر)) وای خستبوە خەیاڵیەوە هەندێکی دیکە گەورەبێت هەڵیدەگرێت و دەیباتە لادێیەك یاشارێکی دی.....﴾ ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ،ل ٤٦) .**

یەکێك لەو وتانەی ، تاکو کۆتایی ڕۆمانەکە سەنگەر لە بیری وەرگر و خۆیدا دەیهێڵێتەوە ، بە تایبەتی وەرگر لەهەر شوێنێك بەشێوەیەکی جیاواز دیمەنی بۆ دەکێشێت و بەسانایی تێیناگات ، ( دڵخواز ) لەمنداڵیەوە

فێری کردووە و بۆی وتووە، لێرەدا خۆشەویستی ( دڵخواز ) بۆ ( سەنگەر ) روون دەکاتەوە ، گوایە ((دڵخواز)) ((سەنگەر)) ی لەهەموو کە زیاتر خۆی ویستووە ، تەنانەت لەدایکی زیاترئاگاداری بووە ، هەروەکو لەم پاشخەرییە دەرەکییەدا گێڕەرەوە ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت :

**( قسەکانی (دڵخواز) لەمێشکیدا دەزرینگایەوە کەجارێکیان پێی وت بوو:-**

**ئەوەی بەخێوی کردووی زۆر خۆشەویستترە لەوەی هێناویەتیە ئەم دنیایەوە.....ڕەنگە ئەمە خۆشەویشتیش نەبێت بەڵکو ڕاهاتن بێت )( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٦١ ) .**

( سەنگەر ) هەرچەندە دڵی بە( دڵخواز ) بەستراوەتەوە ، بەلاَم نەنکی دەیەوێت ( تەحریر ) ی کچی ( سیستەر سوعاد )ی بۆ بخوازێت ، گوایە کچێکی رێك و پێکە و براکانی هاوڕێی خۆتن ، ( سەنگەر ) زۆر بڕوای بە وتەکانی (سیتەر سوعاد) هەبوو ، وەرگر نازانێت ( سەنگەر ) هەردڵی لای ( دڵخواز ) دەمێنێت ، کەئێستا شوی کردووە، یا دڵی دەچێتە ( تەحریر ) ، ( سەنگەر ) وەلاَمێکی دڵڕەقانەی نەنکی دەداتەوە ، ئەمە مانای تەواوی گوتەکانی سەنگەر نییە بۆ ئەو بابەتە ، هەرچەندە گێڕەرەوە ، دەیتوانی ئەو ڕووداوە لەپێش بەشوودانی ( دڵخواز ) باس بکات ، بۆ ئەوەی وەرگر بخاتە پرسیارو وەلاَمەکەی دەست نەکەوێت ، لێرەدا پەنای بۆ بردووە ، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ ئەم پاشخەریە دەرەکییە دەخاتە ڕوو....

**( .. سیمای ( سیستەر سوعاد ) یش لەبەر چاوی لانەدەچوو......پێشتریش دەیان حسابی بۆ گوتە بەتوێکڵەکانی دەکرد....لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە نەنکی لەناو کی سەرجەمی شاردا هەر ( تەحریر ) ی کچی ئەوی بەدڵ بوو وپێی دەوت:-**

**( ئەگەر نەمردم حەریرت بۆ دەهێنم سەنگەر وەکو خۆشمان بەکوردی دەدوێت.....جوانیەکەشی لەولاوە بوەستێت...ناوەکەی پڕ بەپێستیەتی....هەر جل و بەرگیم بەدڵ نیە، ئەویش ببێتە بووکی من حەدی چیە ئاوا قاچوو قولی ڕووت دەکات چما هەردووکیانی لەبنڕا بۆ نابڕمەوە...**

**-یەکەم ناوی تەحریرە نەك حەریر...رزگاری و ئاوریشم دووشتی جیاوازن...**
**-دووەم تۆ چووزانی خۆی و کەس و کاری منیان بەدڵە.......؟**
**-سێیەم من بیرم لەم مەسەلانە نەکردۆتەوە )( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٩٦-٩٧).**

ئەمجارەیان ڕووداوێك کە ( سەنگەر ) دەیگێڕێتەوەبەر لەچەند کاتژمێرێك ڕوویداوە ، ئاوێتەی ڕووداوێکی دی دەکات ، رەنگە لە ڕێگەی هونەری پێشخەری بە( حەمێش ) وترابێت ، دروست کردنی ئەم ڕووداوانە لەڕۆماندا هۆکارە بۆ سەرکەوتوویی و گێڕەرەوە لەناو ڕۆمانەکەیدا ، بەشێوەیەك هاتووە دوو ڕووداو لەکاتی ئێستادا بۆ زەینی وەرگر نمایش دەکات ، یەکێکیان پێوەندی بەکاتی ڕابردوو هەیە ئەویش لێدانی ( حەمێش )ی

سەرکردەی دزو جەردە عەرەبەکانە ، ئەوەی دیکەیان پێوەندی پێشخراوی ( حەمێش )ە ، کێ ناڵێت پێیان و تووە ڕۆژێك دێت بازگەیەك دادەنێت و لەسەر دەستی کوردێك خەڵتانی خوێن دەکرێت ، بەیەکەوەلکانی ئەم دووگرتە جیاوازە و دروست کردنی گرتەیەك لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، بۆیە وەرگریش ب سانایی ناتوانێت بڕیاری لەسەر بدات ، بەو شێوازە دەوترێت پاشخەری ئاوێتە گێڕەرەوە دەڵێت :

**( هێشتا سیمای خوێناوی (حەمێش) لەبەرچاوتدا ون نەبووە ، ڕەنگە ئەویش چارەنووسێك گەیاندبێتیە ئەوێ...فالچیەك ، غەیبزانێك ، یا یەکێ لەو ژن و پیاوانەی بەدەمامکێکی سیحریەوە بەخت دەگرنەوە، داهاتووی بۆ خوێندۆتەوە سوك و ئاسان پێی وتووە لەو شوێنە ڕێ لەپاسێك دەگرێت.....دوورنییە پێی وتبێت((کوڕێکی کوردی هەولێری)) گیانت خەڵتانی خوێن دەکات، بەڵام پلانەکە ئاوایە....گرنگ ئەنجامە.....هەر تۆ دەیبەیتەوە..چونکە دڵۆپە خوێنەکوت ڕێگا لەئەنجامی ئەو دەگرێت ) سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل١٢١) .**

لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە ئاماژە بەچەند بەچکە سەگێك دەکات ، **( ناویان (کەلکان و شەرشان)ە، لەبەرانبەر سەتڵێك ماستاو ، کەدابووی بەو خێزانە ئەم دوو سەگەی پێدەدەن ، هەرچەند ژنەکە پێی ناخۆش دەبێت ، بەڵام ناچارن چونکە پارەیان لانەماوە) سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل٣٣) .**

( سەنگەر ) نەیزانی بێت یازانیاری هەبووبێت ، لەسەر ئەو سەتڵە ماستاوە ، دوای ئەوەی دەیدات بەخێزانەکە، سەتڵەکەلە نێو عارەبانەکە قەلپ دەبێتەوە ، تەنیا سەگەکان دەیلێسنەوە و دەمرن ، وەرگر لەکۆتایی ڕووداوەکان بۆی ڕوون دەبێتەوە ، کەئەو سەتڵە ماستاوە ژەهراوی کراوە ، بۆیە ( سەنگەر ) بەو تاوانە شۆڕش سزای بۆ دەرکردووە ، گوایە ئەو ماستاوە دەچێت بۆ پێشمەرگەکان بەمەبەستی ژەهر خواردوو کردنیان ، بۆیە شۆڕش پیاوانی ناردووە بۆ دەستگیرکردنی ، گێڕەرەوە دەیتوانی لاپەڕە(٣٣) ئاماژەی پێی بکات ، کەچی بۆ ئەوەی وەرگر جۆرێك لەسەرنجدان و ڕامان بۆ ڕووداوەکان دابنێ و لەشوێن و پێگەی خۆی بیانهێڵێتەوە، لەگەڵ یادەوەرییەکانی بژیت ، گێڕەرەوە تەکنیکی مۆنتاژی بەکارهێناوە لەلاپەڕە(١٤٤-١٤٥) ئەو هۆکارە دەخاتە ڕوو:-

**( سەتڵی ماستاوەکە قلپ دەبێتەوە و بەناو عەرەبانەکەدا دەڕژێت...سەگەکەو توتکەکانی بەزمان دەیلێسنەوە دوای چەند دەقەیەك دەیانکوژێت...ڕاستە ئەوسا ((شاسوار)) نەیزانیوە ئەوە ژەهرێکی کوشندەبووە ، بەڵکو تەنها وەکو ڕووداوێکی سەیر بۆ هاوڕێکانی گێڕاوەتەوە، بەڵام لەئەنجامی دووبارە بوونەوەی تاوانەکانی و گەیشتنی زانیاری زیاتری بەئێمە((لێژنەی لێکۆڵینەوەی شۆڕش)) ئەو ڕاستیەی بەتەواوی ساغ کردۆتەوە....) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٤٥).**

## پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لە رۆمانی ( کازینۆی منداڵان )

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەریی لەم رۆمانی **( کازینۆی منداڵان )**دا ، هۆکارە بۆ بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان و لەهەندێك شوێندا سیستی و ناسەقامگیری بە ڕووداوەکان دەبەخشی ، سەرەتای ڕووداوەکانی رۆمانەکە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو ، کە (سوهاد) دوای چەندین ساڵ لەبەجێهێشتنی شاری ( هەولێر ) و دواتر گەڕانەوەی بۆئەو شارە، گەلێك ڕووداو و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش باس دەکات، بەچەشنێك وەرگر لەهەندێك شوێندا وادەزانی لەبەردەم بینینی فلیمێکی مێژووی دایە ، چونکە مامۆستا ( سوهاد و وریا و پەریهان ) یادگاریەکانیان لەشاری هەولێرە بەگشتی و ( قەڵات و گازینۆی منداڵان ... هتد )ە بەتایبەتی ، ئەم گازینۆیە لەسەرەتادا گۆمێك زەلکاو بووە ، دواتر بۆتە گازینۆ و دواتر تێکدراوەو بوەتە ئاپارتمانێکی گەورە رۆماننووس دەیەوێت لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە مێژووی شاری ( هەولێر)مان بۆ باس بکات و وەرگر نەزانێت واتای چییە ، بەڵکو لەڕێگەی ئەو رۆمانەوە بزانێت ، بەشێوەیەکی گشتی ئەو رۆرمانە باسی کۆمەڵێك ڕووداو دەکات ، بەشێکی زۆریان لەڕێگەی هونەری پاشخەرییەوە بۆ وەرگر باس بکرێت ، وەرگر نەزانێت گرتەی ڕووداوەکان لەکوێ دەپچڕێت و چۆن چۆنی بەیەکتر دەلکێنرێت ، هەموو جۆرەکانی رۆماننووس توانیویەتی هەموو جۆرەکانی پاشخەری تێدا بەکاربێنێت.

مامۆستا ( سوهاد ) کاتێك دەگەڕێتەوە شار دوای ئەوەی دەست لەکۆمەڵێك تاکسی ڕادەگرێت ، بەو مەبەستەی بیهێنن بۆ ( کازینۆی منداڵان) ، بەڵام کەسیان نایهێنن ، وا دەزانن مامۆستا ( سوهاد ) خەلەفاوە یا هەندێکی دیکە پێی نازانن ، دواجار شوفێری تەکسیەك دەڵێت من دەزانم ، مامۆستا ( سوهاد ) تەنیا یەك جانتای پێیە ، لەناو جانتاکە ملوانکەو کراسی بوکێنی خێزانەکەی تێدایە ، مێژوویەکەی بۆ ( شەست ) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە ، بەهۆی ئەو پاشخەریەوە گێڕەرەوە ڕەوتی پێشکەوتنی ڕووداوەکان لە کاتی ئێستادا ڕادەگرێت ، مامۆستا (سوهاد) لەناو تەکسیەکە ، گرتەی ( شەست ) ساڵ لەمەو بەر بۆ وەرگر نمایش دەکات ، ئەو کاتەی ( تیشکان و سوهاد ) ئاهەنگی هاوسەرگیریان کرد ، لە شەوی بوکێنی چۆن ئەو جلانەی لەبەردەکاتەوە ، دەیخاتە نێو ئەو حانتایە کە ئێستا لە باوەشیدایە و توند کوشیویەتی ، بەڵام بەر لە( دە ) ساڵ ( تیشکەشان ) بڕیاری جیابوونەوە دەدات ، بۆیە گێڕەرەوە لەڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانییەوە ئەو گرتانە بۆ لە رێگەی پاشخەری ناوەکییەوە پیشانی وەرگر دەدات و دەڵێت : –

بەو شێوەیە باسی مامۆستا سوهاد و جانتاکەی دەکات کەپاشخەریەکی ناوەوەیە، دەڵێن:–

**( توند جانتاکەی بەسنگیەوە دەنێت....... تەنیا جیهازی بوکێنی ( تیشکەشان )ی تێدایە ، کە ئەو خۆی هەر بە ( تیشکان ) ناوی هێناوە ، فستانە سپی یەکەی ، جووتێ پێڵاوی هاوینەی ڕەش ، دەست کێشە قولەکانی ، یەك دوو شتی ووردی لەشێوەی ئەلقەو ئەموستیلەو گوارەو بازن و ملوانکە...... لەوساوە لەناو**

**ئەو جانتایە هەڵگیراون.......لەشەوێکی ئابی چل و حەوت لەسەر بانی خۆیان لەقەڵات، هەموو ئەوانەی بەدەستی خۆی لەو جەستە توندو تۆڵ و لوسەی داکەند........بە رووتی باڵای بەرزتر خۆی دەنواند، تریفەی مانگیش باق و بریقی پێ دەخست.....دەساڵ لەمەوبەر کاتێ ( تیشکەشان ) بەبێدەنگی بڕیاری جیابوونەوەی دا ، بەشێکی زۆری شتوومەکەکانی لەجانتایەك ئاخنی و بردنی ، بەڵام نەیزانی ئەوەیانی بەقەستی جێ هێشت یا لەبیری چوو..... ڕاستیەکەی هەر نەیزانی هەر بۆ کام لا سەری خۆی هەڵگرت..... ) ( کازینۆی منداڵان ل١٢ ).**

جیابوونەوەی ( تیشکەشان ) لەگەڵ مامۆستا ( سوهاد ) لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکە ، بێ ئەوەی باس لەهۆکاری جیابوونەوەکەی بکرێت ، وەرگر توشی کۆمەڵێك پرسیاری بێ واتاو پڕ لەبەها دەکات ، ڕەنگە هەر ئەو پرسیارانەش بن ، ببنە هۆی بێزارنەبوونی وەرگر لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ، بەدوا گەڕانی وەڵامێکی دروست بۆ ئەو پرسیارە، بەڵام گێڕەرەو، لەسەر زاری ( لـیلی ) خوشکی ( مونیر) لەبەشی سێ یەمی ڕۆمانەکە وەڵامی ئەو جیابوونەوە دەدات ، هەروەکو دەڵێت:

**( ... (لـــیلی) بۆی گێڕامەوە، خۆی گوێی لەمشتومڕی نێوان تیشکەشان و براکەی بوو ، کاتێ ئەم پێی گوتووە**

**– من دەزانم تۆ ناپاکیم لێ دەکەیت.**

**ئەو گوتویەتی**

**– بەڵێ ڕاست دەکەیت زۆرم پێ خۆشە، کە ئەوەت زانیوە.**

**– ئەی کوا بەڵێنەکانت**

**– کامانە.......؟! من هیچ بەڵێنێکم پێ نەداویت ، هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان پێم نەگوتویت، دەتکەمە هاوسەری خۆم، لەکاتێکدا هەر باوەڕم بەوە نییە ببمە هاوسەری یەکێك، یان یەکێ بکەمە هاوسەری خۆم**

**– تۆ پێت نەگوتم لەمێردت جیابەرەوە........!؟**

**– با، بەڵام ئایا پێم گوتی ببەرە هاوسەرم.......! نا هەرگیز لەزمانی منەوە گوێت لەقسەیەکی ئاوا نابێت.....نەدەبمە مێردی کەس و نەکەس دەبێتە ژنم......خۆ تۆیش دوای جیابونەوەت نەکردایە، ئەو خۆی لێت جیادەبووەوە ) ( کازینۆی منداڵان ، ل١٨٨–١٨٩ ) .**

گێڕەرەوە لەڕێگەی پاشخەری دەرەکی لەسەر زاری ( وریا ) ، ڕووداوەکانی کاتی ئێستا دەپچڕێنێت و ئاماژە بەخاڵێکی هاوبوشی نێوان ( ئارۆن ) و ( مارینا ) دەکات و بیری وەرگر بەرەو منداڵی هەردووکیان دەبات چۆن ژیاون ، خاڵی جیاوازیشان چییە ، باسکردنی ڕابردووی ( مارینا ) و ( ئارۆن ) گرنگی خۆی لەبەرێوەچوون و ئاشکراکردنی هەندێك هۆ بۆ گەیشتن بەچارەنووسی ڕووداوەکان تا ئەو ئاستە هەیە ، ئەم ئاماژە پێدانەش تەنیا لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، چونکە پچڕاندنی زنجیرەی ڕووداو و ئامـاژەدان

بەچەند ڕووداوێکی پێشوو ، کەماوەیەکی ( زۆر یا کەم ) بەسەر ڕوودانیان تێ پەڕیوە ، لەنگییەك لەدەقەکەدا دەخولقێنێ ، بەڵام بەم ڕێگەیە گێڕەرەو ئامانجەکەی خۆی دەپێکێت ، تاکو وەرگر بتوانێ گوزارشتی خۆی لەسەر کەسایەتیەکان بخاتە ڕوو هەروەکو ( وریا ) دەڵێت:-

**( چاکتر لەوە تێگەیشتم ئەو پیاوە ترسێکی لەدەرەوە هەیە.،...ئەگەر چی هەمان ترس بەردەوام لەسەر دەم و چاوی ( مارینا ) یش دەبینرا ، بەڵام هێشتا ئەوەی ( ئارۆن ) گەورەتر بوو .... دیارترین خاڵی لەیەکچوونیان ئەوەبوو کەهەردووکیان تاقانە بوون و دایك و باوکی هەردووکیشیان لەتەمەنی گەنجیدا مردبوون ، بەڵام لێرەشدا جیاوازیەك دەبینرا ، بەوەی ( مارینا ) بیری دەکردن و زوو زوو بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە، لەکاتێکدا ( ئارۆن ) بەدەگمەن ناوی دەهێنان ، تەنانەت وەك ژنەکەی وێنەکەشیانی بەدیوارە هەڵنەواسیبوو ) ( کازینۆی منداڵان ، ل٨٦ ) .**

دوای کوژرانی ( ئارۆن ) ، کاتێك ( وریا ) لەسەر تەرمی ( ئارۆن )ە ، دەوروبەرەکەی بریتین لەدایك و باوکی گوڵدان و ( مارینا )ی خێزانی ( ئارۆن ) ئەمجارە بیر لەو ئێوارە دەکاتەوە ، لەگەڵ ( ئارۆن ) گفتوگۆیەکی فەلسەفییان دەربارەی دەرگای ماڵەوە دەکرد ، بەبیرهاتنەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە لەڕێی زەینی کارەکتەر و گواستنەوەیان بۆ زەینی وەرگر ، لەئەنجامی ئەم هۆیانە بارودۆخی ئەو شوێنەی تێیدا دەژین دێتە ئاراوە، بەهۆی پاشخەری دەرەکی ، وەرگر شێوەی شریتێکی ڤیدیۆیی زیاتر ئاشنای ژیانی ڕابردووی کەسایەتیەکان دەبێت ، بەم شێوەیەش گێڕەرەوە کاتی ئێستای ڕۆمان ڕادەگرێت پازدەدات بۆ ڕابردوو هەروەکو ( وریا ) دەڵێت:-

**(..... لەپەنجەرە بۆ دەرەوەم ڕوانی..... هێشتا ئەستێرەکان ڕەونەقیان دەدا ..... هەرگیز هێندە هەستم بەڕەشبینی نەکردبوو ..... ئارۆنم وەبیردەهاتەوە ، کەجارێکیان لەبارەی گەشبینی و ڕەشبینیەوە گفتوگۆمان دەکرد و پێی گووتم**

**- ئێواران دەرگا سپیەکەمان، کەدەڕوانێتە ڕۆژهەڵات، لەپێش هەرشوێنێکی تری ماڵمان تاریك دادێت، چونکە هەرکە ڕۆژئاوا دەبێت و ناوی شەودێت، هەموو شتێك بەلاوە دەنێین و چاوی هیوا لەودەبڕین....هەر ئاوایە، ئەوەی زوو لەناو دەچێت، هیواکانن بازۆر بەگەورەیش وێنەمان کێشابن ) ( کازینۆی منداڵان ، ل١٢٤ ).**

گێڕەڕەوە کارەکانی ( وریا ) بۆ وەرگر نمایش دەکات ، وێنەکان دەهێنێتە بەرچاو ، کە لەگەڵ ( لیلی ) لەیەك زانکۆی بەغدا و دوو کۆلیجی جیا وەرگیراون ، گێڕەرەوە لەهەندێ شوێندا ڕێڕەوی ئاستی گێڕانەوەکە ڕادەگرێت ، تاکو یادەوەری و بەسەرهاتی ( وریا ) بگێڕێتەوە ، ( وریا ) کاتێك باسی پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك کچ دەکات ، بەڵام تاکە هۆکار بوەتە هۆی سنووردارکردنی ئەو پێوەندییەچوونی بۆ زانکۆیە ، لێرەدا

وەرگر کۆمەڵێك دیمەنی جیای خۆشەویستی ( وریا )ی لەگەڵ کچەکان لەمێشکدا دروست دەبێت ، بەم شێوەیە لەم پاشخەرییە ئاوێتەییە دەردەکەوێت دەڵێت :-

**( زۆر جار دەڵێم ئەگەر لەزانکۆ وەرنەگیرامایە، ئەوا دوور نەبوو ئەو پێوەندییەی نێوانمان پەرەی سەندایەو......نایشارمەوە دڵم بۆی لێدەدا، بەڵام دەمویست دان بەخۆم بگرم.......من لەدەست (گوڵدان) ڕامکردبوو و (عورێقە) گرتبوومیەوە.... لەوکاتەیشدا (لیلی) تەفرەی دەدام.... سەیرە ناوەکەی لەهەرشتێکی تردا ئۆقرەی لێدەبڕیم....... جوانیەکەیشی وەك هی برای زۆر تایبەت بوو.... ئەگەر چی (لیلی) یش هەمان ساڵی من لەزانکۆ لەبەغدا وەرگیرا بەڵام کۆلیجەکەمان جیاواز بوو) ( کازینۆی منداڵان ل١٩٠ ) .**

گێڕەرەوە لەڕێگەی ( پەلکشان )ی کە ئێستا بووەتە پیرەژنێکی بەساڵاچوو ، باسی ڕووداوێکی مەرگ ئامێز دەکات ، کەبووەتە هۆی ماڵوێرانی کوردو شەهیدبوونی زیاتر لەدوو هەزار کەس و کاولکردنی شاری هەولێر و هێنانی نەهامەتی و هەژاربوونی وڵات ، کە لەئەنجامی بیری خراپی دەسەڵات هاتە کایەوە ، ئەویش بریتی بوو لە ( شەڕی براکوژی ) ، کاتێك وەرگر ئەو بەسەرهاتەدەخوێنێتەوە ، ئەوا کۆمەڵێك وێنەی نەهامەتی لەزەینی دروست دەبێت، تەنانەت وێنەکان هێندە پڕ ئازارن ، ڕەنگە وەرگر خۆی بەشداری ئەو واقعەی کردبێت ، تەنانەت باسی بارەگای دەزگا حزبییەکان و حکومییەکان دەکات ، کە تاڵانچییەکان تاڵانیان کردوون ، بۆیە گێڕەرەوە لەو پاشخەرییە دەرەکییەدا بۆمان باس دەکات و دەڵێت :-

**( ئەو ژنە پیرەی وا پشتی کۆمی بەشورەی قەڵات داوە و بەو چاوە کزانەی لەحەشاحەتی بازاڕ دەڕوانێت ، (پەلکشان)ی باوەژنی(پەریهان)ی ڕۆژنامەنووسە .... هێندە نابێت بۆ ئەم شارە ڕاگوێزراوەو لەژێر زەمینی یەکێك لەو ئەپارتمانانە نیشتەجێ یە، کەبەهۆی سەری حیزبە سیاسیەکانەوە بونەتە کەلاوە........ دیوارەکان لێرەو لەوێ بەگوللەی تۆپ و تفەنگ کون کون بوون و ڕەش هەڵگەڕاون ، جامی پەنجەرەکانیان بەخێرایی سەرسوڕهێنەرشکاون ، بەڵام لەکاتی ئاگربەستەکاندا خەڵك زۆر لێزانانە چوارچێوەکانیان ، بەتایبەتی ئەوانەی بەرگولە نەکەوتوون، کەڵکی بەکارهێنانیان ماوە لەنێوان ئەو دیوارە داڕوخاوانەدا دەریان هێناون و لەبازاڕ بەپارەی کەم فرۆشتویانن بەو مەبەستەی هەر لەوێ کیلۆیەك شەکر و پاکەتێك خوێ و چەند کەوچکێك ڕۆن و بیست سی گرام چای وشك و هەندێ پێداویستی دیکەی ڕۆژانەیان پێ بکڕن )**

**( کازینۆی منداڵان ، ل٢٣٩ ) .**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پاشخەری لە رۆمانی ( ئای لەڤیلیا لە ڤیلیا )**

دوای ئەوەی ( نەوال ) دەچێتە ماڵی باپیری و لەسەر دۆشەکە سپییەکەیدا پاڵدەکەوێت ئەو ڕۆژەی بیر دەکەوێتەوە ، چووەتە ماڵی باپیری بەو مەبەستەی بزانن ( محەلەبی ) دایکی دەخۆن ، بەڵام سزا وەردەگرێت ، ڕۆماننووس هەوڵیداوە گرتەی دۆشەکە سپییەکە ، کە (نەوال) لەسەری پاڵکەوتووە و دیمەنی ئەو ڕۆژەی ( نەوال ) محەلەبی دەخوات بخاتە پاڵ یەکتر ، تاکو بتوانێت گرتەیەکی تەواوکەری پێشکەشی وەرگر بکات ، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە ، وەرگر هەست بەدابڕانی گرتەکان نەکات ، هەروەکو دەڵێت:

**(..... دۆشەکە سپیەکەی بیرکەوتەوە و سەری دەنووساند بەسنگی ئەوەوە و ئەو جارەی ماڵی باپیری بیردەکەوتەوە، کاتێ بە نەعلە ڕەشەکانیەوە چووە بەر دەرگا سپیەکەی ژوورەکەیان و کردیەوە ، تا بانگیان بکات و پێیان بڵێت بێن محەلەبی بخۆن ، کە دایکی کردبوویە چاڵی شوشەی ڕەشەوە و لەسەر مێزە سپیەکەی ناو چیمەنەکە دانابوون.... ئەوانی پێی جلی ئاوایان لەبەردابوو و بۆ خۆیان بێئاگا لە دەوروبەر لێکئالأبوون... خاڵی هەستایەوە تا تینی تیابوو زللەیەکی بە ڕوومەتی کێشا ..... یەکێکی تر پێی وت:**

**–چەند جارم پێ وتووی بەبێ لەدەرگا دان خۆت نەکەی بەژوورا....؟!**

**ئیتر دوو پێت بنێیت بۆ بەردەمی ئەم دەرگایە لە بنادەیانبڕمەوە خاڵۆژنی لەژێر پەرچەمە ژاکاوەکەی سەرچاویەوە سەیرێکی کرد و لەمێردەکەی تورە بوو.... دەستی کردە ملیەوە بە لەفزێکی شیرین پێی وت:**

- **تۆ بۆچی هاتووی گوڵم.**

**ئەم بەپشتی دەستی فرمێسکەکانی دەسڕی و پێی وت:**

**–وەرن محەلەبی بخۆن.**

**–محەلەبی ....؟! زۆرباشە... تۆ برۆ، ئەوا ئێمەش هاتین)( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل ٨٥).**

هەڵواسینی وێنەی ( فەریال و نەوال ) لە دوکانەکەی ( سیامەند ) دەبێتە ڕووداوێك و چەندین پرسیار دەربارەی منداڵییان بێ وەڵام دەبنەوەو ، دوای ئەوەی هەردووکیان گەورەدەبن ، دەچنە ستۆدیۆکەی ( سیامەند ) وێنەی خۆیان دەبینن و دەپرسن بۆچی هەڵواسراوە ؟؟ ، ( سیامەند ) لەوەڵامدا باسی باوکیان دەکات ، بەمشێوەیە لەرێگەی پاشخەرییەوە ، ڕۆماننووس کاتی ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێت و پەنا بۆ ڕابردوو دەبات ، ڕابردوویەك کە سیمای منالی هەردووکیان بەشێوەی گرتە نمایش دەکرێت و وەرگر شارەزایی ژیانی منداڵی هەردووکیان بێت، هەروەکو گێڕەڕەوە دەڵێت:

**( لەولا وێنەی خۆی کاتێ تەمەنی ساڵەوەخت بووە کراسێکی سپی توولیان لەبەرکردووە خوشکەکەی لەسەر کورسییەکی ڕەش دانیشتووە کردوویەتیە باوەشیەوە.... هەمان ئەو دوو وێنەیە بەگەورەیی لە ژووری میوان و جامخانەی ( ستۆدیۆی ئەربیل)یشدا هەڵواسرابوون.(( سیامەند عومەر پیرداود)) هەموو جارێ هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشا و بۆ ئەم و خوشکەکەی باسدەکرد، کە باوکیان حەزی کردووە وێنەی هەریەکەیان بەجیا بگرێت و ئەو وای بە چاك زانیوە، هەر دووکیان بەجووت بگرێت.... ((فەریال)) دەستەکانی دەگرت و پێی دەوت:**

**–مامە سیامەند من لەبیرمە، چونکە ئەو کاتە پۆلی یەك بووم... ئەها سەیرکە)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٧١).**

( نەوال ) لەڕێگەی دیمەنێکەوە  منداڵی بیردێتەوە ، گێڕەڕەوە لە ڕێگەی ئەمەوە دەیەوێت ڕەخنە لە هەندێك کەس بگرێت ، کە بەقەدەری خودا ڕازی نین ، کە خودای گەورە منداڵی پێ نەبەخشیون ، هەر چەندە منداڵ هۆکاری بەختەوەری و بەد بەختییە ، گرنگ ئەوەیە خودا  لە بەندەکەی باشتر دەزانێت ، (شازە) ی خاڵۆژنی دوای ئەوەی پەنا بۆ کۆمەڵێ دابونەریتی خراپ دەبات ، بەهیوای ئەوەی خودا مناڵی پێ ببەخشێت ، کەچی پێی نابەخشێت ، گێڕەڕەوە دەیەوێت لەڕێگەی منداڵی ( نەوال )ەوە ئەو دیمەنە دواکەوتوویەی کۆمەڵ نەهێڵێت ، وەرگریش بتوانێت بڕیارێکی دروستی  لەسەر بدات:

**( .. (( نەوال)) کە ئەو ڕۆژانەی مناڵیی خۆی بیرکەوتەوە و گوێی لە هەنسکی گریانی ئامۆژنی بوو ، دڵی پڕبوو و خەریکبوو لەو بەکوڵتر ، چەند بڵێی بەسۆزتر بگریت ، کەچی خۆیشی نەیزانی چی بوو ڕێگەی گریانی لێدەگرێت و نەیدەهێشت فرمێسکەکانی وەکوو سەرەمێکوتەی شووشەیی بزێو بەسەر کوڵمەکانیدا بۆ سەر چەناگەی ڕێبکەن .. ((شازە)) ئەو ڕۆژە ئاشکرایکرد و تەواو ڕوونیکردەوە ... کە بۆچی شەوانی زستان بەڕووتیی لەبەر لێزمەباراندا دەوەستا و گیانی خۆی لە تۆ هەڵدەکێشا ... دواییش ئاگری دەنا بەقژیەوە و دەیسووتاند :**

**–ئەی هاوار من چەند بەدبەخت و نەگبەتم... ئەو هەموو شەوە خۆم ڕووتکردەوە و بەسەعات لەبەر باران وەستام ... وەستام و گوێم بە سەرما و سۆڵی زستانی سەخت نەدا .. قژمم هەمووی سووتاند و خۆم ئەتککرد ، هەر چاو و دڵم بە مناڵێك ڕۆشەننەبۆوە.)( ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا ، ل ١٥٨).**

دروستکردنی وێنەی جیاجیا لەبیری وەرگردا بەشێکە لەهۆکاری سەرکەوتوویی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ، پاشخەری " بوار بە لێکگەیشتنی ڕووداوەکان و سەرلەنوێ زیندووبوونەوەیان دەدات"[1] ، کاتێك (نەوال) باسی ( لوئە ) ی دەکات ، دەنگی چۆن گۆڕاوە ، منداڵی (لوئەی)ی دێتەوە یاد کە خەتەنەیان کردووە نەیتوانیوە بڕوات ، ڕۆماننووس هەوڵیداوە دیالۆگی نێوان(نەوال و شازە) دەربارەی بەرخەمردار بووەکە ڕابگرێت و هەنگاو بۆ ڕابردوو بنێت ، بەمشێوەیە کۆمەڵێك گرتەی جیاواز لەبیری وەرگردا دروستدەبێت ، خزمەت بەسستبوونەوەی کاتی ڕوودانی ڕۆمانەکە دەکەن ، سستبوونی کاتی ڕووداوەکان بەندە بە بەکارهێنانی ئەو مۆنتاژەی کە لە پاشخەرییەکەدا بەکارهاتووە ، لە سەر زاری ( نەوال )ەوە ئەم پاشخەرییە دەخرێتە ڕوو و دەڵێت :

**( دەزانی ( لوئە ) ئەگەر بە جوانی مەمکە مژە نەخەیتە ناو دەمی بەرخەوە ، دەمرێت ..؟ ؟**

- **بۆ ... ؟؟ دەمرێت ....؟؟**
- **چونکە سییەکانی وشك دەبێت**
- **سییەکانی ووشك دەبێت ..؟؟**

**(( نەوال )) هەستی دەکرد ( لوئە ) دەنگی گۆڕاوە و ڕێك وەکو ئەو کاتە قسە دەکات کە خەتەنەیان کردبوو ، ئەم و ئامۆژنی چووبوون بۆماڵیان ...**

**دیشداشەیەکی سپیان لەبەرکردبوو وەکو پیاوی پیر بە ترسەوە هەنگاوی کورت کورتی لە ناو حەوشەکەی خۆیان دەنا .. کاتێ چووە لای قووتووە ڕەشەکەو ویستی میز بکات ، چاوەکانی توند توند نوقاند و گیانی سووك سووك دەلەرزی .. میزەکە لە کونی شەبزووزەکەیەوە بە حاڵ دەهاتە دەرێ ، بەم لاو ئەو لای دا پرووشەی دەکرد ، کە بە لەفێکی سپی ناوقەدیان پێچابوو سەرەکەی قەتماخەیەکی سووری گرت بوو ، هەرچەند سەیری دەکرد و لێی وورد دەبووەوە ....) ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا .. ل ٢٣٩ )**

---

١ – میشال بیوتر، بحوث في الرواية الجديدة ، ت: فريد انطونيوس ، منشورات عويدات ، بيروت ، ١٩٧٦، ص٦٧.

## تەوەری دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ

### یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ لە رووی تیۆری

لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتی گفتوگۆ یا( دیالۆگی )یش لەنێوان گیانەوەران خولقاوە، چونکە ڕێگەیەکی سروشتی و ئاسایی گفتوگۆکردنە لەنێوان دوو گیانلەبەر یا دوو کەسایەتی یاخود زیاتر ئەنجامدەدرێت، کە نووسەر لەدارشتنی بەرهەمەکەیدا پەنای بۆ دەبات، تا سروشتی هەڵوێستی کارەکتەرەکان بگوازێتەوە بۆ نێو بەرهەمە ئەدەبییەکەی ، دیالۆگ بە گرنگترین سەرچاوەی زیندوویەتی بەرهەمە ئەدەبییەکەی دابنێت.

دیالۆگ زیاتر سیفەتێکی عەقڵییە و هەمیشە جۆرێك لەپێوانەی دەروونی و بیری دەدات بە کارەکتەرەکانی نێو بەرهەمە ئەدەبییەکە ، ئەم پێوانەیەش دەبێتە سنوورێك بۆ جیاکردنەوەی کارەکتەرێك لە کارەکتەرێکی دی، پێویستە نووسەر لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا ئاگاداری ئاست و پلەبەندی کۆمەڵایەتی کارەکتەر بێت ، چونکە هەریەکێکیان شێوازی گفتوگۆکردن و بیرکردنەوەیان جیاوازە ، کەواتە دیالۆگ زیاتر پێوەندی بەدەربڕینی عەقڵەوە هەیە ، کە نووسەر لەڕێی دەربڕینەکانەوە ئاشنامان دەکات بە بیر و بۆچوونی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتار و تێڕوانینیان.

هەرچەندە دیالۆگ لەڕێی ئەندامی ئاخاوتن دەردەبڕێت و هونەرێکی دەرەکییە ، زیاتر پەیوەستە بەعەقڵ و ئەو پەیامەی دەریدەبڕێت ، گەرچی لەدایەلۆگدا (( کارەکتەرەکان لەسەر بابەتێك گفتوگۆدەکەن ))[١] ، ڕەنگە پەیوەندی هەبێ بەناوەڕۆکی بەرهەمەکە یا بەپێچەوانەوە، ، بەڵام مەرج نییە دیالۆگتەنیا گفتوگۆکردن بێ ، هەمیشە دیالۆگ (( مەیدانی بەکارهێنانی عەقڵ و شوێنی داهێنانەکانییەتی، سەرکەوتن و جوانی ڕازاوەیی مانای بەدیارخستنی دەست کەوتەکانیەتی))[٢] ، دیالۆگ تەنیا بەگفتوگۆ ئەنجام نادرێت ، بەڵکو شوێنی خستنەڕووی جەوهەری عەقڵە ، تا چەند کارەکتەر بەتوانا بێت لەدەربڕینی وشە و بیر و بۆچوونەکانی هێندە ئەزموون و پێگەی هەڵوێستەکانی بەرزتر و پڕ بایەختر دەبێت ، لەبەر ئەوەی دیالۆگ زیاتر پەیوەندی بەلایەنی هزری و دەروونی کارەکتەرەوە هەیە، بۆیە(( دیالۆگ تەنیا وێنەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی وزمان یا قسەرکەرمان بۆ نمایش ناکات بەڵکو بۆی هەیە وێنەی رۆحی قسەکەرمان پیشانبدات))[٣]، چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەموو ئەو کردارانەی ئەنجامی دەدات پێوەندیان بەژیان و دەروونی کارەکتەر هەیە ، کە لەڕێگەی دایەلۆگەوە ئاشکرا دەبێت ، تا چەند دەتوانێت ئەو ڕۆڵانە بگێرێت ، کە لە ئیرادە و هەستی کارەکتەردا دەخولێتەوە، لەگەڵ سروشتی کارەکتەرەکان سەریهەڵداوە ، بە شێوەیەکی واقیعی تێکەڵی دەرونیان بووە ، لە کات و ساتی پێویستدا گوێگری یەکتردەبن یا یەکتر ڕەتدەکەنەوە ، کەواتە

---

١- مجدي وهبة و كامل المهندس، معجم المصطلحات العربية في اللغة والآدب ، مكتبة لبنان، ط٢، لبنان، ١٩٨٤، ص٣٤٠.

٢- سامي سويدان ، في الدلالية القصة وشعرية السرد ، دارالأداب ، بيروت ، ١٩٩٠ ، ص ٣٦٠.

٣-شجاع مسلم العاني ، البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، رسالة دكتورا ، كلية الأداب ، جامعة بغداد ، ١٩٨٧ ، ص٣٧٧.

دیالۆگ (( ڕۆڵی دەبێت لەبەرەو پێش چوونی ڕووداو و ڕوونکردنەوەی مەبەستە شاراوەکان لەدەقدا جا چ مەبەستی ڕۆماننووس بێت یاخود خستنەڕووی باری دەروونی و کۆمەلأیەتی یاخود هەڵوێستی کارەکتەرەکان بێت لەئاستی کێشەو ململأنێکاندا ))[١].

پێوەندی هونەرەکانی گێڕانەوە بەتایبەتی (دیالۆگ) لەگەڵ تەکنیکی مونتاژ لەڕۆماندا پێوەندییەکی دوو لایەنە و بەهێز و تۆکمەیە ، پەیوەستە بەجۆری ئەو دایەلۆگەی نووسەر پەنای بۆبردووە لەبەرهەمە ئەدەبییەکەی بەکاری هێناوە، چۆنیەتی بیرکردنەوە و دەربڕین و هەڵوێستی کارەکتەرەکان پێوەندی بەجۆری مۆنتاژەوە هەیە ، چونکە مۆنتاژی دیالۆگی بەپێی بەرهەمە ئەدەبییەکان گۆڕانیان بەسەردادێت ، هەرچەندە مۆنتاژی دیالۆگی لەڕۆماندا جیاوازە لەمۆنتاژی دیالۆگی لەسینەما وشانۆو فیلمدا، مۆنتاژی دیالۆگی لەڕۆماندا وەرگر زیاتر لەڕێگەی خوێندنەوە یا بیستنی دیالۆگەکان هەست بەبوونی ئەو گوفتارانەدەکات ، کە لەزەینی خۆیدا بەرجەستەی کردوون ، کەچی لەڕێگەی مۆنتاژی دایەلۆگەوە لەهەندێك شوێن ، بێ ئەوەی وەرگر بیر لەبوونی ڕووداوێك بکاتەوە بەهۆی ئەو دیالۆگەوە دروست بووە، لەم مۆنتاژەدا وەرگر زیاتر پشت بەخوێندنەوە دەبەستێ لەڕێگەی هەستی بیرکردنەوە دەزانێت کارەکتەرەکان لەچ پلەیەکی کۆمەلأیەتین لەڕێگەی وشە و دەربڕینەکانەوە هەست بەڕۆشنبیریی کارەکتەرەکان دەکات ، کەچی مۆنتاژی دیالۆگ لەهونەری سینەما و شانۆ و فیلمدا ، بینەر هەست بەبوونی کەسایەتیەکان دەکات بەپشت بەستن بەهەستی بینین و بیستن ، کەکارەکتەرەکان چین وچۆن چۆنی بەشداری ڕووداوەکان دەبن و گفتوگۆکانیان ئەنجامدەدەن.

بەمشێوەیە ڕۆمان زیاتر دەخوێندرێتەوە یا دەبیسترێت وەکو شانۆ وفیلمی سینەماییە ، کارەکتەرەکانیان لەبەرچاوی بینەربێت ، بەڵکو لەڕۆماندا وەرگر خۆی وێنەی کارەکتەرەکان لەهزر و خەیاڵی خۆیدا دروستدەکات بەپێی چۆنیەتی قسەکردن و دەمەتەقێی نێوانیان، دەبێت نووسەری ڕۆمان لەدەقەکەیدا هێندە وردبێت ، کە (( قسەکردنی هەریەکەیان لەگەڵ کەسایەتی هەریەکەیان بگونجێ و جۆری هەڵس وکەوت و بارە دەرونییەکەی بنوێنێت))[٢].

جیاوازی نێوان شێوەی قسەکردن و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بەندە بەشێوازی ئەو مۆنتاژەی لەدایەلۆگەکەدا بەکارهێنراون ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەرەکان لەنێو خودی بەرهەمەکەدا خاوەنی خاسیەت و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن ، لەم ڕێگەیەوە وەرگر ناسنامەی کەسایەتییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت،

---

[١]– ڕێزان عوسمان (خاڵە دێوە) ، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا لەساڵی(١٩٨٥– ١٩٩٠)، لەبلاَوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ١٩٠.

[٢]– حسێن عارف ، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ساڵانی ( ١٩٥٥ – ١٩٨٨ ) لە بلاَوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ١٩.

دەتوانێت لە تایبەتمەندی کەسایەتیەکان بگات و کارەکتەرەکان لەیەکتر جیابکاتەوە و(( پێڕەوی ئاستی رۆشنبیری دەروونی کەسییەتیەکانی دەکات و هەرچین و بەرەیێك گفت و لفتی جیاوازە. وتەنانەت هەر مرۆڤێك بەجۆرێك دەدوێت وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە))[١].

بوونی کارەکتەری جیاواز و جۆراوجۆری زمانی کارەکتەرەکان بەپێی ئاستی رۆشنبیرییان لەرۆمانێکدا ، هەریەکەیان ، بەجۆرێك گوزارشت لەبیر و بۆچوونی خۆی دەکات و شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە ، لەتێروانین و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە دا ، بوونی جیاوازیی لەشێوازی دەربڕین چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی تێگەیشتنی کارەکتەرەکان لەڕووداوەکان و چۆنیەتی پێڕەوکردنی جۆری مۆنتاژی دیالۆگی ، ئەم مۆنتاژە ئاست و تێروانینی کارەکتەرەکان بۆ دەوروبەر شیدەکاتەوە، وەرگر دەخاتە نێو دنیای ڕۆمانەکە ، بەشێوەیەك وا بزانێت گفتوگۆکان حەقیقین و ڕاستەقینەن، هەست بەبوونی دەقێکی واقیعی بکات کە لەبەردەمیدایە ، ئەم گفتوگۆیانەش هۆکارن بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانە و زیندوویەتی بەڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەبەخشن ، تا بێزار نەبێت لە خوێندنەوە یا گوێگر بێزار نەبێت لەگوێگرتنی ئەو دەقەدا، واقیعیەتبوونی دەقەکە بسەلمێنێ لەگفتوگۆکردنی نێوان کارەکتەرەکاندا.

نابێت ئەو زمانەی لەگفتوگۆکانی نێوان کارەکتەرەکان بەکاردێت ، زمانێکی بازاڕیی بێت یاخود زمانێکی هێندە ئاڵۆزبێت ، کە وەرگر بەئاسانی لەواتای وشەکان نەگات ، بەڵکو پێویستە ڕۆماننووس دەست بەڕەنگینی و توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ دارشتنو دەربڕین و بۆچوونی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە ، بۆیە باشتروایە(( وشەو دەربڕینەکانی دیالۆگ کورت و ڕوون و سادەبن ، بەڵام دەبێت خاسیەتی هونەریان پارێزراوبێت))[٢] و شێوە و سروشتی کارەکتەرەکانی پیشانبدات و ڕەنگدانەوەی بیری کارەکتەرەکان هی خۆیان بێت ، نەوەك شێوەی دەستکرد و دروستکراوی ڕۆماننووس بێت ، چونکە خودی ڕۆماننووس تەنیا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ، کەچی کارەکتەرەکان لەدایەلۆگەکانیان ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خودی خۆیان بەرجەستە دەکەن ، بۆیە وشە و دەربڕین و ڕستەکان لەدیالۆگدا جیاوازە ، گێڕانەوە زۆرترین ڕستەو دەربڕین لەخۆدەگرێت و بەچەند پەرەگراف و لاپەڕە تەواو نابێت، کەچی لە دیالۆگدا زیاتر ڕستەکان کورت و پوخت و چڕ و کورتن و کاریگەرن ، وەرگر بەسانایی تێیدەگات و چێژی پێدەبەخشێت ، پێویستە هەر وشەو پەیڤێك لەدیالۆگدا بەگوێرەی ئاست و پێگەی کارەکتەرەکان ڕێکبخرێت.

---

١- ڕەوف حەسەن ، ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لەچیرۆکی هونەری کوردیدا ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل٣٥.

٢-د. نجم خالید ئەڵوەنی ، تەکنیکی دیالۆگلەهەندێ نموونەی هارچەرخی چیرۆکی کوردیدا ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٥ ، ل ١٥.

شێوە وچۆنیەتی گرنگیدان بەدیالۆگپەیوەندی لەگەڵ تەکنیکی مۆنتاژدا (( لە ڕۆمانێك تا ڕۆمانێکی تر جیاوازی هەیە لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە)) [1] ، چونکە مۆنتاژی دیالۆگی زیاتر لەڕۆمانی تاکدەنگیدا هەستی پێدەکرێت، زۆرجار وەرگر پێشبینی حاڵەتێك دەکات ڕووبدات ، کەچی ڕۆماننووس حاڵەتێکی دی دەخولقێنێ ، کەجیاوازە لەوپێشبینییەی وەرگر لەمێشکیدا دایڕشتووە ، زۆرجار لەئاکامی دیالۆگدا ڕووداوەکان هێندە بەزیندوویی دروستدەبن کە وەرگر تووشی جۆرێك لەتاسان و بیرکردنەوە دەبێت ، بوم چەشنە گێڕەڕەوە پشت دەبەستێ بەمۆنتاژی دیالۆگی ، تا بەشێوەیەکی ئاسان ڕووداو و پێشهاتەکان نەدات بەدەستەوە و ئەنجامێکی تر بەرهەم بێت. یاخود لەناوەڕاستی دیالۆگدا ، دیالۆگ دەپچڕێنێت و گێڕەڕەوە ڕووداوێك دەخاتە شوێنی دیالۆگەکەوە بەو شێوەیە وەرگر هەمیشە بەدوای ئەو واتا و ئەنجامانە دەگەڕێت کە پەیوەستن بەو ئەنجامانەی کە لەمێشکی دایڕشتووە، تەواونەبوونی دیالۆگەکان و خستنە ناوەوەی ڕووداو لەنێو دیالۆگدا یاخود پچڕانی دیالۆگو خستنەڕووی بابەتێکی دی لە نێو دایەلۆگەکەدا پێوەندی بەبەکارهێنانی مۆنتاژی دیالۆگی هەیە.

ئەرکێکی دیکەی مۆنتاژی دیالۆگی ئەوەیە ، کە وەرگر ناتوانێت بۆ هەمیشە بڕیار لەسەر دروستی ئەنجامەکانی ئەو دیالۆگە بدات ، کە هۆکارن بۆ دروستبوونی ئەنجامێك ، هەندێکجار وەرگر لەئەنجامی ڕووداوێك نزیك دەبێتەوە ، بەڵام گێڕەڕەوە بۆ هێشتنەوەی ڕووداوەکان و جووڵەی کات و زەمەن لەنێویدا زیاتر ڕووداوی تر دەخولقێنێ ، دیالۆگەکە ڕادەگرێت و دەچێت خزمەت بەباسێکی دی دەکات ، کە پێوەندی بەخودی دایەلۆگەکەوە نییە، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەوتی دیالۆگەکە لەسەر یەك ئاست نەڕوات و وەرگر هەست بەماندووبوون و بێزاری نەکات لە خوێندنەوە و گوێگرتن لەڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، بەڵکو دەبێت هەمیشە هەست بەزیندوویەتی هەموو ئەو بەسەرهات و دایەلۆگانە بکات خزمەت بەبیرکردنەوەی دەگەیەنن .

بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر دیالۆگ لە رۆماندا بوونی هەیە کە ئەمانەن :

یەکەم : دیالۆگی راستەوخۆ                دووەم : دیالۆگی ناراستەوخۆ

**<u>یەکەم : دیالۆگی راستەوخۆ</u>** : جۆری یەکەمی دیالۆگە کە (( گفت و گۆی نێوان دوو کەسێتی یا زیاتر بە شێوەی راستەوخۆ لە چوار چێوەی چیرۆکێکدا ئەنجامی دەدەن ، بە جۆرێك دەربڕاوەکان لە کەسی یەکەمەوە ئاراستەی کەسی دووەم دەکرێن و دووەمیش بە دەربڕاوێك بە زمانی ئاسایی خۆی وەڵامی دەداتەوە )) [2] ، ئەم دیالۆگە زیاتر بە جێناوی کەسی یەکەمی تاك و کۆیە .

---

[1] – ڕێزان عوسمان (خاڵە دێوە)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، ل١٨٩.

[2] – فاتح عبدالسلام ، الحوار القصي ، ص٤١ .

**دیالۆگی ناراستەوخۆ** : ئەمەش جۆری دووەمی دیالۆگە زیاتر گێڕەرەوە سوودی لە وشەکانی ( گووتی ، وتی ، پرسی ، وەلآمی دایەوە ، ..) ئەم جۆرە دیالۆگە زیاتر لە رێگەی کەسی سێیەم بەکاردێت ، گێڕەرەوە بە ئاسانی دەتوانێت دەسەلآتی خۆی بەسەر بیری کارەکتەر زالّ بکات .

کەواتە مۆنتاژی دیالۆگی دەبێت زیاتر واقیعی بێت و زۆر لێزانانە ڕۆماننووس مامەڵەی لەگەڵ بکات، تاکو کارەکتەرەکان وەکو خۆیان دەربکەون و قەناعەتێك لای وەرگر دروستبکەن، لەسەر ڕۆماننووسیش پێویستە لەبەکارهێنانی مۆنتاژی دیالۆگی ڕەچاوی ئەمانە بکات:

١- گفتوگۆکان زیاتر واقیعی بن و خزمەت بە خوودی ڕووداوەکان بکەن.

٢- گفتوگۆ و دیالۆگەکان بەپێی ئاستی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کارەکتەرەکان دابنرێت ، تا وەرگر زیاتر بەنێو ڕۆمانەکە ڕووبچێت.

٣- گفتوگۆکان سەرنجی وەرگر بۆخۆی ڕابکێشێ ، نەتوانێت بریار لەسەر چارەنووسیان بدات.

٤- پچڕانی گفتوگۆکان نابێت هێندە کاریگەری هەبێت لەسەر بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان وەرگر نەبێت بەبەشێك لەبڕیاردانی ڕووداوەکان.

٥- دوورکەوتنەوەی خودی نووسەر و سروشتی گونجاندنی کارەکتەرەکانی لەگەڵ دەربڕینی ئەو وشە و زاراوانەی بەکاریان دێنێت.

دیالۆگی مۆنتاژی ئەو کاتە چێژ و لەزەت بە وەرگر دەبەخشێت ، کە کارەکتەرەکان هەریەکەیان بە چەشن و جۆرێك گوزارشت لەخۆیان بکەن و بیروباوەڕ و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان جیاواز و تەواوکەری یەکتربن .

## دووەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ ، پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) دا

بەشێکی زۆری ڕۆمانەکانی (( کاروان عومەر کاکەسوور )) لەلایەن گێڕەرەوە دەگێڕدرێنەوە، دواتر کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە ئەرکی گێڕانەوەکە بەجێ دەگەیەنن، هونەری دیالۆگیش یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، کە پانتاییەکی گەورەی نێو ڕۆمانەکەی داگیر کردووە، ڕۆماننوسیش بۆ گەیاندنی بیری کارەکتەر و بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان سودی لێ بینیوە، دیالۆگ لەگەڵ کەسێك یا کۆمەڵە کەسێك بەرانبەر یەکتردا دەکرێت، دەشێت گێڕەرەوە ڕۆماننووس بێت ، کە وێنای کارەکتەرێك یا کۆمەڵە کارەکتەرێك بێت، یا دەشێت کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بێت .

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ لە** رۆمانی **( ڕۆمانی کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان )**

لە ڕۆمانی **( کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان )** گێڕانەوەکە بە دیالۆگ دەست پێدەکات و کۆتایی ڕۆمانەکەش هەر بە دیالۆگ کۆتایی دێت، گرنگی دیالۆگ لەو ڕۆمانە خۆی لە زەق بوونی پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان دەبینێتەوە ، هەمیشە وەرگر توشی ڕامان و پرسیار دەبێت و دەیوروژێنێت ، دروست بوونی پرسیار و بیرکردنەوەی وەرگر بۆ ئاست و شێوە و جۆری دیالۆگەکان و دواتریش وێنەگرتنی هەموو دیالۆگەکان بە کامێرای چاوی وشەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەکرێت .

دەستپێکی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانە، سەرەتای دروست بوونی ڕووداوەکان نین ، کە پرپەتی لە هێزی بەرەنگاربوونەوە ، سەرەتای پیشاندانی ململانێیەکی پەردەپۆش کراوە ، بەر لە دەست پێکردنی ڕۆمانەکە بوونی هەیە و لە چرکەساتی گێڕانەوەکەشدا بەردەوامە، گێڕەرەوە لە ڕێگەی کارەکتەرێك دواتر دەردەکەوێت ((ئامانج))ە ، ئاماژە بە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناجێگیر دەکاتن ، کە لە نێوان خۆی وەکو قسەکەر و هەروەها دەوروبەر وەکو وەرگر ، لە ڕێگەی جێناوی سەربەخۆی ئێوە بۆ دووەمی کۆ، دەشێت ئەم کەسی دووەمی کۆیە کۆمەڵێ کەس بێت یا کۆمەڵێ هێزی ناو کۆمەڵگە بێت ، لە تێڕوانینی خۆی بنیاتی ناون ، یا ڕەنگە ئەم جێناوە چەند دێوە زمەیەکی ناخی بێت ، بە شێوەیەك لە شێوەکان ویست و ئیرادەیان لێ زەوت کردووە ، هەموو ئەمانەش کۆمەڵێك پرسیارن وەرگر دواتر لە دڵەڕاوکێ ی دەگات هەروەکو دەڵێت :

**(( لە مڕۆوە ئێوە دەتوانن وەکو جاران بەناوە ڕاستەقینەکەی خۆمەوە بانگم بکەن ... من ئیتر ڕێگام ناکەوێتەوە ئەو شاخو داخە، ناوی نهێنیم بۆچی یە ئەو ناوەیش خۆتان لێتان نام خۆ ئێوە بە هەر ناوی دیکەیش بانگم بکەن من هەر وەڵامتان نادەمەوە ئەو دەمەم چۆن چەند ساڵە داخستووە پێی نادوێم هەر ئاوا دایدەخەم و نایکەمەوە .. بەڵێ من لەمڕۆوە مەیمونەکەی جارانم ...))(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٨) .**

دوای ئەوەی ( شۆڕش ) دەچێتە گلکەند بە مەبەستی خوێندن ، توشی کۆمەڵێك شەقاوە دەبێت، گێڕەڕەوە کامێرای چاوی وشەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەینی وەرگر بەهۆی مۆنتاژەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر چەند گرتەیەك کە شەقاوەکان بە چ شێوەیەك دیالۆگ لەگەڵ ئەو قوتابیانە دەکەن بە تایبەتی کاتێك شەقاوەیەك هەوڵدەدات دەستدرێژی بکاتە سەر ( شۆڕش ) ، کەچی گێڕەڕەوە هاتووە ڕووداوەکە ڕادەگرێت و کارەکتەرێکی تر دەهێنێت و دەیکات بە قوتابی، تاکو لەسەر ( شۆڕش ) بکاتەوە ، پێیان بناسێنێ کوڕی کێیە بەکارهێنانی مۆنتاژ لەو گرتە دیالۆگە ناڕاستەوخۆیەدا بریتییە لە هێنانی قوتابیەك کە وەرگر بیری لێ نەکردۆتەوە، بۆچی هاتووە نێو ئەو دیالۆگە ناراستەوخۆیە :—

**( ئەم پرتەقاڵانە لێرە چی دەکەن کسپە لە دڵتەوە هەستا خۆت زۆر نابووتی هاتە بەرچاو .... دەتزانی چەند بە گێچەڵ و دەست وەشێنن ...؟ بۆ جلەکانتان خوێناوییە ...؟! کێ وای لێ کردوون قوتابیەکی دواناوەندی**

**هات و دەستی لە ملی (شۆڕش) کرد .... ئینجا بە شەقاوەکانی گوت کوڕە وازیان لێ بێنن ..... ئەگەر دەزانن ئەمە کوڕی کێیە، قەت شەڕیان پێ نافرۆشن) (کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٥٢) .**

کاتێك ئامانج نامەکەی ( سۆزان )ی دەگاتە دەست و نەخۆشە لەسەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوتووە لەناکاو دیالۆگێك لەنێوان ( هەتاو و ئامانج ) دروست دەبێ ، گێڕەڕەوە دەست لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵدەگرێت و پەنا بۆ ڕووداوێکی تر دەبات ، لێرەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە کۆمەڵێك گرتەی جیاواز لە ڕووداوی جیاوازدا دەبینرێت بە تایبەتی کاتێك ( هەتاو ) نامەکە دەبینێت ، کە بە مەبەستی ڕێکخستنی جێگەی ( ئامانج ) دەچێتە ژوورەوە ، گێڕەڕەوە بەهۆی نمایشکردنی وشەکانەوە هەموو ئەو گرتانە لەبیری وەرگردا دەنوێنێت، وەکو شپرزەیی ( ئامانج ) و خوێندنەوەیی نامەکە و خستنە باوەشی ( ئامانج ) لەلایەن ( هەتاو )ەوە هەروەکو دەڵێت :-

**( - ئامانج گیان، ئەوە چیتە ...؟! بۆ ئاوا دەلەرزیت خۆتت بۆ دابین نەدەکرا ... لەسەر تەختی نوستنەکەت دانیشتی ((هەتاو)) نامەکەی بینی ... دوایی هەڵیگرتەوە و دایەوە دەستت ... پرسی**

**- ئەم کاغەزە چییە، ئامانج**

**- زمانت گۆی نەدەکرد ... هەر چۆنێك بوو نامەکەت خستە ژێر سەرینەکەتەوە ... دەیگوت :-**

**- مەترسە، ئامانج من خوشکتم .... هەرچیت هەیە، پێم بڵێ ... من وەکو بزانم تۆ بە خۆڕایی خۆت دەترسێنیت**

**- تۆ گەورە بوویت، ئامانج .... هەموو کچ و کوڕێك لەم تەمەنەی تۆدا تووشی حاڵەتی وا دەبن، بەڵام دەبێت هێمن بن دوای ئەم قسانە گوتی**

**- حەز دەکەیت من ئێستا بڕۆم و جێت بهێڵم .... وا نییە ...؟!)(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٨٦-٨٧)** .

کاتێك دایکی عومەر ژنی مەلای گەڕەك دێت بۆ لای ئازاد، کە پێشتریش چەندین جار هات بوو بە مەبەستی هێنانی پارە کە بیبات بۆ ( عومەر )ی کوڕی کە لە شاخە، ئەمجارە جیاوازە لە جاران بۆ ئەو مەبەستە نایەت و ئەو گرتە لە زەینی ( وەرگر ) و ( ئازاد ) دەپچڕێنێت ، کە بۆ ئەو مەبەستە هاتبێت ، بەڵکو لە ڕێگەی دیالۆگەوە بەسەرهاتێکی دی دەخاتە شوێنی و دیمەنێکی جیاوازتر ، لە بیر و هزری وەرگردایە دەنوێنێ ، ئەویش ماڵ بەجێهێشتنی ( ئیمان )ی کچیەتی ، زیاتر لە هەشت ڕۆژە ماڵی جێهێشتووە ، لەگەڵ کەسێك ڕۆیشتووە بەناوی ( عمادی مەرجان تیاترۆ ) ، کە پێشتر پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەبووە ، هاتووەتە خوازبێنی باوکی ( ئیمان ) نارازی بووە و دواجار لە گەڕەك دەری کردوون .

دروست بوونی ئەو زنجیرە ڕووداوە و دروست کردنی گوتەی جیاواز جیاواز لە ناخی وەرگر و دواتر ڕیزبەندی کردنیان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەهۆی مۆنتاژەوە دەگرێت ، هەروەکو لە لاپەڕە (١٣٦ – ١٤١) وێنەی ئەو گرتانەی نمایش دەکرێ بە شێوەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ

**( – چاوەڕێ بوویت وەکو هەموو جارێکی دیکە بە دزیی دایکت و ئەوان پارەکەت بداتێ و پێت بڵێ : (با ئاگای لە خۆ بێت) (کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل١٣٦) .**

**(– پێی گوتیت**

**– شتێکم بەسەر هاتووە ، عومەری بیر بردوومەتەوە**

**– نازانم چیت پێ بڵێم، کوڕم ئازاد ... ئێمە خراپمان بەسەر هاتووە ئەوە هەشت ڕۆژە ئیمانی کچم ماڵی جێهێشتووە**

**– من بۆیە بۆ لای تۆ هاتووم ، چونکە ئێستا تۆ بۆ من لە شوێنی عومەریت ... دەزانم وەکو چۆن لە مەسەلەی عومەر یارمەتیم دەدیت ، لەمەش دریغی ناکەیت . پێت گوت :–**

**– باوەڕ بکە من هیچ لەوە تێناگەم ، کە کچەکەت بۆ ماڵی جێهێشتووە و چووە بۆ کوێ ناشزانم من دەتوانم چی بۆ تۆ بکەم ((دایە روقیە)) گوتی**

**– من دەبێت بەخێرایی هەموو شتێکت تێ بگەیەنم و بڕۆم ... عیمادی کوڕی مەرجان تیاترۆ کچەکەمی لە خشتە بردووە)(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل١٣٧) .**

لە دیالۆگێکی دیکەی ناڕاستەوخۆی ئەم ڕۆمانەدا ، جیاواز لە دایەلۆگەکانی دیکە گێڕەرەوە وێنەی کەسایەتی (مەجید) لە ناخی وەرگردا دەکێشێ، تاکو بزانێت کەسایەتی لادێ یە و خەڵکی شار نییە ، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە لە دیالۆگەکەوە دەڕبراون کە لەسەرزاری ( ڕزگار ڕەشید ) دیالۆگەکە دەست پێدەکات کە لە مەدانی باڵندەکان دەیبینێت ، ئەم گرتەیە وێنەی خەڵکی لادێیی دەخاتە بیری وەرگر کە بە چی خەریکن و چۆن دەژین ، هەروەکو دەڵێت :–

**( – ئەرێ من ماوەیەکە تۆ لێرە دەبینم، نە باڵندەیەك دەفرۆشیت نە باڵندەیەك دەکڕیت بەڵام وابزانم کۆترت لێ دزراوە و دەتەوێ بیاندۆزیتەوە**

**– ........ دەمت تێك ئاڵۆ هەندێك وشەی نارۆشەن لەنێوان لێوەکانتەوە دەرپەڕین، کە هیچ مانایەکیان نەدەگەیاند، ... ئەو وتی :–**

**– هەر دەمزانی خەڵکی لادێیت ...!!**

**– ئەم قسەیە هەندێك هێوری کردیتەوە ... توانیت لێی بپرسی**

**– چۆنت زانی**

**– ئێمە لەم مەیدانە لە هەر کەسێك ڕابمێنین دەزانین خەڵکی شارە یا هی لادێ ....**

**هەستت کرد بە هەڵەدانەچووە کاتێ پرسی ئاخۆ ناوت چی یە**

**– مەجۆ**

**– ئەو گوتی بڵێ مەجید**

**خۆشت نەتدەزانی بۆچی دەتەوێت بە (مەجۆ) بانگت بکات**

**– نا هەر ناوم مەجۆیە**

**بزەیەك کەوتە سەر لێوت گوتی :–**

**– باشتر ........)(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٢٨٤ – ٢٨٥) .**

لە گرتەیەکی دیکەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا ، گێڕەرەوە سوودی لە تەکنیکی مۆنتاژ وەرگرتووە ، کاتێك پێشمەرگەکان دوای شۆڕش خۆیان ڕادەستی حکومەتی فاشیزمی عێراقی دەکەنەوە ، دواتر لەلایەن چەند پۆلە مەلایەکی خۆفرۆشی کورد دوعایان بەسەر دەخوێندرێت ، گوایە ئەوانە ئیبلیس چووەتە ناخیان و دڵ و دەرونیان پاکدەکرێتەوە، دوای ئەوەی یەکێ لە مەلاکان دەچێتە لای باوکی ( هەژار ) پرسیاری ئەمەی لێدەکات کە ئایا پێشمەرگەبووە یان ئەگەر پێشمەرگە نییە ئەو بەرخە کە ناوی (مینۆ)یە بۆچی لایەنە، کامێرای چاودێری وشەکان یەکە یەکە دیمەنەکان دەگوازێتەوە ،کە لە بیری وەرگردا نمایش دەکرێت، بەتایبەتی کامێرای وشەکان لە دیالۆگی نێوان مەلا (عەبدولسەمەد) و (باوکی هەژار) دا بەجوانی وێنەی ئەو دیالۆگە دەگرێت و چەند ڕووداوێکی جیا لە چەند گرتەیەکی جیاواز بە شێوەی زنجیرەیی و پەیوەست بە یەك نمایش دەکات و دەڵێت :–

**( – نا من دوعای باشم بۆ کردویت و ئینشاڵڵا ئیتر بیرای بیرای توشی شەڕ نابیتەوە**

**لەوساوە لە (مینۆ)ی دەڕوانی دەستی خستە سەر پشتی و پرسی**

**– نایفرۆشیت**

**– باوکم بە پەنجەی دۆشاومژە ئاماژەی بۆ مێگەلەکەی (مەجۆ) کرد و پێ گوت : ئەگەر تۆ بەڕاستی نیازی کڕینت هەیە، بڕۆ لەو کوڕە شوانەی بکڕە**

**(مەلا عەبدولسەمەد) سەری هەڵبڕی و لە (مەجۆ)ی ڕوانی، کە لە دوورەوە بەردەوام سەیری لای ئێمەی دەکرد و گۆچانەکەی بۆ هەڵدەشەقاندین .... بە باوکمی گوت :**

**– وا دیارە تۆش لەو شوانەت کڕیوە**

**– نەخێر پارەی لێوەرنەگرتووم بەدیاری پێی داوم**

**– دیاری ....! ! ڕەنگە دەست و دڵی باش بێت**

**– هەموویان وان زۆر میوان دۆستن**

**– بە نیازی سەردانیان بکەیتەوە**

**– بەڵێ ئەگەر پێویستی کرد)(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٣٣١–٣٣٢)**

هەندێك جار گێڕەرەوە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا هەندێك وێنەی جیا جیا لە مێشکی کارەکتەر دروست دەکات و دواتر بۆ زەینی وەرگر دەیگوازێتەوە ، کە لەگەڵ دۆخی ئاسایدا هاوتەریبە ، زۆربەی گوتەی وێنەکان بە دەستەواژەی ( واتدەزانی ، یا وا دەهێنایە بەرچاو ، .... هتد ) نمایش دەکرێن ، ئەو ساتەی گێڕەرەوە بۆ زەمەنێکی دووری ڕابردوو دەگەڕێتەوە ، تەنیا گرینگی بە وردەکاری ووشە و گوتارەکانی خۆی نەداوە ، بەڵکو زیاتر پشتی بەستووە بە خوێندنەوەیەکی واقعیانەی ناخی ئەو کارەکتەرانەی کە لەگەڵی دواون ، لەم دیالۆگی ناراستەوخۆیە دەردەکەوێت ، ((سۆزان)) لە گێڕانەوەی ڕۆژگاری جارانی لەگەڵ ((میدیا))ی دەستە خوشکی پێ گوتووە :

**(دەترسم ڕۆژێك ماڵمان لێرە بگوێزنەوە، وام لێ هاتووە بەبێ تۆ نەژیم ، بەڵام کاتێ لە دڵی خۆیدا مانای قسەکەی لێکدایەوە، شەرم دایگرت و بۆ لای قازەکانی ڕای کرد ... لەوێ زۆر گریا ... من نەمهێشت بزانێ ئاگام لێیە ...)(کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان ، ل٣٤٦)** .

وەرگر کاتێك گرتەی ئەو دیالۆگە دەخاتە زەینی خۆی، وا دەزانێ شەرمداگرتنەکەی ( میدیا )یە وای لە ( سۆزان ) کردووە ، تێگەیشتنی بەرەو ئاراستەیەکی سێکسی بڕوات ، کەچی دواتر ڕوون دەبێتەوە بۆیە ((میدیا)) ئەو شەرمەی کردووە، چونکە ماڵی ( سۆزان ) لەلایەن باوکی ( میدیا ) کە پیاوی دەسەلأتداری حکومەتە داگیر کراوە، بۆیە هەستی بە شەرمەزاری کردووە، نەك حاڵەتە سێکسیەکەی، کە وەرگر لە ئەقڵی خۆیدا دایڕشتووە .

<u>**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ لە** ڕۆمانی **( سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە )**</u>

پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ گێڕانەوەو بەتایبەتی دیالۆگدا ، ڕۆمانی ( **سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە**) ، پێوەندیەکی فرەدەنگی و فرە لایەنییە ، ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا ، تاکو کاریگەری لەسەر وەرگر جێ بهێڵێت بەدیالۆگ دەست پێدەکات ، بێ گومان پەنا دەباتە بەر تەکنیکی مۆنتاژ ، یەکێك لەتایبەتییەکانی ئەم تەکنیکە ئەوەیە ، هەمیشە کورت و پوختی بەووشەکانی دەدات ، ئەو دیمەنانەی لەدیالۆگدا گرنگ نین و کەم بایەخن ، ئەوا دەیان پچڕێنێت بێ ئەوەی وەرگر هەست بەپچڕان بکات ، لەئەنجامی دروست کردنی ئەو دیمەنانەی ، لەنێو خودی ڕۆمانەکە بەهۆی دیالۆگە دروست دەبێ و دواتر دانانی گرتەی هەر دیالۆگێك بەشێوەی زنجیرەیەکی بەدوای یەك ، کە هەر گرتەیەك گرتەی دوای خۆی تەواو دەکات، وەرگریش دەبێتە (خوێنەر یا بیسەری) گرتەکانی لەشوێنی ئەوەی ببێتە بینەری ئەم گرتانە ، تاکو لە ڕێگەیانەوە هەست بەهەموو ئەو کردارو ڕووداوانە بکات ، بوونیان لەنێو خودی دیالۆکەکەدا هەیە ، بەشێکی زۆری دیالۆگەکانی ئەم ڕۆمانە لەواقیعی ژیانی ڕۆژانە نزیکە ، بەم پێیەش زیندوویەتی بەدیالۆگەکان

دەبەخشێ و وەرگر بێزاربوونی لەبیردەچێتەوە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆماننووس هەموو شێوەکانی دیالۆگی لەم ڕۆمانە بەپێی پێویستی شوێن و پێگەی خۆیان بەکارهێناوە.

دوای ئەوەی ( سەنگەر ) ڕووداوەکانی دەپچڕێنێت کەلەنێو باسەکە دانیشتووە بەرێکەوتووە بۆ کەرکوك لەڕێگەدا کۆمەڵێك سەگ دەبینێ ، یەکێکیان تۆپیو و سەگەکانی دی بەچوار دەورین سەنگەر بیری بۆ منداڵی خۆی دەچێتەوە ، گرتەکانی ئەمجارە لەئێستاوە دەگوازرێتەوە بۆ رابردووی منداڵی ( سەنگەر ) ، کەئەمیش سەگی هەبووە ، لێرەدا گواستنەوەی ڕووداوەکانی لەئێستاوە بۆ ڕابردوو لەزەینی وەرگر دواتر وێنەگرتنی ئەو دیالۆگەی لەنێوان ( سەنگەر ) و ( پۆلیسەکان ) هەیە ، لەڕێگەی مۆنتاژەوە کراوە ، کەگرتەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە ، هەروەکو لەو دیالۆگە ناراستەوخۆیە دەبینرێت وەرگر دیمەنی هەموو ئەو کەسانەی دێتە بەرچاو کەلە ( سەنگەر ) بێزارن و دڵیان خۆشە بەگیرانی ، هەروەکو دەڵێت :

**( هەموویان کوشتن دایکەکەیان لەپێش ئەوانەوە دایە بەر گوللە.....ئەگەر دەیانبینی چەندیان خوێن لەبەر ڕۆیشتووە، هەرشێت دەبی**

**((خراپ کوژراوە؟)) چاوی بەرپێی خۆی نەدەبینی....هێرشی برد نەگەڕایەوە...بەدار لاستیك سەری یەکێك و لووتی یەکێکی دیکەیان شکاند...ئێوارە پۆلیسەکان هاتن....دوو توتکە سەگەکەیان دۆزیەوە((گەلگان)) لەناو کانتۆری جلەکان و ((شەرشان)) لەژێر بەرمیلی ئاوەکە ((سەنگەر)) یشیان دایە بەر شەق و لەگەڵ خۆیانیان برد...بەلای خەڵکدا دەرۆیشت و گوێی لە قسەکانیان دەبوو.**

**—وەکوسەگ و گوجیلەکان دەیتۆپێنن بەساغی نایەتەوە**

**—بۆچی گاڵتەیە سەرو لوتی پیاوی حوکمەت بشکێنێت**

**—دەیخەنە زیندانەوە و چاوی بەدەرەوە ناکەوێتەوە**

**—دەستیان خۆش بێت .......دارو بەردی گەڕەکەکەی گلاو کردووە**

**—من دەیناسم پشیلەی حوت ڕۆحە....بەکەس تەمبێ نابێت**

**—جەربەزەیە....لەنازانم کێش ناترسێت) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل٣٣).**

دوای ئەوەی ( دڵخواز ) دەکەوێتە خۆشەویستی ( سەنگەر)ەوە ، هەرچەندە ( سەنگەر ) لە خۆی بچووکتر بوو ، کەچی خۆشەویستی بۆ ( سەنگەر ) ڕادەگەیەنێت ، بەتایبەتی ئەو ساتەی کە پۆلیسەکان دەیبەن بەشەق و دراوسێکان بێزاری خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر ( سەنگەر ) و دڵخۆشن بەگرتنی ، کەچی گرتەیەکی پێچەوانە لای وەرگر دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان ئەویش ماچ کردنی(سەنگەر)ە لەلایەن(دڵخواز)ەوە ، کە وشەکان دەبنە کامێرای ئەو گرتەیە لە بیری وەرگردا ، لەم دیالۆگە ڕاستەوخۆیە دەردەکەوێت :

**( کاتێ هێنایانەوە ( دڵخواز )ی دراوسێیان لەسەر بان ماچێکی قووڵی کردو پێی ووت:—**

**–تۆ کوڕێکی ئازای سەنگەر....دەزانی جوانترین شتی تۆ ئەوەبوو، کەلێیان دەدایت و نەدەگریایت...**

**خۆ من گوێم لێ نەبوو هاوارێکیش بکەیت.**

**لەهەموو ژیانیدا هیچ کەسێك ئاوا ماچی نەکریبوو، بەتایبەتی کچێکی جوانی وەکو (دڵخواز)) قژە درێژەکەی کەوتە سەر دەم و چاوی بونیچکی خۆشی لێهات) ( سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ،ل٣٣ )**

(سەنگەر) لەناو پاسەکەدایەو خەیاڵی ڕۆچووە ، بەڵام بۆنی بوخرەکە چەند جارێك لە خەیاڵەکانی دادەپچڕێنێت ، دوای بڕینی بەشێکی ڕێگە و بەرچاوکەوتنی کۆمەڵێك گوند لەنێوان هەولێر و کەرکوك دووبارە ( سەنگەر ) گرتەی ئەو خەیاڵە تەواو دەکات ، کە لەگەڵ ( دڵخواز ) بەسەری بردووە ، گەڕانەوەی خەیاڵی (سەنگەر) بۆ ناوەڕاستی ڕووداوێك و پچڕانی ڕووداوێکی تر و دواتر گواستنەوەی ئەو وێنانە بۆ زەینی وەرگر جۆرێکە لەبەکارهێنانی مۆنتاژ ، بۆیە گێڕەرەوە دووبارە ئەو گرتەیە نمایش دەکاتەوە ، کە( سەنگەر ) بەمنداڵی چ مرۆڤێکی بێزارکەر و هارو هاج بووە ، هەروەکو لەم دیالۆگە راستەوخۆیەی نێوان ( سەنگەر ) و ( دڵخواز ) دا بە دیار دەکەوێت ، هەرەندە ئەو ژنەی لە تەنیشت پاسەکە دانیشتووە ناتوانێت خەیاڵەکانی بپچڕێنێت ، کە( سەنگەر ) بۆ لای ( دڵخواز ) ڕاپێچ دەکات ، گێڕەرەوە دەڵێت :

**( دەیەوێت ((سەنگەر))یش شتێك بڵێت ، بەڵام ئەو دەنگی لێوە نایەت و زیاتر بەناو خەیاڵەکاندا ڕۆ دەچێت:–**

**–تۆ وادەزانیت ئەو بۆنە چیە لەقژمەوە دێت**

**–نازانم بەڵام زۆر خۆشە**

**–بەو گیایە دەیشۆم کەلەسەر گۆڕەکانم هێناوە**

**–نەء بەڕاستمە**

**–قژت جارانیش ئاوا نەرم نەبوو...؟**

**–جاران کەی...؟**

**–نازانم...بۆچی ئاوا پێدەکەنی**

**–بەمنداڵی لەباوەشم دەگرتی پەنجەکانت دەخستە ناو پرچمەوە یاریت پێدەکرد، ...دواتر ڕاتدەکێشا یا چەناگەت دەخستی ناویەوە و خەوت لێ دەکەوت**

**–ئاقل بووم**

**–وەکو ئێستا نەبوویت...قژمت هەبووایە، نەشەقشەقە دەویست و نەمەمکە مژە**

**–ئێستا ئاقل نیم**

**–نەء بزێویت**

**-خۆشت دەویستم**

**-لەنەنکت بپرسە بزانە کێ زیاترین کەس تۆی لەباوەش گرتووە) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٤٤).**

هەر لەناو پاسەکەدایە و خەیاڵ دەیباتەوە لای ( شێروی نانەوا ) ، هەمیشە خەڵك وەك کەسێکی خراپەکارو مێ باز ناویان بردووە ، ژنێکی نزیکی ( سەنگەر ) دەناسێت ، وەرگر یەکسەر بیری بۆ خراپەکاری ( ژنەکە و شێرۆ ) دەچێت ، گرتەی خراپەکارییەکانی یەك بەدوای یەك دێتە بەر چاو ، هەر وەك لەو دیالۆگە ناراستەوخۆیەی نێوان ( شێرۆی نانەوا ) و (سەنگەر) دەربارەی ( دلارام ) بەدەردەکەوێت ، رووداوەکانی خەیاڵی وەرگر دەپچڕێت و بێ ئەوەی هەست بە تێکچوونی حالەتی دەروونی ( سەنگەر ) بکرێت ، هەرچەندە لە رێگەی وشەکانەوە ، درك لە حەقیقەتی ئەو حالەتە دەکرێت هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت :

**( بەشێوەیەك وتی( دلارام ) وەك بڵێی ناوی یەکێ لەسۆزانیەکانی شار بهێنێت، نەیدەتوانی هیچ وەڵامێکی بداتەوە،((باشە ژنێك حوت گەڕەك لێرە دوورە، ئەو کوڕە مێ بازە لەکوێ دەیناسیت)) جارێکی دی لەبەر دەمیدا وەستایەوە:-**

**-ئەوا بۆچی ئاوا تێکچووی سەنگۆ..؟نابێ بزانم دلارام بۆچی پرسیاری تۆم لێدەکات....؟ هەندێ خۆی هێمن کردەوەو لێی پرسی**

**-تۆ چۆن دەیناسی...؟**

**-((شێرۆی نانەوا)) لەکاتێکدا شەپقەکەی رێکدەخستەوە، پێی وت**

**-کێ دلارام...؟ زۆر چاکی دەناسم....باوەڕ مەکە هیچ کەسێ ئەوەندەی منی بناسێت بۆیە دەمەوێت بزانم چی لەتۆ دەوێت**

**-ئادەی پێم بڵێ چۆن زۆر چاکی دەناسیت.....؟**

**-ئەمە ئیشی تۆ نییە سەنگۆ، بەڵام دوور نییە ڕۆژێك لەڕۆژان هەر بیزانیت) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل٧٣-٧٤ ).**

ئەو ژنەی لەنێو پاسەکەدا لەگەڵ ( سەنگەر ) زۆر جار خەیاڵی ( سەنگەر )ی دەپچڕاند ، هەرجارێك بەبیانو هۆکارێکی نادیار ، دەیوویست ( سەنگەر ) قسەی بۆ دەکات ، دواجار دەگەنە شاری کەرکوك ، ژنەکە هەست دەکات ( سەنگەر ) تەنیایە و کەس ناناسێت بۆ داوای لێ دەکات بچێتەوە ماڵیان ، بەڵام (سەنگەر) وەڵامی نادات، وەردر تووشی گومان و لێکدانەوەی پرسیارێك دەبێت ، لەکۆتایی ڕووداوەکان بۆی دروست دەبێ ئەویش دووبارە ڕۆیشتنەوەی ( سەنگەر )ە بۆ هەولێر لەهەمان پاسدا، کەچی خۆی لەنێو گەراجی ئۆتۆمبیلە ئەمە واتایەکی گەورە و پرسیارێکی پڕ لێکدانەوە بۆ وەرگر دەهێنێتە بوون ، هەمیشە وەرگر بەدوای ئەو وەڵامە وێڵە، ڕەنگە نەیتوانی بێت بەدەستی بگات ، هەروەکو گێڕەرەوە لەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیە دەڵێت :

( ئەگەر دونیا رووناکە، بەڵام نازانی نیوەڕۆیە یا ئێوارە.....ئەو ژنەش هەر بەدواتەوەیە ئەوسا پێی وتی ئەگەر لێرە کەست نی یە، دەتوانی لەگەڵئەودا بچیت بەڵام وات دەرخست گوێت لێ نەبووە.....هێشتا دەتەوێ خۆت بخەڵەتێنیت ، چاو بۆ دەسگیرانەکەت دەگێڕیت، بەشکو لەپڕ پەیدا بێت و باوەشت پێدا بکات بەڵام ئێرە ( کەرکووک )ە... تەنها بینینی ڕوخسار بەسە ، هەتا تەواوی هونەرەکانی سیحرو پێش بینی و خوێندنەوەی ناو لەپ و خوێندنەوەی بەخت و خوێندنەوەی غەیب و خوێندنەوەکانی دیکەت لەلا بەتاڵ بێتەوە. ئەو پاسەی ئێوەی هێنا جارێکی دیکە پڕی بۆتەوە لەنەفەر ئەوەتا بەڕێگای خۆیدا دەگەڕێتەوە بەبەردەمتدا تێدەپەڕێت و بەدووکەڵی ڕەشی هێندەی دی ئەو ناوە دەگۆڕێت...لەیەکێك لەجامەکاندا سەرێك دێتە دەرێ و بانگت دەکات

– سەنگەر – سەنگەر

حەیران و سەراسیمە لێی دەڕوانێت کت و مت لەخۆت دەچێتو قۆڵەکانی ڕادەوەشێنێت و قایمتر هاوار دەکات

– سەنگەر– سەنگەر

دەستێك مەچەکت دەکرێت....یەك دووجار ڕاتدەکێنێت و بەحەپەسانێکی زۆرەوە لێت دەپرسێ

– تۆ ئەوە دەناسی

– ژنەکەیە....وزیاتر

منیش ئەوسا ژنێکم بینی سواری پاسەکە بوو، هەر تەواو لەخۆم دەچوو) (سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل١٦٤ ).

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ لە ڕۆمانی ( کازینۆی منداڵان )**

یەکێك لەو هونەرانەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی بەرەو پێش بردووە ، لەهەندێك شوێنیشدا سستی بەڕووداوەکان بەخشیوە ، هونەری دیالۆگە، کەواتە دیالۆگ لەم ڕۆمانەدا هۆکارە بۆ سست بوون و گەشەسەندنی ڕووداوەکان ، وەرگر لەبەشێکی دیالۆگەکاندا توشی پرسیار و گومان دەبێت. هەرچەندە ئەم ڕۆمانە سەرەتا گێڕەرەوە ڕۆڵی سەرەکی لە باسکردنی ڕووداوەکان بینیوە ، بەڵام دواتر کارەکتەرێك بەناوی (مامۆستا سوهاد) ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەدیالۆگ دەست پێدەکات ، لەم ڕۆمانە هەموو جۆرە دیالۆکێگ بوونی هەیە ، ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە سودی لێ بینیوە.

دەسپێکی ڕووداوەکان لەم چرکە ساتەوە دەست پێدەکات (مامۆستا سوهاد) دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر بەدوای شوێنێك دەگەڕێت ، کە ( کازینۆی منداڵان ) یان پێ وتووە ، بەڵام ئێستا ئەو شوێنە نەماوە ، چونکە چەندین ساڵ بەسەری دا پێپەڕیووە ، وەرگر لەئەنجامی دیالۆگی نێوان ( مامۆستا سوهاد و شوفێری تەکسیەکان ) ، کۆمەڵێك گرتەی ڤیدیۆیی لەزەینی دا گەڵاڵە دەبێت ، وا هەست دەکات لەبەردەم فلیمێکی مێژوویی دا دەبینێتەوە ، کەبەشێکی کارەکتەرەکان شارەزای مێژووی وڵاتەکەیان نین ، نازانن ( کازینۆی

منداڵان) چی یە و لەکوێ یە چ گۆڕانێکیان بەسەر هاتووە ، تەنانەت وەرگریش لەکۆتایی ڕۆمانەکە دەزانێت (کازینۆی منداڵان) چی بووە و گێڕەڕەوە تێکەڵاوی کردووە لە نێوان ( کازینۆ ) کان ، هەروەکو گێڕەرەوە لەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیە لەسەر زاری (مامۆستا سوهاد) گرتەکان نمایشدەکات و دەڵێت:

**( دەیپرسی:-**

**- دەتوانیت بمگەیەنیتە لای (گازینۆی منداڵان)........!؟**

**ئیتر شوفێرەکە وای دەزانی گاڵتەی پێ دەکات، بۆیە توورە دەبوو ، جێی دەهێشت......یەك دوانێکیان جنێویان پێ دا**

**- پیرەمێردی بۆگەن تۆ چیت لەم دنیایە ماوە ، تاکو شەڕ بەخەڵك بفرۆشیت......!!**

**- ملت بشکێنە بڕۆ بۆ دۆزەخ......!! مەگەر مەبەستت لە گازینۆی منداڵان هەر گۆرە گۆڕە نابووتەکەت بێت ، کەبەم نزیکانە وەکو جرجی تۆپیو فڕێ دەدرێیتە ناوی....) ( کازینۆی منداڵان ، ل٩ )**

**( دەستی لەکۆمەڵێك ئۆتۆمبیلی دیکە ڕاگرت و حوت هەشت تاکسی تر بۆی وەستان.....تۆپەڵێك جوێنی دیکەشی پێ درا، بەڵام دواجار یەکێکیان پێی گوت:**

**- ئەو گازینۆیە نەماوەو کراوەتەوە ئاپارتمانێکی بەرز پیرەمێرد ، بەڵام من دەتوانم بتبەمە ئەوێ....**

**(مامۆستا سوهاد) کاتێ گوێی لەو قسانە بوو دڵی داخورپا ) ( کازینۆی منداڵان ، ل١٠ ) .**

بوونی نازناو لەمرۆڤ شتێکی ئاساییە ، بەڵام ناوی مرۆڤ ببێت بەنازناوی ئاژەڵێك وەکو (مانگا) ئەوە شتێکی سەیرە ، گێڕەرەوە لەسەرەتادا ( مەیسوون ) وەك دایکی ( مامۆستا سوهاد ) دەناسێنێت ، دواتر هەمان ناو دەکاتە نازناوی مانگایەکی ماڵی ( پەریهان ) ، بەم شێوەیە گێڕەرەو جۆرێك سەرلێشێواوی بۆ وەرگر دروست دەکات ، بەشێوەیەك لە هەندێك شوێندا وەرگر جیاوازی نێوان (مەیسوون) ی دایکی ( وریا ) و مەیسوونی ( مانگا ) ناکات ، ئەگەر زۆر بەوردی لەدیاریدەو حاڵەتەکانی نەڕوانێت گێڕەرەوە لەم دیالۆگە راستەوخۆیەدا دەڵێت:-

**(...زوو زوو دەهاتە سەریان و تۆپەڵێك جوێنی بە(پەریهان)دەدا، چونکە ناوی لە مانگاکەی نابوو و (سوهاد) و (وریا) یش لەدەرەوە بەردەوام بانگیان دەکرد.....پێی دەگووت:-**

**- تۆ ئیرەیم پێدەبەیت، کەمن ساڵانە دووانەم دەبێت، پەرە ریقڵاوە....تۆ خۆت وشکت کردووە....ئەگەر هەموو جوانەگای ئەم شارە سواری خۆت بکەیت، جرجێك لەم کونە رەقهەڵاتووەت نایەتە دەرێ.**

**پەریهان گوێی پێ نەدا و دەیگووت:-**

**–من لەخۆشەویستی ناوم لێ ناوە مەیسوون.....خۆ تۆ تاکە ژنیش نیت لەم شارە ناوت مەیسوون بێت.**

**(سوهاد) و (وریا) پێیان ناخۆش بوو جوێن بەدایکیان بدرێت، بۆیە لەگەڵ کورشەکانی ئەوان دەیانکردە شەڕ.....هەموو جارێك لێدانی چاکیان بەردەکەوت.....ئەوسا (سوهاد) دەیگوت:–**

**– ئاخر ئەوان زۆرن و ئێمە هەردوانین.....خۆزگە دایە چەند کوڕێکی دیکەشی هەبووایە ، ئەوسا پێیان دەوێراین ) ( گازینۆی منداڵان ل٣٩–٤٠ ) .**

گێڕەرەوە لەسەرەتای ڕووداوەکانی رۆمانەکە باسی هەردوو کوڕەکەی (مەیسوون) دەکات ، بەناوی ( سوهە ) و ( وریا ) ، ( سوهە) کارەکتەری سەرەکی بەشی یەکەمی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە ، تا بەشی دووەم وەرگر هەست بەبوونی ( وریا ) ناکات ، بەڵکو تەنیا بەسەریدا تێپەڕ دەبێت و گێڕەرەوە لەهیچ شوێنێك بەدیاری ناخات ، وەرگر نازانێت ( وریا ) چ کەسێکە و چۆن دەدوێن ، تاکە لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکە وەکو برا گەورەی (سوهاد) لەدیالۆگێکی راستەوخۆ دا لەگەڵ (سوهە) باسی منداڵی دەکەن دیاردەکەوێت ، نەبوونی ( وریا ) لە بەشی یەکەم ، دەرکەوتنی لە ناکاوی لە بەشی دووەم ، هۆکارێکە بۆ شارەزابوون و بەستنەوەی بیری وەرگر بە رابردوویان هەروەکو لە دیالۆگە راستەوخۆیەدا دەڵێت:–

**( ... (سوهە)ی برام ، تۆ بە منداڵی بەوە ناسراو بوویت کە زوو زوو لە بازاڕ ون دەبوویت...... هەر جارێ دایە بەمەبەستی فرۆشتنی شیرو ماست یا بۆ کڕینی پێویستیەکانی ماڵ ، دەیهێنایە ئێرە ، منی ڕادەسپارد کە هەرگیز دەستت بەرنەدەم ، بەڵام ئێستاش لەمە تێناگەم تۆ چۆن دیار نەدەمایت....نیوەڕۆیەکیان هەر ڕێك لەو شوێنەی دا بەجانتاکەیەو حەیران و سەراسیمە لێوەستاویت، توند توند شانەکانی ڕاتەکاندم و گوتی:**

**– کوا براکەت........؟! دیسان ون بوو....؟!**

**دەبوایە بەدواتدا بگەڕێین و بەردەوامیش لەم و لەو بپرسن ، ئاخۆ کوڕێکی هاوتەمەنی منیان نەدیوە،........)**
**( کازینۆی منداڵان ل ٧١ )**

هەرچەندە دیالۆگ ( زیاتر بۆ دەرخستنی سروشتی کەسێتی پاڵەوان و کەسە سەرەکییەکان تەرخان دەکرێ، ئەم لایەنەش فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ دەرخستنی تا چ ڕادەیەك ڕۆمانە لەژینگەی پاڵەوان و واقیعی کۆمەڵگە نزیکە )[1] ، بەم شێوەیە گێڕەرەوە لەسەر زاری (ئەفسەرەکە) دەدوێت ، دەیەوێت تاوانی کوشتنی ( ئارۆن ) بخاتە ئەستۆی ( وریا ) ، وەك کوڕی خۆیان بەخێویان کردبوو ، کاتێك دەکوژرێت ( وریا ) لەماڵە ، دوور لەزەیین و بیری وەرگر لەم دیالۆگەدا هەر پرسیارێك ئەفسەرەکە دەربارەی ژیانی ( ئارۆن ) یا ( وریا )

١– عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ڕیالیزم لەڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لەعێراق دا ، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە–ئیبن روشد ، زانکۆی بەغدا ، بەغدا ، ١٩٩٦، ل٧٤–٧٥.

دەیکات ، ئەوا ( مارینا ) وەڵامی دەداتەوە بەرژەوەندی ( وریا ) تێدا ببینێتەوە ، وەرگر وا بزانێت لەجێگەی دژایەتی ( وریا ) بکات ، کەچی پشتی ( وریا ) دەگرێ ، بەم چەشنە دیالۆگەکە کۆمەڵێك وێنەی جیا نمایش دەکات ، کەپێچەوانەی زەین و بیری وەرگرە بۆیە لەم دیالۆگە راستەوخۆیەدا دەڵێت:-

**( دوایی ئەفسەرە بە پەنجەکانی یەك دوو جار لە شانمی دا وەك بڵێی بملاوێنێتەوە تاکو هێمن ببمەوە و بێ ترس قسەی بۆ بکەم**

**- پرسی**

**- تۆ چۆن لەماڵ بوویت و هەستت بەهیچ شتێك نەکرد.....؟!**

**- وەك پێم گوتن من لەژووری خۆم بووم، لەسەرەوە.**

**لەقادرمەو نهۆمی دووەمی ڕوانی و پرسی:**

**- گوێت لەهیچ شتێك نەبوو...؟!**

**- ناڵێم هەر لە پەنجەرە تارماییی چوار پیاوم بینی، کەبەئەسپایی دەرگایان کردەوە و بەکۆڵان دا ڕایان کرد.......؟!**

**_ چۆن لە تاو ماڵ کەسێك بکوژرێت ، تۆ گوێت لە هاوارێك نابێت**

**من نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە، چونکە هیچ شتێکم نەبیستبوو، بەڵام (مالینا)، نانا(مارینا) هەڵی دایەو گووتی:**

**- مێردەکەم لە کۆتر دەچوو.....زوو زوویش وام پێ دەگووت......ئەگەر بەشەق و بۆکس لەنەرمەی سکیت بدایە، هاواری نەدەکرد، بەڵکو هەر لەناخەوە و بەبێدەنگی ئازاری دەچەشت.**

**ئەفسەر سەری بادا و پێی گوتم:**

**- کەواتە تۆ چوار پیاوت بینیوە.**

**- بەڵێ.**

**-بەڵام نازانیت شێوەیان چۆن بوو......؟!**

**- نەخێر، بەو تاریکییە نەمتوانی بەچاکی بیانبینم.**

**(مارینا) دیسان دەرفەتی هێنا و گوتی:**

**– وریا کاتێك لەژوورەوەیە دەرگا دادەخات بەتەواوەتی لەئێمە دادەبڕێت..... زۆر جار بەدەنگی بەرز بانگە دەکەم گوێی لێ نیە..........) ( گازینۆی مندالان ، ل ١١١ ، ١١٢ ).**

دوای ئەوەی ( سوهە ) هەواڵی ئەوەی پێدەگات ( وریا )ی برای مردووە ، بەخێرایی دێت بۆ گۆڕستان ، بەلام کاتێك ( وریا ) دەبینێت دڵی ئاسوودە دەبێ ، بەپێچەوانەشەوە دڵی ( وریا ) لەڕێگەی پرسیارەکانی توند دەکات ، وەرگر تا ئەو ساتەی ( سوهە ) دێتە لای ( وریا ) لەڕۆمانەکەدا هەست بەدیالۆگێك ناکات ، لەبەشی دووەمدا لەسەر زاری ( سوهە ) ئەنجام درابێت ، ئەمەش نەفەس درێژی ( وریا ) دەسەلمێنێ ، کەبەردەوام بووە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ، تاکو دەگاتە گۆڕستان و ( ئارون ) دەنێژن ، ئەم چەند مۆنتاژە لەو چەند گرتەیەدا لە دیالۆگی راستەوخۆی نێوانیان بەدەردەکەوێت :

**( – تۆ نەمردوویت**

**ئینجا زانیم تۆ هەواڵەکەت بەهەڵە پێ گەیشتووە.....بەردەوام دەتپرسی**

**– ڕاستم پێ بڵێ، وریا تۆ ماویت.........؟!نەمردوویت**

**– ماوم سوهە، ماوم.....باوەڕم پێ بکە نەمردووم**

**– ئەی کێ مردووە**

**نەمتوانی وەلامت بدەمەوە بەلام (مالینا)م ڕوانی، بڵێم لە(مارینا)م ڕوانی، کە هێشتا پشتی بەچێورمەکە دابوو، لەڕێگای ئەو ئاماژەیەوە تێگەیت ئەوسا پرسیت**

**– ئارۆن مرد**

**سەرم بۆ لەقاندیتەوە.........وازت نەهێناو پرسیت**

**– بەچی مرد**

**ئەمە ناخۆشترین پرسیار بوو، بەلام دەبوایە وەلامت بدەمەوە**

**– کوژرا**

**–کوژرا....؟ کێ کوشتی**

**– نازانم**

**–شتم لێ مەشارەوە، وەرە چۆن نازانیت کێ کوشتویەتی.......) (کازینۆی منداڵان ، ل١٢٩–١٣٠) .**

لەبەشی سێیەمی ئەم ڕۆمانەدا کارەکتەرێکی دی دێتە گۆ ، هەرگیز وەرگر لەبەشی یەکەم و دووەمدا نەیزانیوە خوشکی ( وریا و سوهە )بێت، خۆی وەکو خوشکی دەناسێنێ، بەڵام جێگەی سەرنجی وەرگرە، نەك خوشکیان بێت لەشیر ، بەڵکو خوشکیانە لەنەوەی ئەو مانگایەی کە ( وریا و سوهە ) بەخێویان کردووەهەروەکو دەڵێت :

**( من خوشکتانم.......، یەکەم ناوم (پەریهان)ە دووەم کچی (مەیسوون) و (حەمدی)م.....سێ یەم : مەبەستم لەمەیسوون ئەو مانگاسپییەیە کەبەمنداڵی ئێوەی بەخێو کردووە، تاکو ئێستاش بەدایکی خۆتان دەزانن، بگرە، بەڕاستیش دایکتانە) ( کازینۆی منداڵان ل١٩٥ ).**

سەبارەت بەقەرەباڵغبوونی شار ، گێڕەڕەوە وێنەی گرتەکانی ئەم قەرەباڵغییە و نائومێدبوونی خەڵکی شاری ( هەولێر ) لەبیری وەرگردا دەبەستێتەوە بەدوو هۆکار ، کەهەریەکەیان لەژیانی ئێستای وەرگردا بوونی هەیە، لەو گرتەیەدا ( پەریهان ) ، کاتێك باسی ( پەلکشان ) دەکات ، چۆن بەسەر قاندرمەکانی ماڵەوە دەکەوێت ، دوای هاتنە ژوورەوە بۆ ماڵی (پەریهان) زیاتر حەزی لەگووتەکانی ( شوعلە ئەلبەردی )یە ، هەروەکو لەم دیالۆگە ناراستەوخۆیەدا دەڵێت:–

**( زیاتر چێژت لەگوتەکانی (شوعلە ئەلبەردی) دەبینی چونکە وەك (بەهاران) ساردو سڕی لەتۆنی دەنگ و سەرنجەکانی پێشان نەدەدا ، ئەگەر چی هەرگیز ئەو گوتانە ئاراستەی ژیانتیان نەدەگۆڕی.....(بەهاران) دەیگوت لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا دوو جۆر مرۆڤ ڕوویان لەم شارە کردووە ، یەکەم: ئەوانەی لەو دەڤەرانەی خوارەوە موڵکیان زەوت کراوەو لێرە خۆیان گرتووەتەوە.......دووەم:ئەوانەی کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ ئەوەیان هێناون تاکو شوێنی کەسانی تر بگرن......ئەوانەی یەکەم بەهۆی ئەوەی تاك تاك و پەرش و بڵاون توانای گەورەیان لەوەدایە کاریگەری لەدەوروبەریان بکەن ، بەڵام ئەوانەی تر لەم شارە غەریبە پاڵ بەیەکتر دەدەن و دەست بەژیانی هاوبەشی خۆیان دەگرن......دەیگوت پلکتان لەجۆری یەکەمە.) ( کازینۆی منداڵان ل٢٢٣) .**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا )**

لە ڕۆمانی (**ئای لەڤیلیا لەڤیلیا** ) ی( کاروان عومەر کاکەسوور ) هەموو جۆرە دیالۆگێك هەستی پێدەکرێت و بەکارهێنراون ، بەشێکی زۆری دیالۆگەکان لەسەر زاری هەندێك لە کارەکتەرەکان هاتوونەتە بوون ، بە تایبەتی ( نەوال ، سیامەند ، شاسوار ، شازێ ، ... هتد ) ، ئەم دیالۆگە راستەوخۆیە لەسەر زاری ( نەوال ) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە ، بۆچوونێکی فەلسەفی قووڵ سەبارەت بە (ڕۆح و جەستە) دەردەبڕێت ، کە ( هالە )ی خوشکە گەورەی گوێی لێدەبێت سەری سوڕدەمێنێت ، ڕەنگە وەرگریش تووشی سەرسامی بێت لە گواستنەوەی ئەو دیالۆگەدا چونکە دیالۆگەکە لەگەڵ تەمەنی (نەوال) ناگونجێت ، بەڵکو ئەم دیالۆگە ئاوێنەی ژیانی نووسەرە ، نووسەر لە ڕێگەی (نەوال)ەوە دەری دەبڕێت هەروەکو دەڵێت :ـ

**(ـ ئاخ..! ! من چەند گوناحم ، کە هەم و گیانم لەبەرە..! !)**

**ـ چۆن نەوال تۆ هەست و گیانت لەبەرە بۆیە گوناهی ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٥٤ــ٥٥) .**

هەرچەندە ئەو بۆچوونەی ( نەوال ) بۆچوونێکی فەلسەفییە و وەرگر ناتوانێت بەئاسانی بڕیاری لەسەر بدات ، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەمجارەیان ( نەوال ) لەم بۆچوونەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە پەنا بۆ بوونی خۆی دەبات ، کە دەبێت خاوەنی ئیرادە و بۆچوونی تایبەتی خۆی بێت ، بۆیە وەرگر یەکسەر بیری بۆ وتەکانی دیکارت دەچێت ، کە وتویەتی:(( بیردەکەمەوە کەواتە هەم ))[١] ، بوونی مرۆڤ تەنیا لەچوارچێوەی ( گوناه ) نەبەستراوەتەوە ، بەڵکو بەهۆیەوە دەتوانێت ببێت بەکەسێکی چاکەکار ، لەبەرئەوەی (بوونی) هەیە ، کەواتە ناتوانێت بێ (گوناه) بژیت ، دەبێت بیربکاتەوە و ببێتە کەسێکی خوڵقێنەر ، هەروەکو لەم دیالۆگە ڕاستەوخۆیە دەردەکەوێت:

**(من هەم و دەتوانم بیربکەمەوە....! ! من هەم و دەتوانم خوڵقێنەربم....! !)** (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل ٤٥١)

لەدیمەنێکی تردا ڕۆماننووس دیالۆگێکی دوور و درێژ و پڕ لە فەلسەفە پێشکەشی وەرگر دەکات ، کە ڕابردوو و داهاتووی دەهێنێتە بەرچاو ، کە فەلسەفەیەکی قووڵ و واتایەکی جوان و درەوشاوە لەدیالۆگە ناڕاستەوخۆیەکە بەدی دەکرێت ، هەست بەهاتنە ناوەوەی دەنگی ڕۆماننووس دەکرێت ، کە لەبری ( ست هالە) دەدوێت ، دڵی ( شازە ) دەداتەوە ، بەبۆنەی ئەوەی تاکو ئێستا خودا منداڵی پێنەبەخشیوە ، بۆیە (شازە) هەمیشە گلەیی لە بەختی نەگریسی خۆی دەکات ، ( ست هالە )ش بەردەوام دڵی دەداتەوە ، ئەگەر

[١] ـرێنێ دیکارت ، بنەماکانی فەلسەفە ، و: شاهۆ عوسمان لە عەرەبییەوە کردوویەتیی بە کوردی ، ناوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی ، سلێمانی ، ٢٠١٥ ، ل ٧٣ .

منداڵی نەبووە دیارە خێری پێوەیە ، بۆیە خودا پێی نابەخشێت ، لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەگەر خودا پێی بەخشی بووایە ، لەجەنجاڵی ئەم ژیانە چ واتایەك و گرنگییەکی دەبوو ، لێرەدا وەرگر لەڕێگەی مۆنتاژی دیالۆگی نووسەرەوە هەست بە خستنەسەریەکی وێنەکان دەکات ، لەم گرتانەدا بەرچاو دەکەون:

**( تۆ دەتەوێ پێمان بڵێی کە زۆر داماو و گوناهیت ، کەوا بۆ هاتنە دنیای مرۆڤێك ئازارت چەشتووە ، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاگات لێبێت ، باسی تاوانی خۆت دەکەیت... تۆ تاوانباری شازە... هێنانەدی بەداخەوە شازە من وامدەزانی تۆ تاقە کەسی پاکی و تاوانی کوشتنی هیچ کەسێکت لەئەستۆدا نییە.... وانەبووشازە وانەبوو.. من بەهەڵە لێت تێگەیشتبووم چاوەکەم ... تۆ بکوژیت خۆشەویستم... تۆ تاوانباری ڕۆحەکەم....تۆ ویستووتە کەسێك بخولقێنیت و تەمەنێکی کورتی پێ ببەخشیت .... تەمەنێکی کورت و بێدەستەڵاتی وا ، کە لەئاستی مردندا ئەوەندە دەستەوستانە ، بەبێ پەلەقاژە خۆی بەدەستەوە بدات و لەژێر قاچیا بەبێ جووڵە ڕادەکێشێت... بەداخەوە شازەکەی ڕۆحم ناخی باوەڕم بەتۆش نەما گوڵم .... تۆش تاوانبارێکی بێدەستەڵاتیت ئەی ئەو ژنەی تا کەمێ لەمەوبەر بەفریشتەم دەزانیت و وام دەزانی ناو دڵی تۆ پاکترین شوێنی سەر ڕووی ئەم زەمینە بۆگەن و قێزەوەنەیە.....) ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل ١٥٨)**

دوای ئەوەی ( شازە ) بڕوای بەقسەکانی ( ست هالە ) نییە و بگرە هەمووی ڕەتدەکاتەوە، بۆیە ( ست هالە ) بەردەوام دەبێت لەسەر وتەکانی بەشێوەیەکی دیکە پێیدەڵێت ژیانێك مردنی لەدواوەبێت واتای چی بە ئێمە دەبەخشێ ، دواجار هەموو چەمکە دژیەکەکانی ( مردن و ژیان، باش و خراپ، .....هتد). بێ واتا دەمێننەوە نابێت مرۆڤ تەنانەت یەك دڵۆپ فرمێسك بڕێژێت ، بۆ هەموو ئەو خەمانەی بەسەری دێت ، بەڵکو دەبێت دژی بوەستێت و ئاسوودەیی بەناخی خۆی ببەخشێ ، هەروەکو دەڵێت:

**( مرۆڤ ڕابردوویکی بەسەرچووە شازە گیان... ڕق و خۆشەویستی لەئاستی مەرگدا هەمان شتن گوڵم .... ژیانی ئێمە وەکو ئەو داستان و چیرۆکانە وایە ، کە باس لە سەردەمە زووەکان دەکەن.... ئەو پاڵەوانانەت خۆشدەوێن ، .... حەز بە سەرکەوتنی ئەمان و دۆڕانی ئەوان دەکەیت، بەڵام هەر هەموویان مردوون مردوو شازەکەم.... ئەنجام هەر ئەنجامە ... چاك و خراپ.... جوان و دزێو... ئاسوودە و خەمبار... ئازا و ترسنۆك...) ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل ١٥٩).**

## تەوەری سێیەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ

### یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی تیۆری :

مۆنۆلوگ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمان و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێش خستن و پرۆسەی گێڕانەوەی دەقەکەدا هەیە ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دڵ و دەروونی کارەکتەرەوە هەیە ، مۆنۆلۆگ جۆرێکە لە گێڕانەوە ، تیایدا ئەزموونەکانی ناوەوە و سۆزی کارەکتەرە جیاوازەکان لە ئاستە جیاجیاکانی زەین بەر لە دەربڕین دەنوێنێت ، گوزارشتکردنە لە ناخ لە ساتێکی تایبەتدا ، ڕۆماننووس بە مەبەست خستنەڕووی نهێنییە شاراوەکانی دەروونی کارەکتەر بەکاری دێنێت ، تا وەرگر هەست بە قوڵایی ناخی کارەکتەر بکات و لە ڕاز و تێڕوانین و بۆچوونەکانیان شارەزا بێت ، واتە مۆنۆلۆگ (( ئەو تەکنیکەیە ، کە باری دەروونی کارەکتەر و کردارە دەروونیەکانی – کەم و زۆر – بەبێ قسەکردن دەخاتەڕوو، چونکە مۆنۆلۆگ تەنیا خستنەڕووی ناواخنی هەستە پێش قۆناغی تەواوبوون و دەربڕین ))[1] ە ، کە دیوی ناوەوەی کارەکتەر بە زیندوویی نمایشدەکات ، لەو ساتانەدا هەرچەندە کارەکتەر لە جیهانی ناوە و داخراوە، دابڕاوە لە واقیع ، بە پێچەوانەوە هەڵوێست لە ئاستی بڕیار و کێشە و ململانێکان وەردەگرێت ، لە مۆنۆلۆگدا کارەکتەر بەهیچ جۆرێك پابەند نابێت بە ڕیزبەندی کات لە ( ڕابردوو بۆ ئێستا و دواتر بۆ داهاتوو ) ، بەڵکو جۆرێك لە تێکشکاندنی کاتی تێدایە ، ڕەنگە لە ڕابردوو بگەڕێتەوە بۆ داهاتوو دواتر بەرەو ئێستا هەنگاو بنێت ، تێکەڵکردنی کاتی ڕووداوەکان لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە ڕێکخستنی ڕووداوەکان ، هەرچەندە سیستەمی کات تێیدا شکاوە ، لە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی مۆنتاژ ئەو سیستەمە ڕێکدەخرێت ، چونکە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە هۆکارێکە بۆ ئەوەی وەرگر هەست بە ماندوبوون و بێزاری نەکات ، لە کاتی نمایشکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ، ئەمەش پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و مۆنۆلۆگ دەخاتەڕوو ، کە ((سروشتی مۆنۆلۆگ زەمەنی هەستی هەڵدەمژێ هەروەك جولەیەکی هاتووچۆکەریشە لە شوێنکاتدا ، جگە لەوەی لە ڕووی پاڵنەرە دینامیکیەکانیشەوە بەتاڵە، واتە لە کردار و ڕووداوە ڕاستەوخۆکان))[2] .

هەرچەندە ڕووداوەکان بەهێزتر بن ، هێندە وەرگر کاریگەری ڕووداوەکانی لەسەر دەمێنێتەوە ، پارچەبوونی ڕووداوەکان ، وەرگرتنی هەڵوێست لەسەریان لەلایەن کارەکتەر و نمایش کردنی هەڵوێستەکانیان خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە مۆنتاژی مۆنۆلۆگی ، کە لە شوێن و کاتی جیاجیادا هەڵوەستە دەکەن ، لە (( مۆنتاجی کات و مۆنتاجی شوێندا دەستێوەردانی چیرۆکنووس پێویست نییە و پاڵەوان خۆی لە ڕێی مەنەلۆجەوە جێ بەجێیان دەکات ))[3] ، کەچی شێوە و جۆری مۆنۆلۆگەکە چۆنیەتی مۆنتاژی بەکارهاتوو دیاری دەکات ،

---

١– د.عدنان خالد عبدالله ، النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص١٣٠ .

٢– ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠ – ١٩٨٠) ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ، ١٩٩٧، ل١٩٩ .

٣– زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی، ل٤٣ .

چونکە زۆرجار کارەکتەر لە سنووری سایکۆلۆژیای خۆی دەیەوێت لە سنورەکانی خەیاڵ و نەبوون و یا بوونە نادیارەکان نزیك بێتەوە ، ئەم کردارانەش زیاتر لەلایەن گێڕەڕەوە ئەنجامدەدرێت ، تاکو وەرگر هەست بە ڕاڕایی و نیگەرانی دەروونی کارەکتەر بکات یا بۆ ڕێکخستنی بیر و بیرۆکەکانی تاکو داهێنان بەرهەم بهێنێت لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ، پێویستە وەرگر ئەو پەیوەندییە زیندووانە بدۆزێتەوە ، کە لە نێوان سنوری ( خەیاڵی و واقیع ) بوونی کارەکتەردایە .

مۆنۆلۆگ (( دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزایی خودە بەرانبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان ڕاسترین و واقعیترین دەربڕینە ، ناتوانرێ بە ئاشکرا و پڕ بەدەم هاوار بکرێ و دەرببڕدرێ ))[1] ، دەربڕینی حەزە چەپێنراوەکانی کارەکتەرە ، بەم شێوەیە گوزارشت لە بیرە تایبەتییەکانی خۆی دەکات و وەرگر ئاشنای دەبێت ، هیچ سنوورێك و پایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی نییە ، ڕۆماننوس ناتوانێت تێکەڵاوی هەستی کارەکتەر بێت ، لە بەهۆی ڕاڤە و سەرنجەکانی خۆی . مۆنۆلۆگ ئەو کاتە سەر هەڵدەدات ، کە دیالۆگ نەتوانێت بە ئەرك و رۆڵی خۆی هەڵبستێ ، بۆیە ڕۆماننووس پەنا بۆ ئەم تەکنیکە دەبات پچڕ پچڕکردنی مۆنۆلۆگ لە نێو ڕووداوەکاندا لە کات و شوێنی جیاجیادا ، لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە دەکرێت ، کەواتە هەموو ئەو دەربڕینانەی لە ناخی کارەکتەردا دەگوترێن ، بەبێ دەنگی و شاراوەیی ، دەبنە هۆی پچڕاندنی ڕووداوەکان لە کات و شوێنی جیادا ، زەینی وەرگر دەخەنە سەر ئەو گوتراوە بێدەنگیانە پێی دەوترێت تەکنیکی مۆنتاژی مۆنۆلۆگی ، لەم تەکنیکەدا زیاتر (( هەستی ناوەوەی کارەکتەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چ هەستێکی ڕاڕا و لە یەکترازاویان هەیە کە پەیوەندیان بە باری دەروونی کارەکتەرەوە هەیە ))[2] ، جیهانی نەبینراوی ناخی ئەومان بۆ دەخاتەڕوو ، کە خاوەنی چ ویژدان و دەرونێکە .

بە شێوەیەکی گشتی مونۆلۆگ دەکرێت بە دوو جۆر :

١- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ ٢- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ .

**<u>یەکەم : مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ</u>** ، یەکێکە لە جۆرەکانی مۆنۆلۆگی ڕۆڵی هەیە ، لە زیندوکردنەوەی ڕووداوەکانی نێو دەقەکە ، لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆی دەدوێنی ، بێ ئەوەی هەست بە بوونی دەسەڵاتی نووسەر بکرێت ، (( ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە ، گرینگی بەدەست تێوەردانی نووسەر نادات و واش دادەنێت هیچ گوێگرێك لە ئارادا نییە ))[3] ، ئەم مۆنۆلۆگە ڕۆماننووس دروستیکردووە ، لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەو نییە ! ، بەڵام گوێ بە گوێگر نادات ، ئەمەش ڕاست نییە لەبەرئەوەی ( ڕۆماننووس و شانۆ

---

١- پەری ساڵح حەمید موفتی، گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ساڵی ٢٠١١ ، ل١٩٠ .

٢- پەروین عبدالله، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ ، ل٨١ .

٣- روبرت همفري ، تيار الوعي في الرواية الحدثية ، ص٤٤ .

نووس و سیناریۆ نووس و چیرۆكنووس ) بۆ ( بینەر و خوێنەر و گوێگر ) دەینووسن ، بەڵام بە پێی دنیا بینی خۆیان نەك وەرگر .

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا كارەكتەر بە جێناوی لكاو ( م )ی یا جێناوی كەسی سەربەخۆی ( من ) یا جێناوی خۆیی ( خۆم ) قسە لەگەڵ خودی خۆی دەكات ، هیچ بایەخ و گرنگیەك بۆ وەرگر دانانێت ، تەنانەت هیچ گرنگیەك بە كەسانی دەوروبەری خۆی نادات ، لەبەر ئەوەی ڕۆمان كۆمەڵێ ڕووداو و بەسەرهاتی چەند كارەكتەرێك دەگێڕێتەوە بۆیە دەبێ بایەخ بە گۆشەنیگای ئەو حەكایەتخوان و كارەكتەرانە بدرێت لە ڕوانگەی ئەوانەوە پڕۆسەی ئەو گێڕانەوەیە جێبەجێ بكرێ ، بۆیە زۆرجار ڕۆماننووس لە بەكارهێنانی ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەدا ناتوانێت بەهیچ جۆرێك دەست بخاتە نێو هەست و نەستی كارەكتەرەكان كە لەڕێی مۆنۆلۆگەوە هەستی خۆیان بۆ وەرگر نمایش دەكەن . پێوەندی نێوان مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و تەكنیكی مۆنتاژ لە ڕۆماندا ، پێوەندییەكی دوو لایەنە هیچیان بێ ئەوی دی یەكتر تەواو ناكەن ، هەمیشە لەگەڵ یەكدی ، یەكدی تەواو دەكەن ، ڕۆماننووس دەبێت ئەو تەكنیكە زۆر بە لێزان و شارەزایی لەگەڵ مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بەكاربێنێت ، بە جۆرێك كاتێك كارەكتەر لە هەست و بیری خۆی دا شتێك دەدركێنێ ، زۆرجار پێوەندی بە ڕووداوەكەی ئەوكاتی نێو ڕۆمانەكەی نییە ، وەرگر لە كاتی (خوێندنەوەی یا بیستنی ) هەستی كارەكتەرەكان یەكسەر واز لە ڕووداوەكان بهێنێ و بیری بۆ لای هەستی كارەكتەرەكان بچێت ، بێ ئەوەی هەست بە پچڕان و نەمانی ڕووداوی بەر لە دروست بوونی مۆنۆلۆگەكە بكات ، كەواتە پچڕانی ڕووداوەكان و گواستنەوەی بیر و تێڕوانینی وەرگر بۆ نێو مۆنۆلۆگ و لە ڕێگەی مۆنتاژەوە دەكرێت .

كارەكتەر لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا زیاتر باس لەو بەسەرهاتانە دەكات ، كە لە ڕابردوو ڕویانداوە تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو یا دەیەوێت لە ڕێگەی پێشخەرییەوە بۆچوونێك بۆ ڕووداوێك بخاتە ڕوو ڕەنگە لە ئایندەدا ڕووبدەن ، زۆر كەم لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا هەست بە باسكردنی ڕووداوێك دەكرێت ، لە كاتی ئێستا ڕوبدات .

بەكارهێنانی تەكنیكی مۆنتاژ لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا بەشێكە لە دروست بوونی ئاڵۆزی و گواستنەوەی زەینی وەرگر بۆ نێو جیهانی ئەو ڕووداوانەی ڕەنگە لەنێو ڕۆمانەكەدا باس نەكرابن ، بەڵام ئەو زمانەی بەكاریدێنێت (( سادە و ساكار و دوور لە ئاڵۆزیی و لێڵی بێت و ڕستەكانی دوور و درێژ و بێزاركەر نەبن، بەمەش سەرنجڕاكێش و بەتام و بەچێژ دەبێت ))(١) ، واتە جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان ئاڵۆزیی و گواستنەوەی زەینی وەرگر و زمانی مۆنۆلۆگەكەدا هەبێت بونی ئاستی جیاواز لە مۆنۆلۆگ دەگەڕێتەوە بۆ خودی كارەكتەرەكان لە ڕووی پابەندی كۆمەڵگە و كۆمەلایەتی .

---

١- د. پەری سالح موفتی ، گێڕانەوە لەچیرۆكەكانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل٣٩ .

هەندێك لە شارەزا و ڕەخنەگران و لێكۆڵەرانی بواری ئەدەب ، مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بە كردەیەكی لاواز لە قەڵەم دەدەن دەڵێن (( بوونی ئاستی جیاواز پێنەگەیشتنی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕووی دەربڕینەوە بەو مانایە دێت ، كە ئەم مۆنۆلۆگە كەم و كورتی تێدایە ))[١] ، بەڵام هەرگیز ئەوە ڕاست نییە ، مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ هونەرێكی كاملە و هەرچەندە لە كەم و كورتیش بەدەر نییە ، چونكە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە شوێنێك هەڵدەقوڵێ تەنیا كارەكتەر لە خودی خۆی دەدوێت كە لەناخیدا بوونی هەیە و هیچ كەسێك دەستی پێناگات . پێوەندی نێوان مۆنتاژ و مۆنۆلۆگ لەو ساتەدا دیاردەكەوێت ، كە هیچ هونەرێكی دی ناتوانێت بەو شێوە و قوڵییە لەو شوێنەدا ئەو ئەركە بنێت و ڕووداوەكان ڕیزبەندی بكات .

<u>**دووەم : مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ**</u> ، ئەم مۆنۆلۆگە زیاتر پێوەندی بە تەكنیكی مۆنتاژەوە هەیە ، چونكە لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا كارەكتەر لەڕێگەی جێناوی سەربەخۆی كەسی ( من ) و جێناوی لكاوی( م ) گوزارشت لەناخی دەكات ، واتە وەرگر بەئاسانی دەزانێت ( من ) واتا كارەكتەر ، كارەكتەر بیروڕای خۆی یا بەسەرهاتێك دەڵێت ، كەچی لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا وەرگر زۆرجار نازانێت پاڵەوان و كارەكتەرەكان كێن یا چۆن سەریان هەڵداوە ، ڕۆماننووس زیاتر دەسەڵاتی بە سەر ناخی كارەكترەكان هەیە ، لەبەرئەوەی ڕۆماننووس لەڕێگەی بەكارهێنانی جێناوی كەسی سەربەخۆی ( دووەم و سێیەم )ی تاك و كۆ ، یان جێناوی لكاوی ( دووەم و سێیەم )ی تاك و كۆ بیروڕای كارەكتەرێك یا كۆمەڵە كارەكتەرێكمان بۆ دەخاتەڕوو ، واتە ڕۆماننووس ڕۆڵی لەخستنەڕووی دەروونی كارەكتەرەكان هەیە ، كە لەڕێگەی كارەكتەرێك پێشكەش دەكرێت ، لەو جۆرە مۆنۆلۆگەدا ڕۆماننووس گێڕەڕەوەیەكی هەمووشتزانە ، زۆرجار دەست دەخاتە ناخی كارەكتەرو ئاڵوگۆڕی لەنێوان خودی كارەكتەر و بۆچوونەكانی دەخاتەڕوو.

پەیوەندی تەكنیكی مۆنتاژ بەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ، پێوەندییەكی تۆكمە و بەهێزە ، زیاتر وەرگر دەخاتە گومان بیركردنەوە ، چونكە ڕۆماننووس لەڕێگەی كارەكتەرێكەوە ناخی كارەكتەرێكی دی دەخاتەڕوو ، بێ ئەوەی كارەكتەرەكە ئاگاداری بێت ، كەواتە مۆنتاژ لەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا زیاتر گوتارێكە گێڕەڕەوە دەیڵێت و بیرو بۆچوون و هەستی ناخی كارەكتەرەكانمان بۆ دەخاتەڕوو .

ڕۆماننووس (( گوزارشت لەژیانی ناوەوەی كەسایەتییەكان دەكات ، بەلاساییكردنەوەی زمانی تایبەتی خۆیان ، ناوەڕۆكی بیرە گواستراوەكان بۆ خودی كەسایەتییەكە دەگەڕێتەوە، لەهەمان كاتدا داڕشتنەكە دەدرێتە پاڵ گێڕەڕەوە))[٢] ، ئەو كرداره ئاڵۆزە و قسەكردن لەسەر ژیانی ناخی كارەكتەری نێو دەقەكە

---

١ – سەنگەر شێخ محەمەد حاجی ، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین ) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەكان ) ی بەختیار عەلی دا ،چاپخانەی خانی (دهۆك ) ، ٢٠٠٩ ، ل ٢٤٢ .

٢– مجموعة من المؤلفين، معجم السرديات ، دار محمد على للنشر ، تونس ، ٢٠١١ ، ص٤٣٩ .

ئاسان و بەجێ نییە ، لەبەرئەوەی (( وشەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ کەسایەتییەکان دەگەڕێنەوە، بەڵام نووسەر لەکاتێکی ڕابردوودا تۆماریان دەکات، لەڕێگەی جێناوی کەسی نادیارەوە))[١] ، شێوازی ڕێکخستنی دەروونی کارەکتەرەکان لەگەڵ بیر و بۆچوونیان و تێکشکاندنی زنجیرەی کات و شوێن لە ڕووداوەکان ، پەیوەستن بە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ ، کەواتە تەکنیکی مۆنتاژ لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا ، هۆکارێکە بۆ پچڕاندن و تێکشکاندنی زەمەن و کاتی ڕووداوەکان لەبیری وەرگردا ، دووبارە لکاندنی ئەو ڕووداوانەی ، کە پەیوەست و پەیوەست نین بەڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە.

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا بەهۆی تەکنیکی مۆنتاژەوە ، ڕۆماننووس دەبێتە گێڕەرەوەی هەمووشت زان یا هەمان شت زان زیاتر باڵا دەستی بەسەر بیرکردنەوە و ناخی کارەکتەرەکان دەگرێت ، لەدەربڕینی بیر و بۆچوون و گوزرشت کردنیان ، بەجۆرێك وەرگر دەتوانێت بەئاسانی ناخی ئەو کارەکتەرانە بناسێتەوە ، کە ڕۆماننووس لەڕێگەی کارەکتەرێکی دی باسی دەکات ، ڕەنگە باسی هەندێك کارەکتەر بکرێت وەرگر نەزانێت ئەو کارەکتەرە بوونی لەکوێ یە و لەکوێ کۆتایی پێ دێت ، کەچی لەدوای ( خوێندنەوە یا بیستنی ) ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و ناخی کارەکتەرەکە ، ئینجا بۆی دەردەکەوێت کارەکتەرێکی چۆنە ، بەم شێوەیە لەم جۆرە مۆنتاژەدا زیاتر وەرگر ماندوو دەبێت لەدۆزینەوەی ناخی کارەکتەر ، چونکە کارەکتەرێك هەڵدەستێ بەگواستنەوەی ناخی کارەکتەرێکی دی یا کۆمەڵە کارەکتەرێك ، تاکو وەرگر لەتێڕوانین و بۆچوونەکانیان بگات .

ڕۆماننووس لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە لایەنی دەروونی سایکۆلۆژی کارەکتەرمان بۆ ئاشکرا دەکات ، هەرچەندە بەشێوەیەکی بەرچاو نەبۆتە هۆی پێشکەوتنی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ، بەڵکو بووە هۆی سست بوونی ڕووداوەکان و تێکشکاندن و پچڕاندنی کات و زەمەن لەنێو خودی ڕۆمانەکە ، لەگەڵ ئەمەشدا مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ مۆنۆلۆگدا کردووە ، لە هەندێك مۆنۆلۆگ دا جۆرێك تێکەڵاوی هەستی پێدەکرێت ، کەچی ئەوەی زیاتر وەرگر بەرەو خۆی کێش دەکات و گێڕانەوەکەی بەرەو پێش بردووە لەزۆربەی ڕۆمانەکانی دا ، یادەوەرییەکانی ڕووداوی ڕابردووە ، لە کاتی ئێستای گێڕانەوەی ڕۆمانە ، یا پێشبینی کردنی هەندێك ڕووداوە ڕەنگە ڕووبدەن پچڕان و تێکشکاندنی هەستی کارەکتەر لەساتە تایبەتی و جیاوازەکان ، گواستنەوەی زەینی وەرگر بۆ ناخی کارەکتەرەکان لکاندنیان بەڕووداوەکان لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەکرێت.

---

١- بول ريكور ، الزمان و السرد ، الجزء الثاني ، ت: فلاح رحيم ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، ٢٠٠٦ ، ص١٥٦ .

**دووەم :پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ ، پراکتیزەکردنی لەڕۆمانەکانی ((کاروان عومەر کاکەسوور ))دا**

لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور )، ئەم هونەرە تا ئاستێکی ناوەند بەکارهاتووە ، بەڵام لەهەموو ڕۆمانەکانیدا بەیەك جۆر و شێوە و ئاست بەکارنەهاتووە ، بەڵکو بەپێی ناخی کارەکتەرو هەڵوێستی کارەکتەر بەرانبەر ڕووداوەکان دەگۆڕێت ، ڕۆماننووس ئەو ساتە پەنای بۆ هونەری مەنەلۆگ بردووە ، کە پێویست بووە وەرگر زانیاری دەربارەی ڕووداوەکە و ئاڵۆزی هەڵوێستی کارەکتەر هەبێت ، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆماننووس لەزۆربەی ئەو شوێنانەی ئەم هونەرەی بەکارهێناوە ، ئەوا کات و شوێنی ڕووداوەکان تێکدەشکێنێ و بیروڕای خۆی دەربارەی ڕووداوێك دەخاتە ڕوو ، ڕەنگە لەخزمەتی ڕووداوی نێو ڕۆمانەکە بێت یا بەپێچەوانەشەوە.

لەبەکارهێنانی مۆنۆلۆگدا ڕۆماننووس بیر و زەینی کارەکتەر بۆ ئەو ڕووداوانە دەبات، ڕەنگە لەداهاتوودا ڕوودەدەن، یا بەپێچەوانەوە هەڵوێستی خۆی دەخاتە کار بۆ ڕووداوێك کە زەمەنێکە ڕوویداوە، پچڕان و دروستکردنەوەی پێوەندی لەنێوان خودی کارەکتەر و ڕووداوەکان دواتر گواستنەوەیان بۆ بیری وەرگر بەشێوەیەکی دروست ، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، کە کارەکتەر لەدەروونی خۆی لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە .

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی ( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان )**

لەسەرەتای ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ڕۆماننووس پەنای بۆ ئەم هونەرە بردووە ، تاکو لەڕێگەی درکاندنی چەند ڕاستییەکی ناخی ( ئامانج ) وەرگر بگەڕێنێتەوە بۆ بوونی هەندێك ڕووداو ، کە لەنێو ڕۆمانەکە باس نەکراوە ، فرێدانی چەك لەلایەن ( ئامانج ) و شپرزەیی باری دەروونی ( ئامانج ) ، هۆکارن بۆ دروستی وێنەی جیاواز و گوزارشتی جیاواز لەسەر ئەو کارەکتەرە ، ڕۆماننووس هەوڵیداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە ڕووداوەکان لەکاتی ئێستادا ڕابگرێت و زەینی وەرگر بەهەڵوێستی کارەکتەر ئاشنابێت ، وەرگر هەر لەسەرەتاوە گێڕەرەوە وەکو کارەکتەری سەرەکی دەبینێت ، شپرزەیی ناخ و نەبوونی ئیرادە و ویستی کارەکتەر بریتین لەنەبوونی متمانە بەڕابردوویەکی تاڵ و تێکشکاندنی کەسایەتی کارەکتەر لەناخەوە ، تا ڕووی گوتارەکانی ئاراستەی دەوروبەر دەکات ، تۆ بڵێی ئەو ( چەکە ) ی لەدەستی دایە هۆیەکی سەرەکی بێت بۆ ئەم تێکشکاندنە ڕۆحیە؟، ئەگەر وانییە بۆچی فرێی نادات ؟ ، کارەکتەر لەدەستپێکی ڕۆمانەکەیدا بوونەوەرێکی بێ ئومێدە و حەزدەکات لەباوەشی سروشتی هێمن و فراوانی زەمیندا بەئازادی بژیت و مافی ژیانێکی ئازاد و ناوێکی تایبەت بەخۆی هەبێت ، ببێت بەمەیموونەکەی جاران ، لێرەدا وەرگر وا دەزانی کارەکتەر مەیموونێکە یا وێنەی مەیموون لەناخیدا دەکێشێت ، کەچی گێڕەرەوە بەسوود وەرگرتن لەتەکنیکی مۆنتاژ ، وەرگر بەرەو هەڵە دەبات و دواتر لەکاتی ( خوێندنەوەی یا بیستنی) ڕووداوەکانی

ڕۆمانەکە دەزانێت ، کارەکتەر ئەو مەیموونە نییە ، کە لە فەرهەنگی ئاژەڵاندا هەیە، بەڵکو مانایەکی دی هەیە ، کە سەرەتای دەستپێکی ژیانە و دەتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات ، ڕێچکەی هەموو کۆسپەکان لە ناو ببات ، کە هەوڵی شێواندنی ناخی دەدەن ، ئیدی بۆچی ئەم کارەکتەرە قسە بۆ ناخی خۆی دەکات ، وەرگر تەنیا لەڕێگەی زەینییەوە ئامادەبوونی هەیە ، ئەمانە هەمووی دەستپێکی ڕۆمانەکەن ، دواجار وەرگر بەناچاری خۆی دەخزێنێتە نێو ململانێکان ، تاکو بینێکی قوڵتر تێدا بەرجەستە بێت ، بە واتایەکی دی ((کت و پڕی بە چیرۆك دەبەخشێت ))[1] ، هەروەکو لەم مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆیەدا دەڵێت:

**(بەڵێ من لەمڕۆوە مەیموونەکەی جارانم ...... هەر ئەوەم و بۆ خۆتان هەروەکو ئەوسایش بە مەیموون بانگم بکەن چەکەکەیشم فڕێ دا.....نا ، فڕێم نەدا.... ئەگەرچی دەبوایە فڕێی دەم بەلام وام نەکرد........ ڕەنگە ئەوسا بەخۆم گوت بێت: ( تۆیەکی مەیموون لەکاتێکی ئاوادا بۆ ئەوەی چێژ لەترس و شەرم ببینیت قوڵتر هەست بەناخت بکەیت، دەبێت لەدەم و چاوەکان بڕوانیت) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٨).**

بەهۆی هەبوونی مۆنۆلۆگەوە ، هەر وشەیەك کە لەناخی کارەکتەرەکان بەبێ دەنگی دەردەبڕدرێن ، لایەنێکی ئیستاتیکی تایبەت بەخۆی هەیە ، مەبەست لەلایەنی ئیستاتیکی ئەو کاریگەریە بەردەوامەیە ، کە وشەکان لەسەر کارەکتەرەکان بەجێیدەهێڵن ، بێگومانیش وشەکان خاوەنی چوارچێوەیەکی پڕ لە واتان و لە ئاکامی بۆچوونێك دەربڕدراون. گێڕەرەوە هەوڵدەدات تێکەڵاویەك لەناخی کارەکتەر و ئەو ڕووداوەی کە کارەکتەر لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە دەیپچڕێنێت دروستی بکات ، بەدوای یەکداچوونی بیرکردنەوەی وەرگر بۆ وێنەکێشانی ئەو پچڕانی ڕووداوە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەبەکارهێنانی مۆنتاژ ، چونکە ڕووداوێك دەپچڕێت و ڕووداوێك دێنێتە شوێنی ، دوورە لە حەقیقەتی ڕووداوێك ، کە وەرگر لەخەیاڵیدا وێنەی بۆ کێشاوە ، هەرچەندە مۆنۆلۆگەکە بەرهەمی بیرکردنەوەی کارەکتەرە ، کەواتە (( مرۆڤی قسەکەر و قسەکەی بەرهەم و ماددەی بیرکردنەوەن ))[2] ، کاتێك کارەکتەر لەگەڵ ناخی دەدوێت و ماددەی بیرکردنەوەی بێت ، ئەوا گێڕەرەوە لەچەندین شوێندا پەنای بۆ تەکنیکی مۆنۆلۆگ بردووە و وێنەی جیاوازی دروستکردووە ، بەشێوەیەك ڕووداوەکان دەپچڕێنێت و گرتەی نوێ دەخاتە شوێنی بۆ ئەوەی وەرگر هەست بەخێراییان نەکات ، (( ئەرکێککی تری مۆنۆلۆگ ئەوەیە ، کە زۆر چڕە و وردەکاری زۆری تێدایە لە دروستکردنی دەلالەتکردن لە ناوەوەی پاڵەوان ))[3] ، لەشوێنێکدا گێڕەرەوە باس لە ( دایە ڕوقیە ) ی خێزانی مەلا دەکات ، هانای هێناوە بۆ ( ئامانج ) ، کە کچەکەی لەگەڵ ( عیمادی مەرجان تیاترۆ ) ڕۆیشتووە ، ( ئامانج ) سەرەتا وا

---

[1]– ليون سرمليان ، تقنية الرواية تيار الفكر والحديث الفردي الداخلي، ت : د.عبدالرحمن محمد رضا ، مجلة الثقافة الأجنبية ، العدد الثالث، سنة الثانية– خريف ١٩٨٢ ، ص٨٦.

[2]– ميخائيل باختين ، الكلمة في الرواية ، ت: يوسف حلاق ، منشورات الوزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٨ ، ص ١٣٣.

[3] – خالد سهر محي الساعدي ، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ( ١٨٧٠ – ١٩٣٩ ) ، رسالة ماجستر ، جامعة البصرة ، ١٩٨٩ ، ص ٩٣ .

دەزانێت ئەوجارەش بۆ مەسەلەی (عومەر)ی کوڕی هاتووە، بەڵام ئەوجارە جیاوازە لەجاران بۆ مەبەستێکی دی دێت ، بۆیە ( ئامانج ) بەسەرسوڕمانەوە لەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیەدا دەڵێت :

**(( ئەگەرچی قسەکانی زۆر ڕۆشن بوون ، بەڵام هیچیان لێی تێنەدەگەیشتیت یەکەمجار بوو بزانی یەکێك لە کچەکانی ناوی ( ئیمان )ە... باشە ئەوێك لەهەموو ژیانیدا بەردەرگای حەوشەی نەبینیوە چۆن بڕیاریداوە ماڵ جێ بهێڵێت و ڕووی لەکوێ کردووە...!؟. دایە ڕوقیە وەك بڵێی ناخی تۆی خوێندبێتەوە، گوتی:- من بۆیە بۆ لای تۆ هاتووم، چونکە ئێستا تۆ بۆمن لەشوێنی عومەریت.... دەزانم وەکو چۆن لەمەسەلەی عومەر یارمەتیم دەدەیت، لەمەش دریغی ناکەیت...)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل ١٣٧)** ،

کەچی ڕۆماننووس گرتەی ڕووداوەکە دەگوازێتەوە سەر بیری (ئازاد) کە لەناخیدا پرسیاری زۆر دەوروژێنێت، بۆچی ( شێرزاد ) هێندە بەدوای ( دلارام )ە ، لەکاتێکدا سامیەخان لە ( دلارام ) جوانترو بەرچاوترە ، هەروەکو دەڵێت:**(بۆساتێك بیرت دەکردەوە، کەمادام شێرزاد لەگەڵ ئەو کچانە ڕێکە، ئەی بۆچی پەیوەندی دڵداری لەگەڵ یەکێکیان دانامەزرێنێت و یەخەی (دلارام)بەرنادات...!؟یان ئەگەر وەك خۆی دەڵێت بۆیە (دلارام)ی بەدڵە، چونکە ژنێکی تەواو و پێگەیشتووە، خۆ ئەوەتا (سامیەخان)یش ڕەنگە هەریەك دووساڵێك لە دلارام گەورەتربێت، هەتا ئێستاش نەك هەر وێنەی کچێکی جاحێڵ و جوان وکەشخەیە، بگرە بەشی خۆی ئاگای لەدنیایە وهەڵس وکەوتیشی زۆر سەردەمیانەیە.... ئاوڕت دایەوە قوڵتر سەرنجت لێی دا... هەست دەکرد وردە وردە دەچێتە دڵیەوە.....)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل١٧٢-١٧٣).**

گێڕەڕەوە لەسەرەتای ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا ، کارەکتەرێك بەناوی ( ئاواز ) دێتە نێو ڕووداوەکان ، وەرگر وا دەزانێ مێیە، چونکە ناوی ( ئاواز ) زیاتر بۆ مێ بەکاردێت ، کەچی لەو ڕۆمانەدا بۆ ڕەگەزی نێر بەکارهاتووە ، زیاتر مەبەستی گێڕەڕەوە ئەوەیە ، کە بەرخودان و چاونەترسی بەتاکی مێ لەکۆمەڵگە ببەخشێ بۆیە سەر لێشێواوی بۆ وەرگر دروست دەبێت، دواتر وەرگر دەزانێت ، کە ( ئاواز ) کارەکتەرێکی نێرە نەك مێ ، (سۆزان) ئەو کچەیە لەلای ( ست نەهرەوان ) قوتابییە و ( ئاواز )یش منداڵی ( ست نەهرەوان ) ە ، کە چەند جارێك لەڕێگەی قوتابخانە هاتۆتە سەر ڕێگای بەمەبەستی دروستکردنی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ( سۆزان) ، ( سۆزان ) لەگەڵ بینی ( ئاواز ) و دوو کەسی دی لای ( ست نەهرەوان )ی بەڕێوەبەری قوتابخانەیە دەترسێت ، چونکە لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆوە پەنا بۆ ڕووداوێك دەبات ، کە کوشتنی باوکی ( میدیا ) یە لە گۆڕستان ، هەوڵیدەدا کاری سێکسی لەگەڵ کوڕێك بکات ، ( سۆزان ) سەرەتا بە ( هەژار ) ی برای تێگەیشت ، بەڵام دواجار ( ئاواز ) دەردەچێت ، بەبیرهێنانەوەی ڕووداوێك کە لەڕابردوودا ڕوویداوە ، دواتر تێکەڵکردنی بەڕووداوێك ڕەنگە لەئێستا بەدواوە ڕوویدات ، (( ئەرکێککی تری مۆنۆلۆگە ، کە

زۆر چڕە و وردەکاری زۆری تێدایە لە دروستکردنی دەلالەتکردن لە ناوەوەی پاڵەوان ))[١] ، جۆرێکە لەبەکارهێنانی مۆنتاژ هەروەکو دەڵێت:

**( لەدڵی خۆمدا گوتم: (ڕاستە .... ئەوە ئاوازی کوڕیەتی).... لەدوای گەڕانەوەم ئەوە یەکەمجار بوو لەنزیکەوە بیبینم.... بۆیە دەڵێم لەنزیکەوە ، چونکە جاری پێشوو لەو گۆڕستانە چەند شتێك نەیانهێشت بیناسمەوە... من لەحاڵەتێکی ئاوا شپڕزە و ئەو لەژێر کابرا و بە شەبقەکەشیەوە، ئاسان نەبوو بیناسمەوە.... دنیایش هەندێك تاریك داهات بوو ئەویش نەیزانی بوو منم، بەڵام وا لێرە یەکترمان ناسییەوە.... بەڕاستی ئەمە زیاتر ترساندمی ... من حیسابم بۆ هەموو شتێك کردبوو بۆ ئەوە نەبێت.. گوتم تۆ بڵێ ی ئێستا(ئاوان) ڕاستی ڕووداوەکە بۆ دایکی و دوو پیاوەکە بگێڕێتەوە؟! لەپۆل بەردەوام ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکرد و نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە ، بۆم دەرکەوت ئاواز مەبەستیەتی بەئاراستەیەکی تردا ببات) )( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٣٦٤).**

ئەو ساتەی ( ئامانج ) باسی ڕۆیشتنی ( ئیمان )ی کچی مەلا بۆ ( شێرزاد ) دەکات ، ( شێرزاد ) دەیەوێت لەڕێگەی مژدەیەکی دیکەوە ، خەیاڵی ( وەرگر و ئامانج ) بەرەو ڕووداوێکی دی ببات ، کە بریتییە لەمانەوەی ( شێرزاد ) لای ( دلارام ) ، چۆنیەتی ڕیزبەندی گرتەکان و پچڕانی ڕووداوی ڕۆیشتنی ( ئیمان ) ی کچی مەلا و دروستبوونی چەندین وێنە و گرتەی جیاواز لەبیری وەرگر و ( ئازاد ) دا، ئەم ڕووداوانە لەبیری ( ئازاد ) دا دەخولێتەوە ، ( دلارام ) بەر لە سەعاتێك لەگەڵ ( ئامانج )یش جووت بووە ، کە گێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت و دەڵێت: **(.. ئینجا زانیت دوێنێ شەو ( دلارام ) لای ئەو بووە ، نەك لەماڵی ( ست ڕووناك ).... ( شێرزاد ) نەیدەبڕیەوە:**

- **من ناتوانم هەموو نهێنیەکانت بۆ باس بکەم.... دیارە تۆ خۆت لەوە چاك تێدەگەیت، بەڵام هێندە بزانە کە برات دوێنێ شەو تا بەیانی نەخەوتووە.... بەهەموو مانایەك شەوێکی مێژوویی بوو)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل١٤٤).**
- **( هاتە سەرت پێی بڵێی هەمووی کاتژمێرێك بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕیوە کەهەمان بەزمی لەگەڵ تۆیشدا کردووە، تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە، ئەوەی ئەم لەکام دین بووە و ئەوەی تۆ لەحەمام) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان .. ل ١٤٥).**

ئەو حاڵەتە دەروونییەی ، کە ( ئازاد ) لەنێویدا دەژی جۆرێك لەگومان لای وەرگر و خودی ( ئازاد ) دروستدەکات . زیاتر پەیوەستە بەچۆنیەتی بیرکردنەوە لەئەزموونی ژیانی ( ئامانج ) بەبێ ئەوەی یەك وشە دەربڕێت ، ئەو مۆنۆلۆگە(( ئامرازێکە ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرگر دەهێنێتە ناو ژیانی کارەکتەرەکە، بەبێ بەشداری کردنی نووسەر ، لەڕێگەی ڕوونکردنەوە و دەربڕینی بیرە تایبەتیەکانیان ))[2] ، کەواتە ( ئازاد

---

[١] –س پ : ل٩٣ .

[٢] – د. شفيق يوسف االبقاعي، نظرية ألأدب ، منشورات جامعة السابع من ابريل ، ليبيا ، ١٩٩٥،ص ٣٩٣.

) لەڕێگەی بیرکردنەوەی خۆی بەدوای وەلأمێك دەگەڕێت ، کە لەباخەکەدا لەگەڵ ( **دایکی** وشێرزاد و دلارام وست سامیەخان و ست ڕووناك ) دانیشتوون کاتێك ( فیکری کۆپتەر ) داوا لە ( سۆزان ) دەکات ، کە بچێتە ماڵیان و قژی دایکی ببڕێت ، ( سۆزان )دڵنیایە لە بوونی فێڵێك ، کە ( فیکری کۆپتەر ) بۆی داناوە، ڕەنگە فێلێك بێت ، تاکو دایکی ( فیکری ) باسی خۆشەویستی کوڕەکەی بۆ( سۆزان ) بکات ، یا ڕەنگە ( فیکری ) کەسێکی سیخوڕ بێت لەلایەن دەسەلأتەوە نێردرابێت ، بۆیە وەرگریش تووشی پرسیارێك دەبێتەوە، کە ئایا کەسێکی سیخوڕە یا کەسێکە سۆزانی خۆش دەوێت، بوونی جیاوازی گرتە و هەڵسوکەوتی ( فیکری ) و نەبوونی وەلأمێکی گونجاو تاکۆتایی ڕۆمانەکە ، بێ ئەوەی وەرگر هەست بەپچڕانیان بکات، هۆکارن بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ ، کە لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ گێڕەرەوە لەناخی ( سۆزان )دەدوێت و دەڵێت:

**( ڕۆژێکیان (فیکری کۆپتەر)پێی گوتی دایکی بەنیازە سەفەری بەغدا بکات ، بەو مەبەستەی لەئاهەنگی هاوسەرگیریی کچی خزمی ئامادەبێت بۆیە داوای کردووە تۆ بچیت قژی ببڕیت و بیڕازێنیتەوە..... سەرەتا نەتدەویست چونکە دڵنیابوویت ئەمە تەنیا فێڵێکە ، تاکو بەتەنیا بتبینێت و ئەو باسەت لەگەڵدا بکاتەوە، کە دەمێك بوو دەیویست دەرفەتێکی بۆ بدۆزێتەوە ، بەلأم دوایی وات بەچاکزانی ماڵەکەی ببینیت بەشکو لەوێ هەندێ نهێنی ژیانیت بۆ ئاشکرا ببێت، هەستت دەکرد ئەو کوردە دوو ڕووی تەواو جیاواز لەیەکتر پیشانی تۆی داوە..... یەکەمیان ڕووی مرۆڤێکی بێ تاوان و دووەمیان هی کەسێکی شەڕانگێزە، ئەمەت بەهەڵێکی باش زانی تاکو لەنزیکەوە سەرنج لە هەڵس وکەوتی بدەیت و هەڵی بسەنگێنیت...... باشترە بگوترێت دەتویست بزانی تا چ ئەندازەیەك ئەو گومانەی لێیبێت هەیە ، گوایە دوور نییە سیخوڕ بێت ، ڕەنگە ئەوسا بەخۆتت گوت بێت:- (ئەو وێنەیەی مرۆڤ لەماڵەوە هەیەتی، هەرگیز ئەوەنیە لەدەرەوە پیشانی خەڵکی دەدات) )(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل ٤٠٤- ٤٠٥).**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە).**

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی(سوارەکان بەقاچاخ بوکیان کواستەوە)دا پێوەندیەکی کاریگەرو شیکارییە ، لەڕێگەیەوە گێڕەرەوەزنجیرەی ڕووداوەکان دەپچڕێنێت و دەچێتە ناواخنی کارەکتەرەکان ، چ هەڵوێستێکیان دەربارەی هەر ڕووداوێك هەیە ، ڕەنگە لەهەر سات و کاتێکدا لەناخی کارەکتەر بێتەدەرەوە ، ڕۆماننووس لەبەکارهێنانی هونەری مۆنۆلۆگدا زیاتر سوودی لە تەکنیکی مۆنتاژ بینیوە، ئەم تەکنیکە بەکار دێنێت تاکو زیاتر ڕووداوەکان لەنێو ڕووپەڕی ڕۆمانەکە بهێنێتە بوون ، بۆیە زۆر بەپێی مەبەست و بەکاربردنی مەبەستی کارەکتەر دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەم ڕۆمانە کەبەشێکی زۆر شەپۆلی هۆشی بەسەردا زاڵە ، چونکە شەپۆلی هۆش بۆ شێواندنی زنجیرەی کات و تێکدانی گێڕانەوەی لۆجیکی

بەکاردەبردرێت و بەهۆی ئەو پێوەندییەوە بوار بەوەرگر دەدات ، کەبەئاسانی نەتوانێ بڕیار لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانە بدات ، کەبەسەری دا تێپەڕدەبن ناخی کارەکتەری بۆ ئاشکرا دەبێت.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەکارەساتێکی جەرگبڕ دەست پێدەکات، وەرگر وادەزانێت ( سەنگەر ) هەڵدەستێ بەکوشتنی ئەو کەسەی چەقۆکەی خستووەتە گەردەنی، کەچی کەسەکەش تەنیا خەمی ئەو نامەیەتی کەلەناو بەرکی دایە، نەوەك ( هەتاو ) کەسێکی نزیکی دەربچێت ، لێرەدا دوو گرتەی جیاواز یەکێکیان کوشتنی کەسەکەیە لەلایەن (سەنگەر) و ئەویکەیان خەمی نامەی ( هەتاو )ە ، وەرگریش ناتوانێت بڕیاری لەسەربدات بەم شێوەیە لەم مۆنۆلۆگە ناراستەوخۆیە بەدیاردەکەوێت ، گێڕەرەوە دەڵێت:-

**( پێستی سنگت لەناو دەستیدا خەریکە لەپێش کراسەکەتەوە دادەدرێت:-**

**- پێت دەڵێم هەرچیەکت پێیە داینێ.**

**- تەنیا ترسی نامەکەتە.....پارەکە شتێکی ئەو تۆ نییە.....ئەوەی هەتبوو....دوێنێ خستتە ناو دەستە چورچەکانی سیستەرە موسلاوییە پیرەکەوە......بێگومان دەیکاتەوەو وردە وردە دەیخوێنێتەوە.... دوور نیە بیناسێت - کێ ناڵێ خزمیشی نیە......دانیشتووی ئەم گەڕەکانە هەموو کەس و کاری یەکترن...... ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل٧ ).**

( سەنگەر ) هەمیشە لەپاسەکەدا خەیاڵی بەرەو ڕابردوو هەنگاوی دەنا ، جیاواز لەجاران وەرگر هەستی بەپچڕانی خەیاڵە پچڕاوەکانی نەدەکرد ، ئەمجارەیان خەیاڵێك ڕەنگە تەنیا خودی ( سەنگەر ) بتوانێت لێی تێ بگات و پەنای بۆ ببات ، ئەویش خۆشەویستی ( دڵخواز )ە بەخەیاڵ لەدوا ڕۆژدا دەبێتە هاوسەری هەروەکو گێڕەرەوە لەم مۆنۆلۆگە ناراستەوخۆیە کە دڵ و دەروونی ( سەنگەر ) خوێندبێتەوە دەڵێت :

**( سەنگەر ) وای خستبووە خەیاڵیەوە، کەهەندێکی دیکە گەورە بێتو هەڵیدەگرێتو دەیباتە لادێیەکیا شارێکی دی و لەوێ خۆشترینژیانی لەگەڵ بەسەر دەبات ......) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ٤٦) .**

دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی ناو شار ئاشکرا دەبن بەشێکیان شەهید و بەشێکی دی بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە تاکو دەسگیر دەکرێن و چارەنووسییان بە نادیاری دەمێنێت ، بەشێکی تریان بەر لەخۆ بەدەستەوادانیان خۆیان ژەهر خواردوو دەکەن ، یەکێك لەو کەسانەی دەستێکی دیار و باڵای هەبووە لەڕێکخستنەکانی شارو ڕژێم لێی ترساوە ، چەند ڕۆژێك لەمەو بەر دوژمن لەشەو بەسەری دا دەدەن ( فەرهاد دۆستی ) ژەهرەکەی لەژێر سەری دەردێنێت و دەیخوات و خۆی دەکوژێت ، ئەو گرتانە هەمووی لای وەرگر چەشنی فیلمێکی شۆڕشگێرشی دێنەبوون ، بەڵام ( سەنگەر ) جیا لەو گرتانە بەخەیاڵ دووبارە دەچێتەوە لای ( فەرهاد دۆستی ) کەوێنەی ( دڵخواز )ی لەشاخ لابوو ، هەروەها کۆمەڵێك گرتەی دی ، کە پەیوەندیان بە _ شێرۆ و سستەرە سوعاد ) هەیە ، لەم مۆنۆلۆگە ناراستەوخۆیە کامێرای وشەکان زەینی وەرگر دەخەنە نێو ئەم گرتانە ، هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:-

**( ... (سەنگەر ) خەیاڵی لەناوی ( فەرهاد دۆستی ) ئاڵا..... وایدەزانی زۆر جار بیستوویەتی ...... بیری بۆ ماڵی ( دڵخواز ) چوو..... تەنانەت باوەڕی وابوو وێنەکەشی لەئەلبوومەکەیاندا بینیوە ...... لەهەمووی سەیر تر ( شەماڵ ) وتی خوشکە زای ( شێرۆی نانەوا ) یە.... مەسەلەی گیرانی ( سیستەر سوعاد ) نەیهێشت بەچاکی بیری لێ بکاتەوە..... (تۆ بڵێی بینیبیەتی و وورد وورد بۆیان بگێڕێتەوە....؟!) لەهەموو کاتێکی دی زیاتر ترسا..... ویستی ( شەماڵ ) بڵێت ئەویش دەیەوێت شار جێبهێڵێت و ڕوو بکاتە شاخ ، بەڵام وەکو هەرجارێکی دی هەستێك لەناخەوە پەشیمانی کردەوە....بگرە هێندەی دی لەرزا ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٨٩ ) .**

لەشوێنێکی دیکەدا ( سەنگەر ) هەر بیر لە( سیستەر سوعاد ) دەکاتەوە و وا دەزانێ شتەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاشکرا دەکات ، بەڵام بێ ئەوەی لەوەرگر بگەیەنێت ئەو شتانە چین ، بە واتایەکی تر وەرگر تا دواین ڕووداوەکانی خەیاڵی ( سەنگەر ) لەو شتانە ناگات ، بۆیە سەنگەر لەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیەدا ئەو گرتەیە لەخەیاڵی خۆیدا بۆ وەرگر نمایش دەکات...

**( ئینجا ترسەکە گەڕایەوە..... جارێکی دی بیری لە ((سیستەر سوعاد)) دەکردەوە....(( ڕەنگە ئێستا هەموو ئەو ڕاستیانەی ، کەبەو چاوە تیژو زیتانەی بینیویەتی، وورد وورد بۆی گێڕابێتەوەو ئیشی ئەو لەوێ تەواو بووە)( سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە ، ل٩٦ ).**

ئەو ژنەی ( سەنگەر ) دانیشتووە ، سەرەتا ( سەنگەر ) بە شێوەیەك بەوەرگر دەناسێنێت ، کەکەسێکی هەژارو ترسنۆك و بێ توانایە ، چونکە لەڕێگەدا هەرچەندی دواندویەتی ، ئەم هیچ وەڵامێکی نەداوەتەوە ، ئەو ژنە ئاماژە بەدیاردەیەکی قێزەوەنی ئەو بازگە عەرەبییانە دەکات ، لەسەر ڕێگای ( هەولێر ، کەرکوك ) دانرابوون بەمەبەستی جەردەیی و ستاندنی پارە لەتاکی کورد ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئەوسا ، دوای ئەوەی پاسەکە دەگاتە بازگەکە، هەرگیز لەو بڕوایە نەبوو ( سەنگەر )ێك بتوانێت وا بەرگری لەخۆی و سەرنیشنانی پاسەکە بکات ، وەرگر لەو دیمەنەدا سەرەتا دەکەوێتە هەڵوە چونکە گێڕەرەوە توانیویەتی سود لەتەکنیکی مۆنتاژ ببینێت بۆ دەرخستنی ناواخنی ژنەکە ، لەم مۆنتاژە ڕاستەوخۆیەدا بەدیاردەکەوێت و دەڵێت :

**( بەدیشداشەیەکی چڵکنەوە وەستابوو سوك سوك قامچیەکەی بەڕانی خۆی دەکێشا.....لە کوردەکانی دەڕوانی کەنەفەرەکانیان دەپشکنی.....ئەوەندەم نەزانی شڵپەیەك هات و یەکێ لەوچەتانە بەدەمدا کەوتە سەر خۆڵەکە.....لەتۆزدا نقووم بوو هەرگیز نەدەچووە ئەقڵمەوە ئەو کوڕە هەرزەکارەی تەنیشت من بێت، ئاوا بۆکسی بوەشێنێت....بەوەشەوە نەوەستا....) ( سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە ، ل ١٠٨ ) .**

ئەو ژنە دوای ئەوەی دەست خۆشی لێدەکات ، کەچی ( سەنگەر ) وەکو جاران گرینگی پێنادات و نایدوێنێ ، لێرەدا کامێرای چاوی وشەکانی زەینی وەرگر پێچەوانەی بۆچوونەکانی خۆی دەبنەوە ، هەروەکو ژنەکە لە ناخی خۆیدا بەم شێوەیە دەدوێت ، لە شێوەی مۆنۆلۆگی راستەوخۆ دا

**( ئەگەر ئەو شەڕەم بەچاوی خۆم نەدیبا بۆیان بگێڕابوومایەتەوە باوەڕم نەدەکرد وەلآمی نەداوەوە...تەنها بزەیەکی کاڵم بەسەر لێوە وشکهەلآتووەکەیەوە بینی...پشتی تێکردم....تەریق بوومەوە....بەخۆم گوت ((نەدەبوایە ئاوای پێ بڵێم.....ترسام زیاترلێم بتەکێتەوە و نەهێڵێت لەنهێنیەکانی بگەم.....هێندەی دی مەراقم زیاد کرد، تا بزانم ئەو کوڕە کێیەو چ دنیایەکی سەیری لەناخی خۆیدا حەشارداوە..... )( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٠٨–١٠٩ ).**

لەگرتەیەکی جیاوازی خەیاڵی ( سەنگەر ) دا کاتێك دەبێتە هاوڕێی ( ئاسۆ ) لەکتێبخانەی ماڵەکەی ( ئاسۆ ) دا بەشێکی زۆری کتێب و گۆڤاری ئەوسا دەبینێت ، خوشکی ( ئاسۆ ) دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ (سەنگەر ) دروست بکات ، بەلآم ئەو جارە لەڕێگەی ئاماژەی چاوەکانیەوە مۆنۆلۆگ ئەنجام دەدەن، یەکتر دەناسێنن، وەرگر کتێبخانەو وەستانی خوشکی (ئاسۆ) و (سەنگەر) بەجیاواز لەزەینی دا دەچەسپێنێت و گرتەی ڕووداوی باوکی کەئەندامێکی چالاکی باڵی چەپی حیزبی (پارتی هیوا) بووە ڕادەگرێت لەم مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە دەڵێت:–

**( وەك بڵێی بیەوێت پێت بڵێت ((بڕوانە چەند ناوێکی ناسك و نوێم هەیە.....چەند قسە خۆش و دڵگەشیشم.....)) هاوکات قاقایەکی سووکی لێدەداو بەشێوەیەکی سەیر لێت ڕادەماو کەئەوەی دەگەیاند: ((گاڵتە دەکەم ها، وانەزانی نەخۆمدا هەڵدەدەم.........؟!)( سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە ، ل١٣٤ )**

.

( هامان ) هاوڕێی کۆنی ( سەنگەر )ە ، دوای ئەوەی چەندین ساڵ لەیەکتر بزردەبن ، پەیوەندی نێوانیان نامێنێت ، زۆرجار بەمنداڵی لەسەر گۆڕستانی ( سید معروف ) لەگەڵ هاوڕێکانی یەکتریان دەبینی نەیاندەزانی بۆچی هاتوونەتە سەر ئەم گۆڕانە ، وەرگر لەدروست کردنی پەیوەندی منداڵی نێوان ( هامان و سەنگەر ) توشی پرسیار دەبێت ، بۆچی تاکو ئێستا لەهیچ شوێنێك باسی نەکراوە ، کەچی ئێستا گێڕەرەوە لەکۆتایی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئاماژە بەبوونی ( هامان ) دەدات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە بۆچی هەردووکیان بوون بەپێشمەرگەو چوون بۆ شاخ لەیەك ڕۆژدا ، دواتر هەڵوێستی ( هامان ) بۆ ( سەنگەر ) کەبڕوای بەهاوڕێیەتی نییە چۆن دەیەوێت خۆی بکوژێت ، بوونی ئەو کۆمەڵە گرتەو دیمەنە بەشێوەی جیاواز لە لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا، ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە بۆ نێو خودی ڕووداوەکە و پچڕاندنی بەشێکی دیکەی خەیاڵی (

سەنگەرە ) لەنێو پاسەکەدا ، هەموو ئەو کردارانەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، لەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیانەدا بەدیاردەکەوێت.

**( لەدڵی خۆیدا دەیگوت:-**

**سەیر لەوەدایە هەمان ڕۆژ ، کەمن سەرم هەلگرتووە ((هامانی ناریێ مامان))یش هاتۆتە ئێرە.......)**

**( سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە ، ل ١٦٠ ).**

**( ئەو ڕۆژگارەی منداڵیم بیرکەوتەوە ، کەلەگۆڕستانی ((سەید مەعروف)) هاوپۆلەکانی قوتابخانەمم دەبینی.....تەنها دەمانتوانی لەیەکتر ڕابمێنین......نەماندەزانی بۆچی کەس لەکەسی نەدەپرسی((تۆ بۆ سەردانی کام گۆڕەیان هاتووی.......؟ ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل١٦١ ) .**

**( نەمدەزانی ناو لەو بەیەك گەیشتنەوەی خۆم و ((هامان)) بنێم چی......نەمدەتوانی لەیەکەم بینیندا نەهەستی ناخم و نەسەرسوڕمانەکانی سەر دەم و چاوی ئەو بخوێنمەوە......ئێمە دەمێك بوو لەگەڕەك پەیوەندیمان پێکەوە نەمابوو ، بەڵام لێرە دوور لەخواستی خۆمان پێوەندیەکی دیکەمان دامەزراند.....ئایا من ویستم ڕۆژێك لەڕۆژان ناو لەوە بنێم ئاشت بوونەوە........؟! ئەگەر چی ئەو هەموو کاتێك دەیویست وام نیشانبدات، کەلەئاستی مندا هیچی لەدڵدا نەماوە.....تەنانەت پێی وتم، کەئامادەیە لەپێناومدا بەبەرچاومەوە ورگی خۆی بەخەنجەر هەڵدڕێت......بەڵام من پێم ووت:-**

**ئەوە چ سوودێك بەمن دەگەیەنێت**

**- وتی چۆن ئاوا دەڵێیت ، لەشوێنێکدا کەباوەڕناکەیت هیچ ڕووداوێکی لێ ڕووبدات و لەپڕ مرۆڤێك بەبەرچاوتەوە خۆی دەکوژێت ، ئەمە ئەگەر هیوایەکی زۆر گەورە نەبێت ئەدی تۆ پێت وایە چیە ( سەنگەر ) ...... ؟! ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٦٢ ) .**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی ( کازینۆی منداڵان )**

پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی ( **کازینۆی منداڵان** ) پێوەندییەکی تۆکمەیە ، کە ناخی کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو ، دیوی شاراوەی کارەکتەرەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، زانیاریمان دەربارەی کارەکتەر و هەڵوێستییان پێ دەبەخشێت ، بەشێکی مۆنۆلۆگەکانی کارەکتەرەکان درێژە دابڕی تێ کەوتووە ، لەبەر ئەوە پێویستە (( مۆنۆلۆگ هێندە درێژ نەبێت وەرگر توشی بێزاری بکات، دەبێت نووسەری بەئەزموون هەمیشە بیر لەکۆتایی بکاتەوە، هەوڵبدات بەکەمترین وشە نهێنیەکان بگەیەنێت ))[1] و ئەو بارە دەروونییە ئاشکرا بکات ، کە پێشتر وەرگر پەی پێ نەبردووە ، لەهەندێ شوێنی دیکەدا گێڕەرەوە وەرگر

---

[1] - سیکوار کرینغش، صناعة السرجية، ت: د. عبداللة معتصم، دار المأمون للترجمة والنشر، وزارة الثقافة الاعلام، بغداد، ١٩٨٨، ص١٥٢.

بەرازگری نهێنیەکانی کارەکتەر دەزانی ، بۆیە وەرگر مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەکات و ئەو زانیاریانەی دەربارەی خودی خۆیان بەوەرگر دەبەخشن بەهیچ کەسێکی دی نابەخشێت ، ( سوهاد ) ئەو کارەکتەرەیە کەبەشێکی زۆری ڕووداوەکان لەسەر زاری ئەوەوە گێڕەوە ئەنجامی دەدات ، بەتایبەتی کاتێك بەشێوەی مۆنۆلۆگ باس لەو حالەتە دەروونییە شپرزەییە دەکات ، کەشەوێك لەشەوان لەتەك ( تیشکەشان) بەوشێوەیە بیر دەکاتەوە ، هەروەکو لەمۆنۆلۆگی ناوەوە (سوهاد) بەدیاردەکەوێت.. گێرەرەوە لەسەر زاری ((سوهاد)) دەڵێت:

**( ... (سوهاد) زوو زوو لەدڵی خۆیدا دەیپرسی: ((ئاسا سبەینێ بۆ باری ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە، توورە نابێت...؟! ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خۆشی نەوێم و درز بکەوێتە پەیوەندییەکانمانەوە...؟!))...**

هەرخۆیشی وەڵامی خۆی دەدایەوە: **((نا باوەڕ ناکەم ئەمە گرفتێکی گەورە بێت))**... دوایش کاتی ئەو بێدەنگییەی نێوانیان هاتەکایەوە، جار نەبوو لەدڵی خۆیدا نەڵێت:

**(( نا، نابێت لەبەر ئەو هۆکارە نەیەوێت لەگەڵم بدوێت، بەڵام خۆ دەبێت شتێك دڵی ئازار دابێت ) (کازینۆی منداڵان ، ل٢٠ )**

لەگرتەیەکی تری مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا، ئەو ساتەی (نەخشە) هەوڵی ئەوە دەدات کە باپیری (سوهاد) ڕازی بکات و لەدوارۆژدا ببێتە هاوسەری، بەڵام (سوهاد) ئەو کردارەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت، دەیەوێت هەروەکو جاران باپیری لەتەکییەوە بنووێت نەوەك کەسێکی تربێت و شوێنی ئەو لەدڵی باپیریدا بگرێتەوە، هەرچەندە ئەو کەسەی کە بە باپیری (سوهاد) ناوبراوە، کە (سوهاد) پێی وتووە باوکە، بەم شێوەیەش وەرگر بەهەڵە دەبات و (سوهاد) لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە کەپێشبینی بۆ ئاینده دەکات و دەڵێت:-

دروستکردنی ئەو گرتانە و جۆرێکە لەڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕۆماننووس بۆ وەرگری دروستکردنی ئەو گرتانە و جۆرێکە لەڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕۆماننووس بۆ وەرگری نمایش دەکات، تاکو وەرگر زانیاری دەربارەی ناخی هەر تاکێکی تر هەبێت ، ئەگەر نەتوانرا خۆشەویستی بۆ دەوروبەر دروست بکەین، ئیتر بۆ لێیان بکەین بە مەحاڵ هەروەکو (سوهاد) لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە ، پێشبینی بۆ ئاینده دەکات و دەڵێت:

**(بۆچی ئاوا لەخۆم دەکەم...؟! باشە چی بووە...؟!... هەتا ئێستا وام هێناوەتە بەرچاو باوکمە و شەوان لەباوەشی دەخەوم... لەمەودوا دایکێکیشم هەیە دەبێت جێگای من لەنێوان خۆیان ڕابخەن ناهێڵم لەیەکتر نزیك ببنەوە... لەنیوە شەودا خۆم نەخۆش دەخەم و وڕك بۆ ئەو شتانە دەگرم کە بەئاسانی بەدەستم ناکەوت... دایە بە بابە دەڵێت هەر ئێستا بۆی پەیدا دەکە... ئەوسا سەرەتا بیانوو دەهێنێتەوە ، گوایە ماندووە و خەوی دێت دوایی دەڵێت چۆن بچێت بەم درەنگی شەوە لەقاپی دوکاندارەکان بدات و لەخەویان هەڵبستێنێت. .....** ) (کازینۆی منداڵان ، ل٦٢-٦٣).

لەبەشـی دووەمـی ڕۆمانەکـەدا ( وریـا ) کارەکتـەرێکی سـەرەکی ڕووداوەکانـەوە بەشـێکی زۆری دیـالۆگ و مۆنۆلۆگی ڕووداوەکان لە ( وریا )ەوە سەرچاوە دەگرن ، (وریا) کاتێك بووەتە منداڵی خێزانێکی جوو ، دایکـی ناوی ( مالینا) و باوکی ناوی ( ئارۆن ) بووە ، شوێنی منداڵە مردووەکەی ئەو خێزانەی گرتووەتـەوە کـە نـاوی ( دانیـاڵ )ە ، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە ڕۆمـاننووس بیرکردنـەوەی ( وریـا )ی لەشـوێن و پێگـەی خـۆی بەرزکردووە ، کە وەرگر بڕوا ناکات ئـەو بیرکردنەوەیـە ، بیرکردنـەوەی منـداڵێك بێـت بەتایبـەتی کاتێـك باسـی سۆز و شپرزەیی دەروونی خۆی دەکات ، ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێـت ئـەوە هـەر منداڵـەکانن دەتـوانن بـبن بـە مرۆڤێکی بەهێز و هێنـدە کاریگـەربن ، ڕەنگـە گـەورەکانیش بۆخۆیـان ڕابکێشـن ، بۆیـە کاتێـك ( وریـا ) بـاس لەخاڵە هاوبەشەکانی نێوان خۆیی و ئەو خێزانە دەکاتەوە ، وەرگر لەڕێگەی وشەکانەوە بەشـێکی زۆری ژیـانی ( وریا ) شارەزا دەبێت و بەشێوەی زنجیرەی ڕووداوێك لەزەینیـدا دەخولێتـەوە ، بەتایبـەتی کاتێـك ( وریـا ) باسی ڕابردووی خۆی و ئەو خێزانە دەخاتە ڕوو ، لەڕێگەی هەستی خۆیەوە ، کـە نـەیتوانیوە دەری بـبڕێـت ، چونکە ( وریا ) ئێستا شوێنی ( دانیال ) ی کوڕی ئەو خێزانـەی گرتووەتـەوە ، ئـەم مۆنۆلۆگـە ڕاستـەوخۆیەدا دەڵێت:

**( نەدەکرا پێیان بڵێم منیش لەوەدا لەئێوە دەچم کە لەتەمەنێکی زوودا دایك و باوکم لەدەستداوە... نەخێر نەدەکرا... چونکە ئەوان بەکوڕی خۆیانیان دەزانیم ئەگینا کاتێ بیرم لەوە دەکردەوە ، ئەو هەستە لەدڵم دەکەوتە جوڵە ، بەڵام لەم ڕووەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان وەك (ئارۆن) وابووم ، کـە نەمدەویسـت سـۆز بەسەرمدا زاڵ بێت...)** (کازینۆی منداڵان، ل٨٩).

لەچەند دیمەنێکی دیکەدا ، کە( وریا ) دەریبڕیوە ، وەرگر هەست بەبوونی غەریبی و نائومێدی ( وریا ) دەکات ، کە لەداهاتوو دەڕوانێت ، هەمیشە لەچاوەڕوانی براکەیدا دەژیت و بەئومێدەوە گرنگی پێدەدات و دەڵێت :

**( دەمزانی لەوەیشدا لەوان جیاوازم ، کە برایەکم هەیە ، بەڵام جارێ وا ڕۆژگار لەیەکتری دابڕیوین .....).**
(کازینۆی منداڵان، ل٨٩)

ئەو شەوەی ( ئارۆن ) لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکوژرێ ، (وریا)ش لەماڵەوە لەگەڵی بووە ، بۆیە (وریا) گومان لەخۆی دەکات، کە ئایا دوای ناشتنی تەرمی ( ئارۆن ) ، پێوەندیان لەگەڵ ( مارینا ) وەکو پێش مردنی ( ئارۆن ) دەمێنێتەوە یاخود ( مارینا ) تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ( وریا ) ، وەرگریش تووشی گومان دێت ، ئایا ( وریا ) هەڵستاوە بەکوشتنی ( ئارۆن ) یا دەستی لەکوشتنی هەیە یا بێ تاوانە ، ئەو پرسیارانە و کۆمەڵێك پرسیاری دی لای وەرگر و ( وریا ) بەبێ وەڵامی دەمێننەوە ، تا دواتر ( مارینا ) بڕیاری خۆی دەدات ، لەوگرتەیەدا دەبینرێ گێڕەرەوە کاتی ئێستای ڕووداوەکانی ڕادەگرێت ، تاکو وەرگر هەست بەبێزاری نەکات ، ئەو کاتەی کە دایك و باوکی ( گوڵدان ) لەماڵی ( ئارینا )ن لەسەرتەرمی ( ئارۆن ) دانیشتوون ،

گێڕەرەوە هەموو ئەو ڕووداوانە دەکاتە کۆمەڵێك گرتە ، بەکامێرای وشەکان لەزەینی وەرگردا نمایشی دەکات کە لەمۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی ( وریا ) بەدەردەکەوێت ودەڵێت:

**(... نەدەکرا ئەوسا بیر لە(مارینا)یش نەکەمەوە ئاخۆ دوای ئەو ڕووداوە پێوەندییەکەمان بەچ ئاراستەیەکدا دەچێت، چۆن لێم دەڕوانێت... ئایا گومانم لێ ناکات، بگرە هەربێ چەند و چۆن نایخەنەسەرم...!؟ واز لەوەیش بهێنە، بەڵام ئەو منی هێناوەتە ماڵەکەی تاکو مەرگی(دانیال)ی لەبیربچێتەوە، ئەی ئاخۆ بەو مەبەستەی ئەو کۆستەیش تێنەپەڕێنێت، پیاوێکی تر ناکاتە مێردی خۆی...!؟ دەمزانی لەوکاتەدا پرسیارێکی لەو شێوەیە چەند گەمژانەیە بەڵام نەشدەکرا بەلاوەی بنێم.... هەر دەبوایە پرسیارێکی ئاوا لەخۆم بکەم )** (کازینۆی منداڵان ، ل١٠٧)

کاتێك پۆلیس دێت بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە ، ئەوەی جێگەی سەرنجی ( وریا )یە بۆچی ( مارینا ) ( وریا ) تاوانبار ناکات ، دواتر گواستنەوەی ئەو سەرنجە بۆلای وەرگر ڕەنگە تاوانبار نەکردنی ( وریا ) لەبەر ئەوەبێت ، کە کوڕێکی باشە و وەکو ( دانیاڵ ) سەیریان کردووە ، یا خود ( مارینا ) دەستی هەبووە لەکوشتنی مێردەکەی یا دەزانێت کێ کوشتوویەتی یا دەیەوێت کۆتایی بەو ڕووداوە بهێنێت ، بۆیە ( وریا ) بەگومانەوە گرتەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆمان بۆ دەخاتەڕوو دەڵێت :

**( لەوە تێنەگەیشتم بۆچی ( مارینا ) دەیویست هەموو گومانێکم لەسەر لاببات ، لەکاتێکدا چاوەڕێم دەکرد بەپلەی یەکەم من تۆمەتبار بکات ،... زوو زوو هەلی دەدایە و دەیگوت وەك کوڕی ئەوان وام ، بگرە هەر کوڕیانم هەرگیز هیچ خراپەکیان لێ نەدیوم) (کازینۆی منداڵان ، ل١١١).**

( ئامێرا ) یەکێکە لەو پیرەژنە جووانەیە و لە هەولێر ژیاوە ، کەسێکی پیرۆز و ناوداری جووەکان بووە ، لەشاری هەولێر ، دوای ئەوەی بڕیارێك لەلایەن ڕژێمی ئەوسای دەسەڵات دەردەچێت ، بە بنەبرکردنی جووەکان لەم شارەدا ئەوا ( وریا ) دەکەوێتە حالەتێکی شپرزەیی و گومان ، بگرە دەیەوێت لەڕێی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە باسی نەژادی نەتەوەیەك بکات ، کە ئێستا هیچ بوونێکیان لە هەولێر و عێراق نەماوە ، کە بە دڕندانەترین شێوە ئەنفال و جینۆسایدکران دواتر ئەوەی مایەوە دەربەدەرکرا ، گێڕەرەوە لەڕێگەی ئەو گرتەیەوە دەیەوێت بەوەرگر بڵێت ، کە میللەتی کوردیش چەشنی جووەکان لەعێراقدا دەربەدەرکراون

کوژراون ، تەنانەت گوندەکانیان کاولکراوە و ژن و منداڵەکانیان دەستدرێژی سێکسی دەکرا سەریان ، گێڕەرەوە ئەو گرتانە بەشێوەی فیلمێکی مێژووی نمایش دەکات و کاتی ئێستای ڕووداو دەپچڕێنێت و تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕێکخستنییان دەخاتە روو و لەسەرزاری ( وریا ) دەڵێت:

**(نەتەوەیەك دوای دوو سێ هەزارساڵ لەزێدی خۆیان کۆچ دەکەن و هەندێك ئێسقانیان بەسەردا جێدەهێڵێن، کەخراوەتە ناو پێستێکی چرچی بێ کەلکەوە پێت دەڵێت: ((ئاگات لەم مرۆڤە بێت...!))... من لەگەڵ ئەو دیمەنەدا ژیاوم سوهەی برام... دەمگوت تۆ دەعبایەکی چەند سەیریت، وریا...، ژیانت لەگەڵ (مەیسون) دەستی پێکرد و لەگەڵ (ئامێرا) کۆتایی دێت...).** (کازینۆی منداڵان ، ل١٦٩)

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری مۆنۆلۆگ لە** <u>ڕۆمانی ( **ئای لەڤیلیا لەڤیلیا** )</u>

لە ڕۆمانی ( **ئای لەڤیلیا لەڤیلیا** ) ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا ، هەست بە هەموو شێوە و جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دەکرێت، بەشێکی گرتەکان لەبیر و هزری وەرگردا دەپچڕێت ، وەرگر بەناچاری چاوەڕوانی ئەو گرتانە بێت ، لە ناخی کارەکتەرەکانە بەهۆی مۆنۆلۆگەوە دروست بووە ، پچڕانی وێنە و گرتەی ڕووداوێك پەنابردنە بەر ناخی کارەکتەر لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژ دەبێت ، نایەڵێت وەرگر هەست بە شکاندنی ئەو کات و ساتە بکات  لەم ڕۆمانەدا هەندێك مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆمان بەرچاو دەکەوێت ئەم مۆنۆلۆگانە دەربڕینی ڕاستەقینەی ناخی کارەکتەر ( نەوال ) ە ، کە گوزراشت لە هەستی خۆی دەکات بەشێوەیەکی بەئاگایی ، (نەوال) خاوەن دڵێکی ساف و بەهێزە، هەمیشە بەدوای وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار دەگەڕێت ڕەنگە وەڵامەکەی تا کۆتایی ڕۆمانەکە نەزانرێ ، (نەوال) کاتێك ( جووت )ێك کەروێشکی ڕەش و سپی دەبینێت ، خوازیارە ببێتە خاوەنی، بۆیە داوا لەو کوڕە کاسب کارە دەکات کە (جووت)ە کەروێشکەکەی پێ بدات ، ئەویش لە بەرانبەردا داوای پارەی لێ ناکات ، بەڵکو سەرەتا بەرانبەر ئەو (جووت)ە کەروێشکە (جووت)ە دەسکێشەکەی پێ بدات و دواتر داوای ماچیشی لێدەکات، هەروەکو دەڵێت :-

**( باشە خۆ ماچ پارە و شتومەك نییە، تا پیشانی باوکی بدات و دڵی پێ خۆش بکات...! ) .(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل١٦٣)**

( نەوال ) دوای ئەوەی بە مەرجی کوڕەکە ڕازی دەبێت و ئینجا لە سیحری (ماچ) تێدەگات ، دڵنیادەبێت ماچ هیچ کاتێك بە پارە و مادده نانرخێندرێت ، بۆیە ڕوو بۆ کوڕەکە وەردەگێڕێت:

– کوڕەکە **ماچێکی ئەملایەشم..!! . (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا ، ل١٦٤) .**

دوای ئەوەی ( نەوال ) لە ماڵی ( سیامەند ) لەسەر ( شاسوار )ی برای ( شازە ) ئەو شەوە هەموو لێی زوویر دەبن و پشتی تێدەکەن تەریقی دەکەنەوە ، بەناچاری بڕیار دەدات ، ئەو ماڵە جێ بهێڵێت و بچێتەوە ماڵی باوکی ، بەڵام ئەوەی سەیرە ( نەوال ) ئەمشەوەی وەکو شەوانی دیکە نابێت ، بەڵکو جیاواز و خۆشی بەخشە ، چونکە زۆربەی شەوانی دیکەی لە خەو ڕادەچڵەکێی و خەونی ناخۆش دەبینێت ، کەچی ئەوشەوەی جیاوازە و هیچ ڕاناچڵکێ تا بەیانی هیچ خەونێك بەخەیاڵی دا نایەت ، بۆیە وەکو توێژەرێکی دەروونی پێناسەیەکی ( تەریقبوونەوە) دەکات ، بەهۆی ئەو هەڵەی لەو ماڵە کردوویەتی ، کە لەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە بەدیار دەکەوێت ، هەرچەندە ئەم مۆنۆلۆگە زیاتر گوزارشت لە ناخی منداڵی نووسەر دەکات هەروەکو دەڵێت :–

**( – بۆ بەیانی بیری لەو جورئەتە دەکردەوە هەر زوو زوو لە دڵەوە دەیگوت :**

**– تەریق بونەوە ئەو هەستەیە، کە دەرکەوت هەموو هەستەکانی دیکە بەلاوە دەنێت ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا ، ل ٢٤٦) .**

ئەو ساتانەی (نەوال) ئیرەیی بە خوشکەکەی دەبات هەر چییەکی بووێت بەهۆی مەکر و ناز و فرمێسك ڕشتن بە ئاسانی بەدەستی دەکەوێت ، نووسەر لە ڕێگەی تێکەڵاوکردنی جێناوەکان ، لە یەك مۆنۆلۆگدا بە جێناوی کەسی سێ یەم دەست پێدەکات و دواتر پەنا بۆ جێناوی کەسی یەکەم دەبات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ هەمان جێناو ، لێرەدا کامێرای وشەکانی ڕۆماننووس لە ڕووداوێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕووداوێکی دیکە ، کە لە هەمان ڕووداو بوونی هەیە ، دواتر بەشێوەی زنجیرەیی پێشکەشی وەرگری دەکات ، ئاڵوگۆڕی ڕووداوەکان لە زەینی وەرگردا لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت ، هەروەکو لەم مۆنۆلۆگەدا بەدیار دەکەوێت :– **(هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەخۆی ووت مرۆڤ دەتوانێت بۆ هەموو ئەو شتانە بگرییێت و فرمێسك بڕێژێت کە دەستەو دەستانە لەبەدیهێنانیان ، بۆ گریان نەبێت ، ئەوەتا من ناتوانم بۆ ئەوە بگریم ، کە فێر نابم وەکو خوشکەکەم بگریم ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٨٧) .**

## تەوەری چوارەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری

### یەکەم : پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری لە رووی تیۆری

یەکێك لەو هونەرانەی لەبەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان ڕۆڵێکی گرینگ و تایبەتی هەیە ، بەهۆیەوە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ئاراستەی جیاجیا لەپرۆسەی گێڕانەوە دەبینن ، کەواتە هونەری پێشخەری ئاماژە بۆکردنی ڕووداوێکی پێش وەختەیە ڕەنگە لەئاییندەدا ڕوو‌بدات ، بۆ وەستانی کاتی ڕووداوەکان ئێستاش بەکاردێت.

هەرچەندە پێشخەری پێچەوانەی هونەری پاشخەرییە و ڕۆماننووس لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە هەموو ئەو ڕووداوانەی لەبیری کارەکتەردایە بۆ زەین و بیری وەرگر دەیگوازێتەوە، بەشێوەیەکی ڕێك و سەرنج ڕاکێش ، کە هەست بە پچڕانی گرتەی ڕووداوەکان نەکات، بەشێوەیەك ڕۆماننووس کاتی ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێت و بەرەو زەینی کارەکتەر هەنگاو دەنێت، تا کارەکتەر لەڕێگەی زەینیەوە پێشبینی ئەو ڕووداوانە بکات، کە لەئاییندەدا ڕوودەدات، مەرج نییە هەموو ئەو پێشبینی و پێشهاتانەی کارەکتەر لەزەینی خۆیدا داڕشتوون بهێتەدی، بەڵکو هەندێك جار ڕووداوەکان هەر ڕوونادەن یان پێچەوانەی پێشبینیەکان، ڕووداوەکان ئاراستەی خۆیان وەردەگرن.

پێشخەری زیاتر لەو ڕۆمانانەی گێڕەرەوەی هەمووشت زان بەکاردێت ، واتە ڕۆماننووس کاتێك دەست بەنووسینی ڕۆمانەکەی دەکات ، دەزانێ ڕووداوەکانی چۆن چۆنی لەگەڵ کارەکتەرەکان بگونجێت ، هەندێك کات ڕۆماننووس بۆیە پەنا بۆ بەکارهێنانی هونەری پێشخەری دەبات ، تاوەکو وەرگر هەست بەبێزاری ڕوودانی ڕووداوەکان نەکات ، بەپەرۆشیەوە بۆ ئاییندە بڕوانێت لەڕێگەی زەینی کارەکتەرەوە.

هەرچەندە هونەری پێشخەری پێچەوانەی فلاش باکە و هەمان گرنگی و پێگەی خۆی لە نێو ژانرە ئەدەبییەکان بە گشت و ڕۆمان بەتایبەتی هەیە ، (( هەندێك جار ڕەگەزی پەرۆشی (تشویق) ، کە بڕبڕەی پشتی بەرهەمی ئەدەبییە، لای وەرگر دەکوژێت ))[١]، بەپێچەوانەشەوە هەندێك جار وا لەوەرگر دەکات ، کە بەحەسرەت و پەرۆشەوە پەلە لەخوێندنەوەی دەقەکە بکات و چارەنووسی ئایندەی ڕووداوەکان بزانێت ، کە پێشوەختە باس لەڕوودانی کراوە لەڕۆمانی کوردیدا ڕێژەی بەدیهاتنی ڕووداوەکان زیاترە وەك واتە پێشکەوتنەکان لە پێشبینیەکان زیاترن ، چونکە ڕۆماننووس هەرچی لەبیر و بۆچوونەکانیدایە ، هەوڵدەدات بەشێکی کەمی ئەو ڕووداوانە لەیادی کردووە یا لەکاتی نووسینی ڕۆمانەکە دێتەوە یادی لەڕێگەی هونەری پێشخەرییەوە دەری ببڕێت.

---

١- سیزا احمد قاسم ، بناء الرواية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مصر ، ١٩٨٤ ، ص٦١.

ئەو پێوەندییەی لەنێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەرییە ، پێوەندییەکی تەواوکەری و دوو لایەنییە، بەواتایەکی دی پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری وەکو ڕووی دراوێك وایە ، کە هیچ یەکێکیان بێ ئەوی تر واتا نابەخشن لەم جۆرە پێوەندییەدا ڕۆماننووس زیاتر پەنا بۆ ئەو گوتانە دەبات ، کە پەیوەستن بەزەینی کارەکتەر ، ڕەنگە ڕووداوێك لەئێستا بەدواوە ڕووبدات یا بەپێچەوانەوە ، دواتر گواستنەوەی ئەو گرتانە لەشێوەی چەند وشەیەك دەربڕاون بۆ وەرگر ، بێ ئەوەی وەرگر هەست بە پچڕانی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بکات ، بەڵکو تەنیا لەکاتی ئێستا ڕادەگرێت و ڕووداوەکان بەردەوام دەبن.

کێشانی وێنەی داهاتوو لەلایەن کارەکتەر و دواتر گواستنەوەی بۆ زەینی وەرگر ، بەشێوەی زنجیرەی ئەرکێکی دی پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەرییە، چونکە (( ئەرکی پێشخەری لەسیستەمی ڕووداوەکان دیاریدەکات ، کە لای وەرگر خۆی لەحالەتی چاوەڕوانی دەهێڵێتەوە ))[1] ، دروستبوونی حاڵەتی چاوەڕوانی و تێکشکاندنی کات و شوێن و بەشێکی ڕووداوەکان، لەهاتنەوەی ڕووداوەکان یا نەهاتنەوەیان هۆکارن ، بۆ ئەوەی وەرگر نەتوانێت بەسادەیی و ئاسایی بڕیار لەسەر زەینی کارەکتەر و ڕووداوەکان بدات ، کەواتە ڕۆماننووس لەئەنجامی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ لەڕۆمانەکەیدا گومان و دوو دڵی لای وەرگر دروست دەکات لەئەنجامی هەر ڕووداوێك ، مەرج نییە لەکات و ساتی داهاتوودا ڕووبدات ، بەڵکو هەڵوێست و ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێی شوێن و هەستی کارەکتەر گۆڕانی بەسەردادێت، ئەوەش ئەمە دەردەخات ، پێشخەری زۆربەی کات لەلایەن کەسێکەوە سازدەدرێت گرینگ نییە ، ئەو کەسە کارەکتەرێکی نێو ڕۆمان بێت یا ڕۆماننووس خۆی بێت.

گرنگ ئەوەیە ئەو پێشخەرییە سوود بە بەرەوپێش بردنی ڕووداوەکان بگەیەنێت، چونکە دژیەکییەك لەکاتی گێڕانەوەکە دروست دەبێ گێڕانەوە لەکاتی ئێستادا ، سست و خاودەبێتەوە ، کەچی گێڕانەوەی داهاتووش خێرا دەبێت.

ئەو لێکترازانەی لەنێوان کاتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان هەیە و دواتر ڕێکخستنیان بەشێوەیەك وەرگر هەست بە تێکشکاندنی کاتی ئێستا بۆ داهاتوو نەکات پێ دەوترێت مۆنتاژی پێشخەری ، کەواتە ئەرکێکی دی ئەم پێوەندییە ئەوەیە، کە هەڵدەستێ بەڕێکخستنی کۆمەڵێ ڕووداو بەشێوەی چەند گرتەیەك لای وەرگر و دواتر گواستنەوەی جوڵەی گرتەکان لەخاڵێك بۆ خاڵێکی دیکەی دەقی ڕۆمانەکە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کاتی ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێت و باس لەڕووداوێك دەکات ، کە هێشتا ڕووی نەداوە، کەچی ڕەوتی گێڕانەوەی دەقەکە هەر بەردەوام دەبێت، لەئێستا بۆ داهاتوو هەنگاو دەنێت، کەبیری وەرگر دەوروژێنێ و سەرنجی بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بەمەبەستی (( ئامادەکردنی زەمینەیەکە بۆ کاتی ڕوودانەکە...)) [2].

---

[1]– سمير المرزوقي ، مدخل الى نظرية القصة ، ص٤٤.

٢– ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا ١٩٧٠–١٩٨٠ ، ل٩٨.

ئامادەکردنی ئەو زەمینەیە کە پەیوەستە، بەهەڵسوکەوت و چارەنووسی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە، بەهۆی پێشهاتی ڕووداوەکان چ ئاکامێکیان لێ دەکەوێتەوە، پێشخەری وەك پرۆسەیەکی گێڕانەوە زیاتر پێوەندی بە توانا و لێهاتوویی ڕۆماننووسەوە هەیە، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کارەکتەرەکان بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدات.

ڕەخنەگر و نووسەرانی ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی، هەڵوێستی جیاجیایان هەیە ، لەسەر هونەری پێشخەری لەبەرهەمی ئەدەبیدا، چونکە پێشخەری بەواتای ڕوودانی ڕووداوێك ڕەنگە لەداهاتوو ڕووبدەن یا ڕوونەدەن ، هەندێك پێیان وایە مەرج نییە هەموو ئەو ڕووداوانەی لەڕێگەی زەینی کارەکتەر بۆ وەرگر نمایش دەکرێت ڕووبدات ، بەڵکو هەندێك کات ڕوونادات هەروەك ( پەریز سابیر ) دەڵێت :(( مەرج نییە هەموو جارەك بێتەدی ، بەڵکو دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کەسانی نێو چیرۆکەکە بێتەدی ، بەڵکو دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کەسانی نێو چیرۆکەکە، کە لەئەنجامی کار لەیەککردنی چەند بنەمایەکی تایبەت بەچیرۆك چ ناوەوە یا لەدەرەوەی چیرۆکدا ڕوودەدەن و کاری تایبەتی خۆیان لەئارستەکردنی ڕووداو دیایکردنی چارەنووسی کەسەکاندا دەبێت ، بۆیە زۆر ئاساییە ئەم حاڵەتە بەهۆی هاتنەدی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکە سازبدرێت ، هەروەها شتێکی ئاساییە بەهۆی نەهاتنەدی ئەو ئەنجامەی چاوەڕوان کراوە سازبدرێت ))[١] ، بەپێی ئەم بۆچوونە مەرج نییە ، هەموو ئەو ڕووداوانەی ، کە کارەکتەر لەڕێگەی گێڕانەوە پێشکەش دەکرێ ڕووبدات ، بەڵکو هەندێك ڕووداو تەنیا بۆ سەرنج ڕاکێشانی وەرگرە ، تا هەست بەماندووبوون بێزاری نەکات یا بۆ وەستانی کات و سست بوونەوەی ڕووداوێکە هێشتا ماویەتی ڕووبدات یا بۆ دروست بوونی هەڵوێستی کارەکتەرە بەرانبەر ڕووداوەکان و لەسەر چارەنووسی ڕووداوەکان.

لەکاتێکدا (نەجم خالید ئەڵوەنی) پێچەوانەی بۆچوونەکەی (پەرێز سابیر)ە دەربارەی پێشخەری دەڵێت : (( پێشخراو ئەو ڕووداوانەی ئایندە لەکاتی ئێستادا دەگێڕێتەوە، کە دەبێ لەکاتی خۆیدا بەدی بێن و جێی گومان نەبن لەبەر ئەوە هەرچی گێڕانەوەیەك کەباسی ئایندە دەکا و لەکاتی خۆیدا بەدی نەیەت ، یالەوانەیە بەدی نەیەت، ناچێتە چوارچێوەی پێش خراوە و ئەرکەکانی لەناو تێکستەکەدا جیاواز دەبێ لەئەرکی ئەو ڕووداوەی کە بەتەکنیکی پێشخراو، لەکاتی ئێستادا گێڕانەوەکەی پێشکەش دەکرێ... واتا تەنیا ئەو ڕووداوانە لەکاتی ئێستادا دەگێڕێتەوە کە مەرجە لەئایندەدا ڕووبدەن. نەك بەمانای پێشبینی کردنی ڕوودانی ئەوان لەکاتی داهاتوودا ))[٢].

١- پەرێز سابیر ، هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ، ل٣١٢.

٢- نەجم خالید ئەلوەنی ، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ، ل٢٣٢-٢٣٣.

بەپێی ئەم بۆچوونە بێت نابێت کارەکتەر باس لەڕووداوێك بکات گومان هەبێ لەڕوودانی و هاتنەدی ، بەواتایەکی دی بە ڕووداوێك ناگوترێ پێشخەری ئەگەر کارەکتەر یا ڕۆماننووس سەدا سەد دڵنیا نەبێت لەڕوودانی کە لەداهاتوودا ڕوودەدات.

لەئەنجامی ڕوونکردنەوەی ئەم پێناسانە بۆ هونەری پێشخەری دەربارەی ڕوودان یا ڕوونەدانی ڕووداوێك ، کە کارەکتەر نمایشی دەکات ، بۆ داهاتوو دەگەین بەو بۆچوونەی ناکرێت بەهیچ شێوەیەك مەرج بۆ هاتنەدی ئەو ڕووداوانەی دابنرێت ، کە ڕەنگە لەداهاتوودا ڕووبدەن یا ڕوونەدەن، کەواتە پەیوەست بوونی وەرگر بەڕووداوەکانی ئەو ڕووداوانەی ، ڕەنگە لەداهاتوودا ڕووبدەن لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت، چونکە وەرگر لەڕێگەی وشەکانەوە گرتەی ڕووداوەکان لەبیر و هزری خۆیدا تۆمار دەکات، بەتایبەتی کاتێك ڕۆماننووس لەنێو باسکردنی ڕووداوێکە و وەرگر ئاوێتەی ڕووداوەکان بووە، لەپرێکدا ڕۆماننووس لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە کاتی ئێستا ڕۆمانەکە ڕادەگرێت و پەنا بۆ زەینی کارەکتەر دەبات بۆ نمایش کردنی ڕووداوێك ، ڕەنگە لەداهاتوودا بێتەدی، بەجۆرێك لەخاڵی کۆتایی ڕووداوێکی بەر لەو پێشخەریە دەگەڕێتە خاڵی یەکەمی ڕووداوێك ، کە بەڕووداوی پێشخەری ناسراوە، شێوازی ڕیزکردنی لەزەینی وەرگردا بەشێوەی زنجیرەیی ، کە کات و شوێن تێیدا پچڕاون و لکاندنی بە ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆمانە لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەکرێت، هەرچەندە جیاوازی زۆر لەبەکارهێنانی مۆنتاژ لەفیلم و شانۆ و ڕۆماندا لەهونەری پێشخەریدا ر، لەبەرئەوەی لەفیلم و شانۆدا وەرگر خۆی بەچاوی خۆی ئەو پێشخەریە بەشێوەی ڕووداوی ڕاستەقینە دەبینێت ، کە لەڕێی (( زوومی کامێراوە یا شاشە یا تەختەی شانۆ )) نمایش دەکرێ ، لێرەدا وەرگر زیاتر پشت بەهەستی بینین دەبەستێ، کەچی لەڕۆماندا وەرگر زیاتر پشت بە بیری خۆی دەبەستێ، لەڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانی نێو ڕۆمانە، ڕووداوەکان بەدوای یەکتر ڕیز دەکاتن.

بەشێوەیەکی گشتی هونەری پێشخەری لەڕۆماندا بەگوێرەی سیستەمی پرۆسەی گێڕانەوە دابەش دەبێت بۆ سەر سێ جۆری سەرەکی ، ئەمانەن:

١- پێشخەری دەرەکی: لەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوە پێشخەرانەی ، دەکەونە سنووری دەرەوەی کاتی سەرەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانە، واتە (( گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی، کە لەئێستادا مەزەندە دەکرێت لە ئایندەدا ڕووبدات، بەپێی ئەو مەزەندەیە ئەو ڕووداوەی کە لەداهاتوودا ڕوودەدات لەکاتی ئێستادا باس کراوە ئەو ڕووداوەش لەدەقی دەرەوەی ڕۆمانەکەدایە ))[١] ، بەڵام مەرج نییە لە پێشخەری دەرەکیدا هەموو ڕووداوەکان لە ئایندە ڕووبدات، بەڵکو ڕەنگە بەشێکی هەر ڕوونەدات یا بەپێچەوانەی پێش بینییەکان ڕووبدەن.

١- ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبداللە سەراج)دا، ل٢٥٥.

٢– پێشخەری ناوەکی: بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە پێشخراوانەی ، کە پێوەندیان بە ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆمانەکە هەیە، ڕۆماننووس لەڕێگەی زەینی کارەکتەر کۆمەڵە ڕووداوێك پێش دەخات، کە زیاتر پەیوەندییان بەو ڕووداوە هەیە کە لە ئێستادا ڕوودەدەن.

هەرچەندە ڕۆماننووس کاتی ئێستای ڕووداوەکان تێکدەشکێنێت، بەڵام ناتوانێت کاتی ئێستای ڕووداوەکان ڕابگرێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژ، ڕووداوەکان هێندە تێکەڵ دەکات، وەرگر هەست بە پچڕانی ڕووداوەکان نەکات ، وا بزانێت لەزەمەنی ئێستادا ڕوودەدەن، بەجۆرێك ڕووداوی ئێستای ڕۆمانەکە تێکەڵی ڕووداوێکی داهاتوو دەکات (( بەمەش ئەو ڕووداوە داهاتووەی کە ئێستا باس دەکرێت لە ئایندەدا ڕوودەدات، ئەم تەکنیکەش هەروەکو تەکنیکی پاشخەری ناوەکی بەکاردەهێنرێت ))[١].

٣– پێشخەری ئاوێتەیی (دووبارەیی): یەکێکە لەهونەرەکانی گێڕانەوە و دووبارەکردنەوەی ڕووداوێك، کە لەئێستادا بوونی هەیە، کەچی کارەکتەر چەند جارێك بەچەند شێوەیەك هەمان ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە ڕەنگە لە ئایندەدا ڕووبدات . ڕۆماننووس هەوڵدەدات لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە ڕووداوێك بەچەند شێوەیەکی جیاواز ، لەزەینی وەرگر نمایش بکات، هەمان ئەو ڕووداوەیە لەئێستادا ڕوودەدات، دواتر گواستنەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ بیر و هزری وەرگر بەشێوەی چەند گرتەیەکی جیاواز (( هەروەها ڕەنگە ئەو ڕووداوە چەند جارێك و بەچەند شێوەیەك دووبارە ببێتەوە و ئاستی گێڕانەوە و هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکان بگۆڕێت ))[٢].

کەواتە لەم شێوە پێشخەریەدا زیاتر لەکارەکتەرێك بەشدارن لەگێڕانەوەی هەمان ڕووداوەکە لەئێستادا، کە ڕەنگە لەداهاتوودا ڕووبدات، بەڵام بەشێوە و ئاستی جیاواز.

## دووەم : **پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری ، پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) دا**

پێشخەری یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوە ، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەپێش و پاشخستنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆماندا هەیە ، بەردەوامبوونی ڕووداوەکان و پێش و پاشخستنیان لەئەنجامی دیالۆگەوە دروستدەبێت، تاکو وێنەی ڕووداوەکان لەبیر و زەینی وەرگردا بەشێوەی زنجیرەیی نەپچڕاو بمێنێت ، ڕۆماننووس پەنا بۆ تەکنیکی مۆنتاژ دەبات ، ئەو پێوەندییەی لەنێوان ڕووداو و پێشخەریدا دروستدەبێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆنتاژەوەیە ، وا لە وەرگر دەکات ، کەهەست بەبوونی ( پچڕانی یا بەیەکەوەلکانی ) ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە نەکات ، مەبەستیش لەم پێوەندییە لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور )دا، ئاخاوتنی نێوان

---

١– س، پ : ل٢٥٥.

٢–س ، پ : ل٢٥٥.

کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەیە ، کە گوزارشت لە گێڕانەوەی کێشە و ململانێ و بەسەرهاتەکانی و ناوەڕۆکی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەکەن ، پێشخەری زیاتر لەو ڕۆمانانە بوونی هەیە ، کە فرەدەنگی تێدا زاڵە، بۆیە لەڕۆمانەکانی ( کاروان عومەر کاکەسوور ) دا ، پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە ، کارەکتەرەکان گوزارشت لەکەسییەتی خۆیان دەکەن ، تا ڕێکخستنێك لەنێوان هونەری پێشخەری و ڕووداوەکان هەبێت . ڕۆماننووس هەوڵیداوە گێڕانەوەکان لەڕێگەی هونەری پێشخەرییەوە شوێن و پێگەی ڕووداوەکان دیاربکات و لەئاستی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان بەکاریان بهێنێت.

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) :**

هەرچەندە پێشخەری بەواتای پێشنیازکردنی ڕووداوێك دێت ، ڕەنگە لەداهاتوودا ڕووبدات ، ڕۆمانی ( **کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان** ) ، هونەری پێشخەری لەلایەن کارەکتەرەکان بەکارهاتووە ، بەڵام بەشێکیان نەهاتوونەتە دی یا وەڵامەکەی بۆ وەرگر جێهێشتووە ، لەسەرەتای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا ، گێڕەرەوە سوودی لە هونەری پێشخەری ناوەکی وەرگرتووە ، کە پەیوەستە بەئێستا و داهاتووی کارەکتەرەوە ، واتە لەم جۆرە پێشخەرییەدا کارەکتەر ڕووداوێك دەخاتە نێو چوارچێوەی بیری وەرگر ، کە ڕەنگە لەداهاتوودا ڕووبدات ، بەڵام پەیوەستی کردووە بەکاتی ئێستا ، هەروەکو لەسەرەتای ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەرچاو دەکەوێت ، کاتێك ( ئامانج ) دەگەڕێتەوە ناوشار لەڕێگە تووشی کۆمەڵێك قاچاغچی دەبێت و لەبەرامبەر پێدانی چەك و قایش و ڕەختی تفەنگی جلی خەڵکی ئاسایی وەردەگرێت ، تاکو شوێنەواری پێشمەرگەیاتی بەسەر جەستەی ون بێت ، ژنێك دەیشێلێت ، تاکو ئەگەر گەڕایەوە شار هەست نەکرێت پێشمەرگەیە و لەشاخ هاتووە ، بۆیە ( ئامانج ) ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێت ، وێنەی ئەو گرتانە لەزەینی وەرگر دروستدەکات ، کە لەداهاتوودا چی بەسەر ( ئامانج ) دێت، گێڕەرەوە لەسەر زاری ( ئامانج )دەڵێت:

**( لە گوتەکانیدا بۆم دەرکەوت من بەرەو ناو ئاگر دەچم و ژیانم لەمەترسیدایە،...... ڕەنگە هەر لێرە دووربکەومەوە، دەستگیر بکرێم.... وەك بڵێی مەترسی سەرڕووحی خوێندبێتەوە بیەوێت جورئەت بخاتە بەرم، یا بیەوێت ئارامم بکاتەوە بەهێمنی ناخی خۆمی بۆئاشکرابکەم پێی گوتم ئێستا دوای ئەوەی جوان جوان شان و کەمەر و سمتم شێلاوە، شوێنەواری قایشی تفەنگ و ڕەخت بەسەر گیانتەوە نەماوە...... باوەڕم وایە چەندیش بتپشکنن، نازانن تۆ چەکداربوویت و لەشاخ دابەزیویت ... ) (ل١١، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان).**

وەرگر لەم پێشخەرییەدا ناتوانێ بڕیار لەسەر دروستی ڕووداوەکان بدات، چونکە ئەو ژنەی کە ( ئامانج )ی شێلاوە ، لەدواجاردا دەڵێت:( **هێشتا زۆر شت دەمێنێت بەهەندیان وەربگرێت)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل١١)**. بوونی وشەی( زۆرشت ) وەرگر تووشی پرسیار و بیرکردنەوە دەکات ، دەبێت مەبەستی چی بێت؟؟.

لەشوێنێکی دیکەدا ، ئازاد هەوڵدەدات دیمەنی بوکێنی ( دلارام ) بخاتە بەرچاوی خۆی و وەرگر ، پرسیار لەبوونی ئایندەی( دلارام ) بکات ، بەتایبەتی کاتێك ( دلارام ) لەلای دایکی ( ئازاد ) منداڵی دەبێت و پووری بەدایکی دەڵێت ، کە ئەو منداڵە لە کوڕی تۆیە ، لێرەدا کۆمەڵێك گرتەی دژبەیەك دروستدەبێت ، کە لەپێشخەری ناوەکیدا بوونی دەبێت ، وەکو ( دلارام ) ئێستا ژنی ( ئازاد ) ە ، کەچی لەگەڵ ( شێرزاد )یش چەندین شەو خەوتووە، بۆیە دەڵێت:

**( لێرەدا ئەوان ناچار دەبن پێی بڵێن کە سکەکەیشی لی تۆیە .... ئەوسا پورت پێی گوتووە :**

- **خۆ ئێستا زانیت زۆڵ نییە ....؟**

**هەستت دەکرد دایکت زیاتر لە پێشوو ( دلارام ) دەلاوێنێتەوە ........ زۆرجار وا دەهاتە بەرچاوت کە وەکو بووکی خۆی لێی دەڕوانێت....) ( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، ل١٩٨ ).**

لە گرتەیەکی دیکەدا ( ئامانج ) کاتێك هەست دەکات ئەو شەوەی ، کە پیلانیان دانابوو بۆ دزینی پارەی ماڵی(حاجی عوبێد پۆخچی ) ، ( خۆیی و شێرزاد و داندی ) ، وەرگر سەرەتا وا دەزانێت هەرسێکیان دزیەکەیان کردووە و لەماڵی ( حاجی عوبێد پۆخچی ) ، بەڵام ئەمجارە پێچەوانە دەبێتەوە بەهیچ جۆرێك ( ئامانج ) نابەن و هانا بۆ (جاویدی شێخ موعتەسەم)دەبەن ، کە فاڵچییەکی زیرەکە مرۆڤ دەتوانێت لە زۆر ساتدا بخەوێنێت ، بۆیە ( ئامانج ) یان نەبردووە ، چونکە ( جاوید ) دەتوانێ مرۆڤ بخەوێنێت ، بوونی نموونەی فاڵچی لەو ڕووداوانەی ڕەنگە ڕووبدەن ، بەڵگە لەسەر بێ متمانەی مرۆڤ لەسەر خودی خۆی دەنوێنێت ، نەزانی و هەژاری لەبیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵە بەسەر هەموو تاکەکاندا ، بۆیە پەنا بۆ فاڵچی دەبەن ، ڕەنگە هەموو ئەو ڕووداوانەی لەداهاتوودا ڕووبدەن ، گێڕەرەوە هەوڵیداوە لەڕێگەی چاوی کامێرای وشەکانیەوە کۆمەڵێك گرتە لەسەر سەکۆی ڕووداوەکان نمایش بکات ، هەروەکو دەڵێت:

**( دوای ئەوەی زانیت(شۆڕش)و(داندی) پلانیان بۆ ڕزگارکردنی پارەساختەکان داناوە و تۆیان ئاگادار نەکردۆتەوە، بەڕادەیەك تێکشکایت، کە وەکو زۆرجار بیرت لەوە دەکردەوە سەری خۆت هەڵبگریت.... شەوێکیان گوتت لێ بوو بەچپەوە باسی ئەو پلانەیان دەکرد و دەیانویست بەهەموو شێوەیەك لەتۆی بشارنەوە.... ( جاویدی شێخ موعتەسەم ) یان لەشوێنی تۆ بردبوو، ئەرکی جاوید ئەوەبوو لەگۆڕستانی چراغ بوەستێت و سیحر لەماڵی ( حاجی عوبێد پۆخچی ) بکات ، تاکو بیانخاتە خەوێکی قوڵەوە....)( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل ٢١٣)**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری لە ڕۆمانی (سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە).**

هەرچەندەبەشێکی زۆری ڕووداوەکانی ڕۆمانی( **سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە**) لەئەنجامی پێشبینی غەیبزانەکەیە ، کە( سەنگەر ) لەڕووداوەکاندا ناوی بردووە، پەیوەندی تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ پێشخەریدا لەم

ڕۆمانەدا پەیویستە بەئەنجامی بیرکردنەوەی وەرگر ، مەرج نییە هەموو پێشخەرییەکان لەداهاتوودا ڕووبدەن ، بڕوابوون بەئایندە و خوێندنەوە لەئێستا وەرگر دەخاتە نێو ئالۆزی بیرکردنەوەو کۆمەڵێك پرسیار ، ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بن بەداهاتووی (سەنگەر) ، ئەوانی تریش بۆ خزمەتی ڕووداوەکان بن .

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی گێڕەڕەوەی هەموو شت زان دەبینێت ، هەرچ ڕووداوێك پێشکەش دەکات، وەرگر سەرەتا دڵنیا دەبێت لەهاتنەدی ڕووداوەکە، کەواتە تێکەڵاوکردنی ڕووداوەکان لەبیری وەرگردا دواتر گومانی وەرگر لە هاتنەدی ئەو پێشخراوانە ، لە لایەن کارەکتەر پێشکەش دەکرێت جۆرێکە لەبەکارهێنانی ئەم پێوەندییە ڕۆڵێکی دیار دەبینێت ، لە بڕیارنەدانی وەرگر لەسەر ئەو گومان و پێشخراوانەی کارەکتەر نمایشی کردوون .

لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس ڕۆڵی گێڕەرەوە هەبووە ، وەرگر هەست دەکات گێڕەرەوە ئەرکی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان دەبینێت ، دواتر ڕۆڵی گێڕەرەوە کاڵ دەبێتەوە کارەکتەرەکان ئەم ڕۆڵە دەگێڕن و هەرچەندە لەهەندێ شوێن دەسەلاتی گێڕەڕەوە بەسەر پێشخراوەکاندا زاڵە.

(سەنگەر) دوای ئەوەی وەکو جەردە و دزێك بەدەردەکەوێت ڕێگری لەکەسێك دەکات ، دواتر ناوی ناوە ( غەیب زان ) ، ئەم غەیب زاڵە لەڕێگەی چەند وشەیەکەوە توانیویەتی (سەنگەر) لەخۆی دووربخاتەوە بگرە سەرتاپای ژیانی (سەنگەر) بەو پێش هاتەی غەیب زانەکە دەگۆڕێت ، هەروەکو لەم پێشخەرییە ناوەکییەدا دەڵێت :

**( – ئاخر ئەوەیە سەیرەکە بەلای منەوە.....تۆ نەتزانیوە، کەچ گەوهەرێك چاوەڕێتە.....تۆ سیحرت لێ کراوە ، هەربۆیە بەگژ غەیبزانێکی وەکو مندا دەچیت**

**– تۆ خۆتت لێ گۆراوە......کراوی بەکەسێکی تر ، کەهیچی لەتۆی ڕاستەقینە ناچێت تۆ کوا ڕێ لەم و لەو دەگریت و خەڵك ئازار دەدەیت ، بەڵگەشم ئەوەیە زۆر جار بەخەون بەخۆتەوە دەبینیت بەڵام کاتێ خەبەری دەبێتەوە بیرت دەچێتەوە یا شێوەی خۆتت وەکو تارمایی دێتە بەرچاو سیمای دەگۆڕێت...پێوەی دیارە، کەچاکتر بیر لەو مەسەلەیە دەکەیتەوە) ( سوارەکان بەقاچاخ بوکیان گواستەوە ، ل٩٨) .**

بڕوابوون بەقسەی (غەیب زانەکە) هۆکارە بۆ ئەوەی وەرگر زیاتر تێکەڵاوی ڕووداوەکان بێت، بەدوای ئەو ئەنجامە هەنگاو بنێت کە غەیب زانەکە بۆی باسکردووە ، لەو گرتەیەدا (سەنگەر) هەرچەندە بەترسەوە دەچێتە نێو پاسەکە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەی بۆ هەموو کردارێکی لەناکاو داناوە ، گێڕەرەوە لەچەندین لاپەڕەی ڕۆمانەکەیدا باوەڕبوونی (سەنگەر بە غەیب زانەکە) دەکاتە گرتەو ، لەبیرو زەینی وەرگردا دەچەسپێنێت بەتایبەتی لەم پاشخەرییەدا دەردەکەوێت ، کاتێك دەچێتە نێو پاسەکە بەرەو ( کەرکوك ) ڕێدەگرێ :

**( ئێستا دەچێتە ( کەرکووك ) ڕاستە دوودڵە و دەترسێت ، بەڵام هەر دەچێت ، جاری جارانیش نییە بیکاتە شەڕ و پارە نەدات ، بەتایبەتی ئێستا دڵدارێکی ناسکە و دەسگیرانەکەی چاوەڕێیەتی بەخۆی گووت ئەگەر زانیت داوای پارەیان لێ کردی ، بڵێ بیرم چووەو دامبەزێنن چونکە هەر لەسەرەتاوە دەردەکەوێت ڕاستە یا درۆ ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل١٨ ) .**

**( ترسەکە زیاتر هی ئەوەیەپێشبینی غەیب زانەکە ڕاست دەرنەچێت و بەدەستگیرانەکەی شادنەبێتەوە..... پیاوێك لەسەر یەکێ لەکوشینەکانی ناوەڕاست دانیشتووە چاویلکەیەکی ئەستووری لەچاو دایە ..... جار جار ئاوڕێك دەداتەوە و لەم دەڕوانێت .... ئیتر(سەنگەر) هێندەی تر شپرزە دەبێت ...... لەڕاستیدا پیاوەکە ( سەنگەر ) بەکەسێکی تر تێگەیشتووە ... تەواویش دڵنیایە ئاخۆ ئەوە یا بەهەڵە چووە ..... ئەو کرێی پاسەکەی بۆ دەدات.....) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٢١) .**

**دوای ئەوەی ( سەنگەر ) دێتە هۆش خۆی پارەکەی دراوە لە لایەن پیاوەکەوە بۆیە ژنەکە پێیدەڵێت :**

**( دیارە دەیناسی بۆیە پارەکەی بۆ دایت ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل٢٢ ) .**

**ئەوەی جێگەی سەرنجی وەرگرە ئەوەیە ، سەرەتا وەرگر بڕوای نەدەکرد ئەم پێشبینییەی غەیبزانەکە بێتە دی ، هەروەك لە سەرەتای ڕووداوەکە بە سەنگەری گووت**

**( – سەفەر بێ پارە دەکرێت**

**– ئاخر ئەو سەفەرەی تۆ جیاوازە .... پارەت لێ وەرناگرن ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل١٠) .**

سەنگەر لەبەشێکی تری خەیاڵەکانی رفاندنی ( دڵخوازە ) ، بە شێوەی گرتەی زنجیرەیی دەخاتە بیری وەرگر ، لە کۆتاییدا بە ئەنجامی ناگات ، هەروەك گێڕەرەوە لەم پێشخەرییە ناوەکییەدا دەڵێت :

**( هەمیشە لەخەیاڵەکانی دا وای بەرجەستە دەکرد ، هەندێکی تر گەورە بن ئەوا دڵخواز هەڵدەگرێت و دەیباتە ناو شاریا لادێ.... چاکتر وایە بیباتە شاخ لەوێدا ماڵێك پێکبێنن ..... باوەڕی وابوو( دڵخواز ) دەتوانێت لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێوییەکانی ئەوێ رابێت ) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل ٤٧) .**

ئەو پێشخراوەی ( سەنگەر ) دێتە دی ، بەپێچەوانەوە لەشوێنی ئەوەی ( سەنگەر ) ببێت بە زاوا و ( دڵخواز ) یش بووك بێت ، کەچی زاوا پێشمەرگەیەکی شاخەو بوکیش ( دڵخواز )ە ، لەم چەند گرتەیەدا سەرەتا هەست بەبوونی هاتنەدی ئەو پێشخراوە ناکات ، چونکە پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی (سەنگەر) و وەرگر دەردەچێت، لەم پێشخەرییە ناوەکییەدا دەردەکەوێت :

**( ئەمانەی لە( دڵخواز ) بیستووە......خۆیشی بەشێوەیەکی سەیر ون بوو.....شاییەکەی لەپرسەی قاچاخ دەچوو.....نەدەنگێك ......نەچرپەیەك......نەگۆرانی و نەهەلهەلە.......نەهەڵپەرکێ.....نەسەما.....بەڵێ رێك وەکو پرسەی قاچاغی پێشمەرگە لەناو شاردا) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل ٦٦ ) .**

**( بۆ ساتێك تارمایی ( دڵخواز )ت بەجلی پێشمەرگایەتییەوە دەهاتە بەرچاو تفەنگەکەی دەبریسکایەوە ....لەگەڵ کۆمەڵێ لەپێشمەرگەکانی هاورێی وەستاوە سنگی دەرپەڕاندوو کچێك لەناوەڕاستی پێنج شەش گەنجی چەکدار......) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل ١٣٢ ) .**

دوای ئەوەی ( شێرۆی نانەوا ) بەشێوەیەکی زۆر خراپ باسی کەسایەتی (دلارام) دەکات و ڕەنگە شەوانیش لەگەڵی مابێتەوە ، بۆیە ( سەنگەر ) بڕیاردەدات تۆڵەی لێبکاتەوە ، بۆیە بەرنامە بۆ کوشتنی دادەنێت و ئەو پێشخراوە دێتە جێ ، وەرگر لەم گرتەیەدا نازانێت دوای ئەوەی ( سەنگەر ) ، ( شێرۆی نانەوا ) دەداتە بەر چەقۆ دەمرێت یا بەزیندوویی دەمێنێتەوە ، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی دوو دڵی و گومان لای وەرگر ، بگرە (سەنگەر) یش نازانێت دوای ئەم تاوانە ، چی بەسەر دێت ، تا لەکۆتایی لەسەر زاری پوورە ( مامز ) ڕاستی و ئەنجامی ڕووداوەکە دەبیسترێ ، لەم پێشخەریە دەرەکی یەدا دەردەکەوێت.

**( کاتێك بیری لەوە دەکردەوە لەبەر کەلاوەکە بۆی بوەستێت و ......هەر کەبەسەر خۆشی گەڕایەوە لەو پەنایەدا بیداتە بەرچەقۆ و ورگی هەڵدڕێت) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل ٧٥ ) .**

دوای ئەوەی ( قاسم ) لەسەر گۆڕینی ناوەکە بۆ ( شەماڵ ) باوکی بەیەکجاری حاشای لێدەکات و چونکە باوکی بیرۆکەیەکی توندڕەوی ئیسلامیانەی هەبووە ، ( شەماڵ ) پێشبینی ئەوە دەخاتە ڕوو، ڕۆژێك دێت خانەوادەکەی هەموو باوکی جێدەهێڵن، لەم گرتەیەدا ڕوون نییە دواجار ئەم ڕووداوە دەگاتە ئەنجام یا نا ، لەم مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیە دەردەکەوێت ئەو ساتەی ( سەنگەر ) باسی ئەنفالی بۆ دەکرێت ئەم گرتەیە دەپچڕێت ، گێڕەرەوە لەڕێگەی مۆنتاژەوە ئەو پێشخەریە دەرەکییە دەخاتە ڕوو

**( دەتۆ سەری خۆت بەوە مەیەشێنە ( تەنتریۆف ).....من سوور دەزانم ڕۆژێك لەڕۆژان ئەو خوشکەم وەك من ماڵ جێدەهێڵێت، بەڵام تا ئێستا شوێنێکی گونجاوی نەدۆزیوەتەوە بۆی بچێت )( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ل٩٢ ) .**

پێشبینیەکەی ( شەماڵ ) دێتە دی ، کەچی چارەنوسێکی ڕەش چاوەڕێی ( ژیان ) ی خوشکیەتی ، کە ( سەنگەر ) شوێنی ( ژیان ) بەباوکی دەڵێت و دواجار دەیکوژن و شۆڕش بڕیاری کوشتن بۆ (سەنگەر) دەردەکات هەروەکو گێڕەرەوە لە زاری ئەو پێشمەرگانەوە ، نهێنی کووشتنی ( ژیان ) بە دەستی باوکی ئاشکرا دەبێت دەڵێت :

**( دوا تاوان کەبەپێی ئاگاداری ئێمە ئەو کردبێتی ، پێوەندی بە ( ژیان ) ی خوشکی ( شەماڵی مەلا مەلاریا ) ەوە هەیە ..... ئەو کچە دوای ئەوەی ماڵی باوکە کۆنە پەرستەکەی جێدەهێڵێت و دێتە لای (دلارام)ەوە، بۆ ئەوەی ژیانێکی ئازاد بەسەر بەرێت ، ( سەنگەری برایم تەنتریۆف ) شوێنەکەی بەباوکی دەڵێت.....چوار رۆژ لەمەوبەر واتە ١٩٧٨/٨/٢٧، ( مەلا مەلاریا ) و دوو کوڕە هەرزەکارەکەی هاتن لەناوەڕاستی کۆلانا دایانە بەر گوللە.....بەچەقۆش وەکو ماسی سکیان هەڵدڕی......) ( سوارەکان بەقاچاخ بووکیان گواستەوە ، ل ١٤٧ )**

.

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)**

یەکێك لەو تەکنیکانەی کەڕۆماننووس لەبەشێکی ڕووداوەکاندا سوودی لێوەرگرتووە ، هونەری پێشخەریە کارەکتەرەکان بەکاریان هێناوە بۆبەرەو پێش بردنی ئاستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەم پێشخەراوانەش والە وەرگر دەکا، ئارەزووی (خوێندنەوەیابیستنی) دەقی ڕۆمانەکەی هەبێت، بەشێوەیەك بزانێت ڕێڕەوی بەرەو کوێ دەچێت و هەڵسوکەوت و چارەنووسی پێشخەری کارەکتەرەکان چ ئاکامێکی دەبێت هونەری پێشخەری زیاتر پەیوەندی بەتواناو لێزانی خودی ڕۆماننووسەوە هەیە. هەمیشە حالەتێکی چاوەڕوان نەکراو دەنوێنێت دەقە پرسیارییەکان ڕوویەکی نامۆیان هەیە و والە وەرگر دەکەن زیاتر بچێتە ناو بازنەی پرسیارو خەیاڵەوە[١] ، ڕۆڵی پیشاندانەوەی واقیع ببینێت، بەشێوەیەکی گشتی هەموو جۆرەکانی پێشخەری بەکارهاتووە، تا وەرگر هەست بەپچڕانی ڕووداوەکان نەکاو هەوڵبدا خۆی بڕیار لەهەندێك ڕووداو بدات یابەتەواوی وابزانێت لە داهاتوودا ڕوودەدات ، ڕەنگە دواتر نەهێتەدی ، لەڕێگەی جۆر و چۆنیەتی ئەو مۆنتاژەیە ، کەڕۆماننووس لەدەقی وشەکاندا ئاماژەی پێداوە ، کەواتە وشەکان دەبنە چاوی کامێراو ڕووداوەکانی تێدا وێنە پێدەگیرێ و لەزەینی وەرگردا نمایش دەکرێ، مەرجیش نییە هەموو پێشخەریەکان لەئاییندە بێتە دی ، بەڵکو هەندێك جار پێشخەری بۆ ئەوەیە ، وەرگریش توانای هەبێت بڕیار لەسەر هەندێك ڕووداو بدات ، ڕەنگە لەداهاتوودا هەمان ئەو بڕیارە بێت ، کەبڕیاری لەسەرداوە یاپێچەوانەی بێت .

یەکێك لەو پێشخەریانەی ، ( وریا ) لەسەر زمانی ( ئەلیاس زرازان )ی دەیگێڕێتەوە ، باس لەئاییندەی خۆیان دەکات کاتێك (خۆیی و سوهاد و مەیسون ) دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ دایکیشیان لەگەڵدەبێ ، پێشبینی بۆ هەردوو کوڕ دادەنێت کەلەدوارۆژدا بەچی دەگەن و دەبنەچی ، هەرچەندە هیچ یەکێك لەو پێشبینیانە نایەتەجێ ، گێڕەرەوە گرتەی هەندێك پێشبینی لەڕێگەی کامێرای وشەکانەوە نمایش دەکات ، وادەزانێت ڕاستین ، کەچی دواجار دەزانێت بەهەڵەدا چووە لەم پێشخەرییە ناوەکییەدا ( وریا ) دەڵێت:-

---

[١]- کاثرين بيلي، الممارسة النقدية ، ت : سعيد الغانمي ، دار المدى للثقافة والنشر ، دمشق ، ٢٠٠١ ، ص ٨٠ .

**(.......(ئەلیاس زرازان)ی دراوسێمان ئیشی ئەوە بوو شەوان چرای سەر شەقامەکان دابگیرسێنێت هەر ئێوارەیەك دەیبینی وا من پەتەکەی ملی (مەیسوون) ڕادەکێشم و تۆیش جار جار لەدواوە شەپێك لەپاشووی دەدەیت ، بەدایەی دەگووت :-**

**لەدوا ڕۆژدا وریا دەبێتە ئەفسەر، بەڵام سوهاد لەشاعیر زیاتر چاوەڕێی شتێکی دیکەی لێ چاوەڕێ ناکرێت ئێمە دەمانزانی ( ئەفسەر ) چییە ، بەڵام ناوی ( شاعیر )مان بۆ یەکەمجار لەسەر زمانی ئەو بیست ، بێ ئەوەی بزانین چ پیشەیەکە......بەڕاستی شتێکی سەیریشە مرۆڤ لەڕێگای دیمەنی مانگایەك و دوو منداڵەوە پێشبینی ئایندە بکات ، خۆ دوریش بوومایە بەئەفسەر ئینجا هی پۆلیس یا هی سەربازی...... ڕۆڵی ئەفسەرتان پێ دەبەخشیم ، هەرکاتێك پۆلیسەکان دەستی دزەکانیان بەکەلەپچەوە دەبەستەوە بۆلای منیان دەهێنا تاکو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەم و دواتر سزایان بدەم ) ( کازینۆی منداڵان ، ل٧٧ ).**

( وریا ) هەمیشە وێنەی ( سوهاد )ی برای لەبەر چاو بووە ، بەتایبەتی لەکاتی خوێندن و نووسیندا ، وەرگر بەچەشنێ هەست بەگرتەی تارماییەکان دەکات ، تەکنیکی مۆنتاژ لەو ساتەدا بەکارهاتووە ، کاتێك وریا بیر لەخێزانی ( ئارۆن ) دەکاتەوە دواتر گرتەی ڕووداوەکان دەخاتە سەر خۆی هەروەکو لەو پێشخەرییە ناوەکییەدا دەڵێت :-

**( دەمزانی لەوێشدا جیاوازم کەبرایەکم هەیە، بەڵام جارێ وا ڕۆژگار لەیەکتری دایبڕیوین......چنارێك لەبەردەرگا ڕووابوو لقەکانی دیوارەکەیان دادەپۆشی، سەرەتاو کۆتایی دەوامی قوتابخانە کە گەرم دادەهات لەژێری دادەنیشتم و خەریکی خوێندنی کتێبەکانم دەبووم......نازانم لەو شوێنە بۆچی هێندە بیرم لەتۆ دەکردەوەو بەردەوام وەکو تارمایی لەبەردەمم دەجوڵایتەوە......لێت ناشارمەوەتەنیا لەو شوێنە تا ئەو ڕادەیە هەستم بەو حاڵەتە دەکرد) ( کازینۆی منداڵان ، ل٨٩ ) .**

خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ و هەڵس و کەوتی یەکێکە لەهونەرەکانی زمانی جەستە زۆر جار مرۆڤ دەتوانێت مرۆڤی بەرامبەری بخوێنێتەوە لەڕێگەی ئاماژەکانی چاو و دەست و کردارەکانی، (مەزاهیر مەزهەر) کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەیە، کەسێك بووە توانیویەتی لەڕێگەی خوێندنەوەی (چاو و دەست و وتەکانی) کەسی بەرامبەر بخوێنێتەوە بزانێت لەداهاتوودا چی بەسەر دێت، وەرگر کاتێك ( مەزاهیر مەزهەر ) لە دەقی ڕۆمانەکە دەناسێ وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ ناکات بۆیە دوای ناسینی بەدوای بەڵگەیەکی زیندوو دەگەڕێت، ( وریا ) بەو شێوەیە باسی ( مەزاهیر مەزهەر ) لەم پێشخەرییە دەرەکییە دەکات :-

**( .....ئەو لەخوێندنەوەیئاماژەکانی جەستەدا پسپۆڕ بوو....... دەیزانی لەڕێگەی جوڵەی ئەندامەکانی جەستەو تۆنی دەنگەوە ناخی مرۆڤ بخوێنێتەو....... بەو شێوەیە بڕوای وابوو تروکانی چاو هەڵتەکاندنی برۆ، بزواندنی لێو، خوراندنی لووت،هەڵشەقاندنی پەنجە ، گرژکردنی ناوچەوان ، کرۆژتنی نینۆك و زۆری تر زمانی**

**بێدەنگن، بەڵام تەعبیر لەمەبەستەکانی مرۆڤ دەکەن.......کەس نەیدەتوانی شتی لێ بشارێتەوە یا بەدرۆ زانیاری پێ بڵێت چونکە بەو چاوە سیحرانە ئاشکرای دەکرد ) ( کازینۆی منداڵان ، ل١٣٢ ).**

هەرچەند وەرگر سەرەتا ( مەزاهیر مەزهەر ) وەك سیحر بازێك یا فێڵبازێك دێتە بەرچاو ، ڕەنگە ئاستی تێگەیشتنی بۆ ڕووداوەکان زیاتر بێت ، بۆیە دەتوانێت لەخوێندنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بەڕاستیەکانی ناخی بگات ، کەچی ئەمجارە ( وریا ) کاتێك باسی جووت بوونی خۆی لەگەڵ ( گوڵدان ) دەکات ، دەترسێ ڕەنگە لەئەنجامی ئەو کارە سێکسیە سکی پڕ ببێت و سەرەمێکووتەکان چووبنە سکیەوە، دوای ئەوەی دەچێتە لای( مەزاهیر مەزهەر ) ڕووداوەکەی بۆ باس دەکات ، بەڵام لەژێر ناوی کەسێکی دی (مەزاهیر مەزهەر) وەڵامی دەداتەوە کە ئەو کەسە ( وریا )یە نەك کەسێکی دی ، دروست بوونی ئەو گرتانە و دواتر گواستنەوەیان لەکاتێکی وەهمی وشەکاندا بۆ نێو واقعیەتی کۆمەڵگە لەزەینی وەرگر لەڕێگەی مۆنتاژەوە دەبێت ، بەم شێوەیە وەرگر دەگاتە قەناعەتێك ، کەهەموو خوێندنەوەکانی ( مەزاهیر مەزهەر ) ڕاستن ، کە لەداهاتوودا چی ڕوودەدات ، لەم پێشخەرییە ناوەکییەدا لە سەر زاری ( وریا ) دەگێڕدرێتەوە و دەڵێت:-

**( ..... چاوەڕێشم دەکرد ئاخۆ چارەنووسی سەرەمێکوتەکەی سکی گوڵدان بەکوێ دەگات.....تا ئەو کاتەیش زانیاریەکانم لەبارەی سکپڕی و منداڵ بوونەوە سنووردار بوون، بۆیە بەچاکم زانی پەنا بۆ (مەزاهیر مەزهەر) ببەم، نەك لەبەر ئەوەی ساڵێك لەمن گەورەتربوو، بەڵکو لەبەر ئەوەیش کەسەری لەو شتانە دەردەچوو......چیرۆکەکەم وەك خۆی بۆی گێڕایەوە، بەڵام کارەکتەرەکەیم گۆڕی، گوایە بەسەر هاوڕێیەکمدا هاتووە.......بەدەم بزەیەکی مانا دارەوە لەچاومی ڕوانی و گوتی:-**

**- نهێنی لەکێ دەشاریتەوە، کوڕی مارینا.......؟! لەمن......؟!نا، نا، شتی وانەکەیت......!!لام ڕوونە ئەوە بەخۆتی و دەزانم کچەکەیش کێیە.....ئەو کاتە گوتت ( هاوڕێیەکم ) ، بەپەنجەی باڵابەرزەکەت سنگت خوراندو چاوی ڕاستت نوقاند ..... دوایش لەگەڵ گوتنی وشەی ( کچێك )دا سەرت داخست و لەناوگەڵی خۆتت ڕوانی ، نەدەکرا دانی پێدانەنێم ، بەڵام بەڵێنم لێ وەرگرت بەکەسی نەڵێت ...... دڵنیای کردم مادام ماوەیەکی بەسەرچووە و هیچی لێ دەرنەکەوتووە ، مانای وایە سکی پڕ نەبووە ئەگەر چی هێشتا پەردەی کچێنییەکەی دەماو زوو زوو بیری دەخستمەوە ) ( کازینۆی منداڵان ، ل١٤٨-١٤٩ ) .**

ئەو ساتەی خوشکی ( سوهاد ) لەسەر بانەوەیە سەیری دەرەوە دەکات نەمامی ماڵەکەیان و درەختەکانیشیان وەکو قەوزە دێتەبەرچاو ، هەرچەندە وەرگر نازانێت بۆچی باسی قەوزە و ئەو نەمامانە دەکات ، ئەم پێشخەرییە دەکەوێتە دەرەوەی دەقی ڕۆمانەکە ، چونکە ئەوەی لەم نموونەیەدا دەبینرێت ئەوەیە خوشکی ( سوهاد ) لەبەشی سێیەمی ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس لەم ڕووداوە ناکات کەبیری لێدەکاتەوە ، وەرگر نازانێت بۆچی وای وتووە تا کۆتایی بەشی سێ یەم بۆی ڕوون دەبێتەوە، تاکو

وەرگر هەست بەبێزاربوون نەکات ، گێڕەرەوە ڕووداوەکان دەپچڕێنێت لەڕێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە بەیەکتریان دەلکێنێت ،کە لەم گرتەیەدا بەدیاردەکەوێت :–

**( کاتێ لەپەنجەرەی ژوورەوە، کەلە نهۆمی دووەم بوو لەقەوزەی سەر بەردەکانی ئەو دەشتەی بەردەمان ڕادەمام ، وەك نەمام دەهاتنە بەرچاوم....ئەو ناوە سەوز دەچووەوە..... ئەگەر پێشتر ئەم دیمەنەم بەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی نەدیبایە ، ئەوا بێگومان نەمدەزانی ئەو نەمامانەی دەیانبینم لەبنەڕەتدا قەوزەن و ئەو ئاوێرە بەردانەیش هەر بەردە ئاساییەکانی جارانن کە لەگەڵ ( نەریمانی دادە هێلانە ) یاریمان پێ کردوون ) ( کازینۆی منداڵان ، ل٢٠٣–٢٠٤ ) .**

گێڕەرەوە لەدروست کردنی پێوەندی تەکنیکی مۆنتاژ لەگەڵ هونەری پێشخەری سوودی لەمۆنتاژی سینەمایی وەرگرتووە ، چونکە گێڕەرەوە وێنە و گرتەی (( سینەمایەکی گەرەکە لەبیروباوەڕی کۆمەڵگە قوڵ دەبێتەوە ، پەیوەندییە نوێیەکانیان شی بکاتەوە ، مانای ژیانی تاك لەنێوەندی پەیوەندییەکان بەرجەستەبکات ))[1] .

( مەردان خوداداد ) کەسێکی زمانڕەوان بووە ، کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بووە بۆیە دەیەوێت قەناعەت لای خەڵکی شار دروست بکات تاکو لەزەوییەکەی خۆی گەڕەکێك بەناوی شاعیر( ئاگر باز ) دروست بکات ، چونکە ( ئاگر باز ) خاوەن پێگەیەکی ئایینی و کۆمەلأیەتی تایبەت بەخۆی بووە ، بۆیە ( مەردان خوداداد ) ئەو ناوە بەدەرفەت دەزانێ ، تاکو لەژێر ناوی ئەو گەڕەکێك دروست بکات و زەوییەکەی بە خەڵکی بفرۆشێتەوە ، بەمەش ناوەستێت بۆ خەڵکەکە پێشنیارێکی بەجێ داوا دەکات ، هەموو کۆڵان و خانوو و شەقامە گشتیەکانی ئەم گەڕەکە لەسەر ( کێش و ئاواز و ڕیتم )ی شیعرەکانی بێت. هەروەکو گێڕەرەوە لەم پێشخەرییە ناوەکییە دەیخاتە روو و دەڵێت :–

**( حالەتەکەی(مەردان خودادا) زۆر دەگمەنە.......ئەگەر چی کەسێکی زمان ڕەوانە..... وەستا یەکی شارەزای تەلارسازی و باخەوانێکی بەهرەمەندە، دەیەوێت گەڕەکێك لەسەر شێوازی شیعرەکانی ( ئاگر باز ) دا بمەزرێنێت ، بۆ ئەوەی کاتێ تەواو دەبێت، لەڕێی سیمای خانووەکانەوە هەر چاوێك جا هی خوێندەوار بێت یا هی نەخوێندەولر ئاستی هۆشیاری خاوەنەکەی هەرچەندێك بێت بتوانێت بەئاسانی شیعرەکانی ئەو شاعیرە جوانە مەرگە بخوێنێتەوە ) ( کازینۆی منداڵان ل٢٠٦ ) .**

وەرگر ناتوانێت بڕیارێکی دروست بدات ، لەسەر ئەوەی ئایا دەتوانرێ گەڕەکێك دروست بکرێت کە خانوو شەقام و ناوەکەشی لەسەر ناوی شاعیرێك و کێشی شیعرەکانی بێت ، ڕەنگە سەرەتا بڕوا نەکات ، چونکە ڕووداوێکی دەگمەنە ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ( مەردان خوداداد ) دەتوانێت ئەوەی لەبیرۆکەکەیدا

---

١–جان الكسيات، السينما في الوطن العربي ، عالم معرفة ، العدد ٥١ ، ١٩٨٢ ، ص ٨٧ .

دروستی بکات ، هەموو گومانێك لای وەرگر دەڕەوێنێتەوە ، بگرە لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە لەسەر زاری ( باپیرە ) ئەوە دەگێڕێتەوە دەسەڵات و حوکمەت ناتوانن خانوەکانی ئەو گەڕەکە تێکبدەن ، لەبەر ئەوەی دەترسن لەوەی خەڵك ڕاپەڕێت هەرچەندە بەشێکی زەویەکانیش خاوەندارییەتیان بۆ حوکمەت دەگەڕێتەوە و ( مەردان خوداداد ) زەوتی کردوون ، لە ڕێگەی پێشخەری ناوەکییەوە دەڵێت:-

**( باپیرم بۆی دەرکەوتووە ئەوانەی سەرەوە ناوێرن نەبڕیاری تێکدانی خانووەکەی (ئاگر باز) و نەهیی گەڕەکەکەیش دەربکەن......ڕاستە تاپۆیان نیەو (مەردان خودا داد) بەئارەزوی خۆی پارچە زەوییەکانیشی دابەشکردووە، کە ئەمە هەق بەدەوڵەت دەدات، هەر ڕۆژێ بیەوێت بلدۆزەریان پێوە بنێ، بەڵام ترسیان لەوەیە ئەو خەڵکە لێیان ڕاپەڕن، مادام مەسەلەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەبیرو باوەڕەوە هەیە، لەکاتێکدا ئەوان ئامادەن لەپێناو ئەو بیرو باوەرەیاندا گیان و ماڵیان ببەخشن ) ( کازینۆی منداڵان ل٢٧٢ ) .**

**پێوەندی نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و هونەری پێشخەری لە** <u>ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا )</u>

پێشخەری لەهەر ڕۆمانێکی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا، بەچەشن و جۆرێك بوونی هەیە، کە پێگەیەکی تایبەتی لە ڕۆمانەکانی داگیر کردووە، بەشێوەی جیاواز هونەری پێشخەری بەکارهێناوە، هەندێك لەو پێشخەرییانە لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا دەگەنە ئەنجام، هەندێکی تر تەنیا بۆ ڕاگرتنی کاتی ئێستای ڕۆمانەکەیە. لە ڕۆمانی ( **ئای لەڤیلیا لەڤیلیا** ) ئەم هونەرە بەکارهاتووە ، (شەمروخ) کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەیە سیما و ئاکاری چەشتنی پیاوە، کارەکتەرێکی دی (رابح)ە ، کە بەهۆی گەورەیی ئەندامی زاوزێی بە (رامح) بانگی دەکەن ، گوایە چەندین ژن کە بۆتە هاوسەری یان بە مردوویی گەڕاوەتەوە ماڵەوە یان تا هەتایە (ڕابح )یان جێهێشتووە، ناوبانگی (رابح ) هەموو شاری داگیر کردووە بۆیە (سیامەند و جابر) بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش شەڕ بە (شەمروخ) دەفرۆشن و پێشنیازی ئەوە دەکەن کە ( ڕابح ) ببێ بە هاوسەری ( شەمروخ ) دواجار شەڕ لەنێوان (سیامەند و شەمروخ) ڕوودەدات هەروەکو لەم پێشخەرییە دەرەکییەدا دەردەکەوێ :-

**( - باشە دەبێت هەموو گاڵتە و پێکەنینێکمان هەر ئاوا بە ناخۆشیی تەواو بێت..؟!**

**- بەو بڵێ..!!**

**- ئاخر ئەوەی دواییانت قورسبوو، گاڵتە ئاوا نابێ چاوەکەم..!!**

**- جا من بە گاڵتەم نییە..!! بەداخەوە ئەو ڕۆژەی ئەو پێشبینیەم دێتەدی، ئێمە نەماوین، دەنا ..........**

**- دەزانی تۆ خەڵەفاوی...!؟ ئا خەڵەفاوی ) ( ئای لە ڤیلیا ڤیلیا ، ل ٤٩١ )**

دواجار ئەو پیشبینیەی (سیامەند) دەبێتە حەقیقەت و دەگاتە ئەنجام ، (سیامەند) پێشبینی ئەوە دەخاتە روو ، کە (شەمروخ) شوو بە (ڕامح) بکات ، بەڵام کاتێك شووی پێ دەکات (سیامەند و جابر) نەماون ، بۆیە

( نەوال) دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئێستای ڕۆمانەکە و هەرچەند دێڕێك دوای دیمەنەکە پێشبینی سیامەند هاتۆتە دی بۆیە دەڵێت :-

**(- شەمرووخ ئەوە تۆی..؟! شووتکردووە بە ڕامح..؟!**

**ئەو بەدەستی چەپی پەرچەمەکەی لەسەر چاوی لادا و بە مەکرێك، کە هیچ ئافرەتێکی تر نەیدەتوانی لاسایی بکاتەوە و نێری دەویست بەرگەی بیستنی بگرێت، ووتی :-**

**- خۆت شەمرووخی مەیمون..!! ئیتر بە زارا و مێردم بە ڕابح بانگ بکە)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل٤٧١) .**

دوای مردنی(شازە) ، (فەریال و نەوال) بیردەکەنەوە ، کە ( سیامەند ) ( شاناز )ی خوشکی ( شازە ) بخوازێت ، بۆیە (نەوال) ئەو ساتەی بیر دەکەوێتەوە ، کە بەمنداڵی جارێك باسی لەیەکچوونی پوورە ( شاناز و شازە ) کراوە ، چ زللەیەکی بەدەستی ئەو خواردووە ، بۆیە ناتوانێت پێی بڵێت کە (شانان) بخوازێت، ڕەنگە بوونی ئەو دیمەنە جیاوازانە و دواتر پچڕانیان لەیەکتر ، لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت، هەروەکو لەم پاشخەرییەدا دەرەکییەدا دەردەکەوێت:

**( ئاخر هەر خۆی ((سیامەند)) ی دەناسی و دەیزانی چەندی ڕق لەو کچەیە .. هەرگیز ئەو جارەی منالّیی لەبیر ناچێتەوە و وادەزانێت دوێنێ ڕوویداوە ، کە لە هەیوانەکەدا لەگەڵ ((شازە)) شەترەنجیان دەکرد و ((فەریال))ی خوشکی هەر لە خۆیەوە وتی:**

**-ئەی خوایە پوورە شازە و پوورە شاناز چەند لەیەکتر دەچن...!!**

**ئەو سەری هەڵبڕی و بەڕقەوە سەیرێکی کرد ... بەئانیشکی ڕاستی پاڵێکی پێوەنا و دووری خستەوە.. ئەم لەسەر خوشکەکەی کردەوە و بەگلەییەوە پێی وت:**

**-تۆ بۆچی ئەوەندە ڕقت لە پوورە شانازە ..؟! خۆ زۆر جوانە و قسەکانی زۆر خۆشن...!!**

**ئەو هەستا و بەدەستی چەپی زللەیەکی وای پیاکێشا ، سەری خولایەوە و بە دەما کەوت ... شتەکان لەبەر چاویدا دەبوون بە دوانی ناشیرینی وەکوو یەك و موچووڕکی پیادا دەهات .. ((شازە)) هەڵیگرتەوە و کردیە باوەشی... ژیری کردەوە و بەچپە پێی وت:**

**-جارێکی تر باسی نەکەیت نەونەو...!! ) (ئای لەڤیلیا لە ڤیلیا ،ل ٣٢٧).**

یەکێك لەو پێشخەریانەی ، کە لەداهاتوودا ڕاست دەردەچێت، پێشبینی ( خانزاد مامان )ە ، دوای لەدایکبوونی ( نەوال ) بە ( ست سوعاد )ی دایکی دەڵێت : دەبیت بەگۆرانیبێژ ، هەروەکو لە ناوەڕاستی

یاخود لەکۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەبنرێت ، (نەوال) بە گۆرانیبێژ ناوی هاتووە ، گێڕەڕەوە بەسوودبینین لە هونەری سینەمایی و تەکنیکی مۆنتاژ هەوڵیداوە لە دەستپێکی ڕۆمانەکە ، وەرگر بکات بە بەشێك لەڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە و پشت بە هەموو پێشخەرییەکان نەبەستێت ، بەڵکو تەنیا لەبیری خۆیدا ئەنجامەکەی دابڕێژێت ، هەرچەندە سێ پێشخەری دەربارەی داهاتووی ( نەوال ) بوونی هەیە ، بەڵام ئەو پێشخەرییەی لە داهاتوودا دێتەدی پەیوەندی مۆنتاژی تێدا بەرجەستە دەبێت و لەم نموونەیەدا دەیخەینە ڕوو :

**( ((خانزاد مامان))ی دایکی ((دیجلە)) و((فورات))، کە لەسەرتاپای شاردا بەوە ناسرابوو پێشبینی داهاتوو دەکات و هەرچی ئەو بیڵێت ، درەنگ یا زوو دێتەدی و سەری بادەدا و دەیوت :**
**من ئەو کاتەی ناوکیم بڕی ، بەدایکیم وت : ئەم کچە تۆ یا دەبێت بە گۆرانیبێژێکی قەحپە یا دەبێت بە بلیمەت .... لە هەردوو حاڵەتەکەشدا بۆ ئەو شوێنە سەرهەڵدەگرێت کە منی لێ هاتووم و ناوبانگی بە هەموو دنیا دا بڵاودەبێتەوە ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا ، ل ٢٣).**

چۆنیەتی کوتینی دەستی ( شاسوار ) و نووسینی ناوێك ، ( نەوال ) تووشی گومان دەبێت ، کە ئایا ناوی ئەوی لەسەر دەست کوتیوە یا ناوی کەسێکی دی ، ئەو گومانە لای وەرگریش ڕوون نابێتەوە ، تاکو لەکۆتاییدا دەردەکەوێت ناوی ( نەوال ) نییە ، دوای ئەوەی (فەوزیە) کە هاوڕێیەکی کۆنی دایکی بوو ، باسی کوتینی دەستی ( شاسوار ) دەکات ، هەرچەندە کامێرای وشەکان هەڵدەستێ بە وێنەگرتنی دەستی ، کەچی ڕوون نابێتەوە چی نووسراوە ، بۆیە گومان و دوو دڵی دروستدەکات ، هەروەکو لەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیەدا دەردەکەوێت :

**( نەوال بەدەم گوێگرتنەوە دیقەتی لە کۆللارەکانی لالغاوی دەدا و لێیان ورد دەبۆوە...... دەشیویست دەرفەت بێنێت لێی بپرسێت ، ئاخۆ ((مامە شاسوار)) ناوی کێی لەسەر دەستی خۆی نووسیوە و ئەو قژە هی کێیە کردوویەتی بەکلکی ئەسپە هەڵواسراوەکە ، چونکە هەستی دەکرد ئەو ژنە جانانەیە هەموو شتێ دەزانێت و حەزیش دەکات پێیان بڵێت .... ) (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا ، ل ١٤٣).**

# ئەنجام

# ئەنجام

## ئەنجامی گشتی :

**یەکەم** : تەکنیکی مۆنتاژ لە هەموو کارێکی ئەدەبی دا ، هونەری بۆ ڕێکستنی ڕووداوەکانە ، چونکە مۆنتاژ بە واتای ڕێکخستنی ڕووداوەکان دێت ، کە لەکات و شوێنی جیاوازدا ڕوودەدەن ، چەسپاندنی لە بیری وەرگردا.

**دووەم** : تەکنیکی مۆنتاژ ، هونەری بڕینی هەموو ئەو گرتە زیادانەیە کە بە شێوەی ( ڤیدیۆیی یا وشەی ) پێشکەشی وەرگر دەکرێت ، بۆ ئەوەی دوور بێت لە هەمو کەم و کورتییەك . مۆنتاژ بە ڕێکخستنێکی بابەتی و هونەری دێت ، لە هەر کارێکی ئەدەبیدا ، چونکە ( نووسەر یا دەرهێنەر ) دوای تەواوبوونی بابەتەکەی ، دووبارە بە سەر بابەتەکەی دێتەوە ، هەر وشە و گرتەیەکی زیاد هەست پێبکات دەیبڕێت ، کەواتە تەکنیکی مۆنتاژ قۆناغی بەر لە نمایشکردنی ڕووداوەکانە .

**سێیەم** : مۆنتاژی لە ڕۆمان و سینەمادا جیاوازە ، چونکە مۆنتاژی ڕۆمان ڕۆماننووس تەنیا لە یەك گۆشە نیگاوە سەیری ڕووداوەکان دەکات ، بۆ وەرگری باس دەکات ، کەچی لە سینەمادا دەرهێنەر لە چەندین گۆشە نیگاوە کامێرای داناوە بۆ پیشاندانی ڕووداوەکان .

**چوارەم** : تەکنیکی مۆنتاژ لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا ، پێگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە ، بەیەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی گێڕانەوەی ڕۆمان دادەنرێت ، توانی گومان و دوو دڵی لە هاتنە دی هەر ئەنجامێك لە ڕووداوەکان بۆ وەرگر دروست بکات ، بە واتایەکی دیکە لە ڕۆمانی کۆندا وەرگر بە ئاسانی دەیزانی کۆتایی ڕووداوەکان چییە ، کەچی لە ڕۆمانی نوێدا بە هۆی ئەم تەکنیکە زۆر جار لە چرەنووسی ڕووداوەاکان ، وەرگر هیچ بۆچوونێکی نییە و ناتوانێت بە ئاسانی ڕیار لە چارەنووسی ڕووداوەکان بدات .

**پێنجەم** : ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان تەکنیکی مۆنتاژ و توخمەکانی دیکەی ڕۆمان هەیە ، پپوەندییەکی دوولایەنییە ، هیچیان بێ ئەوەی دیکەیان بوونی نییە ، واتا ئەو پێوەندییە ، پێوەندییەکی تەواو کارییە ، چەشنی دوو ڕووی دراوێکن ، هەمیشە یەکتر تەواو دەکەن ، تا ڕۆمانەکە بە جوانترین شێوە پێشکەشی وزەرگر بکرێت .

**شەشەم** : بەهۆی کاڵبوونەوەی ئەو سنوورەی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکان هەبوو ، تەکنیکی مۆنتاژ سوودێکی زۆری گەیاندە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بە تایبەتی ، ئەمەش لە پێناو خزمەتکردنی لایەنی هونەری و ئیستاتیکی ڕۆمانە ، چونکە بە هۆیەوە ڕەنگاو ڕەنگیەك بە دەقەکە دەبەخشێت .

حەوتەم : مۆنتاژ تەکنیکێکی سینەماییە ، لە رێگەی ئامێری کامێراوە دەکرێت ، وەرگر پشت بە هەستی بینین ، بەڵام رۆماننوس لە رێگەی زوومی کامێرای وشەکانەوە دەکرێت ، وەرگر پشت بە خوێندنەوە دەبەستێت و گرنگی زیاتر بە چەسپاندنی وێنەکان لە هزری دەدات ، چونکە وینەکان بە چاو نابینێت ئەم تەکنیکە لە ( سینەما و رۆمان )دا ، بە مەبەستی پیشاندانی واقیع جوانتر لە خۆی یا خراپتر یا وەکو خۆی بەکارهاتووە .

## ئەنجامی تایبەتی :

**یەکەم** : رۆمانووس لەم تەکنیکە سوودی بینیوە ، بەڵام بە یەك شێوە و جۆر لەسەر هەموو توخمەکانی هەر چوار رۆمان بەکاری نەهێناوە ، بەڵکو جۆر و شێوە و پێگەی توخمەکە کاریگەری لە چۆنییەتی بە کارهێنانی ئەو تووخمە هەیە .

**دووەم** : شوێن لە هەر رۆمانەکانی رۆماننووسدا ، هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی مێژووی دێرین و هاوچەرخ ، رۆماننوس لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنتاژەوە ، توانیویەتی زەمینەیەکی هاوسەنگ لە نێوان لە خۆگرتنی رابردوو بە کاتی ئێستا دروست بکات و تێگەیشتنی جیاواز لە بیری وەرگردا دروست بکات ، بە مەبەستی دیاریکردنی شوناسی پێگەی نەتەوەی کورد و باری کۆمەڵایەتی ئەم نەتەوەیە لە بیری وەرگردا .

**سێیەم** : ناونیشانی هەر چوار رۆمانەکەی وشەی سادە و پڕ لەمانا و گونجاوە ، بۆتە هۆی ئەوەی رۆشنایی بخاتە سەر گشتی دەقەکە و پەیوەستییان بکات بە ناوەڕۆکی دەقەکان ، کە هاوکێشەی سەرەتا و کۆتاییان لە بیری وەرگردا پێکاوە ، زیاتر لە مانای فەرهەنگی دوور کەوتوونەتەوە ، مانای جەفەنەگ و هێماییان پێدراوە ، هەموو ئەو کردارانەش لە ئەنجامی تەکنیکی مۆنتاژەوەیە .

**چوارەم** : رۆماننووس زیاتر کاریگەری ئەو رووداوانەی لە سالآنی ( چلەکان و حەفتاکان و نەوەدەکان ) روویانداوە لە عێراقدا بەسەر زاڵە ، بە تایبەتی رووداوەکانی ( ئەنفال و جینۆساید و تیرۆر ودەربەدەرکردنی نەتەوەی کورد و جوو ) لە عێراقدا بەگشتی و شەڕی براکوژی لە کوردستان .

**پێنجەم** : کارەکتەری نێو هەر چوار رۆمانەکە ، کاتی تایبەت بە خۆیان هەیە ، لە وەختی گونجاودا رۆماننووس دەیهێنێتە نێو گۆڕەپانی رووداوەکان یا بەشداری لە شانۆی رووداوەکان پێدەکات ، دوای تەواو بوونی رۆڵەکەیان دووبارە بزر دەبنەوە ، بزر بوون و دیارکەوتنی کارەکتەری نێو رۆمانەکە و وێنا کردنی لە بیری وەرگردا لە رێگەی تەکنیکی مۆنتاژەوە دەبێت .

**شەشەم** : ئەم تەکنیکە زیاتر لەو رۆمانانە بە دیار دەکەوێت ، کە شەپۆڵی هۆش بە سەر رۆمانەکانیان زاڵە ، بوار بۆ وەرگر دەسازێنێت ، کە بیر لە هەمە چەشنی توخمەکان بکاتەوە ، بەڵام بڕیاری کۆتاییان لەسەر

نەدات ، رۆماننووس لەبەرئەوەی لەدەرەوە ژیان دەباتە سەر ، کاریگەری تەوژمی هۆش بەسەر رۆمانەکانیدا دیارە بە تایبەتی رۆمانی ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا و کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ) .

**حەوتەم :** ئەم تەکنیکە هۆکارێکە بۆ ئازاد بوونی رۆماننووس ، لە بەکارهێنانی هەر تووخمێك بیەوێت ، کە ناوەڕۆکی رۆمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکات ، ئەمەش ئەوە ناگەینێت ، کە رۆماننووس سەربەستییەکی تەواو لە سنوور ترازاوی هەبێت لە بەکارهێنانیاندا

**هەشتەم** : رۆمانووس لە رێگەی تەکنیکە مۆنتاژەوە لە هەر چوار رۆمانەکەیدا ، هەموو جۆرەکانی هونەری ( دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و پاشخەری و پێشخەری ) بەکارهێناوە ، بەشێوەی جیاواز جیاواز ، پەیڕەو کردنی ئەم تەکنیکە ، وەرگر لە بێزار بوون دوور دەخاتەوە و زیندوویەتی بە رووداوەکان دەبەخشێت .

**نۆیەم** : کارەکتەرەکان لە هەر چوار رۆمانی دا ناوی سەیریان بۆ دانراوە ، جگە لەمەش هەست بە دووبارەیی هەندێ کارەکتەر دەکەین لە نێو رۆمانەکانی دا ، بۆ نموونە ( نەخشەشان ، خودادا ، ست سوعاد ، دلارام ، هامان ...هتد ) ، زیاتر پشتی بە نازناو بەستووە ، لە رێگەی ئەم نازناوەوە هەوڵیداوە سروشتی کەسییەتی کارەکتەرەکانمان پێشکەش بکات ، بۆ نموونە ( سەنگەری برایم تەنتریۆف ، فەرەیدونی یوسف پایسکلچی ، سوعادی سستەر ، خەلۆ چاو سوور ، رزگاری رەشید سینەما ، شێرۆی نانەوا ، خانزاد مامان .... هتد ) .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان


## رۆمانەکان

١- کاروان عومەر کاکەسوور ، ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .

٢- کاروان عومەر کاکەسوور ، سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٣- کاروان عومەر کاکەسوور ، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ٢٠١٢ .

٤- کاروان عومەر کاکەسوور ، کازینۆی منداڵان ، غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، سلێمانی ، ٢٠١٣ .

## پەرتووک : بەزمانی کوردی

١- ئازاد ئەحمەد مەحمود ، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨ .

٢- ئەرەستۆ ، هونەری شیعر ( شیعر ناسی ) ، و: عەزیز گەردی ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

٣- ئەحمەد سالار ، دەروازەی دراما ، بەشی دووەم ، چاپخانەی الجاحظ ، بغداد ، ١٩٨٤ .

٤- ئەرستۆ ، کۆمار ، وەرگێڕان : سۆران عومەر حەمە ، ڕێبوار قارەمانی ، مەهدی حەسەن چۆمانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٦ .

٥- ئەمین عەبدولقادر ، تیۆر و تەکنیکێن شرۆڤەکرنا رۆمانێ ، چاپخانا رەوشەنبیری / هەڤلێر ، ٢٠١٢ .

٦- پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ، دەزاگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ .

٧- پەروین عبداللە ، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا ، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٨- پەری ساڵح موفتی ( د. ) ، گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢ .

٩- تەختەی شانۆ ، کۆمەڵە و کار ، وەرگێڕانی : کامەران حاجی ئەلیاس ، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .

١٠- حسێن عارف ، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ساڵانی ( ١٩٥٥ — ١٩٨٨ ) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

١١- حەسەن جاف ، چیرۆکی نوێی کوردی ، مطبعة علاء — بغداد ، ١٩٨٥ .

١٢- حەننا عەبود ، لە بارەی مێژووی رۆمانەوە ، و: عەبدواڵا رەحمان ، چاپخانەی منارە ، ٢٠١٠ .

١٣- حەمە کریم عارف ، چیرۆکستانی دەق و ڕەخنە، وەرگێڕانی لەفارسی یەوە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥ .

١٤– دانا عەسكەر ، مانا و دەلالەتە شاراوەكانی دەق ، كۆمەڵێك ڕەخنە و لێكۆڵینەوەی ئەدەب ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .
١٥– دیداری ڕۆمانی كوردی ، ئامادەكردنی لێژنەی ڕۆشنبیری ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٣ .
١٦– ڕێزان رحمان غفور ، تەكنیكی گێڕانەوە لە رۆمانەكانی عبدالله سەراج دا ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢ .
١٧– ڕێزان عوسمان (خاڵە دێوە) ، بنیاتی جۆرەكانی ڕووداو لە ڕۆمانی كوردی باشوری كوردستاندا لەساڵی(١٩٨٥– ١٩٩٠)، لەبلاْوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی ، هەولێر ، ٢٠١٠ .
١٨– رۆلاْن بارت ، خۆشی دەق ، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە ، د محمد رحیم ئەحمەدی ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١١ .
١٩– ڕەوف حەسەن ، ئەندێشە جوانەكانی ڕۆح لەچیڕۆكی هونەری كوردیدا ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .
٢٠– ڕۆلان بارت ، ڕەخنە و حەقیقەت ، وەرگێڕانی : ئیسماعیل زارعی ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .
٢١– رێنێ دیكارت ، بنەماكانی فەلسەفە ، و: شاهۆ عوسمان لە عەرەبییەوە ، ناوەندی رۆشنگەری بۆ لێكۆڵینەوەی فكری و سیاسی ، سلێمانی ، ٢٠١٥ .
٢٢– زاهیر رۆژبەیانی ، چیرۆكی هونەری كوردی ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٨ .
٢٣– سابیر رەشید ، رۆمانی كوردی ، خوێندنەوە و پرسیار ، بەشی یەكەم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٧ .
٢٤– سابیر رشید ، چیرۆكی كوردی (ڕەخنە و لێكۆڵینەوە)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ .
٢٥– سەلیم رەشید ( د ) ، شێواز لە كورتە چیرۆكی نوێی كوردیدا ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢ .
٢٦– سەنگەر شێخ محەمەد حاجی ، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین ) ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەكان ) ی بەختیار عەلی دا ،چاپخانەی خانی (دهۆك ) ، ٢٠٠٩ .
٢٧– عەبدولرحمان مونیف ، تیشكێك بۆ سەر رۆمان ، و : شیرین ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .
٢٨– عبدالله سەراج ، بەرەو وئاستانەی رۆمان و گۆشەنیاكان ، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
٢٩– مەولود ئیبراهیم حەسەن ( د. ) ، پرۆژەی ئەدەبی میللی ، بڵاونەكراوەتەوە .
٣٠– محەمەد نوری ئەحمەد ، بونیاد ، زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا ، چاپخانەی خاك ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ١٩٤.
٣١– میران جەلال محەمەد ، بنیاتی رووداو لە رۆمانی كوردیدا ، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .
٣٢– فازل جاف ( د ) ، شانۆ .. روانینی نوێ .. داهێنان ، هەڤپەیڤینی مەحمود زامدار و ئازاد عبدالواحد ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٠ .
٣٣– فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی ، وەرگێرانی : كاردۆ ، چاپخانەی ئارابخا ، كەركووك ، ٢٠٠٦ .

٣٤– کۆمەڵێك نووسەر ، ڕۆمان چییە؟ ، وەرگێڕانی : جەواد مستەفا ، چاپخانەی خانی (دهۆك) ، دەزگای توێژینەوەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ، ٢٠٠٨ .
٣٥– کەمال میراودەلی ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٨ .
٣٦– نجم خالد نەجمەدین ئەڵوەنی ( د ) ، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ .
٣٧– نجم ئەڵوەنی ( د ) ، ٣ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە،چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠ .
٣٨– نجم خالید ئەڵوەنی ( د ) ،کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٩ .
٣٩– نەجم خالید ئەڵوەنی ( د ) ، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە رۆمانی ( پێجەمین کتێب ) ی جەبار جەمال غەریب دا ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی ، ٢٠١٢.
٤٠– نجم خالید ئەڵوەنی ( د. ) ، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هارچەرخی چیرۆکی کوردیدا ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٥ .
٤١– یاسین قادر بەرزنجی ، فەرهەنگی شانۆ ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

## نامەی دکتۆرا

١– ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠–١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا ، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٧ .
٢– پەری ساڵح حەمید موفتی، گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاّحەددین، ساڵی ٢٠١١ .
٣– تانیا ئەسعەد محەمەد صالح ، بینایی شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاّحەددین ، هەولێر ، ٢٠٠٦.

## نامەی ماستەر

١– جەلال ئەنوەر سعید ، تەکنیکی گێرانەوە لە رۆمانی (ئێوارە پەروانەی) بەختیار عەلی دا، زانکۆی بەغدا ، کۆلێژی پەروەردە(ئیبن روشد)، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٦ .
٢– جەوهەر محەمەد مەولود شێخانی ، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی ( حسێن عارف ) دا ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، ٢٠١٣ .

٣– كارزان موحسين قادر ، سيماتازەكانی رۆمانی كوردی له نێوان ساڵانی ( ١٩٩١ – ٢٠٠٠ ) ، نامەی ماستەر ، كۆليجی زمان ، زانكۆی سەلاحەددين ، ٢٠٠٩ .

٤– كوردستان نادر ، بنياتی دەقی والا له شيعرەكانی ( شێركۆ بێ كەس ) ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سەلاحەدين ، كۆليژی پەروەردە ، ٢٠١٣ .

٥– عادل مەجيد محەمەد گەرميانی، رِيالیزم لەرِۆمانی كوردی هاوچەرخ لەعێراق دا، نامەی ماستەر، كۆليجی پەروەردە– ئيبن روشد، زانكۆی بەغدا ، بەغدا ، ١٩٩٦ .

٦– محەمەد ئەمين عەبدوڵلا ، شاكەس له رِۆمانی كوردی كوردستانی عێراقدا (١٩٩٠–١٩٩٧) ، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددين ، نامەی ماجستێر ، هەولێر . كوا ساڵ

٧– ياسين رشيد حەسەن ، ناوەرۆك و تەكنيكی درامای كوردی (١٩٩١–٢٠٠٢) ، نامەی ماجستێر ، زانكۆی سلێمانی ، كۆليژی زمان ، ٢٠٠٤ .

## گۆڤار و رۆژنامە

١– ئەردەلان عەبدوڵلا ، ئەدەب و هونەر، پاشكۆی كوردستانی نوێ، ژمارە ٨٢٨، ٢٠١٣/٦/٦ .

٢– بەيان ئەحمەد ئامێدی ، ئەدەب و هونەر ، پاشكۆی كوردستانی نوێ ، ژ ٨١١ ، س ٢٢، پێنجشەممە ٢٠١٣/١/٢٤ ، ل٢

٣– نەجم ئەلوەنی ، ئەدەب و هونەر ، پاشكۆی كوردستانی نوێ ، ژمارە ٨١٥ ، ٢١ / ٢/ ٢٠١٣.

٤– شلدون تشينی ، مێژووی شانۆ و: ياسين برزنجی ، گۆڤاری شانۆ، ساڵی دووەم ، حوزەيرانی ساڵی ٢٠٠٨ ، ژمارە ٨ .

٥– نجم خالد نجم الدين ( د ) ، تەكنيكی دايەلۆگ له هەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چيرۆكی كورديدا ، گۆڤاری زانكۆی سەلاحەددين ، ژمارە ٢٤ ، نيسان ، ٢٠٠٥ .

٦– نيهاد جامی ، شوێن لەنێوان چەمك و دەلالەتی خوێندنەوەدا گۆڤاری رِامان، ژمارە٢٤، حوزەيرانی ١٩٩٨.

٧– محمد ئەحمەد حەسەن ، بينای رِووداو له چيرۆكدا ، گۆڤاری رِامان ، ژمارە ١١٥ ، كانونی يەكەمی ٢٠٠٦.

## پەرتووك بە زمانی عەرەبی

١- أ. أ. مندلاو ، الزمن والرواية ، ترجمة بكر عباس ، دار الصادر للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٩٧ .

٢- ابراهيم جنداري ( د. ) ، القضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ٢٠٠١.

٣-اميل برهييه ، تاريخ الفلسفة اليونانية ، ترجمة جورج طرابيشي ، دار الطبعة للطباعة والنشر، بيروت ، ١٩٨٢ .

٤- آمينه يوسف ، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق ، دار الحوار اللاذقية ، سورية ، ١٩٩٧ .

٥-انجرام باى وتر ، الكتاب ارسطو ( فن الشعر ) ، ت : د . ابراهيم حمادة ، هلا للنشر والتوزيع ، ب م ، ١٩٩٩ .

٦-البير بورجنسون و صوفى برونية ، ممارسة المونتاج ، ترجمة : منىَ التلمسانى ، طبع معهد الفرنسية ، مصر ، 1990 .

٧-احمد الشايب ، الاسلوبية ، طبعة السابعة ، مكتبة النهضة ، مصر ، ١٩٧٦ .

٨-احلام عبداللطيف هادي ، جماليات اللغة في القصيدة ، الناشر مركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء ، المغرب ، ٢٠٠٤ .

٩-بول ريكور ، الزمان و السرد ، الجزء الثانى ، ت: فلاح رحيم ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، ٢٠٠٦ .

١٠- بيلا باش ، نظرية الفيلم ، ترجمة : احمد الحضري و انور المرشي و فؤاد دوارة ، وزارة الثقافة ، المركز القومي للسينما القاهرة ، ١٩٩١ .

١١- جيرار جينيت، خطاب الحكاية ، بحث في المنهج ، ت : محمد معتصم و عبدالجليل الازدي و عمر لعلي ، المجلس الاعلى الثقافة ، المشروع القومي للترجمة ، ٢٠٠٠ .

١٢- جاستون باشلار ، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا ، دار الحرية للطباعة ، بغداد،١٩٨٠ .

١٣- حسن بحراوى ، بنية الشكل الروائي ، المركز الثقافي العربي شروع نشر مشترك، بيروت ، دار البيضاء ، ١٩٩٠ .

١٤- جميل نصيف التكريتى ( د. ) ، محاظرات في تاريخ المسرح القيت على الطلبة اكاديمية الفنون الجميلة بجامعة بغداد ، ١٩٦٩ .

١٥- ر.م. البيريس ، تاريخ الرواية الحديثه ، ترجمة: جورج سالح، منشورات بحر المتوسط و منشورات عويدات، الطبعة الثانية ، بيروت- باريس، ١٩٨٢.

١٦-رائد محمد عبد ربه ، عكاشة محمد صالح ، مبادىء الاخراج ، دار الجنادرية للنشر والتوزيع ، الاردن ، عمان ، ٢٠٠٨ .

١٧-رشاد رشدي ( د. )، فن قصة القصيرة ( دراسة تحليلية لفن كتابه القصة ) ، مكتب انجلو الحرية ، المطبعة الفنة الحديثة ، ١٩٧٠ .

١٨– رشاد رشدي ( د. ) ، نظرية دراما من ارسطو الى الان ، مطبعة الانجلو المصرية ، قاهرة ، ١٩٦٨ .
١٩– روبير بريسون ، ملاحظات في السينما فوتوغراف ، ترجمة: عبداللة حبيب ، منشورات وزارة الثقافة ، الجمهورية العربية السورية ، دمشق ، ١٩٩١.
٢٠– روبرت همفري ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ترجمة د.محمودالربيعي ، دار المعاريف بمصر ، ١٩٧٥ .
٢١– رباب عبداللطيف ، فنيات المونتاج الرقمي في الفيلم السينمائي ، دار الحريرى للطباعة ، بيروت ، ٢٠٠٥ .
٢٢– رينية ويليك و اوستن وارين ، نظرية الادب ، ترجمة: محي الدين صحبى ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بيروت ، ١٩٨٧ .
٢٣– سامي سويدان ، في الدلالية القصة وشعرية السرد ، دارالأداب ، بيروت ، ١٩٩٠ ،
٢٤– سمير المرزوقي و جميل شاكر ، مدخل الى النظرية القصة تحليلا وتطبيقاً ، دار الشؤون الثقافة العامة ، بغداد ، ١٩٨٦ .
٢٥– سعيد توفيق ، الخبرة الجمالية ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع ، بيروت ، ١٩٩٢ .
٢٦– سعيد علوش ( د. ) ، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة ، دار الكتاب اللبناني ، بيروت ، ١٩٨٥ .
٢٧– سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي (الزمن– السرد– التبئير) منشورات مركز الثقافي العربي ، بيروت ، ١٩٨٩ .
٢٨– سيزا اخمد قاسم، بناء الرواية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مصر ، ١٩٨٤ .
٢٩– سيرجى ايزنشتين ، الإحساس السينمائي ، تعريب سهيل جبر ، مطابع الأمل ، ١٩٧٥ .
٣٠– سيكوار كرينغش، صناعة السرجية ، ترجمة : د. عبداللة معتصم، دار المأمون للترجمة والنشر، وزارة الثقافة الاعلام، بغداد، ١٩٨٨ .
٣١– شاكر الحاج مخلص ( د. ) ، في الادب و الفن ، دار علاء الدين – دمشق منشورات ، ٢٠٠٠ .
٣٢– شكري عزيز الماضي ( د. ) ، في النظرية الادب ، دار الحداثة للطباعة والنشر واتوزيع ، لبنان – بيروت ، ١٩٨٦.
٣٣– شفيق يوسف االبقاعي ( د. ) ، نظرية ألأدب ، منشورات جامعة السابع من ابريل ، ليبيا ، ١٩٩٥ .
٣٤– صبرى قنديل ، رياح الانتشار قضايا و معارك أدبية و نقدية ، دار الوفاء لدنيا الطابعة و النشر، الاسكندرية – مصر ، ٢٠٠١ .
٣٥– صبري حافظ (د . ) ، افاق اخطاب النقدي ، دار شرقيات للنشر والتوزيع ، القاهرة ، ١٩٩٦ .
٣٦– طه الواديي ، دراسة في النقد الرواية ، دار المعارف، الطبعة الثالثة ، قاهرة ، ١٩٩٤ .
٣٧– عاطف جودة نصر ، الخيال مفهوماته و ظائفه ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة ، ١٩٨٤ .
٣٨– علاء عبدالعزيز السيد ، الفيلم بين اللغة والنص، المؤسسة العامة للسينما ، دمشق ، ٢٠٠٨ .
٣٩– على ابراهيم ( د. )، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان،الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع ، دمشق ، ٢٠٠٢ .

٤٠- عبدالله ابراهيم ، البناء الفني لرواية العرب في العراق ( دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٨ .

٤١- عبدالله ابراهيم ( د. ) ، السردية العربية الحديثة ( تفكيك الخطاب الاستعماري واعادة تفسير النشاة ) المركز الثقافي العربي ، بيروت ، ٢٠٠٣.

٤٢- عبدالقاهر الجرجاني ، دلائل الاعجاز ، قرأة و علق عليه محمود محمد شاكر ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة ، ٢٠٠٠

٤٣- عدنان خالد عبدالله ( د. ) ، النقد التطبيقي التحليلى ، مقدمة لدراسة الادب و عناصرها في ضوء المناهج النقدية الحدثية ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ، ١٩٨٦ .

٤٤- عدد من الباحثين السوفيت المختصين ، نظرية الادب ، ترجمة الدكتور جميل نصيق التكريتي ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٠ .

٤٥- عبدالمنعم تليمة ( د. )، مقدمة في نظرية الادب ، دار الثقافة للطباعة والنشر ، القاهرة ، ١٩٧٦ .

٤٦- عصام حسن ، حدَثينا يا شهرزار ، الدار المصرية للتأليف والنشر ، القاهرة ، ١٩٨٧ ، ص ١٩ .

٤٧- غايتان بيكون ، افاق الفكر المعاصر ، نخبة من المترجمين ، منشورات عويدات ، بيروت ، بدون تاريخ .

٤٨- ف . ف . كوزينوف ، الرواية ملحمة العصر الحديث ، ت : د. جميل نصيف التكريتى ، دار الشوون الثقافة العامة ( افاق العربية) ، ط ٢ ، بغداد ، ١٩٨٦ .

٤٩- فائق الحكيم ، تاريخ المسرح ( د. )، ( اكاديمية الفنون الجميلة ) ، مطبعة الاديب ، بغداد ، ١٩٧٩ .

٥٠- فاتح عبدالسلام ، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية ، المؤسسة العربية الدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٩٩ .

٥١- كاريل رانيس ، في المونتاج السينمائي ، ترجمة: أحمد الحضري ، الطبعة الثانية عشرة ، المؤسسة المصرية العامة ، القاهرة . ب ، ت .

٥٢- كاثرين بيلى ، الممارسة النقدية ، ت : سعيد الغانمي ، دار المدى للثقافة والنشر ، دمشق ، ٢٠٠١ .

٥٣- ليكال يوالداشيف ، قضايا البحث الفلسفية في الفن ، ترجمة زياد الملا ، دار دمشق للطباعة و النشر ، دمشق ، ١٩٨٤ .

٥٤- لؤي دى جانيتى ، فهم السينما ، ترجمة : جعفر علي ، دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٢ .

٥٥- لويس هيرمان ، الأسس العملية الكتابة السيناريو للسينما والتلفزيون ، ت : مصطفى محرم ، دار المصرية العامة للكتاب ، قاهرة ، ١٩٩٩ .

٥٦- كمال فريد ( د. ) ، د.ماهر حسن فهمي، الكلاسكية في الادب و الفنون ، دار الفارابي ، القاهرة ، بدون تاريخ .

٥٧- ماري تيريز جورنو ، معجم المصطلحات السينمائية ، ترجمة : فائز بشور ، منشورات الوزارة الثقافة ، المؤسسة العامة للسينما ، دمشق ، ٢٠٠٧.

٥٨- مارتن اسلن ، تشريح الدراما ، ترجمة : يوسف ثروت ، مطبعة الادب البغدادة ، بغداد ، ١٩٧٨ .

٥٩– مارسيل مارتن ، اللغة السينمائية ، ترجمة سعيد مكاوي ، الدار المصرية للتأليف والنشر ، القاهرة ، ١٩٦٩ .
٦٠– مدات على ابراهيم ، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان،الاهالى للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٢ .
٦١– مراد عبدالرحمن مبروك ( د. )، أليات السرد في الرواية العربية المعاصرة، الهيئة العامة لقهور الثقافية ، قاهيرة ، ٢٠٠٠ .
٦٢– مجدي وهبة و كامل المهندس ، معجم المصطلحات العربية في اللغة وآلآدب ، مكتبة لبنان، ط٢، لبنان، ١٩٨٤ .
٦٣– مجموعة الكتاب ، نظرية الرواية في الادب انجليزى ، ت : انجيل بطرس سمعان، الهيئة الحرية العامة للتأليف و النشر ، مصر ، ١٩٧١ .
٦٤– مجموعة من المؤلفين، معجم السرديات ، دار محمد على للنشر ، تونس ، ٢٠١١
٦٥– محمد حزام ، شعرية الخطاب السردي ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٥.
٦٦– محمد ملكى ، في الادب و الفن ، دار علاء الدين – دمشق منشورات ، ٢٠٠٠ .
٦٧– محمد عزام ، التحليل الخطاب الادبي على ضوء المناهج النقدية الحدثية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣ .
٦٨– محمد زغلول سلام ( د. )، دراسات في القصة العربية الحدثية ، منشأه العارف بالاسكندرية ، مصر ، ١٩٧٣.
٦٩– محمد حسين عبدالمحسن ، البنية السردية في رواية صبحي فحماوي –حرمتان و محرم– ، دار الحوار ، سورية ، ٢٠١١ .
٧٠– محمد مصطفى ابو شوارب( د. ) ، المدخل الى فنون النثر الادبي الحدثية و مهاراته العبيرية ، الطبعة الاولى ، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر ، الاسكندرية ، ٢٠٠٧ .
٧١– محمد غنيم هلال ( د. ) ، في النقد المسرحي ، مطبعة التركي الجديد ، بيروت ، ١٩٧٥ .
٧٢– محمد شاهين ( د. ) ، افاق الرواية ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠١ .
٧٣– محمد شمبل الكومي (د.) ، مبادىء النقد الادبي والفني ، الهيئه المصرية العامة للكتاب ، القاهرة ، ٢٠٠٧.
٧٤– ميخائيل باختين ، الكلمة في الرواية ، ترجمة: يوسف حلاق ، منشورات الوزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٨ .
٧٥– ميخائيل روم ، أحاديث الاخراج السينمائي ، ترجمة عدنان مدنات ، دار الفارابي ، بيروت ، ١٩٨١ .
٧٦– منى الصبان ، فن المونتاج في الدراما التلفزيونيية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، الاسكندرية ، ١٩٩٥ .
٧٧– ميشال بيوتر ، بحوث في الرواية الجديدة ، ترجمة : فريد انطونيوس ، منشورات عويدات ، بيروت ، ١٩٧٦.
٧٨– موريس ابو ناضر ( د. )، الالسنية و النقد الادبي في النطرية و الممارسة ، دار النهار للنشر ، بيروت ، ١٩٧٩ .

٧٩- ناهضة ستار( د. ) ، بنية السرد في القصص الصوفي والمكونات والوضائف والتقنيات ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٣ .

٨٠- ناصر حامد ابو زيد ، اشكاليات القراءة واليات التأويل ، المركز الثقافي العربي ، بيروت ، ١٩٩٩ .

٨١- يورى لوتمان ، مدخل الى السينمائية و الفيلم ، ترجمة نبيل الدبس ، النادي السينمائي بدمشق ، دمشق ، ١٩٨٩ .

٨٢- ياسين النصير ، الرواية و المكان ( دراسة في الفن الرواية العراقية ) ، الجزء الاول ، وزارة الثقافة والاعلام ، بغداد ، ١٩٨٠ .

## نامەی ماستەر و دکتۆرا

١- شجاع مسلم العاني ، البناء الفني في الرواية العربية في العراق ، رسالة دكتورا، كلية الأداب ، جامعة بغداد ، ١٩٨٧ .

٢- خالد سهر محي الساعدي ، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ( ١٨٧٠ — ١٩٣٩ ) ، رسالة ماجستر ، مركز دراسات الخليج العربي ، جامعة البصرة ، ١٩٨٩

### گۆڤار و رۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی

١- جان الكسيات ، السينما في الوطن العربي ، عالم معرفة ، العدد (٥١) ، ١٩٨٢ .

٢- حسام الالوسي ( د. ) ، الزمان في الفكر الديني والفلسفي القديم ، مجلد الثامن ، العدد٢ ، يوليو، اغسطس ، ١٩٧٧ .

٣- فرانسوا موريال ، الروائي و اشخاص رواياتة ، ترجمة عادل الغضباب ، مجلة الكتابة ، كانون الاول ، ١٩٥٢ .

٤- ليون سرمليان، تقنية الرواية تيار الفكر والحديث الفردي الداخلي، ترجمة: د.عبدالرحمن محمد رضا، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد الثالث، سنة الثانية- خريف ١٩٨٢

٥- محمد عصام ، مجلة عالم الفكر، المجلد التاسع مع العدد رابع ، يناير، فبراير، مارس ، ١٩٧٠.

٦- وليد ابوبكر ، البيئة في القصة مقدمة نظرية، مقدمة مجلة الافلام، العدد٧، تموز، ١٩٨٩ .

## پەرتووک بە زمانی ئینگلیزی

1- Bode Christoph , the novlet , UK : Blok Well , 2011 , p 149 .

2- Christian mets، film language ، ( in ) film the theory an Critcism، Oxford university ، New York ، 1992 .
3- David Daviches , The novel and the modern , the university of Chicago press Chicago and London, 1973, p21 .
4- Draeh .Inna، a montage techniques in the novel berlim Alexander plats by A.Dolin and the film Berlin Alexander plats a the Director –R.w- Fasshincler 'Russian state universe for the HumantiesN.bweb .
5- J . A . Cuddon ; A Dictionary of Literary Term , Penguin Book , England , 1979 .
6- Georg Lukas , The montage of Historical Novel , translated from the German to the English by Hannah an Stanly Mitchell , printed in England by merlin press , 1998 .


**به زمانی فارسی**


١- جمال مير صادقى ، ادبيات داستانى ( قصه ، رمانس ، داستان كوتاه ، رمان ) ، چاپخانه بهمن ، تهران ، چ ٤ ، ١٣٨٢ .


**ئەنتەرنێت**


١– ابراهيم نعيمة (د. ) ، المونتاج الفكري في مسرحيات الاطفال ، له ماڵپەرى
phpBBe898ce341f8f29ec5 /www.masrsheon.com viewtopic.php? old /fa31a2 74dd7c&sid=7693

٢– ريجين كرانت ، الواقعيه، موسوعة المصطلح النقدي ، ترجمة دكتور عبدالواحد لؤلؤه .

٣– عامر غرابيه ، الشخصية الروائية ، وظيفتها – انواعها – سماتها ، ٢٩ / ١١ ، ٢٠١١ ، http://mergharibieh.Jeeran.com

٤– منى الصبان ، فن المونتاج ، ، أكادمية الفنون بالقاهرة ، مديرية المدرسة العربية للسينما و التلفزيون على الشبكة الانترنيت www.arabflimtvschool.edu.eg

٥– مدكورثابت (د. ) ، ماهو المونتاج و الفديو ، ستار تايمز ، له ماڵپەڕى
http://www.startimes.com/f.aspx%3ft%3d20764732

٦–نظرية مونتاذ شورى ، قسمت اول
http://www.noghdifarsi.cominternational-articles/12933-1393-01-26-11-23-19ht

7- Justin Cush (( montage in ramatikperformace )) 28 Augest 2013 web 25 june 2014 < http // : www. the dramateacher.com / montage in dramatic performace
8- http://kararalsaidi2011.blogspot.com/2013 /07/.blog-spot.htm
9- http://kararalsaidi2012.blogspot.com/2014 /04/.blog-spot.htm
10- http://www.sonyvegass.com/t4167-topic/2012/4/18 post .html
11- http://kararalsaidi٢٠١١.blogspot.com
12- http://www.astablogfa.com/post820aspx
13- http// www.main-vision.com/richard/montage.shtm.
14- http://www . atiknia.blogspot.com/2014/01/blog-spotgoug.htm
15- http://asinema.wordpres.com. 2007/07/17/dunya-sinema-tarihi-lik -yillar183-1910/ at:2:14 am yorumbirakin
16- http :://tr.wikipedia.org/wiki/ sinama _ tarihi/ Vikipedi ,ozguransikhopedi/ ٢٠١٣–٩–١١
17- http:// www.yaberyrouth.com / pages / index3248.ht

أقليم كوردستان العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين– أربيل

# فن المونتاج في الرواية الكوردية ،
# روايات (كاروان عمر كاكەسوور) نموذجاً

رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات جامعة صلاح الدين– أربيل
وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الأدب الكوردي

من قبل
**شوان غازى پيرداود** .. بكالوريوس في اللغة والأدب الكوردي– جامعة صلاح الدين – ٢٠٠٥

بإشراف
**أ. د. هيمداد حسين**

جوزردان٢٧١٥ الكوردية رمزان ١٤٣٦ الهجرية حزيران٢٠١٥ الميلادية

# ملخص البحث

ملخص الدراسة:—

هذه الدراسة التي هي عنوانها ( فن المونتاج في الرواية الكوردية ، روايات (كاروان عمر كاكه سوور ) نموذجاً )، هو البحث ( وصفي — تحليلي ) ، وهو بداية لتعريف فن المونتاج ، في الانواع الادبية مخصوصاً الرواية ، هذا الفن أصبح سبباً لتطور وتقطيع و اِنفصال الأحداث داخل الرواية وتغير المكان و تكسير سلسلة الزمن ، ثم توصياتهم ، تطبيق انواع هذا الفن في الرواية المذكورة بشكل بحث علمي ، تكون الدراسة من ثلاثة فصول :

**الفصل الأول :**

هذا الفصل نظري عنوانه ( فن المونتاج في الانواع الأدبي ) يتكون من سبعة محاور ، المحور الأول : يتحدث في الانواع الأدبية بشكل عام ، معرًفة ، و أهمتيها المحدودة ، أما الحوار فيتطرق لى تعريف المونتاج مع أصوله من الأنواع الأدبية ، وفي المحور الثالث : يتحدث عن وظيفة و مباديء و خصائص فن المونتاج ، بشكل عام و المذكورة في الآعمال الأدبية ، وفي المحور الرابع ثمة توضيح تاريخ و سبب ظهور من مونتاجنا ، وفي المحور الخامس : تم الاِشارة الى انواع المونتاج ، وكيفية أستخدامها في مكانها المناسب ، و في المحور السادس : تم التحدث عن دور المونتاج في دلالاتها المعنوية في الآفلام والعلاقة بينهما ، و في المحور السابع : نسأل ماذا كُتب حول المونتاج في الرواية الكردية ، وهو مبحث في الفصل الاول .

**الفصل الثاني :**

يتكون هذا القسم من أربعة مباحث و عنوانه ( علاقة المونتاج بالعناصر الاخرى للرواية ) مثل روايات ( كاروان عمر كاكه سوور ) حيث تم التحدث عنه بشكل عام ، المبحث الاول : عرض نظري ، حول العلاقة بين فن المونتاج بعنصر المكان ، ثم تطبيقها في رواياته ، والمبحث الثاني : خاص بالعلاقة بين فن المونتاج و عنصر الزمن ، وحاولنا ان نُبين الجانب التطبيقي في كافة الروايات ، وفي المبحث الثالث : عرض العلاقة بين فن المونتاج بعنصر السخصية وأنواعها بشكل نظري ، و من ثم توضيح و تطبيق الشخصية و أنواعه ، في روياته ، و في المبحث الرابع : حاولنا أن نُبين العلاقة بين فن المونتاج بعنصر الحدث ، وأنواعها ، ثم عرض صلب الاحداث بهذه الغلاقة بشكل تطبيقي لكل واحدة في الروايات الاربعة .

**الفصل الثالث :**

هذا القسم هو آخر قسم في بحثنا ، بعنوان ( علاقة فن المونتاج بعنصر السرد ) ، مثل روايات ( كاروان عمر كاكه سوور ) ، تحدثنا فيه عن العلاقة فن المونتاج و انواع عناصر السردية ، وقسمت الى الاربعة مباحث ، المبحث الاول : تعريف العلاقة بين فن المونتاج وفن المرجعية في الروايات المذكورة ، ثم تطبيقها ف الامثلة من الروايات ، وفي المبحث الثاني : عرض العلاقة بين فن المونتاج وفن الحوار ، بكافة انواعها ، ثم الاشارة اليه بأمثلة ، وفي المبحث الثالث تطرقنا العلاقة بين فن المونتاج وفن المونولوج ، ولانواعها ،ثم أتحدث عنها بشكل نظري وتعريفها ، ثم سبب انصهار هذة العلاقة بينهما

وتحليليها ، في الروايات الكردية ، وفي المبحث الرابع : تمت الاشارة الى العلاقة بين فن المونتاج وفن التقديم ، وانواعهـا ، ثـم الاشارة اليه في الروايات المذكورة بشكل تطبيقى وسبب تقربها مع الامثلة .

# Abstract

The current study is carrid out entitled (the techniques of montage in Kurdish novels in Karwan Omer Kaka Swr's novels as an example). It is a description and examination investigation. It is the beginning to introduce the techniques of montage in literature especially in novels.

This technique caused progress and break up of events in the novels. Also, it causes exchanging of the setting, and then links the setting. The current study is divided for three sections.

The first section: this section is a theory section entitled (techniques of montage in literature). It consists of seven subsections. The first subsection introduces all literary genres in general, and then shows the importance of literary genres. The second subsection: it is devoted to introduce the techniques of montage with concepts and its definition in the literature. The third subsection: the functions of specialities of techniques of montage are discussed in literature in general. In the fourth subsection: the history and factors of emergence of techniques of montage are explained. In the fifth subsection: the researcher mentions the types of montage and how to use them in the correct place. In the sixth subsection: the role of montage is introduced in producing meanings in films and the relation between them is explained as well. In the seventh subsection: whatever has been written about montage in Kurdish novels becomes the last part of the first section.

The second part:

This section in entitled (the relation of montage with other parts of novels) by Karwan Omer Kaka Swr is shown generally. In the first subsection: the relation between the techniques of montage and setting is discussed theoretically. The second subsection: it is devoted to the relation between techniques of montage and setting. In the third subsection: the relation of montage and characteristics and kinds of characteristics is shown. In the fourth subsection: the researcher tried to explain the relation between techniques of montage and events.

The Third section:

This section is the last part of the current study entitled (the relation between techniques of montage and narration) in novels by Karwan Omer Kaka Swr. The relation between techniques of montage and types of narration is mentioned. It is divided for four parts.

In the first subsection: the relation between techniques of montage and flashback is described. In the second subsection: the relation between techniques of montage and dialogue is shown with all types, and then it is mentioned by giving some examples. In the third subsection: the relation between techniques of montage and the monologue is defined, and then the factors of the success of the relation are explained in the novels. In the fourth subsection: the relation of techniques of montage and foreshadowing and its types will be pointed out.

**Kurdistan Region-Iraq**
**Ministry of Higher Education**
**& Scientific Research**
**Salahaddin University- Hawler**

# The Technique of Montage in the kurdish Novels of the Novelist ( Karwan Umar Kakaswr )

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Languages-University of Salahaddin- Hawler in Partial Fulfillment of The Requirements for The Degree of Master of arts in Kurdish Literature

By
**Shwan Gazy Perdawid -** B.A-Univ. of Salahaddin 2005

Supervised By
**Prof. Dr. Hemdad Hussen**

Jun 2015 A.D. Ramazan 1436 Al .H. jozardan 2715 K.